ڕێگای بەختەوەری

ئافرەتی موسڵمان

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

کۆکردنەوەی
جلیل إبراهیم علی



بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

ڕێگای بەختەوەری

ئافرەتی موسڵمان

ناوی کتێب : ڕێگای بەختەوەری ئافرەتی موسڵمان .

کۆکردنەوەی : جلیل إبراهیم علی .

نۆرە و ساڵی چاپ : یەکەم ١٤٤٢ کۆچی ٢٠٢١ لە دایک بوون .

زنجیرە : پەروەردەو بانگەواز (٥٣) .

ژمارەی سپاردن : (٨٧٩) .

تیراژ : ١٥٠٠ دانە .

==========

زۆر گرنگ و پێویستە

هەموو ئافرەتێکی موسڵمان ئەم کتێبە بخوێنێتەوە.

لە بڵاوکراوەکانی

﴿ماڵپەڕی بەهەشت ، و ماڵپەڕی وەڵامەکان﴾

ba8.org walamakan.com

٠٧٧٠١٥١٧٣٧٨

ڕێگای بەختەوەری ئافرەتی موسڵمان

کۆکردنەوەی
جلیل إبراهیم علی

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴿١٠٢﴾﴾ [آل عمران].

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴿١﴾﴾ [سورة النساء] .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوْلًا سَدِيدًا ﴿٧٠﴾ يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَٰلَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴿٧١﴾﴾ [سورة الأحزاب] .

أَمَّا بَعْدُ ...

فَإِنَّ أَصْدَقَ الْحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ ، وَخَيْرَ الْهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا ، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ ، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ ، وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ.

خوشکی بەڕێز : ئەم کتێبەی بەردەستت :

ڕێگایەکە بۆ بەختەوەر بونت چونکە باس لە گرنگترین ئەو بابەتانە دەکات کە ئافرەتی موسڵمان پێویستی پێی دەبێت بۆ بەختەوەری دونیا و دواڕۆژی ، و گەر هەموو ئافرەتێ بیخوێنێەوە و سودی لێ ببینێ ئەوا بەڕاستی ڕێگای بەختەوەری دەدۆزێتەوە و پارێزراو دەبێ لە هەموو ئەو تاوان و خراپانەی کە ئێستا هەن ، هەر بۆیە ناونیشانی کتێبەکەش بریتی یە لە (ڕێگای بەختەوەری ئافرەتی موسڵمان) .

داواکارین لە خوای گەورە سودمەندی بکات بۆ هەموو ئافرەتان و خوشکانمان.

بابەتەکانی کتێبەکە بریتین لە :

١- ئەی خوشکی بالاپۆشی موسڵمان قەڵغان و پارێزەری قەڵای ئیمان

٢- بۆ هەموو ئافرەتێك كە بڕوای بە خوا و ڕۆژی دوایی هەبێت

٣- خوشکی بەڕێزم چی ڕێگریت دەکات لە بالاپۆشی؟

٤- هەندێ لە فەتوای زانایان تایبەت بە ئافرەتان

٥- ئاگادار کردنەوەی ئافرەتان لە تاوان و سەرپێچیەکان

٦- خوشکی بەڕێزم بەڕەو کوێ دەچیت؟

٧- ئامۆژگاری ئافرەتان پێش هاوسەرگیری

٨- بالاپۆشی ئافرەتی مسوڵمان

٩- جۆرەکانی خوێنی ئافرەت و حوکمەکانی

١٠- چۆنێتی خۆشۆردنی ئافرەت کە لە عادە پاك دەبێتەوە

١١- چیرۆکی تەوبە کردنی خوشکێك

١٢- حوکمی عابای ئافرەتان و مەرجەکانی

١٣- ئاگادار کردنەوەی کچانی خوێندکار لە هەندێ تاوان و سەرپێچی

١٤- نامەیەك بۆ ئەو ئافرەتەی دەڕوات بۆ مزگەوت

١٥- چۆن دەبیتە هاوسەرێکی چاك بۆ مێردەکەت

١٦- سێ نامە بۆ گوڵەکانی کۆمەڵگا

١٧- نامەیەکی ئامۆژگاری بۆ کچێکی گوێگر

١٨- ئەو ئافرەتانەی کە خوای گەورە خۆشی دەوێن و ئەوانەی کە خۆشی ناوێن

١٩- مافەکانی ئافرەت لە سەردەمی نەفامی و سەردەمی ئیسلامدا

٢٠- خوشکی بەڕێزم ئایا دەزانی ئاکامی بالانەپۆشینت یانی چی؟

٢١- نامەیەك بۆ ئافرەتێکی غەریب

٢٢- عابایە یان ئامرازی ڕازاندنەوەیە؟؟!

٢٣- بۆ هەموو مرواریە خۆپارێزەکان
٢٤- پەیامێك بۆ خوشکی پابەندبووم بەئایینەوە
٢٥- خوشکی بەڕێزم پێش ئەوەی بچیت بۆ بازاڕ
٢٦- چەند وشەیەك بۆ خوشکان
٢٧- چی پێویستە لە سەر ئافرەتان فێری بین؟
٢٨- وەڵامی گومانەکان سەبارەت بە ئافرەتی موسڵمان
٢٩- پرسیارە باوەکان سەبارەت بە ئافرەتان
٣٠- ئافرەتی تەڵاقدراو و مافەکانی

تێبینی : هەمو ئەم بابەتانە لە لایەن ستافی ماڵپەڕی بەهەشتەوە نوسراوە و ئامادە کراوە و کاری بەندە تەنها کۆکردنەوە و ڕێکخستن بووە .

وَآخِرُ دَعْوَاهُمْ أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

﴿ إِنَّ ٱلْمُسْلِمِينَ وَٱلْمُسْلِمَٰتِ وَٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ وَٱلْقَٰنِتِينَ وَٱلْقَٰنِتَٰتِ وَٱلصَّٰدِقِينَ وَٱلصَّٰدِقَٰتِ وَٱلصَّٰبِرِينَ وَٱلصَّٰبِرَٰتِ وَٱلْخَٰشِعِينَ وَٱلْخَٰشِعَٰتِ وَٱلْمُتَصَدِّقِينَ وَٱلْمُتَصَدِّقَٰتِ وَٱلصَّآئِمِينَ وَٱلصَّآئِمَٰتِ وَٱلْحَٰفِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَٱلْحَٰفِظَٰتِ وَٱلذَّٰكِرِينَ ٱللَّهَ كَثِيرًا وَٱلذَّٰكِرَٰتِ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا ﴿٣٥﴾ ﴾ الأحزاب

ئەی

خـوشکی بـالاّپۆشی موسـڵمان

قەڵغان و پارێزەری قەڵای ئیمان

✍ ئەی خوشکی بالاّ پۆشی موسڵمان قەڵغان و پارێزەری قەڵای ئیسلام... ڕوناکی ڕۆژگاری ئەمڕۆی جیهان ... منارەی بەرزی ئوممەتی ئیسلام... ڕەگی بناغەی کۆمەڵگای ژیان ... پەروەردەکاری وەچەی موسڵمان ...جێ بەجێ کاری فەرمانی قورئان ... دروشمی شارستانیەت و لە خواترسان... هەنگاو هەڵگری ڕێگای پێشینان ... دڕکی بەئێشی چاوی ناحەزان...دەمکوت کەرەوەی ئارەزوو بازان ... پوچەڵکەرەوەی پیلانی دوژمنان...

✍گەر دەتەوێ ئاسودەیی... گەر دەتەوێ ئارامگری... گەر دەتەوێ خەندەی سەر لێو... گەر دەتەوێ ژینی تازە... گەر دەتەوێ گۆڕی ڕوناك... گەر دەتەوێ دوا ڕۆژی پرشنگدار... گەر دەتەوێ ڕەزامەندی زاتی خولقێنەر... گوێبگرە لەم ووشانەی دەیچرپێنم... بە ئاموژگاریو لە خوا ترسان بوّت دەلوێنم...

✍خوشکێ بزانە عیبادەت بوّ توّ ئەرکی سەر شانە ... تاقی کردنەوەی ژینی ئینسانە ... ژینی دونیاکەت تاقە دەرفەتە ... مەیدانی کاتی تاقی کردنەوەتە ... بوّیە با اللە پەرستراوت بێ ... جێگای تاقانەی ترس و ئومێدت بێ ... داوای کۆمەکیت تەنها لە ئەو بێ ... جێ بەجێ کاری فەرمانی ئەو بی ... لە حەرامکراوەکانی دوورە پەرێز بی ... ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾ الذاريات: ٥٦. واتە: «بنیادەم و جنۆکەم دروست نەکردووە تەنها بۆ بەندایەتی کردنی خۆم نەبێ».

✍خوشکێ مەبەستی کارت تەنها خودابێ ...دوور لە ڕێیایی ڕوپامایی بێ... عیبادەتەکانت بەپێی سوننەت بێ ... لەگەڵ بەڵگەکان کۆکو تەبابێ ... لە بیدعەکاریش دوورە پەرێز بێ ... قورئان و سوننەت چرای کارت بێ ... مەشخەڵی پێشین ڕەمزی ڕێگات بێ ... «قَالَ اللَّهُ تَبَارَكَ ..مَنْ عَمِلَ عَمَلًا أَشْرَكَ فِيهِ مَعِي غَيْرِي تَرَكْتُهُ وَشِرْكَهُ»[١]. واتە: « خودا دەفەرموێ:هەرکەسێ کردەوەیەک بکات بۆ ڕوپامایی ئەوا ئەو کردەوەش کە بۆمن کراوە وەری ناگرم» «مَنْ عَمِلَ عَمَلًا لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ »[٢] . واتە: « هەرکەس عیبادەتێکی کرد بەلام بەڵگەی لەسەر نەبوو ئەوا خودا وەری ناگرێ».

✍خوشکێ بزانە قورئان و سوننەت ... مەشخەڵی ڕونن بۆ کاروانی ڕێت ... مەنهەجی پێشین پەناگەی پاکن ... تاکە مەرجەعی حەق پێ دراوانن ... کەسێ بیەوێ ڕێگای ڕاست بگرێ ... با لە سەلەفۆ دینداری فێربێ ... ئەوەی پێشینان نەیان کردبێ ... کاری بێ بەڵگەن ئیشیان پێ ناکرێ ... « إِنِّي قَدْ خَلَّفْتُ فِيكُمْ مَا لَنْ تَضِلُّوا بَعْدَهُمَا مَا أَخَذْتُمْ بِهِمَا أَوْ عَمِلْتُمْ بِهِمَا كِتَابَ اللَّهِ وَسُنَّتِي»[٣]. واتە: « لە دوا خۆمەوە دوو شتم بۆ جێشتوون ئەگەر دەستی پێوە بگرنو کردەوەی پێ بکەن، ئەوا هەرگیز گومڕا نابن، کە بریتین لە قورئانو سوننەت».

---

(١)صحيح مسلم - كتاب الزهد والرقائق باب من أشرك في عمله غير الله - حديث: ٥٤١٠.

(٢) صحيح مسلم - كتاب الأقضية باب نقض الأحكام الباطلة - حديث : ٣٣٢٩.

(٣) السنن الكبرى للبيهقي - كتاب آداب القاضي باب ما يقضي به القاضي ويفتي به المفتي ، فإنه غيرجائز - حديث : ١٨٩٠٧

✍ خوشکێ بزانە ڕوو لە خوا بوونت ... حیجابی شەرعی و ئیلتیزام بوونت ... وەکو گەوهەران سەنگینت دەکات ... وەکو مرواری پارێزیت دەکات ... وەکو زێڕوزیو نرخت بەرز دەکات ... مادام بەو جۆرە ئاستت بەرز دەکات ... تۆش زیاتر بۆ خوداکەت گەردن کەچ بە... باشتر پابەندی فەرمانی ئەو بە ... زیاتر لە حەرامی دوورە پەرێز بە ... لە پەیڕەوی دینی تووندوتوڵ بە... لە شوێن کەوتنی پێغەمبەرەکەی ﷺ گورج و گوڵ بە...

﴿ مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً ۖ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٩٧﴾ ﴾ النحل: ٩٧

واتە:«هەرکەسێ کردەوەی چاکەبکات چ پیاو بێ یان ئافرەت بەمەرجێ ئیماندار بێ، ئەوا لە دونیادا بە ژیانێکی پڕ لە ئاسوودەییو بەختەوەی دەیژیەنین، وە لە قیامەتیشدا بە باشترین شێوە پاداشتی کردەوەکانی دەدەینەوە».

✍ خوشکێ بزانە حیجابی شەرعی شورای ئیمانن ... ڕەمزی دینداری و لە خوا ترسانن ... قەڵغانی قەڵای تۆی موسڵمانن ... دەرگای پتەوی دەروازەکانن ... کەسێ دەیپۆشێ خاوەن ئیمان بێ ... خاوەن ڕەوشت و ئەخلاقی جوان بێ ... بەشەرم و حەیاو لەچکەکەی سەرت ... بە خۆپارێزی و تێکەڵ نەبوونت ... ڕەمزی سەربەرزی وشەرەفداریتە ... نیشانەی بەرزی حەیا جوانیتە ... بۆیە بزانە پۆشاکی بەرت ... بالاپۆشین و لە چکەکەی سەرت ... سەنگی زۆر قورسەو بە هیچ ناکێشرێ ... نرخی زۆر بەرزەو بەهیچ

ناپێوریێ ... مادام ئەوەندە نرخدارو قورسە ... مادام بەو ئاستە بەرزوو سەنگینە ... ڕێزی بزانە هەتاکو ماوی ... جێی شانازیت بێ تا لە ژیانی ...

✍ خوشکێ بزانە حیجابی شەرعی ڕەمزە بۆ پاکیت ...مەشخەڵی ڕوونە بۆ ئەخلاق جوانیت...لەوەش پیرۆزتر ئەمری خودایە ... ﴿حیجاب﴾ و﴿جلباب﴾ لە قورئان دایە...ئەمری خودایە ﴿حیجاب﴾ بپۆشن ... بەبێ ﴿جلباب﴾یش لە مانّ دەرمەچن... سورەتی ﴿نور﴾ە ئەمری﴿حیجاب﴾ە... سورەتی ﴿أحزاب﴾ ئەمری﴿جلباب﴾ە...﴿حیجاب﴾و﴿جلباب﴾ لە یەکتر جودان ...کەم کەس دەیان کا مانا وەك خۆیان... مەبەست بە ﴿حیجاب﴾ پۆشاکی پانە ... لەش دابپۆشێ بێ کورت و تانە(١) ... بۆبان پێ یەکان شۆڕەوە بووبێ ... پارچەی کراوەو فەتحەی تیا نەبێ ...لە ناو قەدەوە باریك نەکرابێ ... بەپێی مۆدێلیش لەبەرنەکرابێ... نەڕازابێتۆ بە نەخش و نیگار ... هاوشێوە نەبێ بە جلی کوففار... ڕاکێشەر نەبێ بۆ چاوی پیاوان ... تەشبیهی نەبێ بۆ جلی ئەوان... بەدەر نەکەوێ ئەندامی لاشەی .. تەنها ڕوومەت و هەردوو دەستەکەی... لە چکەکەی سەری وەها بەستبێ... ئەندازەی بڕۆی تەواو پۆشیبێ... هاتبێتە خوار چمکی لەچکەکەی ... تەواو پۆشیبێ بەری یەقەکەی... پانبێ لەچکەکەی تا ئاستی شانی ... پشتی پۆشیبێ تا ئاست نێوشانی... ئەمەی کە وترا مانای حیجاب بوو ... حیجابی شەرعی فەرمان

---

(١) تانە : واتە تەسك

پێ کـــراو بوو... ﴿جلباب﴾یش لەسەر﴿حیجاب﴾ دەپۆشرێ ... زاراوەی ئـەمـــرۆ عەبا نـاو دەبـرێ...کـەوابوو خوشکـــێ عـــەبا پۆشیـــنت ... گرنـگە بۆ تـۆ وەکـو حیـجابـــــت...

﴿وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا ۖ وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ ۖ﴾

﴿النور: ٣١

﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ۚ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ ۗ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٥٩﴾﴾

الأحزاب: ٥٩

✍ خوشکێ قەت مەزانن ڕووتیو سفوری پێشکەوتن بێ ... سیمای ئازادیو نوێ خوازی بێ ... دژی کۆنە پەرستیو نەزانی بێ ... ڕۆشنبیریو فەلسەفە بێ... هێمای ژیریو زانایی بێ ... نیاز پاکیو دڵ سافی بێ... ئازادیو مافی ئافرەت بێ ... گەر ڕووتیو بەرەڵای وا بوایە... لە چەرخی بەردینی ڕوتی دا ... لەسەردەمی نەفامی دا... کڕنوش بۆ دارو بەرد نەدەبران... کچان ژێر گڵ نەدەکران... ئاڵای سوری بێ ئابڕووی‌و لەش فرۆشی بەرز نەدەکران... ئافرەت وەکو کەڵو پەل سەیر نەدەکران...

✍خوشکی پۆشاك لەبەری موسڵمان... پارێزەری قەلای ئیمان... کۆڵەکەو دانەری خێزان ... تەرازوی سستەمی ژیان ... فەرمان بەجێ کەی ئەرزو ئاسمان... دروشمی شارستانیەتو لە خوا ترسان... قەڵغانو دەمکوت کەرەوەی ناحەزان... لەمپەرو لابەری پیلانی دوژمنان... خۆڕاگرو سەقامگیرو دامەزراو بە... خاوەن ڕەوشتی بەرز بە... لە قورئان خوێندن بەردەوام بە... لە ئاموژگاریو زانستی شەرعی بێ بەش مەبە... لەگەڵ خوشکانی هاودینت نەرمو نیانو لەسەر خۆبە... لەگەڵ خوشکانی بێ ئاگا بە هیمەتو بە حیکمەت بە... لەلاسایی کەرەوەی لادەران ئاگادار بە... لە غەیبەتو دوزمانی.. لە فەسادیو تێکەڵاوی دووڕە پەرێز بە... لە پاداشتی ئارامگری دوو دڵ مەبە ...

﴿إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿١٠﴾﴾ الزمر: ١٠

✍ خوشکێ نەکەی بکەی تێکەڵاوی... بەناوی گەشتی زانیاری... یان پێشبڕکێو هاوڕیەتی... کچو کوڕ بوەستن بە تێکەڵاوی... لەگەڵ شەیتانی نەفرەت لێ کراویی... با خوای پەروەردگار چاودێرت بێ ... لە پەنهانیو ئاشکرایی... بە تەنهاییو تێکەڵاویی... با خوای گەورە لە یادت بێ ... لە خۆشی نا خۆشی دا ... لە خوێندنو کارکردن دا ... لەسەنگەری صیراعو دووڕە پەرێزیت دا...

هۆ خوشکی بێ ئاگای بە نێو موسڵمان... ئامرازی دەستی بێ باوەڕان... جێ بە جێ کاری پیلانی ئەوان... زوو بەخەربە تانەکەی زیان... پێش لە دەست دانی تاجی زێڕینت... بەر لەدەست دانی تەمەنی لاویت ... هیچ خۆشیو لە زەتێك بەردەوام نابێ... مادام ئەنجامی ئاگری دۆزەخ بێ ... پەشیمانی دادت نادا... داری خۆزگە قەت بەرنادا... قەرزی تاوان لە ژیان دا... گشت ئەندامت باجی دەدا...

« صِنْفَانِ مِنْ أَهْلِ النَّارِ لَمْ أَرَهُمَا قَوْمٌ ... وَنِسَاءٌ كَاسِيَاتٌ عَارِيَاتٌ مُمِيلَاتٌ مَائِلَاتٌ رُءُوسُهُنَّ كَأَسْنِمَةِ الْبُخْتِ الْمَائِلَةِ لَا يَدْخُلْنَ الْجَنَّةَ وَلَا يَجِدْنَ رِيحَهَا وَإِنَّ رِيحَهَا لَيُوجَدُ مِنْ مَسِيرَةِ كَذَا وَكَذَا»[٤] کەسانێکی خاوەن دۆزەخی ژان... نەمبینیون لە تەمەنی ژیان... چەند ئافرەتێکی بەناو پۆشتەن... سەرپەتیو نیواونیو ڕوتن... گومڕانو خەلك گومڕا دەکەن... لە ڕوبشتندا شەرم ناکەن... گوشت فرۆشن زۆر بە هەرزان... بە هەشت نابین بە دوو چاوان...

لەسەر دەمی غەزووی فکری... بە ناوی پێشکەوتنو ڕۆشنبیری... لە چەرخی نوێی جیهانگیری... ئافرەت بووە سووتەمەنی... بۆ خزمەتی بورجوازی... تاکەی ژیری ناکا کاری... بە دوای هەوس دەڕوا بیری... ئەگەر بەم شێوازە بڕوات ژیان... ئایدزو تاعون دەبن بە میوان... ئاگری دۆزەخیش

(٤)صحيح مسلم - كتاب اللباس والزينة باب النساء الكاسيات العاريات المائلات المميلات - حديث : ٤٠٦٥.

دوا چاری ژیان... بگەڕێرەوە بۆلای پەروەردگارت... تا نەگەزیت پەنجەی پەشیمانیت... وشەی ﴿کلا﴾ش نەبێ میوانت...﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَهُمُ ٱلْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ٱرْجِعُونِ ﴿٩٩﴾ لَعَلِّيٓ أَعْمَلُ صَٰلِحًا فِيمَا تَرَكْتُ كَلَّآ ۚ إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَا ۖ وَمِن وَرَآئِهِم بَرْزَخٌ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴿١٠٠﴾ ﴾ المؤمنون: ٩٩ – ١٠٠.

✍خوشکی ڕێزدار کاتی ئەوت هاتووە پەشیمان بێ لە تاوان... لە بێ ئاگایی‌و کات بە فیڕۆدان... لە وتەی ناخۆش‌و لە یەك ترازان... تاکەی وشیار نابی لە ڕیچکەی شەیتان... لە سفوری‌و تەقلیدی کوێران... لە ووشەی چەواشە‌و لە فرت‌و فێڵان... وا پاپۆڕی سفوری خەیاڵیان... لەسەر پردی واقع تێکشێنران... هەر ئیسلامە دینی واقع‌و ڕێبازی ژیان...﴿ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلْإِسْلَٰمُ ﴾ آل عمران: ١٩.

✍ خوشك با هەڤاڵت موسڵمان بێ ... پوشاکدارو بڕوادارێ... خاوەن ڕەوشتی جوان بێ... خوشکی گرفت‌و ناخۆشیت بێ... دڵسۆزو بە پەرۆش بێ... بۆ کاری چاکە جۆشدارت بێ ... لە تاواندا دەست گیرت بێ... دڵدانەوەی ناخۆشیت بێ... لە خۆشیتدا بەشدارت بێ... لێبوردەو زۆر بە سۆز بێ... بەرامبەر هەڵەی تۆ پێداری نەفسی خۆی بێ... نی یە لە هیچ بەرنامەو

پرۆگرامێ... ئافرەتێك خاوەنی گشت ئەمانەیێ... تەنها لەناو قوتابیانی قورئانوسوننەت نەبێ.

وصلى الله وسلم على رسول الله الأمين، وءاله الطاهرين، وأصحابه الأكرمين، ومن دعى بدعوته وعمل بسنته على فهم صحابته إلى يوم الدين .

إستودعكم الله الذي لا يضيع ودائعه

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

بۆ هەموو ئافرەتێك

كە بڕوای بە خوا و ڕۆژی دوایی هەبێت

بۆ هەموو ئافرەتێك كە بڕوای بە خوا و ڕۆژی دوایی هەبێت ... بەڵام ڕێگەیان لێ هەڵە بووە ، وە ئەوەی لە یاد چووە ـ یان شەیتان لە بیری بردوونەتەوە ـ كە مانەوەیان لە دونیادا كاتی و كەمە ، بەڵكو هەر زۆر كەمە ، و سەردەمی لاوێتی دەڕوات و نامێنێت ، و جوانیەكەشی بەهەمان شێوە لە ناو دەچێت و نامێنێت ، و گەشی و درەوشاوەیی لە ناو دەچێت ، ئەوەش : بە مردنێكی نزیك و خێرا ، یان بە پیریەك كە لە ڕێگەی هەمووانە و دێت ، و بە هیچ شێوەیەك دەرچوون نییە لە دەستی ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَٱتَّقُواْ يَوۡمٗا تُرۡجَعُونَ فِيهِ إِلَى ٱللَّهِۖ ثُمَّ تُوَفَّىٰ كُلُّ نَفۡسٖ مَّا كَسَبَتۡ وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ ﴾(البقرة ٢٨١)، واتە : خۆتان بپارێزن لەو ڕۆژەی كە دەگەڕێنەوە تیایدا بۆ لای خوای پەروەردگار ، پاشان هەموو كەسێك پاداشت دەدرێتەوە لەو كردارانەی كە ئەنجامی داون ، و دڵنیاش بن كە كەس لەو ڕۆژەدا ستەمی لێ ناكرێت .

خوشكەكەم : بە ڕاستی تەقوا ، و لە خوا ترسان كلیلی هەموو چاكەیەكە ، و هەر ئەویشە هۆكاری خۆش بەختی دونیا ، و دواڕۆژ .

لەوەش دڵنیا بە كە هەموو ئەو سزا و موسیبەتانەی كە بەسەرتدا دێت بە هۆی گوێنەدانتە بە لە خوا ترسان ـ یان لە بیر كردن و ئەنجام نەدانی ـ یان لە خوا دەترسی بەڵام گوێ نادەی بەهەندێكی .

هاتنە دەم بانگەواز و فەرمانی خوای گەورە ، و دوور كەوتنەوە لە تاوان و سەرپێچیەكان ، هۆكاری خۆشی و خۆش بەختی دونیایە ، و سەرفەرازیە لە دوا

ڕۆژدا ، هەروەکو خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسْتَقَٰمُواْ تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ أَلَّا تَخَافُواْ وَلَا تَحْزَنُواْ وَأَبْشِرُواْ بِٱلْجَنَّةِ ٱلَّتِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ نَحْنُ أَوْلِيَآؤُكُمْ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِي ٱلْأَخِرَةِ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَشْتَهِيٓ أَنفُسُكُمْ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ ﴾ (فصلت ٣٠-٣١)

واتە : ئەوانەی کە دەڵێن : پەروەردگارمان (اللَّهُ) یە ، و هەر ئەویشە دروستکار و خاوەن و بەڕێوبەری کارەکانمان ، پاشان بەردەوام دەبن لە سەری ، واتە : لە سەر ئەو ووتەیەیان کە ووتوویانە : (اللَّهُ) پەروەردگارمانە ، ئەوا فریشتە لە دوای فریشتە دێنە لایان ، و پێیان دەڵێن : مەترسن لەوەی کە دێتە ڕێتان ، و خەم مەخۆن و بێتاقەتیش مەبن لەوەی کە کردووتانە ، و ڕۆشتووە ، و پێیان دەڵێن : موژدەتان لێ بێت بەو بەهەشتەی کە پێشتر پەیمانتان پێدرا بوو ، هەروەها پێشیان دەڵێن : ئێمە پاڵپشیتن بۆ ئەوانەی کە دەڵێن : پەروەردگارمان (اللَّهُ) یە ، و پاشان بەردەوامن لە سەری ، لە ژیانی دونیادا وایان لێ دەکەن کە ڕاستیەکان بپێکن ، و یارمەتی دەریشیان دەبن ، هەروەها فریشتەکان لە دوا ڕۆژیشدا پێیان دەگەن ، لە ڕۆژی زیندوو بوونەوە ، و لێپرسینەوەش پێیان دەڵێن ، و موژدەی ئەوەشیان پێ دەدەن کە لە بەهەشتدا هەرچی دەروون حەزی لێ هەبێت ، و داواکاری بێت ، و چاو چێژیش لێ وەرگرێت پێتان دەبەخشرێت ، و ئەوەش کە داوای دەکەن لە بەهەشتدا هەیە .

خوشکەکەم : بێگومان خوای پەروەردگار زانا، و بە ئاگایە لە وەی کە لە دەروونتدا هەیە ، و دەشزانی و بە ئاگایە لەو پەنهانیانەی کە لە دڵتدایە ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلْخَبِيرُ ﴿١٤﴾ ﴾ (الملك ١٤)، کەواتە لە خوا بترسە و بە ڕەقیبی بزانە بە سەر خۆتەوە ، لە پەنهانی و ئاشکراییەکانتدا ، چونکە ئەگەر تۆ خوای گەورە نەبینیت ، خۆ بێگومان بە لەوەی کە ئەو بە بەردەوامی تۆ دەبینێت .

وە هەوڵی ئەوە بدە کە هەموو کردارێکت تەنها لە بەر ڕەزامەندی ئەو بێت ، چونکە کردارەکان ئەگەر تەنها لە بەر ڕەزامەندی ئەو ، و لە سەر ڕێگە و سوننەتی پێغەمبەرەکەی نەبن ﷺ ئەوا وەر ناگیرێن ، و دەدرێنەوە بە ڕووی خاوەنەکەیدا ، ئەوەش لە بەر ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە تێیدا فەرموویەتی : " **مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هَذَا مَا لَيْسَ فِيهِ فَهُوَ رَدٌّ** " (**البخاري : ٢٦٩٧ ، ومسلم : ١٧١٨**)، واتە : هەر کەسێك تازەگەریەك ئەنجام بدات لەم ئاییندا ئێمە و لە ئاییندا نەهاتبێت ، ئەوا بە ڕووی خاوەنەکەیدا ڕەت دەکرێتەوە ، بەڵکو دەشبێت بە تاوانێك بە سەریەوە ، لە بەر ئەوەی کردەوەکەی بۆ غەیری خوا ئەنجام داوە ، کە لە ڕاستیدا دەبووایە تەنها بۆ خوای پەروەردگار ئەنجام بدرایە !!

خوشکە بەڕێزەکەم : بزانە کە ڕۆژی دوایی و قیامەت دێت ، و هیچ ڕاکردن و ئەم لا و ئەو لایەك نی یە لە دەستی ، لەو کاتەشدا هیچ سوودت پێ ناگەیەنێت جگە لەو کردارانە نەبێت کە بە گوێرایەڵی بۆ خوای پەروەردگار ئەنجامت

دابن ، ئەوەش بزانە کە نە میّرد و نە باوك ، و نە منداڵ و نە مالّ و سامان سودت پێ ناگەیەنن ، چونکە هەموو ئەوانە خۆشیەکی بڕاوەن و نامێنن .

کەواتە هەرکەسێك بڵێت : باوکم ئەو شتانەی ناوێت !!! یان میّردەکەم ئەو شتانەی ناوێت !!! یان هەر ووتەیەکی تر لەو شێوانە ، ئەوە هەموو بڕ و بیانوون هیچیان نابێتە بەهانەیەك (**عذر**) بۆ بێژەرەکانیان لە لای خوای پەروەردگار لە ڕۆژی دوای ، لە کاتێکدا هەموو خۆیان بێ بەری دەکەن تەبەڕایی خۆیان دەر دەبڕن ، و دور دەگرن لە کەس و کاریان بەڵکو لە نزیك ترین کەسوکاریان دور دەگرن، ﴿ يَوْمَ يَفِرُّ ٱلْمَرْءُ مِنْ أَخِيهِ ﴿٣٤﴾ وَأُمِّهِۦ وَأَبِيهِ ﴿٣٥﴾ وَصَٰحِبَتِهِۦ وَبَنِيهِ ﴿٣٦﴾ لِكُلِّ ٱمْرِئٍ مِّنْهُمْ يَوْمَئِذٍ شَأْنٌ يُغْنِيهِ ﴿٣٧﴾ ﴾ (عبس ٣٤-٣٧) واتە : ڕۆژێك دێت کە مرۆڤ لە برا و دایك و باوك و هاوسەر و ڕۆڵەکانی ڕادەکات، لەو ڕۆژەدا هەرکەس و سەرقاڵی حاڵی خۆیەتی و ناپەرژێتە سەر کەسی تر.

خوشکەکەم : ئایا ئەگەر ژیانی دونیا بۆ تۆ هەزاران ساڵ درێژ بکرێتەوە ، پاشان تۆ لە دوا ڕۆژدا ـ ئەگەر بۆ تەنها ڕۆژێکیش بێت ـ لە ئەهلی دۆزەخ بیت ـ خوا پەنات دات ـ بەها و نرخی هەموو دارایی و ڕازاوەیی و خۆشی ، ئۆتۆمبێل ، و ناومالّە ، و جوانی ، و هەموو ڕووکەشیەکانی دونیا چی یە بۆ تۆ ؟!!! خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَإِنَّ يَوْمًا عِندَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴿٤٧﴾ ﴾ (الحج ٤٧)، واتە : هەر ڕۆژێك لەو ڕۆژانەی لای پەروەردگارت بەرامبەر بە هەزار ساڵی ئێوەیە .

جا چی دەکەیت ئەگەر تۆ لەوانە بیت کە لە ناو دۆزەخدا بە هەزارەها ساڵ دەمێنیتەوە ؟!! ئەو ئاگرەی کە لە کاتی باسکردنیدا مێشك سەرسام دەبێت ، وە دڵەکانیش لە ترسی دێمەنەکەیدا ڕا دەچەڵەکێن ، و دەتۆقێن ، ئەو ئاگرەی کە هەموو پێست و گیان دەسوتێنێت ، بەراستی ئازاری ئەو ئاگرە ترسناك و ئازاردەرە .

وە مردنیش لەو کاتەدا نی یە ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی:﴿ وَنَادَوْاْ يَٰمَٰلِكُ لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ ۖ قَالَ إِنَّكُم مَّٰكِثُونَ ﴾ (الزخرف ٧٧).

دۆزەخیەکان لە ناو دۆزەخدا هاوار دەکەن و دەڵێن : ئەی مالك بە پەروەردگاری خۆت بڵێ با ئێمە لە ناو بەرێت ، بۆ ئەوەی ڕزگار بین لە ئەشکەنجە و ئازاری دۆزەخ ، بەڵام وەڵامەکەیان ئەوە دەبێت : کە ئێوە بە هەتا هەتایی دەمێننەنەوە .

خوشکەکەم : حاڵت چۆن دەبێت ئەو کاتەی کە پردی (صراط) ـ ئەو پردەی کە زۆر لە شمشێر تیژترە ، و لە موویش باریك تر ە ـ بە سەر پشتی دۆزەخدا ڕابخرێت ، بۆ ئەوەی کە هەموو خەڵکی بەسەریدا تێپەڕ بن ، و هیچ کەسێکیش لێی ڕزگار و سەرفراز نابێت جگە لەو کەسانە نەبێت کە دونیادا کردەوەی چاکی ئەنجام دابێت ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَإِن مِّنكُمْ إِلَّا وَارِدُهَا ۚ كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ حَتْمًا مَّقْضِيًّا ﴿٧١﴾ ثُمَّ نُنَجِّي ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ وَّنَذَرُ ٱلظَّٰلِمِينَ فِيهَا جِثِيًّا ﴿٧٢﴾ ﴾ (مریم ٧١-٧٢).واتە : بێ گومان هەر یەکێك لە ئێوە دەبێت بە سەر جەهەننەمدا تێپەڕێت ،

کە ئەویش تێپەڕینە بە سەر پردی (صراط) دا ، پاشان بە پێی کردەوەکان خوای پەروەردگار چاکەکاران ڕزگار دەکات ، و خراپەکان دەخرێنە ئاگری دۆزەخەوە .

جا خوشکی بڕوا دارم : تەقوای خوا بکە و لەو ڕۆژە بترسە کە چاوەڕوانتە ، و نەکەی وەسف و مەدحی خەڵکت لە لا پێشتر بێت بۆ جوانی و جلەبەرگ و ئەو خۆشیانەی کە دەڕۆن و کاتین ـ سەرەڕای ئەوەی کە پارە و پوڵێکی زۆرت لە پێناویاندا خەرج کردووە ـ ، و کارت تێ بکەن و پێشیان بخەی بە سەر ژیانی نەبڕاوەی هەتا هەتایی دوا ڕۆژدا ، بەو کارەت ژیانێکی بڕاوەی دونیا بە دەست دێنیت !!! پاشا ناترسی خوای پەروەردگار ـ کە خۆی سەیرت دەکات ، و دەشزانێ چی دەکەیت ـ سزایەکت بنێرێتە سەر .

خوشکەکەم : پێت چۆنە ئەگەر تۆ چاکە بکەیت لە گەڵ ئافرەتێکدا بە درێژای ژیانی ، جل و بەرگی بۆ بکڕیت ، و خواردن و خواردنەوەی بۆ بکەی ، کەچی ئەو ئینکاری ئەو هەموو چاکەیە بکات کە تۆ بەرامبەر بە ئەو ئەنجامت داون ، و کردووتن !! ئایا تۆ ئەو ئافرەتەی کە ئینکاری هەموو ئەو چاکانەی کردوویت بە خراپی نازانیت ، و نالێیت شایستەی سەرزەنشت ، و سزا دانە ؟!!

نمونەی بەرزی بۆ خوای پەروەردگار .

بە ڕاستی خوای پاك بێ گەرد نیعمەتێکی زۆری هەمە جۆری لە نیعمەتەکانی خۆی بە سەردا ڕشتووی ، هەر لەو کاتەی کە لە سکی دایکدا بووی ، تاکو ئەو ڕۆژەی کە دەمریت ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی :﴿ وَمَا بِكُم مِّن

نِّعْمَةٍ فَمِنَ ٱللَّهِ ﴾ (النحل ٥٣)، واتە : هەموو ئەو نیعمەتانەی کە لە ئێوەدا هەیە ، هەموو بەخششی خوای پەروەردگارە ، جا نازانم پێت چۆنە کە بەرامبەر ئەو هەموو نیعمەتانەی کە خوای گەورە داونیەتی بە تۆ ، و لە ژماردندا نایەن ، تۆ بە تاوان ، و سەرپێچی ، و دژایەتی کردنی فرمانەکانی شوکرانە بژێریان دەکەیتەوە ، بەڵکو بانگەشەش دەکەی بۆ سەرپێچی کردنی و بەندەکانی تووشی خراپەکاری بکەی

خوشکی من : ئەگەر بە خۆڕازاندنەوە ، و جوانکاریتەوە هاتیتە دەرەوە بۆ ناو خەڵك ، زمانی حاڵی ئەو کارەت وەکو ئەوە وایە کە کالاّیەکت دانا بێت ، و خستبێتتە ڕووە ، و دەتەوێت خەڵك بیکرێت ، بۆیە هەریەکە بۆ خۆی تێر و پڕ تەماشای دەکات ، و ئەوی تریش دێت ، و تەماشای دەکات ، جگە لەوەی کە دڵ و مێشکی لاوان تێك دەدەیت ، و کاتەکانیان بە سەرپێچی خوا پێ دەبەیتە سەر ، هەموو ئەمانەشت تەنها بۆ ئەوەیە جوان قەشنگ و ڕازاوە بیت ، بێ ئەوەی گوێ بدەی بە پەروەردگار و ڕەزامەندی بەرامبەر بە کردەوەکانت .

خوشکەکەم : ئایا ڕازی دەبیت کە تۆ هۆکار بیت لە چونی بڕا موسڵمانەکەت بۆ ئاگری دۆزەخ لە ڕۆژی دواییدا ؟!!

جا خوشکم وریابە و لە خوای بترسە !!

خوشکەکەم : بزانە کە خوای گەورە مۆڵەت دەدات ، بەڵام شت لە بیر ناکات ، نەرم و نیان و بەخشندەیە ، پاکی و بێگەردی و بەرز و بڵندی بۆ ئەو خوایە ، ئەوەش بزانە کە خوای گەورە تۆڵە سێن ، و سزادانی سەخت و بە ئازاری هەیە ، و توند و تیژیشە ، دە وریا بە داوای ڕەحم و بەزەیی بکە ، هەروەها داوای لێخۆش بوون بکە ، و بگەڕێرەوە بۆ لای خوای پەروەردگار پێش ئەوەی کۆتایی بێت بەو ئەجەلە دیاریکراوەی کە بۆت دیاری کراوە ، گەڕانەوەش لەو ساتەدا نییە ، هەروەکو خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَهُمُ ٱلْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ٱرْجِعُونِ ﴿٩٩﴾ لَعَلِّيٓ أَعْمَلُ صَٰلِحًا فِيمَا تَرَكْتُ كَلَّآ ۚ إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَا ۖ وَمِن وَرَآئِهِم بَرْزَخٌ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴿١٠٠﴾ ﴾ (المؤمنون ٩٩-١٠٠).

واتە : کە مردن یەخە بە یەکێکیان لە خراپەکاران دەگرێت ، دەڵێت : ئەی پەروەردگارم بگێڕەوە بۆ دونیا بەڵکو لەو کردەوە چاکانە ئەنجام بدەم کە لە دەستم چوون و ئەنجامم نەداون ، وەڵامەکەشی ئەوە دەبێت : نەخێر گەڕانەوەت نی یە و ئەوەش کە دەیڵێت جگە لە وتەیەك نەبێت هیچ سودێکت پێ ناگەیەنێت ، چونکە ئەگەر بشگەڕێنرێتەوە جگە لە خراپەکاری هیچی تر ئەنجام نادات ، و بە مردنیش بەربەستێك لە نێوان ئەوان و دونیادا دەدرێت وگەڕانەوەیان نی یە تا ئەو ڕۆژەی کە زیندوو دەکرێنەوە .

وە هەروەها فەرموویەتی :﴿ وَمَن يَعْمَلْ سُوٓءًا أَوْ يَظْلِمْ نَفْسَهُۥ ثُمَّ يَسْتَغْفِرِ ٱللَّهَ يَجِدِ ٱللَّهَ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿١١٠﴾ ﴾ (النساء ١١٠).

واتە : ئەو کەسەی کە کردەوەیەکی خراپ ئەنجام بدات ، یان ستەم لە خۆی بکات ، پاشان تۆبە بکات ئەوا دەبینێت پەروەردگاری ئەو لێبوردە ، و بە بەزەیی یە بەرامبەر بە بەندەکانی .

خوشکەکەم : بەڕاستی خوای گەورە بەخشندە و بە بەزەیی یە ، و لە هەموو تاوانەکان خۆش دەبێت ئەگەر بە قەدەر کێوەکانیش بێت ، بەڵام ئەو لێخۆشبوونە بە :

✷ گەڕانەوەیەکی ڕاستەقینەی بەندەکانە بۆ لای خوای پەروەردگاریانە لە هەموو تاوانەکان (واتە : **التوبة**) .

✷ وە کتوپڕ وازهێنانی لەو تاوانەی کە ئەنجامی دەدات (واتە : **الإقلاع**)

✷ لە گەڵ پەشیمان بوونەوەی لەوەی کە ئەنجامی داوە (واتە : **الندم**) .

✷ وە هیمەت و عەزیمەتیشی هەبێت کە جارێکی تر نەگەڕێتەوە بۆ ئەنجام دانی ئەو تاوانە (واتە : **العزيمة على عدم الرجوع**) .

✷ لە گەڵ بوونی هیمەتێکی ڕاستەقینە و عەزیمەتێکی پتەو ، بۆ گوێڕایەڵی کردن خوای پەروەردگار و ئەنجامدانی چاکەکاری پەرستشەکان (واتە : **العزيمة على الطاعة**) .

✹ لە گەڵ دور کەوتنەوە لە هەموو ئەوانەی کە نەهی لێ کردوون (واتــە : **العزيمة على اجتناب نواهيه**) .

خوای پەروەدگار فەرموویەتی :﴿ قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴾ (الزمــر ٥٣).

واتە : بڵێ بەو بەندانەی کە زیادڕەویان کردووە لە تاوان کردندا ، بێ ئومێــد و مەئیووس نەبن لە ڕەحم و بەزەیی خوای پەروەردگار ، چونکە خوای پــەروەردگار لە هەموو تاوانێك خۆش دەبێت ، هەر ئەویشە لێبوردە ، و بە بەزەیی یە بەرامبــەر بە بەندەکانی .

بەڵکو خوای گەورە زۆر بەخشندە ، و سەخاوەت مەندە ، ئەگــەر بەندەکــەی تۆبە بکات ، و بگەڕێتەوە ئەوا ئەویش تاوانەکانی بۆ دەگۆڕێت بــە چــاکە ، پــاك و بێگەردی بۆ خوا : تاوانکردن ئەگەر ئەوەندەی کێوێك بێت دەکرێت و دەگۆڕێــت بــۆ ئەوەندەی کێوێك لە چاکە ، ئەوەش بە بەخشش و چاکەی خۆی ، خــوای پــەروەدگار فەرموویـــــەتی :﴿ إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَٰلِحًا فَأُو۟لَٰٓئِكَ يُبَدِّلُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِهِمْ حَسَنَٰتٍ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴾ (**الفرقان ٧٩**) .

واتە : جگە لەوانەی کە تۆبە دەکەنەوە ، و باوەڕیــان هێنــاوە ، و کــردەوەی چاك ئەنجام دەدەن ، ئەوانە خوای پەوەردگار تاوانەکانیان بۆ دەگۆڕێت بــە چــاکە ، و

یارمەتی دەریان دەبێت بۆ ئەنجام دانی چاکە ، وە خوای پەروەردگار لێ بوورده و بە بەزەیی یە بەرامبەر بە بەندەکانی .

خوشکەکەم : وا دەزانم ووتەکانم کاریگەریەکی زۆری لە سەرت هەبوو بێت ، و فرمێسکێکی زۆرت ڕشتبێت لە خەمدا ، لە سەر ئەو تەمەنە دردێژەی کە لە دەست چووە ، ئەو تەمەنەی کە تۆ هۆکارێك بوویتە لە پێهەڵخلیسکانی زۆرێك لە برا موسڵمانەکانت ، لەو کاتانەی کە تۆ خۆتت لێ دەڕازاندەوە ، و خۆتت بۆن خۆش دەکرد ، و لە مالٌ دەردەچوویت بە جل و بەرگێکی زۆر تەسك و تەنگ و ناسکەوە ، کە هەموو جوانیە شاراوەکانی لەشتیان دەردەخست !!! وە شتانێکت بە کار دەهێنا و ئەنجامت دەدان کە ئەوەی بتیببینیایە بە ئارەزووی خۆی و بە بێ بوونی هیچ ڕێگرێك تەماشات دەکات چێژی لێ وەردەگردیت ، هەموو جوانی و لاوێتیت پێ دەبەخشی و دەخستە بەر دەستی ، بۆ ئەوەی بە کەیف و هەوەسی خۆی تەماشات بکات .

ئەی خوشکی چاکەکارم : ئەگەر دڵت نەرم بووە ، و دەروونت داوای ڕەوایت لێ دەکات ، و مل کەچی دادوەری دروسکاری گەورەت بوویتە ، ئەو خوایەی کە ڕەوشت و توانای دروستکراوەکانی دەزانێت ، دەشزانێت چیان پێویستە ، و چاکە بۆیان ، و چاکەشی بۆ دەوێن ، پێویستە لە سەرت ڕێگەی سەر فرازی بناسیت ، و هەموو حوکمەکانی ئایینەکەت بزانیت ، و شوێنی هەموو فرمانەکانی خوای دانا و زانا بکەویت ، ئەو خوایەی کە فرمانی پێ کردوویت بە چەندەها فرمان ، و نەهیشی

لێ کردوویت لە چەندەها قەدەغەکراو ، بۆ ئەوەی لە خۆش بەختان بیت لە دونیا ، و دوا ڕۆژیشدا .

وە ئەو خۆشبەختیەش بە دەست ناهێنیت تاوەکو ڕەوایی و ناڕەوایی لە یەك جیا نەکەیتەوە ، و ڕاستیش لە هەڵە جیا نەکەیتەوە ، لە هەموو کردار و ڕەفتارێکتدا .

خوشکەکەم : گوێ مەدە ووتەی ئەو کۆمەڵە ناڕەوایانەی کە دەڵێن : ((**بیروباوەر لە دڵدایە !!!**)) ، بە ڕاستی ئەوە ڕێگەیەکی شەیتانانەیە ، و شەیتانِ دەیەوێت خەڵکی پێ سەرگەردان بکات ، و دووریان بکاتەوە لە ئەو ڕەواییەی کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە ، تاوەکو واز بێنن لەو کردار و ڕەفتارە چاك و ئاشکرایانەی کە پێویستە لە سەریان ئەنجامیان بدەن ، بەوەش پلە پلە بیانبات بۆ ئەنجامدانی تاوان ، و سەرپێچی .

بە ڕاستی ئەو بیروباوەڕەی کە شەرع داوای لێ کردووین ، ئەو بیروباوەڕەیە کە سەرەنجامی ئەنجامدانی کردەوە چاك و ڕەواکانە ، کە بە پێی فەرمانی خوا ، و پێغەمبەرەکەی دەبن .

کەوا بوو بیروباوەڕی شەرعی : ئەوەیە کە لە ناو دڵدا جێگر بوو بێت ، و کردەوەکانیش بە ڕاستی بخەنەوە بە پیادەکردن و ئەنجامدانیان .

خوشکەکەم : هەروەها گوێ مەدە بەو کۆمەڵە پوچەڵەی کەوا دەڵێن : ((**خۆداپۆشین بەندکردن ، و سەرکوتکردن بێبەشکردنە ... هتد**)) ، و چەندەها شتی تری خراپ کە ئەو کۆمەڵە پووچەڵە بڵاوی دەکەنەوە ، چونکە خوای پەروەردگار فەرمانی نەکردووە بە خۆداپۆشین بۆ ئەوەی بەندکردن ، و سەرکوتکردن بێبەشکردن بێت ، بەڵام خۆداپۆشینی گێڕاوە بەوەی کە داپۆشەر و پاکێتی و پارێزەر بێت ، و شکۆداری و ڕووناکی بێت ، وە داینناوە بەوەی کە پارێزەری ئافرەتانی موسڵمان بێت ، بۆ هەرکوێیەک دەرچن ، هەروەکو خوای پەروەردگار فەرموویەتی :﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يُعۡرَفۡنَ فَلَا يُؤۡذَيۡنَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ٥٩ ﴾ (**الحزاب ٥٩**).

واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە خێزان و کچەکانت و ئافرەتی بڕوادارانبڵێ با جلبابەکانیان (جلبابیش : واتە : عابا) بدەن بە خۆیاندا ، ئەوەش نزیک تر بۆ ئەوەی کە بە ڕەوشت بەرز و بە حەیا و حیشمت و قورس و سەنگینی بناسرێنەوە ، تا ئەزیەت و ئازار نەدرێن ، پەروەردگاری تۆش لێبووردە و میهرەبانە .

خوشکەکەم : بزانە کە خوای بڵند و باڵادەست پلە و پایەیەکی بەرزی بۆ ئافرەتان داناوە ، هەر بۆ ئەوەشە کە فرمان پێکردنی بە پۆشاکی شەرعی وە خۆداپۆشین ڕێز لێنان ، و پلە بەرزی یە بۆ ئافرەتان ، وە پارێزەریشە بۆی بۆ ئەوەی نەبێت بە کالایەکی بێ نرخ هەریەکە بە وویستی خۆی هەرچۆنێك و هەر کاتێك بیەوێت تەماشای بکات ، وە بۆ ئەوەی ئەم پۆشاکە بێتە هۆکارێك بۆ دەست درێژی نەکردنە سەری ، ڕێگر بێت لە هاندانی گەنجان بۆ خۆی .

جا بۆ ئەوەی ئەو پۆشاکە پۆشاکێکی شەرعی بێت ، هەروەکو چۆن خوای گەورە ، و پێغەمبەرەکەی ﷺ فەرمانیان پێکردووە ، دەبێت چەند مەرجێکی شەرعی پێویستی تێدا بێت ، لەوانە :

١ / داپۆشەری هەموو لەش بێت ، دەست و ڕوومەت نەبێت :

هەر چەند دابپۆشینی ئەو دووانەش باشتر و تەواوتر و چاکترە ، لە بەر هەموو ئەو بەڵگانەی کە لەو بارەیەوە هاتوون ، و ئەو داپۆشینەشە کە کاری ئافرەتانی پێشینی لە سەر بووە ـ خوایان لێ ڕازی بێت ـ ، وە لە سەروی ئەوانیشەوە خێزانە پاك بەڕێزەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ ، خوایان لێ ڕازی بێت .

٢ / نابێت پۆشاکەکە بۆ ناوبانگ ، و شۆرەت بێت : واتە نابێت مەبەستی لە داپۆشینەکەی ئەوەبێت کە سەرنج و دیدی خەڵك بۆ لای خۆی ڕابکێشێت

٣ / ئەبێت ئەستوور بێت و ناسك نەبێت ، بە شێوەیەك ڕەنگی پێست دەرنەخات

٤/ دەبێت فراوان بێت و تەنگ نەبێت : واتە **: بە شێوەیەك بێت قەبارەی ئەندامەكان دەرنەخات**

٥ / نابێ بخورکراو و بۆن خۆش کراو بێت :

٦ /نابێت پۆشاکەکەی لە سەر شێوازی جل و بەرگی پیاوان بێت :

٧ / نابێت پۆشاکەکەی لە سەر شێوازی جل و بەرگی ئافرەتانی بێباوەڕ بێت :

* * * * * * *

خوشکی بەڕێزم.....

چی ڕێگریت دەکات لە

باڵا پۆشی؟!

وەڵام دانەوەی

گومان و بیانوی ئەو خوشکانەی کە باڵا پۆش نین

پێشەکی:

إِنَّ الْحَمْدَ لِلَّهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا وَسَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللَّهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هَادِيَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ.

پاش ئەوی کە شەیتان سەرپێچی فەرمانی خوای گەورەی کرد، خوای گەورە لەڕەحمەتی خۆی دەری کرد، ئەویش بەڵێنی دا کەوا کەم تەرخەمی نەکات لەفریودانو لەڕێ دەرکردنو گومڕاکردنی بەندەکان، وەسوێندی خوارد بە خوای گەورە کەدەبێت هەموویان گومڕا بکەم تەنها بەندە دڵسۆزو نیەت پاکو خواپەرستەکان نەبێت کەتوانای بەسەر ئەواندا نیەو ئەوان خۆیان یەکلا کردۆتەوە بۆ خوای گەورە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٨٢﴾ إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ ﴾ (ص: ٨٢ - ٨٣)

بۆیە هەموو ڕێگاو هۆکارێکی گرتەبەر بۆ ئەم مەبەستە، بۆنموونە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت:

«إِنَّ الشَّيْطَانَ قَعَدَ لابْنِ آدَمَ بِطَرِيقِ الإِسْلامِ فَقَالَ لَهُ تَسْلَمُ وَتَذَرُ دِينَكَ وَدِينَ آبَائِكَ فَعَصَاهُ فَأَسْلَمَ فَغَفَرَ لَهُ فَقَعَدَ لَهُ بِطَرِيقِ الْهِجْرَةِ فَقَالَ لَهُ تُهَاجِرُ وَتَذَرُ أَرْضَكَ وَسَمَاءَكَ فَعَصَاهُ فَهَاجَرَ فَقَعَدَ لَهُ بِطَرِيقِ الْجِهَادِ فَقَالَ لَهُ تُجَاهِدُ وَهُوَ جَهْدُ النَّفْسِ وَالْمَالِ فَتُقَاتِلُ فَتُقْتَلُ فَتُنْكَحُ الْمَرْأَةُ وَيُقْسَمُ الْمَالُ فَعَصَاهُ فَجَاهِدَ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم فَمَنْ فَعَلَ ذَلِكَ فَمَاتَ كَانَ حَقًّا عَلَى اللَّهِ أَنْ يُدْخِلَهُ الْجَنَّةَ أَوْ قُتِلَ كَانَ حَقًّا عَلَى اللَّهِ أَنْ يُدْخِلَهُ الْجَنَّةَ وَإِنْ غَرِقَ كَانَ حَقًّا عَلَى اللَّهِ أَنْ يُدْخِلَهُ الْجَنَّةَ أَوْ وَقَصَتْهُ دَابَّةٌ كَانَ حَقًّا عَلَى اللَّهِ أَنْ يُدْخِلَهُ الْجَنَّةَ » (صحيح ابن حبان: ج ١٠ / ص ٤٥٣ ، وصححه الشيخ الألباني في صحيح الجامع الصغير: رقم: ١٦٥٢).

واتە: (شەیتان لەسەر هەموو ڕێگاکانی چاکەو خواپەرستی بۆ مرۆڤ دادەنیشێتو ڕێی پێدەگرێت سەرەتا کەدەیەوێت موسڵمان بێت، شەیتان پێی دەڵێت ئایە موسڵمان ئەبیتو واز لەدینی خۆتو باو باپیرانت دێنیت؟ جا مرۆڤ سەرپێچی شەیتان دەکاتو موسڵمان دەبێت، وەکەدەیەوێت کۆچ بکات لەوڵاتی کافرانەوە بۆ وڵاتی موسڵمانان دیسان شەیتان ڕێی پێ دەگرێتو گومانی بۆ دروست دەکاتو پێی دەڵێت ئایە کۆچ دەکەیتو واز لەماڵو زەوی و ئاسمانت دێنیت ؟

پاشان مرۆڤ بەقسەی شەیتان ناکاتو کۆچ دەکات .پاشان ئەم مرۆڤە دەیەوێت لەپێناو خوای گەورەدا جیهاد بکات، شەیتان لێرەشدا ڕێی پێدەگرێتو گومانی بۆ دروست دەکاتو پێی دەڵێت ئایە جیهاد دەکەیت تابکوژرێیتو خێزانەکەت لەپاش خۆت شوو بکاتەوەو میراتیەکەت دابەش بکرێت؟!! نەکەیت جیهاد بکەیت پاشان ئەم مرۆڤە بەقسەی ناکاتو جیهاد دەکات، جا هەرکەسێك سەرپێچی شەیتان بکاتو بەقسەی نەکات بەم شێوازەو ئەم کارانە ئەنجام بدات بۆ خوای گەورە، ئەوە خوای گەورە بەحەقی داناوە لەسەر خۆی کەبیکاتە بەهەشتەوە).

هەروەها پێشەوا **"ابن القيم"** ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت: ((شەیتان بۆ گومڕا کردنی مرۆڤ هەموو ڕێگاو شێوازێکی لەگەڵدا بەکار دێنێت، سەرەتا هەوڵ دەدات تووشی شەریك بڕیاردانی بکات، ئەگەر ئەو کەسە یەکخواپەرست بوو بەقسەی شەیتانی نەکردو شەریکی بۆ خوا دانەنا، ئەوا

هەوڵ دەدات تووشی بیدعەی بکات، جا ئەو کەسە ئەگەر پەیوەست بێت بە سوننەتەوەو بیدعە نەکاتو سەرپێچی شەیتان بکات، ئەوە هەوڵ دەدات تووشی تاوانە گەورەکانی بکات، جا ئەو کەسە ئەگەر بەقسەی نەکرد، شەیتان هەوڵ دەدات تووشی تاوانی بچوکی بکات، ئەگەر زۆر خواپەرستو لە خوا ترس بوو هەر بەقسەی نەکرد ئەوا هەوڵ دەدات بەشتی موباحەوە سەرقاڵی بکات تاسەر قاڵی پەرستنو کاری چاکە نەبێتو پاداشت وەرنەگرێت، جا ئەگەر بەقسەی شەیتانی نەکرد ئەوا هەوڵ دەدات سەرقاڵی بکات بەو کردوانەی کەکەمتر پاداشتی لەسەرە نەك ئەو کردەوانەی کەپاداشتی زۆری لەسەرە».

بەم شێوازە شەیتان لەهەوڵو تێکۆشانی بێ ووچان دایە تا زۆرترین کەس لەگەڵ خۆیدا بکاتە ناو ئاگری دۆزەخەوەو لەدونیاشدا بەدبەختیان بکات، جازۆر کەس هەیە هەر لەقۆناغی یەکەمدا تەسلیم بەشەیتان دەبێتو شەریك بۆ خوا دادەنێتو دۆزەخ بەهەمیشەیی بۆخۆی مسۆگەر دەکات و بەهەشت لەسەر خۆی حەرام دەکاتو کردەوەکانی بەتاڵ دەکاتەوە .

وە زۆر کەسی تر لە قۆناغی دووەمدا چۆك بۆ شەیتان دادەدەنو گوێڕایەڵی دەکەنو پشت لەسوونەتی پێغەمبەر (ﷺ) دەکەنو غەرقی ناو بیدعە دەبن،

وە زۆر کەسی تر لەقۆناغی یەکەمو دووەم ڕزگاری دەبێتو یەکخواپەرستەو لەسەر سوننەتە، بەڵام لەقۆناغی سێیەم تێك دەشکێتو تووشی تاوانی گەورە دەبێتو شایەنی سزای خوای گەورە یان نەفرەتی خوای

گەورە یان غەزەبی خوای گەورە یان بێبەری بوونی پێغەمبەری خوا(ﷺ)دەبێت، یەکێك لەو تاوانە گەورانەی کە ئافرەتانێکی یەکجار زۆر وەلآمی شەیتانیان داوەتەوەو سەرپێچی فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دەکەن وەخۆیان ڕووبەڕووی نەفرەتی خوای گەورەو سزای ئاگری دۆزەخ دەکەنەوە بریتی یە: لە خۆدانەپۆشینیانو دەرخستنی جوانی خۆیان بۆ پیاوانی نامەحرەمو نەپۆشینی پۆشاکی شەرعی کە حیجابە .

کە لەئەنجامدانی ئەم تاوانە گەورەیەدا شەیتان چەندەها گومانو شوبهەی لاوازی بۆ هێناون تابیکەنە بەلّگە بەدەستیانەوە بۆ نەپۆشینی حیجاب، بەلآم لەڕاستیدا هەموو بیانووەکانیان لەماڵی جاڵجاڵۆکە لاوازترە،ئێمەش لێرەدا بەگوێرەی تواناو زانستی کەممان هەوڵمان داوە ئەو بیانووانە هەڵ بوەشێنینەوە بەبەڵگەی قورئان یان سوننەت یان عەقڵی سەلیم کەیەك دەگرێتەوە لەگەڵ قورئانو سوننەتدا، بەئومێدی ئەوەی کەسانێکی دڵ زیندو وحەق ویست سوودی لێببینن‌و بگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورەو لەخەوی غەفڵەت بەئاگابێنەوە، تاهەڵی تەمەنیان لەدەست نەداوەو فریای خۆیان بکەونو سەرپێچی نەفسو شەیتان بکەن‌و گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بکەن تابەختەوەرو ئاسوودەبن لەدونیاداو بەهەشتو ڕەزامەندی خوای گەورە بەدەست بێنن لەڕۆژی قیامەتدا کەمەبەستو ئاواتو ئومێدی هەموومانە { خوای گەورە بێبەشمان نەکات لێی} جا ئەوەی کەحەقو ڕاست بێت وە پێکابێتم لەخوای گەورەوەیەو ئەو خاوەنی هەموو فەزڵو چاکەیەکە، وەئەگەر

لەشتێکدا هەڵەم کردبێتو نەم پێکابێت ئەوە لەنەفسو شەیتانەوەیەو دینی خوا لێی بێ بەریەو داوای لێخۆش بوون لەخوای گەورە دەکەم خوای گەورە لەهەموو لایەکمان خۆشبێت.

داواکارم لەخوای گەورە ئەم کارەو سەرجەم کارو ووتەکانی ترمان تەنها لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە بێتو بەشی هیچ کەسێکی تری تێدا نەبێتو لێمانی وەربگرێتو بیکاتە تۆشوی قیامەتمان.

* * * * * *

یەکەم:لەوانەیە بڵێیت ئەگەر حیجاب بپۆشم گەرمام دەبێت بەتاییەتی لەهاویندا ؟؟!!

وەڵام: ڕاستە پۆشینی حیجاب لەهاویندا زۆر گەرمەو ئافرەت ئازار دەدات، بەڵام ئەگەر بیربکەیتەوە کە جێبەجێ کردنی فەرمانی پەروەردگارتەو چ پاداشتێکی گەورەی بۆ داناویت ئەوە بێگومان لەسەرت سووکی دەکات، هەروەها بیرکردنەوە لەئاگری بڵێسە داری دۆزەخ کە سووتەمەنیەکەی خەڵکەو بەردە: ﴿ وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلْحِجَارَةُ ﴾ (البقرة: ٢٤) .

وەگەورەترین ئاگر لەدونیادا بەشێکە لە حەفتا بەشی ئاگری دۆزەخ.

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه): أَنَّ النَّبِيَّ (صلى الله عليه وسلم) قَالَ: (**نَارُكُمْ هَذِهِ الَّتِي يُوقِدُ ابْنُ آدَمَ جُزْءٌ مِنْ سَبْعِينَ جُزْءًا مِنْ حَرِّ جَهَنَّمَ**). **قَالُوا: وَاللَّهِ إِنْ كَانَتْ لَكَافِيَةً يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: (فَإِنَّهَا فُضِّلَتْ عَلَيْهَا بِتِسْعَةٍ وَسِتِّينَ جُزْءًا، كُلُّهَا مِثْلُ حَرِّهَا)**. (البخاري / بدء الخلق/ ٣٠٩٢]، وانظر حديث رقم : ٦٧٤٢ في صحيح الجامع الصغير).

واتە: (أبى هريرە)(خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (ئەم ئاگرەی کە ئادەمیزاد بۆ سوتاندن بەکاری دەهێنن بەشێکە لە حەفتا بەشی گەرمی دۆزەخ) وتیان: ئەگەر هەر ئەمەیش بوایا بەس بوو ئەی پێغەمبەری خوا، ئەویش فەرمووی: (لە ڕاستیدا دۆزەخ شەست و نۆپلەی زیاترە لەو، هەر بەشێکی بەوێنەی ئەو گەرمە).

کە بیر لەمە دەکەیتەوە ئەوە دیسان حیجاب کردنت لەسەر ئاسان دەکات .

، هەروەها بیرکردنەوە لەنزیك بوونەوەی خۆر لەساحەی مەحشەرو عارەق کردنی خەڵکیو نقووم بوونیان لەئارەقی خۆیان، وە بەرز بوونەوەی ئارەقەکەش بە ئەندازەی ئەو تاوانانەیە کەمرۆڤ لەدونیادا ئەنجامی دەدات، ئەوە دڵنیا دەبیت کە گەرمی دونیا زۆر ئاسانترە لەو گەرمیو ناخۆشیانە :

﴿ قُلْ نَارُ جَهَنَّمَ أَشَدُّ حَرًّا ۚ لَّوْ كَانُوا يَفْقَهُونَ ﴿٨١﴾ ﴾ (التوبة: ٨١) .

بۆیە پێویستە ئەم گومانەی شەیتان ڕەت بکەیتەوە بەقسەی نەکەیت پەلە بکەیت لەپۆشینی حیجابو ئارام بگریت لەسەر گەرمی دونیا تاخوای گەورە بتپارێزێت لە گەرمیو گڕو بڵێسەی ئاگری دۆزەخ، چونکە پاداشتی خوای گەورە هاوشێوەی کرداری مرۆڤە، گەرمای دونیا بچێژیت لەبەر ڕەزامەندی خوا ئەوا دڵنیابە خوای گەورە لەگەرمی ئاگری دۆزەخ دەتپارێزێت.

وەبزانە دەتوانیت ئارام بگریت لەسەر گەرمای دونیا بەڵام هەرگیز توانای گەرمی ئاگری دۆزەخت نییە !!! خوای گەورە هەموو لایەکمان بپارێزێت لێی.

* * * * * *

دووەم: لەوانەیە بڵێیت زۆر گرانە لەسەرم کە حیجاب بپۆشم ؟!

وەڵام: زۆر ڕاستە بەڕاستی زۆر قورسە لەسەر ئافرەت کەحیجاب بپۆشێتو ببێت بەبالاپۆش چونکە شەیتان واز لەهیچ کەس ناهێنێت بەئاسانی وەلامی فەرمایشتەکانی خواو پێغەمبەری خوا (ﷺ) بداتەوە بەڵکو چەندەها ڕێگرو بەربەستی بۆ دروست دەکات، وەچەندەها گومانی بۆ دەدۆزێتەوە وەتاوانی لا جوان دەکاتو بۆی دەڕازێنێتەوە، وەگوێڕایەڵی لەسەر زۆر قورس دەکات، ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلَّا عَلَى ٱلْخَٰشِعِينَ ﴿٤٥﴾ ﴾ (البقرة: ٤٥).واتە: (بەڕاستی نوێژ کردن زۆر قورسو گرانە تەنها لای ئەو کەسانە نەبێت کەملکەچو گوێڕایەڵی خوای گەورەن) .

کەواتە: خوای گەورە ئاسانی دەکاتو شەیتان گرانی دەکات پێویستە لەسەرت پشت بەخوای گەورە ببەستیتو پەنای پێ بگریت لەفڕو فێڵو نەخشەو پیلانی شەیتان، خوای گەورە یارمەتیت دەداتو بۆت ئاسان دەکات.

هەروەها ئەوەی یارمەتی دەرت دەبێت ئەوەیە کەلەپێش تۆدا ئافرەتانێکی یەکجار زۆر حیجابیان پۆشیوەو تۆ تازەنیت بەڵکو کاروانێك لەپێش تۆدا ڕۆیشتووەو ئێستاش ئەو کاروانە بەردەوامە پێویستە تۆش چی تر دوانەکەویتو شوێن ئەو کاروانە بکەویت.

هەروەها بزانە بەهەشتی خوای گەورە زۆر بەنرخەو بەئاسانی دەست ناکەوێت بەڵکو کردارو هەوڵو تێکۆشانی دەوێت وەك پێغەمبەری خوا (ﷺ)

دەفەرموویێت: (أَلا إِنَّ سِلْعَةَ اللَّهِ غَالِيَةٌ أَلا إِنَّ سِلْعَةَ اللَّهِ الْجَنَّةُ). (سنن الترمذي: ج ٤ / ص ٦٣٣، وصححه الشيخ الألباني في صحيح الجامع الصغير: رقم: ٦٢٢٢).

هەروەها بەهەشت دەور دراوە بەناخۆشیو تەنگو چەڵەمە دەبێت ئەم ناخۆشیو بەربەستانە ببڕیت پاشان دەگەیت بەبەهەشت، وە دۆزەخ دەورە دراوە بەشەهوەتو ئارەزو ئەگەر شوێنی ئارەزووەکان بکەویت ئەوە بەئاسانی دەتگەیەنێت بەدۆزەخ وەک پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویێت: (عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): (حُفَّتِ الْجَنَّةُ بِالْمَكَارِهِ، وَحُفَّتِ النَّارُ بِالشَّهَوَاتِ). [البخاري / الرقاق/ ٦١٢٢].

هەروەها تۆ لە ژیانی دونیادا وەبۆدەست خستنی دونیات چەندەها کاری گرانو قورس ئەنجام دەدەیتو بەلاتەوە ئاساییە ئەی با بۆ دەست خستنی ڕەزامەندی خالقەکەتو بەهەشتی پانو بەرینی هەندێک شتی گران ئەنجام بدەیت .

* * * * * *

سێیەم: لەوانەیە بڵێیت من گەنجم و تەمەنم زۆری ماوە پاش چەند ساڵێکی تر حیجاب دەپۆشم؟!

وەڵام: ئەگەر دڵنیایت کە تا تەمەنی پیری نامریتو هەرلەژیاندا دەبیت بۆیە ئێستا حیجاب ناپۆشیتو بەنیازی لەساتە وەختەکانی تەمەنی پیریدا بیپۆشیت ئەوە زۆر بەهەڵەدا چوویت، چونکە خۆتیش بەچاوی خۆت دەبینیت کە چەندەها کەس هەر لەسەرەتای تەمەنی لاوێتیدا مەرگ یەخەیان دەگرێتو تەمەنیان کۆتایی پێدێتو ماڵئاوایی لە دونیای پڕوناك دەکەنو بەرەو گۆڕو ماڵی ڕاستەقینەیان بەڕێ دەخرێنو هەموو هیواو ئومێدو ئاواتیان لەگەڵ خۆیان لەگڵ دەنێن کەلەوانەیە لەناو خانەوادەو خزمەکانی خۆتدا چەند کەسێکتان لەتەمەنی گەنجیدا مردبێت، ئیتر چۆن ڕێگە بەخۆت

دەدەیت کەبەم بیانووە لاوازە خۆت بخەڵەتێنی کە زەرەرمەندی سەرەکی خۆتیت وەهیچ عوزرێکت نابێت لای خوای گەورە خۆ ئەگەر ئەجەلیش هات ئەوە یەك چرکە نەپێش دەخرێت نەدوا دەخرێت وەك خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمْ لَا يَسْتَـْٔخِرُونَ سَاعَةً وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ ﴿٣٤﴾﴾ (الأعراف: ٣٤).

ئەو کاتە چەندێك هاوار بکەیتو بڵێیت: ﴿قَالَ رَبِّ ٱرْجِعُونِ ﴿٩٩﴾ لَعَلِّيٓ أَعْمَلُ صَٰلِحًا فِيمَا تَرَكْتُ﴾ (المؤمنون: ٩٩ - ١٠٠). هەرچەند بڵێیت خوایە پەروەردگار بم گەڕێنەوە بۆ دونیا بەڵکو کردەوەی چاك ئەنجام بدەمو گوێڕایەڵیت بکەم، پێت دەوترێت: ﴿كَلَّآ ۚ إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَا ۖ وَمِن وَرَآئِهِم بَرْزَخٌ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ﴾ (المؤمنون: ١٠٠).

نەخێر بەهیچ شێوازێك گەڕانەوە نییە بۆ ژیانی دونیا ئەمەوشەیەکە تۆ دەیڵێیت بەڵکو لەژیانی بەرزەخ لەناو گۆڕ دەمێننەوە تاڕۆژی زیندو بوونەوە لەقیامەتدا، وە ڕەحمەت لە ئیمامی شافعی بێت کە دەفەرموویێت :

تزود من التقى فإنك لاتدري

إذا جنَّ ليلٌ هل تعيشُ إلى الفجر

زۆر تەقوای خوابکە چونکە تۆنازانیت

ئەگەر شەو داهات تۆ دەژیت تابەیانی

فكم من صحيح مات من غير علة

وكم من سقيم عاش حيناً من الدهر

چەند لەش ساغ مردن بەبێ نەخۆشی

چەندەها نەخۆشیش سەردەمانێك ژیان

واتە: بەنەخۆشیو ساغیو گەنجیو پیری نییە، بەڵکو ئەجەلەو کەسیش ئەجەلی خۆی لێوە دیار نییەو نازانێت کەی دەمرێت .

پاشان ئەگەر لەتەمەنی گەنجیدا خۆت دانەپۆشیتو حیجاب نەپۆشیتو لەتەمەنی پیریدا بیپۆشیت ئەوە ئەجرو پاداشتێکی زۆر لەدەستی خۆت دەدەیت وەزۆر ئازایەتیش نییەو لەگەنجێتیدا تاوانێکی زۆر دەنێری بۆسەر تەرازووی کردەوە خراپەکانت .

پاشان ئایە نازانیت یەکێك لەو حەوت کۆمەڵەی کە لەڕۆژی قیامەتدا لەژێر سێبەری عەرشی پەروەردگاردا دەبن کەلەو ڕۆژەدا هیچ سێبەرێك نییە جگە لەو سێبەرە (وَشَابٌّ نَشَأَ فِي عِبَادَةِ اللَّهِ) [البخاري / الجماعة و الإمامة/ ٦٢٩٤] .

گەنجێکە کەتەمەنی گەنجێتی لەپەرستنو گوێڕایەڵی خوای گەورەدا بەسەر بردبێت، نەك تەمەنی گەنجێتی لەتاوانو سەرپێچیدا بەسەر بردبێتو بڵێت کەی پیر بووم پاشان گوێڕایەڵی خوای گەورە دەکەم .

بۆیە دەستپێشخەری بکەو تەمەنی گەنجیت لەڕەزامەندیو گوێڕایەڵی خوای گەورەدا بەسەر بەرە تالەژێر سێبەری عەرشی خوای گەورەدا سەرفرازو سەربەرز بیت .

بۆیە مانەوەت لەژیاندا دەرفەتێکە لەلایەن خوای گەورە وە بۆ ئەوەی بگەڕێیتەوە بۆ لای بەرنامەکەی .

* * * * * *

چوارەم: لەوانەیە بڵێیت ئەگەر حیجاب بپۆشم جوانی خۆم لەدەست دەدەم و خەڵکی بەناشرینم دەزانێت ؟!

وەڵام: جوانی‌و ناشیرینی‌و خۆشەویستی‌و ڕق لێبوون بەدەستی پەروەردگارە ئەگەر کەسێك گوێڕایەڵی پەروەردگار بکات ئەوا خۆشی دەوێت، وەکەخۆشی ویست بەجبریل (علیه السلام) دەفەرموێت: ئەوا من فلانە کەسم خۆش دەوێت تۆش خۆشت بووێت ئەویش خۆشی دەووێت‌و پاشان بەفریشتەکانی ئاسمان دەڵێت پەروەردگار فلانە کەسی خۆش دەوێت ئێوەش خۆشتان بووێت ئەوانیش خۆشیان دەوێت، پاشان خوای گەورە خۆشەویستی ئەو کەسە دەخاتە دڵی خەڵکی سەر ڕووی زەوی‌و خەڵکیش خۆشیان دەوێت.

کەواتە مرۆڤ بەگوێڕایەڵی خوای گەورە خۆشەویست‌و جوان‌و شیرین دەبێت لەدڵی خەڵکیدا نەك بەتاوان‌و سەرپێچی بەڵکو بەمانە خوای گەورە ناشرین‌و ڕق لێبووی دەکات لەلای خەڵکی، ئایە خۆت چەندەها کەس ناناسیت کەبەشێوازو ڕووکەش زۆر جوان نین بەڵام بەهۆی پۆشینی حیجاب‌و گوێڕایەڵی کردنیان بۆ خوای گەورە لەدڵی خەڵکیدا جوان‌و شیرین‌و خۆشەویستن ؟!

وەبەپێچەوانەشەوە چەندەها کەس هەیە لەشێوازو ڕوکەشدا جوانن بەڵام بەهۆی تاوان‌و سەرپێچیەوە خوای گەورە لەدڵی خەڵکیدا ناشیرینی کردوون‌و بێ ڕێزو سووکن لەلای خەڵکی .

کەواتە نابێت تەنها تەماشای ڕووە مادیەکە بکەیت، بەڵکو لایەکی تری مەعنەوی‌و غەیبی زیاتر دەور دەبینێت، هەروەکو چۆن پێغەمبەر (ﷺ)

دەفەرموویێت: (عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) قَالَ: (إِنَّهُ لَيَأْتِي الرَّجُلُ الْعَظِيمُ السَّمِينُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ لَا يَزِنُ عِنْدَ اللَّهِ جَنَاحَ بَعُوضَةٍ، اقْرَءُوا: [فَلَا نُقِيمُ لَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَزْنًا]). [البخاري / التفسير/ ٤٤٥٢].

واتە: لەڕۆژی قیامەتدا پیاوێکی زۆر قەڵەو دەهێنن کەدەیکێشن لای خوای گەورە کێشی باڵە مێشوولەیەکی نیەو سووکە، چونکە فەرمانی خوای جێبەجێ نەکردووە چەندێك قەڵەو بێت بەڵام لەتەرازووی خوای گەورەدا سووکو بێ نرخە. ئەم ئایەتە بخوێنەوە کە خوای گەورە دەفەرمێت: لە ڕۆژی قیامەتدا هیچ کێشو نرخێکیان بۆ دانانێین.

کەواتە جوانی تۆش لەپۆشینی پۆشاکی حورمەتو حیشمەتدایە، نەك لە دەرخستنی جوانی خۆت بۆ پیاوانی نامەحرەمو خۆتو ئەوانیش گوناە بار بکەیت .

پاشان ئایە لەسزای خوای گەورە ناترسیت کەلەهەر دوو دونیادا سزات بداتو جوانیەکەت لێ بسەنێتەوە بەهۆی ڕووداوێکەوە وەکو سوتاندن یان نەخۆشی کەبەچاوی خۆت لەوانەیە چەندەها کەس ببینیت کەبەهۆی ڕووداوێکەوە جوانیان لەدەست داوە خوای گەورە هەموو لایەکمان بپارێزێت، جاپەلە بکە لەوەلأمدانەوەی فەرمایشتی خوای گەورەو گومانو وەسوەسەی شەیتان وەلا بنێ تابەختەوەری هەردوو دونیا بەدەست بێنیت إن شاء الله .

پێنجەم:لەوانەیە بڵێیت لە پاش هاوسەرگیری حیجاب دەپۆشم؟!

لە وەڵامدا دەڵێین: ئایە دڵنیات کەدەمێنیت تا ئەو کاتەو ئەجەل یەخەت ناگرێت ؟!

بێگومان نەخێر کەس نازانێت سبەی چی بەسەردێت نەك کاتێکی درێژتر وەك خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ مَّاذَا تَكْسِبُ غَدًا ۖ وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ بِأَيِّ أَرْضٍ تَمُوتُ ۚ ﴾ (لقمان: ٣٤).

واتە: هیچ کەسێك نازانێت سبەی چی بەسەردا دێت وەهیچ کەسێکیش نازانێت لەچی شوێنێکدا دەمرێت .

کەواتە تۆ نازانیت ئایە دەگەیتە ئەوکاتە یان نا، بەڵکو چەندەها ڕووداومان بینیووەو بیستووەو کەلەکاتی زەماوەند کردندا بووك یان زاوا یان هەردووکیان بەڕووداوێك یان کارەساتێك گیانیان لەدەست داوە لەکاتێکدا کەپۆشاکی ناشەرعیو لەحاڵەتی ئاهەنگ گێڕانی ناشەرعی کەئەویش دیاردەیەکی زۆر مەترسیدارو ترسناکە چونکە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویت: (**إِنَّمَا الْأَعْمَالُ بالخَواتيم**) أخرجه أحمد (٥/٣٣٥ ، رقم ٢٢٨٨٦)، والبخاری (٦/٢٤٣٦ ، رقم ٦٢٣٣) ، وابن حبان (١٤/٥٠ ، رقم ٦١٧٥).

واتە: کردەوەی مرۆڤ تەنها بەکۆتاییەکەیەتی» .

واتە کردەوەی مرۆڤ بەچی کۆتایی هات ئەوەی بۆ حساب دەکرێت، ئەگەر کەسێك لەسەر تاوانو سەرپێچی بمرێت ئەوە نیشانەی سەرئەنجام

شەڕی‌و خراپیە، وەئەگەر لەسەر گوێڕایەڵی‌و کردەوەی چاك بمرێت ئەوە نیشانەی سەرئەنجام خێری‌و باشی‌و بەهەشتیە .

جا کێ دەڵێت تۆش یەکێك نیت لەوکەسانەی کەلەکاتی ئەو تاوان‌و سەرپێچیەدا مردن ڕووبەڕووت نابێتەوە، وەك ئیمامی شافعی دەفەرموێت:

وكم من عروس زينوها لزوجها

وقد قُبضت أرواحهم ليلة القدر

واتە: چەندەهـا بووك ڕازێنـرانەوە بۆ هـاوسەرەکـانیان

بەڵام لە شەوی بەیەك گەیشتندا کفنیان بۆ دوراو خرانە ناو کفن‌و ڕۆحیان کێشرا.

پاشان ئەگەر تۆ بەردەوام بیت لەتاوان‌و حیجاب نەپۆشین تا ئەوکاتە کێ دەڵێت خوای گەورە یارمەتیت دەدەت لەوکارەدا؟

یاخود تۆش کەسێکی خراپ نابیت کەژیانت لەگەڵیدا نەگونجێت؟

یاخود ئەو کاتە ئەو ڕێگریت لێبکات لەپۆشینی حیجاب؟

ئەوانە هەمووی پیلانی شەیتانەو بەقسەی شەیتان مەکەو شوێنی مەکەوە تا فریوت نەدات‌و بەرەو دۆزەخت نەبات چونکە ئەوبانگی خەڵکی دەکات بۆ دۆزەخ نەك بۆ بەهەشت ﴿ إِنَّمَا يَدۡعُواْ حِزۡبَهُۥ لِيَكُونُواْ مِنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ ٦ ﴾ (فاطر: ٦) خوای گەورە بمان پارێزێت لەشەیتانی جنی‌و مرۆڤ.

شەشەم: لەوانەیە بڵێیت ئەگەر حیجاب بپۆشم مەگەر واز لە خۆشیەکانی دونیا بێنم ؟!

لەوەڵامدا دەڵێین: ئەوە بۆچونێکی یەکجار هەڵەیە، چونکە ئەو ئافرەتانەی کەباڵا پۆشن کەسیان وازیان لە خۆشیەکانی دونیا نەهێناوە، بەڵام باش بزانە خۆشیەکانی ژیانی دونیا دوو جۆرە :

جۆری یەکەم: خۆشییەکی ناڕاستەقینەو ڕووکەشو سەراب ئاسا کەشەیتان لەپێش چاوی خەڵکی دەیڕازێنێتەوەو جوانی دەکاتو خەڵکی واتێ دەگەیەنێت کە خۆشییەکانی ژیانی دونیا بریتیە لە بەزاندنی سنوورەکانی خوای گەورەو ئەنجامدانی تاوانو قەدەغە کراوەکان، وەگومانیان بۆدروست دەکات کە بەتاوانو سەرپێچی دەگەنە خۆشی ژیانی دونیاو بەختەوەرو ئاسودە دەبن، بەڵام لەڕاستیدا مرۆڤ چەندێك تاوان ئەنجام بدات زیاتر بەدبەختو دڵ تەنگو خەفەتبار دەبێتو خێرو خۆشی لەخۆی نابینێت، خوای گەورە بەڕاشکاوی ئەم ڕاستیەمان دەخاتە پێش چاو و ئاگادارمان دەکاتەوە لەتاوانو سەرپێچیو دەفەرموێت: ﴿ وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ أَعْمَىٰ ﴿١٢٤﴾ قَالَ رَبِّ لِمَ حَشَرْتَنِىٓ أَعْمَىٰ وَقَدْ كُنتُ بَصِيرًا ﴿١٢٥﴾ قَالَ كَذَٰلِكَ أَتَتْكَ ءَايَٰتُنَا فَنَسِيتَهَا ۖ وَكَذَٰلِكَ ٱلْيَوْمَ تُنسَىٰ ﴾ (طه).

واتە: هەرکەسێك پشت بکات لەدینو قورئانەکەی من ئەوە لەژیانی دونیادا ژیانێکی تەنگو تەسکو خەفەتباری دەبێت، وەلەڕۆژی قیامەتیشدا

بەکوێری حەشری دەکەین ئەویش دەڵێت ئەی پەروەردگار بۆچی بەنابینایی حەشرم دەکەیت خۆمن لەدونیا چاو ساغ بووم، خوای گەورەش دەفەرموێت تۆ لەدونیا ئایەتو دینەکەی منت پشت گوێ خستو لەیادت کرد لەسزای ئەوەدا تۆش ئەمڕۆ دەبێت لە سزادا بمێنیتەوەو وەلأمت نادرێتەوە» .

جا بەم جۆرە ڕووکەشە هەڵ نەخەڵەتێن چونکە ئەوە سەر ئەنجامەکەیەتی لە دونیاو دوا ڕۆژدا .

جۆری دووەم: خۆشیەکی ڕاستەقینە وەحەقیقیە کەلەجێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەیەتی (ﷺ) کەمرۆڤ چەندێك لەدروستکارەکەی نزیك بێتەوە بەگوێرایەڵی کردنو پەرستنی ئەوە زیاتر دڵ خۆشو بەختەوەری دەکات، کێ هەیە بەئەندازەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هاوەڵە بەڕێزەکانی (خوای گەورە لێیان ڕازی بێت)و شوێن کەوتوانیان بەختەوەرو ئاسوودە بوو بێت، ئەوان سەرەڕای نەبوونیو برسێتیو ژیانێکی سادە بەلأم زۆر دڵ خۆش بوونە تاوەکو فەرموویانە:

(والله إننا في لذة لو علمها الملوك وأبناء الملوك لجالدونا عليها **بالسيوف**) (وصفة العمر، ص١، د.علي بن عمر بادحدح).

واتە: سوێند بە خوای گەورە ئێمە لەخۆشیو شادیو لەزەتێکداین کەئەگەر پاشاو کوڕەکانیان بزانن ئێمە چەندە ئاسوودەین ئەوە بەشمشێر دەمانکوژن لەسەری .

پاشان خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿ قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِيٓ أَخْرَجَ لِعِبَادِهِۦ وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزْقِ ۚ قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ﴾ (الأعراف: ٣٢).

واتە: ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ کێ ئەو جوانیو ڕازاوەییەی ژیانی دونیای قەدەغەو حەرام کردووە کەخوای گەورە بۆ بەندەکان دەرکردووەو ئاشکرای کردووە، هەروەها ئەو هەموو خواردنە بەتامو بەلەزەتو حەلاڵانەی کە خوا پێی بەخشیون؟ پێیان بڵێ لەژیانی دونیادا بۆ باوەڕدارانەو خەڵکی تریش سوودمەند دەبێت لێیانو چێژیان لێ وەردەگرن، بەڵام لەڕۆژی قیامەتدا تایبەتە بەباوەڕدارانو خەڵکانی بێ باوەڕی لێ بێبەش دەکرێت .

کەواتە جوانیو ڕازاوەیی ژیانی دونیا خوا بۆ باوەڕدارانی ڕەخساندووە نەک ئەوەی باوەڕدارو بالاّ پۆشە لێی بێ بەش بێت! !

* * * * * *

حەوتەم: لەوانەیە بڵێیت ئەگەر حیجاب بپۆشم خەڵکی تواڕنجم لێ دەدات و ڕەخنەم لێ دەگرێت و لۆمەم دەکەن؟!

لەوەڵامدا دەڵێین: ئەوە قسەیەکی جێگیرو دامەزراو نیەو تاڕادەیەک حەقیقەتی نیە، چونکە سوپاس بۆ خوا تۆ لەناو موسڵمانانداا دەژیتو لەناو گاورو جوولەکەدا ناژیت تاخەڵکی گاڵتەت پێ بکات، وەبەهەزارەها ئافرەت باڵا پۆشنو کەس توانجیان لێ نادات، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوەندەی ئافرەتی باڵا پۆش ڕێزی لێگیراوە ئافرەتی سفوور بەو شێواززە نییە لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا پاشان ئافرەتی باوەڕدار نابێت لە لۆمەی لۆمەکاران بترسێت لەحەقدا، خوای گەورە لەوەسفی باوەڕدارانداا دەفەرموویت: ﴿ وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَآئِمٍ ﴾ (المائدة: ٥٤).

واتە: لەحەقدا لەجێ بەجێ کردنی دینی خوادا لە لۆمەی لۆمەکاران ناترسنو گوێی پێ نادەن، بۆچی لەڕەخنەو لۆمەی خەڵکی دەترسیت بەڵام لەڕەخنەو لۆمەو سەرزەنشت کردنی پەروەدگارەکەت ناترسیتو شەرمی لێناکەیتو گوێڕایەڵی ناکەیت کە لەقوئانی پیرۆزدا چەندەها ئایەتی بۆ تۆو ئافرەتانی تر نادۆتەوە خوارەوە؟!

وەئەو کەسانەی کەلۆمەت دەکەن ئایا دڵسۆزی تۆنو بەخەمی تۆوەنو لەدڵسۆزیو پەرۆشیدا ڕەخنەت لی دەگرنو لۆمەت دەکەن؟ یاخود لەنەزانیو نەفامیو بێ ئاگاییاندا؟! .

وەئەگەر تۆ بەقسەی ئەوان بکەیتو گوێ ڕایەڵیان بکەیت چی پاداشتێکت لەوانەوە دەست دەکەوێت؟!

دڵنیابە جگە لەپەشیمانیو سزای دونیاو دواڕۆژ هیچی ترت دەست ناکەوێت جاوریابەو گوێ بەو شتانە مەدە گوێڕایەڵی خوای گەورە بکە پەیمانی داوە لەدونیاو قیامەت پاداشتی گەورەت دەداتەوە، وەپەروەردگار پەیمانی خۆی دەباتە سەرو پەیمان ناشکێنێت.

* * * * * *

هەشتەم: لەوانەیە بڵێیت ئەگەر حیجاب بپۆشم کەس منی ناوێت و هاوسەرگیرم دوا دەکەوێت یاخود هەرنابێت؟!

لەوەڵامدا دەڵێین: بەپێچەوانەوە هەرکەسێك لەخوا بترسێتو خۆپارێزبێت لەتاوان ئەوە خوای گەورە کارەکانی بۆ ئاسان دەکاتو دەروی خێری لێ دەکاتەوەو ڕزق و ڕۆزی فراوانی بەسەردا دەڕێژێت، وەك خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مِنۡ أَمۡرِهِۦ يُسۡرٗا ٤﴾ (الطلاق).

وەدەفەرموویت: ﴿وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مَخۡرَجٗا ٢ وَيَرۡزُقۡهُ مِنۡ حَيۡثُ لَا يَحۡتَسِبُۚ﴾ (الطلاق: ٢ - ٣).

وەئەم شتەش لەواقیعدا ڕەنگی داوەتەوە ئەوەندەی ئافرەتانی بالآپۆش پرۆژەی هاوسەرگیریان ئاسانەو داخوازی کاریان زۆرە ئافرەتانی تر بەم شێوازە نین، بەڵکو زۆر ئافرەت هەیە لەشێوازو ڕووخساردا وانیە بەڵام ڕەوشتو ئاکارو ڕەفتارو بالآ پۆشیەکەی وای کردووە کەداخوازی کاری زۆربێتو زوو دابمەزرێت، هەروەها بەتەنها دامەزراندن گرنك نیە بەڵکو بەختەوەر بوونو گونجاندنو بەردەوامی گرنگە کە ئەمەش بەدەستی خوای گەورەیە هەرکەسێك دوور بێت لەتاوانو سەرپێچیو، گوێڕایەڵی خوای گەورە بکات ئەوە خوای گەورە لەم پرۆژە گرنگەدا سەرکەوتووی دەکاتو یارمەتی دەداتو کار ئاسانی بۆ دەکاتو کۆسپو تەگەرەکانی سەر ڕێگای ژیانی بۆ لادەبات بەڵام ئەگەر ئافرەتێك جوانی خۆی بۆ خەڵکی نامەحرەم دەربخاتو

خۆی دانەپۆشێت ئەگەر هاوسەر گیریش بکات سەرکەوتوو نابێتو ژیانی پڕدەبێت لەتاڵیو ناخۆشیو ئاژاوەو سەر ئەنجامەکەشی جیابوونەوەو بێزار بوون دەبێت لەژیانی هاوسەرگیری .

جابزانە ئەوەش گومانو وەسوەسەیەکی تری شەیتانە بۆ ئەوەی حیجاب نەپۆشیتو بەردەوام بیت لەتاوانو سەرپێچی کردنی پەروەدگارت تاتۆش وەکو خۆی بەرو دۆزەخ پەلکێش بکات، ئاگاداربەو بەقسەی نەکەیتو پەلە بکە لەوەلأمدانەوەی خوای گەورە تابەبە هەشتی پانو بەرینت شاد بکات لەدونیاش ئاسوودەو بەختەوەرت بکات.

* * * * * *

نۆیەم: لەوانەیە بڵێیت لەسەرم نوسراوە کەبالآپۆش نەبم و بەدەست خۆم نییەو دەسەلآتم نییە ؟!

لەوەلآمدا دەڵێین: مرۆڤ کە کردارەکانی لەسەر نوسراوە مانای ئەوە نیە کەخۆی هەڵبژاردنو دەسەلآتی نەبێت، بەڵکو خوای گەورە زانستێکی ئەزەلی هەیە پێش ئەوەی مرۆڤ دروست بکات دەزانێت کەدروستی بکات ڕێگای خراپ هەڵدەبژێرێت بەویستی خۆی پاشان ئەم هەڵبژاردنەی خۆی بەویستی خۆی دەنووسێت، نەك خوای گەورە مرۆڤ ناچار بکات کەدەبێت خراپە بکاتو پاشانیش سزای بدات، ئەمە دادپەروەری نیەو کرداری خوای گەورە نییە، بەڵکو خوای گەورە مرۆڤی سەرپشك کردووە وەتواناو ویستی پێ بەخشیوە، وەڕێگای ڕاستو خراپی بۆ ڕوون کردۆتەوە:

﴿ وَهَدَيۡنَٰهُ ٱلنَّجۡدَيۡنِ ﴿١٠﴾ ﴾ (البلد: ١٠) تابەویستی خۆی یەکێکیان هەڵبژێرێت، ئەم شتەیش لەواقعیدا زانراوەو کەس ناتوانێت نکۆڵی لێ بکات، تۆ کە سفوری خۆت هەڵتبژاردووەو کەس زۆری لێ نەکردووی، وەلەهەموو کردەوەکانی تریشتدا بەهەمان شێوە، بۆ نموونە ئەگەر زلەیەك لە هاوڕێکەت بدەیت کە ووتی بۆ وات کرد؟ تۆش لەوەلآمدا بڵێیت دەسەلآتم نەبوو لەسەرم نوسرابوو کەئەو زلەیەت لێ بدەم، ئایە ئەم بیانووەت لێ قەبوولێ دەکات ؟! یاخود بەکەسێکی شێتت لەقەڵەم دەدات ؟پاشان ئەگەر لەدادگا شکات لەکەسێك بکرێت کەدەست درێژی کردبێت یاخود پێشێلی یاسای کرد بێت

لەوەڵامدا بڵێت لەسەرم نوسرابوو ئایە لێی قبوڵ دەکرێت یاخود سزای بەسەردا دەسەپێنرێت؟، بێگومان سزا دەدرێت .

جائەم بیانووە کە خوا لەسەرمی نوسیووە ئەگەر ڕاست بووایەو وەربگیرایە ئیتر تاوان نەدەما لەسەر زەوی کەئەنجام نەدرێتو زوڵمو ستەم پیادە دەکراو دەبووایە دادگاکانو فەرمانگەکانو سزاکانو بەندیخانەکان هەموو هەڵبووەشێنرایەتەوە چونکە هەرکەسێك تاوانو سەرپێچی دەکات ئەوبێ تاوانەو لەسەری نوسراوە ! ! ! کەواتە ئەمە گومانێکی یەکجار پووچەڵو بێ بنەمایە

لەسەردەمی ئیمامی عومەردا (رضي الله عنه) پیاوێك دزی کردو جێگیر بوو لەسەری ویستیان دەستی ببڕنەوە چونکە دزی کردووە ئەویش ووتی :

(مهلاً يا أمير المؤمنين فإنما سرقت بقدر الله).

واتە: پەلە مەکە ئەی خەلیفەی موسڵمانان دەستم مەبڕە چونکە من دزیم کردووە خوا لەسەرمی نووسیوەو خۆم تاوانبار نیمو **دەسەڵاتم نیە، ئیمامی عومەریش فەرمووی:** (ونحن إنما نقطع بقدر الله) (مجموع فتاوى ورسائل الشيخ ابن عثيمين، الإيمان القدر: ٥/١٤١).

واتە: ئێمەش خوا لەسەری نووسیووین کەدەستی تۆ ببڕینەوە .

هەروەها ئایە تۆ بۆکاری دونیایی خۆت ئەگەر دووکار هاتە پێشت یەکێکیان کاری سووکو ئاسانەو مانگی بەیەك ملیۆنە، ئەوی تریشیان کارێکی گرانەو قورسە تێیدا زۆر ماندوو دەبیتو مانگی تەنها بەسەد هەزارە ئایە کارە گرانو قورسەکە هەڵ دەبژێریت کەمانگی سەد هەزارت دەست دەکەوێتو

پاشان بڵێیت خوا لەسەری نووسیوم ئەم کارە بکەم؟! بێگومان نەخێر دەچیت کارە سووکو ئاسانەکە هەڵدەبژێریت کەمانگی یەک ملیۆنت دەست دەکەوێت ..

ئەی بۆچی بۆکاری دونیات باشەکە هەڵ دەبژێریتو خراپەکە هەڵنابژێریتو نالێیت خوا لەسەری نووسیوم؟! بەڵام بۆ دینەکەو قیامەتەکە خراپەکە ((سفوری)) هەڵ دەبژێریتو دەڵێیت خوا لەسەری نووسیوم، کەواتە بۆ قیامەتیش باشەکە هەڵ بژێرە ((بالأ پۆشی)) پاشان بڵێ خوا لەسەری نووسیوم.

هەروەها ئەگەر بتەوێت سەفەر بکەیت بۆ شارێک پێت بووترێت دوو ڕێگا هەیە کەدەتگەیەنێت بەوشارە ڕێگای یەکەم ڕێگایەکی لاڕێیەو دوورەو چۆڵەو پڕ مەترسیەو ڕێگرو چەتەی لێیەو مرۆڤ تیادەچێت ئەگەر لەو ڕێگایەوە بڕوات، ڕێگای دووەم ڕێگایەکی نزیکو ئاشناو ئاوەدانو سەلامەتە مرۆڤ بەئاسانی دەگات بەو شارەو هیچ مەترسیەکی تێدانیە، ئایە تۆ کام ڕێگایەیان هەڵدەبژێریت؟! بێگومان ڕێگا نزیکو ئەمنو سەلامەتەکە هەڵ دەبژێریتو ناچیت ڕێگا دوورو چۆڵو مەترسیدارەکە هەڵ بژێریتو بڵێیت خوا لەسەری نووسیوم، کەواتە بۆ قیامەتیش کەزۆر سەختە ڕێگا سەلامەتو ئەمینەکە هەڵبژێرە تابەئاسانی بتگەیەنێت بە بەهەشت (کەڕێگای ڕاستیو خوا پەرستیو بالأ پۆشیە) فێڵ لەخۆت مەکەو ڕێگای خراپو تاوانو سەرپێچیو سفووری هەڵمەبژێرەو بڵێیت خوا لەسەری نووسیووم، ئێستا ئەم گومانەی شەیتانت بۆ ڕوون بووەوە چیتر خۆت مەخەڵەتێنەو بەقسەی شەیتان مەکە تابەرەو دۆزەخت نەبات.

دەیەم: لەوانەیە بڵێیت حیکمەت چیە لە پۆشینی حیجاب؟!

لەوەڵامدا دەڵێین: گەورەترین حیکمەت لەپۆشینی حیجاب بریتیە لەجێ بەجێ کردنی فەرمانی خوای گەورە کەدەفەرموێت : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يُعۡرَفۡنَ فَلَا يُؤۡذَيۡنَۗ ﴾ (الأحزاب: ٥٩)

واتە: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەخێزانەکانتو کچەکانتو ئافرەتانی باوەڕدار بڵێ خۆیان داپۆشنو لەچکەکانیان شۆڕ بکەنەوە بۆسەر سینگیان، ئەوە باشترە کەپێ ی دەناسرێنەوە کەداوێن پاکنو لەلایەن پیاوانی خراپەوە ئازار نادرێن.

هەروەها حیکمەتێکی تر بریتیە لەدەست خستنی ئەجرو پاداشتێکی زۆر لەقیامەتدا وەبەختەوەریو ئاسودەیی لەدونیادا بۆخۆپارستن لەئاگری دۆزەخ چونکە ئەو ئافرەتانەی کەپۆشاکی شەرعی لەبەر ناکەن هەڕەشەیان لێکراوە بەئاگری دۆزەخ . (عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): (**صِنْفَانِ مِنْ أَهْلِ النَّارِ لَمْ أَرَهُمَا: قَوْمٌ مَعَهُمْ سِيَاطٌ كَأَذْنَابِ الْبَقَرِ يَضْرِبُونَ بِهَا النَّاسَ، وَنِسَاءٌ كَاسِيَاتٌ عَارِيَاتٌ، مُمِيلَاتٌ مَائِلَاتٌ: رُءُوسُهُنَّ كَأَسْنِمَةِ الْبُخْتِ الْمَائِلَةِ، لَا يَدْخُلْنَ الْجَنَّةَ وَلَا يَجِدْنَ رِيحَهَا، وَإِنَّ رِيحَهَا لَيُوجَدُ مِنْ مَسِيرَةِ كَذَا وَكَذَا**).(أخرجه مسلم (٨ / ١٥٥) و البيهقي (٢ / ٢٣٤) و أحمد (٢ / ٣٥٥ - ٣٥٦ و ٤٤٠) (وانظر حديث رقم : ٣٧٩٩ في صحيح الجامع الصغير).

واتە: دوو کۆمەڵ هەن لەئوممەتەکەم ئەملی دۆزەخن بەڵام لەسەردەمی منذا نینو من نەیانم بینیووە لەپاش من پەیدا دەبن :

یەکەمیان" کەسانێکن قامچیان بەدەستەوەیە وەک کلکی مانگا وایە بەناحەق لەخەڵکی پێ دەدەن .

دووەمیان" ئافرەتانێکی پۆشتەی پووتن ((جلیان لەبەرە بەڵام خوای گەورە حیسابی پووتیان بۆ دەکات چونکە تەنکە یاخود تەسکە یاخود کورتە)) بەلارو لەنجە بەسەر زەویدا دەڕۆنو سەرنجی پیاوان بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن، قژەکانیان وەک بان پشتی وشتر بەرز دەکەنەوە لەبان سەریان، ئەوانە ناچنە بەهەشتەوە بەڵکو بۆنی بەهەشتیش ناکەن، هەرچەندە بۆنی بەهەشت لەدووری چل ساڵەوە دێت، کەواتە ئەو ئافرەتانە نەک هەر ناچنە بەهەشتەوە بەڵکو دووری چل ساڵ ڕێ لەبەهەشتەوە دوورنو لەناو ئاگری دۆزەخدان ((خوای گەورە بمان پارێزێت))، کەواتە ئایە ئەوە حیکمەتو دانایی‌و کار بەجێی‌و هۆشمەندی‌و ژیری نییە کەتۆ خۆت لەئاگری دۆزەخ بپارێزیتو بچیتە بەهەشتەوە بەهۆی پۆشینی حیجابەوە؟!

وەئایە گەورەترین ستەمت لەخۆت نەکردوە کەبەدڵنیایی بزانیت ئەم کارەت هۆکارە بۆچوونە دۆزەخو وازی لێ نەهێنیتو بەسەر نەفسو شەیتاندا زاڵ نەبیتو گوێڕایەڵی ئەوان پێش گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی بکەیت؟ لەڕیواتێکی تردا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((فَإنهنَّ ملعونات)) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٢٦٨٣).

واتە: ئەو ئافرەتانەی ئەوە سیفاتیان بێتو خۆیان دانەپۆشن ئەوانە نەفرەت لێکراون و خوای گەورە دەریانی کردووەو دووریانی خستۆتەوە لەڕەحمو سۆزو بەزەیی و میهرەبانی خۆی، ئەو ڕەحمەتەی کەئەوەندە گەورەو فراوانو زۆرە بەفراوانی ئاسمانەکان و زەوی وەک دەفەرموویت:

﴿ وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ ﴾ (الأعراف: ١٥٦).

ئایە ڕازیت بەهۆی نەپۆشینی حیجابەوە بێ بەش بیت لەڕەحمەتی خوا ؟؟!! یان دووربیت لەمیهرەبانی خوای گەورە؟؟!! خۆئەگەر لەشتێکی دونیایدا بێ بەش بکرێت (وەک ئەوەی لەهیچ کۆلێژو پەیمانگایەکدا وەرنەگیرێت، یاخود لەهیچ دامو دەزگایەک دانەمەزرێیت، یاخود موچەت پێ نەدرێت، یاخود ...) ئەوا زیانت لێ تاڵ دەبێتو هەموو هەوڵو توانات بەگڕ دەخەیت بۆ وەرگرتنەوەی ئەو شتە دونیاییە، ئەی بۆچی بۆ نزیک بوونەوە لەخوای گەورەو سۆزو میهرەبانیو ڕەحمەتی بڕیارێکی بوێرانە نادەیتو حیجاب بپۆشیت ؟! تاڕەزامەندی خوای گەورە بەدەست بێنیت؟!

هەروەها حیکمەتێکی تر لەباڵاپۆشی ئەوەیە کەخۆت داپۆشی کاریگەری خراپت بەسەر کوڕانەوە نابێتو پارێزراو دەبیتو زیانت بۆیان کەمتر دەبێت یان هەرنابێت،ئایە نابینیت بەهۆی تێکەڵاوی و خۆدانەپۆشینی کچان لە خوێندنگەو پەیمانگاو زانکۆکان چی کاریگەرێکی خراپی کردۆتە سەر خوێندکارە کوڕەکان بەشێوازێک ئاستی خوێندن زۆر دابەزیووە لەهەموو شوێنەکانی خوێندنا چونکە مێشکو بیرو هۆشی لای خوێندنو زانست و

زانیاری نییەو زۆرێك لە گەنجان ئەڵێی بەنج کراون یاخود ماددە هۆشبەرەکانیان خواردووە ئاگایان لەخۆیندن نەماوەو بیریان تەنها لای کچانە، ئەمەش زیانێکی زۆری هەیەو زەبرێکی کوشندەی لەزانستو زانیاریو داهێنانو فێربوون داوە بەڵام بەسەر خۆمانی ناهێنینو خۆمانی لێ بێ ئاگا دەکەین .

هەروەها حیکمەتێکی ترلەخۆداپۆشینی ئافرەتان ئەوەیە کە کەمتر کوڕان نەزەریان لێدەکەن بەڵام کەخۆیان دانەپۆشن زیاتر سەرنجی کوڕان بەلای خۆیاندا ڕادەکێشنو تووشی نەزەرو تێڕوانینی حەرامیان دەکەنو ئەوکاتە سەرەڕای ئەوەی کوڕان تاوانبار دەبن پشکی گەورەی تاوانەکە دەکەێتە سەرئافرەتان، خوای گەورەش دەفەرموێت :

﴿ قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ۚ ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ ۗ ﴾

(النور: ٣٠)

واتە: ئەی محمد (ﷺ) بەپیاوانی باوەڕدار بڵێ باچاویان بپارێزن لەتێڕوانینی حەرام بۆ ئافرەتانو داوێنی خۆیان بپارێزن چونکە ئەوە بۆیان پاکترو چاکترە .

بۆیە تاوانی خەڵکانی تریش بانەیاتە سەرشانی تۆ، چونکە لەوانەیە لەماوەی مانگێکدا بۆنموونە بەسەدەها جار لەلایەن کوڕانەوە تەماشا بکرێیتو سەدەها تاوان بێتە سەرشانتو تەرازووی کردەوە خراپەکانت قورس بکەنو تۆ بەخۆت نازانیت تائەو ڕۆژەی کە دەچیتەوە خزمەت پەروەردگارت ئەوکاتە

هەموو ڕاستیەکانت بۆ دەردەکەوێتو پەشیمان دەبیتەوە کە پەشیمانی دادی هیچ کەسێك نادات لەو ڕۆژەداو هیچ سوودێکی نییە، بۆیە پێش ئەوەی ئەو ڕۆژە بێت پەلە بکەو دەستپێشخەری بکە لە پۆشینی حیجاب تاببیت بەپێشەواو پێشەنگ لە چاکەداو هاوڕێکانیشت چاو لەتۆ بکەن ئەوکاتە پاداشتی ئەوانیش بۆ تۆ دێت بەبێ ئەوەی لە پاداشتی خۆیان کەم بێتەوە، وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (**الدَّالُّ عَلَى الْخَيْرِ كَفَاعِلِهِ**) (انظر حديث رقم : ٣٣٩٩ في صحيح الجامع الصغير).

واتە: ئەوەی ڕێنمایی خەڵك دەکات بۆ چاکە وەکو ئەوە وایە کەخۆی ئەنجامی دابێت

* * * * * *

یانزەیەم: لەوانەیە بڵێیت گرنگ دڵەو خوا تەماشای شێوەو لاشە ناکات بەڵکو تەماشای دڵ دەکات منیش دڵم پاکە ؟!

لەوەڵامدا دەڵێین: ئەمە گومانێکەو زۆر کەس دەیڵێتەوە وەهەندێکیان لە فەرموودەیەکەوە وەر گرتووە بەناتەواوی کەخوای گەورە تەماشای شێوەو لاشە ناکات، کەفەرموودەکە بەتەواوی بەم شێوەیەیە:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): (**إِنَّ اللَّهَ لَا يَنْظُرُ إِلَى أجسامكم ولا الى صُوَرِكُمْ، وَلَكِنْ يَنْظُرُ إِلَى قُلُوبِكُمْ وَأَعْمَالِكُمْ**) أخرجه: مسلم ٨/١١ (٢٥٦٤) (٣٤) .

واتە: خوای گەورە تەماشای لاشەو شێوازتان ناکات (کەجوانە یاخود ناشرینە، قەڵەوە یاخود لاوازە، ڕەشە یاخود سپیە، چونکە ئەمانە پاداشتو سزای لەسەر نییەو خوای گەورە مرۆڤی بەو شێوازە دروست کردووەو مرۆڤ دەسەلآتی خۆی تێدا نییە)) بەڵکو تەماشای دڵو کردەوەکانتان دەکات.

پێغەمبەر (ﷺ) لەم فەرموودەیە دڵو کردەوەی بەیەکەوە هێنا چونکە ئەگەر دڵ باش بێت ئەوا کردەوەش باش دەبێت وە دڵ خراپ بێت کردەوەش خراپ دەبێت، بەمانایەکی تر خراپی کردەوەو تاوان بەڵگەیە لەسەر خراپی دڵ چونکە ئەگەر دڵەکە باشو پاك بوایە ئەوا کردەوەکانیش باشو چاکو پاك دەبوون نەك تاوانو سەرپێچی، کەواتە کەتۆ سەرپێچی فەرمانی خوای گەورەو پێغەمبەر (ﷺ) دەکەیت بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەدڵت پاکو باش نیە بۆیە کردەوەکانت باش نیەو تاوانو سەرپێچیە، وەکو

لەفەرموودەیەکی تردا پێغەمبەر(ﷺ) بەڕاشکاوی ئاماژە بۆ ئەم ڕاستیە دەکاتو دەفەرموێت : (أَلَا وَإِنَّ فِي الْجَسَدِ مُضْغَةً إِذَا صَلَحَتْ صَلَحَ الْجَسَدُ كُلُّهُ، وَإِذَا فَسَدَتْ فَسَدَ الْجَسَدُ كُلُّهُ، أَلَا وَهِيَ الْقَلْبُ). [البخاري / الإيمان/ ٥٢].

واتە: ئاگادابنو بزانن پارچە گۆشتێك لەناو لەشدا هەیە ئەگەر ئەو پارچە گۆشتە پاكو چاك بێت ئەوا هەموو لەش پاكو چاك دەبێت، وەئەگەر ئەو پارچە گۆشتە خراپو پیس بێت ئەوا هەموو لەش خراپو پیس دەبێت، ئەو پارچە گۆشتەش بریتیە لەدڵ.

کەواتە دڵپاك ئەو کەسەیە کە کردەوەکانی بەگوێرەی قورئانو سوننەت بێت نەك بەگوێرەی هەواو ئارەزوو نەفسو شەیتان بێت، بەگوێرەی ئەم قسەیە بێت کێ تاوانی ئەنجامداو سەرپێچی کرد بڵێین ئایە دڵت پاکە یان نا؟ ئەگەر ووتی دڵم پاکە دەبێت هیچی لەگەڵدا نەووترێتو دەست خۆشی لێبکرێت لەسەر دڵە پاکەکەی !!!

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) زیاتر ئەم گومانەی شەیتان پووچەڵ دەکاتەوە ، وەکو صەحابەی بەڕێز حوزەیفە ڕەزای خوای لێ بێ دەفەرموێ : بیستم لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) کە دەیفەرموی : فیتنەو ئاشوب و تاوان ڕوودەکەنە دڵەکان و دەوری دڵەکان دەدەن جار لەدوای جارو بەردەوام، جاهەردڵێك وەری بگرێتوتاوان ئەنجام بدات ئەوە خاڵێکی ڕەشی تێ دەکەوێت، وەهەر دڵێك نەیکاتو نکۆڵی لێ بکات خاڵێکی سپی تێدەکەوێت تاوای لێدێت دڵەکان دەبن بەدوو دڵ، دڵێکی سپی پاکو بێگەرد کەهیچ

ئاشووبو تاوانێك زیانی پێ ناگەیەنێت بەبەردەوامی زەوی ئاسمانەکان، وەدڵێکی تری ڕەشی تاریکو ولێڵو بۆرو لادەر لەدامەزراوی نەچاکە دەناسێتو نەبەرهەڵستی خراپە دەکات مەگەر ئەوەی بەهەواو ئارەزووی خۆی ئەنجامی بدات . (رواه مسلم، وانظر حديث رقم: ٢٩٦٠ في صحيح الجامع الصغير) .

کەواتە ئەو کەسانەی بەردەوامن لەتاوان وەکو خۆدانەپۆشینی ئافرەتانو نەپۆشینی حیجابو دەرخستنی جوانی خۆیان بۆ پیاوانی نامەحرەم ئەمانە بەهۆی بەردەوامیان لەسەر تاوان دڵیان تەواو ڕەش بووە، نازانن کامە چاکەیەو کامە خراپەیە بۆیە زۆر بەلایانەوە ئاساییە کەتاوان دەکەنو خۆیان داناپۆشن نەك لەدڵ پاکیانەوە بێت هەروەکو چۆن پێغەمبەر (ﷺ) بەڕاشکاوی ئەو گومانەی پووچەڵ کردەوە. کەواتە دەتەوێت دڵت پاك و خاوێنو بێگەرد بێت و ئەو خاڵە ڕەشانە بەزووترین کات لەسەر دڵت لاچێتو سپی ببنەوە ئەوا فەرمانی خوا جێ بەجێ بکەو حیجاب بپۆشەو خۆت داپۆشە، تاڕاستیەکان وەکو خۆیان ببینیتو شەیتان لێت تێك نەداتو فێڵت لێ نەکات چونکە ئەگەر مەبەستت تێگەیشتن بێت ئەوا پیلانو نەخشەو فێڵەکانی شەیتان زۆر لاوازە وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ كَيْدَ ٱلشَّيْطَٰنِ كَانَ ضَعِيفًا ﴿٧٦﴾ ﴾ (النساء: ٧٦).

دوانزەیەم: لەوانەیە بڵێیت بۆ لەسەرمانی قورس دەکەن خوای گەورە زۆر بەڕەحمەو إن شاء الله لێمان خۆش دەبێت ؟!!

لەوەڵامدا دەڵێین: بەڵێ ڕاستە خوای گەورە زۆر بەڕەحمەو بەبەزەییو لێخۆشبووە بەڵام لەهەمان کاتدا خوای گەورە سزای سەخت ((شديد العقاب))ە و لێپرسینەوەی خێرایەو (سريع الحساب) ەو سیفەتی تووڕە بوونی هەیەو لەچەندەها شوێندا هەڕەشەی سەخت لەو کەسانە دەکات کە سەرپێچی فەرمانەکانی دەکەن، لەیەک ئایەتدا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ نَبِّئْ عِبَادِيٓ أَنِّيٓ أَنَا ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٤٩﴾ وَأَنَّ عَذَابِي هُوَ ٱلْعَذَابُ ٱلْأَلِيمُ ﴿٥٠﴾ ﴾ (الحجر: ٤٩ - ٥٠).

واتە: ئەی محمد (ﷺ) هەواڵ بەبەندەکانم بدە کەمن بەڕاستی لێخۆشبوو بەبەزەیم وەبەڕاستی سزای من سزایەکی زۆر بەئێشو ئازارە.

کەواتە ئەو خوایەی کەبەڕەحمو بەزەییە هەر ئەو خوایەیشە کەتووڕە دەبێتو سزات دەداتو سزاکەیشی زۆر بەئێشو ئازارە بەڵام خوای گەورە ڕەحمو سۆزی بۆ ئەو کەسانەیە کەڕەحم بەخۆیان دەکەنو دەگەڕێنەوە بۆلای خوا نەک بەردەوام بن لەسەر تاوانو بڵێن خوا بەڕەحمەو لێمان خۆش دەبێت ، ئایە دەکرێت تۆ لەخوێندنگاو زانکۆ هیچ نەخوێنیت و خۆت ئامادە نەکەیتو بڵێیت خوا گەورەیەو دەردەچینو ناجیح دەبین ، ئەمە فێڵ کردنە لەخۆتو دەبێت بخوێنیت پاشان بڵێیت خوا گەورەیەو دەردەچین .

ئومێد بوون بەخوا شتێکی زۆر باشە بەڵام بەکردارو خۆ ئامادە کردنەوەو لە بەرامبەریشدا دەبێت مرۆڤ چەندێك بەئومێدی ڕەحمەتی خواو بەهەشتە ئەوەندەیش لەخوا بترسێتو ترسی دۆزەخی هەبێت، چونکە ئومێدو ترس ((الرجاء والخوف)) دەبێت هاوسەنگ بنو یەکسان بن وەك دووباڵی باڵندەن، چۆن باڵندە ناتوانێت بەیەك باڵ بفرێتو دەکەوێتە خوارەوە، مرۆڤ بەبێ هاوسەنگی (ترسو ئومێد) باوەڕی تەواو نیەو دەکەوێتە ناو دۆزەخ ئەگەر دەست بەرداری یەکێکیان بێت چونکە ئەگەر کەسێك ئومێدی بەڕەحمی خوا نەبێت ئەوا واز لەدونیا دەهێنێتو خۆی یەکلا دەکاتەوە بۆ پەرستنی خوا لەترسی خوادا کەئەمەش لەشەرعدا دروست نییە مرۆڤ بچێتە خەڵوەو لەژیان دابڕێت، وەئەگەر کەسێك ترسی خوای لەدڵدا نەبێت ئەوا هەموو تاوانێك ئەنجام دەداتو لەهیچ ناگەڕێتەوەو بەئومێدیشە لەپێش هەموو کەسیك بچێتە بەهەشتەوە کەئەمەش لە شەرعدا تەواو نیە بەڵکو دەبێت مرۆڤ چاکە بکاتو بەئومێدی بەهەشت بێتو خۆی بپارێزێت لەخراپەو ترسی خوای گەورەی هەبێتو لەسزای خواو دۆزەخ بترسێت، هەروەکو پێغەمبەر (ﷺ) خواناسترینو خواپەرستترین مرۆڤ بووە لەسەر ڕووی زەوی ئینجا لەخوا دەترساو دەیفەرموو: ((اللهم إني أسألك الجنةَ وأعوذ بك من النّار)) (صحيح سنن أبي داود: ٣/٣٧٧).

واتە: ئەی پەروەردگار داوای بەهەشتت لێدەکەمو بەئومێدی چوونە بەهەشتم وەپەنات پێ دەگرم لەدۆزەخو دەترسم لەچوونە دۆزەخ.

هەربۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُۥ ۝٧ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُۥ ۝٨ ﴾(الزلزلة: ٧ - ٨).

واتە: هەرکەسێك بەئەندازەی کێشی گەردێك خێرو چاکە بکات ئەوا لەڕۆژی قیامەتدا دەیبینێتەوە وەهەر کەسێکیش بەئەندازەی کێشی گەردێگ شەڕو خراپە بکات ئەوە دەیبینێتەوە، هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (واللهِ لَوْ تَعْلَمُونَ مَا أَعْلَمُ لَضَحِكْتُمْ قَلِيلًا وَلَبَكَيْتُمْ كَثِيرًا) (انظر حديث رقم : ٢٤٤٩ في صحيح الجامع الصغير).

واتە: ئەوەی من دەیزانم دەربارەی سەختی ڕۆژی قیامەت ئەگەر ئێوە بتانزانیایە ئەوا کەم پێدەکەنینو زۆر دەگریان، کەواتە ئەگەر خوای گەورە تەنها لێخۆشبوو لێبوواردەو بەڕەحمو بەزەیی بوایەو تۆڕە نەبوایەو سزای نەبوایە بۆ تاوانباران‌و سەرپێچی کاران ئیتر بۆچی دۆزەخی دروست دەکردو پێغەمبەرانی دەناردو کتێبی دەنارده خوارەوە؟! بۆچی خوای گەورە ئەوەندە وەسفی دۆزەخی دەکردو سزاکانی بۆ ئێمە باس دەکرد؟!

کەواتە دەبێت مرۆڤ چاکەکار بێت‌و فەرمانەکانی خوای گەورە جێبەجێ بکات پاشان بە ئومێدی ڕەحمەتی خوای گەورە بێت نەك لەسەر تاوان بەردەوام بێت‌و بڵێت خوای گەورە بەڕەحمو بەزەییەو لێمان خۆش دەبێت، جا ئەگەر خوای گەورە چاکەکارو خراپەکار پێکەوە بخاتە بەهەشتەوە ئیتر مانای جێ بەجێ کردنی فەرمانی خوا چییە؟! نەخێر هەرگیز چاکەکارو خراپەکار، بالاپۆش‌و دانەپۆشراو، نوێژ خوێن‌و نوێژنەکەر... هتد، لەتەرازووی

خوای گەورەدا یەکسان نین خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ أَفَنَجْعَلُ ٱلْمُسْلِمِينَ كَٱلْمُجْرِمِينَ ﴿٣٥﴾ مَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ ﴿٣٦﴾ ﴾ (القلم: ٣٥ - ٣٦).

واتە: ئایە موسڵمانان وەکو تاوانباران تەماشا دەکەینو پاداشت دەدەینەوە نەخێر وانیە ئەمە چی حوکمو بڕیارێکە ئێوە دەیدەن چۆن بڕیادان وادەبێت؟!! هەوەرها دەفەرموێت خوای گەورە: ﴿ أَمْ نَجْعَلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ كَٱلْمُفْسِدِينَ فِي ٱلْأَرْضِ أَمْ نَجْعَلُ ٱلْمُتَّقِينَ كَٱلْفُجَّارِ ﴾ (ص: ٢٨).

واتە: ئێوە وادەزانن کەئێمە باوەڕداران وەك خراپەکارانو ئاشووب گێڕان لەسەر زەوی تەماشا دەکەین، یاخود خواپەرستانو خۆپارێزان لەتاوان وەکو خراپەکاران تەماشا دەکەینو پاداشت دەدەینەوە؟!١

بێگومان نەخێر وانیە جاتۆش ڕێگای ڕزگاریو سەرفرازی دویاو قیامەت بگرە بەرو پۆشاکی حیشمەتو حورمەت لەبەر بکەو بەئومێدی ڕەحمەتی خوای گەورەبە نەك لەسەر تاوان بەردەوام بیتو بەئومێدی ڕەحمو سۆزبیتو خۆت بخەڵەتێنی . خوای گەورە ڕەحم لەهەموو لایەکمان بکاتو هیدایەتمان بدات.

* * * * * * *

سیانزەیەم: لەوانەیە بڵێیت من چەندەها ساڵە خۆم دانە پۆشیوەو تووشی تاوانێکی یەکجار زۆر بووم و خەڵکێکی زۆریش بە هۆی منەوە تووشی تاوان بوونە تازە خوای گەورە لێم خۆش نابێت بۆیە حیجاب نا پۆشم؟!

لەوەڵامدا دەڵێین: هەرکەسێك تۆبە بکاتو بگەڕێتەوە بۆلای خوای گەورە ئەوا خوای گەورە لێی خۆش دەبێت ئەگەر شەریکیشی بۆ خوا دانابێت، ئەگەر کوفری بەخوای گەورە کرد بێت (پەنا بەخوای گەورە) ئیتر چۆن لەتۆ خۆش نابێت کەبگەڕێیتەوە بۆ لای، خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿ قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴾(الزمر: ٥٣).

واتە: ئەی محمد (ﷺ) بەو بەندانەم بڵێ کەزیادەڕەویان کردووەو ئیسرافیان کردووە لە تاوان کردندا با نا ئومێد نەبن لەڕەحمەتی خوا چونکە بەڕاستی خوای گەورە لەهەموو تاوانەکان خۆش دەبێت وەبەڕاستی خوای گەورە لێخۆشبوو بەبەزەییە .

وەپێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (التَّائِبُ مِنَ الذَّنْبِ كَمَنْ لاَ ذَنْبَ لَهُ) (انظر حديث رقم : ٣٠٠٨ في صحيح الجامع الصغير).

واتە: ئەو کەسەی کە تەوەبە دەکات وەکو ئەو کەسە وایە کەهیچ تاوانێکی نەبێت .

وەپێغەمبەر (ﷺ) بەسەر هاتی ئەو پیاوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کەسەد کەسی بەناحەق کوشتووە بەڵام کەتەوبە دەکات خوای گەورە لێی خۆش

دەبێت، جا خۆ تاوانی تۆ وەکو تاوانی ئەم کەسە نیەو زۆر لەم تاوانە کەمترە بەڵکو هەر قیاس ناکرێت جا پەلە بکە بەرەو لێخۆشبوونی خوای گەورەو تەوبە بکەو ڕووبکەرە خوای گەورەو خۆت داپۆشەو حیجاب بپۆشەو دڵنیابە خوای گەورە لێت خۆش دەبێت إن شاءالله.

ئەمە هەندێك بوو لە گومانو بیانوی ئەو خوشکانەی کە تا ئێستا بەردەوامن لە سەرپێچی کردنی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەیو پۆشاکی شەرعی ناپۆشنو خۆیان داناپۆشنو جوانی خۆیان بۆ پیاوانی نا مەحرەم دەردەخەن، کە بە بەڵگەی قورئانو سوننەتو عەقڵ وەڵامیانم دایەوەو گومانەکانیانم هەڵوەشانەوە، کە ئەگەر لە داهاتوویش هەر گومانێکی تری ببیستین ان شاو الله وەڵامی دەدەینەوە بە ئومێدی ئەوەی کەسانێکی دڵ زیندو و هۆشمەند سودی لێ ببینن و ببێتە هۆی گەڕانەوەیان بۆ لای خوای گەورە تا ان شاو الله لە دونیاو قیامەت بەختەوەرو ئاسودەبنو پێش ئەوەی کە پەشیمان ببنەوە لە ڕۆژێك کە پەشیمانی سود بە کەس ناگەیەنێتو دادی کەس نادات.

داواکارم لە خوای گەورە کە ئەم کارەو هەموو کارەچاکەکانی ترمان لێوەربگرێتو تەنها لەبەر ڕەزامەندی ئەو بێت إن شاء الله .

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، والحمد لله الذي بنعمته تتم الصالحات.

هەندێك
لە فەتوای گەورە زانایان
تایبەت بە ئافرەتان

عبدالعزيز بن عبدالله بن باز
رحمه الله
محمد بن صالح العثيمين
رحمه الله
عبدالله بن عبدالرحمن الجبرين
حفظه الله

خوشکی موسوڵمانم: ئەمەی لەبەردەستتدایە، گوڵبژێرێکە لەفەتوای زانا پایە بەرزەکان سەبارەت بە ئافرەتان، کەتیایدا هانی ئافرەتان دەدەن کە بەڕەوشت و داوێن پاك بن و دەست بگرن بەو ڕەوشتەجوانانەوە کەهاوەڵەژنەکانی سەردەمی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەری بوون، لەخوای گەورە داواکارین یارمەتی خوشکانمان بدات لەسەر بالآپۆشی و بەردەوامی لەسەر ئەم دینە پاکە. آمین.

پرسیاری یەکەم: هەندێك کەس بانگەشەی ئەوەدەکەن کە ئەگەر ئافرەت خۆی بەڕێزو(شریف) بێت، پێویستی بەحیجاب نیە و کەس ناتوانێت دەستی بۆدرێژبکات، بۆچوونی بەڕێزتان لەوبارەیەوە چی یە؟

وەلآم: ئەمەبانگەشەیەکی پوچەڵەو تێك دەگیرێت لەگەڵ قورئان و سوننەت و سروشتی مرۆڤایەتیدا، پاشان ئافرەت ئەگەر شوێنەجوانەکانی لاشەی دانەپۆشێت و دەری بخات بێگومان پیاوان پێوەی پەیوەست دەبن، وئافرەتەکەش تووشی ئازاردەبێت هەرچەندە داوێن پاکیش بێت، و لەوانەیە شەیتان گومڕای بکات، وڕای بکێشێت بۆداوێن پیسی، و جائەمەش بەهۆی ئەوەوەبێت کەئافرەتەکە لەدەرونەوە حەزی لەو کارەیە لەگەڵ هەوڵی زۆری خراپەکاران، یان لەژێر پەستانی خراپەکاران، بۆئەوەی ئەوشتەی پێ بکەن کەخۆیان دەیانەوێ، پاشان ئەگەر ئافرەت بەڕێزو شەریف بێت ئەوا بە بالآ پۆشی شەرعی ڕێزی زیاتر دەبێت، وەئاشکرایە بەعەقڵ و فیترەت و سروشتی مرۆڤایەتی کەپیاوان مەیلیان زیاترە بۆ ئافرەتان، وەهیچ ئافرەتێك لەهاوەڵە ئافرەتەکانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) شەریف ترو داوێن پاکترنیە لەگەڵ ئەوەشدا فەرمانیان پێکراوە بەبالآ پۆشی (**ابن عثیمین**)

پرسیاری دووەم: ئایا دروستە ئافرەت لەنوسینگەدا ئیش بکات، ئەگەر هاتوو ئیشکردنەکە لەنوسینگەی کاروباری ئاینی و ئەوقاف بوو؟

وەلأم: ئیشکردنی ئافرەت لەنوسینگەکاندا لەدوو حالّەت بەدەرنیە:-

حالّەتی یەکەم: ئەگەر ئیشکردنی ئافرەت لەنوسینگەیەکدابێت کەتایبەت بێت بە ئافرەتان و جگەلەئافرەتان کەسی تێدا ئامادەنەبێت وەکو ئەوەی ئافرەتان نوسینگەیەکیان هەبێت بۆئاراستەکردن و سەرپەرشتی خوێندنگاکانی کچان، ئەمە دروستە و هیچی تێدانیە.

حالّەتی دووەم: ئەگەر نوسینگەکە تێکەڵ بوو، ژن و پیاو پێکەوە کاریان دەکرد،ئەوا دروست نیە ئافرەت ئیشی تێدابکات، ئەمەش بەهۆی ئەوفیتنەو خراپەکاریانەی کە لەتێکەڵی ژن و پیاو دەکەوێتەوە.

پێغەمبەری خوایش (ﷺ) ئوومەتەکەی وریا کردووەتەوە لەفیتنەی ئافرەتان، هەتا لەشوێنی عیبادەت(مزگەوت) یشدا، وەکو فەرموویەتی (**خير صفوف النساء آخرها، وشرها أولها**)، چونکە ڕیزی یەکەم نزیکە لەپیاوانەوە بۆیە خراپترینی ڕیزەکانە، وەریزی کۆتاییش دوورە لەپیاوانەوە بۆیە باشترینی ڕیزەکانە، ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوونە هەرکەسێك بیر لەحالّەتی ئومەتەکانی تریکاتەوە بۆی ڕوون دەبێتەوە کە فیتنەی تێکەڵی پیاو و ئافرەت چەندە گەورەیە کە تائێستاش ئەو ئومەتانە بەدەستیەوە دەنالێنن ناتوانن(بەئاسانی) ڕزگاریان بێت لێ ی (**ابن عثيمين**)

پرسیاری سێ یەم: هەندێك لەئافرەتان زۆر دەردەچن بۆبازارەكان(بەپێویستی و یان بێ پێویستی) لەگەڵ ئەوەشدا كەسی مەحرەمیان لەگەڵدانیە، بۆچوونی بەڕێزتان لەو بارەیەوە چی یە؟

وەڵام: گومانی تێدانیەكەمانەوەی ئافرەت لەماڵەكەیدا باشترە بۆی وەكو لەفەرموودەدا هاتووە(**وبيوتهن خيرلهن**)، وەگومانیشی تێدانیە كەبەڕەهایی ڕێگەپێدانی ئافرەت بۆچوونەدەرەوە لەماڵ(مخالف) ەی ئەوەیە كەشەرع فەرمانی پێكردووە لەپاراستنی ئافرەت و خەمۆری و پەرۆشی لە پارێزگاریكردنی لەفیتنە.

وەپێویستە لەسەر(سەرپەرشتیارانی ئافرەتان)كەبەمانای ووشە پیاوبن، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ ﴾ النساء: ٣٤ .

بەڵام بەداخەوە موسوڵمانان دەستیان كردووە بەلاسایی كردنەوەی دوژمنانی خوا ئەویش لەپێدانی سیادەو دەسەڵات (زیاد لە سنوری خۆی) بە ئافرەتان ، تاوای لێهاتووە ئافرەتان بوون بەسەر پەرشتیاری مالێ و بەڕێوەبەری كاروباری پیاوان، و جێ ی سەرسوڕمانە ئەوكەسانە لافی پێشكەوتن و شارستانیەت لێ دەدەن، داماوی و بەدبەختی بۆیان، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی (**لن يفلح قوم ولوا أمرهم إمرأة**) واتە : قەومێك سەرفراز نابن كاروباریان ئافرەت بیبات بەڕێوە ، وەهەموومان دەزانین ئافرەتان بەوشێوەیەن كەپێغەمبەری خوا(ﷺ) وەسفی كردوون: (**مارأيت من ناقصات عقل ودين أذهب للب الرجل الحازم من إحداكن**).

وەبەپێچەوانەشەوە پیاوی واهەیە ڕەوشتی خراپەو ڕێگەبەخێزانی نادات سەردانی خزمەنزیكەكانی بكات وەكو(دایك و باوك و برا ومام و خاڵ) لەكاتێكدا كەترسی ئەوەشی نەبێت ئافرەتەكەتوشی فیتنە بێت. ئاینی ئیسلامیش مام ناوەندە لەنێوان حاڵەتی یەكەم و دووەم دا.

پرسیاری چوارەم: ئایا هێشتنەوەی نینۆك بۆچی حەرامە؟

وەلآم: درێژکردنەوەی نینۆکەکان دروست نیە، بەڵکو فەرمان هاتووە لەسەر نینۆك کردن لەهەموو هەفتەیەکدا یان لای زۆری لەهەموو چل ڕۆژێك دا .

پرسیاری پێنجەم: حوکمی ئەوئاهەنگانە چین کە ژن و پیاو تێکەڵن؟

وەلآم: تێکەڵی ژن و پیاو خراپەو کردەوەیەکە لە کردەوەکانی (نەفامیەت). پەنابەخوا دەگرین لەوکارە (ابن باز).

پرسیاری شەشەم: حوکمی چارەسەرکردن بەمۆسیقا چیە؟

وەلآم: هیچ بنچینەیەکی نیە، بەڵکو ئەوە کاری کەسە گێلەکانە ، وەمۆسیقا چارەسەر نیە، بەڵکو خۆی دەردە، لەئامرازی مەڵاکانن، و هەموویان نەخۆشین بۆدڵ، و هۆکارن بۆ لادان لەڕەوشت.

بەلآم چارەسەری بەسوود بریتی یە لەوەی نەخۆش گوێ لەقورئان و ئامۆژگاری و فەرموودە بگرێت. بەلآم چارەسەرکردن بەمۆسیقاو جگەلەویش لە(**آلات الطرب**) ڕای دەهێنێت لەسەر **باطل**. وەنەخۆشیەکەشی زیاد دەکات، ولەسەری قورس دەبێت ، **ولاحول ولا قوة إلا بالله** (ابن باز).

پرسیاری حەوتەم: حوکمی لابردنی موی دەم و چاو بۆ ئافرەتان چی یە؟

وەلآم: ئەگەر موەکە ئاسایی بێت لابردنی دروست نیە لەبەر ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) نەعلەتی کردوە لەو ئافرەتەی کە موی برۆ و دەم و چاو لادەبات وەئەوەشی کەبۆی لادەبات، بەلآم ئەگەر موەکە زۆر بوو بەشێوەیەك کە دەم و چاو بشێوێنێ و لەپیاو بچێ وەکو سمێڵ و ڕیش ئەوە لابردنی هیچی تێدانیە دروستە چونکە زیانی پێدەگەیەنێ (ابن باز).

پرسیاری هەشتەم: حوکمی ئەوفەتحە چیە کەئافرەتان لەخوارەوەی پۆشاکەکانیاندا دەیکەن و قاچیان دەردەکەوێت؟ وەحوکمەکەی چی دەبێت ئەگەر هاتوو لەژێرەوە گۆرەوی لەپێ کردوو تەنها شێوەی لاقی دەرکەوێ نەك پێستەکەی؟

وەلآم: پێم وایە ئافرەتان ئەوپۆشاکانە لەبەرنەکەن ئەگەر ڕۆیشتن بۆبازاڕ (واتە لەمالّدا بۆمێردەکەی دروستە ئەگەر لەجلی پیاوان نەچێت)، چونکە بەهۆی ئەوفەتحەیەوە لاقی دەردەکەوێت جا گۆرەوی لەپێدابێت یان لەپێدانەبێت چونکە قەبارەی لاقی دەردەخات ئەگەر گۆرەوی لەپێدابێت، وەپێستەکەی دەردەکەوێت ئەگەر گۆرەویشی لەپێدا نەبێت، وەهەرکاتێك پۆشاکی ئافرەت داپۆشەرتربێت چاکترە. (ابن عثیمین)

پرسیاری نۆیەم: ئایا دروستە ئافرەت سەیری وێنەی بێگانە بکات؟

وەلآم: ئامۆژگاری ئافرەتان دەکەین کەسەیری وێنەی پیاوانی بێگانە نەکەن، و باشتر وایە بۆئافرەت کە نەپیاوببینێت وە نەپیاوانیش ببینن، ئەمەش یاری تۆپی پێ و زۆران بازی و جگە لەوانەش دەگرێتەوە بەبێ جیاوازی، چونکە ئافرەت توانای خۆڕاگرتنی لاوازە، و زۆرجار بەهۆی سەیرکردنی ئەو فیلم و وێنەگومڕاکەرانەوە ئارەزووی دێتەجۆش و تووشی فیتنە دەبێت، بۆیە دورکەوتنەوە لەهۆیەکانی فیتنە نزیکترە بۆ سەلامەت بوون. (الشیخ ابن جبرین)

پرسیاری دەیەم: حوکمی مێش کردن بۆئافرەتان چی یە؟

وەلآم: ئەصلّ ئەوەیە کەئافرەت بەهەر ڕەنگێك بیەوێت دەتوانێت سەری بۆیاغ بکات، تەنها لەدوو حالّەتدا نەبێت :

حالّەتی یەکەم: دروست نیە مووی سپی ڕەش بکرێت، چونکە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمانی بەگۆڕینی ئەو مووەسپیانە کردووە بەلآم بەدورکەوتنەوە لە ڕەنگی ڕەش.

حالّەتی دووەم: پێویستە ئەو بۆیاغەی بەکاردەهێنرێت لەوانە نەبێت کەتایبەتن بەئافرەتانی بێ باوەڕەوە، ئەگەر وابوو دروست نیە چونکە پێغەمبەری خو(ﷺ)ا فەرمووی (**من تشبة بقوم فهومنهم**). واتە : هەرکەسێك خۆی بشوبهێنێت بە قەومێك ئەوە لەوانە .(**ابن عثيمين**)

پرسیاری یانزەیەم : ئایا پەیوەندی کچ و کوڕ لە پێش زەواج دروستە؟

وەلآم: پەیوەندی کچ و کوڕ پێش گرێبەستی هاوسەرگیری (**عقد زواج**) دروست نیە ئەگەر چی خوازبێنی (**خطبة**) شی کردبێت، (چونکە ئەوکچ و کوڕە پێش عەقدی زەواج بێگانەن بەیەکتر) بۆیە دروست نیە بۆ پیاوان سەیری ئافرەتی بێگانە بکات یان قسەی لەگەلّدابکات یان بەتەنها لەگەلّیدا بمێنێتەوە، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی (**لايخلون رجل بامرأة إلامع ذى محرم، ولاتسافر امرأة إلامع ذى محرم**). واتە "با پیاو لەگەلّ ئافرەتێکی (بێگانەدا) بەتەنها نەمێنێتەوە (ئیللا مەگەر ئافرەتەکە کەسێکی مەحرەمی لەگەلّدا بێت) ، وە با ئافرەت سەفەر نەکات (ئیللا مەگەر مەحرەمێکی لەگەلّدا بێت)"(**ابن عثيمين**)

پرسیاری دوانزەیەم : ئەگەر پیاوێك لەگەڵ ئافرەتێکی بێگانەدا نامەگۆڕینەوە لەنێوانیاندا هەبێت، پاشان ببن بەخۆشەویستی یەکتر، ئایا ئەم کارە حەرامە؟

وەڵام: ئەم کارە دروست نیە چونکە ئارەزووی هەردوولا دەورووژێنێت غەریزە پاڵیان پێوەدەنێت بۆ بەیەکگەیشتن و پەیوەندی، و زۆر ئەو نامەگۆڕینەوەیە فیتنەی لێ دەکەوێتەوە و خۆشەویستی زینا لەدڵدا دەچێنێ، ئەمەش تووشی داوێن پیسی (فاحشة) ی دەکات، یان دەبێتە هۆکاری تووش بوون بەو تاوانە، ئامۆژگاری ئەوانە دەکەین کەبەرژەوەندی خۆی دەوێت و دەیەوێ بیپارێزێت،بائەو نامە ناردن و قسە کردنانە واز لێ بهێنێت لەبەر خاتری دین و ئابڕووی خۆی . و الله الموفق. (**الشيخ ابن جبرين)**

پرسیاری سیانزەیەم : ئایا کچ و کوڕێك کە زەواجیان نەکردبێت دروستە بەتەلەفۆن قسە بەیەکەوە بکەن؟

وەڵام: دروست نیە قسەکردن لەگەڵ ئافرەتانی بێگانە، قسە کردنێك کە ئارەزوو(شەهوەت) بوروژێنێت وەکو نازکردن و دەنگ ناسك کردنەوە جا چ بە تەلەفۆن بێت یان غەیری تەلەفۆن، لەبەر ووتەی خوای گەورە ﴿ فَلَا تَخْضَعْنَ بِٱلْقَوْلِ فَيَطْمَعَ ٱلَّذِى فِى قَلْبِهِۦ مَرَضٌ ﴾ الأحزاب: ٣٢

بەڵام قسەکردنی لەناکاو(ناچاری) (**عارض**) هیچی تێدا نیە و دروستە ئەگەر خراپەی لێ نەکەوێتەوە بەڵام بەڕێژەی پێویست. (**الشيخ ابن جبرين)**

پرسیاری چواردەیەم : ئەگەر ئافرەت بچێت بۆبازاڕی نزیك لەماڵی خۆیان بۆ کڕینی پێداویستی خۆیی و منداڵەکانی، بەڵام پیاوەکەی نەزانێ کەڕۆیشتوە، ئایا گوناهی لەسەرە؟

وەڵام: پێویستە لەسەر ئافرەت داوا لەمێردەکەی بکات مۆڵەتێکی (ئیزنێکی) گشتی پێ بدات بۆدەرچوون لەماڵ بۆکڕینی پێداویستی، (ئەگەر ئەمەی کرد ئەوا دەتوانێت) هەرکاتێك پێویستیەکی هەبوو وەلەماڵ دەرچوو بەپۆشتەیی و بەبێ خۆڕازاندنەوە و سفوری، وەچاوی پاراست لەتەماشاکردنی حەرام و دورکەوتنەوە لەوشتانەی گومان و فیتنە دروست دەکەن، و پاش دابین کردنی پێداویستی یەکانی بەپەلە گەڕایەوە، ئەوا گوناهی لەسەر نیە (إن شاء الله). (الشيخ ابن جبرين)

پرسیاری پانزەیەم : ئایا نەشتەرگەری جوانکاری دروستە؟

وەڵام: جوانکاری دوو جۆرە، یەکەم: ئەوجوانکارییەی کە دەکرێت بۆلابردنی عەیبێك کەبەهۆی ڕوداو یان شتی ترەوە دروست بووە... دروستەو گوناە نیە، چونکە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕێگەی دا بەپیاوێك کەلەجەنگدا لووتی بڕابوو، کە لووتی ئالتونی دابنێت.

دووەم: جوانکاریەك کەبۆ زیاتر جوان کردنە نەك بۆلابردنی عەیبێك، ئەمە حەرامە و دروست نیە، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی (**لعن النامصة و المتنمصة، الواصلة و المتوصلة، و الواشمة و المستوشمة**). (ابن عثيمين)

پرسیاری شانزەیەم :ئایا خوێندنی زانستی جوانکاری (علم التجميل) دروستە؟

وەڵام ئەو خوێندکارەی کەلە پرۆگرامی خوێندندا زانستی نەشتەرگەری جوانکاری دەخوێنێت گوناهی لەسەر نیە کەفێری ببێت، بەڵام لەو حاڵەتانەدا نابێت جێبەجێی بکات کەحەرامن، بەڵکو ئامۆژگاری ئەو کەسانە بکات کەدێنە لای داوای ئەو جوانکاریە حەرامە نەکەن، وەلەوانەیە ئامۆژگاری لەزمانی پزیشکێکەوە زیاتر کاریگەری هەبێت لەسەر دەروونی خەڵك. (ابن عثيمين)

پرسیاری حەڤدەیەم : ئایا دروستە ئافرەت لەگەڵ شوفێری(سائق) ی بێگانەدا سەربکەوێت؟

وەڵام: بۆ پیاو دروست نیە لەگەڵ ئافرەتێکدا بێت بەتەنها لەسەیارەیەکدا مەگەر مەحرەمی ئافرەتەکەبێت، چونکە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی(**لايخلون رجل بأمرأة إلامع ذى محرم**)، بەڵام ئەگەر دوو ئافرەت یان زیاتر بوون گوناە نیە چونکە لەوکاتەدا (**خلوة**) دروست نابێت، بەمەرجێك فیتنەی لێ نەکەوێتەوە و لەسەفەردا نەبن . **والله الموفق**. (ابن عثيمين)

پرسیار هەژدەیەم : ئایا دروستە ئافرەت قژ(پرچ) کورت بکاتەوە؟

وەڵام: بڕینی قژ لەلایەن ئافرەتەوە لای (حنابلە) کان مەروەهە، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەك کورتی کردەوە کە لە قژی پیاو بچێت ئەوە حەرامە .

چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی(**لعن الله المتشابهات من النساء بالرجال**) وەبەهەمان شێوە ئەگەر بەشێوەیەك کورتی کردەوە کەلەقژی بێباوەڕان بچێت ئەوا حەرامە، چونکە دروست نیە خۆشوبهاندن بەبێباوەڕە خراپەکارەکانەوە، لەبەر فەرموودەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) (**من تشبه بقومٍ فهو منهم**). (ابن عثيمين)

پرسیاری نۆنزدەیەم : ئایا دروستە تەوقە لەگەڵ ئافرەتی بێگانەدا بکرێت؟

وەلآم: بەموتلّەقی دروست نیە تەوقە لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەم دا بکرێت، جا ئافرەتەکە گەنج بێت یان پیر، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی(**إنی لا أصافح النساء**). واتە "من تەوقە لەگەڵ ئافرەتاندا ناکەم"وە عائیشەش فەرموویەتی (**ما مست يد رسول الله يد إمرأة، ماكان يبايعهن إلا بالكلام**) .واتە " دەستی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم هەرگیز نەیداوە لە دەستی ئافرەت ، تەنها بە قسە بەیعەتی لێ وەردەگرتن " .

هەروەها هیچ جیاوازی نیە کە تەوقە کردنەکە بەبەربەستێك بێت یان نا، لەبەر گشتی بەڵگەکان و داخستنی ئەو رێگایانەی کە سەردەکێشێت بۆ فیتنە. (ابن باز)

پرسیاری بیستەم : ئایا دروستە ئافرەت بۆن لەخۆی بدات و بچێت بۆ قوتابخانە یان نەخۆشخانە یان سەردانی خزم و دراوسێ؟

وەلآم: دروستە بەکاری بهێنێت ئەگەر هاتوو دەرچونەکەی بۆلای کۆمەڵە ئافرەتێك بوو، وە لەڕێگادا بەلای پیاودا تێپەرنەدەبوو، بەلآم خۆبۆنخۆشکردنی و دەرچوونی بۆبازاڕ(یان هەرشوێنێکی تر) کە پیاوی بێگانەی تێدایە دروست نیە، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی(**أيما إمرأة أصابت بخوراً فلا تشهدن معنا العشاء**.....) واتە : "هەر ئافرەتێك بخورێ لە خۆیدا یا لە نوێژی عیشا لەگەڵماندا ئامادە نەبێت" .

وەلەبەر چەندین فەرموودەی تر کەلەم بارەیەوە هاتووە. چونکە ئەم خۆبۆنخۆشکردنە لەهۆکارەکانی دروستکردنی فیتنەیە. (ابن باز)

پرساری بیست و یەکەم : ئایا دروستە پیاو و ژن پێکەوە ئیش بکەن؟

وەڵام: تێکەڵ بوونی ژن و پیاو لەبواری کارکردندا فیتنەیەکی گەورەیە، (خراپەکاری زۆری لێدەکەوێتەوە، وەکو لە وڵاتە ڕۆژئاوایەکاندا ڕوویداوە، کە خەریکەو نزیکە کۆمەڵگاکانیان لەبەر یەك هەڵوەشێتەوە کە هەمووی دەرەنجامی ئەو تێکەڵییەیە) وە لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی(**خير صفوف النساء آخرها، وشرها أولها**) واتە : "چاکترین ڕیزی (نوێژی) ئافرەتان ڕیزی کۆتاییە ، وە خراپترین ڕیزیش ڕیزی یەکەمە ". چونکە ڕیزی یەکەم نزیکە لەپیاوانەوە بۆیە خراپترینی ڕیزەکانە، وەریزی کۆتاییش دوورە لەپیاوانەوە بۆیە باشترینی ڕیزەکانە ، هەرچەندە لەیەك شوێنیشدا کۆبونەتەوە بۆ ئەنجام دانی پەرستنێك کە ئەویش نوێژە. (**ابن عثيمين**)

* * * * * * *

ئاگادارکردنەوەی ئافرەتان

لە تاوان و سەرپێچییەکان

خوای گەورە دانەری یاساکان و سنورەکانە کە بەختەوەری مرۆڤی تێدایە لە دونیا و قیامەتدا ، وەلە پەیوەست بوون بەسنوری خوای گەورە و نەبەزاندنی سەربەرزی و خاوێنی و پاکژی و نەفس بەرزی مرۆڤایەتی تێدایە ، هەروەها بەرزی وپاراستنە لەڕەوشت نزمی و خراپی و ئاشوبی و تاوان ، خوای گەورە دەفەرمێت: [إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنْكُمُ الرِّجْسَ أَهْلَ الْبَيْتِ وَيُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيرا] (الأحزاب: ٣٣)

واتە : خوای گەورە بۆیە بەم شێوازە ئامۆژگاریتان دەکات تاوەکو هیچ تاوانتان لەسەر نەهێڵێت ئەی خێزانانی پێغەمبەر (ﷺ) وەتا پاك تان بکاتەوە لە هەموو پیسی و تاوانێك.

لەبەر گەورەیی پلە وپایەی ئافرەت لە کۆمەڵگای موسڵمانانداو پاراستنیان لە سەر پێچی یەکان ئاگاداریان دەکەینەوە لە چەند سەرپێچییەك تا خۆیانی لێ بپارێزن وە ئەگەر کەوتونە ناوی یەوە و توشی بوونە ، ئەوا دەست بەجێ وازی لێ بهێنن و تۆبەبکەن و بگەڕێنەوە لای خوا چونکە خوای گەورە لێخۆشبووە، هەروەها ئاگاداری خوشکانی موسڵمانی بکات و بەرهەڵستی بکات لە کەسێك کە شتێك لەم سەرپێچی یانە جێبەجێ بکات . داواکارین لە خوای گەورە نیەت و وتە و کردەوەکانمان چاك بکات و تەنها لەبەر ڕەزامەندی ئەوبێت.

سەرپێچی یەکان لە بیروباوەڕدا :

١-چون بۆ لای جادووگەرو فاڵچی و باوەڕکردن پێیان ، بۆنەخۆشی یاخود چاوەزارو یاخود کردنەوەی سیحر یاخود هەرشتێکی تر ،پێغەمبەر (ﷺ) ئاگاداری کردوینەتەوە لەچونەلایان ودەفەرموێت:

(من أتى عرافاً فسأله عن شيء لم تُقبل له صلاة أربعين يوماً)[١]

واتە:هەرکەسێك بچێتە لای فاڵچی وپرسیاری لێ بکات دەربارەی شتێك ئەوا چل ڕۆژ نوێژی لێ وەرناگیرێت، وەدەفەرموێت :

(من أتى كاهناً فصدقه بما يقول فقد كفر بما أنزل على محمد)[٢] .

واتە : هەر کەسێك بچێتە لای فاڵچیيەك و باوەڕی پێ بکات لەوەی کە دەیڵێت ئەوا کوفری کردووە بەو قورئانەی کە دابەزیوە بۆسەر محمد(ﷺ).

٢-خۆ پەیوەست کردن بە ڕۆژێکی دیاری کراوەوە بۆ سەردانی کردنی گۆڕستان وەکو ڕۆژانی پێنج شەممە یاخود ڕۆژانی جەژن ، هەروەها خۆ سازدان و سەفەر کردن بۆ سەر گۆڕ ئەگەر گۆڕ پێغەمبەریش بێت (ﷺ) چونکە دەفەرموێت: (لعن الله زوارات القبور)[٣] واتە :خوای گەورە لەعنەتی کردووە لەوئافرەتانەی سەردانی گۆڕستانانیان کردووە بەخو ونەریت .

---

(١) / رواه مسلم: ٢٢٣٠.

(٢) الترمذي (١٣٥)، وصححه أحمد شاكر (١/٢٤٤).

[٣] رواه الترمذي: ١٠٥٦ وابن ماجه ١٥٧٦ وغيرهما.

بەڵام ئەگەر ئافرەت بە شێوازێکی شەرعی بچێت بۆ سەردانی گۆڕستان و بۆ بیرکردنەوەی مردن و قیامەت ، بەبێ تایبەت کردنی کات و ڕۆژێك ئەوا دروستە چونکە سەرەتا پێغەمبەر(ﷺ) قەدەغەی کرد موسڵمانان سەردانی گۆڕستان بکەن ، بەڵام لە پاشاندا فەرمووی سەردانی بکەن چونکە قیامەتتان دەخاتەوە یاد .

٣- هاوارکردن و لەخۆدان و یەخە دڕاندن لە سەر مردوو.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (ليس منا من لطم الخدود وشق الجيوب ودعا بدعوى الجاهلية)[٤].

واتە: لەئێمە نی یە کەسێك کە لە ڕوومەتی خۆی بدات و یەخەی دابدرێت، هاواری نەفامی بکات وەکو چۆن لە پێش ئیسلام دەکرا .

وەدەفەرموێت :(النائحة اذالم تتب قبل موتها، تقام يوم القيامة وعليها سربال من قطران ودرع من جرب)[٥].

واتە : ئافرەتی هاوارکەر ئەگەر پێش مردنی تۆبە نەکات ئەوا ڕۆژی قیامەت هەلدەسێت و پۆشاکێکی لە مسی تواوەی ئاگرینی لە بەردەکرێت وقەڵغانێك لە (جرب)٠

---

[٤] (متفق عليه).البخاري:١٢٩٧، مسلم: ١٠٣

[٥] / رواه مسلم : ٩٣٤.

٤-زۆرکردنی هەندێ لە ئافرەتان لە مێردەکانیان بۆ هێنانی خزمەت کار و پەروەردە کەری ناموسڵمان بەڵکو جاری وا هەیە ئەمە بەمەرج دادەنێن لەکاتی مارەبڕیندا ، و پاشان پەروەردەکردنی منداڵەکانیان پیدەسپێرن کە ئەمەش چەندەها سەرەنجامی خراپی بەدواوەیە لەسەر بیربراوەڕ و ڕەوشتی منداڵەکان کە شاراوە نی یە لەلای خاوەن عەقڵ .

٥-ناڕەزایی و بێ ئارامی هەندێ لە ئافرەتان لەکاتی توش بوونیان بە کارەساتێك یان بەڵایەك و دوعا کردنیان لە خۆیان،پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت:

[لايتمنين أحدكم الموت لضر نزل به فان كان لابد متمنيا فليقل: اللهم أحيِني ماكانت الحياة خيراً لي وتوفَّني اذا كانت الوفاة خيراً لي][٦].

واتە : کەس لەئێوە ئاوات نەخوازێت بە مردن لەبەر زیان و ناخۆشی یەك کەڕووی تێکردووە ، ئەگەر هەر دەبوایە ئاواتە خوازی مردن بێت ئەوا بابڵێت : خوایەئەگەر ژیان باشترە بۆم ئەوا بمژێنە وەئەگەر مردن باشترە بۆم ئەوا بمرێنە.

* * * * * *

٦ /(متفق عليه).البخاري: ٦٣٥١ ومسلم ٢٦٨٠.

سەرپێچی یەکان لە پایەکانی ئیسلام

٦- دواخستنی نوێژەکان لە کاتەکانیاندا، بەتایبەتی لەکاتی دەرچون و شەونخونیو دواکەوتن لەنوستن کەدەبێتە هۆی دواخستنی نوێژی بەیانی بۆ پاش خۆرهەلآتن ،وەپێغەمبەر یش (ﷺ)دەفەرموێت:

(إنه أتاني الليلة آتيان ،و إنهما ابتعثاني ، وإنهما قالا لي:انطلق وإني انطلقت معهما، وإنا أتينا على رجل مضطجع ورجل قائم على رأسه بيده صخرة ، واذا هو يهوي بالصخرة لرأسه فيثلغ رأسه فيتدهده الحجر هاهنا فيتبع الحجر فيأخذه فلا يرجع اليه حتى يصبح رأسه كما كان ثم يعود عليه فيفعل به مثل ما فعل به المرة الأولى ،قال : قلت لها:سبحان الله ما هذان؟ قالا لي :إما إنا سنخبرك ،أما الرجل الأول الذي أتيت عليه يثلغ رأسه بالحجر فإنه الرجل ياخذ القرأن فيرفضه وينام عن الصلاة المكتوبة)[٧]

واتە : ئەم شەو دووکەس هاتن و لەخەو هەلّیانساندم ،پێیان ووتم :برۆ ،منیش لەگەلّیاندا ڕۆیشتم،تاچوینە سەر پیاوێگ ڕاکشابوو ،وە پیاوێکش لەژوور سەری یەوە ڕاوەستابوو بەردی بەدەستەوەبوو، بەردەکەی تێ دەگرت و دەیدا بەسەریدا وسەری دەشکاندو پاشان هەتا بەردەکەی هەلّدەگرتەوە تا دووبارە بیداتەوە بەسەریدا سەری وەکو خۆی لێدەهاتەوە و چاك دەبووە و بەردەوام بەم شێوەیە سزای دەدا .

---

٧ / (البخاري).

پێغەمبەر(ﷺ)دەفەرموێت: پێیانم ووت : پاك وبێ گەردی بۆخوای گەورە ئەم دووانە کێ بوون؟پێیان وتم: لە پاشاندا پێت دەلێن، پیاوی یەکەم کە سەری دەشکێنرا بەبەرد ئەوە پیاوێکە کە قورئانی وەرگرتوە وپاشان پەتی دەکاتەوە ، وە دەخەوێت لە نوێژی فەرزداو نایکات .

٧- بایەخ نەدان بەدەرکردنی زەکاتی مالّ و ئەوخشلّ و زێڕەی کەئافرەت هەیەتی و سالّێکی بەسەردا تێ دەپەڕێت و گەیشتۆتە ئەو سنورەی کەزەکاتی تیدایە ،خوای گەورە دەفەرموێت :

(والَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلا يُنْفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَبَشِّرْهُمْ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ .يَوْمَ يُحْمَى عَلَيْهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ فَتُكْوَى بِهَا جِبَاهُهُمْ وَجُنُوبُهُمْ وَظُهُورُهُمْ هَذَا مَا كَنَزْتُمْ لانْفُسِكُمْ فَذُوقُوا مَا كُنْتُمْ تَكْنِزُونَ)[٨].

واتە :ئەو کەسانەی کەزێرو زیو کۆدەکەنەوە و نایبەخشن لە ڕێگای خوادا (زەکاتی لێ دەرناکەن) ئەوا موژدەیسزایەکی بە ئێش و ئازاریان پێ بدە،ڕۆژی قیامەت زێڕو زیوەکەیان بۆ داخ دەکرێت لەئاگری دۆزەخدا ، ناو چەوان و لایەکانیان و پشتیانی پێ داخ دەکرێت و پێیان دەوترێت،ئەمە ئەو کەنزەیە کە بۆخۆتانتان هەلّگرتبوو ، دەی بچێژن سزای کۆکردنەوە و زەکات نەدان لێی.

---

٨ / (سورة التوبة: ٣٤ ، ٣٥).

٨-کەمتەرخەمی و بایەخ نەدانی هەندێ لە ئافرەتان بەهاوسەر و منداڵەکانیان و ئامۆژگاری نەکردنیان ، کاتێك کە کەمتەرخەمی دەکەن لە جێبەجێ کردنی فەرزەکاندا وەئامۆژکاری نەکردنیان وبەرهەڵستی نەکردنیان، وەکو پێشت گوێ خستنی نوێژی جەماعەت لە لایەن هاوسەرەکەی و کوڕەکانییەوە ،وەپشت گوێخستنی کچەکانی کاتێك کەپێ دەگەن لەجێبەجێ کردنی فەرزەکان و ڕۆژوو. وە جگە لەمە، لە پێویستییەکانی تر.

* * * * * *

سەرپێچییەکان لە پۆشاك و خۆدا پۆشیندا

٩-پەیوەست نەبون بە پۆشاکی شەرعی داپۆشەری هەموو لەش، لەکاتی دەرچون لەماڵدا هەروەها لە بەرکردنی جل وبەرگی تەسك وتەنك وکورت، پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت (...ونساء كاسيات عاريات ...لا يدخلن الجنة و لا يجدن ريحها ، وإن ريحها لتوجد من مسيرة كذا وكذا)[٩]

واتە :ئافرەتانێکی پۆشتەی ڕووت (جلی لەبەرە بەڵام ڕووتە چونکە یان تەسکە یان تەنکە یان کورتە) ئەمانە ناچنە بەهەشتەوە، وە بۆنیشی ناکەن کە لەدوری چل ساڵ ڕێ بۆنی بەهەشت دێت .

١٠-شوێن کەوتنی مۆدێل لەجل و بەرگ و قژ بەردانەوەو قژ بڕین و ئامێرەکانی جوانکاری و گرنگی پێ دراوە ئافرەتی یەکان، کە ئەمەش ون کردنی ناسنامەی ئافرەتی موسڵمانی تێدایە وەلاوازی یە بۆ کەسایەتییەکەی.

---

٩ / رواه مسلم ٢١٢٨ .

سەرپێچییەکان لەمالْ وخێزاندارێتیدا

١١. ڕەخنەگرتن و بەرەنگای بونی ئافرەت لەهێنانی زیاتر لە ژنێك لە لایەنی پیاوەکەیەوە و دژایەتی کردنی و ڕازی نەبوونی ، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْراً أَنْ يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلالاً مُبِيناً﴾[١٠]

واتە : کاتێك کە خوای گەورە و پێغەمبەر (ﷺ) بڕیار لە سەر شتێك دەدەن هیچ باوەڕدارێکی ژن یا خود پیاو بۆیان نیە لەم بڕیارە دەرچن وبڕیارێکی تر هەڵبژێرن. وە هەر کەسێکیش سەرپێچی فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بکات، ئەوا گومڕا بوونێکی ئاشکرا گومڕا بووە و لەڕێگای ڕاست دەرچووە .

١٢- گوێرایەڵی نەکردنی مێرد و وەلآم دانەوەی بەتوندی وبەرزکردنەوەی دەنگ لە رویداو بەرهەڵستی کردن و دان نەنان بەچاکەو ئیشە جوانەکانیو گلەیی کردنی لێی بەبەردەوامی بەهۆ، یاخود بەبێ هۆ.

---

[١٠] (الأحزاب:٣٦)

پوریکی حصینی کوڕی محصن دەفەرموێت: (أتيت رسول الله (ﷺ) في بعض الحاجة، فقال : أي هذه أذات بعل ؟ قلت: نعم ، قال كيف أنتِ له ؟ قالت ما آلوه ، إلا ما عجزت عنه،قال :أين أنت منه؟ فإنما هو جنتكِ ونارك)[1]

واتە : دەفەرموێت : هاتمە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ هەندێ پێویستی خۆم، ئەویش فەرموی:

ئەمە کێیە ، ئایا مێردت هەیە ؟

وتم :بەڵێ،

فەرموی: تۆ چۆنی بۆ مێردەکەت؟.

منیش وتم: کەمتەرخەمی ناکەم مەگەر لە توانامدا نەبێت .

فەرموی: تۆ لە چ ئاستێکی گوێڕایەڵی ئەودایت ؟ ئەو بەهەشت ودۆزەخی تۆیە، واتە گوێڕایەڵیت بۆ ئەو فەرمانانەی کەبێ شەرعی نین هۆی چونە بەهەشتتە،وە سەرپێچی وکەمتەرخەمیشت هۆی چونە دۆزەختە !.

وە دەفەرموێت :(لوكنت آمرُ أحداً أن يسجد لأحد لأمرت المرأة ان تسجد لزوجها)[2]

واتە: ئەگەر من فەرمانم بەکەسێك بکردایە کە کرنوش بۆ کەسێکی تر ببات ئەوا فەرمانم بەئافرەت دەکرد کە کرنوش بۆ مێردەکەی بەرێت .

---

[1] (رواه النسائي).

[2] رواه الترمذي و غيره وصححه الألباني في الإرواء:١٩٩٨

١٣- دیاری کردنی وەچەو کەمکردنەوەی منالّ بوون بەبێ هۆیەکی گرنگ کەدەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئومەتی ئیسلام، پیغەمبەریش(ﷺ) دەفەرموێت: (تزوجوا الودود الولود؛ فإني مكاثر بكم الأمم)[٣]

واتە : ئافرەتێك بخوازن کە خۆشەویست و منداڵ بوو بێت ،چونکە من شانازی بە زۆریتانەوە دەکەم بەسەر ئوممەتانی ترەوە لەڕۆژی قیامەت.

١٤- گرنگی نەدان بە پەروەردەکردنی منداڵ ، پەروەر کردنێکی موسڵمانانەی پاك لە هەموو خراپی و ناشیرینیەکی وەکو ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی جەژنی لە دایك بوون، هەروەها لەبەر کردنی ئەو جل و بەرگانەی کە وێنەو خاچی پێوەیە، وە فێرکردنی منداڵان بۆ ئامێرەکانی مۆسیقا، وە لە لایەکی ترەوە هان نەدانیان بۆ نوێژەکان لە مزگەوتدا و بۆ قورئان لەبەر کردن و پەیوەست کردنی بیرو بۆچونیان بە ئیسلامەوە. پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت:

(والمرأة راعية في بيت زوجها ومسؤولة عن رعيتها)[١٤] .

واتە : ئافرەت شوان و سەرپەرشتیارە لە ماڵی مێردەکەیدا و لێپرسراوە لە پەروەردەکردنی منداڵ و سەرپەرشتی کردنیان .

١٥- پشت گوێ خستنی هەندێ ئافرەتان و گوێ نەدانیان بە بەرێوەبردنی ئیش و کاری ناومالّ لە پاك و خاوێنی و چێشت لێ نان ،هەروەها پشت گوێ خستنی خۆ ڕازاندنەوە بۆ مێرد و جێ بەجێ نەکردنی مافەکانی .

---

[٣] رواه ابن حبان وأحمد والطبراني في الأوسط وسعيد بن منصور والبيهقي وصححه الألباني في الإرواء: ١٧٨٤

[١٤] . رواه البخاري:رقم (٥٢٠٠)

١٦- داواکردنی تەڵاق لە مێرد بەبێ هیچ هۆیەکی شەرعی، پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: (أَيُّما امرأة سألت زوجها الطلاق من غير ما بأس، فحرام عليها رائحة الجنة)[١٥]

واتە: هەر ئافرەتێك داوای تەلاق لە مێردەکەی بکات بەبێ هیچ هۆیەکی شەرعی ئەوا بۆنی بەهەشت حەرامە لە سەری .

١٧-زۆرکردنی ئافرەت لە مێردەکەی بە کرینی ئەو شتانەی کە لە توانایدا نییە بە تایبەتی ئەو شتانەی کە(کمالیات)ن و زۆر گرنگ نین.

هەروەها جل وبەرگ و دیاریەك کە پێویست نەبن .

١٨- باس کردنی ژیانی خێزانێتی و پەیوەندی ژن و مێردایەتی خۆیان بۆ خەڵکی و بڵاوکردنەوەی کێشەو ناخۆشی و نهێنی نێوانیان .

١٩-گرتنی ڕۆژوی سوننەت بەبێ ڕێگەپیدانی مێردەکەی ،پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت : (لا يحل لامرأة أن تصوم وزوجها شاهد إلا بإذنه)[١٦]

واتە : حەڵاڵ نییە بۆ ئافرەت ڕۆژوی سوننەت بگرێت و مێردەکەی لە ماڵەوە بێت مەگەر خۆی ڕێگەی پێ بدات ، یا خود ڕێگە بدات بە هاتنە ژورەوەی خەڵکی ، تەنها بە ڕێگە پیدانی مێردەکەی نەبێت .

---

[١٥] . رواه أبو داود والترمذي والدارمي وابن ماجه والحاكم والبيهقي وغيرهم وحسّنه الألباني في الإرواء: ٢٠٣٥

[١٦]/ البخاري ومسلم وغيرهما بألفاظ متعددة وصححه الألباني في الإرواء: ٢٠٠٤.

سەرپێچی یەکان لە ناو ئاهەنگ و بۆنەکان (المناسبات)

٢٠- دواخستنی شووکردن بەهۆی خوێندن و هۆی ترەوە ، تاخۆی لە هاو تەمەنانی خۆی بەجێ دەمێنیت و بە تەنها دەمێنێتەوە

کەسێك نابینێ بچێتە داخوازی لەبەر تەمەن گەورەیی .

٢١- گرنگی نەدان بە دین و ڕەوشت لەکاتی هەڵبژاردنی هاوسەریدا و بایەخ نەدان پێیان ،پێغەمبەر (ﷺ)دەفەرموێت:

(إذا أتاكم من ترضون خلقه ودينه فأنكحوه، إن لا تفعلوه تكن فتنة في الأرض و فساد كبير...)[١٧]

واتە : ئەگەر هەر کەسێك هات بۆ داخوازیتان لە دین و ڕەوشتی ڕازی بوون ئەوا شوی پێ بکەن ئەگەر وانەکەن و شتی تر لێك بدەنەوە ئەوا خراپە و ئاشوبێکی زۆر لەسەر زەویدا بلاودەبێتەوە .

٢٢-زیاد ڕەوی کردن لە دانانی مارەییدا .لە فەرموودەدا هاتوە (خير الصداق أيسره)[١٨].

واتە: باشترین مارەیی ئەوەیە کە کەمترین و ئاسانتربێت

٢٣-کەوتنە ناو هەندێ داهێنراوی تازە لەم سەردەمەدا وەکو زۆرکردن لە مێردەکەی بۆ لەسەر کردنی شەبقە یاخود نوسینی ناوی مێردەکەی

---

١٧ / رواه الترمذي وابن ماجه والحاكم والبيهقي وغيرهم وحسنه الألباني في الإرواء: ١٨٦٨.

١٨ / رواه الحاكم وصححه الألباني في الإرواء: ١٩٢٤.

لەسەری ، هەروەها لاسایی کردنەوەی کافران لەلە بەرکردنی جلی سپی درێژ و دەست کێش و گۆرەوی سپی لەکاتی گواستنەوەدا

٢٤-چوونی ئافرەت بۆ ئارایشگا بۆ لابردنی موی لەشی هەتاوای لێ هاتوە کە شوێنی وای دەردەخات کە دروست نی یە بۆ کەس تەماشای بکات جگە لە مێردەکەی .

٢٨-سوربوون لەسەر گێڕانی ئاهەنگی گواستنەوە لە کۆشک و میوانخانەکان و ئامادەکردنی گۆرانی بێژانی ژن و پیاو ،دەنگ بەرزکردنەوە بەگۆرانی و مۆسیقا و هەڵە لێدان و سەرف کردنی پارەیەکی زۆر تا دەگاتە سنورێکی زیادەڕەوی و ئیسراف.

٢٥-دانانی بوک و زاوا لە شوێنێکی بەرز لەپێش چاوی کەسانی نامەحرەم لەخزم و کەس وکاری بوک و زاوا و خەڵکی تر و پیرۆزبایی کردن لێ یان بە تەوقەکردن و سەماکردن بۆیان و گرتنی وێنەی فۆتۆگرافی یاخود بە کامێرای ڤیدیۆ .

* * * * * *

سەرپێچی یەکان لە دەرچوون لەماڵ و سەفەر کردن و تێکەلاّو بوون

٢٦-بۆن لە خۆدان لە کاتی دەرچوونی لە ماڵ کە پیاوان بۆنی دەکەن ، پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرموێت: (أيما امرأة استعطرت ثم خرجت فمرت على قوم ليجدوا ريحها فهي زانية)[١٩] . واتە : هەر ئافرەتێك بۆن لە خۆی بدات و پاشان لەماڵ دەرچێت و پیاوانی بێگانە بۆنی بکەن ئەوا ئافرەتە زیناکەرە .

٢٧-سەرکەوتنی ئافرەت لەگەڵ شۆفێری بێگانە ، بە تەنها و خۆ دانەپۆشین لێی ، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت :(لا يخلون أحدكم بامرأة إلا مع ذي محرم)[٢٠] واتە : باکەس لە ئیوە بە تەنها لە گەڵ ئافرەتیکدا نەبێت مەگەر مەحرەمی خۆی لەگەڵدابێت .

٢٨- زۆر دەرچوون لەماڵ و چون بۆ بازاڕ ، خوای گەورە دەفەرموێت :

(وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَىٰ)[٢١] .

واتە: لەماڵەکانتان جێگیربن و وەکو ئافرەتانی سەردەمی نەفامی لەشی خۆتان دەرمەخەن بۆ پیاوی بێگانە .

٢٩-تێکەلاّو بوونی بە پیاوانی بێگانە لە خزم و کەس وکاری ئافرەتەکە یاخود پیاوەکە یاخود جگە لەمان ،و گاڵتەکردن لەگەڵیاندا وتەوقەکردن لەگەڵیاندا و ئاشکراکردنی جوانی خۆی لەپێش چاویان و خۆدانەپۆشین لەلایان.

---

[٢١] الأحزاب:٣٣

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت :(إياكم و الدخول على النساء) فقال رجل من الأنصار: أفرأيت الحمو يا رسول الله ، قال: (الحمو الموت) [٢٢]

واتە: ئاگادارتان دەکەینەوە نەچنە ژورەوە بە تەنها بۆ لای ئافرەت . پیاوێك لە پیشتیوانان ،ووتی: ئەی ئەگەر خزم وکەس وکاری مێردە کەی بێت ؟ فەرموی ئەوا مردنی باشترە .

٣٠- بە ئاسان گرتنی هەندی لە ئافرەتان لە چون بۆ لای پزیشکی پیاو بۆ چارەسەر کردنی و دەرخستنی شوێنی وایان کە دروست نیە پیشان بدرێت بەبێ ئەوپەڕی ناچاری و گرنگی

٣١-سەفەرکردنی ئافرەت بەبێ مەحرەم ئیتر بەفڕۆکەبێت یان ئۆتۆمبێل بێت یاخود پاپۆر یاخود جگە لەمانە .پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (يحل لامرأة تؤمن بالله واليوم الآخر، تسافِرُ مسيرة يوم، إلا مع ذي محرم)[٢٣].

واتە: نابێت ئافرەت سەفەر بکات بەبێ مەحرەم .

٣٢-دەرچوونی هەندێ لە ئافرەتان لە مالّ بۆ ئیش کردن کە دەبێتە هۆی توش بوونی حەرام و پشت گوێ خستنی مێردو منداڵ ، یا خود وازهێنان لە هەندێ لە فەرزەکان و تێکەڵاو بوون

---

٢٢ / (متفق عليه).البخاري (٥٢٣٢) ومسلم (٢١٧٢).

٢٣ / متفق عليه وهذا لفظ مسلم: (١٣٣٩)

چەند سەرپێچییەکی گشتی

٣٣- وازهێنان لە فەرمان کردن بە چاکەو قەدەغەکردنی خراپە و ئامۆژگاری کردن لە ناو ئافرەتاندا ،خوای گەورە دەفەرموێت :

(وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَٰئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ)[٢٤].

واتە: باوەردارانی پیاوو ژن هەندێکیان سەرپەرشتیارو یارمەتی دەری یەکترن ، فەرمان دەکەن بە چاکەو قەدەغەدەکەن لە خراپە و نوێژەکانیان دەکەن و زەکات دەدەن و گوێرایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ)دەکەن ئەوانە خوای گەورە رەحمیان پیدەکات ، بەراستی خوای گەورە بەدەسەڵات و کاربەجێیە .

٣٤- ئازاردانی دایك و باوك بەبەرزکردنەوەی دەنگ لەسەروی ئەوانەوە ،یاخود دڵ ئێشانیان و بێزارکردنیان و گوێرایەڵی نەکردنیان خوای گەورە دەفەرموێت :

(وَقَضَى رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَاناً إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِنْدَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلاهُمَا فَلا تَقُلْ لَهُمَا أُفٍّ وَلا تَنْهَرْهُمَا وَقُلْ لَهُمَا قَوْلاً كَرِيماً)[٢٥].

---

[٢٤] / التوبة: ٧١

[٢٥] / (الإسراء: ٢٣).

واتە :ئەوەندە چاك بن لەگەڵ دایك و باوكتاندا تەنانەت لەڕوویاندا مەڵێن ئۆف وەقسەڕەق ودەنگ بەرز مەبن لە ئاستیاندا بەڵكو قسە نەرم ونیان و خۆش بن لەگەڵیاندا بەتایبەتی لەكاتی پیریاندا.

٣٥- بڵاو بوونەوەی بەڵاكانی زمان لەغەیبەت و دووزمانی و جگە لەمانە

٣٦- گوێ نەدان بەنەپاراستنی چاو،وەكو بڵێ ی تەنها خوای گەورە فەرمانی بەپیاوان كردووە نەك بەئافرەتان ،خوای گەورە دەفەرموێت:

(وَقُلْ لِلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ)[٢٦]

واتە: ئەی محمد (ﷺ) بەئافرەتانی باوەڕدار بڵێ باچاویان بگرن لە تەماشا كردنی پیاوی بێگانەو دامێنی خۆیان بپارێزن لە بەدڕەوشتی وە تەماشا كردنی پیاوان بەتایبەتی لە تەلەفیزیۆن ، جگە لەمە كەدەبێتە هۆی فیتنە و ئاشوب .

٣٧.تەماشاكردنی ئافرەت بۆ ئافرەتی تر و پاشان باسی بكات بۆ مەحرەمێكی خۆی بەبێ مەبەستی ژن هێنان.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت:(لا تباشر المرأةُ المرأةَ فتنعتها لزوجها كأنه ينظر إليها)[٢٧]

---

٢٦ / (النور: من الآية ٣١).

٢٧ رواه البخاري: ٥٢٤٠.

واتە : با ئافرەت تەماشای لەشی ئافرەت نەکات و پاشان وەسفی بکات بۆ مێردەکەی وەکو ئەوەی کە مێردەکەی خۆی تەماشای بکات .

٣٨- کردنی هەندێ ئیشی قەدەغە کراو کە دەبێتە هۆی نەفرەتی خوای گەورە لەسەری.

.پێغەمبەر(ﷺ)دەفەرموێت: (لعن الله الواشمات والمستوشمات ، والنامصات و المتنمصات و المتفلجات للحسن، المغيرات خلق الله)[٢٨]

واتە: خوای گەورە نەفرەتی کردووە لەو ئافرەتانەی کە خاڵ دەکوتن بۆ خەڵکی وە لەوانەیش کە خۆیان دەیکوتن هەروەها لەو ئافرەتانەنەی کە برۆ بۆ خەڵکی هەڵ دەگرن و ئەوانەیش کە خۆیان هەڵی دەگرن، هەروەها لەو ئافرەتانەی کە ددانیان شاش دەکەن بۆ جوانی کەدروست کراوی خوای گەورەی دەگۆڕن هەروەها دەفەرموێت:(لعن الله الواصلة والمستوصلة)[٢٩].

واتە: خوای گەورە نەفرەتی کردووە لەو ئافرەتانەی کە قژی جگە لەقژی خۆیان قژی دەست کرد لە سەریان دەدەن و لە وانەیەشە کە بۆنیان لێ دەدەن . هەروەها دەفەرموێت (لعن رسول الله ... المتشبهات من النساء بالرجال)[٣٠]

---

[٢٨] / (متفق عليه).البخاري: (٤٨٨٦) ومسلم: (٢١٢٥).

[٢٩] / رواه مسلم: (٢١٢٢).

[٣٠] / رواه البخاري: (٥٨٨٥).

واتە : پێغەمبەری خوا نەفرەتی کردووە لەو ئافرەتانەی کە خۆیان دەچوێنن بە پیاو جا لە قسەکردندا بێت یاخود لە جل و بەرگیدا یاخود لە هەڵسوکەوت و هەموو شتێکی تردا.

٣٩-بەنەرمی قسەکردن و دەنگ ناسك کردن لەگەڵ پیاوی بێگانەدا ، بەتایبەتی لە تەلەفۆن دا کە دەبێتە هۆی سەرەنج ڕاکێشانی پیاو وەئافرەتانیش دەبنە نێچیرێکی ئاسان بۆ (ئەو گورگانەی کە لەپێستی مرۆڤدان).

٤٠-لە خۆبایی بوون و خۆ بەگەورە زانینی هەندێ لە ئافرەتان جا چ بەهۆی جوانییانەوە دەبێت یاخود بەهۆی لەبەر کردنی جل و بەرگی گران بەهاو زێڕی بەنرخ و دەوڵەمەندی و شتی ترەوە، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت:

(لا يدخل الجنة من كان في قلبه مثقال ذرة من كِبر)[٣١]

واتە : هەر کەسێك مسقاڵە زەرەیەك خۆبەگەورە زانین لەدڵیدا بێت ئەوا ناچێتە بەهەشتەوە.

٤١-بێ ئاگابونیان لە زۆر سوننەت و عیبادەت، هەندێ لە ئافرەتان خوا هیدایەتییان بدات نوێژی (الوتر والضحى) نازانن وپارێزگاری ناکەن لە سوننەتەکان، وە هەندێکیان نازانن قورئان بخوێننەوە یاخود خۆیان داناپۆشن تەنها لە مانگی ڕەمەزاندا نەبێت .

---

[٣١] / رواه مسلم : (٩١).

٤٢-هەندێ لە ئافرەتان خوا هیدایەتیان بدات هەلدەستن بە بۆیاخ کردنی قژی سەریان بەڕەش لەجیاتی خەنە .پێغەمبەر(ﷺ)دەفەرمێ :

(يكون في آخر الزمان قوم يخضبون بالسواد كحواصل الحمام لا يريحون رائحة الجنة)[٣٢] واتە: لە کۆتایی زەماندا کەسانێك پەیدا دەبن قژەکانیان ڕەش دەکەن وەکو سیقەتۆرەی کۆتر، ئەمانە بۆنی بەهەشت ناکەن .

٤٣-سەرپێچیکردنی سوننەتێك لە سوننەتەکانی فیترەت کە بریتی یە لەنینۆك کردن. ئافرەتی وا هەیە نینۆکی درێژ دەکات و پاشان بۆیاخی دەکات کەئەم بۆیاخە نایەڵێت ئاو بگات بەنینۆکی لەکاتی دەست نوێژگرتن دا و دەبێتە هۆی بەتاڵ بوونەوەی دەست نوێژو پاشانیش نویژەکەی .

٤٤- هاوڕێ یەتی کردنی ئافرەتی خراپ کەهانی دەدەن بۆ کەم تەرخەمی کردن لەپەرستن و جێ بەجێ کردنی مەفەکانی خوای گەورە لەسەریو گرنگی نەدان و بەکەم گرتنی پاراستنی ڕێزو ئابڕووی و توش کردنی بەئیشی وا کە سەرەنجامەکەی سوپاس کراو نابێت .

---

[٣٢]/(رواه أبو داود والنسائي) صحيح انظر تمام المنة

٤٥ – ماتەمی گێرانی ئافرەتان زیاتر لە سێ ڕۆژ ئەگەر مردووەکە مێردی نەبوو ، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت:

(لاَ يَحلُ لامرأة تؤمن بالله واليوم الأخر أن تحّد على ميت فوق ثلاث الا على زوج أربعة أشهر وعشراَ)[٣٣]

واتە: حەلاڵ نی یە بۆ ئافرەتێك کە باوەڕی بەخوا و ڕۆژی دوایی هەبی زیاتر لەسێ شەو پرسە بگرێتەوە بۆ مردوەکەی مەگەر مردوەکە مێردی بێ ئەوا چوار مانگ و دە ڕۆژ پرسەی بۆ دەگرێتەوە.

٤٦–خۆ پەیوەست نەکردن بە ئادابەکانی پرسە گرتنەوە. وە دوور کەوتنەوە لە لەبەرکردنی پۆشاکی جوان و خشڵ و چاو ڕشتن و بۆن لەخۆدان و هاو شێوەی ئەمانە ، وەنابێت لەماڵەکەی بچێتە دەرەوە تەنها لە بەر ئیشێکی گرنگ و پێویست نەبێت ، وە نابێت پۆشاکی ڕەش بکات چونکە حەرامەو هیچ بنچینەیەکی نی یە لە شەرع داو ئیشێکی بەتاڵ و زەمکراوە .

* * * * * * * *

[٣٣] / متفق عليه : البخاري: (٥٣٣٤) ومسلم: (١٤٨٦).

سەرپێچی ئافرەتان لە مانگی ڕەمەزاندا

بەڕاستی سەرپێچی ئافرەتان لە ڕەمەزاندا زۆرن و هەمە جۆرن ، بۆیە پێم خۆش بوو هەندێك لەو سەرپێچیانەی کە زۆرینەی ئافرەتان لە ڕەمەزاندا تێی دەکەون ، و تووشی دەبن بخەمەڕوو بەڵکو لێی بەئاگابن و وازیان لێبهێنن و تەوبەیان لێ بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای پەروەردگاریان ، لەوانەش :

١ ـ پێشوازیکردنی هەندێك لە ئافرەتان بۆ ڕەمەزان هەروەکو چۆن پێشوازی لە مانگەکانی تری جگە لەڕەمەزان دەکەن ، بۆیە دەبینیت نە نیەتێکی چاکیان هەیە ، و نەش عەزیمەتیان هەیە لەسەر تاعەت و عیبادەتەوە ، و نەش تەوبەیەکی ڕاست دەکەن لەسەر تاوانەکان ، و بڕیاری ئەوەشیان نەداوە کە ئەم مانگە بکەنە سەرەتایەك بۆ گەڕانەوە و وازهێنانی لە تاوان .

٢ ـ وە یەکێکی تر لە سەرپێچیەکانی ئافرەت لە ڕەمەزاندا ئەوەیە کە ڕەمەزان دەکەنە مانگی خواردن و خواردنەوە ،و بەشی زۆری ڕۆژەکەی لە چێشتخانەی ماڵەکەیدا بەسەردەبات.

٣ ـ لە سەر پێچیەکانی ئافرەتان لە ڕەمەزاندا سەردان کردنێکی زۆرە لە نێوان یەکتردا ، بەم کارەیان کاتێکی زۆر دەفەوتێنن کە دەتوانن بەروبوومی کرداری چاکە بەدەست بێنن لە نزیك بوونەوەیان لە خوای پەروەردگار ، بۆ نمونە سەردانێك کە یەك کاتژمێری پێدە چێت ، ئەم کاتژمێرە ئافرەت دەتوانێت دوو جوزئی تەواوی قورئانی پیرۆزی تێدا بخوێنێت ،

٤ ـ یەکێکی تر لە سەرپێچیەکانی ئافرەتان لەڕەمەزاندا نەفامی و نەزانین بەئەحکامەکانی ڕۆژووە ، ئەم ئافرەتە ڕۆژوو دەگرێت هەر وەکو چۆن جگە لەوەی کە ڕۆژووەکەی وەکو عادەت و باوێك ئەنجام دەدات ، دەبینیت نە پێویستەکانی ڕۆژوو دەناسێت ، نەش سوننەت وئادابەکانی ، وە نەش بەتاڵکەرەوەکانی ، وە ئەم جۆرە ئافرەتەش بەبێگومان ئەگەری ئەوەی هەیە کە بکەوێتە زورینەی تاوانەکانەوە .

٥ ـ وە لە سەرپێچیەکانی ئافرەتان لە ڕەمەزاندا خۆسەرقاڵکردنیانە بە پێشبڕکێ و زنجیرە فلیم و دراماکانەوە و جگە لە مانە لە بەرنامە بێ نرخەکان ، ئەم ئافرەتە زۆرینەی کاژمێری شەوانی بە سەیرکردنی ئەم شتانە بە سەردەبات ، لە کاتێکیشدا ئەولاتر وایە بۆی کە ئەو شەوەی زیندوکاتەوە بە عیبادەت و زیکر شوکر و خوێندنەوەی قوئانی پیرۆز و بە پەرستش بەسەرببات .

٦ ـ یەکێکی تر لە سەرپێچیەکانی ئافرەتان لە ڕەمەزاندا ڕۆیشتنی ئافرەتانە بەتەنها لەگەڵ شۆفێرەکاندا بۆ ناو بازار ، لەگەڵ دانەپوشراوێتیان داپۆشێنێکی تەواو ، بەم کارەیان تاوانێکی زۆر بەدەست دێنن ، لەوانە : مانەوەی بە تەنها لەگەڵ شۆفێرەکاندا ،

٧ ـ یەکێکی تر لە سەرپێچیەکانی ئافرەتان لە ڕەمەزاندا زۆر ڕۆیشتنیان بۆ بازارەکان و هاتووچۆکردنیان بە نێو بازاردا بەبێ زەروورەت و پێویستی .

٨ ـ لە سەرپێچیەکانی ئافرەتان لە ڕەمەزاندا ڕۆیشتنی هەندێك لە ئافرەتانە بۆ مزگەوت بۆ ئەنجامدانی نوێژی عیشا و تەراویح بە تەواوی خۆڕازاوەی و بۆنخۆشکراوی و خۆدەرخستن وسفوریەوە ، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموێت : ((أَيُّمَا امْرَأَةٍ تَطَيَّبَتْ ، ثُمَّ خَرَجَتْ ، تُرِيدُ الْمَسْجِدَ ، لَمْ تُقْبَلْ لَهَا صَلاَةٌ حَتَّى تَغْتَسِلَ)) ، واتە : هەر ئافرەتێك خۆی بۆن خۆشکات و پاشان دەربچێت بۆ مزگەوت ، نوێژەکەی لێوەرناگیرێت تاکو خۆی نەشوات

کەوابوو خوشکی موسوڵمانم لەخوا بترسە ، و نەفسی خۆت مەخەرە تاوانەوە و بشزانە ئەوەی کە لە لای خوای پەروەردگار لە ڕەحمەت و لێخۆشبوون و ڕزگاربوون لە ئاگر بە سەرپێچی بە دەست نایەت ، بەڵکو بە گوێڕایەڵی و پابەندبوونت بە دەست دێت بەوەی کە لە قورئان و سوننەتدا هاتووە .

٩ ـ وە یەکێی تر لە سەرپێچیەکانی ئافرەتان لە ڕەمەزاندا تێکەڵ بونیانە لەگەڵ پیاواندا لەکاتی دەرچوونیان لە مزگەوت دوای نوێژی تەراویح . لە کاتێکدا پێویستە لەسەریان پێش پیاوان بکەون لە دەرچونیان لە مزگەوت .

١٠ ـ وە لە سەرپێچیەکانی ئافرەتان لە ڕەمەزاندا سارد بوونەوەی ئافرەتان لە عیبادەت و زیکر کاتێك کە تووشی سوڕی مانگانە یان زەیسانی دەبن ، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو ئافرەتەی کە تووشی بووە دەتوانێ قورئان بخوێنێت و گوێی لێبگرێت ، وە هەروەها دەتوانێت زۆرێك لە تاعەت و

عیبادەتەکان ئەنجامبدات لە کاتی سوڕی مانگانەکەیدا ، وەکو بەردەوامبوونی لەسەر زیکرکردن و پاڕانەوە و خوێندنەوەی کتێبە سودبەخشەکان و گوێگرتن لە بەرنامەی قورئانی پیرۆز و جگە لەمانە لە کارە سودبەخشەکان .

١١ ـ وە لە سەرپێچیەکانی تری ئافرەتان لە ڕەمەزاندا : فەوتاندن و لە دەستدانی دە شەوی کۆتایی ڕەمەزان بۆ خۆ ئامادەکردن و پێشوازیکردن لە جەژن ئەوەش بە هاتووچۆکردن و گەڕان بەناو بازاڕەکاندا بۆ کڕینی جل و بەرگی تازە ، یان هاتوچۆکردن لەسەر خەیات و کاروبارە ئافرەتیەکان ، ئەم کارەش پێچەوانەی ڕێگە و ڕێبازی پێغەمبەری خوایە ﷺ ، پێغەمبەری خوا ﷺ لە دەڕۆژی کۆتاییدا هەوڵ و کۆششێکی وای دەکرد کە لە جگە لەودا نەیداوە ، و عبیادەت و تاعەتێکی تایبەتی تێدا ئەنجامدەدا کە لەبیست ڕۆژی پێشویدا ئەنجامی نەدەدا ، ئەمەش لەبەر ئەوەی کردارەکان بەپێی کۆتاییەکەیانە ، وە لەبەر ئەوەش کە شەوی قەدر ئومێد وایە کە لە دەیەمی کۆتایی بێت ، وە بە تایبەت لە شەوە تاکەکانی ئەم مانگەدا .

عائیشە ـ ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لێبێت ـ ئەفەرموێت : ((كَانَ رَسُول الله ﷺ إذا دخل الْعشْر شدّ مِئْزَره ، وَأَحْيَا ليله ، وَأَيْقَظَ أَهله)) (متفق عليه) ، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر دەی کۆتایی بهاتایە خۆی لێ توند دەکرد و خۆی دەپێچایەوە ، و شەوەکانی زیند و دەکردەوە و ئەهەلەکەشی بەخەبەر دەهێنایەوە .

کەوابوو خوشکەکەم سوربە لەسەر ئەم شەوە موبارەکانە ، و با تەنها لەبەر خاتری خوابێت ، و زیندویان بکەرەوە بە نوێژ و بە هەستان بۆ شەونوێژ و تەراویح و زیکرکردن و پارانەوە و قورئانخوێندن و صەدەقەکردن .

وە سەبارەت بە جل و بەرگی جەژن لە پێش ڕەمەزان بیکڕە ، یان لە سەرەتای ڕۆژانی ڕەمەزاندا ، نەک لە کۆتاییەکەی ، خوای پەروەردگار بەرەکەت بخاتە تەمەن و کردارتەوە .

١٢ ـ یەکێی تر لە سەپێچیەکانی ئافرەتان لە ڕەمەزاندا شەو نەخەوتنە تاکو دەرکەوتنی سپێدە ، یان تاکو کاتژمێرەکانی یەکەمی بەیانی ، پاشان خەوتنی دوای ئەم کاتە تاکو نیوەڕۆ یان عەسر ، خەوی بەیانیان جەستە هیلاك دەکات و مرۆڤ تەمەڵ و سارد و سڕ دەکات ، پێغەمبەری خوا ﷺ حەزی لە گفتوگۆ و دانیشت و قسە و باسی دوای عیشا نەدەکردوە .

١٣ ـ لەو سەپێچیانەی ئافرەتان لە ڕەمەزاندا ، هاندانی منداڵان لەسەر ڕۆژوونەگرتن لە ڕەمەزاندا ، لەگەڵ ئەوەی کە توانایان هەیە ڕۆژووبگرن ، ئەم کارەش پێچەوانەی ڕێگە و ڕچکەی سەلەفی صاڵحە ، و ئافرەتانی صەحابی منداڵەکانیان ڕادەهێنا لەسەر ڕۆژووگرتن هەر لە تەمەنی بچوکیاندا تاکو پێبگەن بۆ گەورەییان ، ڕەبیعی کچی (معوذ) ئەفەرموێت : ئێمە ڕژوومان دەگرت بە منداڵەکانمان ، و ئامرازی یاریکردنمان بۆیان دروستدەکرد لە خوری ، جا ئەگەر یەکێکیان بگریایە ئەوانەمان پێدەدان تاکو کاتی شکاندنی دەهات . (متفق علیه)

پێشەوا (ابن حجر) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەڵێت : ((لە فەرموودەکەدا بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە شەرعی وایە منداڵان ڕابهێنین لەسەر ڕۆژووگرتن ، چونکە هەر کەسێك لە هاوشێوەی ئەم تەمەنەدا بێت کە لە فەرموودەکەدا باسکراوە ئەوا ئەو کارەیان لەگەڵیاندا ئەنجامداوە بۆ پەروەردەکردن بووە)) فتح الباري شرح صحيح البخاري

کەوابوو ئەی چی بوترێت بەرامبەر بەو ئافرەتەی کە بەرگری دەکەن لە منداڵەکانی لەسەر ڕۆژوو ، و زۆریان لێدەکەن لەسەر ڕۆژو نەگرتن ، و خواردن و خواردنەوەیان بۆ ئامادە دەکەن ؟! لەگەڵ ئەوەشدا کە هەندێکیان گومانی ئەوەیان لێدەکەن باڵغ بووبێتن و گەیشتبێتنە تەمەنی تەکلیف .

وأخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين وصلى الله على نبينا محمد وعلى أله وصحبه أجمعين

خوشکی بەڕێزم

بەرەو کوێ دەچیت؟

خوشکی بەڕێزم :- فرمێسکەکان هاتوونە گوفتار، ئەی گوێ بیستەکان لە کوێن؟ ڕاستییەکان دەرکەوتن، شوێن هەڵهاتنیان لە کوێ یە؟ ڕێگای ڕۆشن بووە وە ، ڕێبوارەکەی لە کوێیە؟ ئەی تۆ بەرەو کوێ دەچیت؟ مل بۆ کوێ دەنێیت؟ بۆ بەهەشت یان بۆ دۆزەخ؟ ئەی بێ ئاگایت لەوەی هەموو چرکەکانی ژیانت دەنوسرێت و گوفتارەکانت کۆ دەکرێنەوە و چی بەدڵتا دێت دەزانرێت و هەڵسوکەوتەکانت ژمارە دەکرێن.

﴿أَيَحْسَبُ الْإِنْسَانُ أَنْ يُتْرَكَ سُدىً﴾[1].

واتە : ئایا ئادەمیزاد وادەزانێت بێ‌ئێ پرسینەوە وازی لێ دەهێنرێت؟.

وا مردن یەخەی گرتی و کۆتایی ژیانتە، تاڵە مووی سپی، نزیك بوونەوەی ئەوا کۆتایی ژیانتە پێ ڕائەگەیەنێت، لەبەر دەمتا چەند قۆناغێك هەن دەبێ بە ناویاندا تێ بپەڕیت، دەتۆش ڕاپەڕە لەخەوی بێ ئاگایی و ئاگادار بەرەوە.

یەکەم قۆناغ :- مردنە، خوای گەورە بە کارەسات ناوی بردووە (مصيبة) فەرموویەتی:

﴿ إِنْ أَنْتُمْ ضَرَبْتُمْ فِي الْأَرْضِ فَأَصَابَتْكُمْ مُصِيبَةُ الْمَوْتِ﴾[2]

واتە : کاتێ بەزەوێدا ڕۆیشتن بۆ بەدەست هێنانی ڕۆزیتان و کارەساتی مردن یەخەی گرتن.

---

(١) {سورة القيامة:٣٦} .

(٢) {سورة المائدة:١٠٦} .

هەندێ لە زانایانیش دەربارەی مردن ووتویانە:- (بزانە توندو تیژی ئازاری گیان کێشان، کەس هەست بە ڕاستیەیەکەی ناکات و نایزانێت چۆنە، جگە لەوانەی ئازارەکەی دەچەژن، ئەوانەش کە هێشتا ئازارەکەیان نەچەژتووە وائەزانن وەک ئەو ئازارە جەستەییانە کە هەستی پێ دەکەن. بە پێوانە کردن (القیاس). چونکە ئازاری گیان کێشان هێرش دەکاتە سەر گیانەکەخۆی (الروح) هەموو بەشەکانی تری جەستەش دەگرێتەوە لە دەمارو خوێن بەر و خوێن هێنەر و جومگە و بنی موەکان و پێستی جەستەکەش لە تەوقی سەرەوە هەتا بەری پێ، مەپرسە لە گرانی و ناخۆشی و ئازارەکەی، هەتا ووتویانە: ئازاری گیان کێشان توند تر لە شمشێر لێدان و داهێنان بە مشار و قرتاندن بە گاز، چونکە ئازاری شمشێر لێدان و داهێنان بە مشار و قرتاندن بە گاز و شێوەکانیان ئازار ئەچێژێ لەبەر ئەوەی پەیوەستن بە گیانەوە، ئەی چۆنە ئەگەر ڕاکێشراوو داماڵراوەکە گیانەکە خۆی بێت؟، بەڕاستی لێ دراو بۆیە هاوار دەکات و دەقیژێنێت چونکە هێز لە دڵ و دەروونیدا ماوە، بەڵام ئەوە خەریکە گیانی دەکێشرێت دەنگ و هاواری دەبڕێت و لاواز دەبێت و لەپەل و پۆ دەکەوێت چونکە گرانی ئازارەکەی زۆر کاری کردۆتە سەری و سەرکەوتووە بەسەر دڵیداو پەکی دڵی خستووە بە شێوەیەک ئازارەکە هەموو جەستەی گرتۆتەوە و هەموو بەشەکانی و ئەندامەکانی تێک داوە و هێزی هاوار کردنی لێ بڕیوە، ئازاری گیان کێشانە کە مێشکی تێک داوە و زمانیشی لاڵ کردووە و چوار پەلی لە جوواڵە خستووە، بۆیە ئەوکەسەی لە گیانەڵادایە حەز دەکات ئەگەر بتوانێت بە تکە تکو

هاواریش بێت کەمێك بحەوێتەوە، بەڵام ناتوانێت، جا ئەو کەسەی گیانی دەکێشرێت ئەگەر هێزی تێدابمێنێ غەر غەرە و دەنگ لە قورگ و سنگیەوە دەبیستی و ڕەنگی دەگۆڕێت و لەبەر ئەوەی ئازارەکە ناوەوەو دەرەوەی لاشەی گرتۆتەوە، هەتا چاوەکانی بەرز دەبنەوە بۆ لای بەشی سەرەوەی پێڵوەکانی و زمانی دەچێتەوە یەك و سەر پەنجەکانی سەوز دەبێت، لە حاڵی ئەو جەستەیە مەپرسە لە کاتێکدا هەموو دەمارەکانی ڕیشەکێش دەکرێن ، پاشان ئەندامەکانی لەش هەمووی وورده وورده دەمرن لەسەرەتاوە هەردوو پێی سارد دەبنەوە و پاشان لولاقەکانی و پاشان هەردوو ڕانی، هەر ئەندامەش ئازار دوای ئازار ناخۆشی دوای ناخۆشی دەبێت هەتا گیان دەگاتە گەرووی، ئەوکاتە چاوی لە دونیاو کەس و کاری دەبڕێت ودەرگای تەوبەشی لەسەر دادەخرێت[٣]، ئەی گیان دەرهێنەری ئەو کەسانەی لەسەرە مەرگ دان ئەی لێبوردە لە تاوان لە ئاگری دۆزەخ بمان پارێزە.

قۆناغی دووەم : گۆڕە : كان عثمان (ﷺ) اذا وقف على قبرٍ ، بكى حتى يَبُلَّ لِحيته، فقيل له : تُذكرُ الجنة والنار ،فلا تبكي، وتَبكي مِنْ هذا ؟ فقال : إنَّ رسول الله (ﷺ) قال : إنَّ القبرَ أوّل مَنْزِلٍ مِن منازِل الآخرة، فإن نجا منهُ، فما بَعدَهُ أيسر منهُ، وإن لَم ينجُ منهُ فما بعدهُ أشَدَّ منهَ، قال : وقال رسول الله (ﷺ): (مارأيتُ مَنظَراً قَطُّ، الاّ القبرَ أفظَعُ منهُ)[٤]، واته : عثمان (ﷺ) هەر کاتێك لەسەر گۆڕێك بوەستایە دەگریا هەتا ڕیشی تەڕ دەبوو، پێیان ووت : باسی

(٣) انظر : الاحياء للغزالي (٤/٤٦١) .

(٤) اخرجه : الترمذي (٢٣٠٨) حسن، وابن ماجة(٤٢٦٧)، وأحمد.

بەهەشت و دۆزەخ دەکرێت کەچی ناگریت بۆچی بۆ ئەوە دەگریت؟ ووتی : بەڕاستی پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (إِنَّ الْقَبْرَ أَوَّلُ مَنَازِلِ الْآخِرَةِ، فَإِنْ نَجَا مِنْهُ فَمَا بَعْدَهُ أَيْسَرُ مِنْهُ، وَإِنْ لَمْ يَنْجُ مِنْهُ فَمَا بَعْدَهُ أَشَدُّ مِنْهُ)[٥]، واتە گۆڕ یەکەم قۆناغی دوایی یە، هەر کەس لە سزای گۆڕ ڕزگاری بوو، قۆناغەکانی تری دوای گۆڕ بە ئاسانتر ڕزگاری دەبێت لێیان، هەر کەسێکیش لەسزاو ناخۆشی گۆڕ ڕزگاری نەبوو، قۆناغەکانی تری دوای گۆڕ قورس ترو گرانتر دەبن لەسەری))

.

پاشان ووتوویەتی : پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی:(مارأيت منظرا قط الا والقبر أفظع منه)[٦]، واتە هەرگیز دیمەنێکم نەبینیوە گۆڕ ترسناك ترنەبووبێت لێی.

لە حەدیسێکی درێژی (بەڕائی کوڕی عازیب)دا هاتووە (ﷺ) ووتوویەتی: پێغەمبەر (ﷺ) کەلەسەر گۆڕێك دادەنیشت دەی فەرموو: (إستعيذوا بالله من عذاب القبر ، مرتين او ثلاث)، واتە دووجار یا سێ جار دەی فەرموو پەنا بگرن بە خوای گەورە لە سزای گۆڕ . هەر لەوحەدیثەدا هاتووە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی ((جا گیانەکەی دەگێڕێتەوە بۆ ناو لاشەکەی و دوو فریشتە دێن دای دەنیشێنن و پێ دەڵێن : پەروەردگارت کێیە، ئەویش دەڵێت : پەروەدگارم (الله)یە، پێی دەڵێن ئاینەکەت چیەیە؟ ئەویش دەڵێت : ئاینەکەم ئیسلامە، پێی دەڵێن : ئەو پیاوەی نێرراوە لە ناوتاندا کێیە؟ دەڵێت: ئەو پیاوە نێرراوی خوای گەورەیە (ﷺ)، پاشان پێی دەڵێن : بەچیادەزانیت؟ دەڵێت : پەیامەکەی خوای گەورەم خوێندەوە و باوەڕم هێناو و بەڕاستم زانی، جالەئاسمانەوە بانگ بێژێك بانگ دەکات بە ڕاستی بەندەکەم

(٥) اخرجه : احمد (٤٥٦) مسند الامام عثمان بن عفان.

(٦) اخرجه : الترمذي (٢٣٤٥) .

ڕاستی کرد لەبەهەشت جێی بۆ ڕاخەن و پۆشاکی بەهەشتی لەبەر بکەن و دەروازەیەکی لەبەهەشت بۆ بکەنەوە، فەرمووی : جا لەبۆن و بەرامەی بەهەشتی بەسەردا دێت، هەتا چاوی بڕبکات گۆڕەکەی بۆ فراوان دەبێت، فەرموویەتی : پاشان پیاوێکی ڕێك و پێك و جوان و پۆشاك جوان و بۆن خۆش دێتە لای پێی دەڵێت مژدەبێت لێت بەوەی پێت خۆشە ئەمە ئەوڕۆژەیە کە بەڵێنت پێ درابوو، ئەویش پێی دەڵێت تۆ کێی؟ ڕووخسارت لە ڕووخساری کەسێك دەچێت خێری هێنابێت، دەڵێت: من کردەوەی چاکی تۆم، ئەویش دەڵێت : پەروەردگارم ڕۆژی قیامەت بهێنە هەتا بگەڕێمەوە بۆ ناو کەس و کارو سامان و مالّم ....)) .

پاشان وەصفی حالّی گیان کێشانی بێ باوەڕ دەکات هەتا دەفەرموێت : (دووبارە گیانەکەی دەگەڕێتەوە بە لاشەیدا، دوو فریشتە دێن و دای دەنیشێنن و پێی دەڵێن : پەروەردگارت کێیە؟ دەڵێت : هاها نازانم، پاشان پێی دەڵێن ئەی ئاینەکەت چیەیە؟ دەڵێت : هاها نازانم، پێی دەڵێن : ئەی ئەو پیاوەی لە ناوتاندا هاتووە کێیە؟ دەڵێت : هاها نازانم، لەئاسمانەوە بانگ خوازێك بانگ دەکات: بەڕاستی درۆی کرد، لەئاگر جێی بۆ ڕاخەن و دەروازەیەکی لە دۆزەخ بۆ بکەنەوە جا هەلّاوی گەرمی و تەپ و گڕی دۆزەخی دێت بەسەردا و گۆڕەکەی لەسەر دێتەوە یەك هەتا پەراسووەکانی دەچن بەیەکدا تێ پەڕ دەکات، پاشان پیاوێکی ناشرین و پۆشاك ناشرین و بۆگەن دێت بۆلای پێی دەڵێت: مژدە بێت لێت بەوەی پێت ناخۆشە، ئەمە ئەو ڕۆژەیە بەڵێنت پێ دراوە کە دەیبینی، دەڵێت: تۆ کێی؟ سەرو چاوت لەسەرو چاوی کەسێك

دەچێت شەڕ بهێنێت، ئەویش دەڵێت من کردەوە پیسەکانتم، ئەویش دەڵێت: پەروەردگارم ڕۆژی قیامەت مەهێنە)[٧].

ئەی خوشکی بەڕێزم : بەو پێیە ئەهلی بەهەشت لە گۆڕکانیاندا خۆشی یان پێ ئەگات و سزا و ئازاریش بەردەوام دەبێت بۆ ئەهلی دۆزەخ لە گۆڕکانیاندا پەنا دەگرین بەخوای گەورە هەتا ئەو ڕۆژەی ئیسرافیل (عليه السلام) فوودەکات بە کەڕەنادا و هەڵسانی ڕۆژی دوایی بڵاو دەکاتەوە .

خوشکی بەڕێزم: گوێ بگرە لەپەروەردگاری بەتواناو شکۆمەند کە دەفەرموێت:

﴿ وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَصَعِقَ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَمَنْ فِي الْأَرْضِ إِلَّا مَنْ شَاءَ اللَّهُ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَى فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنْظُرُونَ ﴾[٨].

واتە : فوودەکرێت بەکەڕەنادا (الصور) هەر کەس لەئاسمان و زەوی دابێت دەمرێت جگە لەو کەسەی خوای گەورە خۆی ویستی لەسەرە بمێنێ پاشان فوویەکی تری پێدا دەکرێتەوە کاتێك دەزانی هەموو بەپێوەن چاوەڕوان دەکەن، خوای گەورە و بەتوانا و شکۆمەند لە سورەتی (یس)دا وەصفی ئەو دیاردەی دەکات و دەفەرموێت: ﴿ وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَإِذَا هُمْ مِنَ الْأَجْدَاثِ إِلَى

(٧) اخرجه : ابو داوود (٤٧٥٣) وهو حديث صحيح .
(٨) {سورة الزمر:٦٨} .

رَبِّهِمْ يَنْسِلُونَ * قَالُوا يَا وَيْلَنَا مَنْ بَعَثَنَا مِنْ مَرْقَدِنَا هَذَا مَا وَعَدَ الرَّحْمَنُ وَصَدَقَ الْمُرْسَلُونَ * إِنْ كَانَتْ إِلَّا صَيْحَةً وَاحِدَةً فَإِذَا هُمْ جَمِيعٌ لَدَيْنَا مُحْضَرُونَ﴾(٩).

واتە فودەکرێت بەکەڕەنادا، کاتێ دەزانن هەموویان لە گۆڕکانیانەوە دێنە دەرەوە بەرەو پەروەردگاریان دەکشێن، دەڵێن وەیل بۆ ئێمە ئەوە کێ زیندووی کردینەوە لە گۆڕکانمانەوە ئەمە ئەو ڕۆژەیە پەروەردگاری میهرەبان بەڵێنی پێ دابوین و نێراوەکان هەواڵی ڕوودانیان بەڕاست دابوو، لەو کاتەدا هیچ نابێت جگە لە دەنگێکی بەرز کاتێك دەزانن هەموویان لەبەردەمماندا ئامادەکراون.

خەڵك لەسەر چی مردوون لەسەر ئەوە زیندوو دەکرێنەوە و دێنە دەرەوە لە گۆڕەکانیانەوە، ئەگەر لەسەر خێر مردبوون لەسەر خێر زیندوو دەکرێنەوە، ئەگەر لەسەر شەڕ مردبوون لەسەر شەڕ زیندوودەکرێنەوە،ئەوە چاکی یان خراپی کۆتایی‌یە، لەخوا دەخوازین سەلامەتمان بکات،خوایگەورە وشکۆمەند دەفەرموێ: ﴿الَّذِينَ يَأْكُلُونَ الرِّبا لا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ الَّذِي يَتَخَبَّطُهُ الشَّيْطَانُ مِنَ الْمَسِّ﴾(١٠).

واتە ئەوانەی سوو دەخۆن لە گۆڕدا ڕاست نابنەوە وەك کەسێك نەبێت کە شەیتان دەستی لێ وەشاندبێت .

(٩) {سورة يس:٥١-٥٣}.
(١٠) {سورة البقرة:٢٧٥}.

بەرامبەر ئەوەش باسی ئەو صەحابیەیە کە ئیحرامی بەستووە لەحەج و دەمرێت ، دەفەرموێت ((إغسلوه بماء وسدر وكفنوه في ثوبه ولاتمسوه بطيب ولا تخمروا رأسه فإنه يبعث يوم القيامة ملبيا))[١١]. واتە بیشۆرن بەئاوو سیدر و بەرگەکەی خۆی بۆ بکەن بە کفن و بۆ نیخۆشی لێ مەدەن و سەری دامەپۆشن، چونکە ڕۆژی قیامەت کە زیندوو دەکرێتەوە دەڵێت (لبيك اللهم لبيك).

((کۆکردنەوە –الحشر))

دوای زیندوو کردنەوە خەڵک کۆ دەکرێتەوە، لێرەدا هەرچی لەسەرەتا و کۆتایێدا دروست کراوە کۆ دەکرێتەوە، باوک و کوڕ، کوژراو وبکوژەکەی، ستەم لێکراو ستەمکارەکەی، دڵدار و دڵبڕاوەکەی وەک خوای دەفەرموێت:

﴿قُلْ إِنَّ الْأَوَّلِينَ وَالْآخِرِينَ * لَمَجْمُوعُونَ إِلَى مِيقَاتِ يَوْمٍ مَعْلُومٍ﴾[١٢].

واتە بڵێ ئەوانەی لەسەرەتاوە دروست کراون و ئەوانەی لە کۆتایێدا دروست کراون لە کاتێکی دیاری کراودا لە ڕۆژی قیامەتدا لە شوێنێکدا کۆ دەکرێنەوە، هەروەها خوای پاک وبێگەرد دەفەرموێت:

﴿هَذَا يَوْمُ الْفَصْلِ جَمَعْنَاكُمْ وَالْأَوَّلِينَ﴾[١٣].

واتە : ئەمە ڕۆژی جیاکردنەوەیە کە ئێوە و پێش ئێوەشمان کۆ کردۆتەوە تێیدا .

---

(١١) اخرجه : البخاري (١٢٥٣)، مسلم (٩٣٩).

(١٢) {سورة الواقعة:٤٩-٥٠}.

(١٣) {سورة المرسلات:٣٨} .

خوشکی بەڕێزم تۆیش ئەو ڕۆژە کۆ دەکرێیتەوە بەڕووتی و پێی پەتی، ئەو ڕۆژەی عائیشە (ﷺ) دەربارەی لە پێغەمبەر (ﷺ) پرسی : ئەی نێراوی خوای گەورە (ﷺ) ژن و پیاو بەڕووتی بە یەکەوە کۆ دەکرێنەوە سەیری یەکتری دەکەن؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ((ياعائشة الأمر أشد من أن ينظر بعضهم الى بعض))[١٤]، واتە: ئەی عائیشە کارەکە زۆر لەوە گرانترە بیان پەرژێت سەیری یەکتر بکەن، ئیبن و عەباس (ﷺ) ووتوویەتی ((هەمووشتێك حەشر دەکرێت هەتا مێشێکیش))، خوای گەورەش فەرموویەتی:

﴿وَإِذَا الْوُحُوشُ حُشِرَتْ﴾[١٥].

واتە کاتێك گیانلەبەرانی کێویش کۆ دەکرێنەوە، لەو ڕۆژەدا.

﴿يَوْمَ تَرَوْنَهَا تَذْهَلُ كُلُّ مُرْضِعَةٍ عَمَّا أَرْضَعَتْ وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمْلٍ حَمْلَهَا وَتَرَى النَّاسَ سُكَارَى وَمَا هُمْ بِسُكَارَى وَلَكِنَّ عَذَابَ اللَّهِ شَدِيدٌ﴾[١٦].

واتە لەو ڕۆژەدا هەرچی شیردەر هەیە ئاگای لەوە نامێنێ شیری پێدەدات هەرچی دووگیان هەیە کۆرپەلەکەی لەبار دەچێت ، خەڵك سەر خۆش دەبینی لەڕاستیدا سەرخۆش نین بەڵکو سزای خوای گەورە ئەوەندە تووندو تیژە سەری لێ شێواندوون ، هەر لەو ڕۆژەدا.

---

(١٤) اخرجه : البخاري (٦٥٢٧) ، ومسلم (٢٨٥٩) .

(١٥) {سورة التكوير: ٥} .

(١٦) {سورة الحج: ٢} .

﴿يَوْمَ لا يُغْنِي مَوْلىً عَنْ مَوْلىً شَيْئاً وَلا هُمْ يُنْصَرُونَ﴾[١٧].

واتە: ئەو ڕۆژە، گەورە فریای بچوکی خۆی ناکەوێت بەهیچ شێوەیەک. ئەو ڕۆژە هەموو کەس دەڵێت خۆم خۆم، ڕۆژیش نزیك دەبێتەوە لەو خەڵکەوە ماوەی یەك میل، خەڵکەکە نوقمی ئارەق دەبن، هەیە هەتا قولە پێی ئارەق دێت هەیە تاناوقەدی، هەیە هەتا سەر گوێی مەمکەکانی، هەیە ئارەق ئەگاتە هەردوو گوێچکەی، هەیە ئارەق تا لغاوی دەگات، ئەو خەڵکەش کە کۆدەکرێنەوە سێ جۆرن : لەئەبی هورەیرەوە هاتووە (ﷺ) ووتوویەتی : پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی :

((يحشر الناس يوم القيامة ثلاثة اصناف، صنفا مشاه ، صنفا ركبانا ، وصنفا على وجوههم قيل : يارسول الله كيف يمشون على وجوههم، قال إن الذي أمشاهم على أقدامهم قادر على ان يمشيهم على وجوههم أما انهم يتقون بوجوههم كل حدب و شوك))[١٨]، واتە ڕۆژی قیامەت کاتێ خەڵك حەشر دەکرێت و کۆ دەکرێتەوە، وەسێ پۆلن : پۆلێکیان پیادەن بەپێ دێن ، وپۆلێکیان سوارە بەسواری دێن، وپۆلێکیان لەسەر ڕوویان دێن بەڕێوە، ووترا : ئەی نێرراوی خوا چۆن لەسەر ڕوویان دێن دەڕۆن بەڕێوە؟ فەرمووی : ئەو خوایەی لەسەر قاچیان ئەی بردن بەڕێوە، توانای هەیە لەسەر ڕوویان بیان بات بەڕێوە، بەڕاستی ئەوانە کە دەڕۆن بەڕێوە لەسەر ڕوو خۆلەهەموو لێژاییەك و درك و داڵێك دەپارێزن.

---

(١٧) {سورة الدخان: ٤١} .

(١٨) اخرجه : البخاري (٤٧٦٠)،ومسلم (٢٨٠٦)، والترمذي(٣١٤٣) .

((پەرش و بڵاو بوونەوەی لاپەڕەکان و لێپرسینەوە))

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ فَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ بِيَمِينِهِ * فَسَوْفَ يُحَاسَبُ حِسَاباً يَسِيراً﴾(١٩).

واتە : هەر کەس نامەی کردەوەکانی درایە دەستی ڕاستی ،پاشان بە سووک و ئاسانی لێی ئەپرسرێتەوە، هەروەها فەرموویەتی:

﴿ فَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ بِيَمِينِهِ فَيَقُولُ هَاؤُمُ اقْرَأُوا كِتَابِيَهْ * إِنِّي ظَنَنْتُ أَنِّي مُلاقٍ حِسَابِيَهْ * فَهُوَ فِي عِيشَةٍ رَاضِيَةٍ * فِي جَنَّةٍ عَالِيَةٍ * قُطُوفُهَا دَانِيَةٌ * كُلُوا وَاشْرَبُوا هَنِيئاً بِمَا أَسْلَفْتُمْ فِي الْأَيَّامِ الْخَالِيَةِ * وَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ بِشِمَالِهِ فَيَقُولُ يَا لَيْتَنِي لَمْ أُوتَ كِتَابِيَهْ * وَلَمْ أَدْرِ مَا حِسَابِيَهْ * يَا لَيْتَهَا كَانَتِ الْقَاضِيَةَ *مَا أَغْنَى عَنِّي مَالِيَهْ * هَلَكَ عَنِّي سُلْطَانِيَهْ * خُذُوهُ فَغُلُّوهُ * ثُمَّ الْجَحِيمَ صَلُّوهُ * ثُمَّ فِي سِلْسِلَةٍ ذَرْعُهَا سَبْعُونَ ذِرَاعاً فَاسْلُكُوهُ * إِنَّهُ كَانَ لا يُؤْمِنُ بِاللَّهِ الْعَظِيمِ﴾(٢٠).

واتە : جا هەر کەس نامەی کردەوەکانی درایە دەستی ڕاستی لە خۆشیاندا بەوانەی دەورو بەری دەڵێت ئەوە نامەکەمە بیگرن بیخوێننەوە، من هەر ئەمزانی ئەگەم بەم لێپرسینەوەیە ئەو کەسە لە ژیانێکی خۆشی پێ ڕازیدا دەبێت، لەبەهەشتی بەرزو بڵنددا کە درەختە بەردارەکانیان شۆڕبۆتەوە، پێیان دەوترێت بخۆن و بخۆنەوە نۆشی گیانتان بێت بەو کردەوانەی لە دونیادا کردووتانە، بەڵام ئەوەی نامەی کردەوەکانی دەدرێتە

(١٩) {سورة الانشقاق:٧-٨}.
(٢٠) {سورة الحاقة:١٩-٣٣}.

دەستی چەپی دەڵێت خۆزگە ئەم نامەیەم نەدرایە دەست و نەم زانیایە چ لێپرسینەوەیەکم دەبێت، خۆزگە مردنەکەم هەتا سەر بوایە وە زیندوونەبوومایەوە، ئەو مالّ وسامانەی هەم بوو بەکارم نەهات ودەسەلاّتەکەم لەدەست چوو، پاشان بە فریشتەکان دەوترێت بیگرن و پەیوەندی بکەن وە فرێی بدەنە ناو دۆزەخەوە پاشان بەکۆت و زنجیرێك پێوەنی بکەن درێژییەکەی هەفتا باڵ بێت چونکە لە دونیادا باوەڕی بە خوای گەورە و مەزن نەهێنا.

خوشکی بەڕێزم خۆتت بێتەوە یاد کاتێ نامەی کردەوەکانت پەرش و بلاّو دەبنەوە و تەرازوو دادەمەزێنرێت و لەبەر چاوی ئەو خەڵکە تۆ بانگ دەکرێیت و دەوترێت فلاّنی کچی فلاّن لە کوێیە بابێت بۆ بەردەمی پەروەردگار، یادی ئەو کاتە بکە کە فریشتەیەك دانراوە بۆ بردنت و نزیکت دەکاتەوە بۆ لێپرسینەوە، بێڕەحمێك چوونی ناوێك، کاتێك ئەو فریشتەیە هەنگاو بە هەنگاو بە ناو ڕیزەکاندا بەرەو پێشانگای پەروەردگارت دەدبات وە دەت وەستێنێ لەبەردەم خوای گەورەدا، کاتێ ئەو خەڵکە هەموو چاویان بڕیوەتە تۆ، تۆش لێ دانی دڵت بەرز دەبێتەوە و ترس وبیمێکی زۆر دات دەگرێت چونکە دەزانیت بەرەو کوێت دەبەن بیر لەخۆت بکەرەوە کاتێك نامەی کردەوەکانت بەدەستەوەیە و کردەوەکانی خۆتت پێ ڕادەگەیەنێت بێ ئەوەی گەردیلەیەکی لێ وون بوبێت. جالەو کاتەدا چەندەها کردەوەی خراپت بووە و لەبیرت چۆتەوە ئەو بیرت دەخاتەوە، وەچەندەها خراپەت هەبووە

حەشارت داوە ئەو دەری دەخات، و چەندەها کردەوەت بووە بە چاکت زانیوە کە چی لەو شوێنەدا دەدرێتەوە بەسەرو چاوتدا، ئای دڵت چەندە بەحەسرەتەو پڕ پەژارەیە لەسەر کەم تەرخەمی کردنت دەربارەی پەرستنی پەروەردگارەکەت، ئەو ڕۆژەی دەبرێیت بۆ بەردەم خوای گەورە بۆ لێ پرسینەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : (کەس نیە خوای گەورە لەو ڕۆژەدا قسەی لەگەڵ نەکات بێ ئەوەی تەرجومانێك هەبێت لە نێواندا، کاتێ ئەو کەسەی خوای گەورە قسەی لەگەڵدا دەکات تەماشای لای ڕاستی خۆی دەکات کردەوەکانی نەبێت کە کردوونی هیچی تر نابینێت و سەیری لای چەپی دەکات لەوکردەوانە زیاتر کە کردوونی هیچی تر نابینێت و سەیری بەردەمی خۆی دەکات ئاگر نەبێت هیچی تر نابینێت، جا ئێوەش خۆتان لە ئاگر بپارێزن ئەگەر بە لەتە خورمایەکیش بووە)، لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە فەرموویەتی (ئەگەر بەقسەیەکی خۆش بووە)[٢١].

* * * * * * *

(٢١) اخرجه : البخاري (٦٥٣٩) ، ومسلم (٢٣٤٥) .

{ حەوزەکەی پێغەمبەر (ﷺ) }

لەو ڕۆژەدا پێغەمبەر (ﷺ) حەوزێکی بۆ دانراوە، دەربارەی چۆنێتی ئەو حەوزە ئەم وەسفە هاتووە : (ئاوەکەی لە شیر سپی تر، بۆنەکەی لەبۆنی مسك خۆشتر، وەك ئەستێرەکانی ئاسمان پەرداخی بەدەوردا دانراوە هەر کەس لێی بخواتەوە هەرگیز تینوی نابێتەوە)[٢٢]،

خوشکی بەڕێزم ئایا دەزانی لەو شوێنەدا کەسانێك لە نەتەوەی محمد (ﷺ) هەن دەست بە ڕوویانەوە دەنرێت، ڕێی چوونە سەر ئەو حەوزەیان لێ دەگرن، بەپێی ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (ترد عليَّ أمتي الحوض، وأنا أذود الناس عنه كما يذود الرجل إبل الرجل عن إبله، قالوا يارسول الله أتعرفنا؟ قال : نعم لكم سيم ليست لأحد غيركم تردون غُرا محجلين من آثار الوضوء وليَصُدَن عني طائفة منكم فأقول يارب هؤلاء أصحابي فيجيْ ملك فيقول : وهل تدري ما أحدثوا بعدك)[٢٣] .

واتە نەتەوەکەم دێن بۆ لام لای حەوزەکە، لەوکاتەدا من خەڵکی لەسەر دەر دەکەم چۆن پیاو ووشتری پیاوێکی تر لەناو ووشترەکانیدا دەر دەکات ، ووتیان : ئایا ئەی نێرراوی خوا دەمان ناسیتەوە؟ فەرمووی بەڵێ : چوونکە ئێوە سیمایەکتان هەیە کەسی تر نیەیەتی لەو شوێنەدا کە دێن دەست و پێتان بازووە بە پاشماوەی دەست نوێژ بەڵام کۆمەڵێکتان لێ دەر دەکرێت ناگەن بە حەوزەکە ، منیش دەڵێم ئەی پەروەردگار ئەوانە لە هاوەڵانی منن ،

---

(٢٢) اخرجه : البخاري (٦٥٩٣) ، ومسلم (٥٩٢٨) .

(٢٣) اخرجه : البخاري (٦٥٨٢) ، ومسلم (٥٩٥١) .

فریشتەیەك دێت دەڵێت : ئایا نازانی ئەمانە دوای تۆ چیان کردووە و داهێناوە { واتە : بیدعەچییەکان })) ، ئەی خوشکی بەڕێز ئاگات لە خۆت بێت نەبیت بەیەکێ لەوانەی کە ڕێی چوونە سەر حەوزەکەیان لێ دەگیرێت .

((تەرازو – الميزان))

خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿ وَنَضَعُ الْمَوَازِينَ الْقِسْطَ لِيَوْمِ الْقِيَامَةِ فَلا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْئاً وَإِنْ كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا وَكَفَى بِنَا حَاسِبِينَ﴾[٢٤] .

واتە ئێمە ڕۆژی قیامەت تەرازووەکان بە دادپەروەری دادەنێین بۆ کێشانی کردەوە چاکەکان و خراپەکان بێ ئەوەی کەس هیچ ستەمێکی لێ بکرێت، ئەگەر کردەوەکەش ئەوەندەی تۆوە خەرتەلەیەکیش بێت دەی هێنین بۆ کێشان، ئەوە بەسە بۆ ئێمە کەلە بەندەکان دەپرسینەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرموویەتی: (يوضع الميزان يوم القيامة، فلو وزن فيه السموات والارض لوسعت، فتقول الملائكة : يارب لمن يزن هذا ؟ فيقول الله تعالى : لمن شئت من خلقي،فتقول الملائكة : سبحانك ما عبدناك حق عبادتك)[٢٥] .

واتە: ڕۆژی قیامەت تەرازوو دادەنرێت ئەگەر ئاسمانەکان و زەوی بخرێتە سەر بۆ کێشان جێگەیان دەبێتەوە تێدا، فریشتە دەڵێت ئەی

---

(٢٤) {سورة الانبياء:٤٧} .

(٢٥) انظر : السلسلة الصحيحة (٩٤١) .

پەروەردگار ئەم کێشانە بۆ کێ یە؟ خوای گەورە دەفەرموێت : بۆ ئەوانەی خۆم ئارەزووم لێیان هەیە لە دروست کراوەکانم، فریشتەش دەڵێت : پاك و بێ گەردی بۆ تۆ وەك شایستەی تۆبێت نەمان پەرستووی، جا لێرەدا سەرکەوتن و ڕزگار بوون بۆ کەسێکە کە کێشانەکانی قورس بێت و دۆڕان و تیاچوون بۆ کەسێکە کە کێشانەکانی سووك بێت، خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿ فَأَمَّا مَنْ ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ * فَهُوَ فِي عِيشَةٍ رَاضِيَةٍ * وَأَمَّا مَنْ خَفَّتْ مَوَازِينُهُ * فَأُمُّهُ هَاوِيَةٌ * وَمَا أَدْرَاكَ مَا هِيَهْ * نَارٌ حَامِيَةٌ ﴾(٢٦).

واتە : هەرکەس تای تەرازووی چاکەی قورس بێت ئەوە لە ژیانێکی خۆش و بەختەوەریدایە، هەر کەسیش تای تەرازووی کاری چاکەی سووك بێت بەسەر سەردا فڕێ دەدرێتە هاوی یەوە، تۆ نازانیت هاوی یە چی یە؟ ئاگرێکی بەتینی سوتێنەرە.

* * * * * * *

(٢٦) {سورة القارعة:٦-١١} .

((پردی سیرات))

دربارەی شێوە و سیفەتی ئەم پردە هاتووە کە لەموو باریك تر و لەشمشێر تیژ تر، قولاپی گەورە گەورەی لەسەرە خەڵك بە کردەوەکانیان دەفڕێنن، هی وا هەیە بەسەلامەتی ڕزگاری دەبێت بەڵام هەموو گیانی داڕوشاوە، هەیانە پاڵی پێوە دەنێن بۆ ناو دۆزەخ .

(قال رسول الله (ﷺ) يُضرَبُ الصراط بين ظهراني جهنم فأكون أنا وأُمَّتي أول من يجوز ولايتكم يومئذٍ إلاّ الرسُل ودعوى الرسُل يومئذٍ اللهم سلم سلم ، وفي جهنم كلاليب مثل شوك السعدان هل رأيتم السعدان؟ قالوا نعم يارسول الله (ﷺ) ، قال :فإنها مثل الشوك السعدان غير أنه لا يعلم قدر عظمها إلاّ الله، يتخطف الناس بأعمالهم ، فمنهم الموبق بعمله، ومنهم المجازي حتى ينجى)[٢٧]

واتە : پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : (پردی سیرات لەسەر پشتی دۆزەخ دادەمەزرێت من و نەتەوەکەم یەکەم کەسێك دەبین بەسەریا تێ دەپەڕین، لەو کاتەدا کەس توانای قسەکردنی نیە، پێغەمبەران نەبن کە دەڵێن خوایە سەلامەتمان بکە، خوایە سەلامەتمان بکە، لەناو دۆزەخیشدا قولاپ هەیە وەك دڕکی سەعدان وایە، ئایا ئێوە سەعدانتان بینیوە؟ ووتیان : بەڵێ، ئەی نێرراوی خوا (ﷺ)، فەرمووی : ئەو قولاپانە وەکو دڕکی سەعدان وان بەڵام گەورەیی ئەوانە خوا نەبێت کەس نازانێ چەندە، ئەو قولاپانە پەلاماری خەڵك

(٢٧) اخرجه : البخاري (٧٤٣٧) ، ومسلم (٤٥٠) .

دەدەن ئەیان فڕێنن بە کردەوەکانیان، جاهەیە بەکردەوەکەی تێ دەگلێت و هەیە بەسەربا دەڕوات هەتا ڕزگاری دەبێت).

خەڵکیش کاتی ڕۆیشتنیان بەسەر ئەو پردەدا پۆل پۆل : لەناویاندا کەسانێك هەیە وەك بروسکە تێ دەپەڕێت، وەك با پاشان وەك باڵندە ... ، (ونَبِيُّكُم قائم على الصراط فيقول : رَبِّ ! سَلِّم سَلم، حتى تعجز أعمال العباد حتى يجيء الرجل فلا يستطيع السير إلاّ زحفا ، قال : وفي حافتي الصراط كلاليب مُعلقة. مأمورة، تأخذ من أمرت به ، فمخدوش ناجٍ ومكدوس في النار. والّذي نفس أبي هوريرة بيده ! إنَّ قعر جهنم لسبعون خريفاً)[٢٨] .

پێغەمبەری ئێوەش (ﷺ) لەسەر پردەکە وەستاوە دەڵێت : (پەروەردگار سەلامەتمان بکە، سەلامەتمان بکە، هەتا پیاوی وادێت توانای ڕۆیشتنی نیەیە تەنها لەسەر سنگ نەبێت، لەهەردوو لای پردەکەوە قولاپ هەیە هەڵواسراون و فەرمانیان پێ دراوە ئەوانە بگرن کە فەرمان بەگرتنیان دەدرێت، هەیە ڕزگاری دەبێت هەموو گیانی داڕووشاوە، هەیە پاڵی پێوە دەنێن بۆ ناو دۆزەخ. سوێند بەو خوایەی گیانی ئەبی هورەیرەی بەدەستە (ﷺ) قوڵایی دۆزەخ حەفتا پایزە ....) . ئەوەیە کە خواە گەورە دەفەرموێت:

(٢٨) اخرجه : مسلم (٤٨١) .

﴿ يَوْمَ لا يُخْزِي اللَّهُ النَّبِيَّ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ نُورُهُمْ يَسْعَى بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَبِأَيْمَانِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا أَتْمِمْ لَنَا نُورَنَا وَاغْفِرْ لَنَا إِنَّكَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴾[٢٩].

واتە ئەو ڕۆژە خوای گەورە پێغەمبەر (ﷺ) و ئەوانەی باوەڕیان هێناوە لەگەڵیا سەر شۆڕ ناکات ڕۆشنایی‌یەکان لەبەردەمیاندا لای ڕاستیانەوە دەدرەوشێتەوە و دەڵێن پەروەردگارمان ئەم ڕۆشنایی‌یەمان بۆ بەردەوام بکە و لە تاوانەکانمان ببورە چونکە هەر تەنها تۆ توانات بەسەر هەموو شتێك دا هەیە.

((بەهەشت))

بەهەشت (ڕۆشنایی یە و دەدرەوشێتەوە، وڕیحانەیە ودەلەڕێتەوە، تەلارێکە و دروست کراوە، ڕووبارێکە بەردەوام، میوەیە تەواو گەیشتووە، ژنە پاك داوێن و جوان)، خانووەکانی (خشتێکیان زێڕە و خشتێکیان زیوە بەمسك و ئەزخەر ڕووکەش کراوە، چەو و زیخەکانی دوڕ و یاقوتن، خۆڵەکەی زەعفەرانە، هەر کەس بچێتە ناوی تێی دا دەمێنێتەوە بێ وەڕس بوون، بۆ هەمیشە تێیدا دەژی و مردنی بۆنی‌یە بێ ئەوەی جل و بەرگەکەی هەرگیزکۆن بێت و لاوێتی بەسەر ناچێت) (هەرچی ئارەزووی بۆی بجوڵێت و چاوی چێژی لێ وەربگرێت تێی داهەیە)[٣٠].

---

(٢٩) {سورة التحريم:٨} .

(٣٠) اخرجه : البخاري (٤٧٨٠) .

(شتی وەهای تێدایە بەچاو نەبینراوە و بەگوێ نەبیستراوە و بەدڵی هیچ کەسیشدا نەهاتووە وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿فَلا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَا أُخْفِيَ لَهُمْ مِنْ قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾[٣١].

واتە: کەس نازانێت چێ بۆ هەڵگیراوە لەو شتانەی چاوگەش دەکەنەوە لە پاداشتی ئەو کارانەی کردوویانە .

خواردنەکەیان : خوای گەورە دەربارەی فەرموویەتی:

﴿وَفَاكِهَةٍ مِمَّا يَتَخَيَّرُونَ * وَلَحْمِ طَيْرٍ مِمَّا يَشْتَهُونَ﴾[٣٢].

واتە: میوەهاتی زۆریش خۆیان هەڵی دەبژێرن و گۆشتی ئەو باڵندانەش کە خۆیان ئارەزوویان لێیەتی و حەزی لێ دەکەن .

خواردنەوەکەیان : خوای گەورە دەربارەی فەرموویەتی:

﴿إِنَّ الْأَبْرَارَ يَشْرَبُونَ مِنْ كَأْسٍ كَانَ مِزَاجُهَا كَافُوراً * عَيْناً يَشْرَبُ بِهَا عِبَادُ اللَّهِ يُفَجِّرُونَهَا تَفْجِيراً﴾[٣٣].

واتە: وە چاکەکاران لەناو بەهەشتدا لە گڵاس و قاپێکدا خواردنەوەو مەی یان پێ ئەدرێ کە تێکەڵ کراوە بە کافور کە خواردنەوەیەکی فێنك و ساردو بۆن و تام خۆشە. سەرچاوەیەکە بەندەکانی خوای گەورە لێ دەخۆنەوە لەهەر شوێنێك ویستیان هەڵی دەقوڵێنن بە هەڵقوڵاندن .

---

(٣١) {سورة السجدة:١٧} .

(٣٢) {سورة الواقعة:٢١} .

(٣٣) {سورة الانسان:٥-٦} .

جل و بەرگیان : خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿ يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِنْ ذَهَبٍ وَلُؤْلُؤاً وَلِبَاسُهُمْ فِيهَا حَرِيرٌ ﴾(٣٤).

واتە: دەستیان بەدەست بەندی زیوو لوء لوء دەڕازێنرێتەوە و پۆشاکەکانیان لە ئاوریشم دروست کراوە، هەروەها فەرموویەتی:

﴿ أُولَئِكَ لَهُمْ جَنَّاتُ عَدْنٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهِمُ الْأَنْهَارُ يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِنْ ذَهَبٍ وَيَلْبَسُونَ ثِيَاباً خُضْراً مِنْ سُنْدُسٍ وَإِسْتَبْرَقٍ مُتَّكِئِينَ فِيهَا عَلَى الْأَرَائِكِ نِعْمَ الثَّوَابُ وَحَسُنَتْ مُرْتَفَقاً ﴾(٣٥).

واتە : بەهەشتیەکان لەناو بەهەشتدا بازنگ و دەست بەندی زێڕ لەدەست دەکەن و پۆشاکی سەوزی دووتوێ دەپۆشن لە ئاوریشمی ئەستوور و تەنک لەناو بەهەشتدا لەسەر قەنەفەی ڕازاوە شانیان داداوە، ئائەوەیە پاداشتی چاک و جێوشوێنی چاک لەگەڵیا .

ڕاخەرەکانیان. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فِيهَا سُرُرٌ مَرْفُوعَةٌ * وَأَكْوَابٌ مَوْضُوعَةٌ * وَنَمَارِقُ مَصْفُوفَةٌ * وَزَرَابِيُّ مَبْثُوثَةٌ ﴾(٣٦).

واتە : لەبەهەشت دا شوێنی خەوتنی بەرزی تێدایە و پەردا‌خی تێدا بڵاو کراوەتەوە بۆ ئاو خواردنەوە و پاڵپشتی ڕیز کراوە ڕایەخی جوانی تێدا بڵاوکراوەتەوە.

---

(٣٤) {سورة الحج:٢٣} .

(٣٥) {سورة الكهف:٣١} .

(٣٦) {سورة الغاشية:١٣-١٦} .

هەروەها فەرموویەتی: ﴿مُتَّكِئِينَ عَلَى فُرُشٍ بَطَائِنُهَا مِنْ إِسْتَبْرَقٍ﴾[٣٧].

واتە : لەو بەهەشتە خۆشەدا بەهەشتیيەكان لەسەر ڕاخەرێك شانیان داداوە كە ناو ئاخنەكەیان ئاوریشمە،ڕوبارەكانی خوای گەورە دەربارەیان فەرموویەتی:

﴿مَثَلُ الْجَنَّةِ الَّتِي وُعِدَ الْمُتَّقُونَ فِيهَا أَنْهَارٌ مِنْ مَاءٍ غَيْرِ آسِنٍ وَأَنْهَارٌ مِنْ لَبَنٍ لَمْ يَتَغَيَّرْ طَعْمُهُ وَأَنْهَارٌ مِنْ خَمْرٍ لَذَّةٍ لِلشَّارِبِينَ وَأَنْهَارٌ مِنْ عَسَلٍ مُصَفًّى وَلَهُمْ فِيهَا مِنْ كُلِّ الثَّمَرَاتِ وَمَغْفِرَةٌ مِنْ رَبِّهِمْ كَمَنْ هُوَ خَالِدٌ فِي النَّارِ وَسُقُوا مَاءً حَمِيماً فَقَطَّعَ أَمْعَاءَهُمْ﴾[٣٨].

واتە : نمونەو سیفەتی ئەو بەهەشتەی كە خوای گەورە بەڵێنی بە كەسانی موتتەقی و لەخواترس داوە جۆرەها ڕووباری تیادایە لە ئاو كە تێكنەچووەو نەگۆڕاوەو بۆگەن نەبووە وە چەندەها ڕووباری تری تیادایە لە شیر كە ئەمیش تامی نەگۆڕاوە وە شیرێكە لەوپەڕی پاكی و سافی و شیرینی و چەوری و سپێتییە وە چەندەها ڕووباری تر لە مەی كە ئەوانەی ئەیخۆنەوە تام و چێژو لەزەتی لێ ئەكەن وەكو مەی دونیا نییە كە تام و بۆنی ناخۆش بێت و مرۆڤ توشی سەرئێشەو سك ئێشە بكات وە چەندەها ڕووباری تر لە هەنگوینی پاڵفتەكراو كە لەوپەڕی جوانی و پاكی و تام و بۆن خۆشیدایە وە هەموو بەروبووم و بەرهەمێكیان بۆ هەیە لەبەهەشتدا وە لێخۆشبوونی خوای

(٣٧) {سورة الرحمن:٥٤} .
(٣٨) {سورة محمد:١٥} .

گەورەیان بۆ هەیە ئایا کەسانێك لەم نازو نیعمەتانەی بەهەشتدا بن وەکو کەسانێك وان بۆ هەمیشەیی و بەنەمری لە ئاگری دۆزەخدان؟ وە کاتێك کە ئاویان پێ ئەدرێ ئاوێکی گەرمی کوڵاوی ناو ئاگری دۆزەخیان پێ ئەدرێ؟ کە هەموو گەدەیان ئەپچڕێنێ و ئەیتاوێنێتەوە لەبەر زۆر گەرمی، نەخێر یەکسان نین، کەواتە کار بۆ بەهەشت بکەن و خۆتان لە دۆزەخ بپارێزن .

دەرەختەکانی : خوای گەورە دەربارەیان فەرموویەتی:

﴿ وَأَصْحَابُ الْيَمِينِ مَا أَصْحَابُ الْيَمِينِ * فِي سِدْرٍ مَخْضُودٍ * وَطَلْحٍ مَنْضُودٍ * وَظِلٍّ مَمْدُودٍ * وَمَاءٍ مَسْكُوبٍ ﴾[٣٩].

واتە : دەستەی ڕاستەکانیش نازانی دەستەی ڕاستەکان لە کوێن لەژێر سێبەری دەرەختی بێ دڕکدان و لەژێر دارمۆزی بەرچین چین دان و لەژێر سێبەری دوورو درێژ دان و لەتەنیشت تاقگەو ئاوی حەوز و فوارەدان. ئەوانە دەچنە ناو ئەو بەهەشتەوە بۆ هەتا هەتایە تێیدا دەمێنێتەوە وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ كَانَتْ لَهُمْ جَنَّاتُ الْفِرْدَوْسِ نُزُلاً * خَالِدِينَ فِيهَا لا يَبْغُونَ عَنْهَا حِوَلاً ﴾[٤٠].

واتە : بەڕاستی ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و کارە چاکەکانیان کردووە بەهەشتی فیردەوسمان بۆ ئامادەکردون کە تێی دا بحەوێنەوە، بۆ هەمیشە و بەردەوام تێیدا دەمێننەوە بێ ئەوەی داوا بکەن بگوێزرێتەوە بۆ لایەکی تر.

---

(٣٩) {سورة الواقعة: ٣١}.

(٤٠) {سورة الكهف:١٠٨} .

عن أبي سعيد الخدري (ﷺ) قال : قال رسول الله (ﷺ) : (يُؤتى بالموتِ كهيئةِ كبش أملح، فينادي مناد، ياأهل الجنة فيشرَئِبُّون وينظرون، فيقول : هل تعرفون هذا؟ فيقولون : نعم، هذا الموت، وكلهم قد رآه، ثم يُنادي : يا أهل النار، فيشرَئِبُّون و ينظرون، فيقول هل تعرفون هذا ؟ فيقولون : نعم، هذا الموت، وكلهم قد رآه، فيذبح، ثم يقول : يا أهل الجنة، خلود فلاموت. ويا أهل النار، خلود فلاموت)[٤١].

واتە : پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرموویەتی : (ڕۆژی دوایی مردن لەسەر شێوەی بەرانێکی بازوو دەهێنن جارِ چیەک جارِدەدات دەڵێت : ئەی خەڵکی بەهەشت ئەوانیش سەر هەڵ دەبڕن و تەماشا دەکەن، جا دەڵێت : ئایا ئەمە دەناسنەوە، ئەوانیش دەڵێن بەڵێ ئەوە مردنە، هەموویان ئەو مردنەیان بینیوە، پاشان جارِ چیەک جارِ دەدات دەڵێت : ئەی خەڵکی دۆزەخ، ئەوانیش سەر هەڵدەبڕن و تەماشا دەکەن پێیان دەڵێت : ئایا ئەمە دەناسنەوە؟ ئەوانیش دەڵێن بەڵێ ئەوە مردنە هەموویان بینیویانە، لەبەر چاویان لە نێوان بەهەشت و دۆزەخدا سەر دەبڕێت پاشان دەڵێت : ئەی خەڵکی بەهەشت مانەوەی هەمیشەیی بێ لەناو چوون و ئەی خەڵکی دۆزەخ مانەوەی هەمیشەیی بێ لەناو چوون)، لەو شوێنەدا ڕۆژێك پاداشتی زۆر تر دەدرێت بەبەهەشتیەکان وەك خوای گەورە فەرمویەتی:

(٤١) اخرجه : البخاري (٤٧٣٠-٦٥٤٨) ، ومسلم (٧١١٠).

﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَاضِرَةٌ * إِلَى رَبِّهَا نَاظِرَةٌ﴾[٤٢].

واتە : لەو ڕۆژەدا ڕوخسارەکان تەڕو ناسك دەبن چونکە بە چاوی خۆیان سەیری پەروەردگاریان دەکەن و دەی بینن. عن صُهيبٍ، عن النبي (ﷺ) قال : (إذا دخل أهل الجنة الجنة، قال : يقول الله تَبارك و تعالى : تريدون شيئاً أَزيدُكم؟ فيقولون : ألم تبيض وجوهنا؟ ألم تدخلنا الجنة وتنجِّنا من النار؟ قال : فيكشف الحجاب فما أعطوا شيئاً أحب إليهم من النظر الى ربهم عزَّ وجل))[٤٣].

واتە : پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرموویەتی : (کاتێ خەڵکی بەهەشت دەچنە بەهەشتەوە خوای بەتواناو شکۆمەند دەفەرموێت دەتانەوێت شتێکی ترتان بۆ زیاد بکەم؟ ئەوانیش دەڵێن ئەی ڕووت سپی نەکردووین ئەی نەت خستوینەتە بەهەشت لە ئاگر ڕزگارت نەکردووین، لەوە زیاتر چی هەیە؟ فەرموویەتی : پەردەلادەدرێت خوای گەورە خۆیان نیشان دەدات، بەڕاستی شتێکیان پێ نەبەخشراوە خۆشەویست تر بێت لایان لەسەیرکردنی پەروەردگاریان)، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە پێغەمبەر (ﷺ) کە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا الْحُسْنَى وَزِيَادَةٌ﴾[٤٤].

واتە : بۆ ئەوانەی چاکەیان کرووە پاداشتی چاکتر و زیادەشیان کە سەیر کردنی خوای گەورەو بەرز و شکۆمەند ئامادەکردووە .

---

(٤٢) {سورة القيامة:٢٣} .

(٤٣) اخرجه : مسلم (٤٤٨) ، والترمذي (٢٥٥٢) .

(٤٤) {سورة يونس:٢٦} .

((ئاگر – النار))

ئاگریش سزای خوایە بۆ دوژمنەکانی ئەوانەی سەرپێچی خۆی ونێررواوەکانی دەکەن، بەڕاستی یادی ئاگر خەوی هەندێ لە پێشینانی زڕاندووە، هەندێکی لە بزەی سەر لێۆ خستووە، هەتا سەعیدی کوڕی جوبەیر (ڕەحمەتی خوای لێبێت) ووتویەتی : چۆن پێ بکەنم لە کاتێکدا ئاگری دۆزەخ کڵپەی دێت و پێوەندەکانی دامەزراون و کاربەدەستەکانیش ئامادەکراون، جا چۆن ئەوپێشینانە بەو شێوەیە نابن کە دەزانن، عن النعمان بن البشير (ﷺ)، قال : قال رسول الله (ﷺ) : (إن أهون أهل النار عذابا من له نعلان و شِراكان من نار، يغلي منهما دماغه، كما يغلي المرجل ما يرى أن أحدا أشَدَّ منه عذابا و إنه لأصونهم عذابا)[٤٥].

واتە: (سوك ترین سزای دۆزەخ کە دەدرێت کەسێکە جوتێ سۆڵی ئاگرینی لە پێدایە مێشکی پێوەی دەکوڵێنێت وەك چۆن مەنجەڵی سەر ئاگر دەکوڵێت و وادەزانێت کەس لەو تۆندتر سزا نادرێت لە کاتێکدا لە هەمووکەس سزاکەی ئاسان تڕە). چۆن بەو شێوەیە نابن دەزانن (ئەو ئاگرە هاواری خۆی بەرز کردەوە بۆ لای پەروەردگاری ووتی : هەندێکم هەندێکمیخوارد، خوای گەورەش ڕێی دا دوو هەناسە بدات، هەناسەیەك لەزستان دا و هەناسەیەك لە هاوین دا، گەرمترین ڕۆژ کەهەستی پێ بکەن لە هاویندا لە گڕ و بڵێسەی

(٤٥) اخرجه : البخاري (٦٥٦١) ، ومسلم (٥١٦) .

دۆزەخەوەیە، وە ساردترین پۆژ لە زستاندا لە سەهۆڵ بەندانەکەی دۆزەخەوەیە {کەناوی زەمهەریرە})[٤٦].

چۆن بەو شێوەیە نابن لەکاتێکدا دەزانن کە (پۆژی قیامەت دۆزەخ دەهێنن حەفتا هەزار لغاوی هەیە هەر لغاوەی حەفتا هەزار فریشتە پای دەکێشن)[٤٧]، چۆن وانابن کە دەزانن پادەکێشرێن بەرەو ئەو ئاگرە، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ يَوْمَ يُسْحَبُونَ فِي النَّارِ عَلَى وُجُوهِهِمْ ذُوقُوا مَسَّ سَقَرَ﴾[٤٨].واتە : ئای لەو پۆژەی بەسەر پوودا پادەکێشرێن لەناو ئاگرداو پێیان دەڵێن دەی بیچێژن تاڵاو و سزای ئاگر.

چۆن بەو شێوەیە نابن دەزانن خوا دەربارەی پۆشاکەکانی دۆزەخیان فەرموویەتی: ﴿هَذَانِ خَصْمَانِ اخْتَصَمُوا فِي رَبِّهِمْ فَالَّذِينَ كَفَرُوا قُطِّعَتْ لَهُمْ ثِيَابٌ مِنْ نَارٍ يُصَبُّ مِنْ فَوْقِ رُؤُوسِهِمُ الْحَمِيمُ﴾[٤٩].

واتە : جا ئەوانەی بێ باوەڕبوون پۆشاکیان لە ئاگر بۆ دەبڕێت و ئاوی لەکوڵیش دەکرێت بەسەریاندا، هەروەها خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿سَرَابِيلُهُمْ مِنْ قَطِرَانٍ وَتَغْشَى وُجُوهَهُمُ النَّارُ﴾[٥٠].

واتە : کراسەکانیان لەقەترانە وئاگریش سەرو چاویان دادەپۆشێت.

---

(٤٦) اخرجه : مسلم (١٤٠٠) .

(٤٧) اخرجه : مسلم (٢٨٤٢) .

(٤٨) {سورة القمر:٤٨} .

(٤٩) {سورة الحج:١٩} .

(٥٠) {سورة ابراهيم:٥٠} .

چۆن وانابن کە دەزانن خواردەمەنییەکانیان خوای گەورە دەربارەی فەرموویەتی:

﴿ إِنَّ شَجَرَتَ الزَّقُّومِ * طَعَامُ الْأَثِيمِ * كَالْمُهْلِ يَغْلِي فِي الْبُطُونِ * كَغَلْيِ الْحَمِيمِ ﴾[٥١].واتە : بەڕاستی خواردنی تاوان باران لە دۆزەخدا بەری درەختی زەقنەبووتە، کە وەک قوڕقوشمی تواوە لەناو زگدا دەکوڵێت وەک چۆن ئاو دەکوڵێت و قوڵت دەدات، هەروەها خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿فَلَيْسَ لَهُ الْيَوْمَ هَاهُنَا حَمِيمٌ * وَلا طَعَامٌ إِلَّا مِنْ غِسْلِينٍ﴾[٥٢].

واتە : ئەمڕۆ لێرەدا بێ دڵسۆزن، خواردنەکەشیان کێم و زوخاوە، چۆن ئەوە حاڵیان نابێت لە کاتێکدا دەزانن خواردنەوەکەیان خوای گەورە دەربارەی فەرموویەتی:

﴿ وَإِنْ يَسْتَغِيثُوا يُغَاثُوا بِمَاءٍ كَالْمُهْلِ يَشْوِي الْوُجُوهَ بِئْسَ الشَّرَابُ وَسَاءَتْ مُرْتَفَقاً ﴾[٥٣].

واتە : ئەگەر تینویان بێت و هاوار بکەن بۆ ئاو ئاوێکیان دەدرێتێ وەک قوڕقوشمی تواوە وایە سەرو چاو دەبرژێنێ، خراپترین خواردنەوەیەک جێگەیەکی چەندە ناخۆش و پڕ ئازارە. چۆن بەو شێوەیە نابن دەزانن گورزیان بۆ ئامادەکراوە خوای گەورە دەربارەی فەرموویەتی:

---

(٥١) {سورة الدخان} .

(٥٢) {سورة الحاقة:٣٥-٣٦} .

(٥٣) {سورة الكهف:٢٩} .

﴿وَلَهُمْ مَقَامِعُ مِنْ حَدِيدٍ﴾(٥٤).

واتە : کوتەکیان لە ئاسن بۆ ئامادەکراوە، بەو کوتەکانە لێیان دەدەن. چۆن وانابن دەزانن کە زنجیر دەکرێن بە زنجیرێك خوای گەورە دەربارەی فەرموویەتی:

﴿ثُمَّ فِي سِلْسِلَةٍ ذَرْعُهَا سَبْعُونَ ذِرَاعاً فَاسْلُكُوهُ﴾(٥٥).

واتە : بەفریشتەکان دەوترێت پاشان بە زنجیرێك درێژیەکەی حەفتا باڵە بیان بەستنەوە.

موفەسیرەکان دەربارەی ئەو ئایەتە ووتویانە : ئەو زنجیرە لەپاشێوە تێی هەڵدەکێشن هەتا لە دەمێوە دێتە دەرەوە وەك چۆن مریشك دەکرێت بە شیشەوە بۆ برژاندن، چۆن وانابن دەزانن ئاواتەکان و داواکانی خەڵکی دۆزەخ هەرگیز نایەتە دی کە خوای گەورە دەربارەی فەرموویەتی:

﴿وَهُمْ يَصْطَرِخُونَ فِيهَا رَبَّنَا أَخْرِجْنَا نَعْمَلْ صَالِحاً غَيْرَ الَّذِي كُنَّا نَعْمَلُ أَوَلَمْ نُعَمِّرْكُمْ مَا يَتَذَكَّرُ فِيهِ مَنْ تَذَكَّرَ وَجَاءَكُمُ النَّذِيرُ فَذُوقُوا فَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ نَصِيرٍ﴾(٥٦).

واتە : بێ باوەڕەکان لەناو دۆزەخدا هاوار دەکەن دەڵێن پەروەردگارمان لەم دۆزەخە دەرمان بهێنە بمان گێڕەرەوە بۆ دونیا بۆ ئەوەی کردەوەی چاك

(٥٤) {سورة الحج:٢١} .
(٥٥) {سورة الحاقة:٣٢} .
(٥٦) {سورة الفاطر:٣٧} .

بکەین نەك ئەو کارە خراپانەی کردوومانە، پێیان دەوترێت ئایا ئەوەندەمان تەمەن پێ نەدان لە دونیا هەرکەس بیەوێت بیری تێدا بکاتەوە بیر بکاتەوە؟ لەگەڵ ئەوەشدا نێررواوی ترسێنەرمان بۆ ناردن هەر ڕاست نەبوونەوە، دە بچێژن سزای ئاگر، بەڕاستی بۆ ستەم کاران یارمەتی دەر و دۆست نیە، هەروەها خوای گەورە لەسەر سزای دۆزەخیەکانەوە فەرموویەتی:

﴿رَبَّنَا أَبْصَرْنَا وَسَمِعْنَا فَارْجِعْنَا نَعْمَلْ صَالِحاً إِنَّا مُوقِنُونَ﴾(٥٧).

واتە : پەروەردگارمان بە چاوی خۆمان بینیمان و بەگوێی خۆمان بیستمان ئەوەی باوەڕمان پێی نەبوو، دەبمان گێڕەوە بۆ دونیا هەتا کردەوەی چاك بکەین چونکە ئێستا ئێمە دڵنیاین، وەهەروەها خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿قَالُوا رَبَّنَا غَلَبَتْ عَلَيْنَا شِقْوَتُنَا وَكُنَّا قَوْماً ضَالِّينَ * رَبَّنَا أَخْرِجْنَا مِنْهَا فَإِنْ عُدْنَا فَإِنَّا ظَالِمُونَ﴾(٥٨).

واتە : پەروەردگارمان لەم ئاگرە دەرمان بهێنە، ئەگەر گەڕاینەوە بۆ گومڕایی بەڕاستی ئەوە ستەم کارین، لەو کاتەدا وەڵامی دەم کوت کەریان دەدرێتەوە لەلایەن پەروەردگارەوە پێیان دەفەرموێت:

---

(٥٧) {سورة السجدة:١٢} .

(٥٨) {سورة المؤمنون:١٠٦-١٠٧} .

﴿قَالَ اخْسَأُوا فِيهَا وَلا تُكَلِّمُونِ * إِنَّهُ كَانَ فَرِيقٌ مِنْ عِبَادِي يَقُولُونَ رَبَّنَا آمَنَّا فَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا وَأَنْتَ خَيْرُ الرَّاحِمِينَ * فَاتَّخَذْتُمُوهُمْ سِخْرِيًّا حَتَّى أَنْسَوْكُمْ ذِكْرِي وَكُنْتُمْ مِنْهُمْ تَضْحَكُونَ﴾(٥٩).

واتە : دەمتان داخەن و قسە مەکەن لەناو ئاگرەکەدا، چەونکە لە دونیادا کۆمەڵێك لە بەندەکانم دەیان ووت : پەروەردگارمان ئێمە باوەڕمان بە تۆ هێناوە، تۆش لێمان خۆش ببە و ڕەحممان پێبکە چونکە تۆ لەهەموو خاوەن ڕەحمەکان بەڕەحم تر و میهرەبان تری کەچی ئێوە گاڵتەتان پێ دەکردن هەتا ئەو گاڵتە پێکردنەتان یادی منی لەبیر بردنەوە وبەردەوام پێیان پێدەکەنین ، کاتێ دۆزەخییەکان داوا لەسەر پەرشتیکەرانی دۆزەخ دەکەن نەختێ سزا کەیان لەسەر سوك بکاتەوە پەنا بەخوا ، وەك خوای گەورە لێیانەوە بۆمان دەگێڕێتەوە دەفەرموێت:

﴿وَقَالَ الَّذِينَ فِي النَّارِ لِخَزَنَةِ جَهَنَّمَ ادْعُوا رَبَّكُمْ يُخَفِّفْ عَنَّا يَوْماً مِنَ الْعَذَابِ﴾(٦٠).

واتە : ئەوانەی لەناو دۆزەخ دان بەفریشتە بەرپرسەکانی دۆزەخ دەڵێن داوا لە پەروەردگارتان بکەن تاقەیەك ڕۆژ سزامان لەسەر کەم بکاتەوە ، فریشتەکانیش وەڵامیان دەدەنەوە:

---

(٥٩) {سورة المؤمنون:١٠٨-١١٠}.

(٦٠) {سورة الغافر:٤٩}.

﴿ قَالُوا أَوَلَمْ تَكُ تَأْتِيكُمْ رُسُلُكُمْ بِالْبَيِّنَاتِ قَالُوا بَلَى قَالُوا فَادْعُوا وَمَا دُعَاءُ الْكَافِرِينَ إِلَّا فِي ضَلَالٍ ﴾(٦١).

واتە : پێیان دەڵێن : ئایا پێغەمبەران نەهاتن بۆ سەرتان بەبەڵگەی ڕوون و ئاشکراوە، ئەوانیش دەڵێن : بەڵێ هاتوون، دەڵێن : دەپارێنەوە، پاڕانەوەی بێ باوەڕانیش جگە لە گومڕایی هیچی تر نییە.

کاتێ ئومێد بڕاودەبن و ئاواتەکانیان بەدی نایەت تەمەنای مردن دەکەن داوا لە لێپرسراوی دۆزەخ دەکەن داوابکات لە خوای گەورە بۆیان لەناویان بەرێت و بیان مرێنێ:

﴿ وَنَادَوْا يَا مَالِكُ لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ قَالَ إِنَّكُمْ مَاكِثُونَ * لَقَدْ جِئْنَاكُمْ بِالْحَقِّ وَلَكِنَّ أَكْثَرَكُمْ لِلْحَقِّ كَارِهُونَ ﴾(٦٢).

واتە : هاوار دەکەن دەڵێن ئەی مالیك با پەروەردگارت بمان کوژێت و ڕزگارمان ببێت لەم سزایە، ئەویش پێیان دەڵێت : دەبێ هەر بمێننەوە تێیدا، چونکە بەڕاستی هەقمان بۆ هێنان بەڵام بەشی زۆر تان ڕقتان لەهەق دەبووەوە.

خوشکی بەڕێزم ئایەتەکانی قورئان دەربارەی وەصفی ئاگر و ئەوانەی لەناو ئاگردان زۆر زۆرە، بەڵام بیرخستنەوەیەك پاڵی پێوە نایت بۆی لەترسی مەترسی ئاگر و سزای خوای گەورە لەسەرتان، بەدروستیش هاتووە لە

(٦١) {سورة الغافر: ٥٠}.
(٦٢) {سورة الزخرف: ٧٧-٧٨}.

پێغەمبەرەوە (ﷺ) فەرموویەتی : (إطلعت في النار فوجدت أكثر أهلها النساء)[٦٣]، واتە : سەیری ناو ئاگری دۆزەخم کرد بینیم بەشی زۆری خەڵکەکەی ئافرەتانن .

هەروەها بە ئافرەتانی فەرمووە (تصدقن فإني رأيتكن أكثر أهل النار)[٦٤]، واتە : ئافرەتان خێر و صەدەقە زۆر بکەن چونکە بینیومە بەشی زۆری دۆزەخییەکان لە ئێوەن .

خوشکی بەڕێزم–بزانە کەتۆ ئەگەر نەگەیشتی بە نیشانەکانی هاتنی ڕۆژی دوایی، ڕۆژی دوایی بەپەلەی تۆ مردنتە، جا کاتێ کاتی مردن هات ئەوە گەیشتنە بەوڕۆژەدا، بەڕاستی خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿فَأَنَّىٰ لَهُمْ إِذَا جَاءَتْهُمْ ذِكْرَاهُمْ ﴾[٦٥].واتە : چۆن بۆیان هەیە بیربکەنەوە و تۆبە بکەن کاتێ ڕۆژی دوایی بێت هەروەها لەسەرەمەرگ دا هەڵنوتانێك نی یە بوترێت و تۆبەیەك نی یە بەدەست بێت.

ئەوش ڕێگای بەهەشت و ڕێگای دۆزەخ، باش سەرنج بدە کام ڕێگایان دەگرێت؟ بۆ کوێ دەچیت؟.

وصلى الله على محمد وعلى آله وصحبه وسلم

---

(٦٣) اخرجه : البخاري (٦٤٤٩) ، ومسلم (٦٨٧٣) .

(٦٤) اخرجه : مسلم (٢٣٨) .

(٦٥) {سورة محمد:١٨} .

ئامۆژگاری بۆ کچانی
موسڵمان پێش هاوسەرگیری

لەچاکەی خوای گەورە بۆ نەوەی ئادەم و ڕێزلێنانی ئەوەیە کەهاوسەرگیری بۆ داناون و کردوویەتی بەبەخشینێك بەسەر بەندەکانیەوە: {وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلاً مِّن قَبْلِكَ وَجَعَلْنَا لَهُمْ أَزْوَاجًا وَذُرِّيَّةً} (سورة الرعد:٣٨).

واتە: لەپێش تۆوە ئەی موحەممەد (ﷺ) چەندەها پێغەمبەرمان ناردووە وەخێزان و نەوەیشمان پێ بەخشیون.

ئەم شتەی لەبواری بەخشش دەرخستنی فەزڵ و چاکەی خوای گەورە بەسەریانەوە باس کردووە.. ئیسلام هاوسەرگیری پێ خۆشەو هانی خەڵکی دەدات لەسەری و بەیەکێك لەنیشانەکانی خوای داناوە: {وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ} (سورة الروم: ٢١).

واتە: یەکێك لەنیشانەکانی خوای گەورە ئەوەیە کەلەخۆتان ئافرەتی بۆ دروست کردوون (مەبەست حەوایە کەلەپەراسووی ئادەم دروست کراوە) بۆ ئەوەی بین بەهۆی پشوو و ئارامی بۆ پیاوان، وەسۆزو بەزەیی و خۆشەویستی خستۆتە نێوانتانەوە، بەڕاستی لەم شتەدا چەندەها نیشانەی گەورەیی خوای گەورەی تێدایە بۆ کەسانێك کەبیربکەنەوە.

[1]- هەڵبژاردنی پیاوێکی موسڵمانی چاك، ئیسلام هانی خەڵکی ئەدات لەسەر چاك هەڵبژاردنی پیاو کەخاوەنی ڕەوشت و دین و پاکی بێت، خوای گەورە دەفەرموێت: {إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ} (سورة الحجرات: ١٣).واتە: بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوای گەورە خواناسترین و خۆپارێزترینتانە لەتاوان.

وە دەفەرموێت: {وَأَنكِحُوا الْأَيَامَى مِنكُمْ وَالصَّالِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَائِكُمْ إِن يَكُونُوا فُقَرَاء يُغْنِهِمُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ} (سورة النور: ٣٢).

واتە: ئێوە هاوسەرگیری بکەن و لەچاکەکانتان بخوازن لەبەندەی پیاوو ئافرەت، وەئەگەر هەژار بن ئەوا خوای گەورە بەفەزڵ و چاکەی خۆی دەوڵەمەندیان دەکات. بەڕاستی دەوڵەمەندی خوای گەورە زۆر فراوانە، وەزۆر زانایە.

با مالّ و پارەو ناوبانگی و جگە لەمانە هەڵت نەخەڵەتێنێت، بەڵکو یەکەم شت کەسوورین لەسەری با بریتی بێت لەدامەزراوی لەسەر دین و ڕەوشتی جوان، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: "إذا أتاكم من ترضون خلقه ودينه فزوجوه، إلاّ تفعلوا تكن فتنة في الأرض وفساد كبير" (رواه الترمذي).

واتە: ئەگەر هەرکەسێك هاتە داخوازیتان و ڕازی بوون لەدین و ڕەوشتی ئەوا پێی ڕازی بن، ئەگەرنا ئەوا ئاشووب و خراپەی گەورە لەسەر زەویدا بڵاودەبێتەوە.

٢ـ خۆت بپارێزە لەهاوسەری کەسێکی زیناکەر، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: {الزَّانِي لَا يَنكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوْ مُشْرِكَةً وَالزَّانِيَةُ لَا يَنكِحُهَا إِلَّا زَانٍ أَوْ مُشْرِكٌ وَحُرِّمَ ذَلِكَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ} (سورة النور: ٣).

واتە: پیاوی زیناکەر کەس ناخوازێت تەنها ئافرەتی زیناکەر یاخود هاوبەش بڕیاردەر نەبێت، وەئافرەتی زیناکەریش هیچ کەسێك نایخوازێت تەنها پیاوی زیناکەر یاخود هاوبەش بڕیاردەر نەبێت، بەڵام ئەم شتە قەدەغەو حەرام کراوە لەسەر بڕواداران کەئافرەتی زیناکەر یاخود پیاوی زیناکەر بخوازن.

ئیمامی إبن كثیر فەرموویەتی " أي حرم تعاطي الزنا والتزوج بالبغايا أو تزويج العفائف بالرجال الفجار."

واتە: زیناکردن و خواستن و شووکردنی بەزیناکەر حەرام کراوە.

٣- باشتر وایە پیاوەکە لەو کەسانە بێت کەسوورن لەسەر فێربوونی زانستی شەرعی و خوێندنەوەی پەرتووکی بەسوود، بۆ ئەوەی تێگەیشتن و پەیوەندی نێوانتان ئاسان بێت و هاریکاری یەکتر بکەن لەسەر چاکەو لەخواترسان و فەرمان کردن بەچاکەو بەرهەڵستی کردن لەخراپە. وەپێشەوایەتییەکی باش بۆ تۆ هەیە لەدایکانی باوەڕداران و ئافرەتانی پێشینەکان.

قۆناغی داخوازی کردن

١- هەندێك لەکچان زۆر دوو دڵن لەبڕیاردان بۆ شووکردن و یەکلاکردنەوەی کارەکەیان، داوا لەداخوازیکار دەکەن کەڕێگەیان بدەن بۆ ماوەیەکی زۆر بیربکەنەوە تاکو بزانن چاکە یان خراپەو زیان و قازانجی لێك بداتەوە، ئەمە کارێکی چاکە بەمەرجێك کاتەکە زۆر نەخایەنێت و لەڕادەی شیاو دەرنەچێت، کاتێك داوای وەلامی لێ کرا ئەڵێت ئارام بگرەو بیردەکەمەوە، ئەمە کارێکی شیاو نییە، بەڵکو کاتێك دیاری بکە بۆ بیرکردنەوەو نوێژی (إستخارة) بکەو دوعا بکە هەروەکو چۆن پێغەمبەر (ﷺ) فێرمانی کردووە، وەپرس بکە بەکەسانێکی باوەڕداری متمانە پێ کراو پاشان کارەکەت بسپێرە بەخوای گەورە.

٢- ئەو شتانەی کەدەتەوێت باسی بکەیت کاتی یەکتر بینین واباشترە بینووسیت و ئامادەی بکەیت.

٣- خۆت ئامادەبکە بۆ یەکتربینین نەك بەشێوەی سەرقاڵی کاری ترەوە، یاخود لەکاتی نەخۆشی.

٤- واباشترە کەتەماشای داخوازیکار بکەیت بەڵام سنووری شەرع بپارێزیت، بەتەنها نەبن، تەوقە نەکەن، پۆشاکی ناشەرعی لەبەر مەکە.

٥- هەندێك لەخێزانەکان ئاهەنگ دەگێڕن بەتێکەڵاوی لەڕۆژی مارەبڕیندا، داواکار دەچێتە شوێنی ئاهەنگ و کچەکەش بەڕازاوەیی دادەنیشێت، پیاوەکەیش لەتەنیشتی دادەنیشێت و ئەڵقەی لەدەست دەکات لەپێش چاوی خەڵکی، وریابە ئاسانکاری مەکە.

٦- ووریای زۆر دەرچوون و یەکتربینین و زۆر قسەکردن بە ئەگەر بەتەلەفۆنیش بێت لەپێش مارەبڕیندا.

٧- واباشترە پشکنینێکی پزیشکی بکرێت پێش هاوسەرگیری بۆ زانینی هەرشتێك کەپێویستە بزانرێت.

* * * * * *

لەمافەکانت پێش هاوسەرگیری

١ـ خاوەن فەرمان (ولي الأمر) پێویستە رێگەت پێ بدات بۆ ڕازی بوون یان ڕەتکردنەوە، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((لا تنكح الأيم حتى تستأمر ، ولا تنكح البكر حتى تستأذن ، قالوا يارسول الله! وكيف إذنها؟ قال إن تسكت)).واتە : نابێت بێوەژن بە شوو بدرێت و مارەیی نایەت تاوەکو خۆی بڕیار نەدات ، وە کچیش نابێت بە شوو بدرێت و مارەیی نایەت تاوەکو ئیزن و بۆچوونی وەرنەگیرێت ، ووترا : ئەی پێغەمبەری خوا ئیزن لێ وەرگرتنی کچ چۆنە ؟ فەرمووی : ئەوەیە کە بێدەنگ دەبێت .

٢ـ دروستە پیاو کچەکەی پێشکەش بەکەسی شیاوو چاك بکات، بزانە چاخی یەکەم لەهاوەلآن دەگەڕان بەدوای مرۆڤی چاکدا بۆ کچانیان، زۆر بەڕاشکاوی وەکو ئیمامی عومەر (رضي الله عنه) و پێشینانی چاکەکار.

٣- دروست نی یە کەخاوەنت رێگربێت لەشووکردنت بەبیانووی تەواوکردنی خوێندن و بەدەست هێنانی بڕوانامەو فەرمان، بەڵکو دەنوانیت هەردووکی بکەیت ئەگەر بۆت گونجا، لەبیرت نەچێت کەمالٌ و مێردو پەروەردەکردنی منداڵ یەکەم کارن بۆ ئافرەت.

٤ـ ئاگادارببە نەکەی مەرج بۆ پیاو دابنێیت بەتەلآق دانی ژنەکەی تری ئەگەر هەیبوو، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: حەڵاڵ نی یە بۆ ئافرەت کەوا دواخوازی تەڵاق دانی خوشکەکەی بکات بۆ ئەوەی قاپەکەی بەتاڵ بکات بۆ خۆی ، بەڵکو ئەوەی بۆ هەیە کە بۆی دانراوە لە لایەن خواوە . (رواه البخاري).

ئاهەنگی گواستنەوە

١ـ سوورِبە لەسەر ئاهەنگ گێڕانی شەرعی دوور لەخراپەکاری و تاوان و سەرپێچی کردن و تێکەڵاوی بەبیانووی ئەوەی کەئاهەنگەکە خێزانیەیە، وەنەکەن بووك و زاوا بەرزبکرێنەوە لەپێش چاوی خەڵکی، هێنانی گۆرانی بێژو کاسێتی گۆرانی لەڕێگەی بڵندگۆیی دەنگیەوە، وەشەونخوونی کردن بەوێنەگرتن.

٢ـ دروستە مارەبڕین ئاشکرا بکرێت بەدەف و سروودی ڕێگەپێ دراو ، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((فصل مابين الحلال والحرام الدف والصوت)) (أصحاب السنن).

جیاکەرەوەی نێوان حەڵاڵ و حەرام دەف لێدان و دەنگ دەربڕینە .

٣ـ ئاگاداربە لەنەریتی چاولێکەری خراپ، وەکو شەبقەو ئەڵقەکردنە پەنجەی بووك لەلایەن زاواکەوە داب و نەریتی گاورەکانەو بنچینەیەکی بیروباوەڕی هەیە لای ئەوان.

سەبارەت بە شەوی یەکەم

١ـ هەوڵ بدە پەرتووك بخوێنیتەوە دەربارەی ژیانی هاوسەرگیری شەرعی.

٢ـ ئاگاداربە لەخوێندنەوەی ئەو گۆڤارو پەرتووکە جنسی یانەی دوور لەڕێنمایی شەرعین.

٣ـ هەر شتێکت لەلا ئاڵۆزە پرسیار بکە لەو هاوڕێیانەت کەجێگای متمانەن.

٤- خۆت بڕازێنەوەو بۆنت خۆش بکە بۆ هاوسەرەکەت، وەئاگاداری بڕۆ هەڵگرتن و قژی دەستکردو قژبڕین بە لەسەر شێوازی پیاوان چونکە هەموو ئەمانە لەشەرعدا قەدەغەکراون.

٥- دوو ڕکات نوێژ بکە لەگەڵ هاوسەرەکەتدا، کەئامازەیە بۆ ئەوەی کەمەبەست لەهاوسەرگیری هەڵسانە بەئەرکێکی ئایینی و پەروەردەکردنی منداڵ.

٦- بەڵێ شەرم لەباوەڕەوەیە، بەڵام زیادەڕەوی تێدامەکە تا مێردەکەت لێت بێزار نەبێت.

٧- ئاگات لەقسەو گوفتارت بێت وەنەرم و نیان بەو هەستی بریندار مەکە.

مافەکانی پیاو لەسەر خێزانی

١- شەرعی پیرۆز هانی ئەوەی داوە کەگوێڕایەڵی هاوسەرەکەت بکەیت و ڕازی بکەیت ئەگەر تاوان نەبێت، ئەمە گەورەترین مافە بەسەر ئافرەتەوە، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((إذا صلت المرأة خمسها، وصامت شهرها، وحصنت فرجها، وأطاعت زوجها، قيل لها: أدخلي الجنة من أي أبواب الجنة شئت)) (صحيح ابن حبان).

واتە : ئەگەر ئافرەت پێنج نوێژەکەی ئەنجامبدات ، و ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بگرێت ، دامێنی بپارێزێت ، و گوێڕایەڵی مێردەکەی بکات ، پێی دەوترێت : بڕۆڕە ناو بەهەشتەوە لە هەر دەرگایەك لە دەرگاکانیەوە ویستت لێیەتی .

٢ـ ئاگاداربە نەبیتە هۆی دوودڵی هاوسەرەکەت ئەگەر پێویستی خێزانی هەبوو، یاخود بیانوو بهێنیتەوە، چونکە هەڕەشەی سەخت هاتووە بۆ ئەو ئافرەتانە، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((إذا دعا رجل أمرأته إلى فراشه، فأبت، فبات غضبان، لعنتها الملائكة حتى تصبح)) (رواه البخاري).

واتە : ئەگەر پیاو بانگی خێزانەکەی کرد بۆ سەر جێگا و ئەویش خۆی گرتەوە و مێردەکەشی بە تووڕەیی خەوت ئەوا فریشتەکان نەفرەتی لێدەکەن تاوەکو ڕۆژی لێدەبێتەوە .

٣ـ خۆت بەخۆشەویست و نەرم و نیان ڕابگرە تا هاوسەرەکەت هەست بەئارامی بکات، خوای گەورە دەفەرموێت: {وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ} (سورة الروم: ٢١).

واتە : لە نیشانەکانی دەسەڵاتی خوای گەورە ئەوەیە کە لە خوودی خۆتان خێزانی بۆ دروست کردوون بۆ ئەوەی لە پەنایدا ئارامبگرن و لە نێوانیاندا دۆستایەتی و بەزەیی پەیدا کردووە ، بەڕاستی ئەوە نیشانەی تێدایە بۆ خەڵکانێك بیربکەنەوە و تێبفکرێن .

ئاگاداری کاتی خواردن و خەوتنی بە، چونکە برسێتیو نەخەوتن تووڕەبوونیان لەدواوەیە، هەروەکو چۆن لەئامۆژگاری ئافرەتە دەشت نشینەکە هاتووە بۆ کچەکەی کەپێی دەڵێت: ئاگاداربە لەزۆر گلەیی و ناڕەزایی

لەسەر ئیش و کارو میوان، چونکە ئەبێتە هۆی ڕاکردنی پیاو لەماڵ، وەئارام بگرە چونکە پاداشتت دەست دەکەوێت إن شا ء الله.

٤- خۆت بڕازێنەوە بەکل و دەست نوێژگرتن و بۆن خۆش کردن و بایەخدان بەخاوێنی تاببیتە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی و چاوی پارێزراو بێت لەبینینی حەرام، بەڵام زیادەڕەوی مەکە بەشێوەیەک زۆربەی کات لەبەرامبەر ئاوێنە بەسەر بەریت، قیل لرسول الله (ﷺ) : أي النساء الخير؟ قال: ((التي تسره إذا نظر، وتطيعه إذا أمر، ولاتخالفه في نفسها ومالها بما يكره)) (أخرجه ابو داود).

واتە : وترا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) چاکترین ئافرەت کامەیە ؟ فەرمووی : ئەوەیە کاتێک مێردەکەی سەیری دەکات دڵی خۆش دەکات ، وە گوێڕایەڵی دەکات ئەگەر فەرمانی پێکرد ، وە پێچەوانەی ناکات لە خۆیدا و لە ماڵیدا بەوەی کە پێی ناخۆشە .

٥- خزمەت کردنی پیاو پێویستە بەتایبەتی لەپەروەردەکردنی منداڵ و ئامادەکردنی خواردن و جێگاو.. وەچاو بکە لەکچانی پێغەمبەر (ﷺ) و أسمائی کچی أبوبکر (خوایان لێ ڕازی بێت).

٦- پێویستە لەسەرت نهێنییەکانی پیاوەکەت بپارێزیت بەتایبەتی نێوان خۆتان، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((إن من شر الناس عند الله مترلة يوم القيامة الرجل يفضي إلى المرأة وتفضي إليه، ثم ينشر سرهما)) (رواه مسلم).واتە : بەڕاستی خراپترین خەڵک لای خوا لە ڕۆژی قیامەتدا ئەو پیاوەیە

کەوا دەچێە لای خێزانەکەی و ئەویش دەچێتە لای مێردەکەی ، ئەنجا نهێنی نێوانیان ئاشکرا دەکەن .

٧- خۆت بپارێزە لەکاتی دیارنەبوونی هاوسەرەکەت و ناپاکی لێ مەکە، خوای گەورە دەفەرموێت: {فَالصَّالِحَاتُ قَانِتَاتٌ حَافِظَاتٌ لِّلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ اللَّهُ} (سورة النساء: ٣٤).واتە : ئەو ئافرەتە چاك و گوێڕایەڵ و نهێنی پارێزانە بەوەی کە خوا دەیپارێزێت .

٨- خۆت بپارێزە لەدڵ پیسی کردن لەپیاو چونکە کلیلە بۆ تەلاقدان، دووربکەوەرەوە لەزۆر پرسیارکردن و لەوانە مەبە کەگیرفان دەگەڕێن و چاودێری تەلەفۆن دەکەن بەتایبەت ئەگەر خێزانی تری هەبوو.

٩- شیردان بەمندالێ و بەخێوکردنی، ئەمە بکە بەپەرستنێکی بەرزو نیەتی خۆت چاك بکە تا بەرهەمەکەیت دەست بکەوێت، خوای گەورە دەفەرموێت: {وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلاَدَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ لِمَنْ أَرَادَ أَن يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ} (سورة البقرة: ٢٣٣).

واتە : دایکان شیر دەدەن بە منداڵەکانیان دوو ساڵی کاملێ بۆ ئەوەی کە دەیەوێت شیردان تەواو بکات .

١٠- جێی متمانەی پیاوەکەت بە لەمالێ و سامانی، دروست نیەیە دەستکاری بکەیت بەبێ ڕەزامەندی ئەو، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((المرأة الراعية في بيت زوجها، ومسؤولة عن رعيتها)). واتە : ئافرەت سەرپەرشتیاری ماڵی مێردەکەیەتی و بەرپرسیارە لە بەڕێوەبردنی .

بەبێ ئیزنی پارە دەرمەکە، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((لایجوز لامرأة عطية إلا بإذن زوجها)) (أخرجه أبو داود).

واتە : دروست نیە بۆ ئافرەت مالێ ببەخشێت ئیللا بە ئیزنی مێردەکەی نەبێت .

١١- ڕێگە بەکەس مەدە بۆ مالّی بەبێ ئیزنی هاوسەرەکەت، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((لایحل للمرأة أن تصوم وزوجها شاهد إلا بإذنه، ولا تأذن في بيته إلا بإذنه)) (متفق عليه).

واتە: دروست نی یە بۆ ئافرەت بەڕۆژووی سوننەت بێت بەبێ ئیزنی پیاوەکەی، وەدروست نیە ڕێگە بەکەس بدات بۆ مالّەکەی بەبێ ئیزنی ئەو، واتە ڕێگە بەکەسێك نەدات کەپیاوەکەی ڕقی لێ بێت یان پێی ناخۆش بێت.

١٢- بەبێ ئیزنی هاوسەر بەڕۆژووی سوننەت نەبێت ئەگەر لەمالێ بوو، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((لایحل للمرأة أن تصوم وزوجها شاهد إلا بإذنه، ولا تأذن في بيته إلا بإذنه)) (متفق عليه).

واتە : دروست نی یە بۆ ئافرەت بەڕۆژووی سوننەت بێت بەبێ ئیزنی پیاوەکەی، وەدروست نیە ڕێگە بەکەس بدات بۆ مالّەکەی بەبێ ئیزنی ئەو، واتە ڕێگە بەکەسێك نەدات کەپیاوەکەی ڕقی لێ بێت یان پێی ناخۆش بێت.

١٣- لەمالێ دەرمەچۆ بەبێ ئیزنی ئەو، وەمەچۆ دەرەوە بۆ پێویستی و بەرژەوەندییەکی شەرعی نەبێت، خوای گەورە ئەفەرموێت: {وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ} (سورة الأحزاب: ٣٣).

١٤ـ چاوپۆشین لەهەڵەکانی بەتایبەتی هەڵەیەك کەمەبەست نەبێت، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((كل بني آدم خطاء، وخير الخطائين التوابون)) (أخرجه الترمذي).

واتە: هەموو ئادەمیزادێك هەڵە دەکات، بەڵام باشترین هەڵەکاران ئەوانەن کەتۆبە دەکەن و دەگەڕێنەوە. وەئاگاداربە زۆر ڕەخنە مەگرە چونکە دەبێتە هۆی تووڕە بوون و ڕق لێ بوون.

١٥ـ خۆت دوور بگرە لەمشت و مڕ لەکاتی تووڕە بوونیدا، باشترواپە قسەی پێ نەبڕیت و باش گوێی لێ بگریت هەتا هێمن دەبێتەوە پاشان لەیەك تێ بگەن، هەوڵ بدە خۆت دووربخەرەوە لەهەموو ئەو شتانەی تووڕەی دەکات تا ڕەزامەندی خوای گەورە بەدەست دێنیت، لەیادت نەچێت هەر ئەوە هۆی دۆزەخ و بەهەشتی تۆ، هەوڵ بدە ڕازی بکە بەهەموو هۆکارێکی شەرعی، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((نساؤكم من أهل الجنة: الودود، الولود، العؤود على زوجها، التي إذا غضب جاءت حتى تضع يدها في يد زوجها، وتقول: لا أذوق غمضا حتى ترضى)).

واتە: خێزانی بەهەشتی خۆشەویست و منداڵ خەرەوەیە، دەگەڕێتەوە بۆ لای هاوسەرەکەی کەتووڕە بێت دەستی دەگرێت و پێی دەڵێت: نانووم تاڕازی نەبیت لێم.

١٦- ڕاستگۆبە لەگەڵی بەتایبەتی لەکاتی نائامادەبوونیدا، دووربە لەدرۆ چونکە ئەگەر لێت دەرکەوێت متمانەی پێت نامێنێت، وەئەگەر متمانە نەما پەیوەندیتان خراپ دەبێت.

١٧- بەشداری کردنی ویژدانی لەخۆشی و ناخۆشیدا لەگەورەترین هۆکارەکانی خۆشەویستیەیە، ئاگادار بە خۆشحاڵی دەرنەبڕیت لەکاتی غەم و پەژارەیدا، وەدڵتەنگی دەرنەبڕیت لەکاتی دڵخۆشیدا، چونکە بەشداری کردن لەخۆشیدا زیاتری دەکات، وەلەناخۆشیدا سووکتری دەکات، هاوشانی و یارمەتی بدە لەئارام گرتن و بۆچوونداً.

١٨- ڕێز لەمیوان و کەس و کارو خزمی هاوسەرەکەت بگرە بەتایبەتی دایك و باوکی چونکە ئەوان لەتەمەنی دایك و باوکتدان، وەڕەوشتێکی شەرعی ڕەسەنە، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((ليس منا من لم يجل كبيرنا، ويرحم صغيرنا، ويعرف لعالمنا حقه)) (رواه أحمد).

واتە: لەئێمە نیەیە کەسێك ڕێز لەگەورە نەگرێت و بەزەیی بەبچووکدا نەیەتەوەو مافی زانامان نەزانێت.

١٩- ڕازیبە بەوەی هاوسەرەکەت بۆت دابین دەکات لەخواردن و خواردنەوەو پۆشاك و... جگە لەمانە کەلەتوانایدایە، وەسوپاسی بکەو نکوڵی مەکە، چونکە دەبێتە هۆی چوونە دۆزەخ، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت:

((أريت النار، فإذا أكثر أهلها النساء يكفرن، قيل: أيكفرن بالله؟ قال: يكفرن العشير، ويكفرن الإحسان، ولو أحسنت إلى إحداهن الدهر، ثم رأت منك شيئا، قالت: ما رأيت منك خيرا قط)).

واتە: دۆزەخم نیشان درا، بینیم زۆربەی خەڵکی ناوی ئافرەت بوون،و نکوڵی دەکەن. ووترا: ئایا نکوڵی لەخوای گەورە دەکەن؟ فەرمووی: نکوڵی چاکەی هاوسەرەکانیان کردووە، ئەگەر بەدرێژایی تەمەن چاکەیان لەگەڵ بکەیت پاشان شتێکت لێ ببینن، دەڵێن: هیچ چاکەیەکم لێت نەبینیوە.

٢٠ـ ئافرەتی چاك داوای تەلاّق و جیابوونەوە لەهاوسەرەکەی ناکات بەبێ هۆیەکی شەرعی، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((أيما أمرأة سألت زوجها طلاقا من غير بأس، فحرام عليها رائحة الجنة)) (أصحاب السنن).

واتە: هەر ئافرەتێك داوای جیابوونەوە بکات لەهاوسەرەکەی بەبێ هۆیەکی شەرعی، ئەوا بۆنی بەهەشت حەرامە لەسەری.

ئەمە مافەکانتانە بیزانن

١ـ مارەیی دیاری یەکی خوای گەورەیە بۆت، خوای گەورە دەفەرموێت: {وَآتُواْ النِّسَاء صَدُقَاتِهِنَّ نِحْلَةً } (سورة النساء: ٤).واتە : مارەیی بدەن بە ئافرەتان وەکو دیارییەك . پیاو بۆی نییە زۆرت لێ بکات کەشتێك لەمارەیەکەت لێ بسێنێت بەبێ ڕەزامەندی، خوای گەورە دەفەرموێت: { فَإِن طِبْنَ لَكُمْ عَن شَيْءٍ مِّنْهُ نَفْسًا} (سورة النساء: ٤).واتە : ئەگەر دڵیان پاك بوویەوە لە شتێك لە ماەرییەکەیان ئەوا بە حەڵاڵی بیخۆن .

٢ـ دابین کردنی پێداویستییەکانت، خوای گەورە دەفەرموێت: {الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاء بِمَا فَضَّلَ اللّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنفَقُواْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ} (سورة النساء: ٣٤). کەخواردن و خواردنەوەو پۆشاك و شوێن دەگرێتەوە..

وەپێویستە لەسەر پیاو ئەگەر ژنەکە دەوڵەمەندیش بوو، بەڵام پێویستە لەسەر ژنەکە داوای شتێکی لێ نەکات کەلەتوانایدا نەبێت.

٣- مافی خۆتە لەسەر هاوسەرەکەت کەغیرەتی هەبێت بەسەرتەوەو بتپارێزێت لەهەموو شتێك کەئازارت بدات.

٤- مامەڵەکردن بەچاکە: خوای گەورە دەفەرموێت: { وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ} (سورة النساء: ١٩) . واتە: هەڵس و کەوتتان چاك بێت لەگەڵیاندا وەنەرم و نیان بێت و ڕەق و تووندو تیژ نەبێت بەبێ تاوان، هەروەها دادپەروەر بێت لەنێوان خێزانەکانیدا ئەگەر زیاتر لەژنێکی هەبوو، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((من كانت له أمرأتان يميل لإحداهما عن الأخرى جاء يوم القيامة يجر أحد شقيه ساقطا أو مائلا)) (رواه الترمذي).

واتە: هەرپیاوێك دوو ژنی هەبوو، بەلای یەکێکیاندا لایدەدا ئەوا لەڕۆژی قیامەتدا لایەکی بەربۆتەوەو ڕایدەکێشێت و یاخود لالەنگە.

وەلەمامەڵەکرنی چاکە ڕێزلێنان لەکەس و کارت و بانگ کردنیان لەبۆنەکانداو چاکەکردن لەگەڵیاندا.

وەلەمامەڵەکردنی چاکە ئەوەیە نەخۆش کەوتیت چارەسەرت بکات.

٥- گوێڕایەڵی هاوسەرەکەت نەکەیت لەشتێکدا کەبۆی حەلاڵ نی یەو تاوانە، وەکو داواکردنی لەکاتی بێ نوێژی و زەیستانی و لەکاتی بەڕۆژوو بوونی فەرز .

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێت:

((لاطاعة لبشر في معصية الله، إنما الطاعة في المعروف)) (رواه البخاري).واتە: گوێڕایەڵی نییە بۆ هیچ مرۆڤێك لەسەرپێچی خوای گەورەدا، بەڵکو گوێڕایەڵی تەنها لەچاکەدا ئەبێت.

٦ـ ئەگەر هاوسەرەکەت لەحەق لایدا ئەوا ئامۆژگاری بکە، وەئەگەر بەردەوام بوو ئەوا سەرپێچی بکە، چونکە ئافرەتی موسڵمان دروست نییە لەلای کافر بمێنێتەوە.

٧ـ حەرامە بەبێ هۆیەکی شەرعی لێت دووربکەوێتەوە، چونکە فەرمانی پێ دراوە کەمافت بدات.

٨ـ مافی خۆتە لەسەر هاوسەرەکەت کەبتپارێزێت لەئاگر بەفێرکردن و پەروەردەکردن، خوای گەورە دەفەرمووێت: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ عَلَيْهَا مَلَائِكَةٌ غِلَاظٌ شِدَادٌ لَا يَعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ} (سورة التحريم: ٦).

واتە: ئەی باوەڕداران خۆتان و کەس و کارتان بپارێزن لەئاگرێك کەسووتەمەنییەکەی خەڵکی و بەردە، فریشتەی دڵ ڕەقی ئەستووری لەسەرە بێ فەرمانی خوای گەورە ناکەن وەچی فەرمانیان پێ بکات جێ بەجێی دەکەن.

ئیمامی عەلی (رضي الله عنه) دەفەرمووێت: ((خۆتان و کەس و کارتان فێری چاکە بکەن و پەروەردەیان بکەن))، الألوسی دەفەرمووێت: ((ئەمە بەڵگەیە

لەسەر ئەوەی کەپێویستە لەسەر پیاو ئەوەی کەفەرزە لەسەری بیزانێت و کەس و کاری فێربکات..))

ئەگەر هاوسەرەکەت بەمە هەڵنەسا پێویستە لەدەرەوە فێری بنچینەکانی دینەکەت بێت، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((طلب العلم فريضة على كل مسلم)).واتە: گەڕان بەدوای زانیاریدا فەرزە لەسەر هەموو موسڵمانێك.

٩- دروست نییە هاوسەرەکەت ڕێگریت بکات بەهەڵسان بەئەرکە دینییەکانت وەکو بانگەوازکردن بۆ لای خواو سەرخستنی دین بەبیانووی ئەوەی کەتۆ ئافرەتیت و گرنگترین ئەرکت مالێ و منداڵە.. ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەرت (ﷺ) لەیادبێت کەدەفەرموێت: ((النساء شقائق الرجال)).

واتە: ئافرەتان هاوشانی پیاوانن. بەڵام ئاگاداری هاوکێشەبە ماڵەکەت پشت گوێ نەخەیت بەبیانووی ئەرکی دینی.

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته ...

مەرجەکانی باڵا پۆشی
لە ئیسلامدا

خوشکەکەم : بزانە کە خوای بڵند و بااڵ دەست پلە و پایەیەکی بەرزی بۆ ئافرەتان داناوە ، هەر بۆ ئەوەشە کە فرمان پێکدنی بە پۆشاکی شەرعی وە خۆداپۆشین ڕێز لێنان ، و پلە بەرزی یە بۆ ئافرەتان ، وە پارێزەریشە بۆی بۆ ئەوەی نەبێت بە کالایەکی بێ نرخ هەریەکە بە وویستی خۆی هەرچۆنێك و هەر کاتێك بیەوێت تەماشای بکات ، وە بۆ ئەوەی ئەم پۆشاکە بێتە هۆکارێك بۆ دەست درێژی نەکردنە سەری ، ڕێگر بێت لە هاندانی گەنجان بۆ خۆی .

جا بۆ ئەوەی ئەو پۆشاکە پۆشاکێکی شەرعی بێت ، هەروەکو چۆن خوای گەورە ، و پێغەمبەرەکەی ﷺ فەرمانیان پێکردووە ، دەبێت چەند مەرجێکی شەرعی پێویستی تێدا بێت ، لەوانە :

١ / دا پۆشەری هەموو لەش بێت ، دەست و ڕوومەت نەبێت [٢٠] : هەر چەند دابپۆشینی ئەو دووانەش باشتر و تەواوتر و چاکترە ، لە بەر هەموو ئەو بەڵگانەی کە لەو بارەیەوە هاتوون ، و ئەو داپۆشینەشە کە کاری ئافرەتانی پێشینی لە سەر بووە - خوایان لێ ڕازی بێت - ، وە لە سەروی ئەوانیشەوە خێزانە پاك بەڕێزەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ ، خوایان لێ ڕازی بێت .

---

[٢٠] بەڵام سەبارەت بە پێکانی ئافرەت بەهەمان شێوە بە عەورەت دەژمێردرێن ، و پێویستە دابپۆشرێن ، داپۆشینیشیان بە گۆرەوەی بەس نیە ، با گورەویەکانیش ئەستور بن ، چونکە قەبارەی پێکان دەردەخەن ، بۆیە دەبینین کە پێغەمبەری خوا ﷺ پرسیاری لێ کرا سەبارەت بە دامێنە ، و پاڵدمی ئافرەتان ؟ فەرمووی : " یرخین شبراً " ، واتە : با بستێك شۆڕی بکەنەوە ، (أم سلمة) - ڕەزای خوای لێ بێت - فەرمووی : کەواتە پێکانیان دەر دەکەوێت ؟! ئەویش فەرمووی : " فیرخینه ذراعاً ، لا یزدن علیه " ، واتە : با باڵێك درێژی بکەنەوە ، و لەوەش زیاتری نەکەنەوە (سلسلة الأحادیث الصحیحة : ١٨٦٤) .

٢ / نابێت پۆشاکەکە بۆ ناوبانگ ، و شۆرەت بێت : واتە نابێت مەبەستی لە داپۆشینەکەی ئەوەبێت کە سەرنج و دیدی خەڵك بۆ لای خۆی ڕابکێشێت ، ئەویش خۆی لێ بایی بێت و موعجیب بێت بەخۆی و بەسەریاندا فیز زلی لێبدات ، و فیزیان بە سەردا بکات ، با پۆشاکەکەشی پینەکراویش بێت ، مادامە مەبەستی پێی ناوبانگ ، و ناودەرکردن بێت لە ناو خەڵکدا ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " **مَن لَبِسَ ثَوبَ شُهْرَةٍ في الدنيا ، ألبَسَهُ اللهُ ثوبَ مذلَّةٍ يوم القيامة ، ثم أُلهبَ فِيه ناراً** " (٢١)

واتە : هەرکەسێك لە دونیادا پۆشاکی شۆرەت و ناوبانگی بپۆشێت ، ئەوا خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا پۆشاکە سەر شۆڕی و زەلیلی دەکاتە بە ، پاشان گڕ و بڵێسەی تێ بەر دەدرێت .

٣ / ئەبێت ئەستوور بێت و ناسك نەبێت ، بە شێوەیەك ڕەنگی پێست دەرنەخات : ئەوەش لە بەر ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ : " **سيكونُ في آخرِ أمتي نساءٌ كاسياتٌ عارياتٌ ، على رؤوسهنَّ كأسنِمَةِ البُخت ، العنوهنَّ فإنهنَّ ملعونات** " (٢٢) .

---

(٢١) حسنه العلامة الألباني في : (صحيح سنن ابن ماجه : ٢ / ١١٩٢، برقم : ٣٦٠٧) ، و (صحيح الترغيب والترهيب : ٢ ، برقم : ٢٠٨٩) ، **وه بڕوانە** : (جلباب المرأة المسلمة : ٢١٣) .

(٢٢) صححه العلامة الألباني في : (السلسلة الصحيحة ٦ : ٤١١ ، برقم : ٢٦٨٣) ، **وه بڕوانە** : (جلباب المرأة المسلمة : ١٢٥) .

واتە : کۆمەڵە ئافرەتێك ـ لە کۆتایی ئوممەتەکەم ـ دەردەکەون داپۆشراو ، و ڕووتن ، پرچیان بە شێوەیەك بە سەر سەریانەوە دەبەستن وەکو بان پشتی ووشتر وایە ، نەفرەتیان لێ بکەن ئەوانە نەفرەت لێکراون .

قال العلماء : ((أراد ﷺ النساء اللواتي يلبسن من الثياب الشيء الخفيف ، الذي يصف ولا يستر ، فهنَّ كاسيات بالإسم ، عاريات في الحقيقة)) (٢٣)

واتە : زانایان فەرمویانە : مەبەستی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو ئافرەتانەیە کە جل و بەرگی ناسك دەکەنە بەر ئەو جۆرە پۆشاکانە لە ڕاستیدا لەشیان دەردەخات ، نەك ئەوەی کە دایان بپۆشێت ، ئەو جۆرە ئافرەتانە بە ناو داپۆشراون ، کەچی لە ڕاستیدا ڕووتن .

وە کاتێك کە (**منذر**) ی کوڕی (**زبير**) لە عێراق گەڕایەوە جل و بەرگێکی (**مروية** [٢٤] ، **و قوهية** [٢٥]) ، نارد بۆ (**أسماء**) ی کچی (**أبو بكر**) ، کە پۆشاکێکی ناسك بوو ، ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە (**أسماء**) چاوەکانی لە دەست دابوو ، واتە : نابینا بوو : ڕاوی دەڵێت : کە (**أسماء**) دەستی دا بە پۆشاکەکەوە ، فەرمووی : ئوف بۆ ئەم جل و بەرگە ، جل و بەرگەکەی بۆ بگەڕێننەوە ، (**منذر**) یش ئەوەی زۆر لەلا گەورە و گران بوو ، بۆیە فەرمووی : ئەی دایکی بەڕێزم ئەوە تەنك نییە بۆ ئەوەی لەش دەربخات ، ئەویش

---

[٢٣] (جلباب المرأة المسلمة : ١٢٧) .

[٢٤] **مَروِيَة** : پۆشاکێکی ناوداره له (العراق) نیسبەته بۆ (مرو) ، که لادێیەکه سەر به (کوفة) یه.

[٢٥] **قَوهِيَة** : پۆشاکێکه له (قوهستان) دا دروست دەکرێت ، که ناوچەیەکه له (خُراسان) .

لەوەڵامدا فەرمووی : ئەگەر لەشی تێدا دەرنەکەوێت ، خۆ قەبارەی لەش دەردەخات [٢٦] .

/ دەبێت فراوان بێت و تەنگ نەبێت : واتە **: بە شێوەیەك بێت قەبارەی ئەندامەکان دەرنەخات :** لە (**أسامة**) ی کوڕی (**زید**)ەوە ـ خوا لە خۆی و باوکیشی ڕازی بێت ـ دەفەرموێت : پێغەمبەری خوا ﷺ جلێکی (**قبطي** [٢٧]) پێ بەخشیم کە ئەویش (**دحية الكلبي**) پێی بەخشی بوو ، منیش دام بە خێزانەکەم بۆ ئەوەی بیپۆشێت ، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرمووم : " **مالك لم تلبس القبطية ؟** " ، واتە : ئەوە بۆ جلە (**قبطية**) کە لە بەر ناکەیت ؟ منیش پێم ووت : داومە بە خێزانەکەم لە بەری بکات ، ئەویش فەرمووی : " **مُرها فلتجعل تحتها غلالة (٢٨) ، فإني أخاف أن تصف حجم عظامها " (٢٩)** ، واتە : کە ڕۆشتیتەوە فرمانی پێ بکە بەوەی کە شتێکی تری بە ژێردا بپۆشێت ، چونکە لەوە دەترسم قەبارەی ئەندامەکانی لەشی دەربخات .

---

[٢٦] صححه العلامة الألباني في : (جلباب المرأة المسلمة : ١٠٧) .

[٢٧] **القبطية** : جۆرە پۆشاك و جلێکی میسری ، تەنك و سپی یە .

[٢٨] **غلالة** : پۆشاکێکە لە ژێرەوەی پۆشاکەکانی تردا دەپۆشرێت ، بۆ ئەوەی قەبارەی لەشی ئافرەت دەرنەکەوێت .

[٢٩] حسنه العلامة الألباني في : (جلباب المرأة المسلمة : ١٣١) ، وقال : الحديث إسناده حسن ، وهو من رواية أسامة بن زيد ، وأخرجه أحمد والبيهقي .

٥ / نـابێ بخـورکراو و بـۆن خـۆش کـراو بێـت : ئـەوەش لەبـەر ئـەو فەرموودەیـەی کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ تێیـدا فەرموویـەتی : " أيما امرأة استعطرت ، فمرت على قوم ، ليجدوا من ريحها ، فهي زانية "(٣٠) .

واتـە : هـەر ئافرەتێـك خـۆی بۆنخـۆش کـرد ، و پاشـان لـە مـاڵ ڕۆشـتە دەرەوە ، و بەڵای کۆمەڵێکدا تێپەڕ بوو و بۆنی چـوبە سـەریاندا ، ئـەوە وەکـو ئەوە وایە ئەو ئافرەتە داوێن پیسی کرد بێت .

٦ / نابێت پۆشاکەکەی لە سەر شێوازی جل و بـەرگی پیـاوان بێـت : لـە (**أبو هريرة**) هوە ڕضی الله عنه دەگێڕنەوە کە لە پێغەمبەری خـواوە ﷺ دەگێڕێتـەوە و دەفەرموێت :

" لعن رسول الله ﷺ الرجل يلبس لبسة المرأة والمرأة تلبس لبسة الرجل "(٣١)

واتـە : پێغەمبـەری خـوا ﷺ نـەفرەتی کـردووە لـەو پیـاوەی کـە جـل و بەرگی ئافرەتان لە بەر دەکەن ، و ئەو ئافرەتانەش کـە جـل و بـەرگی پیـاوان لەبەر دەکەن [٣٢] .

---

[٣٠] حسنه العلامة الألباني في : (صحيح سنن النسائي : ٥١٢٦) ، و (صحيح وضعيف الجامع : ٢٧٠١) ، و (صحيح الترغيب والترهيب : ٢٠١٩) ، وه بڕوانە : (جلباب المرأة المسلمة : ١٣٧) .

[٣١] صححه العلامة الألباني في : (صحيح سنن أبي داود : ٤٠٩٨) ، و (صحيح الترغيب والترهيب : ٢٠٦٩) ، وه بڕوانە : (جلباب المرأة المسلمة : ١٤١) .

[٣٢] وەك : پانتۆڵ ، هیچ جیاوازیش نیـیە لەوەی کـە پانتۆڵەکـە ئاشـکرا بێـت یـان لـە ژێـرەوەی پۆشاکی مانتۆدا بێت ، مانتۆکە کورت بێت یـان درێـژ ، لـە ماڵـەوە بێـت بـۆ مێردەکـەی یـان لـە دەرەوە لە پێش چاوی خەڵك ، چونکە جلێکی تایبەتە بە پیاوانەوە ، نابێـت ئافرەتـان ببپۆشـن ، یان هەر پۆشاکێکی تایبەتی تر بە پیاوان کە ئافرەتان دەیپۆشن .

٧ / نابێت پۆشاکەکەی لە سەر شێوازی جل و بەرگی ئافرەتانی بێباوەڕ بێت : لە (**عبدالله**) ی کوڕی (**عمر**)ەوە دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ دوو جلی (**معصفر** [٣٣]) ی لە بەردا بینی ، و فەرمووی : " إن هذه من ثياب الكفار فلا تلبسها " (٣٤) ، واتە : ئەم جلانە جلی بێباوەڕانە مەیان پۆشە .

٨ / نابێت خۆی لە خۆیدا ڕازاوەیی ، و جوانی تێدا بێت : لە بەر فەرمودەی خوای گەورە کە دەفەرموێت : ﴿ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ ﴾ [٣٥] ، واتە : با ئافرەتان جوانیەکانیان دەرنەخەن ، وە خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى ﴾ [٣٦] ، واتە : لە ماڵەکانتان بمێننەوە و لەکاتی دەرچونتاندا خۆتان ڕووت نەکەنەوە ، هەروەک چۆن ئافرەتان لە سەردەمی نەفامیدا خۆیان ڕووت دەکردەوە .

---

[٣٣] **المُعَصْفَر** : ئەو پۆشاکەیە کە بە ڕووەکی (عَصْفَر) ڕەنگ دەکرێت ، کە ڕەنگێکی سووری زۆر تۆخی لێ دەردەکرێت .

[٣٤] (مسلم : ٢٠٧٧ ، و ٢٧) .

[٣٥] (سورة النور : ٣١) .

[٣٦] (سورة الأحزاب : ٣٣) .

وە لەبەر ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە تێیدا دەفەرموێت : " ثلاثة لا تسأل عنهم . وذكر منهم . : ... وامرأة غاب عنها زوجها ، قد كفاها مؤونة الدنيا ، فتبرجت بعده ... " (٣٧) .

واتە : سێ جۆر کەس هەن - لە گەورەیی تاوانیان - سەبارەتیان هیچ پرسیارێك مەکە : یەکێك لەوانەی کەباسی کردووە : ئافرەتێکە پیاوەکەی لە لا نەبێت ، بژێوی ڕۆژانەشی بۆ دابین کرد بێت ، و بەجێ هێشتوو بێت ، کەچی ئەو لە پاش ئەو خۆی بڕازێنێتەوە ، و جوانیەکانی خۆی دەربخات .

وە هەروەها لە بەر ئەم فەرموودەیەش کە پێغەمبەری خوا ﷺ تێدا فەرموویەتی : " وشر نسائكم المتبرجات المتخيلات ، وهن المنافقات ، لا يدخل الجنة منهن إلا مثل الغراب الأعصم " (٣٨) .

واتە : خرابترینی ئافرەتەکانتان ئەو ئافرەتانەن کە جوانیەکانی خۆیان دەردەخەن ، و خۆ دەڕازێننەوە ، و لە خۆ ڕازین و فیز تەکەبر دەکەن بە سەر ئافرەتانی تردا ، بەڕاستی ئەوانە خۆ دەشوبهێنن بە دوو ڕووان ، هیچ یەکێك لەوانە ناڕواتە بەهەشتەوە ، ئیللا وەکو قەڵە بازەڵە نەبێت (کە جۆرێکە لە قەڵە ڕەش باڵەکانی یان پێکانی سپین) ، هێنانەوەی ئەم شێوەیە لە قەڵە

---

(٣٧) صححه العلامة الألباني في : (الصحيحة : برقم : ٥٤٢) .

(٣٨) صححه العلامة الألباني في : (الصحيحة ، برقم : ١٨٤٩) .

ڕەش بـە نموونـە بـە هـۆی کەمیانەوەیـە ، بـۆ ئامـاژە کردنـە بـە کـەمی ئـەو ئافرەتانەی کە دەڕۆنە بەهەشتەوە .

ئا ئەمەیە مەرجەکانی پۆشاکی شەرعی تەواو کە پۆشاکەکەت دەکـەن بـە پۆشاکێکی شەرعی ، ئەو پۆشاکەی بە پۆشینی گوێڕایەڵی خـۆت دەر دەبڕیـت بۆ خوای گەورە ، هەر ئەوەشە کە بە پۆشینی پارێزراو دەبیت لـەو گورگانـەی کە ئەیانەوێت تۆ دەرکەویت ، و بە ئارەزووی خۆیان بە تۆ ڕابوێرن .

خوشکەکەم : ئەگەر تۆ ئەم داواکاریە تەواو و تێـرو تەسـەلەلەی پـەروەردگارت لـە ڕواڵەتـدا بـە دی هێنـا ، بـە تـەواوی و شـکۆداری و بـە لەسـەر خـۆی ، و هەیبەتەوە ، و لە هەموو جموجوڵتـدا ، ئـەوا ڕووناکی یـە لـە سـەر ڕووناکی ، بێگومان ڕووالەتیش بە تـەنها بـەس نـیـە بـە بـێ نـاوەڕۆك ، بۆیـە ئافرەتـان فەرمان پێکراون بە پاراستنی هەموو جموجوڵێکیان ، لە گەڵ پاراستنی چاو و زمانیان ، هەروەها چاودێری کاری عەقڵ و دەروونی خۆی بێت ، و زاڵیش بێت بە سەریدا ، و زیاتر شەرم و حەیای پێوە دیار بێت ، و کەمیش بدوێت ، خوای گەورە فەرمویەتی : ﴿ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا﴾ [٣٩] .

---

[٣٩] (سورة النور : ٣١) .

واتـه : بـه ئافرەتـانی بـڕوادار بڵـێ کـه چـاویان لـه تەماشـاکردنی حـەرام بپارێزن ، داوێنیشیان بپارێزن له داوێن پیسی ، جوانیەکانیشیان دەرنەخەن ، جگه لەوەی نەبێت که بەبێ دەسەڵاتی ئەوان دەردەکەوێت .

وَآخِرُ دَعْوَاهُمْ أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

* * * * * * * *

جۆرەکانی خوێنی ئافرەت

✍ **باسی یەکەم: خوێنی بێ نوێژی:**

✎ خالّی یەکەم: پێناسەکەی.

✎ خالّی دووەم: کاتەکەی.

✎ خالّی سییەم: ڕەنگەکەی.

✎ خالّی چوارەم: ماوەکەی.

✍ **باسی دووەم: خوێنی زەیسانی:**

✎ خالّی یەکەم: پێناسەکەی.

✎ خالّی دووەم: ماوەکەی.

✍ **باسی سێیەم: خوێنی نەخۆشی**

✎ خالّی یەکەم: پێناسەکەی.

✎ خالّی دووەم: چۆنیەتی جیاکردنەوەی خوێنەکە.

باسی یەکەم

خوێنی بێ نوێژی « الحيض »

خاڵی یەکەم پێناسەکەی:

خوێنی بێ نوێژی: بریتیە لەو خوێنەی کە لە شوێنی منداڵبوونی ئافرەتەوە دەردەچێت لە کاتی لەش ساغیو پێگەیشتنی داو لە چەند رۆژێکی دیاری کراودا، بەبێ هۆی منداڵ بوونی یان پەردەی کچێنی لاچوونی.

وەئەم خوێنە پێشی دەگوترێ « خوێنی سوڕی مانگانە»، چونکە لە هەموو مانگێکدا چەند رۆژێ دەکەوێتە سەر ئەم خوێنە، وە لەزمانی عەرەبی دا پێی دەوترێ «حيض»کە لە ئەصلی زماندا بەمانای «سيلان» ڕژانو لەبەر ڕۆیشتن دێ.(١)

خاڵی دووەم: کاتەکەی :

شەرع کەمو زۆری تەمەنی ئافرەتی نەکردوە بە پێوەر بۆ دیاری کردنی سەرەتای ئەو تەمەنەی کە ئافرەت تێیدا دەکەوێتە بێ نوێژیەوە، بەڵکو دەرکەوتنی خوێنەکەی کردووە بە پێوەر بۆ سەرەتای تەمەنی کەوتنە سەر خوێن، ئیتر لە هەر سااڵێکی تەمەندا بێ.

وەهەروەها پێ دەچێ سوڕی مانگانەی کەوتنە سەر خوێن درێژە بکێشێ تا کۆتای تەمەن.(٢).

---

(١)المغني١/٣١٣، المحلى٢/٢٢٠، المجموع٣/٣٤٢، فقه السنة١/١٥٨.

(٢)المجموع٢/٣٧٤ .

خاڵی سێیەم: ڕەنگەکەی:

مەرجە خوێنی بێ نوێژی لەسەر ڕەنگێك لەم ڕەنگانەی خوارەوە بێ :

سورێکی تۆخی مەیلەو ڕەش: بەڵگەش بۆ ئەوە: « فَاطِمَةَ بِنْتِ أَبِي حُبَيْشٍ»کاتێ توشی خوێنی نەخۆشی بوو، پێغەمبەر«ﷺ» پێی فەرموو « إِذَا كَانَ دَمُ الْحَيْضَةِ فَإِنَّهُ أَسْوَدُ يُعْرَفُ فَإِذَا كَانَ ذَلِكَ فَأَمْسِكِي عَنْ الصَّلَاةِ فَإِذَا كَانَ الْآخَرُ فَتَوَضَّئِي وَصَلِّي فَإِنَّمَا هُوَ عِرْقٌ».

واتە « ئەگەر خوێنەکە خوێنی بێ نوێژی بێ، ئەوا ڕەنگەکەی مەیلەو ڕەشەو دەناسرێ، ئەگەر ئەو خوێنە بوو ئەوە لە ماوەی کەوتنە سەر ئەو خوێنە واز لە نوێژکردن بهێنە، بەڵام ئەگەر خوێنەکەی تریان بوو ، ئەوا دەستنوێژبگرەو نوێژبکە چونکە ئەوە خوێنی دەمارە نەك خوێنی بێ نوێژی»(٣)

ئیمامی « الشوكاني» لە « نيل الأوطار ١ / ٣٤١» دا دەفەرموێ:

« والحديث فيه دلالة على أنه يعتبر التمييز بصفة الدم فإذا كان متصفا بصفة السواد فهو حيض وإلا فهو استحاضة». واتە« ئەم فەرموودەیە دەبێتە بەڵگە بۆ ئەوەی کە ڕەنگی خوێنەکە گرنگە بۆ جیاکردنەوەو ناسینەوەی، جا ئەگەر خوێنەکە شێوەی ڕەشی لە خۆگرت ئەوە خوێنی بێ نوێژییە، ئەگەر نا ئەوە خوێنی نەخۆشییە».

---

(٣)حديث حسن : سنن أبي داود -كتاب الطهارة- حديث : ٢٥٠،

ڕەشیەتی ڕەنگی خوێنەکە کاتێك دەکرێتە پێوەرو نیشانە بۆ ناسینەوەی خوێنی بێ نوێژی، کە ئەو خوێنە تێکەڵ بووبێ لەگەڵ خوێنی نەخۆشی، واتە هەرکاتێك ئافرەتێك توشی خوێنی نەخۆشی هاتبوو، وەلەو ماوەیەشدا کەوتە بێ نوێژیەوە ئەوە دەتوانێ ڕۆژانی حەیزەکەی بە ڕەنگی خوێنەکە دیاری بکات، هەتا ڕەنگەکەی مەیلەو ڕەش بێ ئەوە حەیزە، کەی ڕەنگی ڕەشیەکەی نەما ئەوە خوێنی نەخۆشییە.(٤).

٢- سوور : بەڵگەی سووریەتی ڕەنگەکەی ئەوەیە کە ڕەنگی سوور ڕەنگی ئەصڵی خوێنە.

٣- زەرد: ئەویش جۆرە ئاوێکە لەکاتی بێ نوێژی دا لە لە شوێنی منالّبوونی ئافرەتەوە دێتە خوارەوەو زیاتر مەیلەو زەرد دەردەکەوێت.

٤- لێڵو بۆر: بەڵگەش بۆ ئەوە:« عَلْقَمَةَ بْنِ أَبِی عَلْقَمَةَ» لە دایکیەوە دەیگێڕێتەوە کە خزمەتکاری عائشە بوو دەفەرموێت: ئافرەتان لەناو قوتووەکانیان دا لۆکەیان دەنارد بۆ عائشە کە زەردی پێوە بوو، عائشەش فەرمووی :« لاَ تَعَجَلْنَ حَتَّی تَرَیْنَ الْقَصَّةَ الْبَیْضَاءَ. تُرِیدُ بِذَلِكَ أَیِ الطُّهْرَ مِنَ الْحَیْضَةِ» .

واتە « پەلەمەکەن هەتا لۆکەکە بە سپێتی دەبینیو زەردایی پێوە نامێنێ، مەبەستی بەوەش پاکبوونەوە بوو لە بێ نوێژی».(٥)

---

(٤)تمام المنة ١٣٦.

(٥)**صحیح**: موطأ مالك - كتاب الطهارة- باب طهر الحائض - حديث : ١٢٧.

لە گێڕانەوەیەکی تر دا هاتووە کە عائشە فەرموویەتی:«إِذَا رَأَتْ الدَّمَ فَلْتُمْسِكْ عَنْ الصَّلَاةِ حَتَّى تَرَى الطُّهْرَ أَبْيَضَ كَالْقَصَّةِ ثُمَّ لِتَغْتَسِلْ وَتُصَلِّي».

واتە «ئەگەر خوێنی بینی با واز لە نوێژ بهێنێ، تاوەکو پاکێتییە سپیەکە دەبینێ، کە وەکو زیو دەردەکەوێ پاشان خۆی بشوات و نوێژ بکات»(٦)

وە ئەو ئاوە زەردباو لێڵۆ بۆرەش کاتێ دەکرێتە نیشانەو سەلمێنەری بێ نوێژیو بە بێ نوێژی دادەنرێ کە ئافرەتەکە لە سووڕی خوێندا بێ و لە ڕۆژانی حەیزدا بێ، ئەگەر نا بە حەیز دانانرێ.

بەڵگەش بۆ ئەوە: « أُمِّ عَطِيَّةَ» دەفەرموێ: « كُنَّا لَا نَعُدُّ الصُّفْرَةَ وَالْكُدْرَةَ بعد الطهرشَيْئًا ». واتە « ئێمە لەپاش پاك بوونەوەمان زەردیو لێڵاییمان بە هیچ نەدەزانیو حیسابی بێ نوێژیمان بۆ نەدەکرد»(٧)

کەوابوو لەکاتی بێ نوێژی دا بە نیشانەی حەیزیان زانیوە، بەڵام پاش پاك بوونەوەو بەسەر چوونی حەیزەکە حسابی خوێنی خەیریان بۆ نەکردووە.(٨)

---

(٦)**حسن**: سنن الدارمي -كتاب الطهارة- باب : الطهر كيف هو ؟ - حديث : ٨٩٢ .

(٧)**صحيح**: سنن ابن ماجه -كتاب الطهارة وسننها- أبواب التيمم -

(٨)المجموع٢/٣٩٢ .

خاڵی چوارەم: ماوەکەی:

شەرع لایەنی کەم و زۆری کەوتنە سەر خوێنی دیاری نەکردووە، بۆیە بۆ زانینو پەی بردن بە ماوەی بێ نوێژیو پاکبوونەوە، شەرع عادەتی ئافرەتەکە خۆی کردۆتە پێوەر بۆ ئەوەی چەندێ لە بێ نوێژی دا دەمێنێتەوە، بەڵام زۆربەی زۆری عادەتی ئافرەتان شەش تا حەوت ڕۆژە، دەکرێ لەوە زیاتر بێو دەشگونجێ لەوە کەمتر بێ.

بەڵگەش بۆ ئەوە:«عَائِشَةَ» خوای لێ ڕازی بێ دەفەرمووێ:«أُمَّ حَبِيبَةَ»پرسیاری لە پێغەمبەرکرد«ﷺ» دەربارەی خوێنی بێ نوێژی، پێغەمبەریش«ﷺ»پێی فەرموو: «امْكُثِي قَدْرَ مَا كَانَتْ تَحْبِسُكِ حَيْضَتُكِ ثُمَّ اغْتَسِلِي وَصَلِّي».

واتە «واز لە نوێژ بهێنە بەگوێرەی ئەوەی کە بێ نوێژیەکەت توش دەبێ، پاشان خۆت بشۆو دەست بکە بە نوێژ»(٩)

«أُمُّ سَلَمَةَ »پرسیاری لە پێغەمبەری خوا «ﷺ»کرد لە بارەی ئافرەتێکەوە ، خوێنێکی زۆر لە گیانی دێت ، ئەویش فەرمووی: « لِتَنْظُرْ عِدَّةَ اللَّيَالِي وَالْأَيَّامِ الَّتِي كَانَتْ تَحِيضُهُنَّ مِنْ الشَّهْرِ قَبْلَ أَنْ يُصِيبَهَا الَّذِي أَصَابَهَا فَلْتَتْرُكْ الصَّلَاةَ قَدْرَ ذَلِكَ مِنْ الشَّهْرِ فَإِذَا خَلَّفَتْ ذَلِكَ فَلْتَغْتَسِلْ ثُمَّ لِتَسْتَثْفِرْ بِثَوْبٍ ثُمَّ لِتُصَلِّ فِيهِ»

---

(٩) صحيح مسلم -كتاب الحيض- باب المستحاضة وغسلها وصلاتها - حديث : ٥٣٠-٥٣١

واتە « با تەماشا بکات ، بەماوەی ئەو شەو و ڕۆژانەی کەلە پێش دا تێیدا تووشی حەیز دەهات لەمانگێك دا ،پێش ئەوەی تووشی ئەوە ببێت کە تووشی بوو ، جا–لەوماوەیەدا – واز لە نوێژ بێنێت ، جا ئەگەر ئەوە نەما باخۆی بشوات و خۆی باش پاك بکاتەوە پاشان نوێژ بکات»(١٠)

بەڵام ئەگەر ئافرەتێك عادەتێکی دیاری کراوی نەبوو کە لە حەیزدا لەسەری بڕوات، ئەوا دەبێ سەیری نیشانەکانی خوێنەکە بکات. بەپێی «حدیث»کەی « فَاطِمَةَ » کەپێشتر باسمان کرد:

« فَاطِمَةَ بِنْتِ أَبِي حُبَيْشٍ»کاتێ توشی خوێنی نەخۆشی بوو، پێغەمبەر«ﷺ» پێی فەرموو: « إِذَا كَانَ دَمُ الْحَيْضَةِ فَإِنَّهُ أَسْوَدُ يُعْرَفُ فَإِذَا كَانَ ذَلِكَ فَأَمْسِكِي عَنْ الصَّلَاةِ فَإِذَا كَانَ الْآخَرُ فَتَوَضَّئِي وَصَلِّي فَإِنَّمَا هُوَ عِرْقٌ».

واتە « ئەگەر خوێنەکە خوێنی بێ نوێژی بێ، ئەوا ڕەنگەکەی مەیلەو ڕەشەو دەناسرێ، ئەگەر ئەو خوێنە بوو ئەوە لە ماوەی کەوتنە سەر ئەو خوێنە واز لە نوێژکردن

بهێنە، بەڵام ئەگەر خوێنەکەی تریان بوو ، ئەوا دەستنوێژبگرەو نوێژبکە چونکە ئەوە خوێنی دەمارە نەك خوێنی بێ نوێژی»(١١)

دواتریش لەباسی خوێنی نەخوشی دا ڕوونتر باس لەوە دەکەین ئەگەر ئافرەتێك عادەی دیاری کراوی نەبوو چی بکات.

---

(١٠)صحيح: سنن أبي داود

(١١)حسن :سنن أبي داود

باسی دووەم : خوێنی زەیسانی

ئەمەش دوو خاڵ دەگرێتەوە:

خاڵی یەکەم: پێناسەکەی.

خاڵی دووەم: ماوەکەی.

خاڵی یەکەم: پێناسەکەی:

خوێنی زەیستانی: بریتیە لەو خوێنەی کە لە شوێنی منداڵبوونی ئافرەتەوە دەردەچێت بەهۆی منداڵ بوونەوە، ئەگەر لەبارچوونیش بێ.(١٢)

وە لەزمانی عەرەبی دا پێی دەوترێ «النفاس» لەبەر ئەوەی دەرچوونی خوێنەکە بەدوای دەرچونی نەفسێکدا دێ کە منداڵەکەیە.(١٣)

خاڵی دووەم: ماوەکەی:

لای کەمی ماوەی خوێنی زەیسانی دیاری نەکراوە ، بۆیە ئافرەتی وا هەیە تەنها لە کاتی منداڵ بوونەکەدا خوێنی لێ دێت ، بەڵام لای زۆری ماوەکەی لە چل(٤٠) ڕۆژ زیاتر تێپەڕ ناکات ، جا ئەگەر ئافرەت پێش چل ڕۆژەکە پاك بوویەوەو لە خوێن بڕا، ئەوا دەبێ خوی بشواتو دەست بکاتەوە بە نوێژ، وە ئەگەرلە چل ڕۆژ زیاتر خوێنی لێ هات ئەوە بە نەخۆشی دەژمێرێتو نابێ لە چل ڕۆژەکە زیاتر خۆی بە زەیسان بزانێ، بۆیە لە دوای ئەو چل ڕۆژە ئەگەر لە خوێنیش نەبڕێ، دەبێ خۆی بشواتو دەست بکاتەوە بە نوێژ.

---

(١٢)فقه السنة ١/٦٣.

(١٣)كفاية الإخيار ١/٧٥.

بەڵگەش بۆ ئەوە: « أُمِّ سَلَمَةَ» دەفەرموێ:«كَانَتْ النُّفَسَاءُ تَجْلِسُ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَرْبَعِينَ يَوْمًا».

واتە «ئەو ئافرەتەی لە زەیسانیدا بوایە لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا چل رۆژ دادەنیشت»(١٤)

ئیمامی« الترمذي » دوابەدوای ئەم «حدیث» دا دەفەرموێ:

« وَقَدْ أَجْمَعَ أَهْلُ الْعِلْمِ مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَالتَّابِعِينَ وَمَنْ بَعْدَهُمْ عَلَى أَنَّ النُّفَسَاءَ تَدَعُ الصَّلَاةَ أَرْبَعِينَ يَوْمًا إِلَّا أَنْ تَرَى الطُّهْرَ قَبْلَ ذَلِكَ فَإِنَّهَا تَغْتَسِلُ وَتُصَلِّي فَإِذَا رَأَتْ الدَّمَ بَعْدَ الْأَرْبَعِينَ فَإِنَّ أَكْثَرَ أَهْلِ الْعِلْمِ قَالُوا لَا تَدَعُ الصَّلَاةَ بَعْدَ الْأَرْبَعِينَ وَهُوَ قَوْلُ أَكْثَرِ الْفُقَهَاءِ وَبِهِ يَقُولُ سُفْيَانُ الثَّوْرِيُّ وَابْنُ الْمُبَارَكِ وَالشَّافِعِيُّ وَأَحْمَدُ وَإِسْحَقُ ».

واتە « زانایانی صەحابەو تابیعینو دوای ئەوانیش هەمویان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە ئافرەتی زەیسان چل رۆژ دەست لە نوێژ هەڵدەگرێو نابێ نوێژ بکات، مەگەر پێش ئەو چل رۆژە پاکی بە خۆیەوە ببینێ، جا ئەگەر پێش ئەوەی چل رۆژەکە تەواو بکات پاکەوە بوو، ئەوا دەبێ خۆی بشوات و نوێژەکانی بکات، بەڵام ئەگەر لەدوای ئەو چل رۆژە خوێنی بینی ، ئەوە زۆربەی هەرەزۆری شەرعناسان دەڵێن: نابێ واز لە نوێژ کردن بهێنێ لەدوای چل رۆژ....».

(١٤)**صحيح**: سنن الترمذي الجامع الصحيح

باسی سێیەم : خوێنی نەخۆشی

ئەمەش دوو خاڵ دەگرێتەوە:

✍خاڵی یەکەم: پێناسەکەی.

✍خاڵی دووەم: چۆنیەتی جیاکردنەوەی خوێنەکە.

خاڵی یەکەم: پێناسەکەی:

خوێنی نەخۆشی: بریتیە لەو خوێنەی کە لە شوێنی منداڵبوونی ئافرەتەوە دەردەچێت بە بەردەوامی یان بچڕبچڕ لە غەیری کاتو حاڵەتی ئاسایی خۆی دا، بە هۆی نەخۆشیەوە.

خاڵی دووەم: چۆنیەتی جیاکردنەوەی خوێنەکە:

وەکو وتمان ئەم خوێنە لەکاتو حاڵەتی ناوەختدا دەردەچێت، پێ دەچێ بە بەردەوام ئەم خوێنە لەگەڵ ئافرەتدا هەبێ، یان بەشێوە بچڕبچڕو سات سات، بۆیە جاری واهەیە لەگەڵ خوێنی بێ نوێژی دا تێکەڵ دەبێ.

جا بۆئەوەی ئافرەت بتوانێ ئەم خوێنە لە خوێنی بێ نوێژی جیابکاتەوە پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکات بەپێی حاڵەتەکەی خۆی:

<u>حاڵەتی یەکەم:</u> پێش ئەوەی توشی خوێنی نەخۆشی ببێت، ماوەی بێ نوێژی لای ئافرەتەکە زانراوبێتو بزانێت ماوەی بێ نوێژیەکەی چەندە، لەم حاڵەتەدا ئەو ماوە زانراوە بە ماوەی بێ نوێژی بۆی دادەنرێت، وە جگە لەوەیش بە نەخۆشی دەژمێرێت.

بەڵگەش بۆ ئەوە:

«أُمُّ سَلَمَةَ »پرسیاری لە پێغەمبەری خوا «ﷺ» کرد لە بارەی ئافرەتێکەوە ، خوێنێکی زۆر لە گیانی دێت ، ئەویش فەرمووی:

« لِتَنْظُرْ عِدَّةَ اللَّيَالِي وَالْأَيَّامِ الَّتِي كَانَتْ تَحِيضُهُنَّ مِنْ الشَّهْرِ قَبْلَ أَنْ يُصِيبَهَا الَّذِي أَصَابَهَا فَلْتَتْرُكْ الصَّلَاةَ قَدْرَ ذَلِكَ مِنْ الشَّهْرِ فَإِذَا خَلَّفَتْ ذَلِكَ فَلْتَغْتَسِلْ ثُمَّ لِتَسْتَفْرِ بِثَوْبٍ ثُمَّ لِتُصَلِّ فِيهِ».

واتە:« با تەماشا بکات ، بەماوەی ئەو شەو و ڕۆژانەی کەلە پێش دا تێیدا تووشی حەیز دەهات لەمانگێك دا، پێش ئەوەی تووشی ئەوە ببێت کە تووشی بوو، جا – لەوماوەیەدا – واز لە نوێژ بێنێت ، جا ئەگەر ئەوە نەما باخۆی بشوات و خۆی باش پاك بکاتەوە پاشان نوێژ بکات»(١٥)

ئەوەی کە«حدیث» باسی دەکات حوکمێکە سەبارەت بەو ئافرەتانەی کە لە کاتی ساغی داو پێش ئەوەی توشی خوێنی نەخۆشی ببن، لەهەر مانگێکدا ڕۆژانێکی دیاری کراوو زانراویان هەبووە کە تێیدا تووشی بێ نوێژی بوون، پاشان توشی خوێنی نەخۆشی هاتوون. پێغەمبەریش«ﷺ» بەو جۆرە ئاموژگاری ئافرەتان دەکاتو فەرمانیان پێ دەکات: کە بەئەندازەی ئەو ڕۆژە زانراوانەی پێشوتریان کە تێیدا توشی بێ نوێژی بوون واز لە نوێژ بهێنن و

(١٥)صحيح: سنن أبي داود –

خۆیان بە حەیزدار بزانن، جا کە ژمارەی ئەو ڕۆژە زانراوانەیان تەواو کرد، پێویستە خویان بشۆنو دەست بکەنەوە بە نوێژ.

هەروەك ئیمامی«إبن تيمية» بەڕەحمەت بێ لە « مجموع الفتاوى ٢١ / ٦٢٨» دەفەرموێ:

« وَبِهَذَا الْحَدِيثِ أَخَذَ جُمْهُورُ الْعُلَمَاءِ فِي الْمُسْتَحَاضَةِ الْمُعْتَادَةِ . أَنَّهَا تَرْجِعُ إلَى عَادَتِهَا وَهُوَ مَذْهَبُ أَبِي حَنِيفَةَ وَالشَّافِعِيِّ وَالْإِمَامِ أَحْمَد ».

« واتە بە پێی ئەو حەدیسە جمهوری زانایان فەتوایان داوە دەربارەی ئافرەتێ کە توشی خوێنی نەخۆشی هاتبێو ماوەی بێ نوێژیەکەی زانراوبێ، ئەویش ئەوەیە ئافرەتەکە بۆ دیاریکردنی ماوەی بێ نوێژیەکەی دەبێ پەنا بەرێتە بەر ماوە زانراوەکەی خۆیو بیکاتە پێوەرو مەرجەعێك بۆ خۆی.... ».

حاڵەتی دووەم: ئەوەیە کە بەردەوام خوێنی لێ بێت و لە پێشیشدا ڕۆژانێکی زانراوی نەبووە بۆ دیاری کردنی ماوەی بێ نوێژیەکەی، یان هەیبووە بەڵام لە یادی نەماوە، وە یان هەر بە نەخۆشیەوە باڵغ بوبێ، وە ناتوانێ خوێنی حەیزو نەخۆشی جیابکاتەوە لە یەك ، ئەوا لەم حاڵەتەدا حەیزەکەی شەش ڕۆژ یان حەوت ڕۆژی بۆ دادەنرێت لە مانگێکەدا وەکو عادەتی زۆر بەی ئافرەتانە، وە ڕۆژانی تریشی هەمووی بە نەخۆشی بۆ دادەنرێت.

بەڵگەش بۆ ئەوە:

« حَمْنَةَ بِنْتِ جَحْشٍ » دەفەرموێ: توشی خوێنی نەخۆشی هاتم زۆر بەتوندی، هاتمە لای پێغەمبەر«ﷺ» لەو بارەوە پرسیاری لێ ببکەم، بینیم

لەماڵی زەینەبی کچی جەحشی خوشکم بوو، وتم ئەی پێغەمبەری خوا «ﷺ» توشی خوێنی نەخۆشی بووم زۆر بەسەختی، چ دەفەرموویێ، لەکاتێکدا ئەو خوێنە نایەڵێ نوێژ بکەم‌و ڕۆژو بگرم؟

پێغەمبەر«ﷺ» فەرموویێ: « فَقَالَ أَنْعَتُ لَكِ الْكُرْسُفَ فَإِنَّهُ يُذْهِبُ الدَّمَ »واتە« پارچە لۆکەیەک هەڵگرەو لە دامێنتی دانێ، خوێنەکە لا دەبات ».

وتی: خوێنەکە لەوە زیاترو سەخت تڕە بەلۆکە بگیرسێتەوە.

فەرمووی: « فَاتَّخِذِي ثَوْبًا ». واتە « بەپەڕۆیەک توند بیبەستە ».

وتی: زۆر لەوە زیاترە بە پەڕۆ بوەستێتەوە، چونکە بەخوڕپێیدا دێتە خوارێ.

ئەو جا پێغەمبەر«ﷺ» فەرمووی: « سَآمُرُكِ بِأَمْرَيْنِ أَيَّهُمَا فَعَلْتِ أَجْزَأَ عَنْكِ مِنْ الْآخَرِ وَإِنْ قَوِيتِ عَلَيْهِمَا فَأَنْتِ أَعْلَمُ».

واتە « فەرمانت پێ دەکەم بە دوو شت ، هەر کامیان بکەیت ، ئەوە ئەوی ترت لە سەر دەکەوێت ، جا ئەگەر توانای هەردووکیانت بوو ئەوە خۆت دەزانیت ».

پاشان پێغەمبەر«ﷺ» پێی فەرموو:

«إِنَّمَا هَذِهِ رَكْضَةٌ مِنْ رَكَضَاتِ الشَّيْطَانِ فَتَحَيَّضِي سِتَّةَ أَيَّامٍ أَوْ سَبْعَةَ أَيَّامٍ فِي عِلْمِ اللَّهِ ثُمَّ اغْتَسِلِي حَتَّى إِذَا رَأَيْتِ أَنَّكِ قَدْ طَهُرْتِ وَاسْتَنْقَأْتِ فَصَلِّي ثَلَاثًا وَعِشْرِينَ لَيْلَةً أَوْ أَرْبَعًا وَعِشْرِينَ لَيْلَةً وَأَيَّامَهَا وَصُومِي فَإِنَّ ذَلِكَ يَجْزِيكِ وَكَذَلِكَ فَافْعَلِي فِي كُلِّ شَهْرٍ كَمَا تَحِيضُ النِّسَاءُ وَكَمَا يَطْهُرْنَ مِيقَاتُ حَيْضِهِنَّ وَطُهْرِهِنَّ وَإِنْ

قَوِيتِ عَلَى أَنْ تُؤَخِّرِي الظُّهْرَ وَتُعَجِّلِي الْعَصْرَ فَتَغْتَسِلِينَ وَتَجْمَعِينَ بَيْنَ الصَّلَاتَيْنِ الظُّهْرِ وَالْعَصْرِ وَتُؤَخِّرِينَ الْمَغْرِبَ وَتُعَجِّلِينَ الْعِشَاءَ ثُمَّ تَغْتَسِلِينَ وَتَجْمَعِينَ بَيْنَ الصَّلَاتَيْنِ فَافْعَلِي وَتَغْتَسِلِينَ مَعَ الْفَجْرِ فَافْعَلِي وَصُومِي إِنْ قَدِرْتِ عَلَى ذَلِكَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَهَذَا أَعْجَبُ الْأَمْرَيْنِ إِلَيَّ».

واتە « ئائەو حاڵەتەی تۆ ئازاریکە لە ئازاەکانی شەیتان، جا شەش ڕۆژ تا حەوت ڕۆژ بە حەیز دەژمێریت لە زانستی خوا دا ، پاشان خۆت بشۆ ، تا ئەگەر بینیت کەوا پاك وتەمیز بویتەوە ، ئەوە بیست وچوار شەو یان بیست وسێ شەو بە ڕۆژەکانیەوە نوێژ بکە و ڕۆژوو بگرە ، ئەوە ئیتر لە سەرت دەکەوێت ، وە هەروەها بەم شێوەیە بکە لە هەموو مانگێکدا ، وەکو ئافرەتان چۆن تووشی حەیز دەبن ، وە چی کاتیش پاك دەبنەوە ، بە کاتی حەیز و پاکێتی ئەوان ، وە ئەگەر هێز وتوانات هەبێت لە سەر ئەوەی نوێژی نیوەڕۆ دوا بخەیت ونوێژی عەسریش پێش بخەیت وخۆت بشۆیت ، پاشان نوێژی نیوەڕۆ و عەسر پێکەوە بکەیت ، پاشان مەغریب دوا بخەیت و عیشایش پێش بخەیت و خۆت بشۆیت ، پاشان هەردوو نوێژەکە پێکەوە بکەیت ، ئەوە بیکە و خۆتیش لە گەڵ نوێژی بەیانیدا بشۆریت ونوێژ بکەیت ، ئەوە وا بکە و نوێژ بکە و ڕۆژوویش بگرە ئەگەر توانات لە سەری هەبوو . وە پێغەمبەری خوا «ﷺ» فەرمووی: وە ئەمەی دواییانم پێ خۆشترە» حسن: سنن أبي داود

ئەوەی کە «حدیث»ەکە باسی دەکات مەبەست پێی ئافرەتێکە هەر لەسەرەتای کەوتنە سەر خوێنی لەم حاڵەتەدا بووەو، لەپێش ئەم حاڵەتەش

پۆژانێکی زانراوی نەبووە، تاوەکو بزانێ پێشتر لەمانگێکدا چەندێ لە بێ نوێژی دا دەمایەوە، وە ناشتوانێ خوێنی حەیزەکەی لە خوێنی نەخۆشی جیا بکاتەوە، ئەوە پێغەمبەر«ﷺ»کاری ئەم ئافرەتەی گێڕاوەتەوە بۆ عورف و عادەتو حاڵی زۆربەی ئافرەتان کە شەش تا حەوت پۆژ بە ماوەی بێ نوێژی دادەنرێ .

حاڵەتی سێیەم: ئەوەیە ئافرەتەکە هەر لەسەرەتاوە عادەتێکی نەبووە لەسەری بڕوات و کاری پێ کردبێ، بەڵام بتوانێ خوێنی بێ نوێژی لە خوێنی نەخۆشی . جیابکاتەوە، بە پێی ڕەنگەکانیان کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ئەوا لەم حاڵەتەدا کار بەجیاکردنەوەکەی خۆی دەکات.

بەڵگەش بۆ ئەوە:

« فَاطِمَةَ بِنْتِ أَبِي حُبَيْشٍ»کاتێ توشی خوێنی نەخۆشی بوو، پێغەمبەر«ﷺ» پێی فەرموو:« إِذَا كَانَ دَمُ الْحَيْضَةِ فَإِنَّهُ أَسْوَدُ يُعْرَفُ فَإِذَا كَانَ ذَلِكَ فَأَمْسِكِي عَنْ الصَّلَاةِ فَإِذَا كَانَ الْآخَرُ فَتَوَضَّئِي وَصَلِّي فَإِنَّمَا هُوَ عِرْقٌ».

واتە « ئەگەر خوێنەکە خوێنی بێ نوێژی بێ، ئەوا ڕەنگەکەی مەیلەو ڕەشەو دەناسرێ، ئەگەر ئەو خوێنە بوو ئەوە لە ماوەی کەوتنە سەر ئەو خوێنە واز لە نوێژکردن بهێنە، بەڵام ئەگەر خوێنەکەی تریان بوو ، ئەوا دەستنوێژبگرەو نوێژبکە چونکە ئەوە خوێنی دەمارە نەك خوێنی بێ نوێژی»(حسن سنن أبي داود)

ئیمامی « الشوكاني» لە « نيل الأوطار ١ / ٣٤١» دا دەفەرموێ:

« والحديث فيه دلالة على أنه يعتبر التمييز بصفة الدم فإذا كان متصفا بصفة السواد فهو حيض وإلا فهو استحاضة». واتە« ئەم فەرموودەیە دەبێتە بەڵگە بۆ ئەوەی کە ڕەنگی خوێنەکە گرنگە بۆ جیاکردنەوەو ناسینەوەی، جا ئەگەر خوێنەکە شێوەی ڕەشی لە خۆگرت ئەوە خوێنی بێ نوێژیە، ئەگەر نا ئەوە خوێنی نەخۆشیە».

ڕەشیەتی ڕەنگی خوێنەکە کاتێك دەکرێتە پێوەرو نیشانە بۆ ناسینەوەی خوێنی بێ نوێژی، کە ئەو خوێنە تێکەڵ بووبێ لەگەڵ خوێنی نەخۆشی، واتە هەرکاتێك ئافرەتێك توشی خوێنی نەخۆشی هاتبوو، وەلەو ماوەیەشدا کەوتە بێ نوێژیەوە ئەوە دەتوانێ ڕۆژانی حەیزەکەی بە ڕەنگی خوێنەکە دیاری بکات، هەتا ڕەنگەکەی مەیلەو ڕەش بێ ئەوە حەیزە، کەی ڕەنگی ڕەشیەکەی نەما ئەوە خوێنی نوخۆشییە.(تمام المنة ١٣٦.)

* * * * * * * *

شێواز و چۆنیەتی
خۆشۆردنی ئافرەت
کاتێک لەبێ نوێژی پاک دەبێتەوە

بەگوێرەی فەرمودەکان شێوازو چۆنیەتی خۆشۆردن بەم جۆرەیە:

یەکەم: شۆردنی هەردوو دەستەکان تامەچەك پێش ئەوەی دەست بکاتە ناو ئاوەکەوەو، پێش ئەوەی دەست بکات بە خۆشۆردن:

بەڵگەش بۆ ئەمە:

١- فەرمودەکەی« عَائِشَةَ »کە فەرمووی:

«كَانَ رَسولُ اللَّهِ «صَلَّى الله عَلَيه وسَلَّم»إِذَا اغْتَسَلَ مِنَ الْجَنَابَةِ يَبْدَأُ فَيَغْسِلُ يَدَيْهِ [فَغَسَلَ يَدَيْهِ قَبْلَ أَنْ يُدْخِلَهُمَا الإِنَاءَ] ».

واتە: « پێغەمبەر«ﷺ» کاتێك کە خۆی بۆ لەشگرانی دەشۆری، سەرەتا هەردوو دەستەکانی دەشۆرد پێش ئەوەی دەست بکاتە ناو ئاوەکەدا».

٢- فەرمودەکەی« «مَيمُونَةُ»کە فەرمووی:

«وَضَعْتُ لِلنَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَاءً لِلْغُسْلِ: فَغَسَلَ يَدَيْهِ مَرَّتَيْنِ أَوْ ثَلَاثًا...». «واتە: ئاوم بۆ پێغەمبەر«ﷺ» دانا بۆ ئەوەی خۆی پێ بشوات، ئەویش هەردوو دەستەکانی دووجار تاسێ جار شۆرد».

دووەم: شۆردنی عەورەتو پاککردنەوەی بە دەستی چەپ:

بەڵگەش بۆ ئەمە:

١- فەرمودەکەی« عَائِشَةَ »کە فەرمووی:

«ثُمَّ يُفْرِغُ بِيَمِينِهِ عَلَى شِمَالِهِ ، فَيَغْسِلُ فَرْجَهُ».« پاشان بەدەستی ڕاستی ئاوی دەکردە سەر دەستی چەپیداو عەورەتی خۆی دەشۆرد».

٢- فەرموودەکەی« «مَيْمُونَةُ»»کە فەرمووی:

« ثُمَّ أَفْرَغَ عَلَى شِمَالِهِ فَغَسَلَ مَذَاكِيرَهُ »« پاشان بەدەستی ڕاستی ئاوی دەکردە سەر دەستی چەپیداو عەورەتی خۆی دەشۆرد ».

سێیەم: دوای ئەوەی کە عەورەتی پاککردەوەو تاراتی گرت، دەستەکانی دووبارە بشواتەوەو بە ئاوو مادەی خاوێنکەرەوە وەکو سابوون یان خۆڵ:

بەڵگەش بۆ ئەمە:

فەرموودەکەی« «مَيْمُونَةُ»»کە فەرمووی:

« ... ثُمَّ مَسَحَ يَدَهُ بِالْأَرْضِ... ».« پاشان دەستی سڕی بە خۆڵی زەویەکەدا».

وە لە « ثُمَّ ضَرَبَ بِشِمَالِهِ الْأَرْضَ فَدَلَكَهَا دَلْكًا شَدِيدًا».« پاشان دەستی دابە خۆڵی زەویەکەداو دەستی تێخستو پاکی کردەوە بە ووردی»[1].

ئیمامی«النووي» لە «شرح مسلم٣/٢٣١» دەفەرموێ:

« فيه أنه يستحب للمستنجي بالماء إذا فرغ أن يغسل يده بتراب أو اشنان أو يدلكها بالتراب أو بالحائط ليذهب الاستقذار منها ».

واتە:«لەم فەرموودەوە ئەوە تێدەگەین ئەگەر کەسێك تارەتی گرت بە ئاو،ئەوا سوننەتە بۆی لەدوای تارەتەکە دەستی پاك بکاتەوە بە خۆڵ یان بە قەوزە، یان دەست بخاتە ناو خۆڵەکە یان دەست بسرێ بە دیوارێکدا، بۆئەوەی ئەو پیسیەی پێوەی ماوە بڕوات».

---

(١) صحيح مسلم - كتاب الحيض- باب صفة غسل الجنابة - حديث : ٥٠٢.

چوارەم: دەست نوێژێکی تەواو بگرێ، وەکو دەستنوێژێ کە بۆ نوێژ دەگیرێ :

بەڵگەش بۆ ئەمە:

١- فەرموودەکەی« عَائِشَةَ »کە فەرمووی:

« ثُمَّ يَتَوَضَّأُ وُضوءَهُ لِلصَّلَاةِ[ثُمَّ تَوَضَّأَ مِثْلَ وُضوئِهِ لِلصَّلَاةِ]».« ئینجا دەستنوێژی دەگرت وەکو دەستنوێژێ کە بۆ نوێژ دەگیرێ ».

٢- فەرموودەکەی« «مَيْمُونَةُ»کە فەرمووی:

«ثُمَّ مَضْمَضَ وَاسْتَنْشَقَ وَغَسَلَ وَجْهَهُ وَيَدَيْهِ»« پاشان ئاوی لە دەمو لوتی وەرداو ڕوومەتو هەردوو باڵەکانی شۆرد».

٣- پێغەمبەر«ﷺ» بە«أَسْمَاءَ» فەرموو:

«تَأْخُذُ إِحْدَاكُنَّ مَاءَهَا وَسِدْرَتَهَا فَتَطَهَّرُ فَتُحْسِنُ الطُّهُورَ ...»« واتە: هەریەك لە ئێوە با ئاوو سیدرەکەی ئامادەبکات، پاشان دەستنوێژێکی باش بگرێ ».

پێنجەم: پاشان سێ جار ئاو بکات بە سەری دا، تا ئاو دەگاتە بێخی سەریو، لە پێشدا ئاو بکات بە لای ڕاستی سەری دا، پاشان لای چەپی:

بەڵگەش بۆ ئەمە:

١- فەرموودەکەی« عَائِشَةَ »کە فەرمووی:

« ثُمَّ يَأْخُذُ الْمَاءَ فَيُدْخِلُ أَصَابِعَهُ فِي أُصُولِ الشَّعْرِ حَتَّى إِذَا رَأَى أَنَّهُ قَدِ اسْتَبْرَأَ حَفَنَ عَلَى رَأْسِهِ ثَلَاثَ حَفَنَاتٍ ».

« پاشان بەمشت ئاوی دەکردە سەری داو پەنجەکانی دەخستە بنی سەری، جا کاتێك دڵنیادەبوو کە قژی تەڕبووە، سێ مشت ئاوی بەسەر خۆی دا دەکرد».

٢- پێغەمبەر(ﷺ) بە(أَسْمَاءَ) فەرموو:

« ثُمَّ تَصُبُّ عَلَى رَأْسِهَا فَتَدْلُكُهُ دَلْكًا شَدِيدًا حَتَّى تَبْلُغَ شُؤُونَ رَأْسِهَا ».

« ئینجا ئاو بکات بەسەریداو جوان دەست بخاتە سەری تا ئاو دەگاتە بێخی سەری».

٣- فەرموودەکەی« عَائِشَةَ »کە فەرمووی:

«كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا اغْتَسَلَ مِنْ الْجَنَابَةِ دَعَا بِشَيْءٍ نَحْوَ الْحِلَابِ فَأَخَذَ بِكَفِّهِ فَبَدَأَ بِشِقِّ رَأْسِهِ الْأَيْمَنِ ثُمَّ الْأَيْسَرِ فَقَالَ بِهِمَا عَلَى وَسَطِ رَأْسِهِ»[1].

واتە:«پێغەمبەر(ﷺ) کاتێ بۆ لەشگرانی خۆی بشۆردایە، داوای تەشتێ ئاوی دەکردو، بەمشتی خۆی ئاوی دەکرد بە سەری دا، سەرەتا ئاوی دەکرد بە لای ڕاستی سەری دا، پاشان ئاوی دەکرد بە لای چەپی سەری دا، بە هەردوو دەستەکانیشی ئاوی دەکرد بە ناوەڕاستی سەری دا».

---

(١) صحيح البخاري -كتاب الغسل- باب من بدأ بالحلاب أو الطيب عند الغسل - حديث : ٢٥٤.صحيح مسلم -كتاب الحيض-باب صفة غسل الجنابة - حديث : ٥٠٤.

شەشەم: پاشان ئاو بکات بە سەرتاپای جەستەی داو، هەموو ئەندامە ڕوالەتیەکانی تەڕ بکات بە ئاو، سەرەتا لای ڕاستی، ئینجا لای چەپی:

بەڵگەش بۆ ئەمە:

١- فەرمودەکەی« عَائِشَةَ »کە فەرمووی:

« .. ثُمَّ أَفَاضَ عَلَى سَائِرِ جَسَدِهِ ..».« پاشان ئاوی بە سەرتاپای جەستەی خۆی دا دەکرد».

٢- فەرمودەکەی« «مَيْمُونَةُ»کە فەرمووی:

«.. ثُمَّ أَفَاضَ عَلَى جَسَدِهِ.. ».« پاشان ئاوی بە سەرتاپای جەستەی خۆی دا دەکرد».

٣- پێغەمبەر«ﷺ» بە«أَسْمَاءَ» فەرموو:

«..ثُمَّ تُفِيضُ عَلَيْهَا الْمَاءَ.. ».« پاشان ئاو بکات بە سەرتاپای جەستەیدا».

٤- « عَائِشَةَ » دەفەرمووێ:

«كان يُحِبُّ التَّيَامُنَ مَا اسْتَطَاعَ فِي طُهُورِهِ وَتَنَعُّلِهُ وَتَرَجُّلِهِ وَفِي شَأْنِهِ كُلِّهِ».

واتە: «پێغەمبەر«ﷺ» پێی خۆشبوو سەرەتا لەلای ڕاستەوە دەست پێبکات بۆ خۆشۆردنو دەستنوێژگرتنو پێلاۆ لە پێکردنو سەرشانەکردنو زۆربەی کارەکانی»[1]

---

(١)صحيح البخاري - كتاب الأطعمة- باب التيمن في الأكل وغيره - حديث : ٥٠٧٠.

حەوتەم: لە کۆتایی دا ئاو بکاتەوە قاچەکانی دا:

بەڵگەش بۆ ئەمە:

١- فەرمودەکەی« عَائِشَةَ »کە فەرمووی:

«.. ثُمَّ غَسَلَ رِجْلَيْهِ.. ».« پاشان لە کۆتایدا هەردوو قاچەکانی دەشۆرد».

٢- فەرمودەکەی« «مَيْمُونَةُ»کە فەرمووی:

«.. ثُمَّ تَحَوَّلَ مِنْ مَكَانِهِ فَغَسَلَ قَدَمَيْهِ..».« پاشان جێگاکەی گۆڕی و قاچەکانی شۆرد».

تا ئێرە هیچ جیاوازیەک نییە لە نێوان خۆشۆردنی پیاوو نافرەت کە بۆ لەشگرانی خۆیان بشۆن، بەڵام بۆ نافرەت نەگەر بۆ پاک بوونەوە لە بێ نوێژی خۆی بشوات، نەوا پێویستە پەچاوی نەم سێ خاڵەی کۆتایی بکات:

هەشتەم : بەکارهێنانی مادەکانی پاککردنەوە، وەکو سابوون و شامپو.. لەگەڵ ئاو دا:

بەڵگەش بۆ ئەمە:

فەرمودەکەی« عَائِشَةَ »کە فەرمووی:

«أَسْمَاءَ»پرسیاری لە پێغەمبەر کرد«ﷺ» دەربارەی چۆنیەتی خۆشۆردنی پاکبوونەوە لە بێ نوێژی، ئەویش فەرمووی:

«تَأْخُذُ إِحْدَاكُنَّ مَاءَهَا وَسِدْرَتَهَا فَتَطَهَّرُ فَتُحْسِنُ الطُّهُورَ ثُمَّ تَصُبُّ عَلَى رَأْسِهَا فَتَدْلُكُهُ دَلْكًا شَدِيدًا حَتَّى تَبْلُغَ شُؤُونَ رَأْسِهَا ثُمَّ تَصُبُّ عَلَيْهَا الْمَاءَ ثُمَّ تَأْخُذُ فِرْصَةً مُمَسَّكَةً فَتَطَهَّرُ بِهَا».

«واتە: هەریەك لە ئێوە با ئاوو سیدرەکەی ئامادەبکات، پاشان دەستنوێژێکی باش بگرێ، ئینجا ئاو بکات بەسەری داو جوان دەست بخاتە سەری تا ئاو دەگاتە بێخی سەری، پاشان ئاو بکات بە سەرتاپای جەستەیدا».

«سِدْرَ»: کاتی خۆی وەکو مادەی خاوێنەکەرەوە لەگەڵ ئاودا بەکاردەهێنرا... وەکو صابون لەمڕۆدا.

نۆیەم: ئەگەر پرچەکەی هۆنرابووەوە و کرابوو بە پەلك واجبە لەسەری بیکاتەوەو هەڵی بوەشێنێتەوە:

بەڵگەش بۆ ئەمە:

١- عَنْ عَائِشَةَ « أَنَّ النَّبِيّ صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ لَهَا ، وَكَانَتْ حَائِضًا : خُذِي مَاءَك وَسِدْرك وَامْتَشِطِي[أُنْقُضِي شَعْرك وَاغْتَسِلِي]»[1] .

پێغەمبەر«ﷺ» بە« عَائِشَةَ » فەرموو کاتێ لە بێ نوێژی دا بوو:

« ئاوو سیدرەکەت لەگەڵ خۆت بەرەو، وە پرچەکەشت بکەرەوەو خۆت بشۆ».

ئەوەی لەم «حدیث»«وە وەردەگیرێ ئەوەیە:

پێغەمبەر«ﷺ» فەرمانی کردووە بە« عَائِشَةَ » کە لەکاتی خۆ شۆردنی بێ نوێژی دا پرچەکەی بکاتەوەو بیشوات، فەرمانەکەشی بۆ واجب بوونە .

٢- فەرموودەکەی« عَائِشَةَ »کە فەرمووی:

«أَسْمَاءَ»پرسیاری لە پێغەمبەر کرد«ﷺ» دەربارەی چۆنیەتی خۆشۆردنی پاکبوونەوە لە بێ نوێژی، ئەویش فەرمووی:

---

(١) صحيح سنن إبن ماجه١/٢١٠/٦٤١،الأحاديث الصحيحة رقم ١٨٨،صحيح سنن أبي داود ١٥٥٩، الإرواء١٣٤.

«تَأْخُذُ إِحْدَاكُنَّ مَاءَهَا وَسِدْرَتَهَا فَتَطَهَّرُ فَتُحْسِنُ الطُّهُورَ ثُمَّ تَصُبُّ عَلَى رَأْسِهَا فَتَدْلُكُهُ دَلْكًا شَدِيدًا حَتَّى تَبْلُغَ شُؤُونَ رَأْسِهَا ثُمَّ تَصُبُّ عَلَيْهَا الْمَاءَ ثُمَّ تَأْخُذُ فِرْصَةً مُمَسَّكَةً فَتَطَهَّرُ بِهَا».

«واتە: هەریەك لە ئێوە با ئاوو سیدرەکەی ئامادەبکات، پاشان دەستنوێژێکی باش بگرێ، ئینجا ئاو بکات بەسەری داو جوان دەست بخاتە سەری تا ئاو دەگاتە بێخی سەری، پاشان ئاو بکات بە سەرتاپای جەستەیدا».

ئەوەی لەم «حدیث»ەوە وەردەگیرێ ئەوەیە:

لێرەدا زۆر ئەوەی دوپات کردۆتەوە کە دەبێ ئاو بکاتە سەری داو بە باشی دەستی تێبخات تا ئاو دەگاتە بێخی سەریو لەوە دڵنیا دەبێ کە ئاو گەیشتۆتە بنی مووەکانی سەری« فَتَدْلُكُهُ دَلْكًا شَدِيدًا».

کەوابوو:

ئەم دوپاتکردنەوەی پێغەمبەریش «ﷺ» ئەوە دەسەلێنێ کە کردنەوەی پەلکەکان و شۆردنی پرچ بە جوانی لەکاتی خۆشۆردنی بێ نوێژی دا واجبە .

بەڵام کاتێك«أَسْمَاءَ» پرسیاری لێ دەکات دەربارەی خۆ شۆردنی لەشگرانی، پێغەمبەریش«ﷺ» باسی« فَتَدْلُكُهُ دَلْكًا شَدِيدًا»ی بۆ نەکرد ،کە فەرمووی:

«تَأْخُذُ مَاءً فَتَطَهَّرُ فَتُحْسِنُ الطُّهُورَ أَوْ تُبْلِغُ الطُّهُورَ ثُمَّ تَصُبُّ عَلَى رَأْسِهَا فَتَدْلُكُهُ حَتَّى تَبْلُغَ شُؤُونَ رَأْسِهَا ثُمَّ تُفِيضُ عَلَيْهَا الْمَاءَ».

واتە: «ئاو ئامادەبکەو دەستنوێژێکی جوان بگرە، پاشان ئاو بکە بە سەرت داو دەستی تێبخە تاوەکو ئاو دەگاتە بێخی سەرت، پاشان ئاو بکە بە سەرتاپای جەستەتدا».

کەوابوو:

ئەم دوپات نەکردنەوەی پێغەمبەریش«ﷺ» ئەوە دەسملێنێ کە کردنەوەی پەلکەکان و شۆردنی پرچ بە جوانی لەکاتی خۆشۆردنی لەشگرانیدا واجب نییە.

٣- « أُمِّ سَلَمَةَ »دەفەرموێ: وتم ئەی پێغەمبەری خوا«ﷺ» من ئافرەتێکم قژم بەپەلکی دەهونمەوە، ئایا بۆ خۆشۆردنی لەشگرانی پەلکەکانم بکەمەوە؟ فەرمووی:

«لَا إِنَّمَا يَكْفِيكِ أَنْ تَحْثِيَ عَلَى رَأْسِكِ ثَلَاثَ حَثَيَاتٍ ثُمَّ تُفِيضِينَ عَلَيْكِ الْمَاءَ فَتَطْهُرِينَ».

واتە: « نا پێویست ناکات پەلکەکانت بکەیتەوە، بەڵکو ئەوەندەت بەسە کە سێ مشت ئاو بکەیت بە سەری خۆتدا، پاشان ئاو بکە بە سەرتاپای جەستەتدا، بەو شێوەیە پاك دەبیتەوەو لەشگرانیت دەردەچێت».

کەوابوو: بەپێی ئەم فەرموودەی « أُمِّ سَلَمَةَ »ش لەکاتی لەشگرانی دا کردنەوەی پەلکەکان واجب نییە.

پوختەی وتراو ئەوەیە:

ئەگەر ئافرەتێ پرچەکەی کردبوو بە پەلکو هونیبویەوە، ئەوا بۆ خۆشۆردنی لەشگرانی واجب نییە لەسەری پرچەکەی بکاتەوە، بەڵام بۆ خۆشۆردنی بێ نوێژی واجبە لەسەری پرچەکەی بکاتەوە[1].

دەیەم: دامێنی خۆی پاك بکاتەوە بە پارچەلۆکەیەکی بۆندار، باشتریش وایە بۆندارکرابێ بە میسك:

بەڵگەش بۆ ئەمە:

پێغەمبەر«ﷺ» بە«أَسْمَاءَ» فەرموو:

«.. ثُمَّ تَأْخُذُ فِرْصَةً مُمَسَّكَةً فَتَطَهَّرُ بِهَا..». «پاشان خۆی پاك بکاتەوە بە پارچە لۆکەیەکی بۆندارکراو بە بۆنی میسك، بەو جۆرە پاك دەبێتەوە».

«أَسْمَاءَ»ووتی بەو بە پارچە لۆکە بۆندارکراوە چۆن پاك دەبێتەوە؟

پێغەمبەریش«ﷺ» فەرمووی: «سُبْحَانَ اللَّهِ تَطَهَّرِينَ بِهَا» :«سبحان الله پاك دەبێتەوە».

«عَائِشَةَ »فەرمووی: « كَأَنَّهَا تُخْفِي ذَلِكَ تَتَبَّعِينَ أَثَرَ الدَّمِ »واتە:«««أَسْمَاءَ» لە مەبەستەکەی پێغەمبەر تێنەگەیشت، مەبەستی پێغەمبەر«ﷺ» ئەوەبوو شوێنی خوێنەکە کە دامێنێتی بەو پارچە لۆکە بۆندارکراوە پاك بکاتەوە».

---

(١) المغني١/٢٩٩، المحلى٢/٥٣، كشاف العناع١/١٥٤.

کەوابوو:

سوننەتە بۆ ئافرەت پارچە قوماشێك یان پارچە لۆکەیەك بۆتداربکاتو عەورەتی خۆی پێ پاك بکاتەوە لە دوای خۆشۆردن، وە هەرشوێنێکیش کە خوێنەکەی بەرکەوتبێ، تاوەکو شوێنەواری بۆنی ئەو خوێنەی پێوە نەمێنێ .

* * * * * * * *

چیرۆکی

تەوبە کردنی خوشکێك بە پێنوسی خۆی

بەناونیشانی :

خوشکی بەڕێزم

پەشیمانم لە ڕابردووم

تۆش گوێم لێ گرە و بڕیاربدە

نوسینی

نیان

سوپاس وستایشی خودای گەورە دەکەم پێش ئەوەی کات بەسەربچێ ڕێگای ڕاستی نیشان دام ، ئەو ڕێگایەی کە گرتومەتەبەر وا هەست دەکەم کە کەسێکی تەواوم ، من خۆم وەك کچێك مەبەستم لە نووسینی ئەم نامیلکەیە ئەویە کە دەمەوێت ئەوەی کە لە دڵمدا شاراوەیە باسی بکەم ، ئەوەش بۆ ئەوەی خوشکانی تری ئەو ڕێگایەی کە من گرتومەتە بەر ئەوانیش پەیرەوی بکەن ، و بیگرنە بەر ، کە بریتیە لە فرمانی خوای گەورە .

داواکاریشم لە خوای گەورە - خوشکی خوێنەرم - تۆی ئازیز و خۆشەویست کە دەست دەبەیت بۆ ئەم نامیلکەیە پێش خوێندنەوەی لە دڵی خۆتدا بڕیاری ئەوە بدەی کە ئەگەر ئەم باسە تۆ بەڕێز دەگرێتەوە پەیڕوی بکەیت ، چونکە داوا و فرمانی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەیەتی ﷺ کە داواکارم لە خوای تەعالا هەموومان - من و تۆی بەڕێزیش - لە ژێر سێبەری عەرشی خۆیدا بحەوێنتێتەوە ، و سەرفەرازی هەردوو دونیامان بکات ... جا خۆشکەکەم سەرەتا پێت دەڵێم : ((السلام علیکم ورحمة الله و برکاته)) ...کە سەلامی بەهەشتیانە لە بەهەشتدا بۆ ئەوەی لە سەرەتادا بزانیت ، کە من لەم باسەمدا جگە لە خێر و سەلامەتی تۆی بەڕێز نەبێت هیچی ترم مەبەست نیە .

خوشکە بەڕێزەکەم : من کچێکی موسڵمانم ناوم (نیانە) زۆر پەشیمانم لە ڕابردووم ، و دڵخۆشم لەوەی کە ئێستا تیایدا دەژیم ، خوشکەکەم : لە ڕابردوو ڕێگەیەکم بزر کردبوو کە فرمانی خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ لەسەر بوو ، بەڵام ئێستا سوپاس بۆ خوا ئەو ڕێگایەی پیشان دام دوای ئەوەی کە بیرم

کردەوە بریارمدا ببم بە کچێکی بالاپۆش ، ئەوەیش بەیارمەتی خوای پەروەردگار ، پاشان بە هۆی خوێندنەوەیەکی زۆر لە نامیلکە و کتێبە نوسراو و بلاوکراوەکانی هەردوو سایتی : (ڕێگای ڕاست) و (سایتی بەهەشت) کە ئەو ڕێگایەیان نیشان دام ، کە فرمانی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەیەتی ﷺ بریارم دا تاکات بەسەرنەچوە ئەو جلەی کە تەنیا چەند کاتێکی کورت لەبەری دەکەم ، و پاشان دەمخاتە بەر ڕقی خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ ، ئەو جلەی کە بۆ چاو برسیەکانی ئەم سەردەمە کە هەرگیز تێرنابن لەسەیرکردن ! ! بگرە گاڵتەشم پێ دەکەن - و لە جیاتی یەك تاوان دوو تاوان توشی خۆم دەکەم ! ! کە ڕۆژی دوایشی هات ئەو چاو برسیانەی ، کە لە دونیادا جلی تەسکم بۆیان لە بەردەکرد ! ! نە بە هانامەوە دێن نە دەشمناسنەوە ، هەروەکو خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت :

﴿ يَوْمَ يَفِرُّ الْمَرْءُ مِنْ أَخِيهِ وَأُمِّهِ وَأَبِيهِ وَصَاحِبَتِهِ وَبَنِيهِ لِكُلِّ امْرِئٍ مِّنْهُمْ يَوْمَئِذٍ شَأْنٌ يُغْنِيهِ ﴾ (عبس : ٣٤ - ٣٧)

واتە : ڕۆژێك دادێت کە مرۆڤ لە برا ودایك وباوك و هاوسەر وڕۆڵەکانی هەڵدێت و ڕادەکات ، لەو ڕۆژەدا هەرکەس و سەرقاڵی حاڵی خۆیەتی ، و نایپەرژێتە سەر کەسی تر ! ! ئەمە ئەگەر حاڵی دۆست و کەس و کاری نزیکی خۆت بێت ، ئەی دەبێت حاڵی ئەو چاو برسیانە چۆن بێت ؟!

بۆیە منیش بڕیارمدا بەر لەوەی بەو ڕۆژە سامناکە بگەم ، کە کەس باری سەرشانی کەسی تری تێدا هەڵناگرێ ، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ

﴿ وَلاَ تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى ﴾ (سورة الأنعام : ١٦٤) ، واتە : هیچ گوناهباریّك باری سەرشانی کەسی تر هەڵناگریّ ، بۆیە بیرم کردەوە کە باشترین شت بۆ بە دەست هێنانی ڕەزامەندی پەروەردگارم لەبەرکردنی ئەو جلەیە کە خوای پەروەردگار دەیەوێت ، چونکە هەر بیرکردنەوە دەستمان دەگەیێنێتە ڕێگای ڕاست ، و سەرفرازی دونیا و قەیامەت ، ئەو بڕیارەشم هەروا بڕیارێکی لە ناکاو نەبوو ، بڕیارێکی سەرپێی نەبوو ، بڕیارم لەسەر دابێت لە نێوان شەو و ڕۆژێکدا ، هەرچەند کە ئەمەشم ـ دواخستنی تەوبە ـ کارێکی باش نەبوو ، چونکە مرۆڤ لە کاری باشدا هەمیشە بە پەلەبێت ، و دەست پێشخەری بکات باشترە ، کارێك کە فرمانی خوای بڵند و پایە بەرز و پێغەمبەرەکەی ﷺ لە سەر بێت بەنەکردنی توشی زیانێکی زۆر دەبێت ، چونکە مرۆڤ هەمیشە ئامادەی ئەوەیە و نازانێ لە چ کات و ساتێکدا دەمرێت ، جا تۆ ئەگەر یەکێك لەوانەی یان من یەکیێك لەوانە بم کە مردن یەخەی پێ گرتین ، تەوبەشمان نەکردبێت ! ! و هەر بەو شێوەیە و بەو بێ فرمانی کردنەی خوای گەورە بچینە بەر باڕەگای ! ! چ شتێك ئەبێت بە پاکانە لەو ڕۆژەدا ؟ کە خودا ئاگای لە هەموو نهێنی و ئاشکرایەکە ـ خودا پەنامان بدات ـ وە بگەڕێینەوە بۆ مەنزلگای هەتا هەتایی ، سەفەری بێ گەرانەوە ! ! ! بۆ ئەو جلە تەنگانە تا بەو ڕۆژە نەگەین بەو شێوەیە بمێننەوە .

من لەبەر ئەوەی کە لە خێزانێکی موسوڵمانم وەك هەموو کەسێك لە خێزانێکی موسوڵماندا بێت نوێژم دەکرد و ڕۆژوم دەگرت ، لەوەی پێبزانم هەر لە منداڵیمدا ترسی سزای خوای پەروەردگارم زۆر لە دڵدا بوە ، بەڵام بڕیاری

سەرپۆش لەسەر کردنم لە تەمەنی (١٣) ساڵیمدا بوو ، سەرپۆش لەسەر کردنەکەم شتێکی زۆر ئاسایی بوو بەلامەوە - بڕیارێك هەروا بوو - تێنەگەیشتبوم وەکو ئەوەی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ داوای دەکەن و فرمانیان لە سەرداوە ، هەتا ئەم کاتەی کە تەمەنم لە (٢٢) ساڵیدایە ئەو سەرپۆشەی کە ساڵانێك بەسەرم دەدا هەرگیز بە سەرپۆشم دانەدەنا ، چ سەرپۆشێك وەك زۆرینەی کچان لەبەر عەیبە ؟!! یاخود فێربونم بەو سەرپۆشە دەمدا بەسەرمدا بۆ خوێندنگا یاخود بۆ دەرەوە ، کە دەچوین بۆ سەیران یان بۆ ئاهەنگێك یان هەر بۆنەیەکی تر سەرپۆشەکەم لادەبرد !!!

لەوانەیە پرسیار بکەن و بڵێن : ئەی بۆچی سەرپۆشت داوە ئەگەر لەترسی سزای خودا نەبوە ؟! منیش دەڵێم : ڕاستە سەرپۆش دانەکەم بەو شێوەیە نەبوە کە بۆ پەروەردگارم بیپۆشم !! بەڵام ئێستا دەزانم هەڵەبوم پەشیمانم خوداش لێبوردەیە و بەندەکانی خۆش دەوێ ئەگەر تۆبەی یەکجاری بکەن هەروەکو خودای گەورە دەفەرموێ : ﴿ وَمَن يَعْمَلْ سُوءًا أَوْ يَظْلِمْ نَفْسَهُ ثُمَّ يَسْتَغْفِرِ اللَّهَ يَجِدِ اللَّهَ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴾ (سورة النساء : ١١٠) ، واتە هەرکەسێك کارێکی خراپی کرد یان ستەمی لە خۆی کرد دوای ئەوە تەوبە بکا لەلای خودای خۆی ئەوا دەبینێ کە خودا لێبوردەیە و بە بەزەییە ، بۆیە کە ئێمە هەڵەیەکمان کرد نەمانزانی کە هەڵەیە و دەرکمان بەڕاستیەکەی نەکرد ، بەڵام کە زانیمان و گەڕاینەوە بۆ سەر ڕێگای ڕاست خوای گەورە کە یەکێك لە ناوەکانی لێخۆشبوە لێمان خۆش دەبێ ، نابێ بڵێین ئیتر تەواو من تاوان بارم و خودا لێم خۆش نابێت !! نەخێر وانیە ، خودای گەورە زۆر لێبوردەیە

بەرامبەر بە بەندەکانی بەتەوبەیەکی تەواو و تێر و تەسەل و نەسوح هەموو گوناهێك کە کردوتە بۆت دەگۆڕێتەوە بەچاکە ، هەروەکو خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ : ﴿ إِلَّا مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُوْلَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴾ (سورة الفرقان : ٧٠) ، واتە : جگە لەوانە نەبێت کە تۆبە دەکەن و پاشان بڕوا دێنن و کردەوەی چاك دەکەن ، ئەوانە خوای پەروەردگار خراپە و تاوانەکانیان بۆ دەگۆڕێت بە چاکە و خوای پەروەردگاریش لێبوردە و بە بەزەییە ، وە فەرموویەتی : ﴿ إِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ ﴾ (سورة هود : ١١٤) ، واتە : چاکەکردن خراپە لادەبا ، بۆیە خوشکی بەڕێزم : کە گوناهێك دەکەی و دوای دەگەڕێیتەوە سەر ڕێگای ڕاست ئەو کات زۆر خۆشەویست دەبی لەلای خوای پەروەردگار ، هەروەکو فەرموویەتی : ﴿ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ ﴾ (سورة البقرة : ٢٢٢) .

بۆیە تاکات ماوە بیر بکەرەوە و ڕێگای ڕاست هەڵبژێرە ئەو ڕێگایەی کە ژنانی پێغەمبەری خوا ﷺ ، خێزانان و ژنانی صەحابە هەڵیان بژاردوە ، و بەو ڕێگایە بەهەشتیان بۆ خۆیان مسۆگر کردوە ، ئەو بەهەشتەی کە خوا پەروەدگار بەڵێنی بەبەندەکانی داوە کە ئەگەر بێت و کەسێك فرمانەکانی جێ بەجێ بکات دەیکات بە مەنزلگەی هەتاهەتاییان لەڕۆژی دوای دا ، دەبا ئێمەش لەو بەندە باشانە بین با بە گوێڕایەڵی فرمانی خوای گەورە ئەو بەهەشتە خۆشی نەبڕاوە بەدەست بهێنین .

من تەمەنێکە دەژیم نەمزانیوە بەو شێوەیە خۆنەپۆشین چ سزایەک چاوەڕوانی دەکا ، لە مانگی ڕەمەزاندا هەستم کرد و زانیم ئەویش لەڕێگای بڵاوکراوەکانی (ڕێگای ڕاست) خوێندنەوەم ، ئەو کتێب و نامیلکانەی کە تایبەت نووسرابوون سەبارەت بە خۆپۆشین ، لە فەرمودەکانی پێغەمبەر ﷺ کە باس لە چۆنێتی ئەو جلانە و سزاکەیان دەکا لەلای خودا ، ئەوانەی کە بالاّ پۆش نین .

خوشکە ژیرەکەم : من پێشتر باسی ئەوەم کرد کە گوایە نەمزانیوە ، لێرەدا ئاماژە بەوە دەکەم کە مەبەستم ئەوە نیە بڵێم : بەتەواوی نەمزانیوە ڕاستە زانیومە کە گوناهە ، بەڵام بەو ڕادەیە نەبوە هەتاکو ئەم ئایەتەم خوێندەوە کە خوای پەروەردگار خۆی زۆر بەڕاشکاوی داوامان لێ دەکات بە خۆپۆشین کە بە پێغەمبەرەکەی ﷺ دەفەرموێ کە خێزان و کچانی و ئافرەتانی موسڵمانان ئەو باسە ڕابگەیەنێت ، ئەوەش بۆ ئەوەی ئێمە شوێن کەوتەی ئەوان بین ، کە خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاء الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴾ (سورة الأحزاب : ٥٩) ، واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ خێزان و کچەکانت وئافرەتی بڕواداران بڵێ با عاباکانیان (بالاّ پۆشەکانیان) بدەن بەسەریاندا و خۆیان بپۆشن ، ئەوە باشترە بۆیان تازیانیان پێ نەگا و خوای پەروەردگاریش بە بەزەی و لێخوش بووە .

بەڕاستی کە ئەم ئایەتەم خوێندەوە ، ئەوەش لە یەکێک لە بلاّوکراوەکانی ڕێگای ڕاست کە لە ڕێگەی خزمێکمانەوە پیم دەگەیشت ، زۆر

کاری لێکردم زۆر ڕقم لە جلی مۆدە هاتەوە ئیتر وام لێهات ئەو تەنورە و بۆدیەم لە بەردەکرد زۆر پێی ناڕەحەت دەبووم ، و وام هەست دەکرد کە ئاگرم لەبەرە زۆر سەرزەنشتی خۆمم دەکرد ، بە ماڵەوەم ووت : ئیتر ئەم جلانە لەبەرناکەم ، پێیان ووتم : ئەی چی لەبەردەکەی ؟! پێم وتن : ئەو جلە لەبەر دەکەم کە خودا ئەیەوێ ، مەبەستم جوبە بوو ، بەڵام ئەوان لە سەرەتاوە پێیان سەیر بوو ئەیان ووت : تۆ چۆن ئەو جلانە لەبەر دەکەی خۆ هی هاوڕێکانت لە خوێندنگا وانیە ؟! منیش پێم وتن : من حەقم بەسەر ئەوانەوە چیە ؟! هەر کەسەو دەچێتە گۆڕی خۆی ، ئەوان بەو شێوەیە پێیان ناخۆش نەبوو کەڕێم پێبگرن ، ئەو جلانە لەبەر بکەم ، بۆیە وام دانابوو کە ئەو جلانە بگۆڕم ، و ڕۆژی دواین وێستم لەماڵ بڕۆمە دەرەوە ئیش و کاری خوێندنم هەبوو ، چەندم کرد کەجلێکی وام دەست نەکەوت کە ئەو بۆدیەیی لەبەری دەکەم تەسك نەبێت ناچاربووم بەو شێوەی جاران بەتەنورە و بۆدیەکەوە چومە دەرەوە ، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا زۆر پێی ناڕەحەت بوم ڕۆشتمە دەرەوە ، لە ماڵی خۆمان دوور کەوتمەوە زۆر ترسام ترسێك کە هەرگیز بەو جۆرە نەترسابوم ، لەو کاتەدا سەیری جلەکانی خۆم دەکرد ، و بیرم دەکردەوە و لە دڵی خۆمدا دەمگوت : ئێستا ئەگەر مردن بێت و لەم ڕێگەیەدا یەخەم بگرێ و بمرم ؟! بەم جلە تەسکەوە دەچمە بەر دەرگای خوای پەروەردگارم !! هەستم دەکرد کە فریشتەی گیان کێشان (ملك الموت) بە دوامەوەیە و دەیەوێت گیانم بکێشێ ، ووتم خوایە بەم شێوەیە ئێستا نەمرم وەعد بێت کە خۆم بگۆڕم ، کە هاتمەوە وتم : ئیتر ئەو جۆرە

جلانە لەبەر ناکەم ، دوای ئەوە جلەکەم گۆڕی بەجلی هەروا ئاسایی ، چونکە جلی شەرعیم نەبوو ، تەنورەیەکی شێوە پان و بانێکی گەورەم لەبەر دەکرد هەموو جارێ بەو جلە لە مالّ دەڕۆشتمە دەرەوە هەرچەندە جوان نەبوو بەڵام لەبەر ئەوەی بە لەشمەوە تەسك نەبێ بۆ ئەوەی خودام لێ نەڕەنجێ لەبەرم دەکرد ، لە مالّەوە پێیان دەووتم : جلەکانت ناشرینە بەیەکەوە ناگونجێ ! ! زۆر جار پێیان دەووتم : ئەم جلانەت ئەوەندە نارێکە وەك نانو قەزوان وایە ، منیش دەموت : لەبەر ئەوەی تەسك نیە لەبەری دەکەم ڕۆژێکیان کتێبێکم بە دەستەوە بوو ئەم خۆێندەوە ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ تیادا بینی و خوێندمەوە زۆرکاری تێ کردم ، کە باس لەو کەسانە دەکات کە جلی تەسك وتەنك لەبەر دەکەن کە دەغەرموێت :

" صنفان من أهل النار لم أرهما قوم معهم سياط كأذناب البقر يضربون بها الناس ونساء كاسيات عاريات مميلات مائلات رؤوسهم كأسنمة البخت المائلة لا يدخلن الجنة ولا يجدن ريحها وإن ريحها لتوجد من مسيرة كذا وكذا " (رواه مسلم) واتە : دوو جۆر خەڵکی دۆزەخ هەن من نەیانم بینیوە ، کۆمەڵە کەسانێك قامچیان پێیە وەك کلکی مانگا وایە پێی دەدەن لە خڵکی ، وە کۆمەڵە ئافرەتانێك داپۆشراون و لەهەمان کاتدا ڕوتن ، وە بەلار و لەنجە بەڕێگادا دەڕۆن و سەرنجی خەڵك بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن ، وە سەریان وەك بان پشتی ووشتر وایە ئەم دوو کۆمەڵەیە ناچنە بەهەشتەوە ، وە بۆنیشی ناکەن هەرچەندە بۆنی بەهەشت لە دوری ئەوەندە و ئەوەندە دێ .

بۆیە بەپشتیوانی خوای گەورە بڕیارمدا ئیتر جلی پۆشتە لەبەر بکەم ، جلێك بەو دوریە لە بەهەشت بەدورم بگرێ ! ! جلێك بۆ کەسانی چاوبرسی کە هەرگیز تێر نابن لەسەیر کردنم ، لە دوایشدا گاڵتەم پێ بکەن ! ! جلێ بەرە و دۆزەخ ڕاپێچم بکات ! ! ! و لەو کاتەدا هیچ کەسێك و هیچ شتێك دادم نادا ، ئەو جلە دەسوتێنم پێش ئەوەی بە هۆیەوە بسوتێم ، وەك خوای گەورە دەفەرموێ :

﴿ حَتَّى إِذَا جَاء أَحَدَهُمُ الْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ارْجِعُونِ ﴾ (سورة المؤمنون : ٩٩) ، واتە : کاتێك یەکێك لەوانە مردن یەخەی گرتن و فریشتەی گیان کێش سەر شانی گرتن ئەڵێ خوایە بمگەڕێنەوە بۆ دونیا تاچاکە بکەم ، تازە دوای چی خودا ئەو هەموو تەمەنەی پێ نەبەخشیت ئاگاداری نەکردیتەوە بە مردنی کەس وبرا و باوك و دۆست و هاوڕێیانت ؟! کەچی هەربە ئاگا نەهاتیتەوە ئیتر لەو ڕۆژەدا کەس فریای کەس ناکەوێت ، تەنها کردەوی چاك کرداری چاکەکە فریامان دەکەوێت لە ئاخیرەتدا وەکو خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿ كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ ثُمَّ إِلَيْنَا تُرْجَعُونَ ﴾ واتە : هەموو کەسێك ئەبێ مردن بچێژێ ، ئەگەر بێنەوە بۆ لامان لەو ڕۆژە کە کەس فریای کەس ناکەوێ ، خۆش بەختی بۆ ئەوانەی کە خۆیان لە ئارەزووەکانی دونیا حەرام کردوە ، بۆ بە دەست هێنانی ڕەزامەندی خودا ، ئەویش بە پاداشتی بەهەشتی بەرین کە هەتا هەتاییە و خۆشیەکەی نە بڕاوەیە وە بەدبەختی بۆ کەسێك کە تێشووی بۆ ئەو سەفەرە کۆنەکردۆتەوە و ئامادەی نەکردوە بەگوێ ڕایەڵی کردنی فرمانی خودا کە پاداشتەکەی بە هەشتی بەرینە ، ئەوەی کە نەفس

حەز و ئارەزوی لێبوە کردەوییەتی و ئەو ڕۆژەی لە بیرکردوە کە بەدەستی بەتاڵ و بەبێ ماڵ وپارە و منداڵ دەگەڕێتەوە لای پەروەردگاری ، و تەنها کردەوەکانی لە گەڵیایە ، ئەو کاتە هیچ شتێك بە فریای ناکەوێ نە خۆشی دونیا نە کات بەسەربردن کە ئەوەی شەهەوات و ئارەزوی دونیایە بەبێ فرمانی خودای گەورە کردویەتی ، وەك پێغەمبەری خوا دەفەرموێ :

" حفت الجنة بالمكاره وحفت النار بالشهوات " (صححه العلامة الألباني في صحيح الجامع ، برقم : ٣١٤٧)

واتە : بەهەشت پەرژین کراوە بەو شتانەی کە دەرون رقی لێیانە و پێی ناخۆشن ، دۆزەخیش پەرژین کراوە بەو شتانەی کە دەرون ئارەزووی لێیانە .

خوای گەورە پەنامان دات ، منیش دەڵێم : بەڕاستی ئەگەر ئیمە بیر بکەینەوە و چاوبخشێنین بە مێژوو لە قورئانیشدا هەر تەنها خوا و دینی خوایە ڕێزی لە ئافرەت گرتووە ، و ئافرەتی وەك ئامراز بەکار نەهێناوە ، بەڵام ئەوانەی کە بانگەشەی مافی ئافرەت و ئازادی ئافرەت دەکەن ئەوانە تەنها خۆڕوتکردنەوە و بێ سەرپەرەشتی بۆ ئافرەت بە ئازادی دەزانن ! ! ئەوانە بانگکردنی ئافرەت بۆ خۆ پۆشین بە کۆت و بەندکردن دەزانن ! ! ! لە ڕاستیدا ئەوانە هیچ شتێ لە ئیسلام و قورئان تێگەیشتوون ! ! ! قورئان داوای خۆپۆشینی ئافرەت دەکات بۆ ئەوەی ئافرەتان لە زیان بەدوورین لە زیانی ئەو کەسە دڵ نەخۆشانەی نازانن ڕێز و سوننەتی ئیسلام چیە ! ! بانگەشەی یەکسانی و سەربەستی ئافرەت دەکەن ! ! ! ئیسلامیش ژنی کۆت نەکردووە

ژن لە ئیسلامدا ئازادە لە ڕاو بۆچون و قسەی خۆیدا ، بەڵام ئەوان دەڵێن ژن وپیا و یەکسان بن بەوەی کە ژن هەر ئیشێك بیەوێ لە دەرەوەی ماڵەکەی خۆی و ئارەزوی لێ بێ بیکات ، پیا و ڕازیش نەبێ ئەو هەر بیکا !!! ئەوان ئەوانە بە ئازادی دەزانن !!!! من خۆم جارێکیان نمونەیەکم بیست باسی کچێکیان کرد کە گوایە پیاوێك خواستویە و پیاوەکە بە ژنەکەی ووتووە سەرپۆش بدە بە سەرتا ، و جلی تەسك لەبەر مەکە ، دەیان گوت گوایە ئەو پیاوە ئازادی لە ژنەکە زەوت کردووە !!!!! ئەو پیاوە خراپە بۆ ئەو ژنە !!!! منیش ووتم : ئەوە هیچ کاتێ خراپی و ماف زەوت کردن و سەرکوت کردنی پێ ناڵێن کە پیاویك بیەوێ ناموسی خۆی بپارێزێ ، یاخود لە دین تێگەشتبێ و بیەوێ ژنەکەشی هەمان فرمانی خودا جێ بەجێ بکات و بەختەوەری دنیا و قیامەتی بکات ، و یارمەتی دەری بێ لە کاری چاکە ، بەڕاستی ئەوە دڵسوزترین و بەوەفاترین پیاوە کە دەیەوێ خێزانەکەی دووربێ لە تاوان ، دووربێ لە نەهامەتی ..... بۆیە منیش دەڵێم :

ئیسلام ڕێبازی خودایە پاکی و بێ گەردی تیایە
هەرچی ڕێزی ئافرەتە هەموی لەقورئان وسەنەتە
نەك وەك ئەو کەسانە بۆ قازانجی باخەڵیانە
بانگەشەی مافی ئافرەت دایم لە باخەڵیانە
ئەوەی چاك بێ لەم ژیانە گوێ نەدان وسەرپێچیانە
لە لای خواوەندی توانا هەموت لە بەردەستایە
ئەوەشی گوێی نەبیستێ لە بانگی پەروەردگاری

لـــــــــــە ئـاخرەتدا دۆزەخ ئـەبێ بە مەنزڵگا وجێگەی

بێ بـــــەشە لـــەو نیعمەتەی تێ نـــــەدەکۆشـــــــــــا بۆی

خوشکی ئازیزم : هەموو کەسێك تاوان دەکات ئێمە مرۆڤین خۆ فریشتە نـین کـە گونـاە و سەرپێـچیمان نـەبێ ، بـەڵام پەشـیمان بوونـەوە و کردنـی تەوبەیەکی ڕاستەقینە ئەمانگەیەنێت بەپلەیەکی بەرز ، کە خـوای پـەروەردگار لە هەموو کـردەوە خراپـەکانمان خـۆش دەبـێ ، و لـە جێگەکەیدا پاداشـتمان دەداتەوە ، هەرگیز قسەی ئەم و ئەو کارت تێ نەکات ، ئەوانـەی وائـەزانن کـە ئەگـەر ژنـان جلـی خواناسـین لـە بـەر بکـەن ئـیتر ناشـرینن جوانییـەکانیان ئەشارێتەوە ! ! !

نەخێر وانیە تۆ بەو جلە جوان و جـوانتر ئەبیتـەوە ، ڕاسـتە سـەرپۆش بەشـێك لەجوانیـەکان ئەشـارێتەوە ، بـەڵام تـۆ لەبـەر ئـەوەی بـۆ پەزامەنـدی پـــەروەردگارت ئـــەو جلـــەت پۆشـــیوە و سەرپۆشـــت بـــە ســـەرتا داوە خـــوای پەروەردگار لە بەر چاوی خەڵك زۆر لەو کەسـە جـوانتر و ڕێـزدارت دەکـات کـە جلی ڕووت و سـەری بـێ سەرپۆشـە ، هـەرگیز وابـیر نەکەیتـەوە وبڵـێی : مـن ناشرین ئەبم بەخۆپۆشین ! ! !

تۆ بۆ چیتە هەموو خەڵك بەشان و باڵتدا هەڵبدا ! !

و بڵێن فلانە کەس ئافرەتێکی وا جوانە ! !

و جلوبەرگێکی واجوان و مودەی تازەی پۆشیوە ! !

هەرچەندیش جوانترین جلی مۆدە بپۆشیت و بەدڵی خـەڵکی بێـت ئـەوا دڵنیابە هیچ سود و قـازانجێکی بـۆت نیـە جگـە لـەوەی کـە توشـی خەفـەت و

زیانێکی زۆرت دەکا ، لەوە دەچێ ئیستا بەو زیان وخەفەتە نەزانی و شەیتان فریوت بداو دڵخۆشت بکا بەڵام ڕۆژێ دێت حەقت بۆ دەرکەوێ و پەشیمان ببیتەوە ، ئەو کاتە هەست بەو خەفەت و زیانە دەکەی ، دەی کەوایە خوشکی ئازیزم : ئەو جلە بپۆشە کە خودا پێی جوانە و فەرزی کردووە بەسەرتدا و پەروەردگارت لە خۆت ڕازیکە ، نەک خەڵک ! ! ! چونکە هەرچەندیش جلی مۆدە لەبەرکەیت و خۆت برازێنیتەوە دوای ئارەزوو بکەوی خەڵکت لێ ڕازی نابێ ، لەبەر ئەوەی هەر کەسە بۆچونی تایبەتی خۆی هەیە ، و تۆش ناتوانی هەموویان ڕازی بکەی ، بەڵام دەتوانی زۆر بە ئاسانی خوای تاك و تەنها لە خۆت ڕازی بکەی ، وە ئەگەر ئەو جلە لەبەرکەی کە خوای پەروەردگار پێی ناخۆشە سوێند بەخوا واش نالێین ، من خۆم بگرە تۆش زۆر لەو کەسانە دەبینیت کە جلی تەسکیان لەبەرە یان لەچکیان بەسەرەوە نیە ، توخوا خەڵکی چیان پێ دەڵین ؟ تەنها لە قسەی ناشرین نەبێت ! ! ! بگرە قسەش بەدایك و باوکیان ئەڵین کە ئەو کچەی بەو جلە تەسکەوە ناردۆتە دەرەوە ! ! !

ئیتر لەو لاشەوە توانج و قسەی هەرزەکاری ئەمرۆ کە تێر لێت دەڕوانن لە دواشەوە پێدەکەنن ! !

لەوانەیە زۆر کچ بڵێ من ئەگەر بێتو واز لەو جلانە بێنم ئیتر هیچ گەنجێ توخنم ناکەوێ ، وداوام ناکا ! ! ! ! و بە دڵی کەس نابم ! ! ! سوێند بێت بە خوا وانیە قسمەتت بۆ هەر کەسێك بێت ، هەموو تەمەنت لە ماڵەوەبی و نەڕۆیتە دەرەوە ئەو ڕۆژەی نسیبت بۆ کەسێك بێ خوا شتێکت بۆ دەکاتە

سەبەب ، دڵنیام لە سەدا ملیۆن ئەو گەنجانەی ئەم کۆلان و ئەو کۆلانیانە و قۆڵی کچی خەڵك ئەبڕن !!! کە کاتی ژنهێنانیان هات دەگەڕێن کام کچە بەحەیا و حیشمەت و پۆشتەیە و بەشەرمە ئەو کچە ئەهێنن ، نمونەیەکت بۆ ئەهێنمەوە کوڕێکی خزمان هەتا ئەم تەمەنەی تیایە لەگەڵ چەندەها کچا بوە !!! بەڵام ئێستا ئەڵێ : کە ژن بێنم ژنێك دێنم باشترین کچ بێ ، وهیچ کەسێ نەیبینیبێ پای لاردانابێ !!

دڵنیابە لەبەر ڕەزامەندی خوای پەروەردگار جلەکەت بگۆرە هەرگیز لێی پەشیمان نابی ، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ وَلِبَاسُ التَّقْوَىٰ ذَٰلِكَ خَيْرٌ ذَٰلِكَ مِنْ آيَاتِ اللَّهِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ] (سورة الأعراف : ٢٦) ، واتە : جل و بەرگی خواناسی ، و لە خوا ترسان باشترە .

خوشکە بەڕێزەکەم : ئەو قسانە لە خۆمەوە نایڵێم ئەوە بەسەر خۆیشم هاتوە دەمووت ئەگەر بێتو ئەم جلە بگۆرم بەجلی پۆشتە ئەوا هەموجوانیەکانم دەشارێتەوە !!! وە هەرچەندە ئەو جلانەی من جلێکی ئاسایی بوو !! جا چی ئەگەر جلێك تەسك و ڕووت بێ ، چ جوابێکی هەبێ لەلای خوای پەروەردگار ؟!!

یان دەموت : وەکو پیرەژن دەردەکەوم !!!! یان دەموت : دەترسم بیپۆشم دواجار لەسەری بەردەوام نەبم !!! یان دەموت : ئەی خەڵکی بۆ هەموی جلی تەسکی لەبەرە ؟!!! ئەی بۆ من لەبەری نەکەم ؟!! یان بەو قسەی کە خەڵکی دەڵێ : ئیمان لە دڵە !!! خەڵەتابووم ، من دەڵێم : ڕاستە ئیمان لە دڵە ، بەڵام ئەگەر کرداری پێنەکەی چی سودێکی دەبێ ، بەڵام

هەموو ئەو ترسانە شەیتان دەیخستە دڵمەوە ، بۆ ئەوەی بێ ئەمری خوای گەورە بکەم وەکو خودای بڵند و بااڵ دەست دەفەرموێ : ﴿ إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَاتَّخِذُوهُ عَدُوًّا ﴾ (سورة فاطر : ٦) ، واتە : شەیتان دوژمنی ئاشکراتانە دەی ئێوەش بە دوژمنی خۆتان دابنێن ، بۆیە دەبینین شەیتان بە هەموو شێوەیەك هەوڵدەدات لە خشتەمان ببات دوای ئەوەی کە تاوانەکەمان پێ دەکات دەڵێ : من بێ بەریم لەوەی کە کردویانە ! ! دەبا ئێمەش شەیتان بە دوژمنی خۆمان بناسین ، و دژایەتی بکەین ، بە گوێ ڕایەڵی کردنی فرمانەکانی خوای پەروەردگار بین ، بۆیە خوشکی بەئیمان : حەز دەکەم ئەوەی من بەرە و پیری چوم ئێوەش بەرەوپیری بچن ، با ئەو ڕۆژە پەشیمان نەبنەوە کە پەشیمانی هیچ سودێکی نیە ، پەشیمانی ئێستا باشە تاکاتت بە دەستەوە ماوە بگەڕێرەوە بۆ لای پەروەردگارت ، پەروەردگارت جلی شەرعی و پۆشتەی ئەوێ ، تۆش بیپۆشە و گوێڕایەڵی بە ، با نەکەویتە بەر تووڕەی خوای گەورە ... با خۆمان لە کیسی نەدەین گوێ بۆ ئەو فەرموودەیە شل بکەین کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی :

" إني أريتكن أكثر أهل النار " (متفق عليه) ، واتە : ئەی کۆمەڵی ئافرەتان لە کاتی شەوڕەومیدا بینیم ئێوە زۆرینەی ئەهلی دۆزەخ بون ، هەروەها لە فەرمودەیەکی تریدا فەرمویەتی :

" إن أقل ساكني الجنة النساء " (صححه العلامة الألباني في صحيح الجامع ، برقم : ١٥٧٤) ، واتە : کەمترین کەسانێك کە لە بەهەشت بون

ئافرەتانن ! ! ! ئاخر بۆچی بەدەستی خۆمان ئاگر بۆ خۆمان دروست بکەین ؟! ! ئاخر بۆچی خۆمان نەگۆڕین لە کاتێکدا کە پێغەمبەر ﷺ بەو فەرموودە تۆقێنەرانە - وەکو ڕەحمەتێك - بە ئاگامان دێنێتەوە و ئاگادارمان دەکاتەوە ؟! ! خۆ نابێ بڵێین : نەمانزانیوە ! ! ! هیچ بیانوێك نیە بە دەستمانەوە وە خۆمان ڕزگار بکەین ، چونکە خودای گەورە لە نهێنی و ئاشکرا ئاگادارە ، ئاخر بۆچی فرمانی ئەو پەروەردگارە بەجێ نەهێنین کە بەجوانترین شێوە دروستی کردوین خۆشی ئەوێین ؟! بۆیە ئاگادارمان دەکاتەوە تاکو لە سزای ڕۆژی دوای بەدووربین ، ترسی قەیامەت با لێگەڕین و وازی لێ بێنین ، بێن بیر لە دروست کردنی خۆمان بکەینەوە ، ئەو هەموو ناز و نیعمەتانەی کە بەسەرمانەوەیە بەو شێوەیە سوپاسی دەکەین ؟! بە پشت گوێ خستنی فرمانەکانی بە لەبەرکردنی جلی تەنك و تەسك ! ! ! کە گورگەکان هەرگیز لێمان تێر نابن ! !

خوشکی ئازیزم : ئەو بڕیارەم دا کە ئیدی نابێ هەرگیز خۆم بکەم بە سینەمایی چاوبرسیەکان ، ئەویش بە پۆشینی جلی خواناسی ، منیش وەك تۆ و خوشکانت جلی تەسکم لەبەر دەکرد ، ئەوەی لە بیرم بێت سێ جارێك پەنتۆڵم لە پێ کردوە ، کە ئێستا زۆر پەشیمانم ، نەم ئەزانی چەندە گوناهە و خۆشوبهاندنە بە جل و بەرگی پیاوان ، لە فەرمودەیەکدا کە (أبو هريرة) رضي الله عنه لە پیغەمبەری خواوە ﷺ دەیگێڕتەوە دەفەرموێت : " لعن رسول الله ﷺ الرجل يلبس لبسة المرأة والمرأة تلبس لبسة الرجل " (صححه العلامة الألباني في صحيح سنن أبي داود ، برقم : ٤٠٩٨) ،

واتە : پێغەمبەری خوا نەفرەتی کردووە لەو پیاوانەی کە جل و بەرگی ژنان لەبەر دەکەن ، یا خود خۆیان بە ئافرەتان ئەشوبهێنن ، وە نەفرەتی کردووە لەو ئافرەتانەش کە جلی پیاوان لەبەر دەکەن ، یان خۆیان بە پیاوان دەشوبهێنن ، بۆیە لەلای خۆمەوە تەوبەم کرد کە هەرگیز ئەو جلانە نەپۆشم کە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی فرمانیان کردووە بەنەکردنی ، وەکو خوای گەورە لە سورەتی ئەحزابدا دەفەرموێت : ﴿ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى ﴾ (سورة الأحزاب : ٣٣).

واتە : وەکو ڕوتکردنەوەی سەردەمی نەفامی یەکەم خۆتان ڕووت مەکەنەوە ، ئەو ژنانەی کە پێش ئیسلام جلەکانیان وەکو ئەوەی ئێستاش تەسك نەبوو ، بەڵکو جلێکی فراوانیان لەبەردا بوو ، وەك کە ئەبینرێ بەڵام سەر و سنگیان بەدەرەوە بوو ، بۆیە خوای گەورە لە قورئاندا پێمان ئەڵێ وەکو ئەو جۆرە ئافرەتانە مەبن ، کە جوانیەکانیان بۆ پیاوی نامەحرەم دەردەخەن !!! وە ئەوەش بزانە کە ئەو بازرگانانەی کە ئەو جلە ڕوت و کورت و تەسکانە دەخەنە بازارەوە ، من و تۆی خۆش ناوێ ، تەنها مەبەستی ئەوەیە لەو ڕێگەیەوە فیتنە بڵاو بکاتەوە ، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ژنانەوە گەنجەکانیان لەخشتە ببرێت ، چونکە یەکەم فیتنەی بەنی ئیسرائیل ژن بوە ، بۆیە ئەوان تەنها ڕێگایەك ماوە بەدەستیانەوە بۆ دژایەتی کردنی ئیسلام ، دەبینین ئافرەت بەکار دەهێنن وەکو کاڵایەك !!! جۆرەها جلی ڕووت و تەسك دەخەنە بەر دەستی ئافرەتان تا مەرازی گڵاویان بێتەدی ، خوای گەورە من و تۆ و هەموو ئافرەتانی ئیمانداری خۆش دەوێ ، بۆیە پێمان دەڵێ

خۆبپۆشن بۆ ئەوەی لە ئازار بەدور بین ، خوایەکی بە توانا کە هیچ پێویستی یەکی بە ئێمە نیە بەڵام پێی ناخۆشە بەندەکانی گوێ ڕایەڵی نەبن ، و بکەونە بەر سزای ، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ لە بارەی لەبەرکردنی جلەوە دەفەرموێ : " من لبس ثوب شهرة في الدنيا ، ألبسه الله ثوب مذلة يوم القيامة ، ثم ألهب فيه نارا " (حسنه العلامة الألباني في صحيح سنن ابن ماجه ، برقم : ٣٦٠٧) ،

واتە : هەر کەسێ لە دونیا پۆشاکی ناو بانگ بپۆشێت ئەوا خوای گەورە لە دوا ڕۆژدا پۆشاکی سەرشۆڕی و زەلیلی دەکاتە بەر ، و پاشان گڕ و بڵێسەی تێ بەر دەدرێت ، ئەم فەرمودەیەی پێغەمبەر ﷺ باس لەوە دەکات ئەگەر هاتوو مرۆڤ جل و بەرگێکی لە بەرکرد ، با ئەو جلەشی جلی شەرعیش بێ ، بەڵام ئەگەر هات و بە شانازییەوە لەبەری کرد و بۆ شانازی و لوت بەرزی بوو بەسەر موسوڵمانانداا ، و بۆ ناو و ننانۆرە بوو ، ئەوا خوای گەورە لە قیامەتدا دەیکاتە ئاگر و لەبەری دەکات ، بۆیە خوشکەکەم با بەیەکەوە بریار بدەین ئەو جلەی لەبەری دەکەین تەنها بۆ ڕەزامەندی خوای گەورە بێ ، چونکە هەر خوایە چاکەی بەندەکانی دەداتەوە ، ئەویش بە پاداشتی بەهەشتی بەرین ، کە خۆشییەکەشی نەبڕاوەیە .

خوشکە بەڕێزەکەم : لەوەش ئاگادارببە ئەگەر ئەو جلە شەرعیەت کە دەیپۆشیت بە ئیخلاصی بۆ خوا نەبێت ، جگە لەوە کە خۆتی پێ دەسوتێنیت هیچ پاداشتێکی بۆت نیە ، لەوە دەچێت پێت سەیر بێت بڵێم : بە لەبەرکردنی جلی شەرعی خۆت بسوتێنێت ، مەبەستم ئەوەیە کە ئەو خۆ پۆشینە لەبەر

ڕەزامەندی خوا نەبێت !! بەڵکو لەبەر مەبەستێکی دونیایی بێت !! یان لەبەر دەست خۆشی و پاداشتێکی دونیایی بێت !!! یان لەبەر ترسی مالّ و کەس و کارت بێت !!! ئەو کەسە پاداشتی دەست دەکەوێت لە دونیا !! بەڵام لە قیامەت خەسارۆمەند دەبێت

وە دەبینین زۆربەی ئەو کەسانەی کە بەناو حیجاب دەکەن و بەئیخڵاصی بۆ خودا نەیان کردووە بەردەوام نابن لەسەری و پەشیمان دەبنەوە ، نمونەیەکی ڕاستیتان بۆ دەگێڕمەوە کە ئافرەتیك دەناسم کە پێش چەند ساڵێك حیجابێکی زۆر باش بوە ، بەڵا من بینیم کە ئێستا زۆر سفورەیە و جلەکانی زۆر تەسکن تەنانەت کە سەرپۆشیش دەدات جاری وا هەیە نیوەی پرچی بەدەرەوەیە !! جامنیش ڕۆژێك پرسیارم لێی کرد و ووتم : بیستومە کە تۆ جاران حیجاب بویتە !! ئەی ئێستا جۆن سفورەی ؟!! ووتی : بەڵێ من جاران حیجاب بووم ، و پەیوەندیشم بە حزبەوە هەبووە ، بەردەوام دەرسم خوێندووە و دەرسیشم داوەتەوە ، بەڵام تاقەتم لەسەری نەما و وازم لێهێنا لە بەر شتێك !!! جا منیش ووتم خوشکە بەڕێزەکەم ئەو حیجابەت بۆ خوا نەبوو !! ئەگەر بۆ خوا بوایە ئەوە هەرگیز وازت لێی نەدەهێنا !

چەند جوانە هەموو کردەوەیەك تەنها لەبەر ڕەزامەندی خوا بێت ، و چاوەڕوانی هیچ پاداشتێك نەکرێت لە دونیا ، ئەوە بەدڵنیاییەوە خودای میهرەبان بەڕەکەت دەخاتە ئەو کردەوانە و بەردەوامی پێ دەبەخشێت ، بۆیە با هەرگیز قیامەت نەگۆرینەوە بە دونیایەکی سەرپێی ، کە ژیانمان وەك ڕێبوارێك وایە ، ئەواتا پێغەمبەری خوا ﷺ ژیانی دونیای وەکو ڕێبوارێك باس

کردووە کە لە ڕێگایەکی دوور دێ و لە ژێر داڕێك ، پشوو دەدات و ساتێك دادەنیشێت بۆ ئەوەی هیلاکی دەربچێت ، و دوای بکەوێتە ڕێ ، و ئەو شوێنە بەجێ بێڵێ ، دونیایەك ئاوا بێت بۆ بەو شێوەیە باوەشی بۆ بکەینەوە ؟!! وە بۆ قەیامەتمان لە بیر بکەین ، لە فەرمودەیەکدا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی :

" كُلُّ أُمَّتِي يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ ، إِلاَّ مَنْ أَبَى " . قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَنْ يَأْبَى ؟! قَالَ : " مَنْ أَطَاعَنِي دَخَلَ الْجَنَّةَ ، وَمَنْ عَصَانِي فَقَدْ أَبَى " (رواه البخاري) ، واتە : هەمو ئومەتەکەم دەڕۆنە بەهەشتەوە ئیلا کەسێ کە خۆی نەیەوێت ، ووتیان ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ کەس هەیە نەیەوێت بڕواتە بەهەشتەوە ؟! فەرمووی : ئەوەی گوێ ڕایەڵم بێت ئەچێتە بەهەشتەوە ، ئەوەش فرمانەکانم پشت گوێ بخات نایەوێ .

بۆیە دەبینین ئەم فەرمودەیە ئاگادارمان دەکاتەوە بە هۆی چەند کاتێکی کەمی دونیایی خۆمان ئەدەینە دەست هەوا و ئارەزووەکانمان !! تاوەکو لە ناز و نیعمەتی خودا ـ کە بەهەشتی بەرینە ـ بێ بەش نەبین ، یەکیك لەو فرمانەی کە پێمان کراوە خۆداپۆشین و دەرنەخستنی جوانییەکانمانە بۆ کەسانی نامحرەم هەر وەك خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز دەفەرمێ :

﴿ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا﴾ (سورة النور : ٣١) ، واتە : بە ئافرەتانی ئیماندار بڵێ کە چاویان لە تەماشاکردنی حەرام بپارێزن و داوێنیشیان بپارێزن لە داوێن پیسی ، و جوانیەکانیشیان دەرنەخەن جگە لەوەی نەبێت بەبێ دەسەلاتی

ئەوان دەر دەکەوێت ، جا بۆ ئەوەی خوای گەورە لە خۆمان ڕازی بکەین دەبێت گوێ ڕایەڵی فرمانەکانی بین ، کە خوای گەورە بەڵێنی پێ داوین بە کردن و جێبەجێ کردنی فرمانەکانی بە بەهەشتی بەرین شادمان بکات ، خوایەك ئەوەندە ڕێزی لێگرتوین هەموو ناز و نیعمەتێکی بە سەردا ڕشتوین ، وە خوایەك کە توانای بەسەر هەموو شتیکدا زاڵە و دەتوانێت بەهەموو لە ناو بردنێك لەناومان ببات ، بەڵام خوای گەورە بەبەزەییە بەرامبەر بە ئیمە داوامان لێدەکات بە پەرەستن و گوێڕایەڵی کردنی ، بە پاداشتی دونیا و ئاخیرەت ڕازیمان دەکات .

خوشکەکەم : با ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین ، ئێمە چین تابێ فرمانی ئەو خوایە بکەین ؟!! ئەوەی لە زەوی و ئاسمانەکانە دروستکراوی ئەون ، و هەموو شت لە دەستیایە ، ئایا ناتوانێت لە ناومان ببات ؟ بەڵێ بێ گومان دەتوانێت بەڵام ئەو بەبەزەییە بەرامبەرمان هەرچەندە ئێمە گومڕا و سەرکەشیش بین ، هەر ئارام دەگرێ لە سەرمان ، وەکو خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز بە ئێمە دەڵێ و بە ئاگامان دێنێتەوە و دەفەرموێ :

﴿ أَلَمْ نَجْعَل لَّهُ عَيْنَيْنِ وَلِسَانًا وَشَفَتَيْنِ ﴾ (سورة البلد : ٨) ، واتە: ئایا ئێمە زمان و لێوەکانمان پێ نەبەخشیون ؟! کە قسەی پێدەکەن ئەوە کەمترین شتێکە بۆی باسکردوین ، ئەوە یەکێکە لەو نیعمەتانەی کە بەژماردن نایەن ، ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەماندا سودی لێ وەردەگرین ، بەڕاستی ئێمە بەرامبەر بەو بەخششانە زۆر سفڵەین ، لە بەرامەر ئەو هەموو نیعمەتانەی بۆ ئێمەی بەدیهێناوە ، و لە خزمەت ئێمەدان ، کەچی ئێمەش داوامان لێدەکات

فرمانەکانی بەجێ بێنین بە پێچەوانەوە ئەوەی ئەو نەهی لێ کردووە دەیکەی !!

دەی خوێنەری بەڕێز خودا بەو عەزەمەت و گەورەیە تۆی خۆش دەوێ و ڕێزی لێ گرتوی بەڵام تۆ نە ئەوت خۆش دەوێ و نەش خۆت !!! ئەگەر مرۆڤ خودای بەڕاستی خۆش بوێ بە جوانی گوێ ڕایەڵی دەکات ، و فرمانەکانی جێ بەجێ دەکات ، وە ئەگەر بە جوانی گوێ ڕایەڵی خوای کرد و فرمانەکانی جێ بەجێ کرد ئەوە بەدڵنیاییەوە خۆی خۆش دەوێ ، و گیانی خۆی دوور دەخاتەوە لە ناڕەحەتی و ئاگر ، هەندێك لە پێشینان فەرموویانە : گەر دەتەوێت بزانی خودا چەندە تۆی خۆش دەوێ ، و چەندە بە قەدری لە لای خوای پەروەردگار پیا چونەوەیەکی خۆت بکە و بزانە چەند خوات خۆش دەوێت ، و چەندە ڕێزی خوا لە دڵتدایە ، و چەندە گوێ ڕایەڵی دەکەیت و چەندە عیبادەتی دەکەیت ، ئەوەندەش مەنزیلەی تۆیە لای ئەو .

دەی با هەموومان بەڕاستی گوێ ڕایەڵی ئەو خوا میهرەبانە بکەین ، و ئەوەی ئەو داوای لێکردوین جێ بە جێی بکەین .

نموونە : خۆپۆشینە کە خوا لە قورئاندا داوامان لێ دەکات ، و بەخۆ نەپۆشین ئێمە بێ ئەمری ئەو زاتە تاك و تەنیا و بالاّ دەستە دەکەین ، و بەشوێن هەوا و ئارەزووی ئەو کەسانەی دەکەوین کە لە ڕەحمەتی خوا بە دوورمان دەگرن !! ئەویش ئەو جلانەیە کە بازرگانەکان دەیخەنە بازاڕەوە ، نازانی چەند زیانی هەیە بۆت و دورت دەخاتەوە لە خۆشەویستی و ڕەحمی

خوا ، توخوا با بەسبێت ئەو جلەی کە هیچ سودی نیە بۆ قیامەتت ، ئەو جلەی کە خوا پێی ناخۆشە .

خوشکە بەڕێزەکەم : یەکێك لەو نیعمەتانەی کە خواپەروەردگار بە ئێمەی بەخشیوە چاوەکانمانە ، دەبا تۆ چاوت بۆ چەند خولەکێك ببەستیت ، ئینجا دەزانی دونیا بەبێ چاو چەند تاریك و شەوە زەنگە ، ئینجا تۆ بیری خۆت بخەکار خوا چ نیعمەتێکی پێ بەخشیوی کە هەموو دونیا کۆبێتەوە ناتوانێ چاوەکانت بۆ دروست بکات ئەگەر لە دەستیان بدەی ، هەر بەو چاوەی کە خوا پێی بەخشیوی سەیرێکی ئەو جل و بەرگە مۆدانە بکە کە ئێستا باوە و بە زۆری خەڵکی دەیپۆشێت ! ! و بەراوردێکی بکە لە گەڵ ئەو جلەی کە خوا داوات لێدەکات ، بزانە چەند جیاوازن ! ! ! کامەیان سودی هەیە بۆ قیامەتت هەڵی بژێرە ، دەی ئەوەیە کە خوا چاوی پێ بەخشیوین تاکاری باشی پێ ئەنجام بدەین سەیری نیعمەتەکانی دەوروبەری پێ بکەین ، ئەوەی باشە هەڵی بژێرین ، بۆچی گوێڕایەڵی فرمانەکانی خودا نەبین ؟ بۆچی ئەوەی خودا و پێغەمبەرەکەی ﷺ داوای دەکەن بەرەوپیری ئەچین ؟ چ شتێك پاڵمان پێوەبنا کە بێ فرمانی بکەین لە دونیادا ؟ یان نەزانین و خۆمان گومڕا بکەین و بێ بیرکردنەوە ؟! چونکە هەموو مرۆڤێك بە بیرکردنەوە ئەگاتە ئەنجام ، ئەگەر دونیاشە ئاخر بۆچی دونیایەکی سەرپێی کە پڕە لە دەرد و ناسۆری بگۆرینەوە بە بەهەشتێکی هەتاهەتای ! ! خۆ لەم دونیا چەندەها سااڵ بگرە هەزار ساڵیش بژین ئەبێ ڕۆژێ بگەڕێینەوە بۆ لای خوای پەروەردگار ، ئەی بۆچی ئەو ڕۆژە بەڕوویەکی گەش و بەسەرێکی بەرزەوە

نەگەڕێینەوە بۆ لای ؟! وە بۆچی بە ڕوویەکی زەردە وە بگەڕێینەوە بۆ لای ؟!! کە ئەو خوایە هیچی لێ وون نابی ، و ئەو کاتەش ڕێگای درۆکردنیشمان نیە ، چونکە ئاگاداری بەنهێنی و ئاشکرا ، لەوانەیە لەم دونیا بڵێین : خۆمان ناپۆشین بە بیانوی جۆر بەجۆر !!! لەوانە : مێردەکەم ئەوجلەی بە دڵ نیە !! یا باوکم پازی نابێت !!! من لە کەسی خۆمانەوە بیستومە کە ووتوێەتی من بۆیە واز لەجلی جوان ـ واتا جلی تەسك ـ ناهێنم ، چونکە ئەگەر بێتە جلی فراوان لەبەر بکەم ئەوا مێردەکەم منی لا جوان نامێنێ !!! و چاو دەگێڕی بۆ ژنی تر !!! ئاخر ئەوە کەی بیانوە ، من دەڵێم بە ئەو کەسە و بەهەموو ئەوانەی کەوابێر دەکەنەوە : ئەو مێردەی کە تۆی بەجلی تەسکەوە بوێ ، ئەوە چ مێردێکە کە تۆی بەجلەوە بوێ !!! بەڵام من بەڕای خۆم بڕوام بەو بیانوە نیە ، چونکە هیچ پیاوێك نیە کە حەزنەکا خێزانەکەی دووربێت لە چاوی خەڵك ، ئایا بۆچی ئێمە دواڕۆژی خۆمان لەناوببەین بۆ ئەم دونیا بێ وەفا کە هیچ سودی نیە ؟! بۆ قیامەت تەنها کردەوەی چاك و بەدەم چونی بانگەوازی خوا و پێغەمبەر دەستگرمانە ، بۆ ڕێگای ڕاست و دووربون لە دۆزەخ هەروەکو خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت :

﴿ فَإِذَا نُفِخَ فِي الصُّورِ فَلَا أَنسَابَ بَيْنَهُمْ يَوْمَئِذٍ وَلَا يَتَسَاءلُونَ فَمَن ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ وَمَنْ خَفَّتْ مَوَازِينُهُ فَأُوْلَئِكَ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنفُسَهُمْ فِي جَهَنَّمَ خَالِدُونَ تَلْفَحُ وُجُوهَهُمُ النَّارُ وَهُمْ فِيهَا كَالِحُونَ ﴾ (سورة المؤمنون : ١٠١ . ١٠٤) ، واتە : کاتێك فو دەکرێت بە (صور) دا ئەوە هیچ پەیوەندیەکی خزمایەتی لەو ڕۆژەدا نیە ، وە کەس لە کەس ناپرسێتەوە

، ئـەو کەسـەی تـەرازوی چـاکەکانی قـورس بێـت ، ئـا ئەوانـە سـەرفەراز و سەرکەوتون ، بەڵام ئەو کەسـەی تـەرازوی چـاکەکانی سـوك بێـت ئەوانـە ئـەو کەسانەن خۆیان لەدەسـت داوە و خۆیـان خەسـار و ڕیسوا کـردووە ، دەبێـت لەناو دۆزەخدا ژیانی نەبڕاوە و هەتایی ببەنەسـەر ، بڵێـسەی ئـاگر ڕوومـەتیان دەبرژێنێت ، هەموویان لێویان هەڵقوچاوە و دانیان ڕیچ دەبێتـەوە (دیمـەنیان ترسناکە) .

جا خوشکەکەم : با بیر لەو ڕۆژە بکەینەوە و خۆمان لەو ڕۆژەدا ببینین کە کۆتای دونیایەکی کاتیە ، و جگە لە کردەوەکانمان بە فریامان دێت هیـچی تر بە هانامانـەوە نایـەت ، ئایـا دەزانـی خـوای پـەروەردگار چـۆن باسـی ئـەو ڕۆژەمان بۆ دەکات ، خوای گەورە دەفەرموێ :

﴿ وَإِنَّ يَوْمًا عِندَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴾ (سورة الحج : ٤٧) ، واتە : خوای گەورە دەفەرموێ ڕۆژێك لەلای خـوا وەکـو هـەزار سـاڵ وەهایـە ، بەرامبەر بـە ڕۆژی دونیـای ئێـوە ، دە خوشکەکەم بـا خۆمـان دابنـێن ئەگـەر ڕۆژێك لە دۆزەخدا بین ـ خوا پەنامان بدات ـ خۆ ئەو ڕۆژە هـەزار سـاڵ دەکـات لەلای خوا ، جا نەکەی دەخیل سەد دەخیل خوشکە بەڕێزەکەم بۆ خـوا پێـت دەڵێم خۆت بپۆشـە ئـەو جلـەی خـوا دەیـەوێ ببپۆشـە بـا نەکەویتـە بـەر ئـەو هەرەشەی کە خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ کردوویانە ، تـۆش وەك مـن نـەفرەت بکە لەو جلانەی کە ڕاپێچت دەکەن بەرەو ئاگر ! ! ! ئەو جلانەی کە سالآنێکە لەبەرت کردوەن ، کە هەموشـی بـێ فرمـانی خوایـە و هـیچ سـودێکت لـێ نـە بینیون ! ! ! با نەکەویتە بەر نەفرەتی پێغەمبەرەکەت ﷺ کە لە ڕۆژی دوایـدا

شفاعەت خوازتە لەلای خوای گەورە کە نەفرەتی کردووە لەوانەی کە جلی تەسك لەبەر دەکەن کە دەفەرموێ :

" سيكون في آخر أمتي نساء كاسيات عاريات على رؤوسهن كأسنمة البخت العنوهن فإنهن ملعونات " (صححه العلامة الألباني في السلسلة الصحيحة ، برقم : ٢٦٨٣)

واتە : کۆمەڵە ئافرەتێك هەن لە کۆتای ئومەتەکەم دەردەکەون داپۆشراو و ڕوتن ، پرچیان بەشێوەیەك بەسەر سەریانەوە دەبەستن وەکو بان پشتی وشتر وایە ، نەفرەتیان لێ بکەن ئەوانە نەفرەت لێ کراون ... تکایە خوشکەکەم با نەکەویتە بەر ئەو نەفرەتە تا کاتت بەدەستەوە ماوە تەوبەیەکی یەکجاری بکە ، بۆ ئەوەی نەکەویتە بەر خەشم و تووڕەیی خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ لە ڕۆژی دواییدا ، بەخوا لەو ڕۆژودا کەس بەهاناتەوە نایەت نە ئەو کەسانەی کە جلی تەسکت بۆ لەبەردەکردن ، و بەسەیرکردنت هەرگیز تێر نەدەبون ، وە تەنها کردەوەکانت و جلە داپۆشراوەکەتە بەهاناتەوە دێت

من پێت دەڵێم : مەترسە لەوەی واز لەو جلە مۆدە و تەسکانە بێنی ، لە دواییدا دەگەڕێیتەوە سەری ، یان پەشیمان دەبیتەوە ، لە ڕاستیدا ئەو ترسەش پێش وازهێنانم لە جلی مۆدە لە لامدا هەبوو ... سوێند بە خوا ئێستا کەوازم لە جلی تەسك هێناوە خۆشحاڵ ترین کەسم لەسەر زەوی ، و هەرگیز لەم بڕیارەشم پەشیمان نابمەوە ، و زۆریش داخ دەخۆم بۆ ئەو کاتانەی کە بەجلی مۆدەوە بەسەرم بردون ، بەڵام ئاسودەم لە ژیانی ئێستام کە تیایدا

دەڕیم ، و سوپاسی خوا دەکەم کە پێش ئەوەی کات بەسەربچێ توانیم خۆم بگۆڕم ، و ڕزگار بم لەو جلەی کە خوای پەروەردگار نایەوێ پێوەی بگەڕێمەوە بۆلای ، داواکارم لە خودای بڵند و بااڵدەست تۆش هیدایەت بدات ، و ئەو ڕێگا هەڵبژێری ، و نەفرەت بکەی لە جلی مۆدە و تەسك ، و بڕیاری پۆشینی جل و بەرگی ئیمانداری بدەیت .

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

حوکمی
عابای ئافرەتان
و
مەرجەکانی

بۆ هەموو گەوهەرەیەکی بەنرخ، بۆ مرواریە پارێزراوەکان، بۆ ئەو ئافرەتانەی کە بڕیاریان داوە پۆشاکی شەرمو حەیا لە بەر بکەن، چونکە فەرمانی پەروەردگاریانە ، ئەوەش تەنها لە بەر ڕەزامەندی ئەو، بۆ ئەوەی بە بەهەشتی بەرین شاد بن .

بۆ تۆ خوشکی موسڵمانم: کە پێشەوات خێزانە بەڕێزەکانی پێغەمبەری خوایە ﷺ، بۆ تۆ کە پاپەندی ئایەتە پیرۆزەکانی قورئانیو فەرموودەکانی پێغەمبەری خوایت ﷺ، نەك پابەندی مۆدەو سەرگەردانبووی شوێنی ئەم و ئەو .

بۆ ئەو خوشکانەم: کە نایانەوێ هەڵخەڵەتاوی ئەو کەسانە بن کە بەناو مافەکانیانەوە ئەیانەوێ پۆشاکی حیشمەتی لە بەر داکەنن، ئەوەش نەك لە بەر ئافرەتان بەڵکو لە بەر تێرکردنی ئارەزووە گڵاوەکانیان، بۆ ئەوەی لە کۆتایدا تۆی بەرێز وەکو گوڵێکی گەڵا هەڵوەریو بە جێ بهێڵن ! ! دوای ئەوەی وەکو بوکە شووشەی دەستی منداڵان یاری خۆیانت پێدەکەن ! ! !

گەوهەرە بەنرخەکەم: لەم نووسراوەدا ئەوەت بۆ ڕوون دەکەمەوە کە ئەگەر تۆی بەڕێز کەوتیتە بەرچاوی نامەحرەمان ئەبێ چیت بەسەرەوە بێت ؟ و مەرجەکانیشی چیە ؟ بۆ ئەوەی ئەو عیبادەتەی کە بڕیارت داوە کە ئەنجامی بدەیت (کە حیجابەکەتە) بێ کەمو کوڕی بێتو تیرو تەسەلتر بێت، بۆ ئەوەی ڕەزامەندی پەروەردگارت بە دەست بهێنیت، و گەواهیەکی تەواویش

بێت لە سەر ئیمانەکەت، و پارێزەرێکیش بێت بۆ پاراستنت لە دونیاو دوا ڕۆژیشدا.

داواکارم پەروەردگار زیاتر یارمەتی دەری من و تۆش بێت بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانەکانیو پابەندبوون بە ئاینە پیرۆزەکەی .

خوشکی بەڕێزم : خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاء الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ [سورة الأحزاب : ٥٩] .

واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە خێزانو کچەکانتو ئافرەتی بڕوادارانبڵێ با جلبابەکانیان (جلبابیش : واتە : عابا) بدەن بە خۆیاندا، ئەوەش نزیك تڕە بۆ ئەوەی کە بە ڕەوشت بەرز و بە حەیا و حیشمت و قورس و سەنگینی بناسرێنەوە، تا ئەزیەت و ئازار نەدرێن، پەروەردگاری تۆش لێبووردە و میهرەبانە .

تەفسیر و ڕاڤەی نەم نایەتەی قورنانی پیرۆز :

(ابن كثير) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : (يقول الله _ تعالى _ آمراً رسوله ﷺ تسليماً أنْ يأمر النساء المؤمنات . خاصة أزواجه وبناته لشرفهن . بأنْ يُدنين عليهن من جلابيبهن ليتميزن عن سمات نساء الجاهلية وسمات الإماء ، والجلباب هو الرداء فوق الخمار، قاله ابن مسعود وعبيدة وقتادة والحسن البصري وسعيد بن جبير وإبراهيم النخعي وعطاء الخراساني) [١].

---

(١) تفسير القرآن العظيم لابن كثير : (٣ / ١٥١٠) .

واتە : خوای پەروەردگار فەرمان دەکات بە پێغەمبەرەکەی ﷺ کە فەرمان بکات بە ئافرەتانی بڕوادار ـ بە تایبەت خێزان و کچەکانی لە بەر ڕێز و پلەیان ـ کە (جلبابەکانیان) بە خۆیاندا بدەن، بۆ ئەوەی جیا بکرێنەوە لە شێوە و شێوازی ئافرەتانی سەردەمی نەفامی، و شێوەو شێوازی ئافرەتانی کەنیزەک، (جلباب) یش ئەو پۆشاکەیە کە لە سەرەوەی سەرپۆشدا ئافرەتان دەیدەن بە خۆیاندا (واتە : عابا)، ئەمەش ووتەی : (ابن مسعود وعبيدة وقتادة والحسن البصري وسعيد بن جبير وإبراهيم النخعي وعطاء الخراساني) یە .

هەروەها (القرطبي) ش ـ بەڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بە تەفسیری ووشەی (جلابيب) فەرموویەتی : (جمع جلباب : وهو ثوب أكبر من الخمار، وروي عن ابن عباس وابن مسعود: أنه الرداء ، وقد قيل: إنه القناع ، والصحيح أنه الثوب الذي يستر جميع البدن وفي "صحيح مسلم" [٢] عن أم عطية قلت : يا رسول الله ﷺ إحدانا لا يكون لها جلباب ؟ قال : لتلبسها أختها من جلبابها) [٣] .

واتە : ئەم ووشەیە کۆیە و تاکەکەشی (جلباب)ـە : کە بریتییە لە پۆشاکێکی گەورەتر لە سەرپۆش، وە دەشگێڕنەوە لە (ابن عباس) ، و (ابن مسعود) ڕضی الله عنه فەرموویانە: (جلباب : بریتییە لەو پۆشاکەی کە سەر شان و

---

(٢) صحيح البخاري رقم : (٣٢٤) وصحيح مسلم رقم : (٨٩٠) .

(٣) تفسير القرطبي : (١٤ / ٢٤٣) ، **هەروەها بڕوانە** : "فتح القدير" للشوكاني : (٤ / ٣٠٤) .

پشت و پێش پێ دادەپۆشرێت تا ئاستی ناوك)، وە ووتراوە: (قناع)ـە کە بریتیـیە لەو پۆشاکەی کە هەندێك فراوانتر و گەورەترە لە سەرپۆش) ، بەڵام ووتەی ڕەوا ئەوەیە بوترێت: ئەو پۆشاکەیە کە هەموو لەش داپۆشێت، هەروەکو لە "صحيح مسلم" دا هاتووە لە (أم عطية) ەوە کە فەرموویەتی : ووتم : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەی ئەگەر یە کێکمان عابای نەبوو ؟ فەرمووی: با خوشکەکەی لە عاباکانی خۆی بداتی و لە بەری بکات .

شێخی پایە بەرزی ئیسلام و فەرموودە ناسی سەردەم (محمد ناصرالدين الألباني) بە ڕەحمەت بێت فەرموویەتی : (ثُمَّ إنَّ الله تعالى ... أمرها . في الآية الأخرى . **إذا خرجت من دارها أن تلتحف فوق ثيابها وخمارها بالجلباب أو الملاءة لأنه أستر لها وأشرف لسيرتها** وهي قوله تعالى :

﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاء الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ [سورة الأحزاب : ٥٩] ... **والجلباب : هو الملاءة التي تلتحف به المرأة فوق ثيابها على أصح الأقوال** وهو يستعمل في الغالب إذا خرجت من دارها كما روى الشيخان و غيرهما عن أم عطية رضي الله عنها قالت :

" أمرنا رسول الله ﷺ أن نخرجهن في الفطر والأضحى: العواتق والحيض وذوات الخدور فأما الحيض فيعتزلن الصلاة ويشهدن الخير ودعوة المسلمين .

قلت : يا رسول الله إحدانا لا يكون لها جلباب ؟ قال : لتلبسها أختها من جلبابها "[٤].

قال الشيخ أنور الكشميري في (فيض الباري) (١ / ٣٨٨) تعليقا على هذا الحديث :(**وعلم منه أن الجلباب مطلوب عند الخروج وأنها لا تخرج إن لم يكن لها جلباب . والجلباب رداء ساتر من القرن إلى القدم**)[٥] .

واتە: پاشان خوای پەروەردگار ... فەرمانی پێکردووە ـ لە ئایەتەکەی تردا ـ ئەگەر لە ماڵ چووە دەرەوە ، ئەوا لە سەرووی پۆشاك و سەرپۆشەکەشیەوە (جلباب) یان (عابا) بدات بە خۆیدا، چونکە ئەوە زیاتر دەپارێزێت، و سەنگینترە بۆ ڕێکردنی، ئەوەش لەم ئایەتەدا کە خوای پەروەردگار تێیدا فەرموویەتی: ﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاء الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ .

جلبابیش : بریتی یە لە عابا کە ئافرەت خۆی پێدادەپۆشی لە سەر هەموو پۆشاکەکانیەوە ، لە ڕەوا ترین ووتەی زانایان ، ئەوەش زیاتر بە کاردەهێنرێت لە کاتی دەرچوونیدا لە ماڵ ، هەروەکو دوو شێخی پایە بەرز (البخاري و مسلم) و جگە لەوانیش بۆمان دەگێڕنەوە لە (أم عطية) ـ ڕەزای

---

(٤) صحيح البخاري رقم : (٩٧٤) وصحيح مسلم رقم : (٨٩٠) وصحيح سنن أبي داود رقم : (١١٢٤) وصحيح سنن الترمذي رقم : (٥٣٧) .

(٥) جلباب المرأة المسلمة : (٨٢ ـ ٨٤) .

خوای لێ بێت ـ کە فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێکردین کە ئەمانە دەربکەین لە گەڵ خۆماندا : (کچانی پێگیشتو و ئەوانەش کە لە بێنوێژیدان و ئەوانەش لە (خدردان / کە جێگایەکی تایبەتە بۆ کچان لە مالّدا) سەبارەت بەوانەی کە لە بێ نوێژیدان (حيض) نوێژیان لە سەرنیە ، بەڵام خێر و پاڕانەوەی موسڵمانان دەبینن . دەڵێت : ووتم : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەی ئەگەر یە کێکمان عابای نەبوو ؟ فەرمووی : با خوشکەکەی لە عاباکانی خۆی بداتی و لە بەری بکات .

شێخ ئەنوەری کشمیری لە (فيض الباري) لە (١ / ٣٨٨) دا سەبارەت بەم فەرموودەیە فەرموویەتی: **" لەم فەرموودەیەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە جلباب پێویستە لە کاتی دەرچووندا ، وە ناشبێت بڕواتە دەرەوە ئەگەر جلبابی نەبێت .**

جلبابیش : پۆشاکێکە سەرتا پای ئافرەت دادەپۆشێت " .

وە زانای پایە بەرزی ئیسلام شێخ (**ابن باز**) لە واتای (**جلابیبهن**) فەرموویەتی : (والجلباب ما يوضع على الرأس والبدن فوق الثياب ، وهو الذي تغطي به النساء الرأس والوجه والبدن كله ...)[٦].

وە لە شوێنێکی تردا فەرموویەتی : (والجلباب : هو الرداء فوق الخمار بمنزلة العباءة)[٧].

---

(٦) فتاوى ومقالات الشيخ ابن باز ، السؤال السابع ضمن (أسئلة وأجوبة بعد محاضرة "عمل المسلم") .

واتە : جلباب ئەو پۆشاکەیە کە ئافرەتان لە سەرەوەی جلەکانیانەوە بە خۆیاندا دەیدەن ، و سەرتا پایان دەگرێتەوە .

پاشان فەرموویەتی : (ومن أدلة السنة أن النبي ﷺ لما أمر بإخراج النساء إلى مصلى العيد قلن : يا رسول الله إحدانا لا يكون لها جلباب ؟ فقال : النبي ﷺ : " لتلبسها أختها من جلبابها " (رواه البخاري ومسلم)[٨].

فهذا الحديث يدل على أن المعتاد عند نساء الصحابة ألاَّ تخرج المرأة إلاَّ بجلباب)[٩].

واتە : وە لە بەڵگەکانی سوننەت ئەو فەرموودەیەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ تیایدا کاتێك فرمانی کرد بە دەرچوونی ئافرەتان بۆ شوێنی نوێژی جەژن ، فەرموویان : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەی ئەگەر یە کێکمان عابای نەبوو ؟ فەرمووی : با خوشکەکەی لە عاباکانی خۆی بداتی و لە بەری بکات .

ئەم فەرموودەیەش ئەوە دەگەیەنێت کە لەو سەردەمەدا ئەوە باو بووە لە ناو ئافرەتانی صەحابەدا کە نابێت ئافرەتان لە ماڵ بڕۆنە دەر بەبێ عابا .

هەروەها فەرموویەتی : (والجلباب : لباس تضعه المرأة فوق رأسها وعلى جميع بدنها فوق ثيابها العادية لمزيد الستر والبعد عن الفتنة . هكذا ينبغي للمرأة

---

(٧) فتاوى ومقالات الشيخ ابن باز ، ضمن رسالة : (الاختلاط والسفور) .

(٨) صحيح البخاري رقم : (٣٢٤) وصحيح مسلم رقم : (٨٩٠) .

(٩) فتاوى ومقالات الشيخ ابن باز .

سواء كانت بدوية أو حضرية ، الواجب عليها أن تتمسك بحكم الإسلام وأن تجتهد في ستر عورتها ...)[١٠].

واتە : **جلباب** : پۆشاكێكە ئافرەتان دەيدەن بە سەر سەر و هەموو لەشياندا لە سەرەوەى پۆشاكە ئاسايىيەكانيانەوە ، بۆ زياتر پۆشين و دوورکەوتنەوە لە فيتنە . ئەم شێوەيە پێويستە لە سەر ئافرەتان ، خەڵكى گوندو لادێ بێت ، يان خەڵكى شارەكان ، پێويستە لە سەرى پابەند بێت بە حوكمى ئيسلامەوە ، و كۆشش بكات و هەوڵبدات بۆ داپۆشينى عەورەتى ...

جارێكى تر شێخ (**محمد ناصر الدين الألباني**) بەرەحمەت بێت فەرموويەتى : (فالحقُ الذي يقتضيه العمل بما في آيتي النور(١١) والأحزاب[١٢] : أنَّ المرأة يجب عليها إذا خرجت من دارها أن تختمر وتلبس

---

(١٠) فتاوى ومقالات الشيخ ابن باز .

(١١) **مەبەستى ئەم ئايەتەيە** : ﴿وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ آبَاء بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَائِهِنَّ أَوْ أَبْنَاء بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي أَخَوَاتِهِنَّ أَوْ نِسَائِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ أَوِ التَّابِعِينَ غَيْرِ أُوْلِي الْإِرْبَةِ مِنَ الرِّجَالِ أَوِ الطِّفْلِ الَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا عَلَى عَوْرَاتِ النِّسَاء وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ [سورة النور : ٣١] .

(١٢) **مەبەستى ئەم ئايەتەيە** : ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاء الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴾ سورة الأحزاب : (٥٩) .

الجلباب على الخمار لأنه كما قلنا سابقا أستر لها وأبعد عن أن يصف حجم رأسها وأكتافها وهذا أمر يطلبه الشارع)[١٣].

واتە : بە پێی دوو ئایەتی سورەتی (النور) و (الأحزاب) ئەوە پێویست دەبێت کە ئافرەت ئەگەر دەرچوون لە ماڵەکەی ، خۆی داپۆشێت بەوەی کە لە سەر سەرپۆشەکەیەوە عابا بدات ، چونکە ئەوە ـ هەروەکو لە پێشدا ووتمان ـ پۆشتە تر بۆیان ، و دوورترە لەوەی کە قەبارەو شێوەی سەر و شانی دەربخات ، ئەوەش کردارێکە شەریعەتی ئیسلامی پێرۆز لە ئافرەتان داوای دەکات .

وە فەرموویەتی : (واعلم أن هذا الجمع بين الخمار والجلباب من المرأة إذا خرجت قد أخل به جماهير النساء المسلمات فإن الواقع منهن إما الجلباب وحده على رؤوسهن أو الخمار وقد يكون غير سابغ في بعضهن كالذي يسمى اليوم بـ(الإشارب) بحيث ينكشف منهن بعض ما حرم الله عليهن أن يظهرن من زينتهن الباطنة كشعر الناصية أو الرقبة مثلا)[١٤].

واتە : بزانە ئەوەی کە پێویستە لە سەر ئافرەتان لە سەرپۆش و عابا دان لە گەڵ یەکدا لە کاتی دەرچونیاندا ، ئافرتانی موسڵمان زۆربەیان کەمتەرخەمن تیایدا ، چونکە هەروەکو لە واقعدا ئەبینرێن یان عابا بە تەنها دەدەن بە سەریاندا ، یان سەرپۆش ، جاری واش هەیە داپۆشەری تەواو نیە

(١٣) جلباب المرأة المسلمة ص : (٨٥) .

(١٤) جلباب المرأة المسلمة ص : (٨٥) .

لە هەندێکیاندا ، وەکو ئەوەی کە ئەمڕۆ پێی دەووترێت (الإشارب) بە شێوەیەک هەندێک لەو بەشانە دەردەکەوێت کە خوای پەروەردگار حەرامی کردووە لە سەریان دەریخەن لە جوانیەیە شاراوەکانیان ، وەک پرچی پێشە سەریان یان گەردنیان بۆ نمونە .

عابا تەنها بۆ کاتی دەرچوون نی یە لەماڵ !

شێخ (**محمد ناصر الدين الألباني**) بەڕەحمەت بێت لە ڕوون کردنەوەیەک دا سەبارەت بە ووتەی شێخ (أنور الكشميري) فەرموویەتی : (ثُمَّ إنَّ قوله : (والجلابيب عند الخروج) لا مفهوم له إذ إن الجلباب لستر زينة المرأة عن الأجانب فسواء خرجت إليهم أو دخلوا عليها فلا بد على كل حال من أن تتجلبب ويؤيد هذا ما قاله قيس بن زيد:

(صحيح) (إنَّ رسول الله ﷺ طلق حفصة بنت عمر ... فجاء رسول الله ﷺ فدخل عليها فتجلببت فقال رسول الله ﷺ : " إن جبريل أتاني فقال لي أرجع حفصة فإنها صوامَّة قوامَّة ، وهي زوجتك في الجنة ")[١٥].

واتە : پاشان کە شێخ دەفەرموویێت : "عابا لە کاتی دەرچووندا دەبێت" هیچ واتایەکی لێرەدا نیەیە ، چونکە عابا بۆ شاردنەوەی جوانی ئافرەتانە لە نامەحرەم ، وەک یەکە ئەگەر ئەم بڕواتە دەروە ، یان ئەوان بڕۆنە ژوورەوە ، کە پێویستە لە هەردوو بارەکەدا هەر عابا بدات بە سەریدا ، ئەوەش پاڵپشتی ئەم ووتەیە بکات ئەو ووتەیەیە کە (قیس) ی کوڕی (زید) فەرموویەتی :

---

(١٥) سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٢٠٠٧) و "جلباب المرأة المسلمة" ص : (٨٧) .

کە پێغەمبەری خوا ﷺ حەفصەی کچی عومەری تەڵاق دا ... پێغەمبەری خوا ﷺ پۆشتە ژوورەوە بۆ لای ئەویش عاباکەی بە دا خۆیدا ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : جبریل هاتۆتە لام پێی فەرموم : حەفصە بگەڕێنەوە چونکە زۆر بە پۆژوو دەبێت و بە زۆریش شەونوێژ دەکات ، خێزانیشتە لە بە هەشت دا .

* * * * * *

مەرجەکانی عابای ئافرەتان

(**اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء**) لە فەتوای ژمارە (٢١٣٥٢) ەیان دا ، لە بەرواری (٩ / ٣ / ١٤٢١ك) دا سەبارەت بەپرسیارێك فەرموویانە [١٦] :

(شوکر و ستایش تەنها بۆ پەروەردگار و دروود و سەلامیش لە سەر ئەو پێغەمبەرە بێت کە هیچ پێغەمبەرێکی بە دوادا نایەت ﷺ .. پاشان : (اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء) چاوی خشاندووە و بەئاگایە لەو پرسیارەی کە لە لایەن (عبد العزيز الدهام) ەوە کراوە لە بەڕێز جەنابی موفتی هەموو ولآت ، کە لە ویشەوە نێردراوە بۆ (اللجنة من الأمانة العامة لهيئة كبار العلماء) بە ژمارەی (٩٣٤) و لە بەرواری (١٢ / ٢ / ١٤٢١) ی کۆچی دا .

تیایدا پرسیارکار پرسیارێك دەکات ئەمە دەقەکەیەتی : " لەو دواییانەدا عابایەك بلآو بووەتەوە بەشێوەی لەش دەدوورێت ، و تەسکیشە ، و لە دوو پارچەی تەنك لە قوماشی (کرپ) دروووست دەکرێت و دوو دەربالّی فراوانیشی هەیە ، نەخش و تەریزیشی پێوەیە ، و دەدرێت بە سەر شاندا [١٧]..

---

(١٦) اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء ، بـە سـەرۆکایەتی :(الشيخ عبدالعزيز بن عبدالله بن محمد آل الشيخ) ، و ئەندامێتی هەریەك لە (الشيخ صالح بن فوزان الفوزان) ، و (الشيخ عبدالله بن عبد الرحمن الغديان) ، و (الشيخ بكر بن عبدالله أبو زيد) .

(١٧) **تێبینی** : ئەم جۆرە عابایە لە کوردستانی خۆماندا پێی دەوترێت (عابای خـەلیجی) ، وە لە وولآتانی خەلیجدا پێی دەوترێت (عابای فەرەنسی) ، وە شایەنی بیرخستنەوەیە سەپاندنی ناوی (عابا) بە سەر ئەم جۆرە پۆشاکە سەرنج ڕاکێش و ڕازاوەیەدا کە دەدرێت بـە سـەر شـاندا یەکێکە لە پیلان و فێڵ و داوەکانی شەیتان و شوێنکەوتووەکانی بۆ سەرشـێواندن لـە ئـافرەتی موسڵمانان .

جا حوکمی شەرع چیيە سەبارەت بەم جۆرە عابایانە ؟ وەڵاممان بدەنەوە خوای پەروەردگار پاداشتان بداتەوە ، پێشنیاری ئەوەش دەکەم - خوای پەروەردگار بتانپارێزێت - کە ووتەیەك ئاراستەی وەزارەتی بازرگانی بکەن بو رێگرتن لەم جۆرە عابایە و هاوشێوەکانی".

وە دوای لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردنی لیژنە بەم شێوە وەڵام دەداتەوە کە عابای شەرعی بۆ ئافرەت بریتیيە لە (الجلباب) : کە بریتیيە لە ئەوەی کە مەبەستی شەرعی پێ جێبەجێ دەبێت لە داپۆشینی تەواو ، دورکەوتنەوە لە فیتنە ، لە سەر ئەم ووتەیەش پێویستە عابای ئافرەتان ئەم مەرجانەی تێدا بێت :

یەکەم : (أن تكون سميكة لا تظهر ما تحتها ، ولا يكون لها خاصية الالتصاق) ، واتە : ئەبێت ئەستوورببێت ، بە شێوەیەك ئەوەی لە ژێرییدایە دەری نەخات ، و بە لەشیشەوە نەلکێت (واتە: سیفەتی لاستیکی تێدا نەبێت)

دووەم : (أن تكون ساترة لجميع الجسم ، واسعة لا تبدي تقاطيعه) ، واتە : ئەبێت هەموو لەش دابپۆشێت ، و فراوانیش بێت بەشەکانی لەش دەرنەخات.

سێیەم : (أن تكون مفتوحة من الأمام فقط ، وتكون فتحة الأكمام ضيقة) ، واتە : ئەبێت تەنها لە پێشەوە کرابێتەوە ، و دەربالّەکانیشی تەسك بێت .

چوارەم : (ألاّ يكون فيها زينة تلفت إليها الأنظار ، وعليه فلا بد أن تخلو من الرسوم والزخارف والكتابات والعلامات) ، واتە : ئەبێت هیچ جۆرە جوانیەکی تێدا نەبێت سەرنجی دەور و بەر بۆ خۆی ڕابکێشێت ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەبێت دوور بێت لە هەموو وێنە و زەخرەفە و نووسین و نیشانەیەك

پێنجەم : (ألاّ تكون مشابهة للباس الكافرات أو الرجال) ، واتە : ئەبێت هاوشێوەی پۆشاکی ئافرەتانی بێ بڕوا نەبێت ، یان هاوشێوەی پۆشاکی پیاوان .

شەشەم : (أن توضع العباءة على هامة الرأس ابتداءً) ، واتە : ئەبێت سەرەتاکەی بدرێت بە سەر سەردا نە شوێنی تر .

لە سەر هەموو ئەوەی پێشوو ، ئەوە دەردەکەوێت کە ئەو عابایەی لە پرسیارەکەدا باسکرا عابایەکی شەرعی نیە بۆ ئافرەتان ، بۆیە نابێت لە بەر بکرێت ، چونکە ئەو مەرجانەی تێدا نیە کە پێویستە تێیدا هەبێت ، هەروەها نابێت هیچ عابایەکی تر لەبەر بکرێت کە ئەو مەرجە پێویستانەی تێدا نەبێت ، وە ناشبێت وەکو شتومەکی بازرگانی بهێنرێت ، و دروست بکرێت ، بفرۆشرێت ، و بایەخی پێ بدرێت لە ناو موسڵمانان‌دا ، چونکە ئەوە بەشداری کردنە لە سەر تاوان و ستەم کردن ، خوای پەروەردگاریش فەرموویەتی: ﴿ وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُواْ اللّهَ إِنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ ﴾ [المائدة : ٢] .

وە لێژنەش کە ئەوە ڕوون دەکاتەوە ، ئامۆژگاری ئافرەتانی بڕوادار دەکات بەوەی لە خوا بترسن و پابەندی تەواوی خۆداپۆشین بن بۆ جەستەیان ئەوەش بە عابا و سەرپۆش دان لە پیاوانی نامەحرەم ، ئەوەش گوێڕایەڵی بێت بۆ خوای پەروەردگار ، و پێغەمبەرەکەی ﷺ ، وە بۆ دوورکەوتنەوە لە هۆکارەکانی فیتنە و تووشی فیتنە کردن .

سەرکەوتنیش تەنها لە لای خوای پەروەردگارە .

فەتوایەکی شێخ (ابن العثيمين) و ئامۆژگاری بۆ ئافرەتان [١٨] :

پرسیار : ما حكم لبس العباءة التي في أطرافها، أو أكمامها قيطان أو غيره ؟ واتە: حوکمی پۆشینی ئەو عابایە چی کە لە لاکانی ، یان لە دەربالّەکانی قەیت یان جگە لەوە هەیە ؟

وەڵام : محرم حيث أنه يؤدي إلى الفتنة .

واتە : حەرامە چونکە ئەبێتە هۆی فیتنە .

پاشان ئامۆژگاری ئافرەتان دەکات و دەفەرموێت :

خوشکی موسڵمانم : ژیری و بیری خۆت بکە بە دادوەر و باش تێڕوانین بکە لە پۆشینت بۆ عابا ، ئایا ڕێی تێدەچێت جوانیەك بە جوانیەکی تر دابپۆشی! وە ئایا حیجاب بۆ ئەوە شەرع نەکراوە کە ئەو جوانیە دابپۆشێت!!؟ جا با چاوڕۆشن بین لە کرداردەکانماندا ، وە ئەوەش بزانین : کە دوژمنانی ئیسلام پیلان دەگێڕن دژ بە حیجاب ، جا ئەی خوشکی موسڵمانم خۆت رزگار کە ، چونکە خۆشی دونیا خۆشیەکی کەمە ، دوارۆژ یش باشترە بۆ لە خوا ترسان ، نەکەی بوغرا بیت بە سامان ومالّەکەت !! وە بە جوانیەکەت !!! چونکە ئەو شتانە هیچ سوودت پێناگەیەنن لە لای خوا !!!

منیش لێرەدا ئەوەت یاد دەخەمەوە و دەترسێنم بەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئاگری دۆزەخیان پێپیشان دراوە ، و زۆربەی ئەهلی دۆزەخ ئافرەت

---

(١٨) موسوعة الفتاوى الإسلامية ، رقم الفتوى : (٤٥٢٧) .

بووە ، وە ئاگادارت دەکەمەوە لەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بە ئافرەتان فەرموویەتی کە تۆش یەکێکیت لێیان :

"اتقوا الدنيا واتقوا النساء ، فإنَّ أول فتنة بني إسرائيل كانت في النساء" [١٩] ، واتە : لە فیتنەی دونیا بترسن و لە فیتنەی ئافرەتان ، چونکە یەکەم فیتنەی بەنی ئیسرائیل فیتنەی ئافرەت بووە ، وە خۆت پڕگار بکە لە ئاگری دۆزەخ ، ئەوەش بزانە تۆ زۆر لەوە لاواز تری بەرگەی ئەو ئاگرە بگریت ، چونکە ئەگەر کێوەکان بخرێنە ناو ئەو ئاگرە دەتوێنەوە ، جا تۆ چیت ئەگەر بەراورد بکرێیت لە گەڵ ئەو کێوە سەرکەسانە ؟! جا خۆت پڕگار بکە لەو ئاگرە ، و وەڵامی بانگەشە خوازی پەوایی بدەوە ، بشزانە :

"أنَّ من ترك شيئاً لله عوضه الله خيراً منه" [٢٠] ، واتە : ئەو کەسەی لەبەر پەزامەندی خوای پەروەردگار واز لە شتێك بهێنێت خوای پەروەردگار لەو شتە باشتری پێدەبەخشێت ، وە تەنها دواڕۆژیش شوێنی پاداشت و هەوڵەکانمانە با هەرچەند ئاواتەکانمان دوربێت ، جا نازانم چیت دەوێت لە پۆشینی ئەم عابا

---

(١٩) صحيح مسلم رقم : (٢٧٤٢) .

(٢٠) صحَّ هذا الحديث بلفظ : "إنَّك لن تدع شيئاً لله عزَّ وجل ، إلاَّ بدَّلك اللهُ به ما هو خير لك منه" أخرجهُ وكيع في "الزهد" : (٢ / ٦٨ / ٢) ، وعنه أحمد : (٥ / ٣٦٣) ، والقضاعي في " مسند الشهاب" رقم : (١١٣٥)وسندهُ صحيح على شرط مسلم قالهُ الشيخ المحدِّثُ العلاَّمة الإمام الألباني رحمه الله في " سلسلة الأحاديث الضعيفة" : (١ / ٦١ . ٦٢) ، أمَّا اللفظ الذي ذكرهُ الشيخ العلاَّمة ابن العثيمين رحمهُ الله فرغم اشتهارهِ على ألسنة كثير من الدعاة والخطباء وغيرهم فلم أقف عليهِ في المصادر التي بحثتُ فيها عنه رغم أنَّ الشيخ الألباني رحمه الله قد ذكرهُ في كتابه الفريد : "جلباب المرأة المسلمة" ص : (٤٧) وقال : رواه أحمد بسندٍ صحيح ، والله أعلم .

ڕازاوەیە کە بە سەدەها دەیکڕیت ؟! لە کاتێکدا کە دەخرێیتە ناو گۆڕەکەت هەرزانبایی ترین پارچەت پێوە دەپێچرێت !! ئایا ئەم عابایە سوودت پێدەگەیەنێت لە تاریکی قەبرەکەتدا ؟!! جا بیر لە خۆت بکەوە کە دەچیتە ئەو شوێنە .

* * * * * * * * *

ئاگادارکردنەوەی
کچانی خوێندکار
لەهەندێك تاوان و سەرپێچی

چاکێتی کچی موسڵمان گەورەترین بنەمایە بۆ پێک هێنانی کۆمەڵگایەکی چاك ، وە کچی چاکەکار هەموو لێدانێکی دڵی سۆز و بەزەییە و لاولاوی پەیداکردنی درەوشانەوەی گەلەکەیەتی ، ئەگەر دڵی تووشی نەخۆشی تاوان بێت ئەوا لێدانی سست دەبێت و لە ئیش دەکەوێ و کۆمەڵگا لەناو دەچێت و سەرناکەوێت .. وە کچی چاکەکار دەست کەوتێکی گەورەیە چونکە لە داهاتوودا دەبێتە هاوسەرێکی نموونەیی و چاك خواز ، دایك و بەخێوکەرێکی دڵسۆز بۆ نەوەکانی گەل .. وە هەموو خورەوشتێکی باش فێری منداڵ و خوێندکارانی دەکات.. دایك وەك قوتابخانە وایە ، ئەگەر باش و چاکەکار بێت ئەوا نەوەیەکی چاکەکار پەروەردە دەکات و بەبەرهەم دێنێت ..

** * * * * * *

خوشکی موسڵمان.. بۆ ئەوەی ڕێگاکانی فێربوونی زانست بە ڕوونی بزانیت ، وە خۆت بپارێزی لەتووش بوون بە تاوان و سەرپێچی ، ئەمانە چەند سەرپێچییەکن کەڕوو بەڕووی کچانی خوێندنکار دەبنەوە :

١ ـ نەبوونی دڵسۆزی لە فێربوونی زانستدا :

ژیانی کچی موسڵمان هەموو پەرستن و عیبادەتە بۆ خوای گەورە ، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴾ (سورة الأنعام : ١٦٢)

واتە: بڵێ نوێژ و خواپەرستی و مانەوەم و مردنم بۆ خوای پەروەردگارە.

وە فێربوونی زانست لە پێناوی خوا و مەبەستت لەو فێربوونە خواپەرستی و ڕەزامەندی خوا بێت ئەوا خێر و پاداشتت دەستگیر دەبێت ، ئەگەر بە دڵسۆزی یەوە بۆ خوا بیکات بە مەبەستی نەهێشتنی نەخوێندەواری و نەزانین لەسەر خۆی و کۆمەڵگاکەی ئەوەی کە فێری دەبێت لە زانستی ئایینی و پزیشکی و زانستە بەسوودەکانی تر ، وە ڕووپامایی لە فێربوونی زانستدا ترسناکترین سەرپێچی یە لەبیروباوەڕدا ، چونکە ڕووپامایی (رياء) بەشێکە لە هاوەڵ بڕیاردانی بچووك (الشرك الأصغر) وە لە تاوانە گەورەکانە پاش هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای گەورە

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((من تعلم علما مما يبتغي به وجه الله عز وجل لا يتعلمه إلاَّ ليصيب به عرضا من الدنيا لم يجد عرف الجنة يوم القيامة)) رواه أبو داود..

واتە: هەر كەسێك فێرى زانستێك ببێ كە مەبەست تێيدا پاداشتى خواى گەورەيە ، بەلأم ئەو فێرى نابێت ئيللا لەبەر شتێكى دونيايى ئەوا ئەو كەسە لە پۆژى دوايدا بۆنى بەهەشت ناكات .

وە (جوندوب)ى كوڕى (عبدالله) خواى لێ ڕازى بێت دەلێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموويەتى: ((من سمع سمع الله به ، ومن يرائي يرائي الله به)) رواه البخاري ومسلم..

واتە: هەركەسێك بۆ ناوبانگ دەركردن كار بكات ئەوا خوا ناوبانگى دەشكێنێت ، وە هەركەسێك بۆ ڕووپامايى كار بكات ئەوا خوا لە پێشچاوى خەڵكدا ئابڕووى دەبات .

بۆيە كچى موسڵمان دەبێت نيازى پاك بێت لە فێربوونى زانستدا ، وە ويستى پاداشتى خواى گەورە بێت هەرچەندە ببێتە خاوەنى بڕوانامە و پلەو پايەيەكى بەرزيش .

** * * * * * *

٢ ـ لێهەڵدان (ناڕەزایی) لە فێربوونی زانستی شەرعی :

ئیسلام بە پێویستی داناوە کە کچی موسڵمان دەبێت پێگەیشتوو بێت لە ئایین و بیروباوەڕی دا گەر چی ئەو کچە خوێندکار بێت یان پیشەیەکی دی هەبێت ، چونکە بەندایەتی و خواپەرستی زانست و شارەزایی دەوێت.

خوای گەورەش دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُا۟ ﴾ (سورة فاطر ٢٨) واتە: تەنها بەندە زاناکان لەخوا دەترسن.

وە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((من يرد الله به خيرا يفقه في الدين)) ، واتە: خوا چاکەی بەهەر کەسێك بوێت ئەوا شارەزای دەکات لە ئایین.

وە هەندێ لەکچانی خوێندکار خوا هیدایەتیان بدات فێری زانستی سوود بەخش دەبن وەك پزیشکی بەڵام لایەنی خواپەرستی و بنچینەکانی باوەڕ پشت گوێ دەخەن بەمەش خێر و پاداشتی زۆریان لەدەست دەچێت ! دەبینین هەندێکیان نەزانن لە حوکمەکانی پاك بوونەوە و حەیز و نوێژکردن هەرچەندە لێهاتوون لەو پسپۆرەی کە خوێندوویەتی. چاکترە کچی موسڵمان بزانێت ئامانجی بوونی لە ژیاندا تەنها بۆ خواپەرستی یە وە مافی تەواو بە خواپەرستی بدات لەو زانستەی کە فێری دەبێت ، چ لەڕێگەی کاسێت و کتێبەوە بێت یان بەشداری کردن لە کۆڕە زانستییەکان یان هۆیەکی تری فێربوون بێت بە پێی توانا ، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((طلب العلم فريضة على كل مسلم)) ، واتە: گەڕان بەدوای زانست و فێربوون فەرزە لەسەر هەموو موسڵمانێك .

٣ ـ بە تەنها بوون لەگەڵ شۆفێر لە کاتی ڕۆشتن و گەڕانەوە لە خوێندنگا:

تەنهایی کچ یان ئافرەت لە گەڵ شۆفێری پیاودا شەرع نەهی لێ کردووە. پرسیاریان لەزانای پایەبەرز شیخ عبدالعزیز بن باز کرد حوکمی ئەوە چییە کە ئافرەت لە گەڵ شۆفێر بە تەنها بێت؟ لەوەڵامدا ووتی: جائیز نییە ئافرەت بە تەنها لە گەڵ شۆفێرێك کە مەحرەمی نەبێت وە کەسێکی تریان لە گەڵ نەبێت چونکە ئەمە حوکمی (الخلوة)یە.

وە لە فەرموودەی صەحیحدا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((لا یخلو رجل بامرأة إلاَّ ومعها ذو محرم)) ، واتە: نابێت پیاو بە تەنها بێت لە گەڵ ئافرەت تا مەحرەمێك لەگەڵ ئافرەتەکە نەبێت.

وە دەفەرموێ (ﷺ) : ((لا یَخلون رجل بإمرأة فإن الشیطان ثالثهما)) ، واتە: پیاو و ئافرەت تەنها نابن ئیللا شەیتان سێیەمیان دەبێت.

بەڵام قەدەغەی نەکردووە ئەگەر پیاوێك یان ئافرەتێکی تر لە گەڵیان بێت چونکە خەلوەت نامێنێ ئەگەر سێ کەس یان زیاتر بوون ، بەڵام سەفەر لە شارێکەوە بۆ شارێکی دی جائیز نییە ئەگەر مەحرەمێکی لە گەڵدا نەبێت بە پێی فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) : ((لا تسافر المرأة إلا مع ذي محرم)) متفق علیه.. واتە: نابێت ئافرەت بە تەنها سەفەر بکات ئەگەر مەحرەمێکی لە گەڵدا نەبێت ، وە هیچ جیاوازی یەك نی یە ئەگەر سەفەرەکە بە ئۆتۆمبێل یان بە تەیارە یان بە کەشتی بێت.

برا متمانە بەبرا ناکات بۆ خێزانی چونکە پیاوان بۆ ئافرەتان متمانەیان پێ ناکرێت چونکە هەرچەندە هەوڵی پارێزگاری بدات هەر بەنەزەرێك خیانەتی لێ دەکات.

٤ ـ پابەندنەبوون بە پۆشاکی شەرعی یەوە :

لەو سەرپێچی یانەی کە زۆر باوە لەناو کچانی خوێندنگا پەیڕەونەکردنی بالاپۆشی شەرعی و پشت گوێ خستنی ئەو مەرجانەی کە تەواوکەری بالاپۆشین.. وە ئاشکرایە کە بالاپۆشی خوا فەرزی کردووە لەسەر ئافرەتانی موسڵمان، وە مەرجەکانی ڕوون کردووەتەوە بۆ ئەوەی بناسرێت و جیاواز بێت لەو جل و بەرگانەی کە پێچەوانەی شەرم و ڕەوشت جوانین و هۆی بەدڕەفتاری و تاوانن..

خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يُعۡرَفۡنَ فَلَا يُؤۡذَيۡنَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ٥٩ ﴾ (سورة الأحزاب : ٥٩) ، واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بڵێ بە خێزانەکانت و کچەکانت و ئافرەتانی باوەڕدار با عاباکانیان بدەن بەسەر سەرو لەشیاندا چونکە ئەوە پارێزراوترە و پێی دەناسرێن و ئازار نادرێن وە خوا بەبەزەیی و لێبوردەیە.

مەرجەکانی بالاپۆشی ئەمانەن بە پێی قورئان و سوننەت:

١ـ دەبێت هەموو لەشی ئافرەت دابپۆشێ.

٢ـ پارچەکە ئەستوور بێت نەک ناسک و تەنک بێت.

٣ـ فراوان بێت و تەسک نەبێت بە شێوەیەک ئەندامانی لەشی دەربخات.

٤ـ نابێت لەجلی پیاوان بچێت.

٥ـ نابێت بۆن خۆش بێت.

٦ـ نابێت لە شێوەی جلی بێ باوەڕان بچێت.

٧ـ نابێت بۆ شوهرەت (ناوبانگ) لەبەری بکات.

٨ـ نابێت ڕازاوە و سەرنج ڕاکێش بێت .

بیرت نەچێت خوشکی خوێندکارم ئەو هەڕەشە تووندوتیژەی کە پێغەمبەر (ﷺ) هەوالّی پێ داوە بۆ ئەو کەسانەی کە کەمتەرخەمی بە بالاپۆشی دەکەن دەلّێت : ((صنفان من أهل النار لم أرهما : قوم معهم سياط كأذناب البقر يضربون بها الناس ، ونساء كاسيات عاريات ، مميلات مائلات رؤوسهن كأسنمة البخت المائلة ، لا يدخلن الجنة ولا يجدن ريحها وإن ريحها ليوجد من مسيرة كذا وكذا)) رواه مسلم ..

** * * * * * *

٥ ـ شانازی کردن بەجل و بەرگی سفوری و مۆدەوە:

ئەوەی بلاّوە و ناوبانگی هەیە و کچ و کوڕی گەنج سەرقاڵین ، ئەوەیە کە ناوی مۆدێلی لێ دەنێن ، مەبەستیش ئەوەیە شوێنی ئەو جلانە بکەون مانگ بە مانگ و وەرز بە وەرز ، ئەمەش کارێکی داهێنراوە لەم سالاّنەی دوایدا لای موسڵمانان بەدی دەکرێت ، مەبەستیان زانینی ڕادەی توانای کوڕان و کچانە بۆ لاسایی کردنی کوێرانە ، ڕەنگە گەورەترین هۆکاری گرنگی پێدان بە مۆدێل شانازی و خۆهەڵکێشان بێت ، چونکە بناغەی کێشەکە تەنها لەبەرکردنی جل و بەرگی نوێ نییە بەڵکو مەسەلەی لاسایی و شانازییە ، ئەمەش پێویستی بە زیادەڕەوی و بە فیڕۆدانی پارەیە و داماڵین و لەناوبردنی شەرم و ئابڕووی کچانە ، ئەمە بەڕاستی ژەهراوێکە کە زۆربەی کچان تیایدا دەژین ، دەبینین بیر و مێشکیان پێوە پەیوەست بووە و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بە دوایدا دەگەڕێن و لە بازاڕ و دوکانەکاندا هەواڵی دەپرسن بۆ ئەوەی نەبنە جێگای گاڵتە پێکردنی دۆست و هاوڕێکانیان ئەگەر شتێکی تازەیان بەسەر بچێت .

** * * * * * *

٦ ـ بایەخدانی زۆر بە گۆڤارە خراپەکان :

هەندێ خوێندکاران هیوایەتیان هەوالّی هونەرمەندان و گۆرانی بێژەکانە ، وە هەولّی بەدەست هێنانی ئەو گۆڤارانە دەدەن کە پڕە لە وێنە و ووتاری بێ ئابڕووبی ، دەبینین بیرو هۆشیان بەو جۆرە گۆڤار و دەنگ و باسانەوە سەرقالّ دەکەن ، ئەمەش هۆیەکە بۆ سستی و دواکەوتن لە خوێندندا ، بەلّکو ئەو گۆڤار و بلاّوکراوانەیە ژەهر دەڕێژێت بۆ کوشتنی هیوا و ئاوات و باوەڕ لە دلّی کچاندا ، وە هۆیەکە بۆ بە فیڕۆدانی پارە و کات ، پێویستە خوشکی دیندار لەو پەڕی ووریایی‌دا بێت ، وە کۆنترۆلّی هەواو ئارەزووەکانی بکات و هەلّنەخەلّەتێ بە وێنەی ڕازاوە و سەرنج ڕاکێش و ڕێگای سەلامەتی و سەرفرازی هەلّبژێرێ و دووربکەوێتەوە لە هۆکارەکانی تاوان و سەرپێچی ، چونکە گرنگی دان و سەیرکردنی ئەو گۆڤارانە دەبێتە نەخۆشی دەروونی و وێران بوونی مالّ ، وە تووشی نەزەر و سەرپێچیت دەکات ، وە خوای گەورە دەفەرموێت :﴿ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَٰتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَٰرِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ ﴾ (سورة النور : ٣١) ، واتە: بە ئافرەتانی باوەڕدار بلّێ با پارێزگاری لە چاویان بکەن لەسەیر کردنی پیاوان و شتی حەرام و دامێنیان بپارێزن لە کاری خراپە.

** * * * * * *

٧ ـ بێزارکردنی خەڵك بە تەلەفۆن (المُعاكسة) :

ئەمەش لەناو خەڵکدا دەنگ و باس و شوێنەوار و زەرەری ئاشکرا و پوونە ، چونکە دەبێتە هۆی لەناوچوونی شەرەف و لەدەستدانی ئابڕوو ، کچی موسڵمانیش لەوە زۆر ترە کە هەنگاو بۆ جێگایەك بنێ ئابڕوو و ناموسی تێدا لەناو بچێت .. بەو باوەڕ و بیر و مێشکەت پارێزگاری لە خۆت بکە و دووربکەرەوە لە خراپە و شەرمەزاری. خوای گەورە دەفەرموێ :﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ وَمَن يَتَّبِعۡ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَإِنَّهُۥ يَأۡمُرُ بِٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِ ﴾ (سورة النور : ٢١) ، واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە مەکەونە دوای هەنگاوەکانی شەیتان ، وە هەرکەس بکەوێتە دوای هەنگاوەکانی شەیتان ئەوا تووشی تاوان و خراپە دەبێت.

** * * * * * *

٨ ـ **سەرسام بوون** (الإعجاب):

ئەمەش بەڵایەکە لە نێو ئافرەتاندا بەدی دەکرێت ، سەرەتاکەی تێڕوانینێکە وەك تیرێکی ژەهراوی دەدات لە دڵی خاوەنەکەی ، پاشان ئارەزوویەکی بەدە .. کۆتایی‌یەکەی خۆشەویستی‌یەکی بێ چارەیە ، وە ترسناکترین نەخۆشی هەناوی‌یە و دەبێتە هۆی لێك بوونەوی دەروون ، چونکە خۆشەویستی بۆ غەیری خوا پاڵنەرەکەی ئەوین و عیشقێکی حەرامە ، دەبینین هەندێ کچ سەرسام (مُعجب) دەبن بە کچێکی وەك خۆیان لەبەر جوانی و ژیری و ڕەفتاری پەیوەست دەبێت بەو کچەوە و خۆشی دەوێت ، وە ئەو خۆشەویستی یە دەبێتە هەموو پیشە و کارێکی و خۆی پێوە سەرقاڵ دەکات ، بێ ئەوەی حەرام و حەڵاڵ لێك جیابکاتەوە.

ئەوانە هەمووی نیشانەی خەم و بەد بەختی یە ، چونکە سەرسامی کچ بۆ کچێکی تر ویست و ئارەزوویەکی بێ ئامانجە و پێچەوانەی ئایینە ، بۆیە تووشی مەراق و خەفەت دەبێت وە بە هۆی نەگەشتنی بە ئامانجەکەی گیرۆدەی نەخۆشی هەناوی دەبێت ، خوشکی موسڵمانم ووریای ئەم دەردە کوشندەیە بە ، وە بزانە خۆشەویستی تەنها بۆ خوایە.

** * * * * * *

٩ ـ هاوڕێیەتی کچی بەد ڕەوشت:

ترسناکترین سەرچاوەکان کە کچی خوێندکار ئاگای لێ نییە هاوڕێیەتی کچانی بێ ڕەوشت و متمانەکردنە پێیان ، وە گۆڕینەوەی ڕێز و خۆشەویستی خوشکایەتی لە گەڵیان ، هەندێ جار کچ خاوەنی ڕەوشتی جوان و پڕ لە شەرم و کردەوەی چاکە، بەڵام دووچاری هاوڕێیەکی خراپ دەبێتەوە و هەموو خوو و سیفەتێکی باشی تێدا دەکوژێت و فێری هەموو بەدڕەوشتی یەکی دەکات ،شەونەخەوتن بە دیار کەناڵە ئابڕوو بەرەکان و بێزارکردنی خەڵک بە تەلەفۆن و گەڕان بە دوای گۆڤارە بەرەلایەکان و .. هەموو باشییەکان دەگۆڕێت بۆ خراپە و ئەوەی کە زەرەری تێدایە.

خوشکی موسڵمانم بزانە کێ هەڵدەبژێری و دەیکەی بە هاوڕێت ، چونکە هاوڕێیەتی کەسی باش هەڵس و کەوتی باشت فێردەکا ، وە کەسی خراپیش بە پێچەوانەوە ڕەوشت و ڕەفتاری خراپی لێوە وەردەگری. وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ : ((إنما مثل الجليس الصالح وجليس السوء كحامل المسك ونافخ الكير فحامل المسك : إما أن يخديك ، وإما أن تبتاع منه ، وإما أن تجد منه ريحة طيبة ، ونافخ الكير : إما أن يحرق ثيابك ، وإما أن تجد منه ريحة متنة)) .

واتە: نموونەی هاوڕێی باش و هاوڕێی خراپ وەك هەڵگری میسك و کووڕەوان وایە: هەڵگری میسك یا بۆنی خۆشی پێ دەدات یان لێی دەگریت یان بۆی خۆشی لێدەبینیت ، بەڵام کووڕەوان یا جلەکانت دەسوتێنێ یان بۆنی خراپ و گەنیوی لێدەبینیت .

١٠ ـ دواخستنی مێردکردن :

هەندێ کچ مێرد ناکەن یان مێرد کردنیان دوادەخەن بە بیانووی تەواوکردنی خوێندن ، وە ئەم بیانووە پەسەند دەکەن بەسەر پێکهێنانی خێزانێکی موسڵمانی بەختەوەر ، وە کچی ژیر دەبێت هەموو مەسەلەیەك بەپێی شەرع و ژیری لێك بداتەوە ، وە پەسەندی ئەوە بکات کە سوودی ئایین و دونیای تێدا هەیە بۆی ، خوێندن رێگر نییە بۆ هاوسەرکردن ، ئەتوانێت مێرد بکات و لەهەمان کاتدا خوێندنەکەشی تەواو بکات ، دەبینین زۆربەی کچان تەواوکردنی خوێندن دەکەنە گەورە ترین ئامانجیان و بیر لەوە ناکەنەوە کە پێویستیان بەژیانی هاوسەرێتی و منداڵ و دایك هەیە.

یەکێك لە کچە بە تەمەنەکان دەڵێت: لە تەمەنی پازدە ساڵیدا بووم بەردەوام خوازبێنی کەرم دەهات و ڕەفزم دەکرد بە بیانووی ئەوەی کە دەمەوێت ببم بە پزیشك ، ڕۆشتمە زانکۆ و مێردکردنم ڕەفز کرد و دەموت دەمەوێ چاکەتی سپی لەبەر بکەم ، تا تەمەنم گەشتە سی ساڵ ، ئەو کات ئەوانەی دەهاتن بۆ خوازبێنیم پیاوانێك بوون کە خێزان و منداڵیان هەبوو وە منیش هەر ڕەفزم دەکرد و دەموت پاش ئەم هەموو هەوڵ و ماندوو بوونە مێرد بکەم بە پیاوێکی خاوەن هاوسەر ، ئەمە چۆن دەبێ ؟! خاوەن پارە و بنەماڵەی بەرزم و مێرد بکەم بە کەسێکی خێزاندار! ! وە کاتێك گەشتە تەمەنی چل و پێنج ساڵی دەیوت : تەنها مێردێکم بدەنێ ! !

١١ ـ خۆ سەرقاڵ کردن و گوێ نەدان بە ئەرکەکانی خوێندنگا:

ئاشکرایە ئامانجی هەموو خوێندکارێك سەرکەوتنە لە خوێندنەکەی ، ئەمەش هەوڵ و کۆشش و ماندوو بوونی دەوێت ، بۆیە دەبێت کچی خوێندکار نەخشەی گونجاو دابڕێژێت ، وە کاتەکانی دابەش بکات و ڕێکی بخات بۆ ئەنجامدانی خوێندن و نووسین و دووبارە کردنەوەی ئەرکەکانی ، وە نابێت کات بەسەر ببات بە سەیر کردنی تەلەفزیۆنەوە و قسە کردن بە تەلەفۆن و زۆر نووستن ، چونکە هەموو ئەوانە کات بە فیڕۆ دەبەن و دەبنە هۆی لاوازی و سەرنەکەوتن لە خوێندن.

١٢ـ سوود وەرنەگرتن لە پشووەکانی خوێندن:

پشووی هاوین دەرفەتێکی نایابە بۆ خوێندنەوەی کتێب و لەبەر کردنی قورئان ، ئەگەر کچان کەم تەرخەمی نەکەن و بە فیڕۆی نەدەن ئەوا خێر و پاداشتی باش بە دەست دێنن ، بەڵام زۆربەی کچان پشووەکانیان بە خەوتن و سەیر کردنی تەلەفزیۆن و کۆڕو کۆبوونەوەی بێ بایەخەوە بە سەر دەبەن ، بە پێچەوانەی کچی دینداری ژیر کە پلانێکی ڕۆژانە دادەنێت بۆ لەبەرکردنی هەندێ قورئان و بەشداری کردن لە خولەکانی فێربوونی تەجوید و فیقە .

** * * * * * *

١٣ـ پشت هەڵکردن لە خزمەتی دایك و باوك :

زۆربەی کچان خوێندن دەکەن بە بیانوو بۆ ئەوەی خۆیان بشارنەوە لە یارمەتی دانی دایکیان لە ئیشی ناو ماڵ ، بەردەوام خۆیان سەرقاڵ دەکەن بە سەعی کردن لە کاتێکدا دایکیان نوقمی پاك و خاوێنی ماڵ و چێشت لێنان و نان دروست کردن و بەخێوکردنی منداڵە.

ئەمەش عقوق و سەرپێچی یەکە کە خوا سزاکەی دەخاتە دونیاوە ، چونکە کچ دەتوانێت یارمەتی دایکی بدات و پاشان خوێندنیش بکات.

وە ئەگەر کاتی بۆ نەڕەخسا بۆ ئەنجامدانی هەردووکیان پێکەوە ، پێویست وایە بە گوێ کردنی دایکی و باوکی پێش هەموو ئیشێك بخات بە پێچەوانەوە ئەگەر نەیخات دەبێت بە سەرپێچی بۆ فەرمانی خوا ، خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَانًا وَذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينِ ﴾ (سورة البقرة : ٨٣) واتە: لە گەڵ باوك و دایکدا چاکەکار بن و هەروەها لە گەڵ خزم و یەتیم و هەژارانیشدا .

** * * * * * *

١٤ـ دەرچوون لە مالێ بێ کاری پێویست :شەرع ڕێی نەداوە بە دەرچوونی ئافرەت لە ماڵەکەی بێ کارێکی پێویست ، خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَىٰ ﴾ (الأحزاب : ٣٣) ، واتە: لەماڵەکانی خۆتان ئارام بگرن و ببمێننەوە ، وەک سەردەمی نەفامی خۆتان مەڕازێننەوە و ڕووت مەکەنەوە.

١٥ ـ ڕۆشتن بۆ لای تاڵەگران (فاڵچی یەکان):

هەندێ کچ دەچن بۆ لای تاڵەگران بۆ زانینی بەختی خۆیان لە خوێندن و مێردکردن و شتی تر ، وە ئەمانەش هەمووی هاوەڵێپاردانە (شیرک)ـە کە خوای گەورە نەهی لێ کردووە ، وەک پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((من أتى كاهنا فصدقه بما يقول فقد كفر بما أنزل على محمد)) واتە: هەرکەسێک بڕوات بۆ لای تاڵەگر و باوەڕی پێ بکا بەوەی دەیڵێت بۆی ئەوا بێ باوەڕ دەبێ بەوەی کە خوا دایبەزاندووە بۆ محمد (ﷺ) .

وە لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ : ((من أتى عرافا فسأله عن شيء لم تقبل له صلاة أربعين يوما)) واتە: هەرکەسێک بڕوات بۆ لای تاڵەگر و پرسیار دەربارەی هەرشتێکی لێ بکات ، ئەوا تا چل ڕۆژ نوێژی لێ وەرناگیرێت.. وە زۆربەی کچان هەوڵی خوێندنەوەی بورجەکان دەدەن کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەکرێتەوە و باوەڕ بە درۆی ئەستێرەناسان دەکەن ، ئەمەش سەرپێچی یەکی گەورەیە لە بیروباوەڕدا (العقيدة) ، چونکە کەس (غەیب) نهێنی زەوی و ئاسمان نازانێت جگە لە خوای گەورە.

١٧ ـ **رۆشتن بـۆ کـۆڕ و کۆبوونـەوەی ناشـەرعی** : سـازدانی ئاهـانگ و کۆبوونەوەی ناشەرعی وەك ئاهەنگی سەری ساڵ و ئاهەنگی یادی لەدایك بوون ، ئەمانـە سەرپێـچین چـونکە داب و نـەریتی گاورەکانـە (نـصاری)کانـە وە پێچەوانەی شەرعی ئیسلامە ، پێغەمبـەر (ﷺ) دەفـەرموێ: ((من تشبه بقوم فهو منهم)) واتە: هەرکەس خۆی بشوبهێنێ بە کۆمەڵە کەسـانێك ئـەوا ئـەویش لەوانە.

١٨ ـ **غەیبەت و بوختان کردن و حەسودی بردن** :ئەمانەش لە ڕەوشـتە خراپەکانن کە لە نێوان کچاندا بەدی دەکرێت ، بە تایبەتی لە خوێندنگا چونکە گۆڕەپانی پێشبڕکێی زانستیەیە لە نێوان هاوڕێیاندا.

(أبو هريرة) خوای لێ ڕازی بێت لەپێغەمبەر (ﷺ) دەگەڕێتەوە فەرموویەتی : ((لا تحاسدوا ولا تباغضوا ، ولاتناجشوا ، ولا تدابروا ولا يغتب بعضكم بعضا وكونوا عباد الله إخوانا)) ، واتە: حەسودی بەیەك مەبەن و ڕق و کینە لە نێوانتاندا دروست مەکەن و پارە لە مامەڵەدا زیاد مەکەن ، و پشت لەیەك هەڵ مەکەن و غەیبەتی یەکتر مەکەن ، هەمووتان بەندەی خوا بن و برای یەك بن ..

** * * * * * *

١٩ ـ گاڵتە کردن بە خەڵك :

وریابە خوشکی خوێندکار هەرگیز گاڵتە نەکەی بە کچانی هاوڕێت ، هەرچەندە بالأیان کورت و ناشرین بوو یان شێوەی ڕوخسار و گفتوگۆ کردنیان و جل و بەرگیان جوان نەبوو ، چونکە لەوانەیە تۆش وەك ئەوانت لێ بێ. خوای گەورە دوفەرموێ : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا يَسۡخَرۡ قَوۡمٞ مِّن قَوۡمٍ عَسَىٰٓ أَن يَكُونُواْ خَيۡرٗا مِّنۡهُمۡ وَلَا نِسَآءٞ مِّن نِّسَآءٍ عَسَىٰٓ أَن يَكُنَّ خَيۡرٗا مِّنۡهُنَّ ﴾ (سورة الحجرات/١١)

واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە با کۆمەڵە کەسانێك گاڵتە بە کۆمەڵە کەسانێکی تر نەکەن ، لەوانەیە لەوان باشتر بن وە با ئافرەتان گاڵتە بە ئافرەتانی تر نەکەن لەوانەیە لەوان باشتربن .

وە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((المسلم أخو المسلم لا يظلمه ولا يحقره ، بحسب امريء من الشر أن يحقر أخاه المسلم)) ، واتە: موسڵمان برای موسڵمانە ، نەزوڵم و ستەمی لێ دەکا ، نەسوکایەتی پێ دەکا ، بەسە بۆ خراپێتی کەسێك کە سوکایەتی بەبرای موسڵمانی بکات .

** * * * * * *

٢٠ ـ خاڵ کوتان و لابردنی مووی برۆ و دان شاش کردن و دانانی قژی دروست کراو (بارۆکە):

ئەمانەش هەمووی سەرپێچین کە کچان دەیکەن ، وە خوای گەورە نەفرەتی لەو کەسە کردووە کە دەیکات ، وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((لعن الله الواشمات والمستوشمات ، والنامصات والمتنامصات ، والمتفلجات للحسن والمغيرات لخلق الله)) ، واتە: خوا نەفرەتی کردووە لەو کەسانەی کە خاڵ دەکوتن و لەوانەش کە بۆیان دەکوتن ، وە لەو کەسانەی کە مووی برۆ و ڕوومەت لادەبەن و لەوانەش کە بۆیان لادەبەن ، وە لەو کەسانەش کە دان شاش دەکەن بۆ جوانی و ئەو شێوەیەی کە خوا دروستیانی کردووە دەیگۆڕن.

أسماء خوای لێ ڕازی بێت دەڵێت: ئافرەتێك هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) ووتی ئەی پێغەمبەر کچێکم هەیە بووکە و دەیگوێزنەوە و تووشی نەخۆشی حەسبە بووە و قژ بە سەریەوە نەماوە ، قژی دروست کراوی بۆ دانێم ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویی : ((لعن الله الواصلة والمستوصلة)) ، واتە: خوا نەفرەتی کردووە لەوانەی قژی بارۆکە دادەنێن و ئەوانەی کە بۆیان دادەنێن.

** * * * * * *

٢١ ـ بە فیڕۆدانی کات بە دانیشتن لەسەر ئینتەرنێت :

زۆربەی کەچان بۆ ماوەی چەندەها کاتژمێر لەسەر ئینتەرنێت دادەنیشن بە بێ ئەوەی هیچ مەبەستێکیان هەبێت لەبەکارهێنانی ئینتەرنێت ، تەنها بۆ گفتوگۆ کردن لە گەڵ هاوڕێکانیان ئەمەش لەدەستدانی کاتە بە بێ سوود.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ : ((نعمتان مغبون فيهما كثير من الناس الصحة والفراغ)) ، واتە: دوو نیعمەتی خوا هەیە زۆربەی خەڵك تێیدا خەڵەتێنراون ، ئەویش تەندروستی و دەست بە تاڵی یە (کات).

وە جێگای گومان نییە کە ئەنتەرنێت یەکێکە لە هۆیەکانی فێربوونی زانست و زانیاری بەسوود ، بەڵام بە مەرجێك بۆ مەبەستی باش بە کار بهێنرێت ، بە پێچەوانەوە ئەگەر بۆ قسەکردن و بێزارکردنی خەڵك و گەڕان بە دوای شوێنە بێ ئابڕووییەکان بەکاربهێنرێت ، ئەمانە هەمووی سەرپێچی و تاوانە.

** * * * * * *

٢٢ ـ (غەش) فێڵ کردن لە تاقیکردنەوەدا :

ئەمە سەرپێچی یەکی سروشتی یە کە خوێندکاران دەیکەن ، وە ئاشکرایە کە (غەش) فێڵ کردن حەرامە لە هەموو شتێکدا بێ جیاوازی . پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ : ((من غشنا فليس منا)) واتە : هەر کەسێك فێڵمان لێ بکات ئەوە لە ئێمە نی یە .

ئەوەتا پێغەمبەر (ﷺ) هەڕەشەی توندی کردووە لەو کەسەی کە فێڵ دەکا ، بۆیە پێویستە خوێندکاری موسڵمان خۆی لادا لەو هۆکارانەی کە پاڵی پێوە دەنێت بۆ غەش کردن ، وەك تەمبەڵی و کەم تەرخەمی لە سەعی کردن یان خۆ خەریك کردن لە سەعی و خوێندن ، وە لە جێگای هەوڵدان بۆ غەش کردن لە کاتی تاقیکردنەوەکاندا دەبێ سەعی بکات و پشت بە خوا ببەستێ وە داوای یارمەتی هەر لە خوا بکات تاوەکو بە باشی وەڵام بداتەوە و سەرکەوتوو بێت لە تاقی کردنەوەکاندا.

نامەیەك بۆ
ئەو ئافرەتانەی كە دەچن بۆ مزگەوت

خوشکە ئیماندارەکەم : ئاشکرایە کە چوونی ئافرەتان بۆمزگەوت سوننەتە ، ئەم ڕۆیشتنەش پێویستە بەپێی ئادابی شەرعی بێت ، بۆیە بەپشتیوانی خوای گەورە لێرەدا هەوڵ دەدەم باسی هەندێك لەو ئادابە شەرعی یانە بکەم کە پێویستە لەسەر هەموو خوشکێکی ئیماندار جێبەجێیان بکات ، ئەوانیش :

یەکەم : نیەتت پاك بکەوە ، و دەبێت تەنها لەبەر خوا بڕۆیت بۆ مزگەوت:

ئیمامی عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت : پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : (**إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ ، وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى**). (**متفق عليه**).واتە " هەموو کارو کردەوەیەك بەنیازو نیەتەوە ئەنجام دەدرێ ، وە هەر کەسەو بەپێی نیەت و نیازی خۆی پاداشت دەدرێتەوە ".

دووەم : مۆڵەت وەربگرە لەسەرپەرشتیارەکەت (باوك ، برا ، مێرد):

عبدالله ی کوڕی عەباس (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت : پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)

فەرموویەتی : (**لا يحل للمرأة أن تصوم وزوجها شاهد إلا بإذنه ولا تأذن في بيته إلا بإذنه**).(**متفق عليه**).

واتە " نابێت ئافرەت ڕۆژووی سوننەت بگرێت ، تەنها بەمۆڵەتی مێردەکەی نەبێت ، وە نابێت ئافرەت لەماڵ دەربچێت ، تەنها بەمۆڵەتی مێردەکەی نەبێت ".

سێ یەم : پێویستە جل و بەرگت داپۆشراو بێت و ڕۆیشتنیشت بەلەسەر خۆی و ڕێك و پێك بێت.

چوارەم : دوورکەوتنەوە لەخۆ بۆنخۆشکردن و عەتر و گولاّو لەخۆدان:

ئەبی هورەیرە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت : پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : **(أيما امرأة أصابت بخورا فلا تشهد معنا العشاء الآخرة)**.(**رواه مسلم**).واتە :هەر ئافرەتێك بۆنی بخورو گولاّو لەخۆی بدات با نوێژی عیشا یان (شێوان) ئامادە نەبێت.

هەر لەئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت : پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : **(لا تقبل صلاة لامرأة تتطيب لهذا المسجد حتى ترجع فتغتسل غسلها من الجنابة)**.(**صححه الألباني في صحيح الجامع برقم ٧٣٨٥**).

واتە " نوێژی ئافرەتێك وەرناگیرێت لەم مزگەوتە کە خۆی بۆن خۆشکردبێت ، تاوەکو نەگەڕێتەوەو خۆی بەجوانی بشوات ، وەکو چۆن خۆی بۆ لەشگرانی دەشوات ".

پێنجەم : دوورکەوتنەوە لەخواردنی ئەو شتانەی کە بۆنی دەم ناخۆش دەکات :

جابری کوڕی عبدالله (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت : پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : **(من أكل ثوما أو بصلا فليعتزلنا " أو قال : " فليعتزل مسجدنا أو ليقعد في بيته)**.(**متفق عليه**).

واتە " هەرکەسێك (جا پیاو بێت یان ئافرەت) ئەگەر سیرو پیازی خواردبێت با دوور بکەوێتەوە لێمان ، یان لەمزگەوتەکەمان دوور بکەوێتەوە ، و لەماڵەکەی خۆی بمێنێتەوە ".

شەشەم : سوربە لەسەر پاك ڕاگرتنی لاشەو جل و بەرگەکەت :

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿يَا بَنِي آدَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ﴾.(الأعراف : ٣١).

واتە " ئەی نەوەی ئادەم ئەگەر چوون بۆ مزگەوت (یان کاتی نوێژکردن) ئەوا جل و بەرگی جوان و ڕێك و پێك بپۆشن ".

حەوتەم : ئەگەر چوونە مزگەوت بەپێی ڕاست بڕۆنە ژوورەوەو بڵێن (بسم الله، والسلام على رسول الله، اللهم اغفر لي ذنوبي وافتح لي أبواب رحمتك). (صححه الألباني في صحيح ابن ماجه (٦٢٥).

هەشتەم : نابێت پێشی ئیمام بکەویت لەکاتی نوێژە بەکۆمەڵەکاندا :

ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت : پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : (إنما جعل الإمام ليؤتم به فلا تختلفوا عليه فإذا ركع فاركعوا وإذا قال سمع الله لمن حمده فقولوا ربنا لك الحمد وإذا سجد فاسجدوا).(متفق عليه).

واتە " ئیمام و پێشنوێژ بۆ ئەوە دانراوە کە پێش نوێژی بکات ، بۆیە جیاوازی دروست مەکەن یان پێشی مەکەون ، ئەگەر کڕنوشی برد ئێوەش کڕنوش بەرن ، ئەگەر وتی (سمع الله لمن حمد) ئێوە بڵێن (ربنا ولك الحمد) ،ئەگەر سوژدەی برد ئێوەش سوژدە بەرن ".

نۆیەم : هەوڵ بدەن دووربکەونەوە لەقسەکردن و وتەی نابەجێ و غەیبەت کردن و باسی شتی دونیایی و موناقەشە کردن .

دەیەم : تا دەتوانن مۆبایل مەبەن بۆ مزگەوت ، ئەگەریش ناچاربوون و بردتان ، هەوڵ بدەن لەکاتی چوونە ژوورەوەتان دایبخەن تاوەکو دێنە دەرەوە ، چونکە دەبێتە هۆی سەرقاڵ بوونتان و تێکچوونی نوێژە بەکۆمەڵەکەو نەمانی خشوع لەنوێژەکەدا .

یازدەیەم : نەبردنی ئەو منداڵانەی کە هێشتا بچوکن و فێری هیچ نەبوونە ، چونکە هەم خۆتان سەرقاڵ دەبن و هەم نوێژی کەسانی دەوروبەریش تێك دەدات .

دوازدەیەم : هەوڵ بدە دوای تەواوبوونی نوێژە بەکۆمەڵەکان (بەتایبەتی نوێژی هەینی) ،ڕاستەوخۆ یان بەپەلە بگەڕێوە ماڵەوە.

سیازدەیەم : کە چوویتە ژوورەوە پێویستە (٢) ڕەکعات نوێژی (**تحية المسجد**) بکەیت ئەگەر کاتی نوێژی بەکۆمەڵ نەبوو ، وە دەبێت (سوترەت) هەبێت

لەنوێژەکەتداو نابێت بەسەر کەسدا تێپەڕبیت و ئازاریان بدەیت ، بۆیە پێویستە بەئارامی لەجێگای خۆتدا دابنیشیت .

چواردەیەم : نابێت ناو مزگەوتەکە پیس بکەیت و تفی تێ فڕێ بدەیت ، وە پێویستە بەپاك و خاوێنی ڕابگریت ، چونکە بیرت بێت کە ئەوە مالّی خوای گەورەیەو جێگای نوێژکردن و خواپەرستی یە ،نابێت پیس بکرێت.

پازدەیەم : لەکاتی هاتنە دەرەوەتدا سوننەتە بەپێی چەپ بڵێیتە دەرەوەو بڵێیت (بسم الله، والسلام على رسول الله ، اللهم إني أسألك من فضلك).(رواه مسلم (١١٦٥)).

وصلى الله وسلم على نبينا محمد ، وعلى آله وصحبه أجمعين.

چۆن

دەبی بە هاوسەرێکی سەرکەوتوو؟

نامەیەك بۆ ئافرەتان

پێشەکی

الحمد لله وحده، والصلاة والسلام على من لا نبيَّ بعده ، نبينا محمد و على آله وصحبه أجمعين ، أما بعد ...

بێ گومان هیچ پەیوەندیەکی دروست کراوەکانی خودا لە پەیوەندیەکانی نێوان ژن و مێرد بەهێزتر و قوڵتر نیە چونکە پەیوەندییەکی تەواوکاریە و خۆشەویستی نێوان هاوسەران خۆشەویستیەکی جوان و بەرزە هاوسەران پۆشاك و ساباتن بۆ یەکتری دەتوانن ژیانی دونیایان ئاوەدان و گوڵباران بکەن بەلآم بە داخەوە زۆرێك لە هاوسەرانی ئەمرۆ گلەیی و گازندەیانە سەبارەت بە وشکی و زبری و نەبوونی سۆز و میهر لە نێوانیاندا،لەم باس و بابەتەشماندا ڕووی قسە و گوفتارمان لەو ئافرەتانە و چەند ئامۆژگاری و ڕێنومایەکی بە نرخ و پڕ سوود دەخەینە بەردەستی خانمان کە بەشێکی گەورە لە بەختەوەری خێزان لەسەر دەستی ئەواندایە و دەتوانن مالآەکانیان بکەن بە بەهەشتێك و بەهەشی دواڕۆژیشی پێ بکڕن چونکە ژن تامگە و خۆشی و شادی و حەوانەوەی مێردەکەیەتی کاتێك مێرد لەدوای هەوڵ و کۆشش و ماندوبونێکی زۆر و لە پێناو پەیداکردن و دابینکردنی ژیانی ڕۆژانەی دەگەڕێتەوە لای ژنەکەی کە ئەویش دەبێ بەڕوویەکی خۆش و گەش و سینگێکی فراوانەوە بەرەو ڕووی بێ و پێشوازی بکات و سۆز و خۆشەویستی بۆ دەربڕێ ئالەو کاتەدا مەیلی بەلادادەچێ و دەگاتە ئەم خۆشیە و ئەم حەوانەوەیە ئەم خۆشییەکە باسکرا بەهۆی ئەم ڕەفتار و هەڵس و کەوتەوە ماندویەتی و خەم و پەژارەی ژیان لە بیر مێردەکەی دەباتەوە.

بۆیە بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی خێزانی بەختەوەر لە نێوان هاوسەراندا پێویست بەشارەزایی و ئەزموون دەکات بۆ بەدەستهێنانی ئەو شارەزاییەش پێویست بە گەڕان دەکات بەدوای زانیاریەکانی پێکەوە ژیانی هاوسەرەکان.

لەم باسەشماندا کۆمەڵێك ڕێگە دەخەینە بەردەستی خانمانی بەڕێز بۆ ئەو ئافرەتانەی کە دەیانەوێ ڕێگاکانی دڵی هاوسەرەکانیان بدۆزنەوە بەجێ بەجێ کردنی هەریەك لەو ڕێگایانە بەشێکی خۆشەویستی میێردەکەت بەدەست دێنی بەجێ بە جێ کردنی سەرجەم ئەو خاڵ و ڕێگایانە سەرجەم خۆشەویستی هاوسەرەکەت بەدەست دێنی بەویستی خوا چونکە ئافرەت بوونەوەرێکی بەهێزە جێ بەجێ کردنی ئەو خاڵانەش لە دەرەوەی ئیرادەی ئافرەت نیە.

❁ ❁ ❁

چۆن سود لە قۆناغی دەزگیرانیت وەردەگریت ؟

قۆناغی دەزگیرانێتی چی لای کوڕان چی لای کچان بە گرنگترین قۆناغی بنیاتنانی بناغەی هاوسەرگیری و دروست کردنی ژیانی هاوسەری سەرکەوتوو و پڕ لە خۆشەویستی و پێکەوە گونجان دادەنرێت ، بەڵام بەداخەوە زۆرێك لە کچان و کوڕان لەبواره گرنگەکانی ئەم قۆناغە چاوپۆشی دەکەن و بەهەندێك کاری تر خۆ سەرقاڵ و خەریك دەکەن کە ئەو کاریگەری ڕاستەوخۆیەی نیە سەبارەت بە داهاتووی ژیان و پرۆژەی هاوسەرگیری.

سەرقاڵ بوونی هەردوولا بە گوزارشت لە خۆشەویستی و ڕازی بێ سنووری دڵ بۆ یەکتر و هۆنینەوەی قەشەنگترین ئەوین و خۆشەویستی و گۆڕینەوەی ناسکترین ووشە و هێنانەگۆڕی هەندێك باسی لاوەکی و قسەی ختوکەدەر گاڵتەئامێز هەردوولا مەحروم دەکات لە گفتوگۆی بەرنامە ڕێژی و وروژاندنی باس و خواسی بەرنامەکانی دوارۆژ.

بەڵام کاتێك ئەم قۆناغە کە هەندێك جار بۆ چەندین مانگ درێژەی هەیە خاڵی دەبێ لەهەموو پرۆژەیەکی خێزانی و هیچ جۆرە حیوار و بیروڕا گۆڕینەوەیەکی سەبارەت بەرنامەی ژینی داهاتوو نوێ تیادا بەدیناکرێت یەکسەر هەردوولا بەبێ هیچ پێشەکیەك دەچنە بەردەم واقعێکی نوێ کە تیایدا بەرپرسیاری و کۆمەڵێك ئەرکی خێزانی سەرهەڵدەدات.

ئەو کات یادگاریە خۆشەکانی سەردەمی دەزگیرانی کاڵ دەبنەوە و چی دی دەنگی قاقاو پێکەنین و ووتەی ناسك و گاڵتە ئامێز نایەنەوە بیر و زایەڵەی ئەو دەنگانە لە گێژاوی گرفتەکاندا ون و کپ دەبن.

جا بۆ ئەوەی ئەو ڕۆژە خۆشانەی تەمەن کە بە یەکێك لە هەرە ڕۆژە خۆشەکانی ژیان دەژمێردرێت لە ئەلبومی ژیاندا ڕەنگی پەمەیی و ئەرخەوانی لەدەست نەدات لەم باسەماندا کۆمەڵێك ڕێنومایی دەخەینە بەردەست بۆ سوود وەرگرتن لەو قۆناغە ناسك وهەستیارە.

❁ ❁ ❁

چۆن پارێزگاری لە ژیانی هاوسەرداریت دەکەی ؟

بێ گومان هەر کەسێك کە دەچێتە ژیانی هاوسەرێتیەوە ڕووبەڕووی چەندەها کێشەی جۆر بە جۆر دەبێتەوە هەر بۆیەش چەند خاڵێك دەخەینە ڕوو بۆ کەم کردنەوەی کێشەکانی ژیانی هاوسەرداری.

١- بیر و هەستی هاوسەرەکەت بخوێنەوە بە شێوەیەکی بەردەوام چونکە مرۆڤ لە گۆڕاندایە هەروەها پێویستە خاڵە لاوازەکانیشی بناسی.

٢- خوای پەروەردگار ژیری و زیرەکی و بەهرەی مرۆڤەکانی بە یەکسانی بەش نەکردووە بەسەر خەڵکیدا هەر کاتێك هەڵس و کەوت دەکەیت تۆ بزانە لەگەڵ دانایان و فەیلەسوفان قسە ناکەیت بەڵکو لەگەڵ هەست و سۆز و دەروونی پڕ لە ئارەزوو قسە دەکەیت لەسەر هەموو شتێك سەر کۆنەی مەکە.

٣- ڕێز لە ئیشی هاوسەرەکەت بگرە و هەموو مرۆڤێك کە ژیانی هاوسەرێتی پێك دێنێت ئیشی لەگەڵ پەیدا دەبێت جا چ لە پەروەردەکردنی منداڵ چ لە ئیش و کارەکانی دەرەوەدا بۆیە لێرەدا پرس و ڕاوێژ و هاوکاری ڕۆڵی خۆی دەبینێت.

٤- ئادەمیزاد لە نێوان پاکی و چاکی و بەرزیدایە هەر ئەویش شتی لار و خوار و خێچی لێ دەوەشێتەوە جا کارە چاکەکان گەورە بکە و نەگونجاوەکانیش جاروبار چاوپۆشی لێ بکە.

٥- گرفت و هەراوشەڕکردنی ڕێبازی مرۆڤی زیرەك و هۆشمەند و پێشکەوتووو نیە هەوڵ بدە لە هەموو کاروبارەکاندا وا لە هاوسەرەکەت بکەی کە حەزێکی دەروونی پاڵی پێوەبنێ بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو کارانەی کە تۆ دەتەوێ.

٦- هەر کات چاوت بە خۆتدا گێڕایەوە خۆت چاکردەوە ئەو کات قسە و گوفتار و کرداری تۆ زۆر کاریگەری تر دەبن لەسەر دڵی هاوسەرەکەت وەك هەنگ ئاسا لەیەك کاتدا شیلەی گوڵ هەڵبمژێ و هەنگوین ببەخشە.

٧- گرنگیدان و ڕێز لێنان و نرخدانان بۆ یەکتری لە خواردن پێویستر ە کە ئێمە هەوڵی بۆ دەدەین ، بەڵام زۆر کەم هەوڵ دەدەین بۆ کوژاندنەوەی ئەو ئاگرەی تینوی سۆز و قسە و گوفتاری ڕۆمانسین.

٨- بەدەست خۆتە مالّەکەت بکەیتە بەهەشت یان دۆزەخ ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەر لێزانی ئافرەت چونکە دەتوانێت خۆشترین کەش بۆ هاوسەرەکەی بەدیبێنێت لە هەمانکاتیشدا پیاو ئاسودەی مادی و دەروونی و هەڵگرتنی قورسایی گرفتەکانی دەرەوە و ناو خێزانی لە ئەستۆدایە.

٩- زۆربەی ڕق و کینە و دوبەرەکی و دورە پەرێزی دەگەڕێتەوە بۆ گوێ نەدانە یەکتری و گرنگی بە یەکتر نەدان و نەژیان لەگەڵ ناسۆریەکانی یەکتر.

١٠- زەردەخەنەیەکی پڕشنگدار دڵی خەڵکی ڕادەکێشێ و دەبێتە هۆی سەرکەوتن بۆ ژیانی هاوسەرێتی ڕوخۆشی دەم و چاو دەکات بە دەنگێکی زۆر کاریگەرتر لەدەنگی زمان.

١١- لێزانی و کارامەیی لە ژیانی هاوسەرێتیدا زۆر گرنگە بۆ نموونە گەر دەتەوێت هاوسەرەکەت تۆی خۆش بوێت دەربارەی شتێك بدوێ کە بەرامبەرەکەت حەزی لێبێت و پێی خۆش بێت هەر کاتێك گوێ لە حەزی هاوسەرەکەت بگریت ئەویش گوێ لە حەزی تۆ دەگرێت.

١٢- ڕق و کینە بە ڕق و کینە لا ناچێت بەڵکو بە خۆشەویستی لا دەچێت.

١٣- لابردنی بەربەستەکان بە تەکنیکی نایاب زۆر ئاسانە لە جیاتی سەرکۆنەکردنی کاتێك بە هەڵس و کەوتێکی دیاری کراو دەتوانی بە ستایش کردن و پیاهەڵدان بە ماوەیەکی کەم دەتوانیت هەڵس و کەوتی ڕاست بکەیتەوە بەم شێوە لۆمەت خستە سەر هەڵس و کەوتەکەی نەك کەسایەتیەکەی وەك دەڵێن دڵۆپێك هەنگوین بۆ کوشتنی مێشێك لە بەرمیلێ ژەهر باشترە.

١٤- ئەگەر هەڵەبووی دانی پێدابنێ چونکە هەموو کەس دەتوانێت بەرگری لە هەڵەکان بکات بەڵام دانان بە هەڵەکان سەرمایەی بەرزی هەموو مرۆڤێکە پیشەی پیاوە ژیر و بەهێزەکانە.

١٥- خۆت لە دەمەقاڵە و چەلەحانێ دوور بخەرەوە چونکە هەرگیز لە دەمەقاڵەدا سەرکەوتوو نابیت چونکە تۆ براوە بیت یان دۆڕاو هەر دۆڕاویت لەبەر ئەوەی ئەگەر براوەشت بیت هەر بۆماوەیەکی کورتە چونکە کاتێك تۆ بۆچوونی بەرامبەرەکەت پوچەڵ کردەوە و ڕایەکەت شکاند هەست بە خۆشی دەکەیت بەڵام بەرامبەرەکەت هەست بە ڕق و کینەیەکی دەروونی دەکات چونکە تۆ لە حەزوو ئارەزوەکانی و نرخ و بەهات کەم کردۆتەوە.

چۆن هاوسەرەکان لەیەکتری تێدەگەن؟

بۆچی زۆرێك لە خێزانەکان ڕووبەروی لێکترزان دەبنەوە ؟

ئایا چ هۆکارێك وایکردووە زمانی گفتوگۆ لە نێوان خێزانەکاندا نەمێنێ؟

ئایا هەردوولا چی لەیەکتری داوا دەکەن؟

جیاوازی نێوان ئەم دووبونەوەرە وایکردووە کە زۆرجار تێگەیشتن و بیروبۆچوونیان جیاواز بێت دروستبوونی کێشەو ناکۆکیەکان زۆر جار دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتن لەیەکتری هەردوولا هەست بە نەمانی هەست و سۆز و خۆشەویستی یەکتری دەکەن بێگومان بەردەوام پێشبینی هەڵە دەبێتە هۆی بێ هیوایی و نائاسودەیی جا بە پێویستم زانی کە چەند نهێنیەك باس بکەم کە بوەتە هۆی تێنەگەیشتنی هەردوولا، ئەم نهێنیەش لە بوونیەتی پیاو و ئافرەتیشدا هەیە لێیان ناشارمەوە:

نهێنی یەکەم : پیاو حەز دەکات بەو شتانە خۆی بسەلمێنێ کە بەرهەمی دێنێ بەڵام ئافرەت حەز دەکات خۆی بسەلمێنی بە پشتبەستنی بە هاوسەرەکەی لەڕێگەی دەرخستنی هەستو سۆزەوە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی دروست بوونیان هەر یەکەیان خوای گەورە بەشێوەیەك دروستی کردوون کە سیفەت و تایبەتمەندی خۆی پێبەخشیون بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوەیە کە ئادەم لە خۆڵ دروست کراوە بەڵام حەوا لە ئادەم دروست کراوە واتە هاوبەشە لە سیفاتی مرۆڤ و خۆڵ بۆیە زۆرجار پیاو ناودەبرێت بە دڵڕەق و وشك چونکە لەخۆڵ بوونیەتی وایکردووە کە بەوشێوەیە بێت.

خوای گەورە هەستو سۆزی زیاتر بەخشیوە بە ئافرەت تا بۆ ماوەی نۆ مانگ توانای هەڵگرتنی منداڵی هەبێت لەسکیدا پاشان بەخێوکردن و لاواندنەوەی بەڵام چونکە بنەڕەتی پیاو لە خۆڵ و بنەڕەتی خۆڵیش لە زەوییە هێمای زەویش بەرهەم هێنان و کارکردنە، پیاویش تەنها بە کارکردن ئاسودە دەبێت و حەز بە گەڕان و کارکردن دەکات بۆیە زۆرجار سەرزەنشتی پیاوان دەکرێت بە کەم ئامادەبوونیان لەماڵەوە یان کاتێك کە دەگەڕێنەوە بە خێرایی لەماڵەوە بێزار دەبن ، ئەمە ئەوە دەردەخات کە زۆرجار پیاوان لە دەربڕینی هەست و سۆزدا وەکو ئافرەتان نین ئەم هۆکارە بۆتە هۆی کێشەو ناکۆکی لە نێوان خێزانەکاندا کە لە نهێنیەکانی تردا زیاتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە.

نهێنی دووەم: پیاوان لە دەرخستنی بیر و بۆچوونداو بەشی لای چەپی مێشکیان بەکاردەهێنن بەڵام ئافرەت بەشی لای ڕاستی مێشکی بەکاردەهێنێ ئەمەش نهێنیەکی تری زۆرگرنگە کە پیاوان بیرکردنەوەیان پێشکەوتووترە بەڵام ئافرەت بەشی لای ڕاستی مێشکی بەکاردەهێنێ کە خۆشەویستی و بیرکردنەوەیە!

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە هەندێ سیفەتیان هاوشێوەن بەڵام شێوازی دەربڕینەکانیان جیاوازە بۆ نموونە کاتێ پیاو سەرقاڵ دەبێ بە کارێکەوە تەنها دەتوانێ بیری لای ئەو کارە بێ کەچی ناتوانێ سەرقاڵ بێ بەکارێکی ترەوە یا قسەبکات بەڵام ئافرەت دەتوانێ لە یەك کاتدا خەریکی جێشت لێنان بێت و سەیری تەلەفزیۆن بکاو قسەش بە مۆبایل بکات ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بەشی بیرکردنەوە لەلای ئافرەتاندا زیاترە.

لە لێکۆڵینەوەیەکدا دەرکەوتووە کە عەقڵی پیاو سندووقیە بەڵام هی ئافرەتان شەبەکەییە و لە کۆمەڵێ بەش پێکهاتووە،ئافرەتیش بەهەمان شێوە دەتوانێ خەیاڵی لەسەر کۆمەڵێ کاربێت وەك ئەو نموونەی کەلەسەرەوە باسمان کرد بۆ نموونە عەقڵی هەر شتێ سندوقی هەبێ بەشەکانی پارێزراوە و تێکەڵ بە شتەکانی تر نابێ ئەم نهێنیەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە پیاوان لە دەربڕینی هەست و سۆز و خۆشەویستیدا وەك ئافرەت نین چونکە ئافرەت لەئەنجامدانی هەموو کارێکدا حەز بە دەربڕینی خۆشەویستی دەکات ئەمەش کێشەیەکە کە ڕووبەڕوی خێزانەکان دەبێتەوە چونکە پیاوان کەم دەتوانن هەست و سۆزیان دەربڕن ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونیەتی پیاوان چونکە وەکو باسمان کرد ئافرەت بەرپرسیارێتی مالّ و بەخێوکردنی پێ سپێردراوە کە بێگومان ئەم کارەش بە هەست و سۆزەوە ئەنجام دەدرێت.

نهێنی سێیەم: پیاو سەیری کارەکان دەکات بەشێوەیەکی گشتی بەڵام ئافرەت حەز بە لێکدانەوەی ورد دەکات بۆ نمونە کاتێك باسی ڕوداوێك یان کارێك دەکرێت پیاو بەشێوەیەکی گشتی سەیری دەکات بەڵام ئافرەت حەز بە ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی ئەو کارە دەکات .

نهێنی چوارەم : جیاوازی لاشەیی و ئەندامەکانی پیاو لەگەڵ ئافرەتدا ئەمەش هۆکارێکە بۆ تێگەیشتنی هەردوولا بەوەی هەندێ کار لە توانای پیاودا هەیە و لە هی ئافرەتدا نیە و بە پێجەوانەوە زۆر جار کێشە دروست دەبێ لەنێوان خێزانەکاندا بە هۆی بیرکردنەوەیان لەم جیاوازییە بۆ نمونە:پیاو زیاتر شارەزایی لە کاروباری

دەرەوەدا هەیە ناتوانێت وەکو ئافرەت خەریکی چێشت لێنان و مالّ و منداڵ بێت و بە پێچەوانەش هەندی کاری دەرەوە هەیە کە لە توانای ئافرەتدا نیە ئەمەش نابێت ببێتە هۆکارێك بۆ سەرزەنشت کردنی بێ توانایی بەڵکو بوونیەتی هەریەکەیان جیاوازە و گونجاوە بە پێی ئەندامەکانی بەڵام ئەگەر کارێك لە توانای یەکێکیاندا نەبوو ئەوا پێویستە هاوکاری یەکتری بکەن و ئەو کارەش زیاتر پەیوەندی خێزانی بەهێز دەکات و دەبێتە مایەی خۆشەویستی خۆ ئەگەر نەکرا نابێتە مایەی سەرزەنشت کردنی یەکتری؟

دەکرێت بپرسین ئایا هەردوولا داوای چی لە یەکتری دەکەن ؟

هەردوولا زۆر پێویستیان بە خۆشەویستی و دڵسۆزی و وەفاداری هەیە ئەنجام دانی هەموو کارێك لەسەر ئەم بنەمایانەدا دەکرێت با ڕێز لە کارەکانی یەکتری بگرین ، با بیر لە جیاوازییە فیسۆلۆجییەکانمان بکەینەوە و سەرزەنشتی یەکتری نەکەین و یەکتری بە کەمتەرخەم و نەفام نەزانین !

با زمانی گفتوگۆمان بە تێگەشتنەوە بدوێت و ڕاستیەکان بۆ یەکتری ڕوون بکەینەوە .

❁ ❁ ❁

ئەو هەڵانەی ئافرەتان دەیکەن و ژیانی خۆیانی پێ تێکدەدەن

زۆر جار واهەستدەکەیت کە تۆ و هاوسەرەکەت لەدوای چەند ساڵێکی ژیانی هاوسەرێتی لێك دوورن چ هۆکارێك وایلێکردوویت کە ڕاوبۆچوونەکان و ئارەزووەکانتان ناهاوسەنگبن؟ ئایا ڕۆژێك لەڕۆژان بیرت کردۆتەوە کە تۆهۆکاری سەرەکی ئەم ناهاوسەنگیەیت و دەتوانیت بەڕەفتار و وتە جوانەکانت لەگەڵ هاوسەرەکەتدا ژیانی هاوسەریتان بگۆڕیت بێگومان نا چونکە تۆسوریت لەسەرکردەوەکانی خۆت و هەمیشە بەهەڵەی هاوسەرەکەتی دەزانی و دەڵێی پیاوان بەگشتی بەوشێوەیەن، بێبایەخ و بێوەفان بەرامبەرخێزانەکانیان لەکاتێکدا ڕەنگە هەندێ هەڵە یا کەمتەرخەمیت وایکردبێ کەهەمیشە لەماڵەوە ڕابکات و پەنا بۆتەنیایی بەرێت

لە لێکۆڵینەوەکدا کە لەسەرکۆمەڵێك لەپیاوان ئەنجامدراوە کە جیاوازبوون لەتەمەن و ئاستی خوێندەواریدا بۆئەوەی پرسیاریان لێبکرێت لەبارەی ئەوهەڵانەی کەژیانی هاوسەرێتی بەرەوکێشەوناکۆکی دەبات لە ئەنجامدا دوای کۆکردنەوەی ڕەخنە و پێشنیارەکانیان لێکۆڵینەوەکە ئەوەدەسەلمێنێت کە زۆرجارهەڵەکانی ئافرەت دەبێتە مایەی دابڕانی خێزان و دروستبوونی ناکۆکی ڕۆژانە هاوکات لەگەڵ گەورەبوونی خێزاندا کێشەکان گەورەتردەبن:

١.زۆر جار ئافرەت هەموو سەربەستیەکی هاوسەرەکەی دەخاتە ژێرئارەزووی خۆیەوە.

٢.بەردەوام چاوەڕێی تەلەفۆن و هاتن و ڕۆیشتنی هاوسەرەکەی دەکات بەمەش کێشەکە دروستدەبێ چونکە هەندێ جار هەندێ شت هەیە کە پەیوەندی بەخێزانەکەیەوە نیە

٣.بایەخنەدان بە ڕاوبۆچوونی هاوسەرەکەی و کۆنترۆڵ کردنی بڕیارەکان لەژێر دەستی خۆیدا ئەمەش هۆکاری سەرەکیە بۆ نەمانی ڕێز و دروست بوونی ناکۆکی.

٤.پێشنیارێکی تریان ئەوەبوو کە زۆربەی ئافرەتان لەکاتی چوونە دەرەوەیاندا پرس بە هاوسەرەکانیان ناکەن دەڵێن ئایا دەبێت ئێمە بۆ هەرشوێنێك بچین یان هەر کارێك بکەین پرس بە هاوسەرەکانمان بکەین؟

٥.درکاندنی نهێنی پیاوان بەگشتی حەز دەکەن کە نهێنی ماڵەکەیان پارێزراو بێت.

٦.نەپاراستنی پاك و خاوێنی ماڵ و منداڵ لەبەر ئەوەی کاتێك هاوسەرەکەی بەوپەڕی ماندوێتیەوە دەگەڕێتەوە حەزدەکات کە ماڵ و منداڵەکەی بە ڕێکوپێکی ببینێت نەك بە ناڕێکوپێکی ئەمەش دەبێتە هۆی توڕەبوونی هاوسەرەکەی و دروستبوونی ناکۆکی لە نێوانیاندا.

٧.زیادەڕەوی لەپارە سەرفکردندا ئەمەش هەڵەیەکی تڕە کە زۆربەی هاوسەرەکان ناڕەزایی دەردەبڕن لە خێزانەکانیان کەوا نرخ بۆ ماندووبونی هاوسەرەکانیان دانانێن و ئەوشتانەی زۆرگرانبەهان دەیکڕن.

٨.لەکاتی گەڕانەوەی هاوسەرەکانیاندا ناڕەزایی دەردەبڕن و دەنگیان بەسەربەرزدەکەنەوە و کەمتەرخەم و شێواون کەئەمە ش دەبێتە هۆی ڕاونانی

هاوسەرەکانیان ئەمەش هەڵەیە چونکە ئافرەت دەبێ کاتێك هاوسەرەکەی گەڕایەوە مالّەوە ماندوێتی دەربچێ نەك زیاتر ماندووی بکات.

٩.ستایش کردنی پیاوانی تر لەلای هاوسەرەکەی وەك: تۆ کەسێکی بێ توانای فلّانە کەس چەندە دەوڵەمەندە یان زیرەکە ! کە بەڕاستی هەموو هاوسەرێك حەز دەکات کە خێزانەکەی ستایشی بکات و بەماندوێتی هاوسەرەکانیان بزانن.

١٠.لەکۆتاییدا هەموو هاوسەریك حەز دەکات خێزانەکەی ئاسودە بێت و ژیانێکی ئاسودە و پڕ لەڕێزو خۆشەویستی و وەفاداری لەنێو مالّەکەیدا هەبێ و هەمیشە هاوسەرەکەی بەلاوە بەنرخ و بەبایەختر بێ لەهەموو کەسانی تر.

❀ ❀ ❀

ئەو سیفەتانەی پیاو حەزدەکات لە هاوسەرەکەیدا هەبێ

١- لە دەروونی خۆیدا بیپارێزێ وە سامانەکەی لە کاتی ئامادەبوون و ئامادەنەبووندا هەست بە ترسیش بکات لەوەی کە هەیەتی.

٢- دڵی خۆش بێت کاتێ سەیری دەکات ئەوەش بە جوانی لەش و لار و گیانی و عەقڵی هەر کاتێك ئافرەت ناسك و جوان و بوو لە ڕوخساری ئەو کاتە سەرنجی پیاوەکەی زیاتر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و زیاتریش پێوەی دەبەسترێتەوە.

٣- دەکرێت کات و ڕێگایەکی گونجاو هەڵبژێری لە کاتی داواکردن شتێکت دەوێ وە دەترسی ڕەتی بکاتەوە بە شێوازێکی باش پێویستە ووشەی گونجاوی بۆ هەڵبژێری لەسەر ژنەکە پێویستە پیاوەکەی ڕابهێنێ لەسەر پاشەکەوت کردن و خەرج کردن بەپێی پێویستی پێویست ناکات هەموو ڕۆژێك جلەکانی خۆی بگۆڕێت و هەموو ئێوارەیەك لە گرنگترین ئۆتێل خواردن بخوات و هەموو ساڵێك گەشت و گوزار لە لێواری دەریاکان ئەنجام بدات.

٤- لە کاتی مشت و مڕدا دەنگی خۆت لەسەر پیاوەکەی بەرزنەکاتەوە پارێزگاری لە مێیینەیی خۆی بکات لە کاتی قسەکردندا.

٥- با ئارامبگرێ لە کاتێکدا کە پیاوەکە هەژار بوو وە سوپاس گوزاربێت لەگەڵ دەوڵەمەند بوونی پیاوەکەی.

٦- پیاوەکەی هانبدات لەسەر پەیوەندی دایك و باوك و خزم و هاوڕێکانی .

٧- پەیوەست بێ بەڕاستگۆی و لە درۆکردن دوورکەوێتەوە ئەگەر فشاریشی لەسەر بوو.

٨- منداڵەکانی پەروەردە بکات لەسەر خۆشەویستی خوا و پێغەمبەر ﴿صلى الله عليه و سلم﴾ وە هەروەها هانیان بدات لەسەر ڕێزگرتن لە دایك و باوکی گوێڕایەڵیان بێت.

٩- وە ڕێگرنەبێت لەوەی پیاوەکەی چۆن دەیەوێت کاری سەرجێیی لەگەڵدا بکات تەنها ئەوە نەبێت کە خوای گەورە قەدەغەی کردووە.

١٠- لە خۆبایی نەبێت بە گەنجی و جوانیەکەی و زانینی کارەکەی چونکە ئەوانە گشتی لەناو دەچن.

١١- هەوڵ بدات نوێبونەوە بکات لە ژیانیدا وە دوورکەوێتەوە لە بێزاری .

١٢- گوێڕایەڵی بکات ئەگەر فەرمانی پێدا تەنها ئەگەر فەرمانەکە یاخیبوونی خودای گەورە و پێغەمبەر ﴿صلى الله عليه و سلم﴾ لەسەر بێت تێدا نەبێت.

١٣- ڕێگا بە هیچ کەس نەدات بێتە ژوورەوە لە کاتێکدا کە پیاوەکەی لە ماڵەوە نەبێت ئەگەر هاتوو لە کەسە زۆر نزیکەکانی مێردەشکەشی بێت وەکو (برای مێرد ، مامی مێرد...) چونکە ئەمە گومانی لێدەکرێت.

١٤- ئەگەر ڕەوشتێکی خراپی لە مێردەکەی دیت دەبێت ئارام بگرێت لەوانەیە جارێکی تر ڕەوشتێکی باشتر نەبینێت لە یەکێکی دیکە ئەگەر تەلاقیدا.

١٥- هیچ کاتێك بیر لە یادگارە هەڵەکانی مەکەوە بەڵکو هەوڵ بدە بیر لە یادگارە جوانەکانی بکەیتەوە کە پێیدا تێپەڕێت.

١٦- لە کاتی دەرچوونی خوا حافیزی لێ بکە و بە هێمای خۆشەویستی تاکو دەرگا لەگەڵیدا بڕۆ ئەمەش دەریدەخات چەند گرنگی بە پیاوەکەت دەدەی.

١٧- ئەگەر لە دەرەوە گەڕایەوە مااڵ پێشوازی لێبکە و ڕوو خۆشبە و گوێڕایەڵی بکەن هەوڵ بدە ماندووبوونی کارەکەی لەسەر سووك بکەی.

١٨- جگە لەو سەیری کەس مەکە هەوڵ بدە لاسایی نابینایان بکەیتەوە.

١٩- ئەگەر ویستی قسە بکات تۆ بێدەنگبە بواری قسەکردنی بدەرێ بەمەش پیاوەکەت وا هەست دەکات خێزانەکەی گرنگی پێ دەدات.

٢٠- لە پێش مێردەکەت ستایشی پیاوی بیانی مەکە تەنها ئەگەر بۆ لایەنی ئاینی پیاوەکە بێت چونکە ئەمە هەستی پیاوەکە دەهەژێنێ وە زۆر کێشەی خێزانی دروست دەبن ئەمەش وا دەکات پیاوەکەی چاو لە ژنەکەی هەڵنەگرێت.

٢١- تاکو دەتوانی کەم بڵێ بەو قسە کەم بکە پێشینان وتویانە ئەگەر هاتوو قسەکردن زیو بێت بێ دەنگی زێڕە.

٢٢- هەموو مافێکی سەرپەرشتیاری بدە بە مێردەکەت کەوا خوای گەورە واجبی کردووە و توند و تۆڵ بە و تەمبەڵ مەبە و کەمتەرخەمیش مەبە.

٢٣- ڕێگا بە کەس مەدە دەست بخاتە نێو ژیانی هاوسەرێتیتان ئەگەر کێشەیەکیش ڕوویدا هەوڵبدەن بە بێ ئاگاداری خزم و کەس و کارتان چارەسەری بکەن.

٢٤- هەوڵ بدە لە زانینی دەروونی پیاوەکەت و ڕووخۆشیەکەی کەی دڵ خۆشە؟ کەی خەمبارە؟ وە کەی تورە دەبێت ؟ کەی پێدەکەنێ؟ وە کەی دەگرێت؟ چونکە ئەمە لە زۆر کێشە و گیر و گرفت دوورت دەخاتەوە.

٢٥- ئاخاوتنی شیرین کلیلی دڵە پیاو زیاتر ژنەکەی خۆش دەوێت کاتێك قسەیەکی شیرینی گووت مانا و مەغزایەکی سۆزداری پێوەبێت بە تایبەتی کاتێك پیاوەکە بزانێت ئەم ووشانە لە دڵێکی ڕاستگۆ و خۆشەویستیەوە دەردەچێت.

٢٦- هەردەم خۆشەویستی بە بۆزانین و وە زانیاری سوودمەند یارمەتیدەرە لەسەر جێ بەجێ کردنی ئەرکەکان لە ژیاندا وە زۆر کێشە دوور دەخاتەوە.

٢٧- گوێ ڕایەڵ و نەرم و نیان لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بەهێز و بە توانا لەگەڵ کەسانی دیکەدا پیاو بە سیفاتی خۆی حەزدەکات هاوسەرەکەی کەسێکی نەرم و نیان و گونجاو گوێڕایەڵ بێت لەگەڵیدا هەروەها حەزدەکات تەنها لەگەڵ ئەودا خاوەنی ئەم سیفاتە بێ لەگەڵ کەسانی دەوروبەریدا کەسێکی بەهێز و بە توانا و خاوەن کەسایەتیەکی ناوازە بێ و هەست دەکات هاوسەرەکەی ڕێزی دەگرێ و مافەکانی جێ بەجێ دەکات.

٢٨- دیندار : بێگومان دینداری یەکەمین و گرنگترین سیفەتە بۆ هەردوولا لەبەر ئەوەی دین مرۆڤ بنیات دەنێ هەموو خێرێکی تێدا کۆدەکاتەوە مرۆڤ دەکات کەسێکی ئاکار بەرز و ڕەوشت جوان دیندار ئەمین و باوەڕ پێکراوە پارێزەری ماڵ و ئابووری پیاوەکەیەتی لە کاتی بوون و نەبوونیدا.

٢٩- هاوسەری چاك : چاکی هاوسەر وشەیەکە بە واتای کۆکەرەوەی هەموو سیفاتە جوان و نایابەکان دێت چینیەکان دەڵێن ئافرەتی چاك بۆ پیاو لەدەست و قاچ پێویست تره ، بەڵام ئەمریکییەکان لەبەر ئەوەی هەموو شتێ بە پارە لێك دەدەنەوە دەڵێن ئافرەتی چاك یەکسانە بە هەموو بوودجەی ئەمریکا.

٣٠- تەندروستی و ڕووخۆشی : پیاو حەز دەکات هاوسەرەکەی خاوەنی ئەم سیفاتە بێت چونکە بەردەوام بەختەوەری و شادومانی پێ دەبەخشێت لە خەم و پەژارە دووری دەخاتەوە خێزانی باش هاوڕێ و هاوکار و دۆست و خۆشەویستی هاوسەرەکەیەتی ئافرەت دەتوانێ بە ئەرێنی یاخود نەرێنی کاریگەری هەبێت لسەر میزاجی هاوسەرەکەی.

٣١- شەرمنی : شەرمنی جوانی ئافرەتە چونکە بە بێ ئەم سیفەتە دەبێتە کەسێکی نەخوازراو و ناشرین هەرچەندە لە شێوە و ڕوخساریدا جوان بێت چونکە گەر ئافرەت شەرمن نەبوو بە کەسێکی بێ چاو و ڕوو و خراپ و زمان درێژ وەسف دەکرێت ئەگەر مرۆڤ بە گشتی شەرمی نەکرد ئەوا ئامادەیە هەموو خراپەیەك بکات.

٣٢- جوان گوێگرتن : پیاو حەز دەکات خێزانەکەی بە باشی گوێ ی بۆ بگرێ و قسە کانی پێ نەبڕێ لە کاتی قسەدا خۆی بە شتی دیکەوە سەرقاڵ نەکات بەڵکو سەرنج بداتە قسەکانی و بەزەردە خەنەو گرنگییەوە بۆی بڕوانێت وەك ئەوەی کە هاوسەرەکەی گرنگترین و باشترین و جوانترین کەسە بەلایەوە.

٣٣- گرنگیدان بە هاوسەر : پیاو حەز دەکات هاوسەرەکەی گرنگی پێ بدات بە جۆرێك کە نە منداڵ و نە ئیش و کاری ناو ماڵ وای لێ نەکات هاوسەرەکەی فەرامۆش بکات ئافرەت چاك ڕازیکردن و دڵخۆشکردنی دڵی هاوسەرەکەی لە پێشینەی کارەکانیدا دابنێت.

٣٤- خۆڕازاندنەوە و شۆخ و شەنگی : پیاو حەز دەکات هەمیشە هاوسەرەکەی شۆخ و شەنگ و ڕازەوە بێت زۆر ڕقی لە ئافرەتێکە کە تەنها بۆ دەرەوەی ماڵ خۆی جوان دەکات و لەبەردەم هاوسەرەکەیدا خۆی فەرامۆش دەکات و گوێ بە خۆی نادات پیاو حەز دەکات هاوسەرەکەی جوانترین پۆشاك بۆ ماڵەوە لەبەر بکات و بەردەوام لە نێو ماڵدا گرنگی بە خۆ ڕازاندنەوە و پاکو خاوێنی و خۆ بۆنخۆشکردن بدات.

٣٥- ڕێزگرتن لە کەس و کاری هاوسەر : بەلای پیاوەوە کەس و کارەکەی جێگە و مەنزڵی تایبەتی هەیە حەزدەکات هاوسەرەکەی ڕێزیان بگرێت و خۆشی بوێن هاوسەری ژیر بە ڕێزگرتن لە کەس و کاری هاوسەرەکەی خۆشحاڵ و شادوومان دەبێت چونکە ئەگەر کەسێك لەگەڵ کەس و کارەکەی خۆی و هاوسەرەکەی چاك نەبێت ئەوا بێگومان ناتوانێت بۆ کەسانی دیش چاك بێت.

٣٦- ئافرەتی هۆشیار : پیاوێك نیە لەم دونیایەدا ئافرەتی نەزان بە چاك بزانێ مەگەر کەسێکی دەگمەن نەبێت پیاوی ژیر ئافرەتی ڕۆشنبیر و هۆشمەند کە خاوەنی ژیرییەکی ناوازە و دووربینییە هەڵدەبژێرێت پیاو حەز بە ئافرەتێ ناکات کە بڕوای بە خورافات و درۆ و دەلەسە هەبێت چونکە ئەم جۆرە ئافرەتە هەر ڕۆژەو

لەدەرگای فاڵچییەك دەدات بۆ بەدەستهێنان و خۆ خۆشەویست کردن لای هاوسەرەکەی بەاڵم ئافرەتی ژیر بەکردەوەی جوان و ئاکاری بەرز خۆشەویستی هاوسەرەکەی بەدەستدێنێ.

٣٧- نووێبونەوە : پیاو ئەگەر بێتاقەت و ماندوو خەمبار بوو ئەوا هاوسەرەکەی لێوەی دوور نیە لەبەر ئەوەی بەردەوام جل وبەرگی نوێ و قسەی خۆش و زانیاری نوێی پێدەبەخشێ پیاو هەموو ڕۆژێ ئافرەتەکە ناچار ناکات کە هەموو ڕۆژێك ڕووکەشی نوێ بکاتەوە بەڵکو ڕۆح و هەست و دەربڕینەکانی پێویستی بەنوێبوونەوەی بەردەوام هەیە تابببێتە هۆی خەمڕەوێن و یارمەتی دەری هاوسەرەکەی هاوکاری بێت لەچارەسەرکردنی کێشەکانی ئافرەتی چاك خەم و پەژارەی هاوسەرەکەی الدەبات ئافرەتی خراپیش خەمی بۆ زیاد دەکات.

٣٨- سەرنج ڕاکێش : شتێك کە وەسف ناکرێ و جێگەی بایەخە لای پیاوان سەرنج ڕاکێشانە سەرنجڕاکێشان سیحری کەسایەتی هەرکەسێکە کە هەموو مواسەفاتی ڕووخسار و ڕووحی و کۆمەاڵیەتی و ڕۆشنبیری تێدا کۆببێتەوە سەرنجڕاکێشان شتێکە لە تەنها سیفەتێ دیاری کراودا خۆی نابینێتەوە خۆشەویستی سیفەتێکە سەرنجی پیاو ڕادەکێشێت هەموو پیاوێك کلیلێکی هەیە کە دەرگای دڵی دەکاتەوە دەرگای ئەو دڵەش خۆشەویستیە ئافرەتیش لە هەموو کەس بەتواناترە بۆ کۆکردنەوەی دەرگای دڵی پیاوەکەی ئەگەر لێهاتووی و زیرەکی خۆی بخاتە گەڕ.

❁ ❁ ❁

بۆ گەیشتن بەدڵی هاوسەرەکەت ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکە

١-ئەو کاتەی پیاو لە دەرەوە دەگەڕێتەوە مااڵ پێویستە ئافرەت بە ڕووبەکی خۆش و پێکەنیناوییەوە دەرگای لێ بکاتەوە و بە گەرمی سااڵو و پێشوازی لێ بکات هەروەک چۆن پێشوازی لە میوانێک دەکات نواندنی ئەم کارە دەبێتە هۆی ڕەواندنەوەی ئەو ماندووبوونەی کە لەدەرەوە تووشی بووە.

٢-مااڵ جێگەی حەوانەوە و ئارامکردنەوەی دەروونە پاکو خاوێنی بە زۆری ئەرکی ئافرەتە جێ بە جێ کردنی ئەم ئەرکە وا لە پیاو دەکات حەزی گەڕانەوەی بۆ الی هاوسەرەکەی و مااڵ و پاک و خاوێنیەکەی زیاتر بێت ئەو گەڕانەوەش خۆشەویستیەک ڕادەکێشێ کە سەرچاوەی ئەو پاک و خاوێنیەیە کە ئەویش هاوسەرەکەیەتی.

٣-بۆ ئەوەی بەجوانی بێیتە بەر چاوی هاوسەرەکەت و سەرنجڕاکێش دەربکەوی ئەوا پێویستە ڕای هاوسەرەکەت وەربگری لە هەڵبژاردنی ڕەنگ و شێوازی جل و بەرگ و داهێنانی پرچ ئەمەش بەو شێوەیە نەبێت کە تەنها بەڕای هاوسەرەکە بێ و ڕای خۆت فەرامۆش بکەی . بە ئەنجام دانی ئەم کارە سەرنجی هاوسەرەکەت ڕادەکێشی و دەیوروژێنی چونکە هەموو پیاوێک حەز دەکات هاوسەرەکەی بە جوانترین شێوە ببینێت بەم جۆرە دڵ و چاوی هاوسەرەکەت لە چوون بە الی ئافرەتی جواندا دەپارێزیت.

٤-پەروەردەکردنی منداڵ : ئەرکی دایک یان باوک نیە بە تەنها بەڵکو ئەرکی هەردووکیانە بۆیە پێویستە ژن و مێرد بەرنامە ڕێژی و پەروەردەیەکی تەندروست

منداڵەکەیان پەروەردە بکەن جا تۆی ئافرەتیش دایکێکی دڵسۆز بە بۆ منداڵەکانی خۆت و هاوسەرەکەت ئەمە لە لایەك لە لایەکی ترەوە هەرگیز ڕوو لە هاوسەرەکەت وەرمەگێڕە بۆ منداڵەکەت بە تایبەت لە کاتی داواکاری منداڵ یان بوونی کێشەیەك بەڵکو هەمیشە پشتی هاوسەرەکەت بگرە.

٥-بایەخ دان بە منداڵ گرنگە بەمەرجێ لە بایەخدانی هاوسەرەکەت کەم نەکەیتەوە واتا نابێت هەموو سۆز و خۆشەویستی خۆت بۆ منداڵەکەتبێ و هاوسەرەکەت پشت گوێ بخەی تۆ دایکی منداڵەکەتی نەك دایکی هاوسەرەکەت سۆز و خۆشەویستی دان بە منداڵ جیاوازە لە سۆز و خۆشەویستی دان بە هاوسەر پێویستە لە یەکیان جیا بکەیتەوە و دایکانە لەگەڵ هاوسەرەکەتدا ڕەفتار نەکەی.

٦-بەکارهێنانی کۆمەڵێك ووشە لە ژیانی ڕۆژانەدا دەبێتە هۆی زیادکردنی ڕێز و خۆشەویستی و وەفا لە نێوان ژن و مێردا لەو وشانەش ﴿ خۆشم دەوێی ، سوپاس ، ئازیزەکەم ، گەر بە ئەرك نەبێت ، سلاۆ خۆشەویستم ، بەسەرچاو ، بەخێربێیتەوە ، هتد.....﴾.

٧-تێرکردنی غەریزەی جنسی ئامانجێکی گرنگی پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرێتیە ، ئەمەش پێویستی بە ئامادەباشی دوو لایەنە هەیە پێش کرداری جوتبوون.

٨-بە هۆی ئەوەی کە پیاو لە دەرەوەی ماڵەوە لە کارکردندا دووچاری ماندبوون و کێشە و گرفت و شکست دەبێ لەبەرامبەر ئەمەدا پێویستە ئافرەت ڕۆڵی دەروونناسێك بگێڕێت لە ئارامکردنەوەی دەروونی هاوسەرەکەی و گەڕانەوەی

ئومێد بۆ ژیان بەمەش پیاو هەست دەکات هاوسەرەکەی سەرچاوەی گەرانەوەی شادیە بۆی لە کاتی تووشبوونی هاوسەرەکەت بە کێشەیەك هاوخەمی و هاو ئاهنگی خۆتی بۆ دەربڕی و بە دوای رێگە چارەی کێشەکەیدا بگەڕێ بۆ ئەوەی بۆ هاوسەرەکەت دەربکەوێ کە لە کاتی ناخۆشیشدا تۆ هەر خۆشتدەوێ و پشتگیری دەکەی.

٩-باری دارایی هاوسەرەکەت و مالّەکەت لە کاتی کڕینی شت و مەکی خۆت و لە کاتی کڕینی شت و مەکی خۆت و مالّەوەدا لەبەر چاو بگرە چونکە ڕێزگرتن لە بەرهەمی کاری هاوسەرەکەت سەپاندنی دڵسۆزی تۆیە بۆ هاوسەرەکەت و ماندووبوونەکەی ئەو کاتەی کە هاوسەرەکەت دەبینێ تۆ ڕێزی ماندووبوونەکەی دەگری هەست بە دڵسۆزی تۆ دەکات ئەو کاتە هاوسەرەکەت زیاتر لەسەر کارکردن سوور دەبێ و هەست بە ماندووبوون ناکات.

١٠- ڕێزگرتن لەکەس و کاری هاوسەرەکەت بە جۆرێ کە خۆت وەکو کەسێکی نێو ئەو خێزانەی زۆر کێشەی نێوان بووك و خەسوو هۆکارەکەی هەستکردنی خەسووە بە زەوتکردنی کوڕەکەی لە لایەن بووکەکەیەوە بەلاّم گەر ئافرەت پاش شووکردنی نەبووە هۆی پچڕانی پەیوەندی نێوان هاوسەرەکەی و دایکەکەی ئەوە وێڕای ئەوەی کێشەی بووك و خەسوو ڕوونادات بەڵکو دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ڕێز و خۆشەویستی هاوسەرەکەی و دایکی و کەسانی تریش.

١١- بەهۆی زۆری خۆشەویستی پیاو بۆ هاوسەرەکەی هەندێکجار لەترسی لە دەستدانی هاوسەرەکەی تووشی غیرەکردن دەبێتەوە لێرەدا ڕۆڵی ئافرەت لە

چارەسەرکردنی ئەو گرفتە دەروونیە بەدەردەکەوێ ئەویش بەوەی تاماوەیەك بەگوێرەی دڵی مێردەکەی هەڵس و کەوت کات تاوەکو لەڕێگەی گفتوگۆ وە بۆ هاوسەرەکەی ڕوون دەکاتەوە کە تەنها ئەوی خۆش دەوێ و ئەویش هەموو کەسێکە لەدڵی ئەودا.

١٢- ئافرەت ڕووناکی ماڵە و سەرچاوەی بەختیارییە بۆ خۆی و هاوسەری و سەراپا خێزانەکەی پێویستە لەسەرت ئەو کاتەی هاوسەرەکەت لە ماڵەوەیە هەوڵی خۆشحاڵکردنی بدەی لە ڕێگەی دواندن و گاڵتە کردن و باسکردنی خۆشەویستی نێوانتان و بەرنامە ڕێژی بۆ داهاتوو نەك زۆربەی کاتەکانی پێکەوەبوونتان بە داواکاری و بۆڵەبۆڵ و شەڕ و ئاژاوە بەرنە سەر چونکە دەبێتە هۆی وەڕسکردنی مێرد لە ماڵ کە ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی خۆشەویستی نێوانتان.

١٣- مێشکی ئافرەت توانایەکی باشی هەیە لە پەیبردن بە شتە ئاڵۆزەکان و بەهێزکردنی پەیوەندی هەر بەم هۆیەشەوە ئافرەت دەتوانێت سەرجەم ئەو ڕێگایانە بدۆزێتەوە کە دەبنە هۆی خۆشەویست کردنی لای هاوسەرەکەی هەر ئافرەتیشە بەزۆری دەتوانێ پەیوەندی کۆمەاڵیەتی و خزمایەتی و دراوسێیەتی .... هتد دابهێنێ هەر بۆیە بە گەرخستنی تواناکانی مێشك بە دوای فاکتەرەکانی سەرکەوتندا خۆی لە خۆیدا بە دەستهێنانی سەرکەوتنە لە ژیانی هاوسەرێتیدا.

١٤- لە کاتی نەخۆشکەوتنی هاوسەرەکەتدا تۆ دەتوانی ڕۆڵی پزیشك بگێڕیت لە چاکبوونەوەی ئەویش لە ڕێگەی یارمەتیدان وخزمەتکردنیەوە.

١٥- هەوڵ بدە لە زۆربەی کارە هاوبەشەکاندا ڕای هاوسەرەکەت وەربگری بۆ ئەوەی ئەو کارەی کە ئەنجامی دەدەن بە دڵی هەموو لایەکتان بێت هەر لە سادەترین کارەوە تادەگاتە ئاڵۆزترینیان بۆ نموونە ﴿ چێشت لێنان ، کڕینی کەل و پەلیماڵ ، پۆشینی جل و بەرگ ، دەرچوون بۆ شوێنی گەشت و گوزار و میواندارى و بازاڕ و ..... هتد﴾.

رۆڵی ئافرەت لە دروستکردنی خێزانی بەختەوەر

ئافرەت و پیاو پێکەوە رۆڵێکی سەرەکی دەبینن بۆ بەدیهێنانی خێزانی بەختەوەر بەڵام لێرەدا باس لە رۆڵی ئافرەت بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی ئاسودە و سەرفراز و خۆشبەخت دەکەین: پیاوان جێبەجێکردنی هیوا و ئارەزووەکانیان زۆر ئاسانە بە مەرجێك بە زیرەکی و لێزانانە مامەڵە بکەیت بەڕەخساندنی بار و دۆخێکی گونجاو و بایەخدان بە داواکارییەکانی و ڕێزگرتن و وەفاداریی بەرامبەری بەم کارەت دڵی هاوسەرەکەت کەمەنکێش دەکەیت و دەبیتە گەورەترین هۆکاری خۆشبەختی بۆ خێزانەکەت بەڵام ئەگەر کارەکە بە پێچەوانەوە بوو ئەوا پیاوان هەست بە نارەحەتی و دڵگرانیەکی زۆر دەکەن لە کاتێکدا پیاو دووچاری هەموو نارەحەتی و ناخۆشیەك دەبێت لەپێناو بژێوی خێزانەکەیدا لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك دەگەڕێتەوە هیچ نرخێك بۆ بوونی خۆی و ئارەزووەکانی دانانرێت بێگومان تووڕە دەبێت و هەڵسوکەوت و خۆشەویستی ئەو بەرامبەرت دەگۆڕێت ! حەز بە گەڕانەوە بۆ شوێنێك ناکات کە تیایدا بێ نرخ سەیر بکرێت! دەکرێت بە یەکەوە لە نمونە ورد بینەوە

وتراوە پیاوان وەك ئەسپ وان ،ئەسپێك کە لە بەیانیەوە کار دەکات و ماندوو دەبێت کاتێك ئیوارە دەگەڕێتەوە خاوەنەکەی بێ هیچ خزمەت و گوێ پێدانێك بیکاتە ژوورەکەیەوە یان بە بێ تاوان ئازاری بدات گومانی تێدا نییە ئەو کات بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدات خاوەنەکەی لەسەر پشتی فڕداتە خوارەوە !

بەهەمان شێوە کاتێك پیاوان دەگەڕێنەوە ماڵەوە دوای ڕۆژێکی پڕ لە ماندووبون و هیلاکی ئەگەر بێ نرخ تەماشایان بکرێت و گوێ بە ئارەزووەکانیان نەدرێت بێگومان مامەڵەیان خراپ دەبێت لەگەڵ خێزانەکانیاندا !

پیاوان وەکو ئەڵقەیەك وان لە دەستی خێزانەکانیاندا بۆیە کاتێك دەگەڕێنەوە حەز دەکەن خێزانەکانیان لێو بەخەندە و دڵخۆش و بێکەموکوڕی بن ڕەزامەندی خۆیان دەربڕن بەردەوام سوپاس گوزاری خوا و پاشان هاوسەرەکانیان بن.

بە کورتی پیاوان حەز دەکەن :

١. خێزانەکانیان خۆشیان بوێن و ڕێزیان لێبگرن،بەشێوازێکی جوان مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن .

٢.پیاوان حەز دەکەن گرنگ و بە بایەخ بن لە لای خێزانەکانیان چونکە پیاوان خۆیان بەگەورەترین دڵسۆزی خێزانەکانیان دەزانن و پارێزگاریان لێدەکەن.

٣.پیاوان حەز دەکەن کاتێك ئێوارە دەگەڕێنەوە ماڵ بە جوانترین شێوە و شیرینترین گوفتار پێشوازیان لیبکریت.

٤. پیاوان حەز دەکەن کاتێك ئێوارە دەگەڕێنەوە ماڵ بە جوانترین شێوە و شیرینترین گوفتار پێشوازییان لێبکرێت.

٥.پیاوان ئارەزوویان لەو جۆرە خێزانانە نامێنێت کە هەموو قسەکانیان تەنها داواکارییە و وادەزانن، تاکە ئەرکی پیاو کڕینی شتومەك و پێداویستیەکانی ناومالە .

٦. پیاوان حەز دەکەن خێزانەکانیان ڕێز لە هەڵبژاردنەکانیان بگرن،بۆ نمونە کاتێك سەرقاڵیی خوێندنەوە یاخود تەماشاکردنی بەرنامەیەکی تەلەفزوێنی یان هەر شتێکی ترن،حەزدەکەن خێزانەکانیان داواکارییەکانیان دوابخەن بۆ کاتێکی تر.

٧.پیاوان ئەو خێزانانەیان خۆشدەوێت کە لە کاتی گونجاودا بە شیرینترین گوفتار و جوانترین شێواز داواکارییەکانیان پێشکەش دەکەن لەو کاتەدا بێ سێ و دوو دەڵێن : بە چاوان !

٨. پیاوان حەزدەکەن لەبەجێهێنانی کارویارەکانی ناومانڵدا خۆیان خاوەن دەسەڵات بن و پرس و ڕایان پێ بکرێت.

هەروەها دکتۆر ﴿ جۆن جەرایی﴾ هێمای کردووە بە هەندێك لە هەڵوێست کە ئافرەت دەتوانێت بۆ زیاتر نزیك بوونەوە لە هاوسەرەکەی پیادەی بکات.

١- هەڵەیەکی ئەنجامدا هیچ ئامۆژگاریەکی پێشکەش نەکرد وە پێی نەوت : ئەی پێم نەوتی.

٢- هیوای نەما لە جێ بە جێ کردنی کە بەتەمابوو بە دەستی بهێنێ وە سەرزەنشتی نەکرد.

٣- لە بیری چوو ئەو شتەی داوات کردبوو بۆت ئامادە بکات ئافرەتەکە ووتی خراپ نیە بە یارمەتیت بەیانی ئامادەی بکە ئەمە قەدەری خوایە ئەوەی بیەوێ دەیکات.

٤- ئەگەر بریندارت کرد بەبێ مەبەست وە هۆکاری بریندارەکەی تێگەیشت داوای لێبووردنی دەکات وە خۆشەویستی پێ دەبەخشێت کە پێویستێتی وە بەچاکترین شێواز خۆشی دەوێت.

٥- داوای یارمەتیت لە میێردەکەت کرد بەلاّم بەرپەرچی دایەوە لەبەر هەندێك کاری تایبەتی تۆ بەرامبەری مەوەستە لەسەر هەموو شتێکی گەورە و بچووك.

٦- ئەگەر داوای پۆزشی کرد لە هەڵەیەك پۆزشەکەی قبوڵ بکە بە خۆشەویستی و لێبووردن.

٧- کاتێك پاش شەڕکردن لەگەڵیدا ئاشت بووەوە وە هەندێك خزمەتی بچووکی پێشکەش دەکات خزمەتەکە قبوڵ بکە و ڕێزی بگرە و خۆت سووك مەکە.

٨- بەختەوەری خۆت دەردەخات بە گەڕانەوەی پیاوەکەی بۆ ماڵەوەی بە کەم و کورتی یان کێشەکانی لەگەڵیدا دەست پێ ناکات .

٩- هێما بکە بە هەست و هۆشی بە ڕێگایەکی نەرم و نیان بە بێ گلەیی یان بەرپەرچدانەوە یان نائومێدبوون.

١٠- ناڕەزای خۆی بەهێمنی دەر دەبڕێ بەبێ پرتەو بۆڵەو سورکۆنە کردن و ڕەتکردنەوە و بێ نائومێد بوون لەمێردەکەی.

لە کۆتاییدا دەڵێم پیاوان حەز دەکەن کە لای خێزانەکانیان لەهەموو شتێ گرنگتر بن و تەنها ئەوان شایەنی پەڕی گرنگی پێدان بن!!

بە دەنگەوە هاتنی ئافرەت بۆ پێداویستی پیاو لە کاری سەرجێیدا

لە یاسا گرنگەکان کەوا یارمەتی دەدات لەسەر بەردەوامی ژیانی هاوسەری ئەوەیە بوونی پەلەکردنی ئافرەتە بۆ بەدەنگەوە چوونی داوای پیاوەکەی بۆسەر جێی.

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه و سلم دەفەرموێت : ((**إذا دعا الرجل إمرأته إلى فراشه، فلم تأته، فبات غضبان عليها، لعنتها الملائكة حتى تصبح**)).[1]

واتە: پیاو گەر داوای سەرجێیی لە ژنەکەی کرد، ژنەکەشی بە دەم داواکەی نەچو، مێردەکەشی لێی تورِە بێ و بەو حاڵەتەش بمێنێتەوە، ئەوا فریشتەکان نەفرین(لەعنەت) لەو ژنە دەکەن تا بەیانی دەکاتەوە.

هەروەها ئاینی ئیسلام پێداگری دەکات لەسەر سەلامەتی کەسەکان وە بێگەردی کۆمەڵگا لەهەموو خراپەیەك وە بلاوکردنەوەی خۆشەویستی و دڵنەوایی لە نێو کۆمەڵگا هەموو ئەوانەش پێویستی بە خەبات و قوربانیدان و بەخشین هەیە.

❁ ❁ ❁

[1] رواه البخاري ومسلم وأبوداود والنسائي

ئەو هەڵانەی ئەگەر ژن ئە نجامی بدات دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی پیاو لە پەیوەندییەکانی جووت بوون لە ئافرەتدا ؟

١.گرنگی نەدانی ژن بە پاکوخاوێنی جەستەی و پۆشاکی.

٢.گرنگی نەدانی بە خۆرازاندنەوە لە ژووری نوستن و فەرامۆشکردنی کەشێکی لەبار بۆ ئەنجامدانی کاری جووتبوون.

٤.ڕەچاونەکردنی توانا جنسییەکانی پیاو جۆری کار و پیشەی پیاو.

٥.باسکردنی کێشە و گلەیی و گازندە لە ژووری نوستن پێش ئەنجامدانی پرۆسەی جووتبوون.

❀ ❀ ❀

ژن چی بکات

بۆ ئەوەی هەمیشە جێی خۆشەویستی و تاسە و حەزی هاوسەرەکەی بێت؟

پیاو بوونەوەرێکی سەیرە و دەیەوێت ژنەکەی پێکەوە چەند ژنێك بێت،چێشت لێنەرێکی پلەیەك بێت و ئارەزووە خۆراکییەکانی تێر بکات و لە ژووری نوستندا عاشقی بێت و لەماڵیشدا هەمیشە ماڵدارێکی باش و کارامە بێت و لەو زیاتر چاوی هیچ پیاوێکی تری ئەم دونیایە نەبینێت.

ژن بۆ ئەوەی ئەم ئارەزووانە جێبەجێ بکات دەبێت بە ڕاست دەری بخات. کە خۆشی دەوێت و بێ ئەو ژیانی مەحاڵە، دەبێت بایەخ بە جلوبەرگ و خۆشتن و پاکوخاوێنی جەستەی بدا و گرنگی بە جوانکاری قژی و ڕێکخستن و ماکیاج وهەروەها ماچ و گەمەبازی بدات لەگەڵ هاوسەرەکەی هەمیشە شوێنی ڕاکێشانی سەرنجی بێت و کاری ناو ماڵ و مەتبەخ نەبێتە هۆی بۆن و بەرام لێهاتنی ناخۆش و شپرزەیی و بایەخ نەدان بەخۆی.

❁ ❁ ❁

بۆ ئەوەی لە مانگی هەنگوینی بەردەوامدا بژی

ئافرەت بە تەنها خاوەنی کلیلی بەختەوەری و هۆکاری سەرەکی خۆشەویستییە ئەو خۆشەویستی و بەختەوەرییەی کە نامێنێت دوای ئەوەی چەند مانگێك لە بەهاوسەربوون تێدەپەڕێت ئەوەش چەندین شارەزای بواری پەیوەندییەکانی ژن و مێرد رووبیان کردۆتەوە و دەڵێن : ئافرەت دەتوانێت بەهۆی چەند هەنگاوێکی سادە و ئاسانەوە ژیانی هاوسەرێتی بۆ مانگی هەمیشەیی هەنگوینی بگۆڕێ .... ئەویش بە پشت بەستن بەم خالانە

یەکەم : لێبوردن :

پێویستە لەسەر ئافرەت هەموو کات چاوەڕێی ئەوە نەکات کە هاوسەرەکەی ئاشتی بکاتەوە بەڵکو دەبێت هەندێ جار ئەو بەو ڕۆڵە هەستێت بۆ ئەوەی ناکۆکی و جیاوازیەکان کەم بکاتەوە.

دووەم : گفتوگۆ :

پێویستە لەسەر ئافرەت بەردەوام گفتوگۆ لەگەڵ هاوسەرەکەی بکات لەگەڵ ئەوەشدا هونەری گوێگرتنی هەبێت و ڕاوبۆچوونی وەربگرێت بۆ هەر کێشەیەك کە لە مالّەکەیدا ڕوویەڕووی دەبێتەوە دەبێت کاتێك هاوسەرەکەی گفتوگۆی لەگەڵ دەکات قسەکانی پێ نەبڕێت تاتەواو دەبێت گفتوگۆکردنی کێشەکان بە هێمنی یەکێکە لە ڕێگاکانی چارەسەرکردن.

سێیەم : نەرم و نیانی :

هەرچەندە ئافرەت ئەو بۆچوونەی کە هەیەتی ڕاست بێت نابێت دەمارگیری تیا بکات هەروەها نابێت هەموو کێشەکە بخاتە ئەستۆی هاوسەرەکەیەوە و بۆ ئەوەی بە جێ بهێڵێ بەڵکو دەبێت پێکەوە بە نەرم و نیانی چارەسەری بکەن دەتوانێت بەشێوەیەکی جوان و تێ ی بگەیەنێ و قەناعەتی پێبکات نەك فەرزی بکات بەسەریدا نابێت هەمیشە خەریکی کاروبار بێت و سەرقاڵ بێت و بیر لە هۆکارە سەرەکییەکان نەکاتەوە و لاوەکیەکان بە گرنگ بزانێت پێویستە هاوسەنگی ڕابگرێ.

چوارەم : غیرەکردن :

غیرەکردن دوو جۆری هەیە یەکێکیان ئیجابیە کەوا لە هاوسەر دەکات هەست بە خۆشەویستی خێزانەکەی بکات و بزانێت هەوڵی پاراستنی ئەو پەیوەندییەی نێوانیان دەدات بەلاّم ئەگەر ئەو غیرە لە ڕادەی خۆی تێپەڕی دەبێتە غیرەیەکی سلبی چونکە گومانبردن لە هەر جوڵە و هەڵس و کەوتێك سزا و نەخۆشی بەدواوەیە.

پێنجەم : دڵسۆزی :

دڵسۆزی بنەمایەکی بنچینەییە کە پاڵپشت و یارمەتیدەری سەرکەوتنی ژیانی هاوسەرێتی یە بە تایبەتی ئەگەر ئەو دڵسۆزییە لە قەناعەتی ئافرەتەکەوە بێت نەك لەبەر باو و نەریتی کۆمەڵگا بێت.

لەبەر ئەوەی خانمی بەڕێز :

تۆ بەهەنگاونانت بۆ ئەم خالانە و جێبەجێکردنیان وات لێدەکات کە ژیانێکی بەختەوەر و ئاسوودە و سەرکەوتووانەت هەبێت و زاڵ دەبیت بەسەر هەر کێشە و ناخۆشی و تەنگانەیەکی ژیاندا ئەوەی کە لەسەر تۆیە ئەوەیە پێداچوونەوەیەك بۆ خودی خۆت بکەیت و بە سینەیەکی فراوان و ئارام گرتنەوە هەوڵی جێبەجێکردنیان بدەیت.

❁ ❁ ❁

لە سیفەتەکانی ئافرەتی چاك

خوای گەورە دەفەرموویێ﴿ وَعِندَهُمْ قَٰصِرَٰتُ ٱلطَّرْفِ عِينٌ ﴿٤٨﴾ ﴾ (الصافات)

واتە : ژنانی چاو کەژاڵ و چاو درشت و جوانیان لە لایە کە تەنیا ئەویندارى مێردەکەی خۆیانن.

ئەم ئایەتە کە دوو ئایەتەکەی بەدوادادێن باسی حۆرییەکانی بەهەشت دەکات دەتوانرێ بۆ ناسینی هەندێ سیفاتی ئافرەتی چاك سوودی لێ وەربگیرێ کە بریتین لە:

یەکەم : ژن تەنها چاوی ببڕێتە مێردەکەی لەبەر خۆشەویستی مێردەکەی و ڕازیبوون بەو جا با چاوی بۆ لای کەسی تر نەگێڕێ.

دووەم : ﴿ حُورٌ مَّقْصُورَٰتٌ فِى ٱلْخِيَامِ ﴿٧٢﴾ ﴾ (الرحمن). واتە لێیان قەدەغەیە کە جوانی و ڕازاوەیی یان بۆ غەیری مێردەکانیان بێت جا دەبێ ئەم ڕازاوەیی تەنها بۆ مێردەکانیان بێت و لە مالەوە یان دەرنەچن تەنها ئەوانیان بوێ.

سێیەم : لە سیفەتەکانی ژنی بەهەشتی ئەوەیە کە پاك کراوەتەوە لەوەسوەسەی شەیتان و ناخیان پاك کراوەتەوە لە غیرە و ئازاردانی مێردەکانیان خوای گەورە لە چەند ئایەتێکدا باسی ئەو ئافرەتە چاکانە دەکات.

﴿ فَٱلصَّٰلِحَٰتُ قَٰنِتَٰتٌ حَٰفِظَٰتٌ لِّلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ ٱللَّهُ ﴾ (النساء – ٣٤)

واتە ئافرەتە پاکەکان وەك ئیبن عەباس و غەیری ئەو گوتویەتی ئەوانەن کە گوێڕایەڵی مێردەکانیانن و لە کاتی ئامادەنەبوونی مێرد لە مالەوە پارێزگاری لە مالّ و نەفسی خۆی دەکات و مافەکانی دەپارێزێ.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: ((**ألا أخبركم بخير نساءكم في الجنة؟ قلنا: بلى يا رسول الله، قال: كل ودود ولود، إذا غضب زوجها قالت: هذه يدي في يدك لا أكتحل بغمض حتى ترضى!!**)) [١]

واتە: پێتان ڕابگەیەنم باشترین ئافرەتانتان لە بەهەشتدا کێیە؟ گوتمان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا، فەرموی: هەموو ئافرەتێکی کە مەحبوب بێت و منداڵی ببێت، گەر مێردەکەی تورە بو بڵێ: ئەوە دەستم لە دەستت دایە، کل لە چاوم ناکەم بە نوقاوی (واتە ناخەوم) هەتا وەکو رازی نەبیت .

هەروەها دەفەرموێ: ((**ما استفاد المؤمن بعد تقوى الله، خيراً له من زوجة صالحة، إن أمرها أطاعته، وإن نظر اليها سرته، وإن أقسم عليها أبرته، وإن غاب عنها نصحته في نفسها وماله**)).[٢]

واتە: مرۆڤی بڕوادار لە پاش ترسان لە خوا هیچ خێرێکی وەك هاوسەرێکی چاك بەدەست نەهێناوە، گەر فەرمانی پێکرد گوێ رایەڵی دەکات، گەر تەماشای کرد دڵی خۆش دەکات، گەر سوێندی لەسەر خوارد دەیگەیەنێتە جێ، گەر لێی دور کەوتەوە و چوە سەفەرێك ئامۆژگاری دەکات بە پارێزگاری کردنی مالّی و نەفسی.

بە پێغەمبەری خوا ﷺ گوترا: کام ئافرەت خەیر و چاکە؟ فەرموی: ((**التي تسره**

---

[١] رواه الطبراني (حديث صحيح).

[٢] رواه البخاري

إذا نظر، وتطيعه إذا أمر[٣]، ولا تخالفه في نفسها ولا ماله بما يكره)).[٤]

واتە: ئەو ئافرەتەی بە بینینی دڵت خۆش دەکات، گەر فەرمانی پێ کرا گوێ رایەڵ بێت، بە پێچەوانەی ئەو نەکات و دەست لە مااڵەکەی نەدات کە ئەو پێی ناخۆشە.

قاسمی کوڕی عبدالرحمن گوتویەتی:

عبدالله کوڕی مەسعود قورئانی دەخوێند جا گەر لە خوێندنەوەکەی بوبایەوە دەیگوت : بێژنەکان لە کوێن ؟ لێم نزیك ببنەوە بڵێن : خوایە ژنێکم پێ ببەخشە گەر تەماشام کرد دڵم خۆش بکات گەر فەرمانم پێ کرد گوێڕایەڵێم یکات گەر دووربووم لێی خۆی ومااڵم لە خراپە بپارێزێ.

❁ ❁ ❁

---

[٣] بەمەرجێك فەرمانەکانی مێرد پێچەوانەی ئیسلام نەبێت وەك پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ((لا طاعة لمخلوق في معصية الخالق)).

[٤] رواه أبو داود و النسائي باسناد حسن.

سیفەتەکانی ئافرەتی پەفتار ناشیرین

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە حەجی مالّ ئاوایدا ئامۆژگاری ئافرەتەکانی کرد و فەرمان و یاساکانی خواو ڕۆژی دوایی بیر خستنەوە پاشان فەرمووی ((خێر و چاکە بکەن چونکە زۆربەتان سوتەمەنی ئاگری دۆزەخن)).

یەکسەر ئافرەتێك لە ناوەڕاستی ئافرەتەکانەوە هەڵسا گووتی : ئەی پێغەمبەری خوا

(صلى الله عليه وسلم) بۆچی ئێمە سووتەمەنی ئاگری دۆزەخین؟

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی (چونکە زۆر سکالاّ و گلەیی دەکەن و نا سوپاس گوزارن و چاکە و پیاوەتی پیاوەکانتان لە بەرچاو نیە).

کاتێك ئافرەتەکان ئەمەیان بیست یەکسەر خشڵ و زێڕەکانیان فڕێدایە ناو کراسی بیلال واتە کردیان بە خێر.(رواه البخاري).

هەروەها دەفەرموویّ : (چوار شت مایەی بەختیارین : ئافرەتی چاك ، خانووی گەورە ، درواسێیەکی چاك ، سواریيەك سواری ببی، چوار شتیش مایەی بەدبەختین : دراوسێی خراپ ، ئافرەتی خراپ ، سواری خراپ ، خانووی تەسك و گچکە). رواه ابن حبان (حديث صحيح).

هەروەها دەفەرمویّ: دو کەس نوێژیان لە سنوری سەریان تێپەڕ ناکات: ئەو عەبدەی کە لە دەست گەورەکەی هەڵدێ بەبێ ئازاد کردنی، ئەو ئافرەتەی کە سەرپێچی فەرمانەکانی میّردەکەی دەکات، تا ئەو کاتەی دەگەڕێتەوە ژێر فەرمانی میّردەکەی. رواه الطبراني و الحاكم (صحيح).

مافی پیاو لەسەر ژنەکەی

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((**لو كنت آمراً أحداً أن يسجد لأحد، لأمرت المرأة أن تسجد لزوجها**)). رواه الترمذي (حديث حسن).

واتە: گەر فەرمانم بکردایە بە کەسێك کە سوجدە(*) بۆ یەکێکی تر ببات، ئەوا فەرمانم دەدا کە ئافرەت سوجدە بۆ مێردەکەی ببردایە.

حصینی کوڕی محصن گوتوویەتی : پورم بۆی باسکردم و گوتی : چومە خزمەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بۆ هەندێ پێویستی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پێ گوتم : فلاّن : ئایا مێردت هەیە.

گوتم : بەڵێ

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی : تۆ بۆ ئەو چۆنی ؟

ئافرەتەکە گوتی : کەمتەرخەمی ناکەم لە گوێڕایەڵی و خزمەتکردنی مەگەر لە توانامدا نەبێ.

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی : کەواتە تەماشەکە تۆ لە کوێی ئەویت مێردەکەت بەهەشت و دۆزەختە. رواه الترمذي بسند صحيح.

مەبەست لێی ئەوەیە گەر گوێڕایەڵی مێردەکەی بکات دەڕواتە بەهەشتەوە وە گەر پێچەوانەی فەرمانەکانی مێردەکەی لە چاکە بکات ئەوا دەچێتە دۆزەخ.

هەروەها لە مافی مێرد بەسەرهاوسەرەکەیەوە ئەوەیە : کە ڕێزی دایك و باوکی ئەو بگرێ ڕەفتار و مامەڵەیان لەگەڵ باش بکات و هانی بدات لەسەر زیادە

(*) سوجدەی ڕێز و پێزانین.

چاودێری کردنیان هەروەها لەسەریەتی خۆ ڕاگری خراپەکانیان بێت بەرامبەر بەو بەتایبەتی دایك و باوك چونکە ئاگر بە ئاگر دانامرکێتەوە بەڵکو بەئاو دەکوژێتەوە.

لەسەر ژن پێویستە زاڵ بێت بەسەر خۆپەرستی خۆی و زەبتی عاتیفەی خۆی بکات بەمەش ڕەزامەندی خوای گەورە و پاداشتی باش بەدەست دێنی لەبەرچاوی مێردەکەی گەورە و بەڕێز و خۆشەویست دەبێ.

با هەردەم ئەوە لەبیربێت کە دایك و باوکی مێردەکەی ئەویان بەخێو کردووە گەورەیان کردووە و فێری خوێندنیان کردەوە ئەویش وەك ئەرکێك دەبێ قەرزەکەیان بداتەوە ئافرەتەکەش بە دەوری خۆی هەستی بە یاریدەدانی مێردەکەی بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکە پیرۆزە.

با ژن بزانێ خوای گەورە نامرێ ، لەگەڵ خەڵك چۆن بێ بە هەمان شێوە ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێتەوە جا ئەگەر مامەڵەی لەگەڵ دایك و باوکی مێردەکەی باش بێت ئەوا ئەو کاتە خێزانی کورەکانی بەهەمان شێوە لە تەمەنی پیردا مامەڵەی باش لەگەڵ ئەودا دەکەن خوای گەورەش یاداشتی چاکەکاران بەفیرۆنادات.

ئەم ئامۆژگاریانە زێڕ ئاسان کە فەرامۆش کردنیان چۆن بۆتە مایەی ڕوخاندنی خێزان و عەقدی هاوسەریی یان پیاو هەڵساوە بە تورەکردنی دایك و باوکی کە دەبێتە مایەی بەدبەختی دنیا و ئاخیرەتی کە هۆی یەکەمی تورەکردنەکەش ژنە.

هەروەها لە مافی پیاو بەسەر هاوسەرەکەیەوە ئەوە یەکە منداڵەکانی پەروەردە بکات بۆ ئەم پەروەردەیەش لەسەر ژن پێویست دەکات کە هەوڵێکی زۆر بدات بۆ چاودێریکردنێکی زۆر و لێکۆڵینەوەیەکی فراوان و پیادەکردنی هۆشیاری بەتایبەت لەم سەردەمەی ئێستادا کە زانستە پەروەردەییەکان و دەرونیەکان بەرەو پێش چون و فراوانبوون دەچن بەرامبەر بەوەش بەهەمان شێوە ئەرکی مێرد کە ڕێزی خزم و کەس و کاری هاوسەرەکەی بگرێ بە تایبەتی دایك و باوکی چونکە جوانترین و باشترین دیاری کەجگەریانە پێشکەشی ئەویان کردوە لەبەر ئەوە لەسەریەتی بە بەردەوامی مامەڵەی جوانیان لەگەڵدا بکات و خۆشەویستیان بۆ بنوێنێ بەشداریان بکات لە کارە گرنگەکانی کە بەهۆی بێ ئاگابوون لەمەدا زۆر قەیرانی دروست کردووە.

بەم بۆنەوە نامەیەکی ناسك نەقڵ دەکەین کە زاوا بۆ خەسووەکەی دەنێرێ ئەمەش دەقەکەیتی:{دایکم ..... ئەی خۆشەویسترین دایك چۆن بانگت ناکەم دایکم کە تۆ خۆشەویسترین مرۆڤت پێشکەش بەدڵم کردوە .....؟!

چۆن بە دایکم بانگت ناکەم کە تۆ ئەم ئافرەتەت هێناوەتە بوون .... ئەو هاوڕێیەی کە ژیانی داگرتووم .... من بەختیارترین مرۆڤی دونیام ئەوەندە بەختیاریم بەسە کە هەموو ژیانم لەگەڵ ئەو کچە دەبەمە سەر کە چەندەها سالّە لێی دەگەڕێم لەگەڵ ئەو کچەی تۆ کە بووە بە هاوسەرم و دایکی منداڵەکانم بەم نزیکانە .... تۆ کچەکەت داوتە من بەلاّم من دڵ و گیانم داوەتێ.....}

سێ نامە بۆ گوڵەکانی کۆمەڵگا

نامەی یەکەم

گوڵی کۆمەڵگا

ئاگاداری ئەو دەستانەبە کە ئەیانەوێ هەڵتوەرێنن!!

نامەی دووەم

چەند چرپەیەک بە گوێی گوڵی کۆمەڵگادا

نامەی سێیەم

ڕێگرەکانی خۆشبەختی گوڵی کۆمەڵگا

نامەی یەکەم

گوڵی کۆمەڵگا

ئاگاداری ئەو دەستانەبە کە ئەیانەوێ هەڵتوەرێنن!!

کچی موسڵمانی لە خواترس : پایز هەرچەندە ڕۆڵی هەبێت لەوەی کە پەڕەی ناسکی گوڵەکان هەڵوەرێنێ ، سەد هێندە بێباکی و بەسادەیی بیرکردنەوەی گوڵەکان ڕۆڵی هەیە لە هەڵوەرینیان .

چەندە جوانن ئەو گوڵانەی دارەکان دەڕازێننەوە ، بەڕاستی جوانی قوتابخانە و ماڵ و سەرشەقام و باخچە گشتیەکان بە گوڵەوە هێندەی تر جوان دەبنەوە .

بەڵام ئەوەی سەرسامی کردووم سادەیی بیرکردنەوەی گوڵەکانە ، هیچ کۆمەڵێکیان پەند لەوانەی پێش خۆیان وەرناگرن !! بە بەردەوامی دەستی چەپەڵ و خوێناوی شەهوەت بازان هەڵیان دەوەرێنن ، یان لە پاش هەڵپچرانیان لە دارەکانیان تێر بۆندەکرێن ، لە پاشان سیس دەبنەوە و ئەوانیش هەتا دەستیان بگات فڕێیان دەدەنە بەرپێی ئەو کەسانەی کە بە ماوەیەك پێش سیسبونی وای دەڕدەبڕی کە بەنرختڕین شتێتی لە ژیاندا ، کە چی لەوکاتەدا پێی پیائەنێ !!سەیرە تۆزێك بەر لە ئێستا چەندە جوان و گەشاوەبوون .

بەڕاستی جوانی و گەشاوەیی گوڵ بەوداڕەوەیە کە هەڵیگرتووە و پێیگەیاندوە کە ئەم دەست و ئەودەستی کرد هیچ ڕەونەقێکی نامێنێ لەڕاستیدا ، چیرۆك و بەسەرهاتی گوڵە باخ هاوشێوەی بەسەرهاتی تۆی کچە لە ناو کۆمەڵگاکەت کۆمەڵگا ئەوداڕەیە کە تۆی گوڵی هەڵگرتووە بەڕاستی کۆمەڵگا بەتۆی گوڵەوە

جوانە ، ئەو کەسانەش کە بێ ڕەحمانە و بە هەرشێوەیەک بێت هەوڵی هەڵوەراندنت ئەدەن ئەوەندە کاریان بەتۆی گوڵە تاوەکو لەداری کۆمەڵگا دەکەنەوە و تێر بۆنت دەکەن ، دوای ئەوە یان هەڵت دەوەرێنن یان دەهێڵن سیس هەڵگەڕێی تاوەکو بەرنەفرەتی کۆمەڵگاکەت دەوکەویت ئەوکات تۆلەدەست دەچیت و کاریان بەتۆ نامێنی ، لەدوای تۆ پەنادەبەنە بەر وەراندنی گوڵێکی تر لە دەستە گوڵی خوشکانت بۆ ئەوەی بەرەو ئەو هەڵدێرەی ڕەوانە بکەن کە تۆیان بۆ ڕوانە کرد بۆیە هەوڵدانت بۆمانەوە بەقەد داری کۆمەڵگاوە بەساغی هێندەی تر جوانت دەکاتەوە .

هەر ئەوەشە بە دورت دەگرێ لەو دەستە خوێناوی و شەهوەتبازانە کە دەیانەوێ هەڵت وەرێنن ، تۆیش سەرەتای گەشبونوەت چەشنی گوڵە باخە ، و هەر دەستە و ئەیەوێ دەست پێشخەری بکات بۆ هەڵپچڕان و بۆنکردنت .

ڕۆژانەش بێ شومار چاوی شەهوەت بازانت دەکەوێتە سەر ئاگەداریە هەر ئەوەندە دەستیان کەوتی تاکاتی تێربوونی ئارەزوەکانیان بۆنت دەکەن و ئەڵێن : **هەرتۆ شك ئەبەم** !!! کە کاریشی پێت نەما و ئارەزوە شەیتانیەکەی تێر بوو بە چەشنێك فڕێت دەدەات وەك بڵێی هەر نەتیناسی بێ !!!!

بەڵێ خوشکی بەڕێز : چیرۆکی ژیانی تۆیش دەقا و دەق چیرۆکی ژیانی گوڵەباخە ، مانەوەی بەجوانی بەقەد دارەوە ، مانەوەتە بە پاکی لەناو کۆمەڵگا ، هەڵپچڕانی یاخود هەڵوەرینی لەدەست دانی گەورەترین شتێکتە کە (شەرەف و ناموست)ـە ، سیس هەڵگەرانیشی مانەوەتە لە کۆمەڵگا بەنەفرەت لێکراوی تەنها جیاوازیەك لە نێوانی تۆی کچ و گوڵدا هەیە ، گوڵ کە پایز هەڵیدەوەرێنی بڕیاری

قەدەرە و دەبێ دارەکەیشی قایل بێ بەو قەدەرەی هاتوەتە ڕێگەی ، بەڵام هەڵوەڕینی تۆی کچ یاخود سیس بونت دەستی خۆتی تێدایە کە خۆت تەسلیمی جۆرە بیرکردنەیەك دەکەیت دەتباتە دونیایەکی ئەفسانەیی تانەو کاتەی بەئاگا دێی دەبینی هیچت بۆنەماوەتەوە !! لەوە نەبێ ئەو کۆمەڵگایەی کەتادوێنی مەدحی دەکردی ، ئەمڕۆ سەرزەنشتت دەکات .

دەبا ڕۆژانە هەڵوەرینی پەڕەی سەدەها گوڵ ببێتە پەندێك بۆ تۆو هاوڕێکانت

بیریشت نەچێ گوڵ ئەوەندە جوانە بەقەد دارەوە بێت ، ئەوەندەش بۆنی خۆشە ئەمدەست و ئەودەست نەکات .

بۆیە ئامان سەد ئامان ڕازێنەرەوە و گوڵی کۆمەڵگا خۆت لەو دەستانە بپارێزە کەدەیانەوێ هەڵتوەرێنن .

بۆ هەموو خوشکێکی باوەڕداری لە خوا ترسی بێ ئاگا لە تۆڕی جالجالۆکەکانی سەردەم ، لە نیازی پیسی ئەو کوڕانەی کـە سەرە ڕێگاکانیان پێ دەگرن و دوایـــان دەکەون ... ئەو کوڕانەی بە وشەی (**تەنهـــا تۆ شك دەبەم !! دەتخوازم !! دڵمە خـــوازبینیت !!!**) تۆی باوەڕدار بێهۆش دەکەن ، و پاش ماوەیەك چۆن ڕەشەبای پایز یاری بە گەڵا وەریوەکان دەکات ، بگرە لەوە خراپتر یاری بە (شەرەف و ناموسی) تۆی بێ ئاگا دەکەن ...

بۆ هەموو ئەو خوشکانەی کە هەڵگری ناسنامەی ژیری و شەرم و ڕێزن ، و هێشتا شەیتانەکانی سەردەم لە خشتەی نەبردون : داواتان لێ دەکەم لە چەند دێڕی ئەم نامە کراوەیەدا لە گەڵمدا بن و بە جوانی بیخوێننەوە ، و بیرێکیش لە دوا ڕۆژتان بکەنەوە و ئاگاتان لە بەڵێنی پڕ درۆ و فێڵی کوڕانی دەروون بەزیو ، و دوور لەخوا بن .

خوشکانی بەڕێزم : ڕاستە یەکەم هەنگاو کوڕ دەینا ، بەڵام ئەگەر ڕەزامەندی تۆی لە سەر نەبێت ئەو هەر لە یەکەم هەنگاوی یەوە بێ ئومێد دەبێت و بە سەر شۆڕی ملی ئەو ڕێگایە دەگرێتە بەر کە لێیەوە هاتووە ، ئەوەش بزانە ئەو جۆرە گەنجانەی کە ئاماژەم بۆ کردن لەم سەردەمە لە گورگ خراپتر و درندەترن ، ڕەنگە سەیر بێ بەلاتەوە بۆ چی کورێك هاوڕەگەزی خۆی بە گورگ دەزانێ و هێندە بە خراپی باسیان لێوە دەکات ؟!!

وەلاّمەکەشی زۆر ئاسانە کە ڕاستی هاتە گۆڕێ پێویست دەکا درۆ بەلاوە نێین و ڕاستییەکان بگێڕینەوە ، وە دەڵێین زۆرینەی زۆریان لەم ڕۆژگارەدا گورگن ! وە ئەگەر تۆیش بەو مەترسییەت زانیبا ، چۆن مەڕ لە دەستی گورگ هەڵدێ تۆش لە دەست پەیمانە پڕ لە درۆکانی کوڕان هەڵدەهاتی ، ئەوەش بزانە گورگ گۆشتی لە نێچیرەکەی ئەوێ و تا کاتی گیان دەرچوون نێچیرەکە ئازاری پی دەگات ئەوەش ماوەیەکی زۆر کەم دەخایەنێت ، چونکە پاش گیان دەرچوونی ، لاشە بێ ڕۆحەکەی دەمێنێتەوە ، و هیچ ئازارێکی نییە با هەر گورگ گازی لێ گرێ .

بەڵاّم ئەم گورگەی کە پێویست دەکات لێی بترسی گۆشتی لە تۆ ناوێ ، و ئازارێکی کاتیت پێ ناگەیەنێ بەڵکو شتێکی لە تۆ دەوێ بە نرخ ترین و بە بەهاترین شتە بۆ تۆ ، شتێکی لێت دەوێ کە پێیوە سەری خۆت و بنەماڵەکەت بەرزە ، ئەو شتە بەنرخـــەش (شەرەف و ناموس)ی تۆیە ، هەر کە دەستی ئەم درندەیە کەوت هەموو دونیات هەبێ ئامادەبی بیدەی بۆ گێڕانەوەی ، بەڵاّم جارێکی تر دەستت ناکەوێتەوە ، وە لە پاش لە دەست چوونی نە بە ئاسودەیی و خۆش بەختی دەژیت و

نەش بە ئاسودەی دەمریت ، ئەم تاوانەش تاوەکو مردن وەک دێوەزمەیەک بە دواتەوە دەبێت و ڕاوت دەنێ !!

مردنی مەڕ لە سەرەتای بینینی گورگەوە دەست پێ دەکات بەڵام ئەم گورگەی تۆ لە ڕۆژێکدا سەد جار دەتکوژێ و ناشمریت و مردنیش لەو ساتەدا بۆ تۆ خۆشترە لە ژیان ، چونکە ژیانی تۆ بەوەوە ژیانە کە ئەو گورگە دەیەوێ بیبا ، گەر بە ئاگاش نەبی لە کەمترین کاتدا دەیباو بەر نەفرەتی کۆمەڵگا دەکەوی ، و ئازارێکی سەختیش یەخەت دەگرێ و لێت نابێتەوە .

خوشکی موسڵمان : گەر سەرنجی بەسەرهات و چیرۆکی لای خوارەوە بدەی ـ **کە لە یەکێك لە وڵاتە عەرەبییەکاندا ڕووی داوە** ـ ڕاستییەکانت زیاتر بۆ دەرئەکەوێت ئاشکرا دەبێت .

ئافرەتێ ـ کە نێچیری ئەو جۆرە گورگانە بووە ـ باسی خۆی دەکات بۆمان دەگێڕێتەوە : پێش (٦) مانگ حەزم لە (گەنجێك : لاوێك) بوو ، و پەیوەندی یەکەمان زۆر بە خێرای پەرەی سەند ، شەرم دەکەم لەوەی بیڵێم لە گەڵیا دەڕۆیشتم بۆ یەکێك لەو خانووە ئامادەکراوانەی کە هی یەکێك بوو لە هاوڕێکانی ، وە زۆر بە ئاسانی توانی قایلم بکا بەوەی کە ئەم جێگایە جێگایەکی داخراوە و دەتوانێ بە ئاسانی بمانپارێزێ لە چاوی ئەو کەسانە دەترسین بمانبینن !! بەم شێوەیە لە گەڵیا گونجام ، چونکە من ئەو کوڕەم خۆش دەویست و **بەڵێنی دابوو بێتە داخوازیم و بمخوازێ** !!! ئێستا گرفتە کە لەوەدایە من داوا لە کوڕە دەکەم بێتە خوازبینم بەڵام لە پاش ئەو بەسەرهات و ڕۆیشتنەم لەگەڵیا بۆ ئەو جێگایە ، **ئەم کوڕە لە دەستم**

هەڵدێ و نایەوێ بمبینێ ، وا ئێستا لە دۆزەخێکی پڕ لە ترس و بێزاری دەژیم و نازانم چۆن ڕەفتار بکەم ، و ناشتوانم بەرەنگاری کەس و کارەکەم ببمەوە ، جونکە ئەوان متمانەی تەواویان پێمە سەرەڕای ئەوەی (٢٧) ساڵ تەمەنمە ...

خوشکی موسڵمان : گەر ئەمە حاڵی کچێکی (٢٧) ساڵە بێ بە دەست کوڕی ئەم سەردەمەوە !! ئاخۆ ئەبێ کچێکی تازە پێ گەیشووی بێ ئاگا لە نیازی پیسی کوڕان ئەبێ چی بە سەر بێ ؟!!

یەکێکی تر لەو کچانەی* ـ کە ژیانی شیرینی پڕ لە بەختەوەری لەخۆ تاڵکردوە ـ ئەڵێ: لە گەڵ کوڕێك یەکترمان ناسی ، ماوەیەك لە پاش ئەم یەکتر ناسینە کوڕە ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ ئەوەی بێتە خوازبینیم ، خۆشحاڵ بووین هەر هەموو وای هەست دەکرد کە کاتی شوکردن و ژنهێنان نزیك بووە تەوە ، بەڵام بەداخەوە یەکتر بینینەکەمان تا دەهات پەرەی دەسەند و زیادی دەکرد بە شێوەیەك تاك بە تاك من و ئەو بە تەنهایی لە دەرەوەی بازنەی خێزان لەگەڵ بە سەر چوونی ڕۆژگار من و کوڕە تووشی چەند تاوانێکی بچوك بووین ، کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەگەڵ یەکتر بینینی بە تەنهایی تاوانەکانمان لە زیاد کردن دا بوو .

بەڵام بە داخەوە دوای ئەنجام دانی تاوانی هەرە گەورەو کە شەرەفی خۆم و هەموو کەس و کارەکەشمی پێوە بەند بوو !! کەچی بەو حاڵەش بەجێی هێشتم ! بە جێی هێشتم بەبیانوی ئەوەی نەمتوانیوە بەرەنگاری ئەو بکەمەوە وشەرەفی خۆم بپارێزم ! گەر بمخوازێ متمانەی پێم نابێ ، چونکە نەم توانیوە ڕێگا لە ئارەزوە

---

* ئەم چیرۆکەش بە هەمان شێوە لە یەکێك لە وڵاتە عەرەبیەکاندا ڕووی داوە .

پیسەکانی ئەو بگرم !! و ئامادە دەبم لەگەڵ یەکێکی تریشدا هەمان کردەوە ئەنجام بدەم !! کە لەگەڵ ئەم شەهوەت بازە پیسەدا ئەنجامم داوە وە بەبیانووی ئەوەی چیشم لەگەڵ ئەو دا کردبێ ئامادەم لەگەڵ کەسێکی تریشدا بیکەم !!

خوشکی بـاوەڕدار : ئەمـەی کـە بـۆم گێڕایتـەوە دوو قوربـانی بـوون لـە قوربانییەکانی بەڵێنە پڕ لە درۆکانی کوڕان ، ئەم کوڕە متمانەی نـەبوو بـەو کـچە بیخوازێ بەڵام خۆی ئامادەیە لە گەڵ (١٠) کچی تردا ڕێك کەوێ تاوەکو یەکێکیان بخوازێ ، ئەمەش متمتانە و بەڵێنی کوڕی ئەم زەمانەیە !!!

بۆیە وەکو برایەکی دڵسۆز بەرامبەر بە خوشکی خۆی پێت ئەڵێم :

تۆ خاوەن شەرەفیت و شەرەفیشت سەروەتێکی زۆر گەورەیە چەندەها دز بە ڕۆژ و شەو ئاواتە خوازی دزینی ئەو سەروەتەی تۆن ، گەر دزێك هات و لە دەرگای دا پێت ووت کێی ؟ وتی دزم ، پێت ووت فەرموو چیت ئەوێ بیبە ، هەرچی ویست لە ماوەیەکی کەمدا دەیبا و هەڵدێ .

لەو ساتە وەختە دا چی دەکەی ؟ هاوار دەکەی ؟ بە هەموو تواناتەوە دەنگ هەڵ دەبڕیت و ئەڵێی : خەڵکینە فریام کەون دز سەروەت و سامانی تالآن کردم ؟ مالّی وێران کردم ؟ چ سودێکی هەیە ئەو ڕۆیشت ، و هەڵهات ، تۆش دەستە و ئەژنۆ لە پاڵ دیوارەکاندا دادەنیشیت و بۆ خۆت دەگری .

ئەوەش بزانە خوشکی بەڕێزم : ئەو مالّەی دز لە مالاّنی دەدزێ زۆر بە ئاسانی شتە دزراوەکان دێنەوە جێگای خۆیان ، و هەرشتێکی دزراو لەو مالّە شتێکی نوێ تری بۆ دەکڕێت ، و لە جێگەی دزراوەکە دایئەنێی ، بەلاّم ئەوەی دزی ئەم سەردەمە لە تۆی ئافرەتی ئەوێ شتێکە کە لە دەستت چوو بە هەموو دوونیا بۆت ناکڕێتەوە و دەستت ناکەوێتەوە .

لە دونیا بەر تانە و تەشەرەی خەلّك دەکەویت و ڕوبەڕووی مەترسی دبیتەوە و لە قیامەتیشدا توشی سزایەکی سەخت ئەبیتەوە ، کەوابوو بەم کارەت دونیا و قیامەتیش لە دەستی خۆت ئەدەی ، و دوا ڕۆژی خۆیشت ئەسوتێنی ، و سزای پەروەردگاریش بۆ خۆت مسۆگەر ئەکەی ، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ :

﴿ وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَى قَالَ رَبِّ لِمَ حَشَرْتَنِي أَعْمَى وَقَدْ كُنتُ بَصِيرًا قَالَ كَذَلِكَ أَتَتْكَ آيَاتُنَا فَنَسِيتَهَا وَكَذَلِكَ الْيَوْمَ تُنسَى ﴾ [سورة طه : ١٢٤ . ١٢٦] .

واتە : هەر کەسێك پشت لە قورئانە پیرۆز و ئایینەکەی من بکات ، ئەوا هەر لە دونیادا ژیانێکی کوێرەوەرانەی هەیە و لە دوا ڕۆژیشدا ، بە کوێرەوەری حەشر دەکرێت ، دەڵێت ئەی پەروەردگارم بۆچی بە کوێری حەشر دەکرێم ، ئەی خۆ من لە دونیادا چاوەکانم ساغ و بینا بوون ، لە وەلاّمدا پێی دەووترێت تۆ لە دونیادا ئایەتە کانی خوای پەروەردگارت پێگەیشت کەچی پشت گوێت خستن ، تۆش ئێستا لێرەدا پشت گوێ دەخرێت .

بەم شێوەش کاکی دز هەچییەکی ویست لە تۆی دەبا و ئەوەش بارەزووی لێ بوو بە جێی هێنا ، و لە پاش پەردەی دووەمی دەم و چاوییەوە بە تۆ پێ ئەکەنێ .

خوشکی موسڵمان : ئەمەش چیرۆك و سەرگوزەشتەی یەکێکی تر لەو ئافرەتانەی کە نێچیر و قوربانی ئەم جۆرە هاوڕێتی و پەیمانە سۆزداریەی ئەم سەردەمەیە ، کە بە هەموو توانایەوە دەنگ هەڵ دەبڕێ و هاوڕەگەزەکانی خۆی ئاگادار ئەکاتەوە لە پەیمانی پڕ درۆی کوڕان .

بۆ ئەوەی نەوەکو ئەو بە سەرهات و تاوانانەی کە تووشی خۆی بووە ، تووشی یەکێکی تر بێ و دوا ڕۆژی وەکو ئەم بسووتێ ، بەم شێوەیەی لای خوارەوە چیرۆك و بەسەرهاتی خۆیان بۆ دەگێڕێتەوە و ئەڵێ [*] :

ڕۆژێك لە ڕۆژەکانی سالّی خوێندنم بوو لە دەروازەی زانکۆ هاتمە دەرەوە بینیم کوڕێك لە بەر دەرگای زانکۆ ، بەرامبەرم ڕاوەستاوە ئەم کوڕە ڕوخسارێکی ڕێك و پێك و جل و بەرگێکی پاك و جوانی لە بەردابوو ، بە چەشنێك سەیری دەکردم وەك بڵێ ی دەمناسێ ، بەڵام من هیچ بایەخێکم پێ نەدا ، پاشان دوام کەوت و دەستی کردە قسە وەشاندن بەدەنگێکی نزم و لە سەرخۆ بە چەند ووشەیەکی منالاّنە و تازە پێ گەیشتوانە لە دوامەوە قسەی دەوەشاند وەك : (**ئەی جوانکیلە من تەنها تۆ شك ئەبەم !! ئەمەوێ ببی بە هاوسەرم !! دەتخوازم !! من چاودێریت دەکەم ڕەفتار و ڕەوشتی تۆ شارەزابووم !!**) . منیش لە ئەنجامی ئەم ڕەفتارە منالاّنەی کوڕە ، و ئەم قسە هیچانەی بەپەلە کەوتمەڕێ ، بـــە چەشنێك

[*] ئەم چیرۆکەش وەکو چیرۆکەکانی تری ئەم باسە لە ولاتێکی تری عەرەبیدا ڕووی داوە

دەڕۆیشتم لـــە کاتی ڕێکردندا قـــاچەکانم بـــە یەکدا دەچـــوون و (چین چین یان چۆڕ چۆڕ) ئارەق بە نێو چەوانمەوە دا دەچۆڕا ، چونکە یەکەم جارم بوو تووشی ئەم جۆرە هەڵوێستانەبم ، بە هەرچەشنێك بێت بە ماندوو بونێکی زۆر و دڵە خورپەوە گەشتمە ماڵەوە ، تەنها بیرم لەم بەسەرهاتەی ئەمڕۆم دەکردەوە ، ئەو شەوەش لەترس و دڵەڕاوکێدا خەو لە چاوانم تۆرا و نەمتوانی بخەوم ، ڕۆژی داهاتوو بەهەمان شێوە لە کاتی دەرچوونم لە دەروازەی زانکۆ ، بینم لێو بە خەندە بەرامبەرم ڕاوەستاوە ، بەم شێوەیە ڕاوەستان و ڕێکردن لە پاشمەوە و قسە وەشاندنی منالآنە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ درێژەی دەکێشا هەموو ڕۆژێ ، هەموو ئەم کردارانە کۆتایی هات بە نامەیەکی بچوك کە لە بەر دەرگای ماڵی ئێمە فڕێی دابوو کە نامەکەم بینی جاری یەکەم نەمتوانی هەڵی گرم ، بەڵآم هەر چۆنێك بێت توانیم نامەکە هەڵگرم . لەو ساتەدا دەستەکانم لە ترسانا هەڵدەلەرزین دەستەکانم لە ترسانا بوو بوونە دەستی ئافرەتێکی بە سالآ چوو کە نەتوانێ پارچە کاغەزێك هەڵگرێ و دەستی بلەرزێ . نامەکەم کردەوەو خوێندمەوە پڕبوو لە ووشەی (**سۆز !!**) **و** (**ئەوین داری !!!**) و داوای لێبوردن کردن بەهۆی ئەو ڕەفتارانەی کە ڕۆژانە ئەنجامی داوە ، و بوونەتە هۆی بێزارکردنی من ، و وەڕەز بوونم .

پارچە کاغەزەکەم دڕاند و پاش چەند ساتێك زەنگی تەلەفۆنەکە لێی دا هەڵمگرت ، هەمان ئەو کوڕەی هەموو ڕۆژێ بە ووشەی سۆزداری دوام ئەکەوێ وا ئێستا لە تەلەفۆندا پێم ئەڵێ : نامەکەت خوێندەوە یان نەت خوێندەوە پێم ووت ئەگەر ماڵەوەمان ، یان کەسوکارەکەم ئاگادار کەمەوە ئەو جا وای بە حاڵت ، لە

پاش یەك سەعات جارێکی تر تەلەفۆنی کردەوە ، و هەوڵی ئەوە بوو کە خۆی خۆشەویست کات لەلام ، **بەوەی کە مەبەستەکانی پاك !! و بێگەردن !!! و دوورن لە درۆ و فێڵ و هەڵخەڵەتاندن !!!! و ئەیەوێ جێگربێ و ژن بهێنێ !!! وە زۆر دەوڵەمەندە و کۆشکێکم بۆ دروست دەکات !!! و هەموو ئاواتەکانم دێنێتەدی !!!** وە لە هەموو ئەندامانی خێزانەکەی خۆی بە تەنها ماوەتەوە وە... وە... وە... هتد ، لەو کاتەدا بەرامبەر بەم کوڕە منیش دڵم نەرم بوو جۆرێك لە بەزەیی هاتنەوە و خۆشەویستی بەرامبەر بەو کوڕە لە دڵما دروست بوو ، وام لێهات نامەم بۆ دەنووسی هەموو ساتێك چاوەڕوانی تەلەفون کردنی کوڕە بووم .

پاش ئەوەی لە کاتی دەرچوونم لە زانکۆ چاوم بۆ کوڕە دەگێڕا !!! بەڵکو چاوم پێ بکەوێ و ببینم بەڵام بێ هودە بوو ، کەچی ڕۆژێکیان کە لە زانکۆ هاتمە دەرەوە ، بینیم بەرامبەرم ڕاوەستاوە ، بەو بینینە وەخت بوو لە خۆشیانا بفڕم !!!! پاشان وای لێهات لەگەڵیا بە سەیارەکەی دەر ئەچووم بۆ پیاسەکردن و هەموو کون و کەلەبەری ئەم شارە دەگەڕاین ، کە لەگەڵیا دەبووم وام هەست دەکرد کە توانای بیر کردنەوەم نەماوە وەك بڵێی مێشکی لە جەستەم دەرهێنابێ ، **باوەڕم بە قسەکانی دەهێنا و متمانەم پێی بوو !! بە تایبەتی کاتێك دەیووت تۆ تەنها هی منی !!! و لە دوا ڕۆژدا لە یەك ماڵدا دەژین لە یەك خانوو دا ژیان بە سەر ئەبەین !!! کاتێك کە دەیوت تۆ شازادە جوانەکەی منی وەخت بوو لە خۆشیانا بفڕم !!!** وە ئەو کاتانەی ووشەی سۆزداریم لێ دەبیست وام هەست دەکرد لە خۆشیەك دا دەژیم جگە لە من کەسی تر نی یەتی ، بەڵام لە یەکێك لە ڕۆژەکاندا چ ڕۆژێك

بوو ڕۆژێکی ڕەش ، هەموو ژیانی تێکشکاندم ئارەزوەکانی لە بیر بردمەوە خۆشترین ڕۆژەکانی ژیانم بیر چووەوە ، و دوا ڕۆژی سوتاندم ، ڕۆژێك بوو بەرەو چەشتنی تاڵ ترین ئازار ڕاپێچی کردم ، لە پێش چاوی هەموو خەڵکی شەرەفی شکاندم و قیزەونی کردم .

ڕۆژێك بوو وەك ڕۆژەکانی تر لەگەڵیا بۆ پیاسە کردن دەرچووم ، بەڵام ئەجارەیان لەگەڵ خۆیا بردمی بۆ یەکێك لە خانووە ئامادەکراوەکان ، چووینە ژوورەوە و بە تەنهایی پێکەوە دانیشتین من و ئەو کەسی سێیەمان تەنها شەیتان بوو ، لەو ساتە وەختە دا ئەو فەرموودەیەم بیر چوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموبووی : " **لا يخلون رجل بامرأة إلا كان الشيطان ثالثها** "[1].

واتە : هەرگیز پیاوێك لە گەڵ ئافرەتێکدا بە تەنها نابن ، ئیللا شەیتان سێیەمیان دەبێت .

بە هیچ شێوەیەك بیرم لای ئەم فەرموودەیە نەبوو ، بەڵام ئەم جارەیان شەیتان دڵی داگیر کردم و پڕی کرد لە ووتە و ووشەی ئەم کوڕە لاوە ، دانیشتین و یەك بۆ یەك دەمانڕوانیە یەکتر و نیگامان دەگۆڕیەوە . بەم شێوەیە بە بێ ئەوەی بە خۆم بزانم بووم بە نێچیری ئەم کوڕە ئەوەی خوا پێی خۆش نەبێ پێ کردم ، ئەو ڕەفتارە ناشایستەیە لە نێوانماندا ئەنجام دراو ، گرانبەهاترین سامانی ژیانم لە دەست دا بە چەشنێك هەتا هەتایە دەستم ناکەوێتەوە . وەکو شێت هەستام و پێم ووت : چیت پێ کردم ؟!! چیت ؟!! چیت بەسەر هێنام ؟!!

---

[1] سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٤٣٠) .

ووتی : مەترسە تۆ خێزانی منی !!!(هاوسەری منی !!!) .

ووتم : چۆن دەبمە خێزانی تۆ ، هێشتا نە مارەت بڕیوم و نە خوازبینیش لە نێوانمان دا ڕووی داوە ؟!!

ووتی : بەم زوانە مارەت دەکەم .

بەو حاڵە گەڕامەوە ماڵەوە ، قاچەکانم توانای هەڵگرتنی جەستەمیان نەبوو . لە هەناومدا ئاگرێك دەیسوتاندم ، خوایە چیم بە خۆم کرد ؟ ئاخۆ من شێت بووم ؟! چیم بە سەر هاتووە ؟ هەموو دونیا لەبەر چاوم ڕەش هەڵگەڕا ، دەستم کرد بە گریان گریانێکی زۆر بە کوڵ وتوند و تاڵ ، باری ژیان و تەندروستیم تا دەهات خراپ تر دەبوو ، تا گەیشتە ئەو پەڕی خراپی وە وای لێکردم وازم لە خوێندن هێنا . هیچ کەسیش لە کەس و کارەکەم نەیانتوانی هۆکاری ئەو بار ودۆخە بزانن کە بە سەرما هاتووە و تیایدا دەژیم .

بەڵام خۆم پەیوەست کرد بەو تروسکە ئومێدەی کە زۆر جار بە خەیاڵمدا دەهات ، ئەویش (**بەڵێن و پە یمانی ئەو کوڕە بوو بە خواستنم !!!!**) .

ڕۆژگار بە سەر دەچوو بەڵام بۆ من قورستڕین و تاڵ ترین ڕۆژگاری ژیانم بوو ، بە لای منەوە ڕۆژگارێك بوو بە قورسی چیایەك قورسایی خستبووە سەرم . دوای ئەوە چی ڕووی دا ؟ ئەو ڕوداوە لە ناکاوە بوو کە هەستی هەژاندم و هەموو ژیانی تێك شکاند ، هەموو ئارەزووەکانی پووچەڵ کردەوە . چ ڕووداوێك بوو ؟ ئەو هەڵوێستە ناشایسە بوو کە لە شەیتانێك بینیم ، و بووە مایەی شێواندنی ژیانم .

زەنگی تەلەفۆنەکە لێ ی دا هەڵم گرت ، گوێم لێ بوو دەنگی لە دوورەوە دەهات ، پێی ووتم : ئەمەوێ بتبینم بۆ کارێکی گرنگ ، خۆشحاڵ بووم وام هەست کرد ئەم کارە گرنگە ئامادەکردنی ئیش و کاری ماڕەبڕین و خوازبینی کردنی منە ، بەڵام کەبینیم دەم و چاوی نیشانەی تووڕەی لە سەر دیار بوو .

پێی ووتم : **پێش هەموو شتێ داواکردن و خواستنی تۆ بۆ من لە بیر خۆت بەڕەوە !! و بە هیچ شێوەیەك بیر لەوە مەکەڕەوە ڕۆژێك خوازبینیت بکەم !! و ببیت بە هاوسەرم ئەمەوێ پێکەوە بژین وەکو ژن و مێردێك بەڵام بەبێ ماڕەبڕین و داخوازی !! و... و... هتد.**

کە ئەم هەڵوێست و ووشە ناشایستانەم لەم کوڕەوە بیست بەبێ ئەوەی هەست بە خۆم بکەم دەستم بەرز بووەوە ، و زللەیەکم لە ڕومەتی دا ، بە چەشنێك لێمدا وەخت بوو بروسکە لە چاوانیەوە دەرپەڕێ .

پاشان پێم ووت : وام زانی بانگت کردووم بۆ ئەوەی ئەو هەڵەیە ڕاست کەیتەوە کە کردوتە ، بەڵام بە چەشنێك بینیتم زۆر جیاواز لەوەی کە من بیرم لێ دەکردەوە ، بە چەشنێك ئەتبینم پیاوێکیت نە ڕەوشتت هەیە نە ئەدەب ، لە پیسیشدا هیچ شتێك هاوشانت نیە . بەدەم گریانەوە بە پەلە لە سەیارەکەی دابەزیم .

پێی ووتم : بە یارمەتیت تۆزێك ڕاوەستە . بینیم شریتێکی ڤیدیۆی بە پەنجەکانی دەستیا هەڵواسیوە و پیشانی منی ئەدا ، بە دەنگێکی بەرز ووتی: بەم شریتە هەموو ژیانت تێك و پێك دەشکێنم .

پێم ووت : جا چی لە ناو ئەو شریتە دایە ؟

ووتی : وەرە لەگەڵما بۆ ئەوەی بە چاوی خۆت بیبینی چی لە ناو ئەم شریتە دایە .

بۆ ئەوەی بزانم چی لە ناو شریتی ڤیدیۆکە دایە لەگەڵیا ڕۆیشتم کە شریتەکەی لێ دا بینیم هەموو ئەو تاوان و کرداڕە ناشایستانەی کە لە نێوانماندا بە ئەنجام گەیەنراوە بە کامێرای ڤیدیۆ گرتوویەتی ، بە تەواوی چیمان کردبوو ئێستا لە سەر شاشەی تەلەفزیۆن بە چاوی خۆم دەیبینم .

پێم ووت : ئەوە چ کارێکە کردووتە هەی بێ شەرەف هەی بێ ڕەوشت .

ووتی : کامێرای شاراوەمان لە سەر بووە هەموو جوڵە و چرکەیەکی نێوانمانی وێنە گرتووەو وا لە ناو ئەم شریتە دایە . ئەم شریتەش باشترین چەکێکە بۆ من ، بۆ ئەوەی بتخەمە ژێر فەرمانەکانی خۆم و بە پێی فەرمانی من هەڵسوکەوت بکەی ، دەنا بەم شریتە تێکت دەشکێنم و دوا ڕۆژیشت دەسوتێنم .

منیش دەستم کردە گریان و هاوار کردن چونکە کێشەکە بە تەنها کێشەی من نەبوو بەڵکو کێشەی هەموو کەس و کارەکانمە بە تایبەتی مااڵوەمان .

بەاڵم ووتی : هەرگیز ... **لـــــە ئە نجامدا بووم بە دیلی ژێر دەستی ئەم کوڕە** . ئەم کوڕەش بە ئارەزووی خۆی چۆنی بوویستایە لە پیاوێکەوە دەیگواستمەوە بۆ ژێر دەستی پیاوێکی تر و لە گەنجێکەوە بۆ گەنجێکی تر بەم شێوەیە ئەم دەست و ئەو دەستی بە من دەکرد ، و پارەی لە سەرم وەر دەگرت . بە هەر حاڵ ئەم کوڕە منی کردە سەرچاوەی پارە دەرکردنی خۆی ، و ڕازی کردنی گەنجە شەهووەت بازەکان

، نەشم دەوێرا هیچ بڵێم ، کەوتمە نێو ژیانی لەش فرۆشەکان و بە یەکجاری مالئاوایم کرد لە ژیانی پاکی و بێگەردی .

تا ئەو ساتە وەختەش کەس و کارەکەم دەربارەی ئەم ڕەفتار و کردارانەی من هیچیان نەدەزانی ، **چونکە متمانەیان پێم بوو !!!** بەڵام شریتەکەش بە نێو گەنجەکاندا بڵاو بووە وە . یەکێك لەو کوڕانەی کە شریتەکەی کەوتە دەست ئامۆزاکەم (کوڕی مامم) بوو ، بەم شێوەیەش ڕوداو و کێشەکەم ئاشکرا بوو ، باوکم زانی و کەس و کارەکەم بەم بەزمەی منیان زانی ، وە ئابڕو چونەکەش بڵاو بووەوە و گەیشتە زۆربەی شوێنەکانی شار ، مالّەوە و کەس و کارەکەم بەم کارەی من لەکەدار بوون . منیش بۆ پاراستنی گیانی خۆم هەڵهاتم و خۆم لە چاو وون کرد پاشان کە زانیم باوك و خوشکەکانم لە شەرما مالّیان بەجێ هێشتووە و هەڵهاتوون بۆ ولاتێکی تر

تا وای لێ هات هەموو کۆمەڵە خەڵك و دانیشتن و باسێکی ئەم شارە دەبوو باسی ئەم حەیا چوونەی ئێمەی تیا بکریایە و بەو شێوەیەش شریتەکە لە گەنجێکەوە دەکەوتە دەست گەنجێکی تر ، و بڵاو دەبووەوە و منیش لە نێوان ژیانی بێ عاری و لەش فرۆشەکاندا دەژیام . وە ئەم بێ نرخی بێ ڕەوشتە ، یەکەم ئاراستە کار بوو کە وەك بووکە شووشەیەك چۆنی بویستایە جولّەی پێدەکردم و دەیجولاندمەوە ، نەشمدەتوانی بە ئارەزووی خۆم بجولێمەوە ، وە هەمان ئەم گەنجە بووەتە هۆی شێواندن و پارچە پارچە کردنی چەندین خێزانی تر و مالّی تر ، بووەتە هۆی لە دەست دان و سووتاندنی دوا ڕۆژی چەندین کچی وەکو من ، کە لە سەرەتای چرۆ دەرکردن و

پێگەیشتندا بووین بۆیە : بڕیارم دا تۆڵەی خۆمی لێ بکەمەوە ، ڕۆژێك بوو وەك ڕۆژەکانی تر کوڕە بە سەرخۆشی خۆی کردە ژووردا و لەوپەڕی سەرخۆشی دا بوو ، منیش ئەم ساتە وەختەم بەهەل زانی و چەقۆیەکم لێدا و بەم کارەم ئەو شەیتانەم کوشت کە لە نێو جەستەی مرۆڤێکدا خۆی نواندبوو ، خەڵکیشم لە شەڕی ئەو شەیتانە ڕزگار کرد ، دوا ڕۆژی منیش ئەوە بوو ، لە پشت دەرگا داخراوەکانی زنداندا خۆم بینیەوە . تاڵی و سەر شۆڕی تەنهاییم دەچەشت ، وە ئێستاش پەشیمانم لەو کردەوە ناشرینانەی کە کردومە وە پەشیمانیشم لەو ژیانەی کەم تەرخەمیم تیادا کرد .

وە هەر کاتێ شریتی ڤیدیۆم دەهاتەوە یاد وام هەست دەکرد لە هەموو شوێنێك دا کامێراکان بە دوامەوەن و ڕاوم دەنێن ، **وە ئەم چیرۆکەی خۆمم نووسیەوە ، بۆ ئەوەی هەموو کچێك بە خوێندنەوەی چیرۆکە کە ، پەند و ئاموژگاری لێ وەرگرێ و ببێتە پەندێك بۆ ئەو کچانەی کەوتونەتە نێو دنیای سۆزداری و نامەی ڕازاوە و درەوشاوە بە ووشەی سۆزداری ، بۆ ئەوەی بە نامە و ووشەی جوان و پەیمانی کوڕان خۆش باوەڕ نەبن ، و جوانترین و ڕازاوەترین ووتە و ووشەی کوڕان بە دوژمنی سەرەکی خۆیان بزانن** .

بۆیە : ئاگاداری تەلەفون بە خوشکی خۆم ئاگاداری بە !

خوشکی حیشمەت و حەیا ویستم : خۆ گوێت لێ بوو سەر گوزەشتەی ئەم کچە خوێندنەوەی چەندە بە ئازارە ، سەرەتا قایل نەبوو ، پاشان گۆڕانی دڵی و خۆش ویستنی کوڕەکە پاشان کوشتنی خۆشەویستەکەی ، و پاشان لە ژووری تاریکی زنداندا خۆی بینیەوە !! بۆچی ؟! چونکە خۆشەویستەکەی دوژمنی دەرچوو !!

بۆیە قەت مەڵێ هەموو کوڕێ وانیە چونکە هەموو کوڕێك هەر ئەو جۆرە شەیتانەی لەگەڵدایە کە لەگەڵ شەیتانی ناو چیرۆکەکەی پێشوودا هەبووە .

ئەویش بزانە خوشکی باوەڕداری بەڕێز : ئەو سێ چیرۆکەی سەرەوە دروستکراوی خەیاڵی من نین و لە نوسینی کەسایەتییەکی ناوداری بواری ئەدەبیات نین ، بەڵکو هەر یەکەیان ڕوداوێکن و لە ڕاستی دا ڕووی داوە و کەسەکان خۆیان بە زمانی خۆیان دەیگێڕنەوە

بۆیە : لێرەوە وەك برایەکی دڵسۆز پێت ئەڵێم هەموو ووشەیەکی سۆزداری کە دەینووسی یان بۆت دەنووسن ، هەموو ووشەیەکی سۆزداری کە بۆ کوڕان دەیکەی یان بۆتی دەکەن ، هەموو چرکەیەکی سۆزداری لە سەرت حسێب دەکرێ و لە قیامەت دا لێت دەپرسن بۆکێت کرد ؟ بۆچی کردت ؟... ؟ ... ؟ ... هتد .

ئەوەش بزانە مردن گەورە و بچوك نازانێ ڕەنگە لە ساتە وەختێکدا بمری کە سەرقاڵی قسەکردن بیت لەگەڵ کوڕاندا و سەر مەستی سۆزداری بیت .

یان ڕەنگە لە ساتە وەختێکدا بمری نامەی کوڕێك دەخوێنیتەوە یان تەلەفونی لەگەڵ دەکەی یان نامەی بۆ دەنووسی .

ئایا ئەتەوێ لە کاتێکدا بمری کە ناشیرین ترین ووتە و ووشە لەگەڵ کوڕاندا ئاڵ و گۆڕ دەکەی ؟ ئەتەوێ لە ساتە وەختێکدا بمری کە لەسەر ڕێبازی دڵداری بیت و بە خراپەکاری یەوە لەگەڵ کێ ؟ ئەتەوێ تووشی سزای سەخت بیت لە قیامەت ؟ بۆ چی ؟ بە هۆی کێوە ؟ لەگەڵ کەسانێك و بە هۆی کەسانێکەوە کە هەرگیز مانای شەرەف و ناموسیان نەزانیوە و دوای شەهوەتی خۆیان کەووتوون .

پێت چۆنە ئەو ساتە وەختەی دەتخەنە ناو گۆڕێکی تاریك و بە تەنهایی بەجێت دەهێڵن . تەنانەت خۆشەویستەکەت و هەموو ئەو کوڕانەی کە تۆیان بە شازادەی خۆیان دەزانی بە جێت دێڵن ، و پاش ماوەیەك لە بیر کەس نامێنی . هەر هەموو بەجێت دێڵن و دبیتە هاوڕێی کرم ومێرووەکانی ژێر زەمین ، ئەو دەم و چاوە ناسکەی لە ژیاندا جوانت دەکردەوە ، ئەو زمانەی کە لە ژیاندا تەرخانت کردبوو بۆ کوڕان ئەم ڕۆ لە ناو گۆڕدا ژەمێکی باشە بۆ تێرکردنی کرم مێرووەکانی ناو گۆڕ .

ئەڵێی چی چەند ساڵێکە و واز دەهێنم لە دەمەتەقێی کوڕان ، ئەی ئەگەر مەرگ لە تۆ خێرا تر بوو ، لە پاش مردن تەوبە دەکەیت و پەشیمان دەبیتەوە ؟! بەڵام ئەوەش بزانە **خوشکی بەڕێز** : سوێند بە پەروەردگار بەر لە مردن تەوبە نەکەی تەوبەت لێوەرناگیرێت ، وەئەگەر لە سەر ئەو حاڵەش مردی و تەوبەت نەکردبێ پەشیمانی هیچ سودێکی نابێ هەر وەك پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ **حَتَّى إِذَا جَاء أَحَدَهُمُ الْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ارْجِعُونِ لَعَلِّي أَعْمَلُ صَالِحًا فِيمَا تَرَكْتُ** ﴾ [المؤمنون : ٩٩] .

واتە : کاتێك کە مردنە یەخە بە یەکێکیان دەگرێت ، دەڵێت خوایا بمگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کردەوەی چاکە بکەم لەو دونیایەی بەجێی دەهێنم .

وە لە وەڵامدا پێت ئەڵێن ﴿ كَلَّا إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَائِلُهَا وَمِن وَرَائِهِم بَرْزَخٌ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴾ [سورة المؤمنون : ١٠٠] .

واتە : نەخێر ، ئەوە ووشەیەکە ئەو بێژەرێتی ، و لە نێوان ئەو و دونیادا ، پەردەیەك دادەدرێت ، تا ئەو ڕۆژەی زیندوو دەبنەوە .

پاش ئەمە چی ؟

پاشان ژیانی ناو قەبر ، کە ژیانی بەرزەخە ، ئەو ژیانەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە بارەیەوە فەرموویەتی : " إن للقبر ضغطةٌ فلو نجا ، أو سلم أحد منها لنجا سعد بن معاذ " ، کەچی هەروەکو ئاشکراشە ئەو هاوەڵە بەڕێزە لە پێناوی خوای پەروەردگاردا شەهید بوو .

واتە : قەبر گۆڕ ووشارێکی هەیە ، ئەگەر یەکێك هەبێت لێی ڕزگار بێت ئەوا (**سعد**) ی کوڕی (**معاذ**) لێی ڕزگار دەبوو .

جا خوشکی بەڕێزم بپارێرەوە بۆئەوەی پەروەردگارت تۆزێك ڕەحمت پێ بکات ، چونکە ئێسکەکانی لاشەت هەموو ناسکن و بەرگەی بچوکترین هێز ناگرن ، جا بۆ خۆت بیر لە گوشتنی قەبر ناکەیتەوە ؟!

بۆیە خوشکم : وەکو برایەك پێت ئەڵێم تۆزێك لە کاتەکانی ڕۆژانەت تەرخان بکە بۆ بیرکردنەوە و بەخۆدا چوونەوە ، بیرێك لەو ڕەفتارانە بکەرەوە ڕۆژانە ئەنجامی دەدەی ، چونکە دەبێ باش بزانی تەلەفۆن کردن و نامە نووسین و خوێندنەوەت و وێنەگرتن ، و دەمەتەقێت لە گەڵ کوڕانا تەنانەت بە مەبەستی شووکردنیش بێ کارێکی ناشەرعی و خیانەت کردنە لە نەفسی خۆت و کەس و

کارەکەت کە بە دزی ئەوانەوە ئەم کردار و ڕەفتارانە ئەنجام دەدەی ، دڵی پاك و سپی خۆت بە دەستی شەیتانەکان ڕەش و پیس دەکەی ، پاش هەموو ئەمانە چاوەڕوانی چی دەکەی لە کوڕان ؟ خەڵات کردنت ؟! یان دەست خۆشی لێ کردنت ؟! هەرگیز بیرت نەچێ خوشکم هەروەخت کوڕی ئەم سەردەمە ئیشی پێت نەما سەرزەنشتت دەکا و پێت ئەڵێ : تۆ بە کەڵکی من نایەیت ، چۆن بە قسەکانی من فریوت خوارد ، سبەینێ بە قسەی یەکێکی تریش فریوو دەخۆی و هەڵدەخەڵەتێی ، ئەمە پاداشتی کوڕانی سەردەمە بۆ تۆ خوشکم .

بۆیە لە پاش خوێندنەوەی ئەم نامەیە و ئەو سێ چیرۆکە کاتی ئەوە هاتووە بە خۆتا بچیتەوە بۆ ئەوەی بە دەستی خۆت دواڕۆژی خۆت نەسوتێنی .

وە ئەگەر ئەتەوێ بڵێی من متمانەم بە خۆم هەیە و ناتوانێ پێش خواستن هیچم لەگەڵدا بکا و سوێندی خواردوە بێتە داخوازیم ، ئەوا منیش پێت ئەڵێم (٤) خاڵی گرنگ هەیە پێویستە بیزانی :

١ ـ ئەو کچانەی لە چیرۆکەکاندا بەسەر هاتی ژیانی خۆیان دەگێڕنەوە وەکو تۆ متمانەیان بە خۆیان و هاوڕێکانیان هەبوو ، بەڵام لە کۆتایی دا نە پەیمانەکان تا سەر بوو نە متمانەکانیش لە جێگای خۆی بوو ، کچەکانیش دوا ڕۆژیان سووتا .

٢ ـ کاتێك ئەڵێی متمانەم بەخۆم هەیە ئایە تۆ لە دایکی ئیمانداران ـ خیزانەکانی پێغەمبەر ﷺ ـ پاکتر و بە توانا تری وە لەوان ئیماندار تر و بەڕێز تری ؟ کە پەروەردگار فەرمانیان پێ دەکا و دەفەرموێ : ﴿ يَا نِسَاءَ النَّبِيِّ لَسْتُنَّ كَأَحَدٍ

مِّنَ النِّسَاء إِنِ اتَّقَيْتُنَّ فَلَا تَخْضَعْنَ بِالْقَوْلِ فَيَطْمَعَ الَّذِي فِي قَلْبِهِ مَرَضٌ وَقُلْنَ قَوْلًا مَّعْرُوفًا ﴾ [سورة الأحزاب : ٣٢] .

واتە : ئەی خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ ئێوە وەکو ئافرەتانی تر نین ، ئەگەر لە خوا بترسن ، لە کاتی قسەکردندا ناز مەکەن ، بۆ ئەوەی کەسانی دڵ نەخۆش تەماحتان تێنەکەن ، با ووتەکانیشتان ووتەی چاك بێت .

منیش ئەڵێم : نەخێر و هەزار نەخێر نە لەوان پاکتری و نەش لەوان ئیماندارتری کە خۆیان لە شەڕی پیاوان بە دوور دەگرت .

٣ ـ بە کردەوەی عیشق بازی ، و تەلەفون کردن ، و نامە و نامەکاری و دەمەتەقێ و ... هتد ، تۆ دەبیتە دەروازەیەك بۆ دروست کردنی تاوان ، و دەبیتە سینەمای چاوی کوڕان ، و دەبیتە سەرچاوەی تاوان بارکردنی خۆت و چەندین کەسی تر ، بەمەش دوو تاوانت دێتە سەر :

أ ـ سەرپێچی کردنی خۆت لە فەرمانی پەروەردگارت .

ب ـ گوناهی ئەوانەشت دێتە سەر کە پابەندی تۆ و قسەکانی تۆ بوون

٤ ـ بەڵێنی کوڕانی ئەم سەردەمە ، چەند ووشەیەکە و هیچی تر وەك : **دەتخوازم !!! تۆ تەنها هی منی !!! و ... !! و ...!!! ... هتد** .

وە ئەم ووشانەش یەکێکن لەو دەروازانەی کە کوڕان لێیەوە دێنە نێو ژیانی تۆ ، و بێهۆشت دەکەن و گەورەترین تاوانت دەرهەق دەکەن و بە بەهاترین و بەنرخترین شتت لە دەست دەر دەکەن ، و وەك شوشە عەترێك وای دەتشکێنن نە عەترەکەت بۆ کۆبکرێتەوە نە شوشەکەیشت بۆ پینە بکرێ ، وەعد و پەیمانەکەشیان

خۆ ماست نیە بە دەمیانەوە دیار بێ لە کۆتایش دا هەرچی ڕووبدا لە نێوان تۆ و کوڕێك دا پاش ماوەیەك ئەگەر کوڕە تەویە بکا لە نێو خەڵکی دا بە تەوبەکار ناو دەبرێ با درۆیش بکا . بەڵام گەر تۆ تەوبەیەکی ڕاستەقینەش بکەی خوای پەروەردگار لێت خۆش دەبێ و ئیماندارانیش باوەڕت پێدەکەن ، بەڵام لە نێو خەڵکی دا وەکو لەکەیەکی ڕەش ، وەکو مۆرێك بە نێو چاوانتەوە دەمێنێتەوە و دەبیتە چیرۆکی سەر زاری خەڵکی و بە چاوێکی سووك ، و خراپەوە تەماشات دەکەن .جا پێش ئەوەی توشی سزای پەروەردگار ، و تانە و تەشەرەی خەڵك بیت ، خۆت لە کوڕان و بەڵێنی کوڕان بپارێزی ، لە پەروەردگار بپارێڕەوە و داوای لێ بکە کە لە خراپەیان بتپارێزێت .

لە کۆتایش دا داواکارم لە پەروەردگاری بە بەزەیی و لێبووردەم ، لە گوناهەکانمان خۆش بێ ، و هەموو کچێکیش ـ لەگەڵ تۆش دا ـ لە تۆڕی جالجالۆکەکانی سەردەم و دزانی ناموس ، و گورگەکانی شەرەف بپارێزێ .

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

نامەی دووەم

چەند چرپەیەك بە گوێی گوڵی کۆمەڵگادا

خوشکی بەحیشمەت و ئیماندار : ئەم نامیلکەیەی بەر دەستت بریتی یە لە چەند ئامۆژگاری و چرپەیەك ئاڕاستەی تۆی ئیمانداری دەکەم بە ئومێدی ئەوەی بۆ ساتە وەختێك گوێکانت لە دەنگەکانی دەوروبەر پاك ڕاگری و چاوەکانیشت لەو شوێنانە بێنیتەوە کە بۆی ڕۆیشتووە ، وە بۆ ماوەیەك گوێ و چاو و بیروهۆشت بکەیتە میوانی ئەم نوسراوە .

خوشکی بە شەرم و حەیام : ئەم نوسراوەت پێشکەش دەکەم بۆ ئەوەی ببێتە پشتیوانێك بۆت کە لە ڕێگەیەوە زیاتر لە پەروەردگار نزیك بیتەوە و لە بێئاگایی بێدار بیتەوە و لە تاوان دوور بکەویتەوە .

خوشکم : دڵنیابە ئەم ڕۆژگارەی تۆی تێدا دەژیت لە ئاهەنگێك ئەچێ هەموو ئامادەبووانی بریتین لە دەستەیەك پیرە پیاو و ئافرەتی بەسالاّ چوو ، بەڵام جلە ڕەنگاوڕەنگ و دەمامکەکانی سەرچاویان لێیان تێکداوی بۆیە بێ ئاگا لەو ڕوخسارە ناشرینانەی پشت ئەو دەمامکە ڕەنگاوڕەنگە خۆت هەڵ ئەدەیتە نێو ئەو ئاهەنگە و ئەو ئاگرەی کە بۆ خۆیان و تۆ و هاوڕێیانی تۆ بە تەمان گەرمی بکەن .

بۆیە بەر لەوەی بەڕێ بکەوی بۆ ئاهەنگە کاتی یەکەی دونیا ، شانەکەی دەستت دانێ و مکیاج و بۆنە خۆشەکانت وەلاوەنێ و پشت لە ئاوێنەکەی بەردەمت بکە و ئەم نامیلکەیە بخوێنەوە ، پاشان خۆت بڕیار بدە دەچی بۆ ئاهەنگی دونیا ، یان دەگەڕێیتەوە بۆ لای پەروەردگارت .

چرپەی یەکەم : باشترین توێشوو

خوشکی ئیماندار : لە خوا ترسان باشترین کارێکە و باشترین سیفەتە هەتبێ ، بەڵکو گەورەی کردەوە چاکەکانە هەروەها تەرازویەکە پلەوپایەی باوەڕی پێ لەیەك دیاری ئەکرێ و جیا ئەکرێتەوە هەروەك پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿**إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ**﴾ (الحجرات : ١٣) ، **واتە** : پایەدارترین ، و شکۆدارترین و بەڕێزترینتان لە لای خوای پەروەردگار ئەوەتانە کە لە خوا ترسینی زیاتر بێت .

هەروەها چۆن لە سەفەرێکا توێشووی ڕێگا بۆ خۆت ئامادە ئەکەی و لێکی ئەدەیتەوە ئایا ئەتگەیەنێتە شوێنی مەبەست یان ناتگەیەنێ ؟ ئەوا لە خوا ترسانیش باشترین توێشوویەکە بۆ دوا سەفەری ژیانت بۆ ئەوەی بەرە و قیامەت هەڵیگری ، هەروەك پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿**وَتَزَوَّدُواْ فَإِنَّ خَيْرَ الزَّادِ التَّقْوَى**﴾(البقرة : ١٩٧) ، واتە : توێشووی سەفەر بۆ خۆتان ئامادە بکەن و باشترین توێشووش بۆ سەفەری قیامەتتان لە خوا ترسانە .

بۆیە لەخواترسان باشترین کردارێکە و جوانترین هەنگاوێکە بینێی بە بێ ئەوەی بە خۆت بڵێی ئەم تاوانە بچوکە و ئەوەیان هیچ نی یە !! بیرت نەچێ چیا بڵند و سەرکەشەکان لە ورده زیخ (چەو) پێکهاتوون .

* * * * *

چرپەی دووەم : لە خەیاڵی بێسوود بێدار بەرەوە

خوشکی بەڕێز : هەروەك چۆن هەموو بەیانیانێك دانیشتنی بەردەم ئاوێنەکەت بیرناچێ ، چۆن سەردانی هاوڕێکانت و پیاسەی پارکەکانت بیرناچێ ، خواردنت بیرناچێ ، هەروەك چۆن کاتی پەخش کردنی زنجیرە تەلەفزیۆنی و فلیمی کەناڵە ئاسمانیەکانت بیرناچێ ، چۆن کاتی تاقی کردنەوەت بیرناچێ و خەو وخەیاڵ و پێکەنین و خۆ جوانکردن و گۆرانیت بیرناچن ، ئەوا با مردنیشت بیرنەچێ ، بیرت نەچێ مردنیش هەیە و بەهەشت و دۆزەخیش هەیە ، دڵنیابە ئەو ڕۆژە دێت و دەیبینیت ئەو ڕۆژەی کە هەموو خۆشیەکانت بیر دەباتەوە و نەدایك و باوك نەبرا و خوشك نەهاوڕێ و دۆست لات نابن ، گەر لاشت بن هیچیان لە دەست نایەت بۆت ئەنجام بدەن ، هەروەك پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ **يَوْمَ يَفِرُّ الْمَرْءُ مِنْ أَخِيهِ وَأُمِّهِ وَأَبِيهِ وَصَاحِبَتِهِ وَبَنِيهِ** ﴾ (عبس : ٣٤ . ٣٦). واتە : ڕۆژی دوایی ڕۆژێکە مرۆڤ هەڵدێت لە برا و دایك و باوك و خێزان و ڕۆڵەکانی .

پاشان ئەتەوێ چەند ساڵ بژیت ؟! هەزار ساڵیش بژیت هەر دەبێ بمریت ، ئەگەر بۆ ڕۆژێکیش لە دۆزەخدا بیت ـ خوای پەروەردگار بە بەزەیی خۆی من و تۆشی لێ بپارێزێت ـ بەسە بۆ ئەوەی خۆشیەکانی دونیات بیر بچێ تەنها ڕۆژێك !! ئەو ڕۆژەی کە پەروەردگار لەبارەیەوە ئەفەرموێ : ﴿ **وَإِنَّ يَوْمًا عِندَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ** ﴾ (الحج : ٤٧) .

پێت چۆنە بۆ هەزاران ساڵ لە ئاگردا بیت ؟ لە ولاتێکی بێ کارەبا حاڵت چۆنە ؟ خۆت بینیوە بۆ پەرداخێك ئاوی سارد ، و تۆزێك بای فێنك حاڵت چۆنە ؟ کە

چی بیرت له ئاگرێك نەکردۆتەوە که تەنها بەناو هێنانی دڵەکان دەکەونە خورپە و میشکەکان ڕادەمێنن ، ئاگرێك که به بەرد و مرۆڤ گەرم دەکرێت هەروەك پەروەدگار ئەفەرموێ : ﴿الَّتِي وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ﴾ (البقرة : ٢٤) . واتە : سووتەمەنی ئاگری دۆزەخ له خەڵك و بەرد پێك دێت .

ئاگرێك که حەفتا هەزار لەغاو و کۆتی زنجیرینی (زِمام) هەبێت ، و هەر لەغاو و کۆتێکیش هەفتا هەزار فریشتە گرتبێتی (٣) ، باشە ئەم ئاگرە چەندە گەورە بێ ؟!! ئەو پێستە لاوازەت که چەندەها ساڵە به چەندین دەرمانی جۆراوجۆر بەخێوی دەکەی وئاگاداری دەکەی ، ناترسی لەو ڕۆژەدا ئاگری دۆزەخ بیسوتێنێ بێ ئەوەی گوێشی بداتێ و ڕەحمیشت پێبکات ،چونکە تۆ خۆت ڕەحمت بە خۆت نەکردووە له دونیادا ، به کردەوەکانت ئەو ئاگرەت هەڵبژاردووە .

خوشکی ئیماندار : بیرت له پردی صرات کردۆتەوە ،ئەمرۆ هێنده به نازەوە بەڕێوە دەچی جادە و کۆلانێکت پێ بچوکە ، سبەینێ پردێك چاوەڕوانتە له شمشێر تیژتر و لەتاڵە مو باریك تر ، ژێرەوەشی دۆزەخ ، ئەو کاتە بەنازەوە ڕێکردن چ دادێکت ئەدات

ئەو کاتە تەنها کارە چاکەکانت فریات ئەکەون هەروەك پەروەردگار ئەفەرموێ :﴿وَإِن مِّنكُمْ إِلَّا وَارِدُهَا كَانَ عَلَى رَبِّكَ حَتْمًا مَّقْضِيًّا ثُمَّ نُنَجِّي الَّذِينَ اتَّقَوا وَّنَذَرُ الظَّالِمِينَ فِيهَا جِثِيًّا﴾(مریم) .

بیریشت نەچێ له دونیادا هەرچی یەکت له دەست بچێ لۆمەکردن و سەرزەنشت دادت بدات و کاتی ئەوەشت هەبێ ئەو هەڵەیەی دەیکەی دووبارەی

(٣) صحيح الترمذي برقم : (٢٥٧٣) .

نەکەیتەوە یان چاکی بکەی یان چاوەڕوانی هەلێکی تر بکەی بۆ ڕاست کردنەوەی هەڵەکانت ، بەڵام مردن یەك جارە و لە پاش مردنیش سەرزەنشت کردنی خۆت هیچ دادت نادات ، هیچ دەرفەتێکیش نابێ بۆ بیرکرنەوە و گەڕانەوە بۆ چاکەکردن ، بۆیە تامردن نەبووەتە میوانت و قەبرەکەت هەڵنەکەنراوە بگەڕێوە سەر ڕێگای ڕاستی خواپەرستی ، بەر لەوەی ئەو کاتە بێ زیندو بکرێیتەوە و مردن نەمێنێ بگەڕێوە ، هەروەك خوای بەبەزەیی ئەفەرموێ : ﴿وَنَادَوْا يَا مَالِكُ لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ قَالَ إِنَّكُم مَّاكِثُونَ﴾ (الزخرف : ٧٧) .واتە : دۆزەخیەکان هاوار دەکەن پەنا دەبەنە لای (مالك) بۆ ئەوەی داوایان بۆ بکات لە خوای پەروەردگار بەوەی کە بیانمرێنێت ، بەڵام وەڵام : ئێوە ئەبێت بمێننەوە .

ئەم دونیایەی تۆی ئیماندار پێوەی ئالودەبوی لای پەروەردگار باڵی مێشولەیەك ناهێنێ .. باڵی مێشولەیەکیش (دونیا) ئەوە ناهێنێ بە هۆیەوە بچیتە ئاگرەوە تەنانەت بۆ چرکەیەکیش بێت .

تەنها پێت ئەڵێم : مالّی دونیا و منالّ و باوك و دەزگیران و کەس و دۆست ... هتد ، لە خشتەت نەبەن کەسیان لە قیامەتدا هیچیان لە دەست نایەت بۆت ئەنجام دەن ، تەنـــــها کرداره جوان و شەرعییەکانی خۆت فریات ئەکەون هەروەك پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ يَوْمَ لَا يَنفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ﴾ (الشعراء : ٨٨ . ٨٩) . واتەنڕۆژێك دێت نەمالّ و نەنەوە سوود بە مرۆڤ دەگەیەنن، جگە لەوە نەبێت کە دڵێکی پاك سەلامەتی هەبێت.

چرپەی سێ یەم :

کفن سادەیە و نەخشین نی یە و لە سەر مۆدەش نادورێ

خوشکی موسڵمان : دوو ڕێگات لە پێشە بۆ خۆشبەختی :

یەکەمیان : ڕێگای خۆشبەختی دروستکراوی خەیاڵ و خۆهەڵخەڵەتاندن وکات بەسەربردن ، ئەمەش لە ڕێگەی لەبەرکردنی جل وبەرگی نوێ ومۆدە بەدەست دەهێنرێ ، و خۆشبەختی یەکە لە خەیاڵی خۆتدا دروستی ئەکەی و تەمەنێکی کورتی هەیە و هیچ ئەنجامێکی نابێ هەر ئەوەندە جلەکانت داکەند یان یەکێ پێی وتی جوان نیە ئیتر تەمەنی ئەو خۆشیە بەسەرئەچێ .

دووەمیان : ڕێگای ڕاستی خواپەرستی کە خۆشبەختی یەکی هەتاهەتایی یە ، بۆ دۆزینەوەی ڕێگای دووەم وبەدەست هێنانی خۆشبەختی هەتاهەتایی پێویست ئەکا جل و بەرگی ناشەرعی ومۆدە وەلاوە نێی و خۆت پەیوەست بکەی بەڕەفتاری جوان و شەرعی و موسڵمانانە بە لەبەرکردنی جلێکی شەرعی جل وبەرگێك کە پەروەردگار بەجوانی بزانێ و پێی خۆشبێ .

هەروەك پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ وَلِبَاسُ التَّقْوَىٰ ذَٰلِكَ خَيْرٌ ذَٰلِكَ ﴾ (الأعراف : ٢٦) . **واتە :** جل و پۆشاکی لە خواترسان باشترە ...

نەوەك جلێ بەلای هاوڕێ و دۆستەکانتەوە جوان بێت !!! بادۆست و هاوڕێکانیشت جلە شەرعی یەکانت بەناشیرین و دواکەوتوانە بزانن !!!

ئەوەش بزانە پەروەردگاریش جلی مۆدە بەناشیرین ئەزانێ و بە جەهالەت و دواکەوتویی ناوی ئەبات .

پێت وایە کامیان لەسەر ڕاستن هاوڕێکانت یان پەروەردگار ؟

پێت وایە کامیان بەرژەوەندی تۆی ئەوێ ؟ ئەو هاوڕێ کوڕانەی ئەیانەوێ جلەکانت تەنك بن وهێندەتەسك بن ئەندامەکانی لەشت بەدەرکەون ؟ یان پەروەردگارێك بەرژەوەندی تۆی ئەوێ کە داوات لێدەکات خۆت داپۆشی و چیتر خۆت نەکەیتە سینەمای چاوی کوڕان ؟

ئەوان هیچیان بۆ نەکردووی ، بەڵام پەروەردگار لەسەر جوانترین شێوە دروستی کردووی و ڕۆحی پێ بەخشیوی ، لە مۆدە و جلی کورت و تەسك و تەنك مرۆڤی شەهوەت باز و دواکەوتوو لایەن گرتە و ستایشت دەکات بە لە بەرکردنی جلی داپۆشراو و شەرعی ، پەروەردگار ستایشت دەکات کامیانت پێخۆشە ؟

خۆشەویستی کێ بەدەست بێنی باشە؟ خەڵکی و کاتی ؟ یان پەروەردگار و هەتاهەتایی؟ پێت خۆشەکێ پاڵپشتت بێت پەروەردگار ؟ یان مرۆڤە شەهوەت بازەکان ؟ کێ پێت ڕازی بێ باشە ؟ پەروەردگار یان مرۆڤە بێ ڕەحمەکان ؟ تەنها پێت ئەڵێم لە کۆتایی دا ئەگەڕێیتەوە لای پەروەردگار و ئەو لێت ئەپرسێتەوە ئیتر خۆت وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە بدەرەوە و لایەکیان هەڵبژێرە .

خوشکی ئیماندار: لەبەرکردنی جلێکی شەرعی کە هەموو ئەندامەکانی لەشت داپۆشێ لەو کەسانەت جیادەکاتەوە کە پەروەردگاریان بیرچووە و بەخۆشیەکانی دونیا پەیوەست وڕازی بوون .

پێم خۆشە ئاگادارت بکەمەوە کە جل و بەرگی مۆدەی ئەم سەردەمە بوونەتە هۆکارێکی گەورە بۆ کاریگەری کردنە سەر ئافرەتانی موسڵمانان و لە خشتە بردنیان .

خوشکی بەڕێز : هەر ڕۆژە و مۆدەیەکی نوێی جل و بەرگ دەکەوێتە بازارەوە ، و لە پشت پەردەی ئەم جل و بەرگە خراپانەش دەستەیەکی خراپە کار هەن کاری سەرەکیان پڕکردنی باخەڵ و تیژکردنی چاوەکانیانە و دژایەتی کردنی ئەو ئاینەیە کە دەبێ تۆی ئیماندار شانازی پێوەبکەی ، دوژمنانی ئیسلام لە دوای پوچەڵ بوونەوەی زۆربەی هەوڵەکانیان بۆ لە ناو بردنی ئیسلام ، پەنایان بردۆتە بەر بەکارهێنانی ئافرەت وەکو چەکێك بۆ لە ناوبردنی ئیسلام بۆیە جەستەی ئافرەتیان بەهەل زانی و کردیانە پارچە شتێك بازرگانی پێوە بکەن بۆ هەرجارەو ڕەنگێکی نوێ و مۆدێلێکی نوێی جل وبەرگ دەخەنە بازارەوە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ مۆدێلەکان کورتتر و تەسکتر و تەنکتر دەبنەوە ، بەبێ ئەوەی بەخۆت بزانی یان داوایەکت ئاراستە بکەن ، ئەتکەنە سینەمای چاوی پڕ لە شەهوەتی خۆیان و مرۆڤە نەفس نزمەکان و لاوە برسیەکانی شەهوەت .

خوشکە بەڕێزەکەم : بە لەبەرکردنی جلەکانیان دەبیتە سینەمای چاوی ئەوان بێ ئەوەی بەخۆت بزانی .

پێم سەیرە کچێکی ژیری وەکو تۆ چۆن ڕازی ئەبی کە پیاوان بازرگانی بەجەستەیەوە بکەن لە کاتێدا پەروەردگار پلەیەکی بەرزی بەتۆی ئافرەت بەخشیوە ، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە پڕ بە دەنگ هاوار بکەی و بلێی نەخێر بۆ جل و بەرگی مۆدە و چی تر خۆم ناکەمە سینەمای چاوتان ، بڵێ نەخێر بۆ ئەو جل و بەرگانەی ناوتان لێناوە ئازادکردنی ئافرەت ، چونکە خۆی لەخۆیدا بەندکرنە ، بڵێ نەخێر بۆ بازرگانی کردن بەلەشمانەوە .

خۆشکی ئیماندار : پێش بەسەرچونی کات جلە خراپەکانت بەلاوەنێ و بە لەبەرکردنی جلێکی شەرعی و داپۆشراو خۆشەویستی پەروەردگار بەدەست بهێنە.

مەڵێ مێردەکەم ناهێڵێ !! براکەم قایل نابێ !! باوکم پێی ناخۆشە !!شەرم دەکەم !! یان دۆستەکانم عاجز ئەبن !!! مەڵێ لە کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی مۆدێل بەسەرچوە جوان نی یە !!!

کچی ئیماندار : جلی شەرعی لای پەروەردگار جوانە و مۆدێلی بەسەرناچێ بەهانەش مەهێنەوە ، و هیچ لەو قسانەی سەرەوە بەبەهانە وەرناگێرێ چونکە بێ ئەمری پەروەردگارت کردووە **بیریشت نەچێ سبەی کە دەمری کفنێکی سپی وسادەت لەبەر دەکەن نەڕەنگاو ڕەنگەو نەنەخش و نیگار و گوڵی تێدایە لەسەر مۆدەش نایدرون مۆدێلەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە هەزار ساڵ بەر لە ئێستا !!!** خوشکێ بگەڕێوە سەر ڕێگای ڕاست ، و ڕەفتاری سەردەمی جاهیلی واز لێبێنە هەروەك پەروەردگار ئەفەرموێ :

﴿وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى﴾ (الأحزاب : ٣٣) .

واتە : وەکو ڕووتکردنەوەی سەردەمی نەفامی یەکەم خۆتان ڕووت مەکەنەوە .

ئامۆژگاریم بۆ تۆ و خوشکانت : خۆتان دەربازکەن لە قەفەزی مۆدە وجل و بەرگی ناشەرعی ، ئەو جل و بەرگانە فڕێدە کە لە بەهەشت دوورت دەخەنەوە و لە ئاگری دۆزەخ نزیکت دەکەنەوە .

بەڕێ کەوە بەرەو لە بەرکردنی ئەو جل و بەرگەی لە بەهەشت نزیکت دەکاتەوە .

چرپەی چوارەم : ئازادی ڕاستەقینە :

خوشکی باوەڕدار : ئافرەتی زۆر هەن شانازی بەجوانی یەوە ئەکەن هەیانە شانازی بەدەنگ و زیرەکی یەوە ئەکات هەشیانە شانازی بەدەسەلآت و باوك وپارە و میردەوە دەکات ، ئەمانە و چەشنی ئەمانەی سەرەوە بوونەتە ڕێگە خۆشکەرێك دوژمنانی ئیسلام دەس وەردەنە تێکدانی ئاینی ئیسلام ودژایەتی کردنی پەروەردگار ، ئەمەش لەڕێگەی بەکارهێنانی میشکی ساویلکەی ئەم کەسانەی کە تێڕوانین و بیرکردنەوەیان ناگاتە بەرپێیان بەڵکو هەنگاو بەهەنگاو لەدوای خۆیان بەجێی دێڵن ، وەهەندێ ئافرەتی تریش هەن کەشانازی بەو ئاینەوە ئەکەن کە مانای ڕاستی ژیانی پێ بەخشیون ئەوەش ئاینی ئیسلامە .

بەڕاستی ئەمانەی دوایی بونەتە بەربەستێك بەرامبەر بەدیهێنانی ئارەزووە پیسەکانی دوژمنانی ئیسلام . لەم چەند ساڵەی ڕابردوو چەند دەستەیەك پەیدا بوون بانگەشە بۆ ئازادی ئافرەت دەکەن خانەیەکی جاڵجاڵۆکەیان لەپەتی زێڕین دروست کردووە هەرجارەو دەستەکچێك بەو ڕەنگە زەردە ئاڵتونی یە لەخشتە دەبرێن ، بۆیە بەر لەوەی ببیتە شوێنکەوتەی بانگەشەکارانی ئافرەت ، پێم وایە و باش وایە بانگەشە بناسیتەوە پاشان بڕیاری شوێنکەوتن یان شوێن نەکەوتنی بدەی ئەوانیش بریتین لە :

(١) کۆمەڵێك گەمژە و نەزان ئەو قسانەی لە دوژمنانی ئیسلام دەبیسن بەبێ ئەوەی بزانن بنەمایان هەیە یان نا لە نێو خەڵکدا بڵاوی دەکەنەوە ، وەکو توتی ئەوەی ئەیبیسن ئەیڵێنەوە !!!

(٢) کۆمەڵێکی فێڵباز ئەیانەوێ ئەم ئاینە تێك بدەن وخەڵکی هەڵگەڕێننەوە کە ئەوانیش بێباوەڕانن وچەند ڕێگایەکیان گردۆتەبەر وەك بەکارهێنانی کۆمەڵێ یەکەم و نوسین و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ، و لە هەمویشی سەیرتر بەکارهێنانی ئافرەت بۆ داڕوخانی ئاین وزەوت کردنی ئەو پایەیەی بەئافرەتی داوە.

(٣) کۆمەڵێکی شەهوەت باز کە ئارەزوو وشەهوەتیان بەسەریاندا زاڵە داوا لە ئافرەت ئەکەن لە ئیسلام دوور کەوێتەوە و ئازادیان بۆ دەنەخشێنن بەچەندین ڕەنگی جۆراوجۆر ، ئەمەش تەنها بۆ تێرکردنی چاوی برسی و نەفسی پڕ لە شەهوەتیانە ، وەئەیانەوێ تۆی ئافرەت بکەنە سینەمای چاوی خۆیان وەهەرسێ جۆرەکەش لەم ڕۆژگارەدا زۆرن وبوونیان هەیە .

بەڵام خوشکێ ئاگادارببە : ئەم بانگەشەکردنە تەنها ناوی ئازادکردنی ئافرەتە ناوەڕۆکەکەی ناشیرین کردن و عەیب دارکردنی جەوهەری ئافرەتە خۆت لێیان بپرسە بۆچی بانگەشە بۆ لادانی حیجاب ئەکەن ؟!!بۆچی بانگەشە بۆ جلی مۆدە وناشەرعی دەکەن ؟!!

ئایە حیجاب و دانانی سنورێك لە گەڵ لاواندا بەندە ؟!! بەڕاستی کاتی ئەوە هاتووە پڕ بەگەرووت هاوار بکەی و بڵێی بانگەشەکارانی ئازادکردنی ئافرەت لە باخچەی ئیمان و پۆشتەیی بۆ زبڵدانی تاوان وخراپەکاری نەخێر بۆداواکەتان بۆچی بانگەشە ناکەن بۆ ڕزگار کردنی ئافرەت لە بازرگانی بەلەشی یەوە لە ڕێکلامە تەلەفزیۆنی یەکان بۆچی هەوڵی ئازادکردنی نادەن لەو دەست درێژیانەی دەکرێتە سەریان بۆچی داوای ئازادکردنی ناکەن لەو کەسانەی وەکو بوونەوەرێك تەماشای

دەکەن و تەنها لایەنی جنسی تیا ئەبینن ولایەنی مرۆڤایەتی پشت گوێ ئەخەن بۆ بانگەشەناکەن بۆ ئازادکردنی لە بازرگانەکانی سێکس و مۆدە و بۆچی... بۆچی... بۆچی... زۆرشتی تریش ؟!

بەڕاستی ئەوەی بانگەشەی بۆ ئەکەن سووتانی ئافرەت وبەندکردنێتی (**تحريق المرأة**) نەك ئازادکردنی (**تحرير المرأة**) ئەم چیرۆکەی خوارەوەش ئازادی ڕاستەقینەت بۆ ڕوندەکاتەوە وجوانترین پێناسەی ئەکات .

بەسەرهاتێکە لە نێو کۆمەڵگای ئەوروپی یەوە سەرچاوەی گرتووە لەو ئازادییەی مرۆڤ بانگەشەی بۆ ئەکات پێگەشتووە بۆیە هەر ئەمەش وای لێکردووە بگاتە ئازادی ڕاستەقینە ئەویش چیرۆکی ژیانی ئافرەتێکی تەمەن (٢٤) ساڵەی بەریتانیە بە ناوی (**سارا جوزيف**) لە چاو پێکەوتنێکدا لە گەڵ کچە موسڵمانی بەریتانی (**سارا جوزيف**) کە لە تەمەنی (٢٤) ساڵی دایە ، کە (٧) ساڵ لەمەوپێش موسڵمان بووە ، ئەڵێ : لە لایەن منەوە بڕیاری پۆشینی جل وبەرگی شەرعی لە بیروباوەڕێکی بەهێزەوە سەرچاوەی گرتووە ، چونکە من پێم وایە لە نێو کۆمەڵگای بەریتانیدا لەشی ئافرەت بەشێوەیەکی خراپ مامەڵەی لەگەڵدا ئەکرێت ، هەروەکو دەبینین وێنەی کچانی نیمچە ڕوت لە هەموو جێگاکاندا بلاّو ئەبێتەوە ، تا ئەوڕادەیەی کەوا لەشی ئافرەت بووەتە مولکێکی گشتی بۆ هەموان .

من ڕقم لەم کارەیە و هیچ بەباشی نازانم ، چونکە ئەمەوێ هەموو خەڵك لە ڕوانگەی کەسایەتیمەوە بڕیارم لەسەر بدەن نەوەك لە ڕوانگەی لەش و ڕوکەشمەوە. بەم شێوەیەش پۆشاکی شەرعی ئازادی کردم لەوەی کە ببمە دیلی شێوە و ڕوکەشم .

چرپەی پێنجەم : ڕوکەش لەخشتەت نەبات

خوشکی ئیماندارم : هەموو شتێکی درەوشاوە زێڕ نی یە ، هەرگیز مەهێڵە ڕوالەتی ڕەنگا و ڕەنگی دەوروبەر لەخشتەت بەرێ ، بۆ ئەوە ئەمەت پێ ئەڵێم ڕەنگە پێت وابێت ئافرەتانی ڕۆژئاوا لە ژیانێکی پڕ لە خۆشیدا بژین و هەموو کاتەکانیان بەخۆشی بەسەربەرن !!

ڕەنگە پێت وابێت ئەو ئازادییەی پێیان بەخشراوە هەموو هیواو ئاواتەکانیانی هێنابێتە دی !! گەر وابیر دەکەیتەوە ئەوا جێگەی داخە کاتی زێڕینی خۆت بەو جۆرە بیرکردنەوەیە بەهەدەر ئەدەیت ، چونکە وەک وتراوە : (**دەنگی دەهۆڵ لە دوورەوە خۆشە**) ، ئەو ئازادیەش پێیان بەخشراوە لە ڕاستی دا بەندێکی ئاسنینی ئەستورە ، ئافرەتانی ئەورووپا و ئافرەتانی بانگەشەکاری ئازادی ئافرەت لە نێو چوار شورای بەرزو پتەودان دەرەوەی ئاگرە و ناوەوەی بەندیخانەی فەرمانی مرۆڤە شەهوەت بازەکانە ، هەرجارە و دەستەیەک ئافرەت بەمەبەستی هەڵهاتن لەو بەندیخانەیەی ناویان لێناوە ئازادی دەبن بە میوانی ئاگر و ناچار دەگەڕێنەوە بەندیخانەکەیان بەتەواوی دەسوتێن کە بەدەم وچاوی سوتاویش گەڕانەوە ، ئەو کاتە تەنها ئاواتیان مردنە ، بەڵام هەرگیز مردن بە ئارەزووی ئەوان نابێ و بە فەرمانی ئەوان دوا ناکەوێ لە هاتن و پەلەش ناکات . کەی کاتی خۆی هات پێویست ناکات کەس ئاگاداری بکاتەوە هەروەک پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿**فَإِذَا جَاء أَجَلُهُمْ لاَ يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلاَ يَسْتَقْدِمُونَ**﴾ (سورة الأعراف : ٣٤) . واتە : ئەگەر ئەجەلی هەرکەسێک نزیک بوبەوە ، ئەوا بێگومان نەساتێک دوا دەکەوێت ، نە ساتێکیش پێش دەکەوێت .

خوشکی بەڕێزم : ئەم چەند خاڵەش کەلەمەو دوا ئەیخەمەڕوو سەرژمێرێکی ڕۆژئاوایی‌یە ئەو ڕاستیە ئازار بەخشە ئاشکرا دەکات کە ئافرەتانی ڕۆژئاوا لە خۆشبەختی و ئارامی ناژین ئەوەش مشتێکە لەو خەرمانەی کە تاکو ئێستا بە هەڵە لێی تێگەیشتووی .

(١) ٨٠ ٪ ی ئافرەتانی ئەمریکا پێیان وایە ئەو ئازادی یەی کە ئافرەت بەدەستی هێناوە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەمان و پەرتەوازە بوونی لایەنی ڕەوشت و ئەو توند و تیژییەی کە تاوەکو ئێستا بونی هەبو لە کۆمەڵگاکانیاندا .

(٢) ٧٥ ٪ یان هەست بەنیگەرانی دەکەن بەهۆی داڕوخانی بەها کۆمەلایەتی و پەرتەوازە بونی خێزان .

(٣) ٨٧ ٪ یان ئەڵێن گەر مێژووی بەسەرچوو بگەڕێتەوە دواوە ئەوا داواکردنی یەکسانی بە پیلانێکی کۆمەلایەتی دائەنێین دژ بە ئەمریکا ، وە بەرگری ئەوانەشمان دەکرد کەوا دروشمی یەکسانیان هەڵدەگرت .

(٤) ٤٠ ٪ ی ئافرەتانیان ڕوبەڕوی لێدان و دەستدرێژی کردنەسەر بونەتەوە ئەگەر بۆ تەنها جارێکیش بوو بێت .

(٥) (١٥٢٨٩٠) حاڵەتی لە باربردنی منداڵ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ماوەی یەك ساڵدا ڕوو دەدات .

(٦) ٦٠ ٪ ی کچە خوێندکارەکان چاوەڕوانی ئەوە دەکەن بەر لە تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن ڕوبەڕوی دەستدرێژی کردنەسەر ببنەوە .

چرپەی شەشەم : دان پیانان سەروەری بەڵگەکانە

خوشکی ئیماندارم : ئافرەتانێکی زۆر هەن لەم ڕۆژگارە ئارەزو دەکەن و خەون بەوەوە دەبینن کە وەکو فلانە گۆرانی بێژی ناودار بن یان وەك فیسارە ئەکتەر ناسراو بن ، چونکە ئەوانە خۆشەویستی خەڵکن نوێ ترین جل و بەرگ لەبەر دەکەن خۆشترین خۆراك دەخۆن جوانترین ئۆتۆمبیلیان هەیە خەڵکی خۆشی ئەوێن مالّی جوانیان هەیە لاوەکان بۆ ئیمزایەکیان بەدارا ئەچن ... هتد .

بەڵێ ئەمانە هەمووی ڕاستن ، هەموو ئەوانەیان هەیە وەڕەنگە پێت وابێ هەرچی یەکیان بوێ دەستیان ئەکەوێ ؟ بەڵام گەر وابیرکەیتەوە ئەوا زۆر هەڵەی ، زۆرشتی تریشیان هەیە و بیانەوێ دەستیان ئەکەوێ بەڵام هەموو ئەو شتانەی باسمان لێوەکردن گەورەترین شتی لێزەوت کردوون کە ئەوەش خۆشبەختی هەتا هەتایی‌یە ، هەموو ئەوانەی سەرەوەش بەشتێکەوە خۆشە کە ئەوان نیانە ئەوەش خۆشبەختی و بە ئارامی ژیانە ، بەڵێ ئەو شتانەی هەیانە بوونەتە بەربەستێك لە نێوان ئەوان و خۆشبەختی .

دڵنیابە خوشکی ئیماندارم هەموو ناوداڕەکان و ئەکتەر و گۆرانی بێژەکان تامەزرۆی چرکەساتێکی بەئاسودە ژیان و بەسادەیی ژیانن ئامادەن هەموو ئەوانەی هەیانە لە پێناو خۆشبەختیدا بیبەخشن بەڵام بە داخەوە ڕێگای خۆشبەختیان هەڵە کردووە ، تا لەسەر ئەم حاڵەش بژین تامی خۆشبەختی ناچێژن ، خۆشەویستی خەڵکیش بۆیان خۆشەویستی‌یەکی کوێرانەیە . گۆرانی بێژێك چەندین مانگ ژیان لە

خۆی تاڵ ئەکا زۆر جار سالێك بۆ بەرهەم هێنانی ڤیدیۆ کلیپێك ، خەڵیش بەیەك چارەکە سەعات گوێ لە هەمووی دەگرن .

کەوابوو ژیانیان لە کارکردن ماند و بوونێکی بەردەوامە ، کوا خۆشبەختی !!؟

خوشکی بەڕێز : ڕێگای خۆشبەختی و ئەو ڕێگایەی ناوداڕەکان (گۆرانی بێژ و ئەکتەرەکان) هەڵیان بژاردووە بەیەکەوە نایان گونجێ خۆشبەختی پێویستی بەڕێگای خوا پەرستی هەیە تەنها لە ڕێگای خوا پەرستییەوە ئەیبینیتەوە. ناودار و گۆرانی بێژ و ئەکتەرەکان ڕێگای خوشبەختیان هەڵەکردووە چونکە پشتیان لە خواپەرستی هەڵکردووە بۆیە ئاسایییە لە نائارامی بژین ئەمە بەڵێنێکەو خوای پەروەردگار بە هەموو کەسێـــکی داوە کە پشت لە خواپەرستی بکات هەروەك ئەفەرموێ : ﴿ **وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكًا** ﴾ (طه : ١٢٤) ، واتە : ئەو کەسەی کە پشت لە زیکری خوای پەروەردگار بکات ، ئەوا ژیانێکی پڕ لە کوێرەوەری و دژواری دەبێت ، ئەمەی خوارەوەش وتەی سەرزاری ئەو ناوداڕانەیە کە ڕاستی ژیانی هونەرمەند وناوداڕەکانمان بۆ دەخەنە ڕوو (**برجيت باردو**) ئەستێرەی (**إغراء**) وتوویەتی : (ئێستا کە سەیری یەکێك لە فلیمەکانی ڕابردووم ئەکەم ، تف لە ڕووی خۆم ئەکەم و دەست بەجێ تەلەفزیۆنەکە ئەکوژێنمەوە، من چەندە بێ نرخ بووم) .

هەروەها (**هناء ثروت**) لە دوای وازهێنانی لە هونەر ئەڵێ: (بـەڵێ بڕیـاری وازهێنانم لە هونەر ڕاست ترین و باشترین بڕیارێکە لە ژیانمدا دابێتم .ئەوەش بەســە

کە وازهێنانەکەم وای لێکردم هەست بەو خۆشبەختییە بکەم کە پێویستم پێی بـوو .. سوپاسی پەروەردگارم ئەکەم کەوا پێش بەسەرچوونی کات خۆمم ڕزگار کرد)

دەتۆش **خوشکی بەڕێز :** پێش هاتنی ئەجەل بگەڕێوە سەر ڕێگای ڕاست و ئارەزووی ئەوە بکە وەك فلّانە هاوڕێت جلەکانت پۆشتە بن ، وەك فیسارە دراوسێ قورئان لەبەر بکەی ، وەکو کچانی خەڵوز بۆ ئاینی ئیسلام بانگەشە بۆ دینەکەت بکەیت و ئامۆژگاری ئاڕاستەی ئەو کچانە بکەی لە ڕێگای ڕاستی ئیسلام لایان داوە ، کتێب و کاسێتی بەسود بەسەر کچاندا دابەش بکەیت . بەڕاستی کاتی ئەوە هاتووە ئارەزوی خراپە بگۆڕیتەوە بە کرداری چاك ونوێ و شەرعی، واتە پێویست بە بیرکردنەوە ناکات بڕیارێکی ڕاست بدەو بگەڕێوە سەر ڕێگای ڕاست.

* * * * * *

چرپەی حەوتەم :

دوایەمین وێستگا ... مردن !!!

بیرت نەچێ خوشکم بەر لەوەی چاوەکانت بۆ چەند چرکەیەك داخەی ، ڕۆژێك دێ بۆ هەتاهەتایی چاوەکانت لەم دونیایە دادەخەی و مالّئاوایی لە شتە ڕەنگاو ڕەنگەکانی دونیا دەکەی . ڕۆژێك دێ مردن دەبێتە میوانت ، و هەرگیز دەرباز بوون نییە سەیر لەوەدایە لە پڕێکا دێت بەبێ ئەوەی مۆڵەتت لێ وەرگرێ یان تەلەفۆنێکت بۆبکا یان لە دەرگاکەت بدا خۆی ئەکا بەژورا ، و باکی نی یە میوانت هەبێ یان تاقی کردنەوە ، باکی نی یە فلیمی ئەمڕۆت لە دەست دەرئەچێ یان دەبێ لە گەڵی بڕۆی لە گەڵ کێ ؟ فریشتەی ڕوح کێشان (**مَلك الموت**) ؟!

پەروەردگارت کاتی زۆری پێ بەخشیت نەتتوانی بە باشی بەکاری بێنی بۆیە کاتت بەسەرچوو ، هەروەکو کاتی تاقی کردنەوە کاتەکەت بەسەر چوو دەفتەرەکەی بەردەستت لێ ئەسێنن بەڵام تاقیکردنەوەی دونیا قەرەبوو و جێگیری (**تعويض**) ئەکرێ دەرفەتێکی تر و تاقیکردنەوەیەکی ترت لە پێش ئەبێ بۆ ناجح بوون هیچ نەبێ بەدرێژایی سالّی خوێندن کاتت لە پێشە بەڵام مردن یەك جارە و هاتنەوەی نییە بۆ دونیا با هاواریش بکەی گەڕانەوە نییە هەروەك پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿حَتَّى إِذَا جَاء أَحَدَهُمُ الْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ارْجِعُونِ﴾ (المؤمنون : ٩٩) . واتە : کە مردن یەخەی پێگرتن ، دەڵێن ئەی پەروەردگار بمانگێڕەوە .

بەڵام کە مردن هات ئەبێ لە گەڵیا بڕۆی چاوەڕوانت ناکات جلێکی نوێ لەبەرکەی و پرچت بهێنی ، کاتی ئەوەت ناداتێ مالّئاوایی لە کەس بکەیت و سەردانی کەس بکەیت .

ئەزانی باسی چیت بۆ ئەکەم ؟ **مردن ...!! مردن ...!!**

ئەو مردنەی کە بەزەیی بە منداڵی ناو لانکدا نایاتەوە ، ئەو مردنەی باکی نییە و جوانییەکەت هیچ کاری گەرییەکی نابێ لەسەری ، مردن ئەو ساتە وەختەیە کە هەرگیز ناتوانی لە خشتەی بەری و فریوی بدەی ، مردن نە کورێکی ساویلکەیە و نە مامۆستایەکی دڵنەرمە و بە هۆی بەرنامەی تەلەفزیۆنییەوە نەتخوێندبێ و بەدرۆوە بە مامۆستاکەت بڵێی نەخۆش بووم !! ناشتوانی لە دەستی هەڵبێی وەک پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿**قُلْ إِنَّ الْمَوْتَ الَّذِي تَفِرُّونَ مِنْهُ فَإِنَّهُ مُلَاقِيكُمْ**﴾ (الجمعة : ٨) . واتە : پێیان بڵێ ئەو مردنەی کە لێی هەڵ دێن ، بێگومان توشتان دەبێت

دوێنێ لە گەڵ کورێکا بە مۆبایل قسەت ئەکرد ! بە باوکت ووت پەیمانی هاورێمە !! تا درەنگانێك لە پارك و بازاڕ دەبیت بە ماڵەوە ئەڵێی دەرسمان هەبوو ..لە ماڵی تارا بووم !!

هاورێکەت هاتە بەردەرگاتان ووتت پێی بڵێن لە ماڵەوە نییە باشە لە پێشوازی مردن چی ئەکەی ؟چ فێڵێکی تر بەکار ئەهێنی ؟

چ درۆیەکی تر ئەدۆزیتەوە؟ چۆن لێ ی هەڵدێی ؟

بیر مەکەرەوە پێویست بەوە ناکات بیر بکەیتەوە چونکە هەرگیز دەرباز بوون نی یە هەر دەبێ بمری ، وەک خوای باڵا دەست ئەفەرموێ : ﴿**كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ**﴾ (العنكبوت : ٥٧) .

واتە : هەموو نەفسێك ئەبێ مردن بچێژێت .

بۆیە خوشکی باوەڕدار ئاگاداری مردن بە ڕەنگە لە ساتە وەختێکا بمرێ لە سەر ڕێگایەکی خراپ بی ، یان ڕەنگە لە کاتی نوسینی نامەیەکی سۆزداری بمری ، یان لە کاتێکدا بێت گوێ لە گۆرانی بگریت و سەیری فلیمێکی ناشەرعی بکەی و کۆنترۆڵی تەلەفزیۆنەکەش هەر بەدەستەوە بێت .

خوشکێ : مردن جیاوازی لە نێوان هەژار و دەوڵەمەند و گەورە و بچوکدا ناکات ، مردن دەسەلاتدار و بێ دەسەلات وەك یەکن لای ، لەش ساغ و نەخۆشی بۆ نی یە ، بەڵکو هەندێ جار جوان پێش لەوانی تر دەمرێ لاو پێش پیر ، دەوڵەمەند پێش هەژار ، لەش ساغ پێش نەخۆش .

* * * * * *

چرپەی هەشتەم : ڕێگای ڕزگار بوون

ڕەنگە لە خۆت بپرسی چۆن لە بێزاری و ناخۆشیەکان ڕزگار ئەبم و ئەگەمەوە خۆشبەختی ؟ ڕێگای خۆشبەختی لە کوێیە ؟ پێش تۆ خەڵکانێکی زۆر هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی سەرەوەیان داوە بە داخەوە زۆرێکیان پەنایان بردە بەر شتی لاوەکی و ناشەرعی بە بیانووی گەڕان بە دوای خۆشبەختی ! لە وان وابوو خۆشبەختی و ڕزگاربوون لە ناخۆشیەکان بە کڕینی جوانترین جل وبەرگ و گوێگـــرتن لە نوێ ترین گـۆرانی بەدەس دەهێـــنن لە وان وابوو بە سەیـرکردنی نوێ ترین زنجیرە تەلەفزیۆنی کەناڵە ئاسمانی یەکان پەند وەرئەگرن و ڕێگای خۆشبەختی ئەبیننەوە .

بە داخەوە ڕێگەیان هەڵەکردبوو ،ڕێگەیەکی هەڵەیان هەڵبژاردبوو بە تەواوی دوور لە ڕێگای ڕاست و ڕزگاربوون و خۆشبەختی .

وەڵامی پرسیارەکانی سەرەوەش بۆ زیاتر لە هەزار ساڵ پێش ئێستا وەڵام دراوەتەوە .

ڕێگای خۆشبەختی پەروەردگار وەسفی کردوە و ڕێنموویی خەڵکی بۆ کردووە وەك ئەفەرموێ : ﴿وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ﴾ (الأنعام : ١٥٣) . واتە : ئەمەیە ڕێگەی ڕاستی من ، شوێنی بکەون .

ڕێگاکانی بە دەست هێنانی خۆشبەختی زۆرن لە وانەش :

* خۆشبەختی لە باوەڕ هێنانە بە پەروەردگار و پێغەمبەران و کتێبە ئاسمانیەکان فریشتەکان و ڕۆژی دوایی ، و بەخێر و شەڕی قەدەر .

* رزگاربوون و بەدەست هێنانی بە خشتەوەری لە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ بەدی دێ .

* خۆشبەختی لە بەردەوام بوونە لە سەر هەر (٥) فەرزی نوێژ و ئەنجامدانی لە کاتی خۆیدا و ئەنجامدانی بەدڵکزی و خشوعەوە .

* خۆشبەختی لە زەکات داندایە .

* خۆشبەختی لە ترسان لە پەروەردگار و ئارامگرتندایە .

* خۆشبەختی لە خوێندنی قورئان و شەونوێژ کرندایە .

* خۆشبەختی لە پاراستنی زمان و قسەی خراپ و پاك ڕاگرتنی گوێیەکانە لە بیستنی قسەی خراپ .

* خۆشبەختی لە گوێڕایەڵی کردنی دایك و باوکدایە .

* خۆشبەختی لە ڕاست گۆیی‌دایە .

* خۆشبەختی لە حیجاب و خۆداپۆشیندایە بە لەبەرکردنی جلی شەرعی و دوورکەوتنەوە لە خۆشویهاندنە بە پیاوان لە جل و بەرگ و ڕەفتارەکانی تر .

* خۆشبەختی لە فەرمان کردنە بە چاکە و نەهی کردن لە خراپە

بە گشتی خۆشبەختی لە کارکرن و گوێڕایەڵی کردنە بە ناوەڕۆکی قورئان و سوننەت و ئەنجامدانی ئەوەی فەرمانیان پێدراوە و دوور کەوتنەوە لەوەی قەدەغەیان لێکراوە .

وتەی کۆتایی

خوشکی باوەڕدارم : ئەمەی خوێندتەوە گوڵبژێك بوو لەو چرپە بەسودانەی کە بەدڵنیاییەوە گەر بە باوەڕ و دڵەوە خوێندبێتەوە بەسە بۆ ئەوەی بە هۆیەوە ڕێگای خۆشبەختی بدۆزیتەوە ، دڵنیام گەر یەکێ ـ هەر کەسێ بێ ـ بە ووتەیەکی کورت و شیرین بە دێڕێك ئامۆژگاری وەڕزبێ و سودی لێوەرنەگرێ چاوەڕوانی ئەوەی لێناکرێ بە کتێبخانەیەك ئامۆژگاری و پەند وەرگرێ ، ئەم نوسینەش هەرچەند کەمەو هەوڵی کورت بڕیم داوە ، بەڵام زۆرە بۆ کەسێك بە فەرمودەیەکی پێغەمبەر ﷺ کاری گەربێ و کاری پێ بکا .

دڵنیام گەر بیروهۆشت خستبێتە خزمەتی خوێندنەوەی ئەم نوسراوە ئەوا بەڵێنت داوە ئەو جلەی لە بەرت کردبوو بۆ ئاهەنگە کاتییەکەی دونیا دای ئەکەنی و تا لە تواناتدا بێت تووڕی ئەدەی ، دڵنیام گەر بە وردی خوێندبێتەوە ئەوا هانی هاوڕێکانیشت ئەدەیت کەوا بگەڕێنەوە و نەچن بۆ ئاهەنگەکەی دونیا .

ئەوانەش کە ڕۆشتون کاتی ئەوە هاتووە بگەڕێنەوە چونکە ئاهەنگێکی خۆشتر چاوەڕێتانە ئاهەنگی خۆشبەختی هەتایی ، بۆیە وەك برایەك داوات لێ ئەکەم کە دوای خوێندنەوەت بۆ ئەم نوسراوە هانی یەکێکی تر بدەی بۆ خوێندنەوەی با بگاتە دەستی زۆرترین کەس بۆ ئەوەی بەشداری ئەم کارە خێرە بکەیت هەروەك پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی : " **الدَّالُ عَلَى الْخَيْرِ كَفَاعِلِهِ** " [٤] واتە : ئەو کەسەی کە چاکەیەك بە کەسێك پیشان بدات ، وەکو ئەوەیە کە خۆی ئەنجامی دابێت .

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلّٰهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

---

[٤] صحيح الجامع الصغير : ٣٣٩٩ .

نامەی سێیەم

ڕێگرەکانی خۆشبەختی گوڵی کۆمەڵگا

خوشکی باوەڕدار : ڕێگای خۆشبەختی وسەرفرازی هەتاهەتایی ئەم بەرو ئەوبەری بەخۆشی یە کاتی یەکانی دونیا ڕازاوەتەوە . ڕێگایەکی ڕاستەو چەندین تولە ڕێی لێبوەتەوە ، جاخۆشبەخت ئەو کەسەیە کە لانەکاتەوەو نەڕوانێتە ڕاست و چەپی خۆی ، بەڵکو چاوی لەهەنگاوەکانی بێ ، وڕاست ملی ڕێگا ڕاستەکە بگرێ تاوەکو خۆشبەختی بەدەست ئەهێنێ .

ئەم ڕێگا ڕاستەش کە گرتوتە دەتباتە دوایەمین وێستگا کەبەهەشتی بەرینە ، وەك چۆن چوار دەوری بەهەشت بەتاوان وحەرام وشتی لاوەکی وڕەنگاو ڕەنگ ڕازێنراوەتەوە ، ئەوا ئەم بەرو ئەو بەری ڕێگای ڕاستیش بەتولە ڕێی خراپ ڕازێنراوەتەوە ، وەك شاعیر دەڵێ :

چوار دەوری بەهەشت هەر درك ودااڵە
بـۆیێ سەبرەکـــان گـــەلێ مـــــەحـــاڵە
دەوری جـــــەهـــــەننەم گـولڵ وگولزارە
نـــەفس پێی خـــۆشە چـــون تاوانبارە

وەپێغەمبەری خواش ئەفەرموێ : **" حُفَّت الجنة بالمكاره ، وحُفَّت النَّار بالشَّهوات "** [1] ، واتە : بەهەشت پەرژین کراوە بەو شتانەی کە دەروون ڕقی لێیانە و پێی ناخۆشن ، دۆزەخیش پەرژین کراوە بەو شتانەی کە دەروونی مرۆڤ ئارەزووی لێیانە

---

١) رواه البخاري ومسلم وهذا لفظ مسلم ، ولفظ البخاري : " حُجِبَت النَّارُ بِالشَّهَوَاتِ وَحُجِبَت الْجَنَّةُ بِالْمَكَارِهِ "

جا خوشکە بەڕێزەکەم : وریابە نەکەی شوێن هەواو ئارەزووەکانت کەوی و بەختوکەی شەیتانی نەفرەت لێکراو هەڵخەڵەتێی وخۆشبەختی هەتاهەتایی لەدەست بدەی وخۆت توشی ناسۆرو ئێش وئازارێك بکەی کەدەرچون و ڕزگاربوون لێی گەلێ مەحاڵە جا لەوکاتەدا پەشیمان بوونەوە هیچ دادت نادات ، تەنها ئەوەنەبێ کە سەرکۆنە وسەرزەنشتی خۆت بکەی ئەوەش هیچ سودێکی نابێ ، بۆیە خوشکی بڕوادارم بەدەستهێنانی بەهەشت هەروا ئاسان نی یە پێویستی بەماندوو بوون و وازهێنانە لەشوێن کەوتنی هەواوئارەزووەکانت و پاراستنی سنورەکانی پەروەردگارت ، بەپێچەوانەوە! دۆزەخیش ئاسانە ، چونکە شەهوەت وخۆشی کاتی دونیایی وبانگەوازکارانی ڕێگای خوار و خراپ گەلێ زۆرن ، تاوانەکان وسەرپێچی کردنی فەرمانەکانی خوای گەورەت لاجوان وشرین وڕازاوەئەکەن . ئەو کاتە جوانەی کەخوای پەروەردگار پێی داوی بۆ ئەوەی خوشبەختی نەبڕاوە و بەهەشتە جوان وڕازاوەکەی پەروەردگارتی پێ بەدەست بێنی کەچی هاوڕێ خراپ وشەیتانەکانی ئینس وجن وات لێ ئەکەن کاتەکانت بەشتی پڕوپوچ و شتەلاوەکی یەکانەوە بەسەربەری بۆئەوەی بێ ئاگات کەن لە فرمانەکانی پەروەردگار ، و لەو لاوەشەوە ببی بەیاری چەی دەستی ئەوان تابەو هۆیەوە ئارەزووە گلاوەکانی خۆیانی پێ تێرکەن .

جا کەسی ژیر وبەئاگا ئەوەیە کە بەهیچ شێوەیەك لایان بەلاوەنەکات وبەهەشەت لەدەس خۆی نەدات بۆ چەند ساتێك خۆشی بڕاوەی دونیایی .

خوشکی شیرینم : بۆئەوەی خۆت ودەستەخوشکەکانت بگەنە کەناڕێکی ئاسایش وهێمن ، وە بۆ ئەوەی بگەنە خۆشبەختی یەکی هەتاهەتایی ئەوا پێویستە

لە سەرتان ئەو کۆسپانە تێپەڕێنن کە لە ڕێگاتان دانراون هەر لە شەهوەت وخۆشویستنی دونیا وتاوان کردن وحەرام وقەدەغەکراوەکان وکردار وگوفتارەناشەرعیە کان ... هتد . بەبێ ئەوەی هیچیان ئەنجام بدەن یان بەباشی بزانن ، وەدەبێ ئارامی لەسەر بگری ، چونکە ئارامگرتن دواڕۆژێکی باشی لەشوێنە ، وە کەوتنە دوای هەواو ئارەزووش دواڕۆژێکی خراپی لێ ئەکەوێتەوە ، هەروەك پەروەردگار ئەفەرموێ ﴿ فَأَمَّا مَن طَغَى وَآثَرَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا فَإِنَّ الْجَحِيمَ هِيَ الْمَأْوَى وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ وَنَهَى النَّفْسَ عَنِ الْهَوَى فَإِنَّ الْجَنَّةَ هِيَ الْمَأْوَى ﴾ [٢] ، واتە : وە سەبارەت بەوەی کە سەرکەشە و لە سنوری خۆی دەرچوە ، دونیا پێش دەخا و دەیدا بە سەر دواڕۆژیدا ، ئەوا جێگا و ئاکامی ئەوانە دۆزەخە ، بەڵام ئەوانەی کە ترسی خوای پەروەردگاریان هەیە و جڵەوی نەفسی خۆیان دەکەن لە کردنی خراپە ، و شوێنکەوتنی ئارەزووەکانیان ،ئەوا ئاکام و مەزڵگای ئەوانە بەهەشتی بەرینە .

بۆیە لێرەوە ئاگادارت ئەکەمەوە کە چەندین ڕێگر هەن کە ببنە هۆی ئەوەی لەو ڕێگە ڕاستە لات دەن پەنا ببەنە بەر تولە ڕێگاکان .

خوشکی باوەڕدار : هەمو ڕێگایەك کۆتای یەکی هەیە ، تولە ڕێگاکان دەتگەیەننە بیابان ودڕك ومار ودڕندەی کێوی وتوینێتی وبرسێتی لە ناوچون .

---

[٢] (النازعات : ٣٧ . ٤١) .

ڕێگا ڕاستەکەش هەردەبێ کۆتای یەکی هەبێ شوێنێکی هەبێ تێیدا بحەسێیتەوە . کۆتای یەکەشی دەتگەیەنێتە باخێکی پڕ لەمیوەی خۆش و ئاوی شرین وهەوای فێنك .

ئامان سەدئامان خوشکم بیر لەلادان مەکەوە بۆ پشودان ، ئەم تولە ڕێگایانە شوێنی پشودان نین بەلادانت ڕێگاڕاستەکە هەڵە ئەکەی ملی ڕێگا ڕاستەکە بگرە و بەچواردەوری خۆتا مەڕوانە تەنها چاوەکانت با لەسەرهەنگاوەکانت بێ پشودانەکەشت بخەرە دواوێستگەی ئەم ڕێگایە ، پشودانەکەت بخەسێبەری ئەو بەهەشتەی کە لەدونیادا هەوڵ ومانووو بوونت بۆ داوە و چەندان جار لە پێناویدا ئارامت گرتووە و شوێنکەوتنی هەوا وئارەزووەکانت بۆ پشت گوێ خستووە ئەو بەهەشتەش پەیمانی خوای پەروەردگارە وچاوەڕوانتە و وابۆی ئەچی پشت بەخوا .

خوشکەکەم : گەر بەبیر وهۆشێکی تەواوەوە ئەم نوسراوە بخوێنیتەوە ، ئەوا هیچ نەبێ کۆمەڵێ لەو کۆسپ و ڕێگرانە ئەناسیتەوە کە لەڕێگای راست وخۆشبەختی وبەهەشتەکەی خوای گەورە لات ئەدەن بەهیوای ئەوەی تۆو خوشکەکانت سودی لێوەرگرن وخوای پەروەردگار پشت وپەنا وهیدایەت دەری هەموومان بێت .

* * * * * *

ڕێگری یەکەم

کەناڵە ئاسمانی یەکان

لە گرنگترین ئەو کۆسپانەی کە دەبنە هۆی لە دەست چون ودۆڕانی خۆشبەختی یان یەکێك لەو ڕێگرانەی لە ڕێگەڕاستەکە لات ئەدا و پاکی وبێگەردیت لێ ئەسێنێتەوە پەیوەست بوونە بە کەناڵە ئاسمانی یەکانەوە. کە بەداخێکی زۆرەوە زۆرینەی خوشکانمان تا ئێستاش نەك نەیان توانیوە بەباشی سەتەلایت بەکار بێنن بەڵکو توشی چەندین گیروگرفت وکاری خراپ هاتوون هۆکارەکەشی ئەگەڕێتەوە بۆ پابەندبوون و ئالودەبونیان بەکەناڵە ئاسمانی یەکانەوە .

ڕەنگە بڵێی سەتەلایت زانستی سەردەمە چۆن ڕێگرە بۆ خۆشبەختی ؟! ڕەنگە بەدواکەوتووم بزانی ، چۆنی دائەنێی ئازادی تەنها ئەمەوێ پێت بڵێم برایەکتان هەیە غەمتان ئەخواو پێی خۆشە دوارۆژێکی پرشنگدارتان هەبێ .

خوشکی باوەڕدار: لەڕۆژێکا چەندە بەدیار کەناڵە ئاسمانی یەکانەوە دائەنیشی یەك سەعات دووسەعات چەن فلیم ئەبینی چەن گۆرانی ئەبیسی ؟!

لەوەتەی هەی گۆرانی چی بۆکردووی چ پەندێکت لە فلم وەرگرتووە لەوەنەبێ کاتەکانت بەفیڕۆ ئەدەی ئەوەندەی کاتت بۆ تەلەفزیۆن تەرخان کردووە نیو ئەوەندە بۆقورئان خوێندن تەرخان بکەی بەلای کەمەوە مانگی جارێك قورئان خەتم ئەکەی؟!!

کەناڵە ئاسمانی یەکان چیان پێ بەخشیوی لەکات بەفیڕۆدان زیاتر ، لە ماندووبوونی چاوەکانت وتەماشاکردنی حەرام زیاتر چ سودێکیان بە تۆ گەیاندووە . چەند جار بۆ فلیمێك گریاوی گریانێکی بەکوڵ بۆ ڕوداوێکی دروست کراوی خەیاڵ!! بیرت دێ کەی بەئایەتێکی قورئان گریاوی ، بۆ ڕوداوێکی ڕاستەقینە ، قەت بۆ

حاڵی موسڵمانان گریاوی ؟ قەت بۆ حاڵی خۆت وخوشکانت کە لە کەناری تیاچون وخنکانی دەستی شوێنکەوتنی ئارەزوو ومۆدەکانیانن گریاوی ؟!!!

خوشکێ : کە ئەو هەموو کاتە زێڕینەت بە تەماشاکردنی گۆرانی بێژێکەوە بەهەدەر ئەدەی ، یان بە تەماشاکردنی چەندین کەناڵی ئاسمانی کە سوکایەتی بەئاینەکەت ئەکات ، ولەزۆربەی کەناڵەکاندا سوکایەتی بەئافرەت وجەستەی ئافرەت کراوە بەڕیکلامێك بۆ ڕزاندنەوەی کەناڵەکان !!! بەکورتی خوشکەکەم کەناڵەئاسمانی یەکان دوژمنی سەرەکی ئافرەتن ، دوژمنی تۆو خوشکەکانتن پۆشاکێکی نیوە ڕوت ئافرەتێك ڕیکلامی بۆ عەترو کەرەستەی خۆجوان کردن ئەکات ، فلیم و گۆرانی بەرنامەکان ، بەگشتی ئافرەت بووەتە کاڵایەکی بازرگانی هەرجارە و کەناڵێك بەکاری ئەهێنێ .

ئەمەش بۆ ئەوەی خوشکانی بێ ئاگامانی پێ لەخشتە بەرن و پەردەی حیشمەت وحەیا وشەرەفیان بشکێنن ودووریان خەنەوە لەئاینەکەیان ، و بە ویستی خۆیان چۆنیان بوێ بەکاریان بێنن ، ئەمەش چەندین پلان ونیازی گلاوی تری لەژێردا حەشاردراوە!!

بزانە خوشکی باوەڕدار تاکو جوان وجاحێل بی کەناڵە ئاسمانی یەکان و بەناومافی مرۆڤ و غەم خۆرەکانت تۆیان ئەوێ وبایەخت پێ ئەدەن ، لە کوێ بینیوتە پیرەژنێك ڕیکلام بۆ جل وبەرگ بکات یان غەمی بخورێ وپارێزگاری لە مافی بکرێ ... هتد .

چەند جار لە گۆرانی یەکان گوێت لەوتەی پڕوپوچ وهاوەڵ بڕیاردان بووە !! گۆرانی یەکان پڕن لەهاوەڵ بڕیاردان بۆچەروەردگار ، فلیمەکان سوکایەتی بەئاینی ئیسلام ئەکەن !! بەرنامەکان دژ بە بەرنامەی خوای پەروەردگارە !!!

ئیتر چ دڵخۆشیەکت بەو کەنالە ئاسمانیانە هەیە وچ خۆشیەك لەسەیرکردنی ئەبینی وهەموو کاتەکانتی پێ بەهەدەر ئەدەی لەهەمان کاتدا پەروەردگار لە چرکەبەچرکەی کاتەکانت لێپرسینەوەت لە گەڵدا ئەکات ، وەلاّمت چیە بۆ پەروەردگارت؟!! بۆیە کاتی ئەوە هاتووە واز لەم کارە بهێنی وکاتەکانت بەشتی چاك وبەئەنجامەوە بەسەربەری نەك بەشتی لاوەکی وبێ ئەنجام .

خوشکم لەمڕۆ بەدواوە کاتەکانت باش بەکار بێنە وسودیان لێ وەرگرە پێش ئەوەی مەشغول و سەرقاڵ ببی و لە دەستت بچێ وپەشیمان بیتەوە وەك پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ : " نعمتان مغبون فيهما كثير من الناس : الصحة والفراغ "[٣]

واتە : دوو نیعمەت هەن زۆرینەی خەڵك شوکرانە بژێری خوای پەروەردگاریان لە سەر ناکەن ، ئەوانیش : لەش ساغی و دەست بەتاڵی .

ئەو هەموو کاتەی بۆ تەلەفزیۆنت تەرخان کردووە تەرخانی کە بۆ خوێندنەوەی قورئان وکتێبی بەسود ، وبەگوێ گرتن لە ئامۆژگاری وشتی بەسود کاتەکانت بەسەر ببە. کەنالەئاسمانی یەکان چیان فێرکردووی درۆکردن لە گەڵ گەورەکان ... خۆشەویستی وخۆڕوت کردنەوە خیانەت کردن گاڵتەکردن بەئاین

---

[٣] (رواه البخاري) .

ئازادی دروست کراوی خەیاڵ وچەندین شتی تری بێ ماناو ناوەڕۆك ، ئەی کاتە زێڕینەکەت بیرت لێکرۆتەوە چۆنی بەکار ئەهێنی ؟

ئەو نیعمەتە جوانەی کەخوای پەروەردگار پێی بەخشیوی دەبێ بەم شێوەیە بەکاری بێنی کات ئەو شتەبەنرخەی کەپەروەردگار سوێندی پێ ئەخوا هەروەك ئەفەرموێ : ﴿وَالْعَصْرِ إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ﴾ [٤] ، واتە : سوێند بێت بە زەمانە یان بە کاتی نوێژی عەسر ، مرۆڤەکان هەموو لە خەسارۆمەندیدان جگە لەوانە نەبێت کە بڕوا دەهێنن ، و کردار بەو زانینەیان دەکەن ، و دەیگەیەنن بە کەسانی تر ، و ئارامیش دەگرن لە سەر ئەو شتانەی کە تووشیان دەبێت لەو ڕێگایەدا .

ئایە ئەبێ وابەکاری بێنی ، ئاوا سوپاسی ئەو پەروەردگارە ئەکەی کە لە سەر باشترین شێوە دروستی کردووی وەك خوای میهرەبان ئەفەرموێ : ﴿ لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ﴾ [٥] ، واتە : ئێمە مرۆڤمان لە سەر باشترین شێوە دروست کردووە .

خوشکی بەڕێزم: هیچ شتێك نی یە بەقەد کات گرنگ بێت چەندە کاتەکانت بۆ لادانی ڕێگرەکان تەرخان کەی ئەوەندە درەنگ ئەگەیتە جێگای مەبەست . بیریشت نەچێ چرکە ساتێکی ئاگری دۆزەخ یان تەنها بینینی ئاگری دۆزەخ هەموو خۆشیەکانی دونیات بیر ئەباتەوە بۆیە ئامان خۆت بەدوور بگرە لە فلیم وگۆرانی یە تێکدەرو بەدڕەوشتیەکان وکەنالە ئاسمانیەکان وخۆت لەشەڕیان

---

[٤] (سورة العصر : ٣) .

[٥] (سورة التين : ٤) .

بپارێزە بۆ ئەوەی هەردەم پاك وخاوێن بی ، بیریشت نەچێ (کات وەك شمشێر وایە گەر نەیبڕی ئەتبڕێ) .

خوشکی بەڕێزم : ئەو نەهامەتیانەی بەسەر موسڵمانانداا دێت ئەو ئازارەی کەپێوەی ئەنالێنین هۆکارە سەرەکیەکەی پەیوەست بوونە بە کەناڵە ئاسمانیەکانەوە ، چونکە خوشکەکانمانی فێری خۆڕووت کردنەوە کرد لە کاتێکدا پەروەردگار داوایان لێ ئەکات خۆیان داپۆشن وەك خوای گەورەئەفەرموێ : ﴿ **يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاء الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا**﴾ [٦]

واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە خێزان و کچەکانت و ئافرەتی برۆادارانبڵێ با جلبابەکانیان (جلبابیش : واتە: عابا) بدەن بە خۆیاندا ، ئەوەش نزیك تر بۆ ئەوەی کە بە ڕەوشت بەرز و بە حەیا و حیشمت و قورس و سەنگینی بناسرێنەوە ، تا ئەزیەت و ئازار نەدرێن ، پەروەردگاری تۆش لێبووردە و میهرەبانە .

فێری خۆشەویستی بێ ناوەڕۆك وعەشقی کردن لەکاتێدا برایەکی کەمتان هەیە ودڕندەیەکی زۆر دەوری داون وچاوێکی زۆرتان لە سەرە. کەناڵە ئاسمانی یەکان خوشکەکانی فێری لاسایی کردنەوەی بێ باوەڕان کرد ، چ لەجل پۆشین و چ لە ڕەفتار کردن وهەڵسوکەوتکردندا ، لە کاتێکدا پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ ئەفەرموێ : " خالفو المشرکین " ، واتە : پێچەوانەی بێباوەڕان ببنەوە .

---

[٦] (سورة الأحزاب : ٥٩) .

فێری نەزەر کردنی کردوون لەکاتێکدا پەروەردگار داواتان لێ ئەکا کە چاوتان لە تەماشاکردنی حەرام بپارێزن وەك ئەفەرموێ :﴿ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ﴾ [٧] ، واتە : بە ئافرەتانی بڕوادار بڵێ کە چاویان لە تەماشاکردنی حەرام بپارێزن ، داوێنیشیان بپارێزن .

دەپێم بڵێ لەشتی خراپ زیاتر چی لە کەنالّە ئاسمانییەکانەوە فێربوویت ؟! فێری کردیت قسەی خوا وپێغەمبەرەکەت ﷺ پشت گوێ بخەیت وبەگوێرەی بەرنامە داڕێژراوەکانی ئەوان ڕەفتار بکەی بەگوێرەی شەهوەتی خۆتان ڕەفتار بکەن .

خوشکی خۆم : بێدار بەرەوە کەنالّە ئاسمانیەکان بیابانێکی بێ ئاوە داڕێکی سەوزی تێدا نییە لەتوینێتیدا ئەخنکێی ، کەسیش فریات ناکەوێ بۆیە تەنها بیرت بخەلای ئەو باخە پڕ لەمیوە وئاوەشرینەی لەدواوێستگەی باخی ڕێگاڕاستەکە چاوەڕوانتە.

* * * * * *

[٧] (سورة النور : ٣١) .

ڕێگری دووەم

تێکەڵاوبوونت بۆ کوڕان

(هەرگیز گورگ ومەڕ لە قاپێکا پێکەوە ئاو ناخۆنەوە)

یەکێکی تر لەو ڕێگرە کوشندانەی کە دواجار سەرت ئەکاتە مالّی گورگەکان تێکەڵاوبوونە لەگەڵ پیاواندا . خوشکی بەبڕوا ڕەنگە بەدواکەوتووم بزانی کە داوات لێ بکەم لەگەڵ کوڕان تێکەڵ نەبی تۆو خوشکەکانیشت بەهەر شێوەیەك ناوم لێ ئەنێن بینێن، تووندڕەو ، گێل ، دواکەوتو ، گەردنتان ئازاد بێ لێتان ناگرم بیروبۆچونی تایبەتی خۆتان هەیە بەڵام لێم ببورن کەپێتان ئەڵێم بێ ئاگان بەڕاستی بەهەڵەدا چون ئەمەش وتەی سەرزاری یەکێك لە موعجیبەکانتان نیە ، بەڵکو وتەیەکە لەسەرزاری برایەکی دڵسۆزتانەوە سەرچاوەی گرتووە و لەڕێگای نوسینەوە بۆتانی دەرئەبڕم ، ڕەنگە بڵێی فلاّنە کوڕ هاوڕێمە ، وەك خوشك وبرا واین !! لە ئامۆزا باشترە بۆم !!

لێت ئەپرسم ئایا تۆ و دەستەخوشکەکانت لەپەروەردگار و پێغەمبەرمان ﷺ باشتری لێ ئەزانن کەپێتان ئەفەرموێ :

((لا يخلون رجل بامرأة إلا وكان الشيطان ثالثهما)) [٨] واتە : هیچ کاتێك نی یە کە پیاوێك بە تەنها بێت لە گەڵ ئافرەتێکدا ئیللا شەیتان سێیەمیان دەبێت

---

[٨] (صححه العلامة الألباني في : السلسلة الصحيحة ، برقم : ٤٣٠) .

چەند جار بەنیو سەعات لەگەڵ کوڕێکا بەتەنهایی پیاسەت کردووە کێ ئاگای لێت بووە کێ سێیەم کەستان بووە ؟! شەیتانی ناماقوڵ ئەو شەیتانەی کە بەڵێنی داوە لەخشتەتان بەرێ وەك وتویەتی : ﴿ قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴾ [٩] ، واتە : شەیتان ووتی : سوێند بێت بە عیزەتی تۆ ئەبێت هەموویان لە خشتە بەرم و تووشی گومڕاییان بکەم .

پاشان لەسەر چ بنەوایەك کوڕان بەبرای خۆتان ئەزانن ؟! کێ ئەم حەقەی پێداون ، پەروەردگار ئەفەرموێ : [أَمْ لَهُمْ شُرَكَاء شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّهُ ﴾ [١٠] ، واتە : ئایا ئەو جۆرە کەسانە کەسانێکی تریان بە هاوەڵی خوای پەروەردگار داناوە بۆ ئەوەی شەرعیان بۆ دابڕێژن لە شتێلێکدا کە خوای پەروەردگار لێیان ڕازی نیە

کوڕی واش هەیە لە دوای (١٨) ساڵانەوە ئەیناسی !! باشە چۆن ئەم کوڕەت کردە برای خۆت ؟! کێ ڕێگەی پێداوی؟! تا ئێستا نەت زانیوە ئەم کارەت هەڵەیە و دژبەو یاساو ڕێسایەیەکە پەروەردگار داینناوە؟ یان ئەتەوێ یاسا وڕێسای ئیسلام لە شەو و ڕۆژێکدا بگۆڕی؟!

ئەی ئەو کەسەی باوەڕت بەقەدەر هەیە : کوڕێك بەبرای خۆت ئەزانی رەنگە قەدەری تۆ و ئەو کوڕە بەیەکەوە بێ و بێتەخوازبێنیت وڕازی بیت باشە ئەو هەموو ساتەوەختانە چۆن لەبیر ئەکەی کە بەبرات زانیوە و ئێستا لە مانێکدا ئەژین !!! گەر برا بەڕاستی برابێ چۆن دەچێتە خوازبێنی خوشکی خۆی ئەمە ئەگەر وابێ و

---

[٩] (سورة ص : ٨٢) .

[١٠] (سورة الشورى : ٢١) .

سەرەنجامەکەشی بەژن ومێردایەتی بگات ، ئەوا چاك بزانە کە زۆر زەحمەتە ئەو ژن و مێردایەتییەی کە بەسۆزداری بەیەك ئەگەن بەردەوام بێ ، زۆر کچ هەبووە کە کوڕێکی خۆش ویستووە و باوەڕی بە وتە گلاوەکانی کردووە و خەریکی گۆڕینەوەی وتە ونامەی سۆزداری بووە لە گەڵیدا کەچی تەنها مەبەستی ڕابواردن وگالتەکردن بووە بەئافرەتان وخوازیێنی یەکێکی تری کردووەو ئەو کچەش کەماوەیەك لەگەڵیدا بووە وچاوەڕوانی ئەو بووە تائێستا بیریشی لەخوازبینی کردنی نەکردۆتەوە بەڵکو هەموو پەیمانەکانی تەنها بۆ زیاتر فریودانی ئافرەتانی بێ ئاگا و خۆش باوەڕ بووە وهیچی تر !!!

خوشکی باوەڕدارم : بۆیە ئەمەت ئەخەمە پێش چاو چونکە زۆر بەناو خوشك وبرای زۆری لەم شێوەیەمان بینی نەك ئەنجامی بەژن ومێردایەتی کۆتایی هاتبێ بەڵکو ئەنجام تەنها کچی بێ ئاگای تێدا بووەتە قوربانی دەستی گورگە برسیەکانی شەهوەت وئارەزوو و کوڕیش وەك ئەوەی مێشێك میوانی نەبووبێ ! بۆیە ئەم جۆرە برا وخوشکی یە هیچ ئەنجامێکی باشی نابێ ، چونکە لەسەر بنەمایەکی خراپ بنیات نراوە. ئەم چیرۆکەی خوارەوەش کە لە کوردستانی خۆمان ڕوویداوە وبەسەر یەکێك لەخوشکەکانت هاتووە باشترین بەڵگەیە لە سەر ئەو ووتەیەی کە دەیڵێم .

ئافرەتێك لەدوای سێ سالٌ پێ ئەنێ بەجەرگی خۆیا ودوا بڕیار ئەدا کەڕاستی بدرکێنێ سێ سالٌ ژیان لەترس لە دڵە ڕاوکێ وخۆحەشار دان لەڕاستی ، سێ سالٌ لە درۆکردن بۆ دواجار بڕیار ئەدا گەر بیشی کوژن هەر ڕاستی بدرکێنی .

کێ بیکوژێ ؟ چ ڕاستی یەك بدرکێنێ ؟ ڕاستی یەکی بەئازاری نە بڕاوە ئافرەتێك لەدوای سێ ساڵ ئەچێتەلای مەلایەك وپێی ئەڵێ مامۆستا گەر بشم کوژی ئەم جارەیان ڕاستی یەکەی ئەڵێم .

مامۆستا من سێ منالّم هەیە گرفتەکەم لەوەدایە نازانم منالّی مێردەکەمن یان منالّی برای مێردەکەمن .

خوشکی ئیماندار بۆجاری یەکەم ئەو گورگە درندەیە بەزۆری بازوو چی ویست کردی وژنی براکەیی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە پاشان دوای سێ ساڵ ئەمە ئەنجامەکەیەتی نازانێ منالّی مێردەکەین یان برای مێردەکەی !!

گەر ئەمە حالّی برای مێرد بێ ئاخۆ چ بەکوڕانێك ئەڵێی کە بۆ ماوەیەکی کەمە ئەیناسی ؟! گەر برای مێرد وابێ کە ئەبوایە شەرەف وناموسی براکەیی بپاراستایە کەچی خۆی یەکەم کەسێك بووە کە ئابڕووی براکەیی بردووە !!!

بۆیە خوشکی بەڕێزم وریابە لە برای مێردوو کەسانی تریش ، چونکە پێغەمبەرمان ﷺ ئەفەرموێ : ((إياكم والدخول على النساء ، فقال رجل من الأنصار يارسول الله أرأيت الحمو ؟ قال : الحمو الموت)) [١١] ، واتە : ئامان وریابن ئەگەر ئافرەت بە تەنها بوو نەڕۆنە ژوورەوە بۆ مالّەکانیان ، پیاوێك لە ئەنصاریەکان ووتی : سەبارەت بە خزمانی پیاو چی دەفەرموویت ؟ ئەویش فەرمووی : خزمانی پیاو مردنە .

---

[١١] (متفق عليه) .

خوشکی ژیرم : ئەوشەیتانەی لەگەڵ برای مێردی ئەو ئافرەتەیا بوو کەلەکاتی تەنهایی یان سێیەم کەسیان بوو هەمان ئەو جۆرە شەیتانانە لەگەڵ کوڕاندایە و هەر جارەی جۆرە ختورەیەك لەدڵی کوڕاندا دروست ئەکەن بەرامبەر بەئێوە.

ئەمە حاڵی برای مێرد بێ کە باکی لەشەرەفی براکەی نەبێ !! تەنها بیری لای خاڵی کردنی شەهوەتەکەی خۆی بێ چ بەکوڕانێك ئەڵێی کە ڕەنگە خاوەن دوکانێك بێ بۆشت کڕین سەردانت کردبێ یا هاوەڕێی خوێندنت بێ وچەند سەعاتێ لە گەڵیا بی ؟!!!

برای مێرد خەمی کچێکی نەبێ کە برایەکی ڕاستەقینەیە ئەی چ بەکوڕانێك ئەڵێی کەهەر لێت دابڕان بیریان ناکەویتەوە تاجارێکی دی نەتبیننەوە ؟!!

ئەمە جگە لەو ڕەفتارەی هەندێ لەخوشکان ئەیکەن پەروەردگار هیدایەتیان بدات جگە لە تێکەڵاو بوونیان بەپیاوان زۆر لەخوشکان جلی وا لەبەر ئەکەن کەهێندەی تر سەرنجی کوڕان ڕائەکێشن یان بەشێوازێك بەڕێوە ئەچن کوڕان دوایان بکەون یان بە شێوازێك قسەیان لەگەڵ دا ئەکەن کوڕان هێندەی تر ئالودە ئەبن بەبینینیان !!!

بەبێ ئەوەی بیریان کردبێتەوەلەوەی کەپەروەردگارمان ئەفەرموێ : ﴿ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ ... وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ

لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴾ [١٢] واتە: بە ئافرەتان ڕابگەیەنە کە چاوەکانیان لە ئاستی حەرامدا بپارێزن ، و داوێن پاکیش بن ، جوانیەکانیان دەرنەخەن ، ... ، و بە شێوەیەکیش بە ڕێوە نەچن کە خرخاڵەکانی پێیان دەنگی لێوە بێت ، بەو کارەیان جوانیەیە شاراوەکانیان دەربخەن ، و ئەی بڕوادارانی هەموو تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای پەروەردگارتان بەڵکو سەرفراز بن .

بۆیە هیچ کوڕێك براتان نیە ونابنە براتان تەنها ئەو کوڕانە نەبێ کە خوای گەورە بەبراتانی داناون ، گەر بەدوای برای ڕاستەقینەدا ئەگەڕێن ئەوا پێتان ئەڵێم ئەو کەسانە براتانن کەبەبێ ئەوەی لەگەڵتاندا بووەستن و پێویستیان بەئامادە بوونتان هەبێ ، و بەبێ ئەوەی لەلاپاڵێکا ئامۆژگاریتان بکەن ، وەکو برایەکی دڵسۆزتان لەڕێگەی نوسینەوە ئامۆژگاریتان ئەکەن ونایانەوێ بەدەمتانەوە بووەستن ، چونکە ڕێگەیەکی تریان هەیە بۆ ئامۆژگاریتان ئەویش نوسینە بۆیە هیچ نەبێ هەرکتێبێ ئامۆژگاری کردن و سودی بۆتان هەبوو ئەوا ئەو کتێبە بەبرای خۆتان بزانن هەرکتێبێ ڕێگای ڕاستی پیشاندان و وتەی خوا وپێغەمبەری تیابوو ﷺ ئەو کتێبانە باشترین بران بۆ ئێوە بەڵکو لەبراش باشترن .

* * * * * *

[١٢] (سورة النور : ٣١) .

ڕێگری سێیەم

تەلیفۆن ومۆبایل

خوشکی باوەڕدارم : بمبورە چەند خولەکێك لەکاتی زێڕینت ئەگرم بمبەخشە وەك برایەك دوو داواکاریم لێت هەیە :

یەکەم : بۆ چەند خولەکێك مۆبایلەکەت داخەو چاوەڕوانی جەرەسی کەس مەکە .

دووەم : ئەم نوسینەی خوارەوە بخوێنەرەوە وبیروهۆشت بکە میوانی پاشان خۆت بڕیار بدە وەلاّمی کێ ئەدەیتەوەو وەلاّمی کێ نادەیتەوە ؟

خوشکی ئازیز : تەلیفۆن ومۆبایل یەکێکن لەو نیعمەتانەی کەخوای پەروەردگار ڕژاندویەتی بەسەر بەندەکانی خۆی بۆ ئەوەی ڕێگای دووریان بۆ ئاسان بکاتەوە و کاری قورسیان لەسەر ئاسان بکات کاتێکی زۆریان بۆ بگەڕێتەوە کەچی بەداخەوە زۆر لەخوشکان نەك نەیان زانیوە سودی لێوەرگرن بەلاّکو هەستیان بەگەورەیی ئەم نیعمەتە نەکردووە بۆیە لەوان وایە تەلیفۆن ومۆبایل تەنها بۆ ئالۆگۆڕ کردنی قسەو نوکتە وسۆزداری دروست کراوە !!

بۆیە سەیر نەبێ بەلاتەوە گەر پێت بڵێم مۆبایل یەکێکە لەڕێگاکانی کردنەوەی دەرگای دۆزەخ ، ڕێگایەکە بۆ فەساد بەهۆی مۆبایلەوە چەندین کاری خراپ ئەنجام درا چەندین خێزان شیرازەی تێك چوو چەندین کچ بە بەهاترین شتی لە دەست چوو ، چەندین ژن تەلاّق درا ، سەیر نەبێ بەلاتەوە گەرپێت بڵێم چەندین تاوان لەڕێگەی تەلیفۆنەوە ئەنجام ئەدرێ ، هۆکارەکەشی ناگەڕێتەوە بۆ مۆبایلەکە کەشتێکی بێ گیانە بەلاّکو هۆکەی ئەگەڕێتەوە بۆ خراپ بەکار هێنانی لەلایەن کوڕان وکچانەوە .

خوشکی خۆم : (٥) خولەك قسەکردن لەگەڵ کوڕێکا بەسە بۆ ئەوەی سبەی بەسەعات قسەی لەگەڵا بکەی تا ئەگاتە ڕودانی کارەساتی گەورەتر .

باشە قەت لەخۆت پرسیوە مۆبایل چ سودێکی هەیە ئایە کراوە بۆ دەمەتەقێی کوڕان ؟!

چەندین کچ بەساویلکەیی لە گەڵ کوڕاندا جاری یەکەم تەنها سەلام کردن وهەواڵ پرسین لەنێوانیاندا هەبوو بۆ دواجار قسە ودەمەتەقێی نێو تەلەفۆنیان گەشتە پرسیار کردن لەیەکتر لەسەر ڕەنگی جل وبەرگی داخلی وناوهێنانی وشوبهاندنی ئەندامەکانی یەکتر بەشتی ترو !! تا دەگاتە ڕادەی ماچ کردنی یەکتر کەدوا جار یەکتر بینین وڕودانی کارەساتە گەورەکە و لە دەست چونی شەرەف وناموس .

ئایە تەلیفۆن بۆ ئەو مەبەستە دروست کراوە ؟!!

خوشکی خۆم دڵنیابە هیچ کوڕێك ئامادە نییە کچی ناو تەلیفۆن بخوازێ .

یەکتر ناسینێ لەڕێگەی تەلیفۆنەوە بێ ئاخرەکەشی بەخراپی بەسەر ئەچێ ، ئەوەشت لەبیر نەچێ ئەو قسانەی کوڕان لە تەلیفۆن بەکچانی ئەڵێن یان بەنامە بۆیانی ئەنێرن ناوێرن بەرامبەر پێیانی بڵێن ، بەتەلەفۆن قسەت لەگەڵ ئەکا ڕازی بووی باش ڕازی نەبووی ئەوا کێ شایەتتە ئەو قسەی خراپی وتبێ .

خوشکی من : تەلیفۆن لە ڕوبەکەوە زۆر جار ئەگاتە حاڵەتی ئیسراف کە پەروەردگار پێی خۆش نییە هەروەك ئەفەرموێ : ﴿ وَلاَ تُسْرِفُواْ إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ

الْمُسْرِفِينَ ﴾ [١٣] ، واتە : زیادڕەوی و ئیسراف مەکەن ، خوای پەروەردگار کەسانی موسرفی خۆش ناوێت .

چونکە زۆر کچێك پارەی موچەکەی نیوەی لەسەر کارتی مۆبایل دائەنێ !!!

لەلایەکی تریشەوە کات بەفیڕۆدانە ، بەنیو سەعات لە گەڵ کوڕێکا ، ڕۆژی نیو سەعات قسە بکەی ، لە ڕۆژێکیشدا نیو سەعات قورئان بخوێنی کامیان بەسودە لەپاش سالێك کوڕە بەجێتی هێشتووە چونکە تۆکچی تەلیفۆنی ، بێ ئەمری پەروەردگاریشت کردووە. بەڵام لەدوای سالێك لەڕۆژی نیو سەعات قورئان خوێندن دەبینی دڵت هێندەی تر فراوان و ئاسودە بووە ، و هێندەی تر خۆت ئەپارێزی لەبێ فەرمانی پەروەردگارت وزیاتریش دوور ئەکەویتەوە لەدۆزەخ زیاتریش نزیك ئەبیتەوە لەگوێڕایەڵی خوای بەبەزەیی وبەهەشتە پڕ لە ناز ونیعەت ونەبڕاوەکەی وخۆشبەختی وسەرفرازی هەتا هەتایی ، گەر ئەتەوێ ڕاستی جیهانی مۆبایل وتەلیفۆن بزانی ئەوا ئەم چیرۆکەی خوارەوە بخوێنەوە باشترین زەنگە بۆ بەئاگا هێنانەوەی خوشکان :

زەنگێك ...

کوڕ : ئەلو .

کچ : بەڵێ .

کوڕ : یەك دەقیقە بە ئیجازەت .

کچ : چیت ئەوێ .

کوڕ : من لە دڵ ڕاوکێ ونیگەرانی ئەژیم وبیر لە دوارۆژ ئەکەمەوە .

کچ : خێرە چیتە ؟

---

[١٣] (سورة الأعراف : ٣١) .

کوڕ : لە ڕاستیدا من کچێکم ئەوێ پاشان لە دواڕۆژیشدا خواستنی .

کچ : هەروەها منیش گەر کوڕێکی ڕاستگۆ بدۆزمەوە .

ئاوا شوکری ئەو نیعمەتە ئەکەی کە پەروەردگار پێی بەخشیوی کە گوێ یە ؟ بۆیە خوشکی خۆم ئامان سەد ئامان بزانە چۆن مۆبایلەکەت بەکار ئەهێنی .

هەموو پێکە نینێکی نێو مۆبایلەکەت هەموو نوکتەیەك هەموو دەمەتەقێیەکت لەگەڵ کوڕان و بە تەلیفۆن لەسەرت حساب ئەکرێ و ئەنوسرێ لەپاش مردنیش لێپرسینەوە هەیە لەسەر هەموو کارەکانت پێکەنین ونوکتە و وتە سۆزداری و بەنازەوە قسەکردنت و ... هتد لێپرسینەوەت لەگەڵ دا ئەکرێ ، ئەو کوڕانە لەکوێن تا ئەو کاتە یەك چرکە لەئازاری قیامەتت کەم کەنەوە شەرمی ئەو دوو فریشتەیەی سەرشانت بتگرێ کە : ﴿ مَا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ ﴾ [١٤] ، واتە : هیچ ووتەیەك نایەت بە دەمدا ئیللا ڕەقیبێکی بە سەرەوەیە

خوشکی خۆم : لە پەنهانییەکان بە ئاگای کەوا دڵنیای ئەو کوڕەی بەتەلیفۆن قسەی لەگەڵ ئەکەی ڕاست گۆیە .

باشە پێت چۆنە سەرقاڵی قسەکردنی لەگەڵ کوڕێکا کەلێتەوە دوورە بە چاو نایبینی ، کەچی جەنابیشی لە ناو دەستە هاوڕێکانی داویەتە سەماعەی خارجی وهاوڕێکانیشی دەنگیان لە وتەی تۆ ئەبێ کوڕەش گەز گەز بالاّی ئەکا لەناو هاوڕێکانی پۆزی پێوە لێ ئەدا کەکچێك تەلیفۆنی بۆ ئەکا قەت بیرت لەم ساتەوەختە کردۆتەوە ، گەر بیشیکا تۆ لە کوێی پێی بزانی ، ڕەنگە ناویشت بێنێ و ناویشت بزرێ . یان پێت چۆنە لەگەرمەی قسەکرنای قسەی سۆزداری لەگەڵ کوڕێکا

---

[١٤] (سورة ق : ١٨) .

ئەگۆڕیتەوە جەنابیشی دەنگی تۆ تەسجیل ئەکا ، ئەو کات حاڵت چۆن ئەبێ ، پێت ئەڵێ یان دەرچوون بۆ پیاسە کردن یان مااڵتان بەنامەو دەنگەکانت ئادار ئەکەمەوە ئەو کات ئەکەویتە داویەوە پاشان جارێکی تر دەرچوون تا ئەبیتە دیلی ژێر دەستی و دەبیتە کۆیلەی و داوای گەورەترین شتت لێ ئەکا ، و مل کەچیشی دەبیت ، چونکە ناتوانی بەرگری لێ بکەی چونکە دەنگت تەسجیل کراوە ، و نامەکانیشت لایەتی کە گەورەترین شتیشی لێ سەندی و ئارەزووی گاڵوی خۆی لێ تێرکردی وەك تۆپکڵە شوتیەك تەنەکەی زبڵت پێوە خەسارناکا .

بەڵکو فرێت ئەداتە سەرجادە وبەرپێی خەڵکی لە کۆتاییشدا بازرگانیت بەسەرەوە ئەکات .

هەموی لەچیەوە دەستی پێکرد جەرەسێك ئەلو ، چۆنی ، باشی ... تا گەشتە خراپترین حاڵ ، لە دەست چونی پاکی وبێگەردی ، بیهێنە بەرچاوی خۆت قەت ئەمەت بەخەیاڵدا هاتووە زۆر شتی تریش .

بۆیە بەرلەوەی وات بەسەربێ باشتر وایە خۆت بپارێزی لە شەڕ وخراپەی مۆبایل وتەلیفۆن وریابە باش بەکاریان بێنە بۆ ئەوەی تۆش نەکەویتە ئەم جۆرە داوانەوە و بەودەردەوە نەتلێیتەوە ئاشکراشە (خۆپاراستن لە چارەسەر باشترە) ، بۆیە خوشکی ژیرم قەت مەڵێ من وەکو ئەو کچانە نیم خۆم ئەپارێزم گەورە بووم توانای بڕیاردانی باشم هەیە .

خوشکی خۆم : ئەوانیش هەمان ئەم قسانەیان بۆ خۆیان دووبارە ئەکردەوە تا لە دەست چون وتەسلیمی هەواو ئارەزوو بوون ، ئەو شەیتانەش کە ئەوانی لەخشتە برد هەمان ئەو شەیتانەشە لەگەڵ تۆدایە بۆیە ئامان خۆت لەشەڕی تەلیفۆن بپارێزە .

ڕێگری چوارەم

پۆشاکی مۆدە

خوشکی بەئیمانم : قەت لەخۆت پرسیوە بۆچی دروست کراوی ؟ چ ئەرکێکت لەسەرە ؟ خوای گەورە ئەفەرموێ : ﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ [١٥] ، واتە : جنۆکەو مرۆڤیشم بۆ ئەوە دروست کردووە بۆ ئەوەی بە تەنها بمپەرستن .

بۆیە ئەم ئەرکەی خراوەتە ئەستۆی تۆو خوشکانت وای کردووە کە دوژمنانی ئیسلام هەرجارە وپەنا ببنە بەر دۆزینەوەی ڕێگەیەك بۆ لابردنی ئەو ئەرکە پیرۆزەی کە خراوەتە سەرشانت ولادانت لەسەر ڕێگا ڕاستەکە کە ئەتگەیەنێتە بەهەشت وڕەزامەندی پەروەردگارت ، ئەم جارەیان دوژمنانی ئیسلام پەنایان بردە بەرپۆشاکی مۆدە بۆ لەخشتەبردنی ئافرەتانی ئیماندار و بێ ئاگاکردن ولادانیان لەیاسا پاك وبێگەردەکەی پەروەردگار تا بەو هۆیەوە چۆنیان بوێ و بۆ هەر مەبەستێکی تری خۆیان بەکاریان بێنن بۆ ڕوشاندنی خوڕەوشتی کۆمەڵگای ئیسلامی چونکە وەك خۆیان ئەڵێن ئەوەی کە ئافرەت وپەرداخێك مەی دەیکات وگاریگرە لە سەر موسڵمانان بەهەزاران تۆپ و تەیارە ناکرێت !!

ئەزانی مۆدە چی یە : واتە کەوتنە شوێن یان ئالودە بوون بەنوێترین جۆری پۆشاك بەبێ گوێدانە ئەوەی ئەم پۆشاکە شەرعی یەیان ناشەرعی !!! بۆیە سەرەڕای ئەوەی زۆربەی پۆشاکە نوێیەکان دژ بەو شەریعەت ویاسا و ڕێسایانەن کە پەروەردگار داینناوە کەچی زۆربەی خوشکان گوێی نادەنێ وهەر ئەپۆشن گەرچی پێچەوانەی ئەو

---

[١٥] (سورة الذاريات : ٥٦) .

فەرمانەی پەروەردگاریێ کە فەرمانی کردووە بە خۆداپۆشینی ئافرەتانی ئیماندار وەك ئەفەرموێ : ﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاء الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ [١٦] ، واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە خێزان و کچەکانت و ئافرەتی بڕوادارانبڵێ با جلبابەکانیان (جلبابیش : واتە : عابا) بدەن بە خۆیاندا ، ئەوەش نزیك تر بۆ ئەوەی کە بە ڕەوشت بەرز و بە حەیا و حیشمت و قورس و سەنگینی بناسرێنەوە ، تا ئەزیەت و ئازار نەدرێن ، پەروەردگاری تۆش لێبووردە و میهرەبانە .

خوشکی ئیماندار : ئامانجی ئیسلام لە پۆشاك ، داپۆشینی عەورەتی تۆ وخوشکانتەو دوورکەوتنەوەتانە لەخۆڕوت کردنەوە وپارێزگاری کردنی ئێوەیە بۆ ئەوەی هەمیشە گەشاوە وبۆن خۆش بن ، وە دوورخستنەوەتانە لەو دەستانەی کە ئەیانەوێ بەنیازی گلاویان پاکی و گەشی ئێوە بڕوشێنن .

ئامانجی دوژمنانی ئیسلامیش دەرخستنی عەورەتی ئێوەی بێگەردە بۆیە ئەبینین هەرجارە و مۆدێلێك ئەخەنە بەردەستی ئافرەتانی ئیماندار لەڕاستیدا جێگەی داخە کچانێك هەن بوونەتە سەرچاوەی تاوان !! بۆچی ؟!

چونکە هەرجارە وجۆرە پۆشاکێك ئەپۆشن دەبنە هۆی سەرەنج ڕاکێشانی لاوان وهەر لە تێپەڕینیدا بەلای دەستەیەك لاودا چاویان ئەخەنە سەری تا لە چاو ون ئەبێ !!! لە لایەکی ترەوە هاوکاری ئەکەن لەزۆر بوونی پۆشاکی ناشەرعی وخراپ و ڕەواج پێدانی .

---

[١٦] (سورة الأحزاب : ٥٩) .

ئەمانە چۆن ؟ گەر بێت وئافرەتان بەیەکجاری دەست لەکڕینی پۆشاکی مۆدە وناشەرعی هەڵگرن و نەیکڕن دوژمنانی ئیسلام پەنا نابەنە بەر دورینی مۆدەیەکی تر ، بەڵام تاوەکو بازاڕی گیرفان پڕ کردنیان گەرم بێ هێندەی تر پۆشاکی نوێ تر وخراپتر ئەخەنە بازاڕەوە .

خوشکی خۆم : گەر کچێك ماڵێکی جوانی پتەوی هەبێ ماڵێك لەچاوی خەڵکی بیپارێزێ لەناو خێزانێکی بەختەوەردا بژی لەگەڵ ئەمەشدا ماڵەکەی بکاتە کەلاوەیەکی داڕوخاو وخێزانەکەشی پەرتەوازە بکات تۆچی پێ ئەڵێی ، بێ عەقڵە ، ساویلکەیە ، قەدری ئەو نیعمەتە نازانێ ... هتد ئەزانی ئەو کچە کێیە ؟

ئەوە کچێکە وهەر جارە وجۆرە پۆشاکێك ئەپۆشێ جارێك کورت وجارێ قۆڵ وسنگی ئەخاتە دەر جارێکیش پۆشاکێکی تەسك وتەنك ئەپۆشێ زۆر جاریش جلی پیاوان ئەپۆشێ وئەندامەکانی لەشی بەدەر ئەکەوێ .

خوشکی بەئیمان : پۆشاکی پۆشتە ماڵە جوان وپتەوەکەیە وموسڵمانانیش خێزانە بەختەوەرەکە بە لەبەرکردنی ئەو پۆشاکانەی باسمان کرد پۆشاکە شەرعی یەکەت وێران ئەکەی ئەو پۆشاکەی لەچاوی شەهوەت بازان ئەتپارێزێ ، بە پۆشینی پۆشاکە مۆدە وناشەرعی یەکانیش شیرازەی ئەو خێزانە تێك ئەچێ کە موسڵمانانە ، چونکە گەر هەر کچێك پۆشاکێکی پۆشتە بپۆشێ نەکوڕان چاویان ئەخەنە سەری و نەدوای ئەکەون و نەدڵیشیان ختورە ئەکا .

بۆیە خوشکی بەڕێز ئامان خۆت لەو پۆشاکی مۆدە ونیو ڕوتانە بپارێزە با نەچیتە ڕیزی ئەو ئافرەتانەی پێغەمبەر ﷺ لە بارەیانەوە ئەفەرموێ : **" صنفان من**

أهل النار لم أرهما : ... ونساء كاسيات عاريات ، مميلات مائلات ، رؤوسهم كأسنمة البخت المائلة ، لا يدخلن الجنة ولا يجدن ريحها ، وإن ريحها لتوجد من مسيرة كذا وكذا " [١٧] ، واتە : دوو کۆمەڵ هەن لە ئەهلی دۆزەخ نەمبینیون : ... ، وە ئافرەتانێك کە پۆشتەن بەناو و لە ڕاستیدا ڕووتن ، بەناز و لاروڵەنجەوە دەڕۆنە ڕێوە ، و سەرنجی پیاوان بۆ خۆیان ڕادەکێشن ، پرچی سەریان وەکو بان پشتی ووشتر بەرز دەکەنەوە ، ئەوانە نارۆنە بەهەشتەوە ، و بۆنی بەهەشتیش ناکەن ، سەرەڕای ئەوەی کە بۆنەکەی دورەڕێی ئەوەندە و ئەوەندە دەڕوات .

هەروەها کەم خۆت بەپیاوان بچوێنە ، وجلیان لە بەر مەکە ، چونکە پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ فەرمویەتی : " لعن رسول الله ﷺ المتشبهات بالرجال من النساء ... " [١٨] ،

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ نەفرینی کردووە لەو ئافرەتانەی کە خۆیان دەچوێنن بە پیاوان.

بۆیە ئەگەر پێت خۆشە قیامەتت لە دەست چێ وبچیتە ڕیزی ئەو ئافرەتانەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ باسیکردون ئەوا ئارەزوت لەچی هەیە بیکە و ئۆبالّی خۆت بەستۆی خۆت .

خوشکی خۆم : چ سودێکت لە پۆشینی نیوە ڕوت کردووە ، بەڕاستی جێگەی داخە خوشکێ گەر بەهۆی پۆشاکێکی بێ گیانەوە بچیتە دۆزەخەوە بەڕاستی

---

[١٧] (رواه مسلم) .

[١٨] (صححه العلامة الألباني في صحيح سنن أبي داود ، برقم : ٢٧٨٤) .

جێگەی داخە گەر بیرکردنەوەت تەنها بڕی لای ئەو پۆشاکە مۆدانە بکات ئەوا لەدۆزەخ نزیکت ئەکەنەوە گوڵی کۆمەڵگا چۆن ئەبێ وابێ !

گوڵی کۆمەڵگا ئەبێ تۆوی گوڵ بنێژێ وئاوی باخچە بدا وبۆنی کۆمەڵگا خۆشبکەنەوە ، نەك باخچەیەکی پڕ لەدڕك پەروەردە بکا کە بۆنی نییە وتەنها ئازاری خۆی وچوار دەورەکەی ئەدا .

گەر خۆت بەگوڵ ئەزانی ئەوا کێڵگەی دڕکەکان بکە بەباخچە و کەلاوەکان ئاوەدان بکەرەوە وخێزانەکان بەختەوەر بکە ، ئەمەش تەنها بەپۆشینی پۆشاکێ ئەندامەکانت داپۆشێ نەك پۆشاکێ وەکو ئەوە وایەکە هیچت نەپۆشیبێ .

بەر لە کۆتایی ئەمەوێ لێت بپرسم کە لە مالٌ دەرئەچی بۆ کێ خۆت جوان وبۆن خۆش ئەکەی ؟!!! بۆ کێ جلی مۆدە لەبەر ئەکەی بۆ لەخۆپۆشین ئەترسی ، ئەترسی کوڕان تەماشات نەکەن وکەسێك نەبێت بێتە خوازبێنیت وهەر بەکچی بمێنیتەوە ، لە مەیاندا لەگەڵتا نیم .

خوشکی خۆم : هەر کوڕێك تۆی بەجلی مۆدە وبرچی زەرد و ڕەنگا وڕەنگەوە ویست ئەوا تۆی ناوێ جەوهەری تۆی ناوێ بەڵکو تەنها جەستەتی ئەوێ !! باش وایە خۆت بپۆشی بزانە کوڕانێك هەن سەیری جەوهەری تۆی کچ بکەن پێش ئەوەی سەیری ڕوخسارت بکەن ، بۆیە گەر پێت وابێ تا بەڕوکەش جوان بی زوتر مێرد ئەکەی ئەوا زۆر هەڵەیت گەر کوڕێك سەیری ڕوکەشی تۆ بکا وجەوهەری تۆ لە یاد بکات دووسبەی بە ڕوکەشی کچێکی تر هەڵ ئەخەڵەتێ

وئالودەی ڕوکەشی یەکێکی تر ئەبێ کوڕێکیش جەوهەری تۆی بوێ پێویست ناکات خۆتی بۆڕوت کەیتەوە وخۆت بنوێنی لە پێش چاوی .

بۆیە ئامان خۆت لەتوڕە بوونی پەروەردگار بپارێزە ڕێگری خۆڕوت کردنەوەش بەجێ بێڵەو ملی ڕێگا ڕاستەکە بگرە .

بەسیەتی چیتر مەبە پردی گەشتنە تاوان گەر جلی نیوە ڕوت وتەسك وتەنکی کچان نەبێ چیتر کوڕان دەستە وئەژنۆ دائەنیشن وئەو پردەیان لە دەست ئەچێ کە بە هۆیەوە ئەگەنە ئەو بەری تاوان لێیەوە .

* * * * * *

ڕێگری پێنجەم

هاوڕێی خراپ

خوشکی ئیماندار : زۆر جار پەروەردەی خێزان والە خوشکان ئەکات هەر لە منالّیەوە ئالودەی ڕێگای ڕاست ئەبێ لەم کاتەدا خوای پەروەردگار هێندەی تر ڕێگای بۆ ڕۆشن ئەکاتەوە دەبینی بەبێ هیچ کێشەیەك ملی ڕێگا ڕاستەکە ئەگرێ وهیچ بایەخێك بە ڕێگرەکان نادات تا ئەو ڕۆژەی یەکێك لە پڕێکا دێت و قۆڵ ئەکا بەقۆڵیا وئەڵێ : ئەرێ وەرز نەبووی لەڕاست ڕۆیشتن ماندوو نەبووی وەرە با یەکێك لەم ڕێگرانە هەڵبژێرین تەنها بۆ تاقی کردنەوە هەم پشو ئەدەیت و هەم ڕێگایەکی تر ئەناسیتەوە لەم ڕێگا بۆ ئەو ڕێگا و بۆ تولە ڕێگایەکی تر تا سەرەنجام لەتاریکی دا ئەمێنێ و ڕێگا ڕاستەکە نادۆزێتەوە .

ئەم کەسە کوتوپڕەش هاوڕێی خراپە ، کە پێویست ئەکات خۆتی لێ بپارێزی ، لە من مەپرسە ناسینەوەیان ئاسانە پێویست ناکا لەناو چاوانیا بنوسرێ هاوڕێی خراپ جارێ پێت ئەڵێ جلە نیوە ڕوتەکانت جوانن هەر لەخۆت دێن جارێك دەعوەتت ئەکاو کۆمەڵێ گورگی درندەت پێ ئەناسێنێ وجارێ کاسێتێکی گۆرانی وکتێبێکی خۆشەویستیت بۆ ئەهێنێ وجارێکیش پلانت بۆ دائەڕێژێ گەر درەنگ چویتەوە بۆ مالّ چ درۆیەك بکەیت ڕۆژێك بەنوکتە کاتت بەفیڕۆ ئەدا ڕۆژێ بەچونە بازاڕ ڕۆژێ پێت ئەڵێ باوك ودایکت بیریان تەسکە بە قسەیان مەکە و ڕۆژێکیش ئەڵێ دوو سبەی ئەمری تۆزێ لەژیان ڕابوێرە! ئا ئەمانە هاوڕێی خراپن و پێویستە زۆر خۆتیان لێ بە دوور بگری چونکە ئەمانە دوژمنی تۆن تەنها ئەو هاوڕێیانەت نەبێ کە ڕێگای ڕاستت پیشان ئەدەن یارمەتی دەرتن لە گوێڕایەڵی کردنی فەرمانی خوای

گەورە ڕۆژی دواییت یاد ئەخاتەوە وەك خوای گەورە ئەفەرمویّ : ﴿ الْأَخِلَّاء يَوْمَئِذٍ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا الْمُتَّقِينَ ﴾ [١٩] ، واتە : دۆستان و برادەران هەمو لەو ڕۆژەدا دوژمنی یەکن جگە لە لەخوا ترسان نەبێت .

بەڵێ هاوڕێی خراپ تەنها جارێك قیامەتت وەبیر ناهێنێتەوە ئایەتێکی قورئان بەسەرتا ناخوێنێ لەکاتی نوێژەکانتا تەلیفۆنت بۆ ئەکات وسەرقاڵت ئەکا پێت ئەڵێ پرچت واجوان کە ڕەنگەکەی زەردکە بە پەڕۆ دایمەپۆشە چرکە ساتێك باسی ڕۆژووت بۆ ناکا باسی جوانی فلانە کوڕت بۆ ئەکاو باسی ئەو کوڕەی ترت بۆ ئەکا و بە گشتی هاوڕێی خراپ لە هەموو شتێکی باش دوورت ئەخاتەوە وڕێگرتە لە گەیشتنت بەڕەزامەندی پەروەردگارت وفێری دۆڕان ودرۆ کردن وکاری خراپ و لەبەد ڕەوشتی نزیکت ئەکاتەوە پەنا بەخوا .

هاوڕێی چاکیش غەم خۆرتە و پێی خۆشە ڕاست گۆ و ڕەوشت بەرز و گوێڕایەڵ بی بۆ فەرمانی پەروەردگارت تا بەو هۆیەوە بگەیتە ڕەزامەندی خوای مەزن و بەهەشتەکەی بەیارمەتی خوای میهرەبان .

ئەمانەی باسم کردن مشتێکن لەخەرمانی کارە خراپ ونابەجێکانی هاوڕێی خراپ ، ئەم فەرموودەیەی خوارەوەش وەك زەنگێکی ئاگادار کەرەوەیە بۆ خوشکان کە هاوڕێی خراپ بناسنەوە و لە هاوڕێی چاك جیایان کەنەوە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی : " **مثل جليس الصالح والجليس السوء : كحامل المسك ونافخ الكير ، فحامل المسك : إما أن يحذيك وإما أن تبتاع منه وإما أن تجد منه ريحاً**

---

[١٩] (سورة الزخرف : ٦٧) .

طيبة . ونافخ الكير : إما أن يحرق ثيابك وإما أن تجد منه ريحاً خبيثة " [٢٠] ، واتە : نموونەی هاوەم و برادەری صاڵحان و هاوەم و برادەری خراپ : وەکو عەتر فرۆش و کورەچی وایە ، عەتر فرۆشەکەیان : یان عەترێکت پێ دەبەخشێت ، یان لێی دەکڕیت ، یان بۆنێکی خۆشت دێ بە سەردا ، وە کورەچیەکەش : یان پۆشاکەکانت دەسووتێنێ یان بۆنێکی ناخۆشی دێ بە سەرتدا .

خوشکی ئیماندار: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : " **الرجل على دين خليله فلينظر أحدكم من يخالل** " [٢١] ، واتە : مرۆڤ لە سەر ئایینی برادەر و دۆستەکەیەتی ، جا هەر یەك لە ئێوە بڕوانێت برادەری و دۆستایەتی لە گەڵ کێدا دەکات

ئالێرەوە بزانە کێ بەهاوڕێ هەڵئەبژێری بۆیە هەڵبژاردنی هاوڕێ واتە هەڵبژاردنی خوشك وبرا ، خوشکێکی دڵسۆز هاوڕێیەك بێت هەڵەکانت بخاتە پێش چاوت بۆ ئەوەی ڕاستی بکەیتەوە نەك ڕێگای هەڵەت پیشان بدات هاوڕێی چاك ئەو هاوڕێیەیە کە پێش بڕێکت لەگەڵ ئەکا لە خوێندنی قورئان وداوات لێ ئەکات نوێژەکانت لەکاتی خۆیدا بکەی وپێشت ئەڵێ خۆت جوانی ئەم حیجابەش کە ئەیپۆشی هێندەی تر جوانت ئەکاتەوە هاوڕێی باش کتێب و کاسێتی بەسودت بۆ ئەهێنێ لەداوی کوڕان دورت ئەخاتەوە لە کاری خراپ سەرزەنشتت ئەکات لەتەنگانە هاوڕێیەتیت ئەکات ولەخۆشی وناخۆشیدا بەشدارتە و خەمی قیامەتت ئەخوات لە گۆرانی وتێکەڵاو بوون ئەتپارێزێ دەستت توند ئەگرێ وناهێڵێ ملی ڕێگرەکان بگری.

---

[٢٠] (متفق عليه) .

[٢١] (حسنه العلامة الألباني في السلسلة الصحيحة ، برقم : ٩٢٧) .

ئەم هاوڕێیە باشە ئەمەیان پێی ئەوترێ هاوڕێ چونکە ئەم هاوڕێیەتی یە بەردەوامە و پشت بەخوا لەژێر سێبەری عەرشی پەروەردگار ئەبن وەك پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : " **سبعة يظلهم الله تعالى في ظله يوم لا ظل إلا ظله** : ... **ورجلان تحابا في الله اجتمعا عليه وتفرقا عليه** ... " [٢٢] ، واتە : حەوت کۆمەڵ هەن خوای پەروەردگار لە ژێر سێبەری عەرشی خۆیدا دایان دەنێت ، لە ڕۆژێکدا کە سێبەر نییە جگە لە سێبەری عەرشی ئەو نەبێت : ... دوو کەس لە بەر ڕەزامەندی خوای پەروەردگار یەکتریان خۆش بوێت ، لە سەر ئەو خۆشەویستیە کۆ ببنەوە ، و هەر لە سەر ئەو خۆشەویستیە بمێننەوە تاکو دەمرن و لە یەکتر جیا دەبنەوە .

بۆیە زۆر کچێك بەهاوڕێ ئەزانیت لەکاتێکدا یەك کتێبی بەسود سەد وەکو ئەو جۆرە کچە ئەهێنێ .

خوشکی خۆم : دوو بێچوە ئاسك لە دارستانێکی بێوەی وبێ دڕندە ژیانیان ئەبردەسەر یەکێکیان ئالودەی دایك وهاوڕێ ئاسکەکانی تری بوو ئەوی تریان حەزی لێ بوو بزانێ چی لەدەرەوەی دارستان هەیە سەرئەنجام بووە هاوڕێی چەند چەقەڵ وگورگێك لەپێستی ئاسکدا خۆیان دەر خستبوو ، باسی خۆشی دەرەوەی دارستانەکەیان بۆ ئەکرد باسی میوە و ئاوی ڕۆشن وشیرینیان بۆ ئەکرد . بێچوە ئاسکی بەستەزمان کەوتە شوێن ئەم هاوڕێ گیانی بەگیانیانەی ئەمانیش بردیان ولەبیابانێکا بەتەنها بەجێیان هێشت دوا جار هەرچی گورگ ودڕندەی ئەو ناوە بوو ئاگاداریان کردەوە خۆیانیش لە دورەوە تەماشای ئەم فلیمەیان ئەکرد وچێژیان لێوەر

---

[٢٢] (متفق عليه) .

ئەگرد ، ئاسکەکەی تریش بەئاسودەیی لەگەڵ دایك و لەناو هاوڕێ ئاسکەکانی تری مایەوە .

خوشکی ئیماندار : ژیانی تۆو خوشکەکانت جیاوازی لەگەڵ ژیانی ئەو ئاسکانە نی یە هاوڕێ ئاسکەکان هاوڕێی باشن وچەقەڵ و ڕێویەکانیش هاوڕێی خراپ . بۆیە کاتی ئەو هاتووە ئاسکەکان لەو چەقەڵ و ڕێویانە جودا بکەیتەوە کە لەپێستی ئاسك خۆیان دەرئەخەن ئەم چیرۆکە دروست کراوی خەیاڵی خۆمە بەڵام لەناو خوشکاندا شتی وا زۆر ڕو ئەدا .

لێرەدا باچەند پرسیارێکت ئاراستەکەم :

یەکەمیان پێت ئەڵێ پێستت بەسروشتی جوانە پێویستی بەدەرمانی خۆجوان کردنەوە ناکات ، دووەم پێت ئەڵێ دواکەوتوو مەبە مکیاج بکە کامیان باشترە ؟

یەکەمیان پێت ئەڵێ حیجاب بکەو بێ ئەمری پەروەردگارت مەکە ، دووەم پێت ئەڵێ ئەم پەڕۆیە چی یە بەسەرتەوە واخۆت داپۆشیوە ئەڵێی پیرەژنی ، پرچت ئازادکە زۆر جوانە ، بەم شێوەیە کوڕان تەماشات ناکەن ، کامیان هاوڕێیەکی باش ودڵسۆزە ؟

یەکەم پێت ئەڵێ پۆشاکی نیوە ڕوت لەبەر مەکە خۆت بپۆشە مەبە سەرچاوەی تاوان وبێ فەرمانی پەروەردگارت مەکە ، دووەمیان پێت ئەڵێ ئەمە چی یە ئەوەندە دواکەوتووی ئەم پۆشاکە کۆنانە چین لەبەریان ئەکەی وەرە بچینە بازاڕ پۆشاکێکی مۆدە بکڕە با خەڵك سەیرت کەن خۆ نات خۆن ، بەڕای تۆ کامیان باشە ؟

یەکەمیان فێری قورئان خوێندن وباسی گرنکی کات و خۆپاراستنت بۆ ئەکا ، دووەمیان نوێترین گۆرانیت بۆ ئەنوسێ وکاتت بەفیڕۆ ئەدات .

ئەمیان فێری ڕاست گۆیی وڕەوشتی جوان وبەرزت ئەکات ، هاوڕێی خراپیش فێری درۆکردن و ڕەوشتی خراپت ئەکا ، بەگشتی هاوڕێی چاك غەم خۆرتە و یارمەتی دەرتە و فێری گوێڕیەڵی کردنی خوا و پێغەمبەرت ئەکا و ئەرك و فەرمانە شەرعی یەکانت لا جوان وشیرین ئەکات وپێی خۆشە بگەیتە ڕەزامەندی پەروەردگار و خۆشبەختی هەتا هەتایی لە بەهەشتەکەی خوای گەورە .

هاوڕێی خراپیش بەپێچەوانەوە سەرت لەڕق وتوڕەیی خوای گەورەوە دەرئەکات وسەرئەنجامیش پەنا بەخوا دۆزەخ و چارەڕەشی هەتا هەتایی خوای گەورە من و تۆش بپارێزێ لە دۆزەخ .

جا خوشکم خۆت بڕیاربدە کامیان هەڵئەبژێری کام سەرەنجامت پێ خۆشە .

خوشکی خۆم : سبەی کە مردی تەنها خۆت بەرپرسیاری هیچ کام لەو هاوڕێ خراپانەت فریات ناکەون ، بەڵام هاوڕێی باش بە ئامۆژگاری یەکانی پێش مردن فریات ئەکەوێ بۆیە دوورکەوە لە هاوڕێ خراپەکانت بڵێ چیتر ئێوە هاوڕێم نین ، خوشکی ئازیز کاتی ئەوە هاتووە کە مااڵ ئاوایی لەهاوڕێ ی سەر ڕێگرەکانی خۆشبەختیت بکەیت وتوند دەستی ئەو هاوڕێیانەت بگری کە لە سەر ڕێگا ڕاستەکەن لە گەڵیان بڕۆ پشت بەخوا بەرەو بەختەوەریت ئەبەن چونکە ئەوان ڕاست ئەڕۆن لێ ناگەڕێن تۆش لادەیتە سەر ڕێگرەکان تا ئەگەیتە شوێنی مەبەست کە بەهەشتەکەی خوای گەورەیە بەڕاستی ئەوانە سەرکەوتو و سەرفرازن .

ڕێگری شەشەم

نەزەرکردن

خوشکی ئیماندار: چاوەکانت تونديبەستە هەست بەچی ئەکەی ؟

تاریکی وهیچی تر . بیهێنە پێش چاوت ئەو چاوەی کە ئەم دونیا ڕەنگا و ڕەنگەی پێ ئەبینی ئەو چاوەی باوك ودایك و هاوڕێکانتی پێ ئەبینی ، شەو کە خەوتی کە بەخەبەر هاتیتەوە ، پێت چۆنە لەدەستی بدەی ئەو کات تەنها تاریکی ئەبینی ئارەزووی چرکە ساتێك ڕوناکی ئەکەی . ئەمە حاڵی زۆرێکە لەو خوشکانەی تا ئەو نیعمەتە گەورەیەی کە خوای پەروەردگار پێی بەخشیون لە دەستی نەدەن قەدری نازانن ، لێت ئەپرسم خوای پەروەردگار چاوی بۆ دروست کردووی بۆ ئەوەی سەیری حەرامی پێ بکەی ؟ بۆ چاوی پێ بەخشیوی ؟ بۆ ئەوەی بنواڕی بەڕێی خۆت تاوەکو بەهۆیەوە بگەیتە شوێنی تاوان ؟ یان بۆ ئەوە چاوی پێ بەخشیوی بەدوای خۆشەویستەکەتدا بگەڕێی ، یان بەدوای عەیب وعاری خەڵکدا بگەڕێیت ؟ خوشکم خۆ ناکرێ ئەم نیعمەتە گەورەیە بەبێ مەبەست دروست کرابێ .

خوشکەکەم : ئەو پەروەردگارەی چاوی پێ بەخشیوی لە هەمان کاتدا فەرمانت پێ ئەکات وپێت ئەڵێ : ﴿ **وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ** ﴾ [٢٣] ، واتە : بڵێ بە ئافرەتانی برِوادار چاو لە ئاستی نامەحرەم بپۆشن ، داوێنیشیان لە تاوانی زینا بپارێزن .

کەواتە چاو بپۆشن لە تەماشا کردنی حەرام ڕەنگە بپرسی کە توانای بینینمان پێ بەخشراوە بۆ دەبێ چاو بپۆشین ؟

---

[٢٣] (سورة النور : ٣١) .

چاو نەپاراستن چ پەیوەندی یەکی بەخۆشبەختی یەوە هەیە؟ خوشکم پەیوەندی یەکی زۆری هەیە وەك لەم فەرمودەیەی پێغەمبەردا ﷺ بەجوانی دەرئەکەوێ کە دەفەرموێ : " **إن الله عز وجل كتب على ابن آدم نصيبه من الزنا ، مدرك ذلك لا محا ، والأذنان زناهما الاستماع ، واللسان زناه الكلام ، واليدان زناهما البطش ، (وفي رواية اللمس) ، والرجل زناها الخطا ، والفم زناه القبل ، والقلب يهوى ويتمنى ويصدق ذلك الفرج ويكذبه** " [٢٤] .

ئەبینین پێغەمبەر ﷺ لە فەرمودەکەی بەزینای چاو دەست پێکردووە چونکە بنەوای زینای دەست وقاچ و دڵ وعەورەتە .

کەوابوو خوشکم وریابە تاوانەکان لە تەماشاکردن (النظر) ەوە سەرچاوە ئەگرێ ، هەرئەمەش وای کردووە کاتێ جەریری کوڕی عبدالله پرسیاری لە پێغەمبەر کرد ﷺ سەبارەت بە بەرچاو کەوتنی لە ناکاو (**نظرة الفجأة**) دەڵێت : فەرمانی پێکردم کە چاومی لە سەر لابەم .

ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە چاو نەپاراستن رێگرە لە خۆشبەختی چونکە گەر (نظر) جۆرێك بێت لە جۆرەکانی زینا کردن ئەوا خۆشبەختی وزینا پێکەوە نایان گونجێ هەرئەمەش وای کردووە کاتێ هاوەڵی پێغەمبەر پرسیاری لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد سەبارەت بە بەرچاو کەوتنی لە ناکاو لەوەڵامدا پێغەمبەر ﷺ پێی فەرمو : چاوی لە سەر لابە .

---

[٢٤] (رواه مسلم) .

چاو پۆشین وپاراستنی لـه تەماشـاکردنی حـەرام سـودی زۆر گـەورەی هەیە لەوانە :

✷ بەجێهێنانی فەرمانی خوای پەروەردگارە کە هۆی خۆشبەختی یە وەك ئەفەرموێ : ﴿ وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَخْشَ اللَّهَ وَيَتَّقْهِ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْفَائِزُونَ ﴾ [٢٥] ، واتە : ئەو کەسەی کە گوێڕایەڵی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی بێت ﷺ ، لە خواش بترسێت ، ئەوا ئەوانەن کە سەرکەوتوون .

✷ ئەو دەرگایەی دڵ دائەخا کەشەیتان لێیەوە دێتە ناو دڵتەوە .

✷ لە بێزاری وخەفەت ڕزگارت ئەکات ، چونکە هەر کەسێك بەردەوام چاوی کراوە بێت هەردەم لەخەم وپەژارەدا ئەژی .

✷ لە تاوان دوورت ئەخاتەوە .

✷ چیتر کاتی زێڕینت بەهەدەر ناچێ چونکە چاو نەپاراستن واتە کات بەفیڕۆ دان .

✷ چیتر شەیتان جێگای لەدڵتا نابێتەوە وناتوانێ بەیارمەتی خوا کاری خراپت پێ ئەنجام بدات ولە زۆر شتی تریش ئەت پارێزێ .

خوشکی خۆم : چاوەکانت بخەرە خزمەت قورئان خوێندن و خزمەت کردنی دایك وباوك و خوێندنی وانەکانت بۆ ئەوەی سالێکی زوتر قۆناغەکانی خوێندن ببڕی چاوەکانت مەکەرە هۆکارێك بۆ کڕینی دۆزەخ بەڵکو بیکەرە پردێك بۆ گەشتنە بەهەشت.

---

[٢٥] (سورة النور : ٥٢) .

ڕێگری حەوتەم

گـۆرانی و مۆسیقا

هەرکە گوێی لەدەنگە بوو لەژوورەکەی تڕەوە کتێبەکانی فڕێ ئەدا و سەعی کردنی بیر ئەچێ ودەنگی (ڕادیۆ یان تەلەفزیۆنەکە) بەرزکاتەوە !!!

یان ئیش وکاری ناومالْ بەجی ئەهێلێ بەسەردایکی یەوە بۆ بیستنی ئەو دەنگە زوڵاڵەی ئالودەی بووە هەر لە گەڵ بیستنی دەنگی چاوانی پڕ لە گریان ئەبێ و بەحەسرەتەوە تاتەواو بوونی دەستەو ئەژنۆ دائەنیشێ وگوێ ی لێ ئەگرێ گوێ لەکێ ئەگرێ؟

گوێ لەو گۆرانی بێژە ئەگرێ کە هەموو ڕۆژێ بەبێ ئارامی چاوەڕوانی ئەکاو چەندین کەناڵ ئەگۆڕێ بۆ گۆرانی یەکانی !! ئەم کەسە کێیە کە دەست لەسەعی کردن هەڵ ئەگرێ وپشت گوێی ئەخات بۆ گۆرانی یەکانی ؟!! ئەمە حاڵی زۆربەی ئەو خوشکانەیە کە بەببیستنی قورئان وئامۆژگاری وەڕز ئەبن ولە کاتی ئامۆژگاریدا سەعی کردنی هەیەو کاری ناو ماڵیان هەیە ، لە کاتی گۆرانیشدا تەنانەت یارمەتی ئەو دایکە نادەن کەخوای گەورە لە بارەیانەوە ئەفەرموێ : ﴿ **وَقَضَى رَبُّكَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا**﴾ [٢٦] واتە : پەروەردگاری تۆ فرمانی کردووە ، و بڕیاری داوە کە جگە لەو نەپەرستڕێت ،و چاکە کاریش بکرێت لە گەڵ دایك و باوکدا .

بەداخەوە : خوای پەروەردگار گوێی بەخوشکان داوە بەڵام زۆرترینیان لەبری ئەوە سوپاسی خوای گەورەی لەسەر بکەن و گوێڕایەڵی پەروەردگاریان بن کەچی

---

[٢٦] (سورة الإسراء : ٢٣) .

بەباشی بەکاری ناهێنن!! قەت بەکەسێك نەگەیشتووی گوێی گران بووبێت چەند جارێ ووتەیەکی بۆ دووبارە ئەکەیتەوە تا تێ ئەگا .

دەبڕۆرە شوێنێکی قەرە باڵغ و گوێیەکانت توند بگرە تەنها جولّەی دەمی خەڵکی دەبینی وهیچ تێناگەی وهیچیش نابیستی ئەی ناترسی خوای گەورە گوێیەکانت لێبسەنێتەوە وکەڕبیت ، نازانیت گۆرانی حەرامە گوێ گرتن لەغەیبەت حەرامە ئەی ئەو زاتە گەورەیەی گوێی پێ بەخشیوی ناتوانێ لێت بسەنێتەوە ئەی ئەو کاتە چی ئەکەی ؟!!!

بۆ ناترسی لەپەروەردگارت زۆرێك هەن تا خوای گەورە ئەو نیعمەتە گەورەیەیان لێ نەسەنێتەوە هەستی پێ ناکەن پەنا بەخوا بڕۆ لەو کەسانە بپرسە کە گەورەترین نیعمەتیان لەدەست داوە کە چاوەکانیانە .

خوشکە بەڕێزەکەم : گوێگرتنت بۆ گۆرانی سەقافەت وزانستت پێ زیاد ناکات دەوڵەمەندت ناکات ڕێزدار و بەشکۆت ناکات وە نە تینویتیت ئەشکێنێ و نەبەختەوەر و دڵخۆشت ئەکات ، بەپێچەوانەوە تەنها غەم بارت ئەکات و کاتت بەفیڕۆ ئەدات .

پەروەردگاریش لێت تورە ئەبێ ، و پێغەمبەری خواش ﷺ ئەفەرموێ : " ليكونن من أمتي أقوام يستحلون الحر والحرير والخمر والمعازف " [٢٧] ،

---

[٢٧] هەروەکو چۆن دەبینین لەم سەردەمەی خۆماندا ، لە سەر کەناڵ و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانەوە ، کەسانێکی سەرە نەزان ، خۆ بەزانا دانەر ، بە ناو ئاین و زانستی شەرعی یەوە فەتوا بە حەڵاڵێتی مۆسیقا دەدەن ، بۆ گەشتن بە مەبەستە گڵاوەکانی خۆیان .

واتە : کەسانێك دەبن لە ئومەتی من داوێن پیسی و پۆشینی حەریر و خواردنەوەی مەی و مۆسیقا بە حەڵاڵ دەزانن (٢٨) .

بۆ ناتوانی بێ ئەمری مامۆستاکەت بکەی ، بۆ ناتوانی بێ فەرمانی هاورێکانت و برا و مێردەکەت .. هتد بکەی ، ئەی چۆن بێ فەرمانی پەروەردگار ئەکەی کە گەورەی تۆ و ئەوانەشە کە تۆ ناتوانی بێ فەرمانیان بکەی .

خوشکی من : ئەرکی گوێی بیستنی گۆرانی وقسەی پڕو پوچ نی یە کە نەمامی ژەهراوی لەدڵتا ئەنێژێ ودڵت ڕەق وبێ ئاگا ئەکات لە گوێ بیستنی قورئان و ئامۆژگاری .

خوشکی خۆم : ئەرکی گوێی بیستنی ئامۆژگاری و قورئانە بیستنی ئەو وانانەی کە مامۆستاکەت ئەیڵێتەوە بیستنی قسەی دایك و باوکیەتی .

خوشکەکەم لە ژیانا میوانی جا توخوا کە ئەچیتە میوانی هاورێیەکت یان خزمێکت چەند هەوڵ ئەدەی بێ دەنگ بیت وسەرنجی دەوروبەر ڕاکێشی بۆ لای ڕەوشت بەرزیت . هیچ نەبێ نیو ئەوەندە هەوڵ دە لە میوانی دونیادا خۆت بپارێزە با لە کۆتایی دا بەباشی باس بکرێیت و پاداشت بدرێیتەوە .

* * * * * *

(٢٨) (صححه العلامة الألباني في : السلسلة الصحيحة : ١ : ١٨٦ ، برقم : ٩١) .

دوایەمین میوان

خوشکی بەڕێزم : لێرەدا چەند پرسیارێکی گرنگ یەخەت ئەگرێ :

خوشکم ئایا بەم شێوەیە و لە سەر ئەم حاڵەتە پێشوازی لە مردن ئەکەیت ؟!

بەتێەڵاوبوونی کوڕان پێشوازی لە مردن ئەکەیت ؟! دەبا ئەو کوڕانە چرکە ساتێك مردنەکەت دواخەن یان لە ئازاری مردنەکەت کەم کەنەوە .

ئەتەوێ لە کاتی قسەکردن بە مۆبایل پێش وازی لە مردن بکەیت ؟! یان بەجلی نیوە ڕوتەوە ؟! یاخود بەپشت بەستنت بەهاوڕێ خراپەکانت پێش وازی لێ ئەکەی ؟!

یان بە نەزەر کردن و گوێ گرتن لە گۆرانی ؟!

ئەگەر لە سەر ئەم حاڵەتە خراپانە بمری پەنا بەخوای گەورە ئەوا بەخراپی کۆتاییت بەژیانت هێناوە چاك بزانە و لە خوای گەورەت بترسە گەر لە سەر ئەم حاڵەتەت بمری ئەوا بە هەمان شێوە زیندو ئەکرێیتەوە وەك عبدوڵڵای کوڕی عومەر خوایان لێ ڕازی بێ لە پێغەمبەرەوە ﷺ ئەگێڕێتەوە کە ئەفەرموێ : " **يبعث كل عبد على ما مات عليه** " [٢٩] ، واتە : هەموو بەندەیەك لە بەندەکانی خوای پەروەردگار لە سەر چ شێوەیەك بمرێت ، هەر لە سەر ئەو شتە زیندوو دەکرێتەوە .

جا ئەو کاتە چی بە پەروەردگارت ئەڵێی ؟

ئا بەم شێوەیە سوپاسی پەروەردگارت ئەکەیت ؟ پاداشتی ئەو جەستە ڕێکەی پێی داوی بەجلی نیوە ڕوت سوپاسی نیعمەتە کانی ئەکەی ؟ بە خۆ ڕوت

---

[٢٩] (صححه العلامة الألباني في : صحيح الجامع ، برقم : ٨٠١٥) .

کردنەوە پاداشتی ئەدەیتەوە ؟ بە تا نیوە شەو قسە کردنی ناو تەلیفۆن سوپاسی پەروەردگارت ئەکەیت ؟ گوێیەکانت بۆ گوێ گرتن لە حەرام دروست کراون بۆ هەڵگرتنی تەلیفۆنی کوڕان و گۆڕینەوەی وشەی سۆزداری ؟ زمانت بۆ نوکتە و قسەی پڕوپوچ دروست کراوە ؟ بەم چەشنە سوپاسی پەروەردگارت ئەکەیت .

سبەی چۆن ڕوت دێت لە تەنگانەدا دەستەکانت بەرزکەیتەوە و داوای یارمەتی لە پەروەردگارت بکەی ؟ لە کاتێك دا زمانت وتەی خێر و چاکی پیادا نایەت گوێ یەکانت تەرخان کردووە بۆ غەیبەت و گۆرانی چاوەکانیشت بۆ ئێشك گری سەتەلایت و کاری گریانە بۆ فلیمەکان قاچەکانیشت بۆ ڕۆیشتن بۆ بازاڕ و پیاسەی ناو پارکەکان . بەم شێوەیە پاداشتی چاکەکانی پەروەردگار ئەدەیتەوە کە لە سەر جوانترین شێوە دروستی کردووی وەك دەفەرموێ : ﴿ لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ﴾ [٣٠] ، واتە : ئێمە مرۆڤمان لە سەر جوانترین شێوە دروست کردووە ، و ڕێزی لێناوی وەك دەفەرموێ : ﴿ وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ﴾ [٣١] ، واتە : ئێمە ڕێزمان لە نەوەکانی ئادەم ناوە .

ئەو هەموو شتانەی پەروەردگار پێی بەخشیوی گەر مرۆڤێك پێی ببەخشیتایە تا مردن سوپاس گوزاری دەبووی .

خوشکێ خۆت بەچی ئەزانی ؟ بێ ئەمری پەروەردگارت ئەکەیت لە کۆتایی دا هەموو دونیا و کەسەکان بەجێت ئەهێڵن و ئەگەڕێتەوە لای پەروەردگار ، خوشکی من بەسیەتی بێ ئاگایی بەسیەتی وەك ئاژەڵ ژیان دونیا هەر خواردن و

---

[٣٠] (سورة التين : ٤) .

[٣١] (سورة الإسراء : ٧٠) .

خواردنەوە و ڕابواردن نی یە هەرگیز مرۆڤ بەبێ مەبەست دروست نەکراوە ئەبێ بۆ مەبەستێك دروست کرابێ مەبەستەکەش پەرستشە هەروەك خوای گەورە ئەفەرموێ : ﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴾ [٣٢] ، واتە : جنۆکە و مرۆڤیشم بۆ ئەوە دروستکردووە بۆ ئەوەی بە تەنها بمپەرستن .

خوشکی ئازیز : کاتی ئەوە هاتووە لە بێ ئاگایی بێدار بیتەوە با نەچیتە ڕیزی ئەو کەسانەی کە پەروەردگار لە بارەیانەوە ئەفەرموێ :﴿ أُوْلَئِكَ كَالأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ أُوْلَئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ ﴾ [٣٣] ، واتە : ئەوانە وەکو ئاژەڵ وان بەڵکو بگرە لە ئاژەڵیش گومڕاترن ، ئا ئەوانەن کەسانی بێ ئاگا .

کاتی سەرخەو شکاندن و خەیاڵ و بیرکردنەوە بە سەر چوو هەستە ، بێدار بەرەوە چاوەڕوانی میوانەکەت بە ، هاکا خۆی کرد بە ژورا مەڵێ فەقیرم با دەوڵەمەند بم مەڵێ نەخۆشم با چاك بمەوە ، مەڵێ گەنجم با پیر بم ، کێ ئەڵێ ئەم میوانە دەرفەتی ئەوەت ئەدات بۆ پارە و دیاری دێت ، دەوڵەمەندی چی بۆ خواز بێنیش نایەت ، گەنجی و پیری چی ، بۆ پیاسەی باخچەکان نایەت نەخۆشی و ساغی چی بۆیە خوشکم با چاوانت لە سەر ڕێگای ڕاست بێت دڵیشت لای پەروەردگار هۆشیشت بخە خزمەت دۆزینەوەی باشترین ڕێگا بۆ پێش وازی کردنی میوانەکەت کە مردنە .

---

[٣٢] (سورة الذاريات :٥٦) .

[٣٣] (سورة الأعراف : ١٧٩) .

وتەی کۆتایی

✷ **خوشکی باوەڕدار** : کچێ خۆش بەختە پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانی کردبێتە پێشەوا نەك گۆرانی بێژ و ئەکتەرەکانی کردبێتە پێشەوا .

✷ کچێ خۆشبەتە بەخوێندنەوە وگوێ گرتن لە قورئان بگری بۆ حاڵی خوشکانی بگری بەختەوەر نابێ ئەو کچەی بۆ ڕوداوی زنجیرە تەلەفزیۆن و فلیمەکان ئەگرێ .

✷ کچێ خۆشبەختە گوێی خستبێتە خزمەت ئامۆژگاری و چاوەکانیشی خستبێتە خزمەت قورئان وکتێبی بەسود ، نەك کچێ گوێیەکانی خستبێتە خزمەت غەیبەت وقسەی بێ مانا وتەلیفۆن وچاوەکانیشی خستبێتە خزمەت سەتەلایت .

✷ کچێ خۆشبەختە شەوانی بە نوێژ وقورئان خوێندن وپارانەوە لەپەروەردگاری بەسەر بەرێ نەك بەسەتەلایت وتەلیفۆن وقسەکردن .

✷ کچێ خۆشبەختە جلەکانی قەڵایەکی ئەستور بن و بیپارێزن نەك کەلاوەیەکی داڕوخا و هەموو خەڵك بزانێ چی تیایە.

✷ کچێ خۆشبەختە کتێبی بەسود و ئامۆژگاری بەسەر هاوڕێکانی دا دابەش بکات ، نەك وەك هەندێ کچ غەیبەت و گۆرانی و وتەی خراپ وناشرین بەسەریانا دابەش بکات و بڵاوی بکاتەوە .

✷ کچێ خۆشبەختە کە ڕێگای پەروەردگاری هەڵبژار دبێ مەبەستێکی هەبێ لە ژیان . نەك کچێ تەنها ئاواتی ئارەزووەکانی بێت ، و لای گرنگ نەبێت بەهەرچ شێوەولەهەر چ ڕێگەیەکەوە بێ پێی بگات ، یان بەبێ مەبەست لەم دونیایە بژێت.

هەرگیز خۆشبەخت نابێت ئەو کچە ڕۆژێك بۆ تاوانەکانی نەگریابێ بۆ بەفیڕۆ دانی کاتە زێڕینەکانی نەگریابێ هەرگیز خەمی فەوتانی نوێژەکانی نەبێت ئایا مرۆڤ بۆ ئەم مەبەستە خولقێنراوە ؟

بە داخەوە بۆ ئەو خوشکانەی ئاستی بیرکردنەوەیان تەنها بڕلای ئەو پۆشاکەی ئەکا کەئەی پۆشێت بەڕاستی ساویلکەن وجێی بەزەیی پێدا هاتنەوەن کچانێك کە نەیانتوانیوە ئەو جەستەیە بپارێزن کە پەروەردگار بە ئامانەت داویانەتێ لە ژیانێکی کوێرەوەری وکات بەفیڕۆدان ئەژین غەم ناخۆن حەرام و حەڵاڵ ناکەن و گوێی نادەنێ .

بۆ هەموو ئافرەتانی دونیا بۆ خۆشەویستانی دونیا ئەی کچانی مۆبایل و کەنالە ئاسمانیەکانی ، ئەی کچانی گۆرانی بێژ وخۆ ڕووت کەرەوەکانی مۆدە ، تا کەی ناگەڕێنەوە ؟!!! کچێك خۆشبەتە تەنها مەرگ لە خواپەرستی دایبڕێ من وەك برایەکی دڵسۆزی خوشکەکان بۆ خوا ئەم نوسینەتان پێشکەش ئەکەم چەن ڕێگرێکم بۆتان ڕوون کردەوە کە بووەتە کۆسپ لەبەردەم ئێوە و خۆشبەتیتان بۆ هەتا هەتایی ، چەن ڕێگرێکم دەست نیشان کردوە کە لە ڕێگای ڕاست لاتان ئەدەن .

دە ئێوەش ملی ڕێگا ڕاستەکە بگرن وسەیری دواوەی خۆتان مەکەن چی تاوانتان کردووە تەوبەیەکی بەدڵ هەمووی ئەسڕێتەوە پێویست ناکات سەیر دواوە بکات تەنها چاوت لەسەر ڕێگا ڕاستەکە بێت هەر چۆنێك بێت هەر دوو ڕێگای ڕاست وڕێگرەکانیش کۆتاییان دێت بەڵام کۆتاییی ڕێگرەکان ئەتباتە مااڵی گورگ ودڕندەکانی شەهوەت بازان ، ئەتباتە بیابانێکی بێ سێبەر و بێ ئاو تەنها دڕك ئەبینی ، ئەبێ هەوای گەرم وسوتێنەر هەڵمژی وئارەقی خۆت بخۆیتەوە .

ڕێگا ڕاستەکەش ئەتباتە باخێکی سەوزی فێنك ئاوی سارد و هەوای فێنکی تیایە داری سەوز و میوەی جۆرا و جۆری تیایە بۆ دوا جاریش ڕێکردن نامێنێ و ئەحەسێیتەوە .

ئامان خوشکێ بۆ پشودانیش لامەدە سەر ڕێگرەکان پشودانەکەشت بخە ئەو باخەی چاوەڕوانتە بۆ ئەوەی کات بەفیڕۆ نەدەی هەر ئێستا تەوبە بکە و خۆت بپێچەوە وبەڕێکەوە خوشکەکانی تریشت چاوەڕوانتن .

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

* * * * * *

نامەیەکی ئامۆژگاری

بۆ کچێکی گوێگر

الحمد الله والصلاة والسلام على نبينا محمد رسول الله وعلى آله وصحبه..

خوشکی باوەڕدار ڕەنگە بەلاتەوە سەیر بێ گەر هاتوو برایەك بەپەرۆشەوە ئامۆژگاری کردی، ئەمجارەیان لەسەرە ڕێگا و لەبەرچاوی خەڵکی ئامۆژگاریت ناکەم، تەلیفۆنیشت بۆ ناکەم، نامەیەکی بۆن خۆشیشت بۆ نانووسم، چونکە پەروەردگار ڕێگای ئەو شتانەم نادا، ڕێگای تریش هەیە، بۆیە لەڕێگەی ئەم نووسینەوە بەپەرۆشەوە ئەم چەند دێڕەت پێشکەش دەکەم، بزانە پەرۆشی برایەکی ئیماندار بۆ خوشکێکی هیچ کەمتر نی یە لەپەرۆشی بۆ پاراستنی (شەرەف و ناموسی) بەتایبەتی لەڕوانگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە، ئەم پەرۆشیەش جۆرێك نیە لە خۆتێهەڵقورتاندن، بەڵکو ئازارێکە دڵی پڕجۆشی برایەك ئەگوشێ تا وای لێ دەکات ببێتە هەڵگری بەشێك لەکۆڵی پڕخەمی خوشکەکانی، ئەم چەشنە ئازارەش تەنها لەدڵی ئەو برایانەدایە کە باوەڕێکی تەواویان هەیە بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و کاری پێ ئەکەن و ڕوکنەکانی جێ بەجێ دەکەن..

ئەم نوسراوەش لەناخی کەسێکەوە سەرچاوەی سەندووە کە بەپەرۆشەوە خامەکەی لە گۆڕەپانی تێنوسەکەی وەك ئەسپە شێیەك تاوئەداو ئەنوسێ.. بۆ کێ ئەنوسێ؟؟ بۆچی ئەنوسی؟؟بۆ تۆی کچی ئێستا و ژنی سبەی و دایکی دوارۆژ..

بۆ تۆ ئەنوسێ بۆ ئەوەی لە ڕێگای ڕاست لانەدەی و بە هەڵەدا نەچی..

خوشکی خۆم: زۆر ئافرەت هەن شەیتان بووەتە کێوێکی زەبەلاح لەبەردەمی دا و ڕاستی ئایینەکەی لە بەرچاوی وون کردووە و دایپۆشیوە، بۆیە دەبینین ڕۆژ تا ئێوارە بەهانە بۆ خۆی ئەهێنێتەوەو جارێك جلی ناشەرعی لەبەرئەکا

و جارێکیش نیوە سەرپۆشێك و جارێکیش بۆ ماوەیەکی زۆر لەیادی ئەکا و هەندێ جاریش پەیوەستی ئەکا بە مانگی ڕەمەزانەوە، لەو وابێ خۆپۆشین تەنها لە مانگی ڕەمەزان واجبە.

زۆر جاریش جلی مۆدە و سەرپۆشێکی تەنك لەسەرئەکا یان هەموو جوانییەکانی خۆی زیاتر بەدەرئەخا ئەمەش بە بەهانەی ئەوەی هاوەڵەکانی ئەم جۆرە جلە لەبەرئەکەن یان ڕۆژگارەکە پێویستی بەم جۆرە پۆشاکە هەیە یان پێشکەوتن لەو پۆشاکە ئەبینێ و یان ئەڵێ خەڵکی پێم ئەڵێن دواکەوتووە، خەڵکی.. خەڵکی.. خەڵك لێرەو.. لەوێ.. باشە ئەی پەروەردگارت بیرچوو کە پێمان ئەڵێ:﴿ وَتَخْشَى ٱلنَّاسَ وَٱللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَىٰهُ ﴾ (الأحزاب ٣٧) .واتە : لەخەڵکی دەترسیت بەڵام خوا لە پێشترە کە حسابی بۆ بکەیت و لێی بترسیت .

یان دەفەرموێ:﴿ وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ ﴾ (آل عمران ٨٥). واتە: ئەوەی جگە لە ئاینی ئیسلام پەیڕەوی هەر ئاینێکی تر بکات لێی وەرناگیرێت. سوێندت ئەدەم بە پەروەردگار گەر مرۆڤێك دروستی کردبای هەرچی یەکی بووتایە بە گوێت نەدەکرد؟ بۆ تەنها پێت ئەڵێم پەروەردگارت داوات لێدەکا جوانییەکەت بۆ خەڵکی ئاشکرا مەکە تەنها بۆ ئەو کەسانە نەبێت کە ئایینی ئیسلام ڕێگەی پێداوی، هەروەك خوای گەورە ئەفەرموێ:﴿ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ ﴾ (النور ٣١). واتە: وەبا جوانی و ڕازاوەیی و زینەتی خۆیان بەدەرنەخەن تەنها بۆ مەحرەمەکانیان نەبێت.زیادەڕەوی کردنیش

لەخۆڕازاندنەوە و دەرخستنی جوانی بەشێکە لە کوفرکردن بەو نیعمەتەی پەروەردگار پێی بەخشیوی، بیرت نەچێ ئەو زاتەی جوانی پێ بەخشیوی دەتوانێ لێتی ببات‌ەوە..

بۆیە لەم ڕۆژگارەدا زۆر خوشك کە پۆشاکی شەرعی لەبەرئەکات ئەوەندەی نەخش و نیگار پێوەیە دەبێتە ئەو تابلۆ ڕەنگاو ڕەنگەی هەموو کەس تەماشای ئەکاو تێرنابێ لێ ی. ئەی لەچکەکانیان، زۆرجار جۆرە لەچکێك بەسەردا ئەدەن و بەجۆرێکی وا ڕێکی ئەکەن، ڕەنگە بەبێ لەچك هێندە سەرنجی لاوەکان ڕانەکێشێ، بەڕاستی زۆرێك لەو خوشکانەی بە حسابی خۆیان پۆشاکی شەرعی یان لەبەرە هێندەی سفورەکان سەرنجی دەورووبەر ڕائەکێشن. بۆیە گەر ئافرەتی ئیماندار سوود و قازانجی پۆشاکی شەرعی و حیجابی زانیبا هێندە ئاسانکار نەئەبوو لە پۆشینی بەڵکو بەو شێوەیەی ئەپۆشی کە پەروەردگار ئەمری پێکردووە. پەروەردگار خۆی دروستی کردووی هەر خۆشی ئەزانێ چی باشە بۆتان و چیش خراپە بۆتان، گەر حیجاب کردنیش سوود و قازانجی نەبوایە بۆتان هەرگیز خوای پەروەردگار فەرزی نەدەکرد لەسەرتان.

تەنها ماوەتەوە بڵێم ئەمەی خوارەوە چەند خاڵێکن لە سوود و قازانجەکانی حیجاب کردن بۆ هەموو ئەو کچانەی سست و کەم تەرخەمن لە حیجاب کردن:ـــ

(١) حیجاب پارێزەری ئافرەتانە لە چاوی ئێرە پێ بەران (حاسدین)، بەتایبەتی ئەگەر خوای گەورە جوانیەکی بێ وێنەیی پێ بەخشیبێ لە قژ و بالاّ و

ڕوخسار، بەڕاستی ڕاست ئەفەرموێ ئەو زاتەی کە ئەفەرموێ: ﴿ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ﴾ (الفلق ٥)

(٢) حیجاب پاڵپشتێکی بەهێزە بۆ ئافرەتان بۆ بەجێهێنانی فەرمانی خوای پەروەردگاریان لە کاتێکدا پەروەردگارتان داواتان لێ ئەکات جوانی یەکانتان ئاشکرا نەکەن تەنها بۆ مێردەکانتان و ئەو کەسانەی خوای پەروەردگار ڕێگای پێ داون، هەروەك ئەفەرموێت: ﴿ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ ﴾ (النور ٣١) واتە: وەبا جوانی و ڕازاوەیی و زینەتی خۆیان بەدەرنەخەن تەنها بۆ مەحرەمەکانیان نەبێت..

(٣) حیجاب ڕێزلێنانە لە ئافرەت چونکە بەهۆیەوە هیچ کەسێك ناتوانێ تەماشایی بکات تەنها ئەوانە نەبێ کە پەروەردگار ڕێگەی پێ داون، بەم شێوەیەش ئافرەت ڕزگاری ئەبێ لەوەی کەوەك شت و مەك و کالا ئەم دەست و ئەو دەستی پێ بکرێ یان هەرکەسێ بە ئارەزووی خۆی سەیری بکات و پاشان گوزەر بکات.

(٤) لەڕووی سیفاتەوە حیجاب ئافرەتان ئەباتە ئاستی حۆرییەکانی بەهەشت کە پەروەردگار لەبارەیانەوە ئەفەرموێت: ﴿ فِيهِنَّ قَٰصِرَٰتُ ٱلطَّرْفِ لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنسٌ قَبْلَهُمْ وَلَا جَآنٌّ ﴿٥٦﴾ ﴾(الرحمن ٥٦) واتە: لەو بەهەشتەدا حۆری تیادایە کە تەنها تەماشای هاوسەرەکانیان دەکەن ، پێش ئەوان دەستی کەسیان لێ نەکەوتووە ، نە لە گرۆی ئادەمی و نە لە پەری .

ئاشکرایشە لەکاتی تێڕوانین چاوەکان تیرێکی نەبینراوی ژەهراوی ئاڕاستەی دڵەکان ئەکەن بەمەش هەست و ئارەزووی بەرامبەر ئەبزوێنێ بەمەش وای لێدەکات هەموو کاتی تەرخان بکات بۆ تێفکرین بەوخاوەن تێڕوانینە.

لەمەش دا حیکمەتی ئەو ئایەتە بەدەرئەکەوێ کە پەروەردگار ئەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يُعۡرَفۡنَ فَلَا يُؤۡذَيۡنَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ٥٩ ﴾ (الأحزاب ٥٩). واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ بە هاوسەرانت و کچەکانت و ئافرەتانی ئیمانداران بڵێ کە بەپۆشاکی باڵاپۆش (واتا عابا) خۆیان دابپۆشن، ئەوە لەبارترین شتە کە پێی بناسرێن کە ئەمانە بەحەیا و پاك و ڕەوشت بەرزن تاوەکو ئازار نەدرێن..

لە چاو نەپاراستنیشدا ئافرەت و پیاو هەردوولا تاوانبارن بەڵام ئافرەت زیاتر، چونکە گەر ئافرەت باش خۆی بپۆشێ و پرچی خاوی نەداتە دەستی شەماڵ و چاوەکانی نەگێڕێ ئەوا تێڕوانینەکانی لەیەك لاوە ئەبێت، ئەویش لایەنی پیاوان ، گەر ئافرەتان وەڵامدانەوەیان نەبوو ئەوا چاوی پیاوان ماندوو ئەبێ و ملی ئەو ڕێگایە ئەگرێ کە لێیوە هاتووە، بە پیاوانیش ئەڵێم خوای پەروەردگار ئەفەرموێ:﴿ قُل لِّلۡمُؤۡمِنِينَ يَغُضُّواْ مِنۡ أَبۡصَٰرِهِمۡ وَيَحۡفَظُواْ فُرُوجَهُمۡۚ ﴾ (النور_٣٠).. واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ بە پیاوانی ئیماندار بڵێ : چاویان بپارێزن (لە سەرنجدانی ئافرەتانی نامەحرەم) هەروەها ناموس و عەورەتی خۆیان لە حەرام بپارێزن

بۆیە هەتا ئافرەتان بەشەرم و حەیاو لەسەرخۆبن هێشتا کەمە، حیجابیش باشترین پشت و پەنایە بۆ شەرم و حەیا.. بەڵام زۆربەی پیاوان ئۆبالّی تاوانەکان ئەخەنە سەر ئافرەتان، ئەو ئافرەتانەی بە سفوری جوانی خۆیان بەدەرخستووە و دەستیان لە شەرم و حەیای خۆیان هەڵگرتووە..

خوشکی باوەڕدار: داواکارم لە پەروەردگار هەموو ئافرەتێکی خراپ هیدایەت بدات بۆ سەر ڕێگای ڕاست و دروست و وایی لێبکات پۆشاکی شەرعی بپۆشێ و بە تەویەکردن بگەڕێتەوە لای پەروەردگار و واز لەو تاوانانە بهێنێ کەکردوویەتی و پەڕەی کۆن بدڕێ و پەڕەیەکی نوێ هەڵبداتەوە، خوای گەورەش لێبووردەیە هەروەك ئەفەرموێ: ﴿ وَإِنِّي لَغَفَّارٌ لِّمَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا ثُمَّ ٱهْتَدَىٰ ﴾ (طه ٨٢)..

واتە: دڵنیاش بن بەڕاستی من زۆر لێخۆش بووم لەو کەسەی کە تویە دەکات ، و باوەڕ دەهێنێت و کارو کردەوەی چاکە دەکات ، لەوەودوا (تا دوا هەناسەی ژیانی) بەردەوام دەبێت لەسەر ئەو ڕێبازە .

(٥) حیجاب بۆ ئافرەتان ئەو قەڵا شورا بەرز و ئەستورەیە کەلە گورگەکانی سەردەم و دزی شەرەف و ناموس ئەیانپارێزێ، وەکو ئەو زلە توند و بەهێزەیە کەلەو پیاوانەی بدەی ئەیانەوێ تێڕوانینی خاوەن حیجابەکە بدزن و وردە وردە بیخەنە داوی ژەهراوی خۆیان و پاکی و بێگەردی لێ بسێنەوە.

(٦) حیجاب وەکو ئەو چەند پەڵە هەورە ڕەش و تاریکەیە کە بارانی خێری و بەرەکەتی پێیە، گەر ئەو هەورە تەماوییە بەلاوەی لێکرد نەخێر و نەبارانیش نامێنن.

(٧) حیجاب جۆرێکە لە زمانەکانی گفتوگۆ کە لەڕێگەیەوە بە پیاوان ڕادەگەیەنێ کە هەڵگرەکەی پاك و بێگەردەو چەشنی ئەو ئافرەتانە نی یە کە ئەو داینناوە، وە حیجاب کەسایەتی ڕاستەقینەی هەڵگرەکەیان بۆ ئەخاتەڕوو.

(٨) هۆکارێکە بۆ ڕزگاربوون لەو جوانییە دەست کردەی ئافرەتان کە لەڕێگەی بەکارهێنانی دەرمانی خۆجوانکردنەوە و مکیاج کردنەوە بەدەستی ئەهێنن.

(٩) حیجاب خاوەنەکەی دوور ئەخاتەوە لەکەوتنە نێو تاوان و بە هەڵەداچوون.

(١٠) حیجاب ئەو دەرگا ئەستورە داخراوەیە کەهیچ کەس ناتوانێت بیکاتەوە بەتایبەت لەکاتێکدا وەلامی بانگەوازی پەروەردگاری دابێتەوە کە ئەفەرموێت:﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يُعۡرَفۡنَ فَلَا يُؤۡذَيۡنَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ﴾ (الأحزاب ٥٩) واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ بە هاوسەرانت و کچەکانت و ئافرەتانی ئیمانداران بڵێ کە بەپۆشاکی باڵاپۆش (واتا عابا) خۆیان دابپۆشن، ئەوە لەبارترین شتە کە پێی بناسرێن کە ئەمانە بەحەیا و پاك و ڕەوشت بەرزن تاوەکو ئازار نەدرێن..

حیجاب کردن فەرمانێکە و پەروەردگار فەرمانی پێکردووە بۆیە ئافرەتی ئیماندار تەنها لەسەریەتی ملکەچی ئەو فەرمانەبێت، وەنابێ بەقسەی هیچ کەسێك بکات گەر هاتوو داوایان لێکرد لایبات با باوك و برا و مێردیش بێت چونکە " **لا طاعة لمخلوق في معصية الخالق" رواه أحمد والحاكم.**

واتە: گوێ ڕایەلی بۆ هیچ کەسێ نیە ئەگەر لە سەرپێچی خوای پەروەردگاردا بێت .

(١١) حیجاب ئەو شۆڕشە بەتینەیە دژ بەو میللەتانەی بانگەواز ئەکەن بۆ ئازادکردنی ئافرەتان بۆ ئەوەی بەنیوە ڕووتی و سفورەوە لەماڵ دەرچن.

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: " **صنفان من أهل النار لم أرهما: قوم معهم سياط كأذناب البقر يضربون بها الناس، ونساء كاسيات عاريات مميلات مائلات، رءوسهن كأسنمة البخت المائلة، لا يدخلن الجنة ولا يجدن ريحها" رواه مسلم (٢٠٤٤)** .واتە: مەبەست لە (کاسیات عاریات) ئەوەیە کە ئافرەتێك جلی لەبەردایە بەڵام هەموو لاشەی نەپۆشیوە بۆ نموونە جلێکی تەنك لەبەر بکات کە لەشی لێیەوە دیارە یان جلێکی کورت بێت کە بەشێك لە لاشەی بەدەر دەکەوێت، ئەمانەش لەو کەسانەن کە ناچنە بەهەشتەوە و بۆنی بەهەشتیش ناکەن، (مەگەر دوای تۆبە کردن).

(١٢) حیجاب ووشەیەکی شیرینە، هەموو موسڵمانان بەبیستنی کەیف خۆش ئەبن چونکە حیجاب پاریزەری ئافرەتە و بەڵگەی پاکێتی و بەشەرمیەتی لە هەمان کاتدا ئاسایش و جوانیە، گوێڕایەڵی کردنە بۆ فەرمانەکانی پەروەردگار،

هەروەك پەروەردگار ئەفەرمویّت: ﴿ ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَىٰ شَرِيعَةٍ مِّنَ ٱلْأَمْرِ فَٱتَّبِعْهَا ﴾ (الجاثية ١٨) واتە: پاشان ئێمە تۆمان ئەی محمد ﷺ خستۆتە سەر بەرنامەیەکی ڕاست و ڕەوان لە هەموو کارو بارێکی ئەم ئایینەدا ، کەواتە شوێنی بکەوەو لێی لامەدە.

ئاشکرایە ئەو ئافرەتەی حیجاب ناکات تیری ژەهراوی ئارِاستەی چواردەور ئەکات و بەشدار ئەبێت لەو تاوان و تێڕوانینانەی پیاوان ئەیکەن.

خوای گەورەش ئەفەرموێ:﴿ وَلِبَاسُ ٱلتَّقْوَىٰ ذَٰلِكَ خَيْرٌ ﴾ (الأعراف ٢٦). واتە: پۆشاکی تەقواو خواناسی چاکترو خێردارتر و بەفەڕترە.

لە کۆتایشدا هیوادارم ئەم بابەتە ببێتە هۆی هیدایەت دانی ئەو کچانەی کەم تەرخەمی ئەکەن سەبارەت بەو فەرمانەی پەروەردگار وپێغەمبەرەکەی ﷺ کە ئەویش حیجاب کردنە.

وَآخِرُ دَعْوَاهُمْ أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

هەردوو ئافرەتن بەڵام !!!

پلەیان لە لای پەروەردگار جیاوازە

(بەشی یەکەم)

ئەو ئافرەتەی کە پەروەردگار خۆشی دەوێت

(بەشی دووەم)

ئەو ئافرەتەی کە پەروەردگار ڕقی لێیە

یەکەم)

﴿ ئەو ئافرەتەی کە پەروەردگار خۆشی دەوێت ﴾

خوشکی موسڵمانم ئەمانەی خوارەوە چەند جۆرە ئافرەتێکن کە هەندێك سیفەت و ئاکاریان تێدایە ، بەهۆیانەوە خوای بەرز و بڵند خۆشیانی دەوێت و لێیان ڕازییە ، ئەوەش لە ژێر ڕووناکی قورئانی پیرۆز و سوننەتەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ ، بەهیوای ئەوەی کە خوشکانمان لەخۆیاندا بەرجەستەی بکەن بۆ ئەوەی بین بە خۆشەویستی پەروەردگاریان ، ئەوانەش :

❖ **ئافرەتی خۆپارێز و لەخوا ترس (المرأة التقية) :** خوای بڵند و بااڵدەست فەرموویەتی : ﴿ فَإِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٧٦﴾ ﴾ (آل عمران : ٧٦) ، واتە : بەڕاستی خوای پەروەردگار کەسانی لە خواترسی خۆشدەوێت .

لە خوا ترسیش ئەوەیە کە (**طلق**) ی کوڕی (**حبيب**) فەرموویەتی : " **العمل بطاعة الله ، على نور من الله ، رجاء ثواب الله ، والحذر من معصية الله ، على نورٍ من الله ، مخافة عقاب الله** " ، واتە : گوێڕایەڵی کردنە بۆ پەروەردگار ، لە سەر ڕووناکیەك کە لەلای خواوە هاتبێت ، بە ئومێدی پاداشت لەخواوە ، وە وریا و بەئاگابوونە لە سەرپێچی خوای پەروەردگار ، لە سەر ڕووناکیەك کە لەلای خواوە هاتبێت ، لە ترسی سزای خواوە .

❖ **ئافرەتی خۆپاکڕاگر لە ڕووکەش و دەروونـدا (المرأة النقيـة)**

: خوای گەورە فەرموویـەتی :﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ وَيُحِبُّ ٱلْمُتَطَهِّرِينَ ﴾ (البقرة : ٢٢٢)، واتە : خوای پەروەردگار کەسانی تۆبەکار و خۆپاکڕاگرانی خۆش دەوێت.

وە ئەو پاکڕاگریەش پێش هەموو شـتێ پـاکڕاگرتنی دەروونـە لـە غـەش و حەسوودی و خۆ بەزلزانین و غرور و بەرزبونـەوە لـە زەویـدا ، پاشـان و دوای ئـەوە پاکێتی جەستەیە ، چونکە خوای بالآدەست جوانە و جوانیشی خۆشدەوێت .

❖ **ئـافرەتی تۆبـەکار (المـرأة التائبـة) :** خـوای پـەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ وَيُحِبُّ ٱلْمُتَطَهِّرِينَ ﴾ (البقرة : ٢٢٢) ، واتە : بە ڕاستی خوای پەروەردگار ئەو کەسانەی خۆش دەوێت کە تەوبە دەکەن و دەگەڕێنەوە بۆلای و هەروەها ئەو کەسانەش کە پاکن .

تەوبەش گەڕانەوەیە لەوەی کەخوای گەورە پێی ناخۆشە بۆ ئـەوەی کـە پێـی خۆشە ، ئەمەش یەکێکە لە بەرزترین پلە و پایەکانی مرۆڤ کە پێویستی پێیەتی لـە ڕێڕەوی بۆلای خوا ، خـوای گـەورە فەرموویـەتی : ﴿ وَتُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴾ (النور : ٣١) ، واتـە : ئـەی ئیمـان داران هەموتان تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆلای خوا ، بەڵکو سەرفراز بن .

❖ **ئـــافرەتی دادوەر (المـرأة المقـسطة) :** خـــوای پەروەردگـــار فـــەرموویەتی :﴿ وَأَقْسِطُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ﴾ (الحجرات : ٩) ، واتە : دادوەر بن چونکە بەڕاستی خوای پەروەردگار دادوەرانی خۆش ئەوێت .

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویـەتی : " **إن المقسطين عند الله على منابر من نور : الذين يعدلون في حكمهم وأهليهم وما ولُوا** " (رواه مسلم) ، واتـە : دادوەران لـەلای خـودا لەســەر مینبـەری نـوورینن ، ئەوانـەی کـە دادوەرن لـە حوکمەکانیاندا و لە کەس و کار و ژێر دەستەکانیان .

❖ **ئـافرەتی شـوێنکەوتوو نـەك بیدعـەکار (امـرأة متبعـة غـير مبتدعة) :** خوای بالاّدەسـت فەرموویـەتی :﴿ قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِى يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣١﴾ ﴾ (آل عمران : ٣١) ، واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ پێیان بڵێ : ئەگەر ئێوە ڕاسـت دەکـەن خواتـان خۆش دەوێت ، دەسا شوێن من بکەون ، ئەو کاتە خـوای پـەروەردگار خۆشـتانی دەوێت و لەتاوانەکانتان خۆش دەبێت .

وە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " **كل أمتي يدخلون الجنة إلا من أبى !! قيل : ومن يأبى يا رسول الله ؟! قال : من أطاعني دخل الجنة ، ومن عصاني فقد أبى** " (رواه البخاري) ، واتـە : هـەموو ئومـەتی مـن دەچـێتە بەهەشتەوە ئیلا ئەو کەسە نەبێت کە خۆی نەیەوێت !! ووتیان : کـێ نایـەوێت ئـەی پێغەمبەری خوا ﷺ ؟!! ئەویش فەرمووی : هەر کەسێك گوێڕایەڵیم بکات ئەچێتە بەهەشتەوە ، هەرکەسێك سەرپێچیم بکات ئەوە خۆی نەیویستووە .

❖ **ئافرەتی چاکەکار (المرأة المحسنة) :** خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ فَٱعۡفُ عَنۡهُمۡ وَٱصۡفَحۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿١٣﴾ ﴾ (المائدة : ١٣) ، واتە : لێبیان خۆشبە و چاو پۆشیان لێ بکە چونکە بەڕاستی خوای گەورە چاکەکارانی خۆش دەوێت .

وە فەرموویەتی : ﴿ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ فِي ٱلسَّرَّآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَٱلۡكَٰظِمِينَ ٱلۡغَيۡظَ وَٱلۡعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿١٣٤﴾ ﴾ (آل عمران : ١٣٤) ، واتە : ئەوانەی کە تووڕەیی و ڕقی خۆیان دەخۆنەوە و قوت دەدەن و لە خەڵکی خۆش دەبن ، و خوای گەورەش چاکەکارانی خۆش دەوێت .

(**الإحسان**) یش واتە : چاکە کار : ووتەیەکی کۆکەرەوەیە بۆ هەموو کردارێکی جوان و ووتەیەکی چاك و هەڵوێستێکی ژیرانەیە .

❖ **ئافرەتی خۆبەکەمزان (المرأة المتواضعة) :** خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ فَسَوۡفَ يَأۡتِي ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ يُحِبُّهُمۡ وَيُحِبُّونَهُۥٓ أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴾ (المائدة : ٥٤) ، واتە : خوای پەروەردگار کەسانێك دەهێنێت کە خۆشیانی دەوێت و ئەوانیش ئەویان خۆش دەوێت هەروەها ملکەچ و بە سۆزن بەرامبەر ئیمان داران و سەر بڵند و دەرون بەرزن بەرامبەر بێبڕوایان .

(**تواضع**) یش خۆ بە کەم زانین ناونیشانی بەرزبوونەوەیە لە دونیا و دوا ڕۆژدا ، و هەر بۆ ئەمە یە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " **وما تواضع أحدٌ**

لله إلا رفعه الله " (رواه مسلم) ، واتە : هیچ یەکێك لە بەر خوا خۆی بە کەم نازانێ ئیللا خوای پەروەردگار بەرزی دەکاتەوە .

❖ **ئافرەتی ئارامگر (المرأة الصابرة) :** خوای پەروەردگار فەرموویەتی :﴿ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴾ (آل عمران : ١٤٦) .

❖ واتە : خوای پەروەردگاریش ئارامگر و خۆ ڕاگرانەی خۆش دەوێت.

پێغەمبەری خواش ﷺ فەرموویەتی : " **عجباً لأمر المؤمن إن أمره كله له خير و ليس ذلك لأحد إلا للمؤمن : إن أصابته سراء شكر فكان خيراً له ، و إن أصابته ضراء صبر فكان خيراً لهُ** " (رواه مسلم) ، واتە : کار و کرداری کەسی ئیماندار جێی سەر سامییە ، بەڕاستی هەموو کار و باری بە گشتی بۆی بە خێر و چاکە دەنووسرێت ، ئەمەش بۆ هیچ یەکێك نیە جگە لە ئیمان دار نەبێت : ئەگەر خۆشی یەکی توش بێ شوکری خوای تیا دەکات ئەوا بە خێر و چاکە بۆی دەنوسرێت ، وە ئەگەر ناخۆشیەکی توش بێت ئەوا ئارام دەگرێت هەر دەبێت بە خێر و چاکە بۆی .

❖ **ئافرەتی متمانەکار و پشتبەستو بە خوا (المرأة المتوكلة على الله) :** خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَوَكِّلِينَ ﴾ (آل عمران : ١٥٩) ، واتە : بە ڕاستی خوا ئەوانەی خۆش دەوێت کەپشتی پێ دەبەستن .

لە کۆتاییدا دەڵێم : نازانم ئاخۆ خوشکەکەم بەش و نسیبی تۆ لەم سیفەت و ئاکارانە چیە ؟!

(بەشی دووەم)

﴿ ئەو ئافرەتەی کە پەروەردگار ڕقی لێیە ﴾

ئەمەش هەندێك جۆری ئافرەتە کە هەندێك سیفەت و ئاکاریان تێدایە ، بەهۆیانەوە خوای گەورە خۆشی ناوێن و ڕقی لێیانە ، ئەوەش لە ژێر ڕووناکی قورئانی پیرۆز و سوننەتەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ ، داوامان وایە لە خوای پەروەردگار کە ئافرەتەکانمان دوور بخاتەوە لە هاوشێوەی ئەمانە ، و ئیستیقامەیان لە هەڵسوکەوت و ڕەوشتدا پێ کەرەم کات ، ئەوانەش :

❖ **ئافرەتی بێ باوەڕ (المرأة الكافرة) :** خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴾ (آل عمران : ٣٢) . واتە : دڵنیا بن کە خوای گەورە بێباوەڕانی خۆش ناوێت .

هەروەها ئەوەش بێ باوەڕییە کە : پێغەمبەری خوا ﷺ یان هەندێك لەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ هێناویەتی بەدرۆ بزانرێت ، یان ڕق لێبوونی لە پێغەمبەری خوا ﷺ ، یان ڕق لێبوونی لە هەندێك لەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ هێناویەتی ، یان پشت هەڵکردن لە ئایینەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ ، یان گومان بوون لە پێغەمبەری خوا ﷺ ، یان لە هەندێك لەوەی کە پیغەمبەری خوا ﷺ هێناویەتی یان باوەڕ نەبوون بە فەرزێتی نوێژ و جگە لەمانەش .

❖ **ئافرەتی خراپەکار (المرأة المفسدة)** : خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَيَسْعَوْنَ فِي ٱلْأَرْضِ فَسَادًا ۚ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴾(**المائدة : ٦٤**) ، واتە : هەوڵی ئەوە دەدەن کە فەساد لە سەر زەوی دا بلاوبکەنەوە ، خوای گەورە موفسیدینی خۆش ناوێ بەڵکو زۆر ڕقی لێیانە .

وە لەو شتاتەش کە فەساد و خراپەن : ڕووتی و دەرکەوتنی سفوریتی ئافرەت ، یان بانگەواز کردن بۆ ئەم کارە و پشت گوێ خستن و واز هێنان لە بەها ئیسلامییەکان .

وە یەکێکی تر لە فەساد و خراپەکان تەنها بوونەوەی ئافرەتانە لەگەڵ پیاواندا وە تێکەڵ بوونیان بە پیاوانی بێگانە ، و هەروەها ئەوەی کە ئافرەتان خۆیان بە پیاوان دەشوبهێنن ، یان بە ئافرەتانی بێ باوەڕ و جگە لەمانە .

❖ **ئافرەتی ستەمکار (المرأة الظالمة)** : خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٠﴾ ﴾ (**الشورى : ٤٠**) ، واتە : ئەوەی کە لێ بوورده و چاك ساز بوو پاداشتی لای پەروەدگاری خۆیەتی خوای پەروەردگاریش ستەم کارانی خوش ناوێت

وە پێغەمبەری خـــوا ﷺ فەرموویـەتی : " **اتقوا الظلم ، فإن الظلم ظلمات يوم قيام** " (**رواه مسلم**) ، واتە : خۆتـــان لـــە ستـــــەم بپارێزن ، چونکە ستـــەم تاریکییە لـــە ڕۆژی دوایدا .

وە هەروەها فەرموویەتی :" **إن الله ليملي للظالم حتى إذا أخذه لم يفلته**" (**متفق عليه**) ، واتە : پەروەردگار ڕێدەدات بە ستەمکار و دوای دەخات تاکو کاتێك کە لە ناویدا بە هیچ شێوەیەك ڕزگاری نابێت .

❖ ئافرەتی دەست درێژیکار (المرأة المعتدية) :

خوای بڵند و باڵادەست فەرموویەتی : ﴿ وَلَا تَعْتَدُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴾(البقرة : ١٩٠) ، واتە : نەکەن دەست درێژی بکەن ، چونکە بە ڕاستی خوای پەروەردگار دەست درێژ کارانی خۆش ناوێت .

هەر لە دەست درێژ کردنە : جوێن دان بە خەڵکی و ستەم لێ کردنیان و ئازار دانی هاوسێ و جگە لەمانە .

❖ ئـــافرەتی خۆبـــەزلزان (المـــرأة المتكـــبرة) : خـــوای گـــەورە

فەرموویـــــەتی : ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ مَن كَانَ مُخْتَالًا فَخُورًا ﴾ (النساء : ٣٦) ، واتە : بە ڕاستی خوای پەروەردگار ئەوانەی خۆشیانی ناوێت کە خۆیان بە زل ئەزانن و فەخر بە سەر خەڵکدا دەکەن .

وە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " **ألا أخبركم بأهل النار ؟ كل عتل جواظ مستكبر** " (**متفق عليه**) ، واتە : ئایا پێتان ڕابگەیەنم کە ئەهلی دۆزەخ کێن ؟ هەموو کەسانی وشك و توند و ڕەق لە گەڵ کەسانێك کە لە ڕێکردندا فیز دەکەن و ئەگەر پارە و پولیان دەست کەوێ دەیگرنەوە لە خەڵکی .

❖ **ئافرەتی خیانەتکار** (**المرأة الخائنة**) : خوای پەروەردگار فەرموویەتی :﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ مَن كَانَ خَوَّانًا أَثِيمًا ﴾ (**النساء : ١٠٧**) ، واتە : بە ڕاستی خوای بالادەست ئەو کەسانەی خۆش ناوێت کە خیانەتکار وتاوان بارن .

وە لەو شتانەش کە بە خیانەت دەژمێردرێن : پشت هەڵکردن لە ئەحکامەکانی خوا و پێغەمبەری خوا ﷺ ، وە خیانەت کردن لە ڕاسپاردە ، و خیانەت کردن لە مێرد ، وە هەروەها لە هاوڕێ ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَخُونُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ وَتَخُونُوٓاْ أَمَٰنَٰتِكُمْ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٢٧﴾ ﴾(**الأنفال : ٢٧**) ، واتە : ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە خیانەت مەکەن لە خوا و لە پێغەمبەری خوا ﷺ ، و هەروەها خیانەتیش مەکەن لە ئەمانەت و ڕاسپاردەکان کە پێتان دەسپێردرێت لە کاتێکدا کە خۆتان دەزانن ئەو کارە هەڵەیە .

❖ **ئافرەتی بەدمەسرەف و زیادڕەویار (المرأة المسرفة) :** خـوای پـەروەردگار فەرموویـەتی : ﴿ وَكُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ وَلَا تُسْرِفُوٓا۟ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْرِفِينَ ﴿٣١﴾ ﴾(**الأعراف : ٣١**) ، واتـە : بخـۆن و بخۆنـەوە بـەڵام زیـادەڕەوی و بەدمەسـرەفی مەکـەن چـونکە بـە ڕاسـتی خـوای پـەروەردگار زیادەڕەویکـار و بەدمەسرەفی خۆش ناوێت .

هـەروەها فەرموویـەتی :﴿ وَلَا تُبَذِّرْ تَبْذِيرًا ﴿٢٦﴾ إِنَّ ٱلْمُبَذِّرِينَ كَانُوٓا۟ إِخْوَٰنَ ٱلشَّيَٰطِينِ ۖ وَكَانَ ٱلشَّيْطَٰنُ لِرَبِّهِۦ كَفُورًا ﴿٢٧﴾ ﴾ (**الإسراء ٢٦ . ٢٧**) ، واتـە : مالّ و سامان بە فیڕۆ مەدەن چونکە بە ڕاستی ئەوانەی مـالّ و سـامانیان بـە فـیڕۆ دەدەن ئەوانە برای شەیتانەکانن ، شەیتانیش لە بەرامبەر پەروەردگاریدا زۆر ناشوکر و بەدنمەکە .

وە پێغەمبەری خـوا ﷺ فەرموویـەتی : " **ما ملأ ابن آدم وعاءً شراً من بطنه ، بحسب ابن آدم لقيمات يقمن صلبه ، فإن كان لا محالة ، فثلث لطعامه وثلث لشرابه ، وثلث لنفسه** " (**رواه أحمد و الترمذي و صححه الألباني**) ، واتە : نەوەکانی ئادەم هیچ شتێکیان پڕنەکردوە خراپتر بێـت لـە سـکیان ، چـونکە مرۆڤ چەند پارویەکی بەسە کە پشتی پێ ڕاست بکاتەوە ، بەڵام ئەگەر هەر پێویست بوو ئـەوا بـا سـێیەکێکی بـۆ خـواردن ، و سـێیەکێکی تـری بـۆ خواردنـەوە ، و سێیەکەکەی تری بۆ هەناسەدان .

لە کۆتاییدا : داواکارم لە پەروەردگاری میهرەبان من و هەموو خوشکانی موسڵمانم لەم سیفەت و ئاکارە خراپ و قێزەونانە بپارێزێت و بەدورگرێت ... ئامین.

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

بەراوردێك لە نێوان

مافەكانی ئافرەت

لە سەردەمی نەفامی و سەردەمی ئیسلامدا

مەبەست لە پێش ئیسلام ، سەردەمی نەفامی یە ، کە عەرەبەکانی تێدا دەژیان بە شێوەیەکی تایبەتی ، هەموو سەر زەویش بە شێوەیەکی گشتی،کەخەڵکی ماوەیەك بو پچڕابون لە پێغەمبەران ، وە بەرنامەکانیان سڕابونەوە و نەمابوون ، تەنها کەمێك نەبێت لە خاوەن پەرتوکە ئاسمانیەکان کە لەسەری مابونەوە.

وە زۆربەی ئافرەتانیش، بەگشتی لەو کاتەدا ژیانێکی سەخت و ناهەمواریان بەسەر دەبرد – بەتایبەت لە کۆمەڵگای عەرەبیدا –

١. لەسەردەمی نەفامی (جاهیلی)دا خەڵکی ڕقیان لە ئافرەت بوو، خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِٱلْأُنثَىٰ ظَلَّ وَجْهُهُۥ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ ﴾ (سورة النحل : ٥٨) واتە: خۆ ئەگەر مژدەی بوونی کچ بدرێت بە یەکێك لەو نەفامانە ، ڕووی گرژ و تاڵ دەبێت و ڕەش دادەگیرسێت و سینەی پڕ دەبێت لە خەم و پەژارە .

ئافرەتیان بە سووك و بێ ڕێز تەماشا دەکرد ، و هەر بە زیندوویەتی دەیانکرد بە ژێر خۆڵەوە ، بەڵام ئیسلام هات ئەو کارەی قەدەغە کرد ، و بانگەشەی ئەوەی کرد و ئەوەی لەسەر موسڵمانان فەرز کرد کە پێویستە ڕێز لە ئافرەتان بگرن و لە گەڵیاندا چاك بن و مافەکانیان پێشێل نەکەن ، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَإِذَا ٱلْمَوْءُۥدَةُ سُئِلَتْ ﴿٨﴾ بِأَىِّ ذَنۢبٍ قُتِلَتْ ﴿٩﴾ ﴾ (سورة التكوير : ٨-٩) .واتە: کاتێك کچی زیندە بە چاڵ کراو پرسیاری لێدەکرێت . بە چ گوناهێك ، بە چ تۆمەتێك کوژرا ؟!

وە پێغەمبەری خوایش ﷺ فەرموویەتی: " **من عال جاريتين – بنتين – حتى يبلغا جاء يوم القيامة أنا وهو كهاتين** " (رواه مسلم).

واتە: هەرکەسێك دوو کچ بە خێو بکات تاوەکو پێ دەگەن و بالغ دەبن ڕۆژی قیامەت من و ئەو کەسە وەکو ئەم دوو پەنجەیە – نزیکین لە یەکەوە - .

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " **من ابتلى من هذه البنات بشيء فأحسن إليهن كنَّ له سترا من النار** " (رواه البخاري ومسلم) .

واتە: هەرکەسێك خوای گەورە تاقی بکاتەوە بە پێ بەخشینی کچ وە ئەویش باش بێت لەگەڵیاندا (بە جوانی بەخێویان بکات و پەروەردەیان بکات) ئەوا ستری دەکەن لە ئاگر .

٢. لە سەردەمی نەفامی پێش ئیسلامدا خەڵکی میرات (ئەو پارە و ماڵەی مردوو دوای خۆی بە جێی دەهێڵێت) نەیان دەدا بە ئافرەت ئەگەر چی شیاوی وەرگرتنیشی بوایە ، بەڵام کاتێك ئیسلام هات بە باشترین شێوە بەشە میراتی ئافرەتی دیاری کرد و مافی خۆی پێدا ، خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ لِّلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِّمَّا تَرَكَ ٱلْوَٰلِدَانِ وَٱلْأَقْرَبُونَ وَلِلنِّسَآءِ نَصِيبٌ مِّمَّا تَرَكَ ٱلْوَٰلِدَانِ وَٱلْأَقْرَبُونَ مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ ۚ نَصِيبًا مَّفْرُوضًا ﴿٧﴾ ﴾ (سورة النساء: ٧) .واتە: پیاوان بەشیان هەیە لەو شتانەدا کە باوك و دایك و خزمان بە میراتی لە دوایان بە جێ دەمێنێت، هەروەها ژنانیش بەشیان هەیە لەو شتانەدا کە باوك و دایك و خزمان بە میراتی لە

دوایان بە جێ دەمێنێت ، لە کەم و زۆری بەشی هەرکەسێك دیاری کراوە و دەبێت بیدرێتی .

٣. لە سەردەمی نەفامی پێش ئیسلامدا پیاوان وەکو چۆن مالّ و مولّکی مردوویان بە میراتی وەردەگرت بە هەمان شێوەش خێزانی کابرای مردوویان وەکو میراتی بۆ خۆیان دەبرد ، هەر کە پیاوەکە مرد پیاوێکی تر دەهات پۆشاکێکی دەدا بە سەر ئافرەتەکەدا و دەیوت: بوو بە بەشە میراتی من هەروەکو چۆن مالّەکەیم بە میراتی برد ، بەلّام ئیسلام ئەمەی حەرام کرد ، خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا يَحِلُّ لَكُمۡ أَن تَرِثُواْ ٱلنِّسَآءَ كَرۡهٗا ﴾(سورة النساء: ٩) . واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە دروست نیە بۆتان ژنان بە زۆر بکەنە میراتی خۆتان و دەستیان بەسەردا بگرن (وەکو کەلوپەلی تری ناو مالّ) .

٤. لە سەردەمی نەفامیدا پیاو ڕێگر بوو لە شووکردنی ئەو خێزانەی خۆی کە تەلّاقی داوە هەتاوەکو هەموو ئەو شتانەی بۆ نەگێڕێتەوە کە لەسەر ژنەکە خەرجی کردووە ، وە باوك کچەکەی و برا خوشکەکەی خۆی لە شووکردن قەدەغە دەکرد ئەگەر بیویستایە ، وە پیاو خراپ مامەلّەی لەگەلّ خێزانەکەی دەکرد و تەلّاقی نەدەدا تاوەکو فیدیەی پێ نەدایە .

خوای گەورە فەرموویەتی:﴿ وَلَا تَعۡضُلُوهُنَّ لِتَذۡهَبُواْ بِبَعۡضِ مَآ ءَاتَيۡتُمُوهُنَّ إِلَّآ أَن يَأۡتِينَ بِفَٰحِشَةٖ مُّبَيِّنَةٖ ﴾(سورة النساء: ١٩) .واتە : ناچاریان مەکەن تا هەندێك مارەییتان بۆ بگەڕێننەوە، مەگەر ئەوان گوناهێکی ئاشکراو دیار ئەنجام بدەن.

وە فەرموویـــەتی: ﴿ فَلَا تَعْضُلُوهُنَّ أَن يَنكِحْنَ أَزْوَاجَهُنَّ إِذَا تَرَاضَوْا بَيْنَهُم بِالْمَعْرُوفِ ﴾(سورة البقرة : ٢٣٢) .واتە: ئێوە (ئەی کەس و کاری ژن) مەبنە کۆسپ لە ڕێگەیاندا ئەگەر ویستیان شوو بکەنـەوە بـە هاوسـەرەکانیان (یـاخود ویستیان شوویەکی تر بکەن) ، کاتێك ئەوان لە نێوان خۆیاندا ڕەزامەنـدییان نوانـد بە شێوەیەکی جوان .

٥. لە سەردەمی نەفامیدا ئافرەت بە دەست ستەمی مێرد و ڕەوشت خراپی و خراپ مامەڵەکردنیەوە دەینالاند ، بەڵام کاتێك ئیسلام هات ئەمەی قەدەغە کرد ، و فەرمانی بە پیاو کرد کە بە شێوەیەکی ڕێك و پێـك و جـوان مامەڵـەی لەگـەڵ ئافرەتداهاوژینیان لەگەڵدا بە جوانی بەرنەسەر . بکات ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ ﴾ (سورة النساء:١٩).واتە: هاوژینییان لەگەڵـدا بـە جوانی بەرنەسەر .

وە فەرموویـــەتی: ﴿ وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ ﴾ (سـورة البقـرة: ٢٢٨) .واتە: ژنان مافیان هەیە بەسەر پیاوانەوە بە وێنەی ئەو مافانـەی کـە بـۆ پیاوانە لەسەر ژنان بە گوێرەی باو و نەریتێك کە پەسەندە لە ئیسلامدا .

٦. لەسەردەمی نەفامیدا عیددەی ئافرەت لە دوای مردنی پیاوەکـەی یـەك ساڵ بوو ، بەڵام کاتێك ئیسلام هات ئەم ماوەیەی کـەم کـردەوە و کـردی بـە چـوار مانگ و دە ڕۆژ ، خـوای گـەورە دەفـەرموێت : ﴿ وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجًا يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا ﴾(سورة البقرة : ٢٣٤) .

٧. ئیسلام وەصیەتی کردووە بە جوان ڕەفتاری و مامەڵەی باش لەگەڵ ئافرەتدا ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " **واستوصوا بالنساء خيرا** " (**متفق عليه**) .

وە فەرموویەتی ﷺ : " **لا يفرك مؤمن مؤمنة إن كره منها خلقا رضي منها آخر** " (**رواه مسلم**) .واتە: با پیاوی بڕوادار ڕق و کینە لە خێزانە بڕوادارەکەی هەڵنەگرێت ، چونکە ئەگەر ڕقی لە ڕەوشتێکی بێت ، لە ڕەوشتێکی تری ڕازیە .

وە فەرموویەتی ﷺ : " **خياركم: خياركم لنسائهم** " (**رواه الترمذي وقال حديث حسن صحيح**) واتە: چاکترینتان : چاکترینتانە بۆ خێزانەکانیان .

وە فەرموویەتی ﷺ:" **الدنيا متاع وخير متاعها المرأة الصالحة** "(**رواه مسلم**) .

وە پێغەمبەری خوا ﷺ دیاری کردووە کە ئافرەتی چاك کامەیە و هەندێك لە سیفەتەکانی لەم فەرموودەیەدا دیاری کردووە : " **إذا نظر إليها سرّته وإذا أمرها أطاعته وإذا غاب عنها حفظته في نفسها وماله** " (**رواه أحمد والنسائي**) .

واتە: ئەگەر پیاوەکەی تەماشای بکات دڵخۆش دەبێت ، و ئەگەر فەرمانی پێ بکات گوێڕایەڵی دەکات ، و ئەگەر لێی دوور بکەوێتەوە (بۆ نموونە پیاوەکە بچێت بۆ سەفەر) ئابڕووی پیاوەکەی دەپارێزێت بە پاراستنی خۆی وە مااڵەکەشی دەپارێزێت .

والحمد لله الذي بنعمته تتم الصالحات

بابەتە گرنگەکان

تایبەت بە ئافرەتان

خوشکی بەڕێزم

ئایا دەزانی ئاکامی بالآنە پۆشینت یانی چی؟

خوشکی بەڕێزم : داواکارم ئەگەر بتوانی بە گوێی دڵ گوێبیستی ووتەکانم بیت ، و هەست و بیری خۆتم بدەیتێ ، لە چەند خولەکێکی ژیانت ، بۆ ئەوەی چەند ئامۆژگاریەکت بە گوێدا بدەم ، کە هەموویان ئامۆژگاری دڵسۆزن بۆ کەسێکی خۆشەویستی خۆی ، لە لایەن کەسێکی پەروەش لە سەر دوا ڕۆژ و ژیانت ، لە ڕۆژگارێکدا کە ئامۆژگاریکاران تێدا کەم و بەدەگمەنن ، ئامۆژگاریەکانیشم بە شێوەی پرسیار دەبن ، بۆ ئەوەی هەموو پرسیارێکی زەنگێکی بیدارکاری بێت ، و چیتر لە خەوی غەفڵەت بێدارت بکاتەوە ، و بە ئاگا بیت ، و قۆڵی خواناسانەی بۆ هەڵمالێت و پەشیمان ببیتەوە لەوەی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان کەمتەرخەمیەکت نوواندبێت لە بالآ پۆشیتدا ، کە نیشانی بڕواداری حیشمەت و جوانی تۆیە لە دونیای کۆتای هاتوو ، هۆکاری ڕزگار بوونی هەتا هەتاییتە لە ئاگری دۆزەخ ، ئەو دۆزەخەی کە خوای پەروەردگار لە وەسفیدا فەرموویەتی :﴿ فَٱتَّقُواْ ٱلنَّارَ ٱلَّتِي وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلْحِجَارَةُ ﴾(سورة البقرة : ٢٤) ، واتە : لەو ئاگرە بترسن کە سووتەمەنیەکەی خەڵك و بەردە ، خوای پەروەردگار پەنای من و تۆش بدات لەوەی کە خۆمان بە دەستی خۆمان بۆ دونیا و خۆشیەکی کاتی بکەین بە سووتەمەنی ئەو ئاگرە ، بۆیە داواکارم ئەگەر تا ئەمڕۆش کەمتەرخەمیەکت لە بالآپۆشەکەتدا کردبێت ، دوای بیستنی ئەم ووتانە بڕیاری یەك لای خۆت بدەیت و بالآپۆشیەکەت بە باشترین شێوە

و بەو مەرجانەی کە پێویستە لە بااڵ پۆشەکەتدا هەبێت ئەنجام بدەیت ، و سەردەمی سستی و تەمبەڵی بەالوە بنەیت ، بزانی کە مانەوەت لە دونیادا کاتی و کەمە ، بەڵکو هەر زۆر کەمە ، و سەردەمی الوێتی دەڕوات و نامێنێت ، و جوانیەکەشت بەهەمان شێوە لە ناو دەچێت و نامێنێت ، و گەشی و درەوشاوەیی لە ناو دەچێت ، ئەوەش : بە مردنێکی نزیك و خێرا ، یان بە پیریەك کە لە ڕێگەی هەمووانە و دێت ، و بە هیچ شێوەیەك دەرچوون نیە لە دەستی ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَٱتَّقُوا۟ يَوْمًا تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى ٱللَّهِ ثُمَّ تُوَفَّىٰ كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿٢٨١﴾ ﴾ (سورة البقرة : ٢٨١) ، واتە : خۆتان بپارێزن لەو ڕۆژەی کە دەگەڕێنەوە تیایدا بۆ الی خوای پەروەردگار ، پاشان هەموو کەسێك پاداشت دەدرێتەوە لەو کردارانەی کە ئەنجامی داون ، و دڵنیاش بن کە کەس لەو ڕۆژەدا ستەمی لێ ناکرێت .

ئەمەش ئامۆژگاریەکانن :

ئایا دەزانی باڵانەپۆشینت سەرپێچی کردن و شکاندنی فەرمان و ووتەی پەروەردگارتە کە فەرمانی پێکردوویت :﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ قُل لِّأَزْوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّ ﴾ (سورة الأحزاب : ٥٩) ، واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە خێزان و کچەکانت و ئافرەتی بڕوادارانی بڵێ با باڵا پۆشەکانیان بدەن بە خۆیاندا .

وە هەروەکو فەرموویەتی : ﴿ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ ٱلْأُولَىٰ ﴾ (**سورة الأحزاب : ٣٣**) ، واتە : لەکاتی دەرچونتاندا خۆتان ڕووت مەکەنەوە ، هەروەك چۆن ئافرەتان لە سەردەمی نەفامیدا خۆیان ڕووت دەکردەوە .

وە ئایا دەزانیت ئەو کارەت هۆکاری ئازاردنی خۆتە ، هەروەکو خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّ ۚ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰٓ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٥٩﴾ ﴾(**سورة الأحزاب : ٥٩**) ، واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە خێزان و کچەکانت و ئافرەتی بڕوادارانبڵێ با باڵا پۆشەکانیان بدەن بە خۆیانەدا ، ئەوەش نزیك تڕە بۆ ئەوەی کە بە ڕەوشت بەرز و بە حەیا و حیشمت بناسرێنەوە ، و ئەزیەت و ئازار نەدرێن ، پەروەردگاری تۆش لێبووردە و میهرەبانە .

وە ئایا دەزانیت بەو کارەت چاوی گورگە برسیەکان ، و کەسانی دڵ نەخۆش تێر دەکەیت ، و دەبیتە هۆی ئەوەی سەدان لەو گورگانە تەماحت تێ بکەن ؟! هەروەکو خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ فَلَا تَخْضَعْنَ بِٱلْقَوْلِ فَيَطْمَعَ ٱلَّذِى فِى قَلْبِهِۦ مَرَضٌ ﴾ (**سورة الأحزاب : ٣٢**) ، واتە : پێویستە لە سەرتان لە هەموو ڕێگەیەکی حەرام و قەدەغەکرا و خۆتان بپارێزن ، لەوانەش قسە نەکردنە بە نازەوە لە گەڵ پیاوانی نامەحرەمدا ، بۆ ئەوەی کەسانی دەروون نەخۆش تەماحتان تێنەکەن ، و وتەشتان با ووتەیەکی ئاسایی بێت ، ئەمە ئەگەر ووتەکانت ئەوەندە کاریگەر بن

، ئەی ئەبێت بالأ نەپۆشینت چۆن بێت ؟!! جا ئامان نەکەی خوشکەکەم خۆت بکەیتە جێی تەماحی گورگە برسیەکانی ئەم ڕۆژگارە .

✍ وە ئایا دەزانیت کە بالأ نەپۆشینت پێچەوانە بوونەوەی ووتەی پێغەمبەرەی خوایە ﷺ ، و ڕازیکردن و شوێنکەوتەی ووتەی شەیتانەکانی جنۆکە و مرۆڤە ؟! پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " **يا أسماء إن المرأة إذا بلغت المحيض لم يصلح أن يرى منها شيء إلا هذا وهذا – وأشار إلى وجهه وكفيه** " (**حسنه الألباني في صحيح الجامع ، برقم : ٧٨٧٤**) ، واتە : ئەی ئەسما ئەگەر ئافرەتی موسڵمان گەشتە تەمەنی بالّغ بوون نابێت جگە لە دەستەکان و ڕوومەتی زیاتر دەرکەوێت .

وە خوای پەروەردگار بۆمان دەگێڕێتەوە کە شەیتان لە گەڵ باوکە ئادەم و دایکە حەوادا چی کردووە ، کە فەرموویەتی :﴿ **فَبَدَتْ لَهُمَا سَوْءَاتُهُمَا** ﴾(**سورة طه : ١٢١**) ، واتە : بە هۆی ئەو تاوانەی کە پێی کردن ، عەورەتیان دەرکەوت .

✍ وە ئایا دەزانیت بەو کارەت خۆت بە ئەهلی دۆزەخ دادەنەیت ، و خۆت دەخەیتە ڕێزی دۆزەخیانەوە ، خوای پەروەردگار پارێزەرت بێت لە ئاگری دۆزەخ ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " **صِنْفَانِ مِنْ أَهْلِ النَّارِ لَمْ أَرَهُمَا** ... **وَنِسَاءٌ كَاسِيَاتٌ عَارِيَاتٌ مُمِيلاَتٌ مَائِلاَتٌ رُءُوسُهُنَّ كَأَسْنِمَةِ الْبُخْتِ الْمَائِلَةِ** ... " (**رواه مسلم**) ، واتە : دوو کۆمەڵ هەن لە ئەهلی دۆزەخ نەمبینیوون ... کۆمەڵێکیان ئافرەتانێکن داپۆشراون بەناو لە ڕاستیدا ڕووتن ، بەلەنجەولار دەڕۆن

بەڕێوە ، و سەرنجی پیاوان بۆ خۆیان ڕادەکێشن ، و پرچیان بە شێوەیەك بە سەر سەریانەوە دەبەستن وەکو بان پشتی ووشتر وایە ... وە زانایان فەرمویانە : مەبەستی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو ئافرەتانەیە کە جل و بەرگی ناسك دەکەنە بەر ئەو جۆرە پۆشاکانە لە ڕاستیدا لەشیان دەردەخات ، نەك ئەوەی کە دایان بپۆشێت ، ئەو جۆرە ئافرەتانە بە ناو داپۆشراون ، کەچی لە ڕاستیدا ڕووتن . (**جلباب المرأة المسلمة : ١٢٧**)

✍ وە ئایا دەزانیت بەباڵا نەپۆشینت خۆت بێ بەش دەکەی لە بەهەشتی بەرینی خوای پەروەردگار ، هەروەکو پێغەمبەری خوا ﷺ ئاماژەی بەوە داوە و فەرموویەتی :

" صِنْفَانِ مِنْ أَهْلِ النَّارِ لَمْ أَرَهُمَا ... وَنِسَاءٌ كَاسِيَاتٌ عَارِيَاتٌ مُمِيلاَتٌ مَائِلاَتٌ رُءُوسُهُنَّ كَأَسْنِمَةِ الْبُخْتِ الْمَائِلَةِ لاَ يَدْخُلْنَ الْجَنَّةَ وَلاَ يَجِدْنَ رِيحَهَا وَإِنَّ رِيحَهَا لَيُوجَدُ مِنْ مَسِيرَةِ كَذَا وَكَذَا " (رواه مسلم) .

واتە : دوو کۆمەڵ هەن لە ئەهلی دۆزەخ نەمبینیوون ... کۆمەڵێکیان ئافرەتێلێکن داپۆشراون بەناو لە ڕاستیدا ڕووتن ، بەلەنجەولار دەڕۆنە ڕێوە ، و سەرنجی پیاوان بۆ خۆیان ڕادەکێشن ، و پرچیان بە شێوەیەك بە سەر سەریانەوە دەبەستن وەکو بان پشتی ووشتر وایە ، ئەوانە ناڕۆنە بەهەشتەوە ئەگەر چی بۆنی بەهەشت لە دووری ئەوەندە و ئەوەندەشەوە دەبیسترێت .

✍ وە ئایا دەزانیت بەو کردارەت تاوانی ئەو کەسانەش دەخەیتە ئەستۆ خۆت کە تۆ لە خشتەیان دەبیت ، و دەیانخەیتە تاوانەوە ، خوای پەروەردگار

فەرمویـــەتی : ﴿ لِيَحْمِلُوٓاْ أَوْزَارَهُمْ كَامِلَةً يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وَمِنْ أَوْزَارِ ٱلَّذِينَ يُضِلُّونَهُم بِغَيْرِ عِلْمٍ أَلَا سَآءَ مَا يَزِرُونَ ﴿٢٥﴾ ﴾ (سورة النحل : ٢٥) .

واتە : لە ڕۆژی دواییدا تاوانباران تاوانی خۆیان بە تەواوی هەڵدەگرن ، لە گەڵ تاوانی ئەوانەی کە گومڕایان دەکەن بە بێ زانین ، بەڕاستی ئـەوە تاوانبارییـەکی زۆر خراپە .

وە ئایا دەزانیت بەو کارەت خۆت دەخەیتە ڕیزی دوو ڕووانەوە ـ خوای پەروەردگار پـەنادەرت بێـت لـەو کـارە ـ هـەروەکو لـە فـەرموودەدا هـاتووە کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویـەتی : " وشر نسائكم المتبرجات المتخيلات ، وهن المنافقات ، لا يدخل الجنة منهن إلا مثل الغراب الأعصم " (صححه العلامة الألباني في : الصحيحة ، برقم : ١٨٤٩) ، واتـــە : خراپترینـــی ئافرەتەکانتان ئەو ئافرەتانەن کە جوانیەکانی خۆیان دەردەخەن ، و خۆ دەڕازێننەوە ، و لە خۆ ڕازین و فیز و تەکەبور دەکەن بە سەر ئافرەتانی تردا ، بەڕاستی ئەوانە خـۆ دەشوبهێنن بە دوو ڕووان ، هیچ یەکێك لەوانە نارواتە بەهەشتەوە ، ئیللا وەکو قەڵە بازەڵە نەبێت (کە جۆرێکە لە قەڵە ڕەش باڵەکانی یان پێکانی سپین) ، هێنانـەوەی ئەم شێوەیە لە قەڵە ڕەش بە نموونە بە هۆی کەمیانەوەیـە ، بـۆ ئامـاژە کردنـە بـە کەمی ئەو ئافرەتانەی کە دەڕۆنە بەهەشتەوە ، ئەگەر باڵا پۆش نەبن .

لە کۆتایدا پێت دەڵێم ئەگەر تاکو ئەمڕۆ نەتزانیبێت ، ئـەوا ئـەمڕۆ ئـەو تاوانەت لا ئاشکرا بوو ، بەڵام نائومێدیش مەبە لە ڕەحمەتی خوای میهرەبان ئەگـەر

تۆبەیەکی ڕاستەقینەت کرد و گەڕایتەوە بۆ لای ئەو ، هەروەکو فەرموویەتی : ﴿ قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥٣﴾ ﴾ (سورة الزمر : ٥٣) ، واتە : بڵێ بەو بەندانەی کە زیادڕەویان کردووە لە تاوان کردندا ، بێ ئومێد و مەئیووس نەبن لە ڕەحم و بەزەیی خوای پەروەردگار ، چونکە خوای پەروەردگار لە هەموو تاوانێک خۆش دەبێت ، هەر ئەویشە لێبوردە ، و بە بەزەیی یە بەرامبەر بە بەندەکانی .

جا خوشکی بەڕێزم : بیرێك لەم ووتانە بکەرەوە ، وبڕیار بدە کە ئایا دوای بیستنی ئەم ووتانە هێشتا هەر بەردەوام دەبیت لە سەر باڵا نەپۆشینت ، وهێشتا دڵت ڕانەچەڵەکیوە ؟! یان چی ؟!

وَآخِرُ دَعْوَاهُمْ أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

* * * * * * *

نامەیەك بۆ ئافرەتێكی غەریب

بۆ تۆیە نووسینەكەم ... ئەی ئەو ئافرەتەی كە دەستت گرتووە بە حیشمەتی ڕاستەقینەوە ... ئەی ئەو كەسەی كە پێچەت كردووە بە داپۆشەری ڕوومەت ... و بالاپۆشێك (عابایەك) ی فراوانیشت لە خۆ پێچاوە ... و دەستكێشە ڕەشەكانیشت لە دەست كردوون ، هەموو ئەوانە وەكو حیشمەت و دینداریەك ، نەك وەكو عادەت و كەلە پووری باو باپیرانت ، یان بەنیازی فیتنە و لە خشتەبردنی گەنجان !!

خوشكی خۆم ...ئەی دڕووشمی شەرفداریمان ... ئەی جێگەی پارێزگاری لە ناموسمان ... دەست بگرە بە حیشمەت ... و حیجابە شەرعیەكەتەوە لە سەردەمی غەریبیدا ، نەكەی لە بەر تووندی تاقیكردنەوەكان تووشی دڵە ڕاوكێ و دوو دڵی بیت و دوا بكەویت لە كاروانی حشیمەت دارێتی ، یان بە هۆی زۆری ئاشووب و فیتنەكانەوە .

نەكەی زۆری ئەوانەی كە دەیانبینیت مەڵاسەیان دێت بەدوای هەموو بێ نرخێكدا ، لاوازت بكات لە ڕێگەكەت ، چونكە تۆی بە نرختر و بڵندتر لە هەموان .

تۆ ووشك و ئاڵۆز (**معقدة**) نیت ... تۆ دواكەوتوو نیت ... تۆ بێ نرخ نیت ... چەندەها كەسی پاك و پابەند بوو بە ئایین ئاواتی ئەوەیە كە تۆ ببیت بە هاوسەری ... چونكە متمانەی پێتە لە كاتی دەرچوونی ، و گران بەهاترین شتی ژیانی دەخاتە ژێر دەستەكانت .

باشیش بزانە کە چەندەها کەسی بێ ئابڕو و درۆزن (مستهتر) هەن تەماشای ئەو ئافرەتە بێ نرخانە ناکەن جگە بۆ ئەوە نەبێت کە وەکو (بوکەشووشەیەکی کاتی ...و بۆ کاتێکی دیاریکراو) نەبێت.

ئەی دارایی بە نرخی ئێمە ... ئەی شوێنی پارێزەری حیشمەت و حەیا ... ئەی مرواری گران بەها لە ڕۆژگاری سەرگەردانی و لە ناوچووندا ... ئەی دروشمی حیشمەت و حەیا ، غەریبی خۆت بە نامۆ و خراپ مەزانە ، چونکە غەریبی تۆ چاکەیەکە ، تاکو لە خواوە نزیك بیتەوە ئەو غەریبیە کەم دەبێتەوە ، بەڵام غەریبی خراپەکاران خراپە و ناقۆڵایە ... هەرگیز ئەوەت بە خەیاڵدا نەیەت کە ئەو جۆرە ئافرەتە خراپ و بێ نرخانە دڵ خۆش و خۆش بەخت بن ، لە کوێوە خۆشبەختی بۆ دێت خۆی باش دەزانێت گەورەترین ئاواتی پیاوان پێی ئەویە کە بیکەن (عاشق ، و شەیدا) ی خۆیان !! جا بزانە ئەو جۆرە ئافرەتانە لە چ دڵە ڕوکێیەك دەژین ؟!!

ئەی خوشکی بەحەیاو بە حیشمەتمان ... نابێت دڵی ئافرەتان پێشتر بکرێتەوە بۆ کەسێکی تر جگە لە میێردەکانیان نەبێت ، ئەوەش بۆ ئەوەی بتوانێت بە شادومانی و بەختەوەری خۆش بەختیەوە لە گەڵیا بژێت ، و هیچ یادگاریەکی ڕابردوو ژیانی لێ تاڵ نەکات ، و وێنە و ڕەنگەکانیش لە بیری خۆیدا تێکەڵ نەکات ، کەم جاریش دەبینیت ئەو ئافرەتانەی کە لە سەرەتای ژیانیان بە ئاشقێتی دەست پێ کردووە ، دەتوانن لە خۆشەویستیەکی پاکدا بژین لە گەڵ میێردەکانیان .

بە ئاگا بە و دوور بکەوە لەو ئافرەتانەی کە بانگەشەکارن بۆ خراپە و خراپەکاری ، ئەوانەی کە گران بەهاترین شتیان لە دەست داوە کە هەموو ئافرەتان

هەیانە ، وە ووتەکەی پێشەوا (**عثمان**) ت لە پێش چاو بێت کە فەرموویەتی : (**وَدَّت الزانيةُ لو أنَّ النساءَ كُلُّهنَّ زواني**) ، واتە : ئافرەتی داوین پیس پێی خۆشە هەموو ئافەرتێك وەکو ئەو داوێن پیس بن .

بۆیە خوشکی بە حیشمەت و حەیامان ئەو جۆرە ئافرەتانە حەسادەدت پێ دەبەن ...بۆیە نەکەی لەغاوی خۆتیان بدیە دەست!!

خوشکی بە حیشمەت و حەیامان بە ئاگا بە ... لە سەنگەری تۆوە هێرش بکرێتە سەر ... ئاینەکەت ... کەس و کارت ... کۆمەڵگاکەت ... خۆت بپارێزە بۆ ئەوەی ئەوانە هەموو بپارێزیت ، لە ناویان نەبەیت .

حیجابەکەت ... حیشمەت و حەیاکەت ... گەوهەرەی بە نرخی تۆن ... نەکەی کەم تەرخەمیان تیادا بکەی .

هۆکارەکانی ڕووخاندنی کەسایەتی تۆ زۆرن ... لە هەموو لایەکەوە دەوریان لێ داویت ... جا بە ئاگابە ، و چاوکراوە بە .

ئاگادار بە ... بانگەشەکارانی خراپەکاری لە ڕێگەی تۆوە لە ناومان نەبەن ... و خەنجەری خیانەت کاریان لە پشتەوە لێ نەدەن لە ڕێگەی تۆوە ... بە ئاگابە لە ناونەچیت ... چونکە لە ناوچوونی تۆ لە ناوچوونی ئومەتێکە .

وَآخِرُ دَعْوَاهُمْ أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

عابایە یان ئامرازی ڕازاندنەوەیە؟؟!

خوشکەکەم .. داواکارم ئەم پەڕەیە بەوپەڕی ڕاستیەوە لە گەڵ خۆدا بخوێنیتەوە ..

عابای سەرشان !!! ئایا بۆ پۆشتەییە یان ئامرازی خۆڕازاندنەوەیە !!؟

ئایا گومانت وایە بە پۆشینی ئەو جۆرە عابایە خۆداپۆشینی پێویستت بە دی هێناوە کە لێت داواکراوە ؟

ڕاشکاوبە لە گەڵ خۆتدا ... ئایا ئەم عابایەی کە لە (کریب) دروست کراوە ، کە پارچەیەکی درەوشاوەیە ، و بە شێوەیەك دەلکێت بە لەشەوە هەموو بەشەکانی دەردەخات ، و قەبارەی دەکات ، تاکو بووەتە دیاریدەیەکی ئاشکرا بۆ ڕووتی وسفووری !

بە خۆت پێمەکەنە ... بەوەی کە بڵێت : عابای ئیسلامیە !!! چونکە ناوەکان هیچ لە ڕاستی و ناوەڕۆکەکان ناگۆڕن ...

لێم وەرگرە ... ئەم ئامۆژگاریە لەم ڕۆژگارەی کە ئامۆژگاری کاران زۆر کەم بوون تیایدا ...

ئەم عابایە عابایەکە بۆ ڕووتی و سفوری ، لە گەڵ هەموو ئەو ڕازاوەییەی کە تێیدایە ...

ئەگەر خۆ داپۆشینت ئەوێ ..؟؟ خۆداپۆشین بە پۆشاکێکی بە حیشمەت دەبێت ... وە بەو حیجابە شەرعیە دەبێت کە شەریعەت پێی هاتووە ، و داوای دەکات (دڵنیاش بە کە حیجابی شەرعی ئەوەیە کە ئافرەت پۆشاکێکی فراوان لە

بەر بکات ، هەموو لەشی دابپۆشێت ، ڕازێنراوە ، و بۆن خۆش کراو نەبێت ، و سەرنجی پیاوان بۆ لای خۆی ڕانەکێشێت) .

ئەمەیە حیجابی شەرعی ، ئەگەر تۆ بتەوێت لە بەر ڕەزامەندی و گوێڕایەڵی خوای پەروەردگار بیپۆشیت ، بەڵام عابای سەرشان لە ئایین نیە ، بەڵکو دەرگایەکە بۆ هەموو ئاشووب و فیتنەیەك .

خوشکی خۆم ... ئەی دڕووشمی شەرفداریمان ... ئەی جێگەی پارێزگاری لە ناموسمان ... دەست بگرە بە حیشمەت ... و حیجابە شەرعیەکەتەوە لە سەردەمی غەریبیدا ، نەکەی لە بەر تووندی تاقیکردنەوەکان تووشی دڵە ڕاوکێ و دوو دڵی بیت و دوا بکەویت لە کاروانی حشیمەت دارێتی ، یان بە هۆی زۆری ئاشووب و فیتنەکانەوە .

نەکەی زۆری ئەوانەی کە دەیانبینیت مەڵاسەیان دێت بەدوای هەموو بێ نرخێکدا ، لاوازت بکات لە ڕێگەکەت ، چونکە تۆی بە نرختر و بڵندتر لە هەموان .

خۆت بپۆشە ئەو کاتە بڕوانە ... چەندەها کەسی پاك و پابەند بوو بە ئایین ئاواتی ئەوەیە کە تۆ ببیت بە هاوسەری ...چونکە متمانەی پێتە لە کاتی دەرچوونی ، و گران بەهاترین شتی ژیانی دەخاتە ژێر دەستەکانت

باشیش بزانە کە چەندەها کەسی بێ ئابڕو و درۆزن (مستهتر) هەن .. تەماشای ئەو ئافرەتە بێ نرخانە ناکەن جگە بۆ ئەوە نەبێت کە (بوکە شووشەیەکی کاتین ... و بۆ کاتێکی دیاریکراوە) !!!

خوشکی بە حیشمەت و حەیادارمان بە ئاگابە ... نەکو لە سەنگەری تۆوە هێرش بکرێتە سەر... ئاین ...و کەس و کار... و کۆمەڵگاکەت ...

حیجابەکەت ... حیشمەت و حەیاکەت ... گەوهەرەی بە نرخی تـۆن ... نەکەی کەم تەرخەمیان تیادا بکەی .

هۆکارەکانی ڕووخانـدنی کەسـایەتی تـۆ زۆرن ... لـە هـەموو لایەکـەوە دەوریان لێ داویت ... جا بە ئاگابە ، و چاوکراوە بە .

ئاگادار بە ... بانگەشەکارانی خراپەکاری لە ڕێگەی تۆوە لە ناومان نەبەن ... و خەنجەری خیانەت کاریان لە ڕێگەی تۆوە لە پشتەوە لێ نەدەن ... بە ئاگابە لە ناونەچیت ... چونکە لە ناوچوونی تۆ لە ناوچوونی ئومەتێکە .

وَآخِرُ دَعْوَاهُمْ أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

بۆ هەموو مرواریە خۆپارێزەکان

بۆ هەموو گەوهەرەیەکی بەنرخ، بۆ مرواریە خۆپارێزەکان، بۆ ئەو ئافرەتانەی کە بڕیاریان داوە پۆشاکی شەرم و حەیا لە بەر بکەن، چونکە فەرمانی پەروەردگاریانە، ئەوەش تەنها لە بەر ڕەزامەندی ئەو، بۆ ئەوەی بە بەهەشتی بەرین شاد بن... بۆ تۆ خوشکی موسڵمانم: کە پێشەوات خێزانە بەڕێزەکانی پێغەمبەری خوایە ﷺ، بۆ تۆ کە پاپەندی ئایەتە پیرۆزەکانی قورئانیو فەرموودەکانی پێغەمبەری خوایت ﷺ، نەك پابەندی مۆدە و سەرگەردانبووی شوێنی ئەم و ئەو... بۆ ئەو خوشکانەم: کە نایانەوێ هەڵخەڵەتاوی ئەو کەسانە بن کە بە ناو مافەکانیانەوە ئەیانەوێ پۆشاکی حیشمەتیان لە بەر ڕامالّن، ئەوەش نەك لە بەر ئافرەتان بەڵکو لە بەر تێرکردنی ئارەزووە گڵاوەکانیان، بۆ ئەوەی لە کۆتایدا بەرێزیان وەکو گوڵێکی گەڵا هەڵوەریو بە جێبهێڵن !! دوای ئەوەی وەکو بوکە شووشەی دەستی منداڵان یاری خۆیانت پێدەکەن !!! گەوهەرە بەنرخەکەم: ئەمە گوڵێکە لە باخچەی برایەتی بۆتم هەڵبژاردووە، بۆنی ئامۆژگاری و دڵسۆزی لێدێت، بە شێوازی ئامۆژگاری دامڕشتووە، هاندەری نووسینی وێستنی خێر خۆشبەختیە بۆ تۆی وەك گەوهەری بەرنرخ و خۆپارێزە، بەڵکو جێگەی بایەخپێدانی تۆی بەڕێز بێت، پەروەردگار پارێزەرت بێت... خوشکەکەم: لای بەڕێزتان شارەوە نیە هەموو ئەو هەوڵانەی کە کەسانی ئارەزوو پەرست بەرنامە ڕێژی بۆ دەکەن و پیادەی دەکەن بۆ لە خشتە بردنی ئافرەتی موسوڵمان، و لە دەستدانی حیشمەتی، دەبینین هەموو ساتێك هاتوهاوارێکە و هەموو ڕۆژێکیش مودەیەکی نوێیە !!! دەبینرێت و دەبیسترێت لە

باسی بالّاپۆشی تۆی بڕوادار لە شێوە و شێوازی دورینیدا، ئەمەیان تەنك و ناسك !!! ئەویتریان تەسك یان کورت !!! یەکێکی تریش ڕازاوە و تەتریزکراو !!! هەموو ئەوەش بۆ ڕووشاندنی پاکێتی تۆ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، خوشکانمان بەوە بزانن یان نە... سکالّای ئەو کارەش بۆ لای پەروەردگار بەرز دەکەینەوە... گەوهەرەی خۆپارێزم: کار لەم سنوورەش نەوەستاوە بەڵکو گەشتۆتە ئەوەی کە بگاتە حجاب و بالّاپۆشەکەتان دەبینین دەستی خیانەتکارانی پێ گەیشتوە !!! ئەمەیان عابای فەرەنسیە !!! ئەویتریان عابای سەرشانە !!! ئەوەشیان لە ناوقەدەوە تەسککراوەتەوە بە گوێرەی ناوقەدی خوشکی بالّاپۆشم !!! یەکێکی تر ڕەنگاوڕەنگ و نەخشین و تەتریزکراوە !!! بەشێوەیەك پۆشینی حیجابیش بۆتە باشترین زەمینە بۆ پیادەکردنی مودە !!! و دەرخستنی جوانیەکان !!! جا نازانم کەی خوشکانی بالّاپۆشم هەست بە ترسناکی ئەو کارەیان دەکەن ؟ !یان بەوەی ئەو پیلانانە هەموو بۆ لە خشتەبردن و لەکەدارکردنی حەیا و شەرم و شکۆی ئەوانە ؟!! خوشکی خۆپارێزم: کە من دەبینم تۆ کەوتوویتەتە تۆڕی ئارەزووپەرستانەوە، ڕازی نەبووم لەوەی کە تۆ زیاتر بۆ هەڵدێر ببڕێیت بۆیە بێدەنگ نەبووم، بەڵام ئایا تۆ هەستت بەوە کردووە کە تۆی بەڕێز کە بالّاپۆشەکەت پۆشیوە کە پەرستشێکە بۆ پەروەردگارت و بەهۆیەوە لە پەروەردگار نزیك دەبیتەوە ؟! چونکە کردەوەکەت وەڵامدانەوەی فەرمانی پەروەردگارتە، بەڵکو دەبێت ئەوەشت لا ئاشکرا بێت کە هەر ناڕەحەتیەکت تووشبێت بەهۆیەوە لە بەرامبەری پاداشت دەدرێتەوە، جا خۆشبەختی بۆ ئەو خوشکانەی کە بەو شێوە دید و چاوڕۆشنن و بالّاپۆشی حیشمەت و حەیایان پۆشیوە و بەو شێوەیەشە کە

پەروەردگاریان فەرمانی پێکردوون، نەك بەپێی مودە و ئارەزووی ئارەزووپەرستان و چەواشەکاران... گەوهەری گرانبەها: دەبێت تۆ بزانیت باڵاپۆشەکەت ئەوەیە کە دەتپارێزێت لە چاوی نامەحرەم و جوانیەکانت دەرناخات، بۆ ئەوەی وەکو مرواریەکی پارێزراو بیت لە ناو باڵاپۆشەکەتدا، وە باڵاپۆشەکەشتە هۆکاری بەرزی و بڵندیت لە دونیا و دواڕۆژدا، ئەوەش بۆ ئەوەیە بەوەوە جیابکرێتەوە لە هەموو ئافرەتانی تر، وە تەنها باڵاپۆشەکەشتە لە چاوی گورگە برسیەکانی مرۆڤ، کە هەموو کۆششێکیان ڕووشاندنی شەرم و شکۆی شکۆدارانە، بۆیە گەوهەرەی بەنرخ و مرواری خۆپارێز هەوڵی ئەوە بدە کە باڵاپۆشەکەت ئەم مەرجانەی تێدا بێت بۆ ئەوەی ئەم پەرستشەت وەکو هەموو پەرستشەکانی ترت تێروتەسەل و بێکەم و کوڕی بێت:

١. داپۆشەری هەموو لەش بێت، دەست و ڕوومەت نەبێت...

٢. نابێت پۆشاکەکە بۆ ناوبانگ، و شۆرەت بێت...

٣. ئەبێت ئەستوور بێت و ، بە شێوەیەك ڕەنگی پێست دەرنەخات...

٤. دەبێت فراوان بێت و تەسك نەبێت: واتە :بە شێوەیەك بێت قەبارەی ئەندامەکانت دەرنەخات...

٥. نابێ بخورکراو و بۆن خۆش کراو بێت...

٦. نابێت پۆشاکەکەی لە سەر شێوازی جل و بەرگی پیاوان بێت...

٧. نابێت پۆشاکەکەی لە سەر شێوازی جل و بەرگی ئافرەتانی بێ باوەڕان بێت...

٨. نابێت خۆی لە خۆیدا ڕازاوە و سەرنج ڕاکێش بێت.

لە کۆتایشدا پێت دەڵێم بگەڕێوە بۆ لای پەروەردگاری خۆت و نەکەی ببیت بە قوربانی شەیتان، و ئەویش بتکاتە فاکتەری لە خشتەبردنی کەسانی تر، مردن و ئازارەکانی گیان کێشان بخە پێش چاوی خۆت، و تاریکی گۆڕ هەرگیز لەیاد نەکەی، لەو ساتانەی جگە لە کردەوەکانی خۆت نەبێت هیچ هاوەڵ و هاودەمێکت نیە، وە بەردەوام یادی دوارۆژ بکەرەوە کە چەند سەخت و دژوارە، بیر لەوەش بکەوە کە دەبێت ڕۆژێك بە سەر پردی سیراتدا بڕۆیت، ڕۆژێکیش دێت کە نامەی کردەوەکان بڵاودەکرێتەوە کەسێك بەدەستی چەپ و ئەویتریش بە دەستی ڕاست... لەو کاتانەدا پەشیمانی دادت نادات، گریانیش هیچ سودێکی نیە کۆمەڵانێك بۆ دۆزەخ دەڕۆن و کۆمەڵانێکیش بۆ بەهەشتی بەرین، خوای پەروەردگار پارێزەرت بێت لە هەموو خراپە ودژواریەکی دنیا ودوارۆژ.

وَآخِرُ دَعْوَاهُمْ أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

* * * * * * *

پەیامێك بۆ خوشكی پابەندبووم بەئایینەوە

بسم الله الرحمن الرحيم

ئەڵێن زۆرێك لەئافرەتانی پابەندبوو بەئایین پێچەوانەن سەبارەت بەپابەندبوونەكەیان بەئایینەوە ئەوەش لەبەرئەوەیە كەهەڵناسن بەبینینی ڕۆڵێكی ئاشكرا لەبانگەشەكردن بۆلای خوای پەروەردگار لەگەڵ ئەوەی كەهەستیش دەكەن بەو هێرشە دڕندە بەردەوامەی كەدەكرێتەسەر ئافرەتانی موسڵمان ئەوانەی كەهەوڵی ئەوەیانە كەدوورییان بخەنەوە لەئایینەكەیان وەلەگەڵ ئەوەی كەهەستیش دەكەن بەو دووری یە گەورەیەی كەلەزۆرێك لەئافرەتانی كۆمەڵگاكەمان دەبینرێت دوورکەوتنەتەوە لەفەرمانەكانی شەرع.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەبینن ئەوەی كەبەسەر ئوومەتەكەدا هات لەناسۆری و دەردەسەری ئەوەش هیچ چارەسەرێكی نی یە ئیللا گەڕانەوە نەبێت بۆلای خواو بانگەشەكردن بۆ ئەوە.

هەروەها لەگەڵ ئەوەش زۆربەیان گەشتوونەتە ئەوەی كەڕۆڵیان گەورەترین ڕۆڵەو گرنگە بۆ چاككردنی ئافرەتان لەكۆمەڵگاكەماندا.

ئایا ئەمە ڕاستە؟!

دەشتوانیت وەڵامەكەی دیاری بكەیت بۆ خۆت پاش وەڵام دانەوە لەسەر ئەم پرسیارانەی خوارەوە:

١ـ ئایا گەورەترین خەمت كەهەڵتگرتووە لەهەموو كات و شوێن و بۆنێكدا خەمی بانگەشە بووە؟

واتە: چۆن بانگەشەی غەیری خۆت بکەیت بۆلای خواو بارودۆخی چاك بکەی و چۆن کارێك بکەی بۆ ئەوەی یارمەتی یان بدەیت و ڕزگاری ئەم ئوومەتە بکەیت و بیانگەڕێنیتەوە بۆ دەست گرتنێکی ڕاستەقینە بەئایینەکەی، ئەو ئایینەی کەتەنها ڕێگەیەکە بۆ سەرخستنی و سەرکەوتنی، وەئایا گران بەهاترین کات و هەوڵ و داراییت بەخشیوە لەپێناویدا؟

٢ـ ئایا سووربوویتە لەسەر ئەوەی کەهیچ دەست بەتاڵییەك بەفیڕۆ نەدەیت یان هەر بۆنەیەك کەئامادەبوویتە تیایدا بەبێ ئەوەی کردارێکت تیایدا کردبێت لەپێناوی چاککردن و بانگەشەکردن و ئاڕاستەکردن ئیتر ئەگەر بەووتەیەکی بەسوود بێت یان بەهەرچ ڕێگەیەکی تر بێت؟

٣ـ ئایا گرنگیت داوە بەهاوسێکانت و چاکەت کردووە لەگەڵیانداو هەستاویت بەوەی کەهەفتانەیان بۆدانەی بۆ ئەوەی یادو زیکری خوای تیابکەن کەئەوەش هۆکارێکی کاریگەرو ئاسانە بۆ چاك بوونیان وەئایا هەستاویت بەوەی کەبەبەردەوامی کاسێت و کتێب دابەش بکەیت بەسەریاندا.

٤ـ ئایا خەمی کەس و کارە نزیکەکانت دەخۆیت و هەوڵی ئەوە دەدەیت پەیوەندیت لەگەڵیاندا هەبێت و کاریگەریت لەسەریان هەبێت بەهەموو ڕێگە جۆراوجۆرەکان کەباشترین ڕێگەشیان بریتییە لەدابەشکردنی کاسێت و کتێب بەشێوەیەکی دیاری کراوو بەردەوام؟ وەئایا هەوڵی ئەوەت داوە کەچاودێری بارودۆخیان بکەیت و چاکەیان لەگەڵدا بکەیت و گرنگیشت داوە بەکێشەکانیان و هەڵساوی بەکردنی وانەیەکی بەردەوام بۆیان ئەگەر لەتوانادا بوو؟

٥ـ ئایا گرنگیت داوە بەبانگەشەکردنی منداڵان و تازە پێگەیشتووان لەخێزان و هاوسێکانتداو ڕێنموونییانت کردووە بۆ هەموو ئەو شتانەی کەچاکەی تێدایە؟

٦ـ ئایا هاوسێ و کەس و کارە نزیکەکانت یادخستووەتەوە بەباسی خێرکردن و چالاکییەکی سوودبەخش وەهەوڵی ئەوەت داوە کەپەیوەستیان بکەیت بەوەوە؟

٧ـ ئەگەر تۆ مامۆستایت یان قوتابیت ئایا هەوڵێکی زۆرت داوە بۆ ئەوەی بانگەشەی ئەوانە بکەیت کەلەگەڵتدان لەقوتابخانەکەدا؟

٨ـ ئایا هاوبەشیت کردووە لەهەر چالاکییەکی ئافرەتان بەبەشداری کردن بێت لەبانگەشەکردن بۆلای خوای گەورەو گەیاندنی چاکەو خێر بەخەڵکی؟

٩ـ ئایا هاوبەشیت کردووە لەو کۆڕو کۆمەڵە ووتارخوێنە گشتیانەی کەبۆ ئافرەتانە وەئەو دەست نووسانەی کەبۆ گۆڤارە ئیسلامییەکانە ئەگەر تۆ لەوانەی کەتوانات هەیە لەسەری، یان تۆ بەهانە ئەهێنیتەوە لەوەدا بۆ کەمترین بەهانەیەك کەتووشت بووە لەگەڵ زانینت بەگرنگی کارەکەو پێویستی یەتی؟

١٠ـ ئایا کارەکانت ڕێکخستووەو هەوڵ و کۆششت تیاداوە بۆ ئەوەی بەشێکی باشت هەبێت لەزانین و زانیارییەکی شەرعی کەئەوەش شتێکی بنچینەیی یە بۆ بەردەوامی و سەرکەوتنت لەبانگەشەکەتدا؟

١١ـ ئایا تۆ پێشەنگێکی ڕاستەقینە بوویتە بۆ ئافرەتانی کۆمەڵگاکەمان لەهەموو ئەو شتانەی کەپەیوەستن بەشێوەو شێوازی ئافرەتانی موسڵمانەوە؟

١٢ـ ئایا یارمەتی مێردە بانگەشەکارەکەت داوە بەوەی کەبارودۆخێکی گونجاوی بۆ بڕەخسێنی و هانت داوە بۆ کارو کرداری چاکەو حیسابی ئەوکاتەت کردووە کەبەتەنها بەسەری دەبەیت لەماڵدا بۆ ئەوەی خۆت خەریك بکەیت بەئیشێکەوە باشترە لەوەی کەسەرزەنشت و لۆمەی مێردەکەت بکەیت؟ یان ئەگەر مێردەکەت لەبانگەشەکاران نییە ئایا هانت داوە لەسەر پابەندبوون بەئایینەوەو بانگەشەکردنەوە؟

١٤ـ ئایا کردەوەیەکی جدیت کردووە بۆ ئەوەی منداڵەکانت پێ بگەیەنی بەپێ گەیاندنێکی چاك بۆ ئەوەی بپارێزرێن لەشوێنەواری هەموو ئەوانەی کەپێچەوانەی شەریعەتن هەروەها بۆ ئەوەش کەئەوان لەوانەبن کەخەمی ئایینەکە هەڵگرن و هەوڵی ئەوە بدەن کەئایینەکە سەربخەن و خزمەتی بکەن؟

١٥ـ پاشان و کۆتایی ئایا هەستاویت بەنوێ کردن و جوان کردنەوەی هۆکارە بانگەشەییەکان بۆ ئەوەی کاریگەرییەکەی بەهێزتر بێت و چاکەکەشی زیاتر بێت؟

وَآخِرُ دَعْوَاهُمْ أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

خوشکی بەڕێزم پێش ئەوەی بچیت بۆ بازاڕ

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

ئەم نوسینە کورتە بریتیە لە کۆمەڵە ئامۆژگاریەك سەبارەت بە ئافرەتان لەکاتی چوونە بازاڕدا، جا داواکارم لەخوای گەورە کە ئەوەی دەیخوێنێتەوە سوودی پێ بگەیەنێت و کاریگەری هەبێت، جا ئومێدەوارم لە بەڕێزتان کە پەیڕەوی ئەم خاڵانە بکەن وجێ بەجێی بکەن، چونکە لە سزای خوا دەپارێزرێیت، هەم ڕەوشت وئاکارت قورس وسەنگین دەبێت ودینت سەلامەت دەبێت، هەمیش پاداشتت دەدرێتەوەو خێرت بۆ دەنووسرێت.

١- خوشکم بزانە کە بازاڕەکان خراپترین شوێنی زەوین بەلای خوای گەورەوە لەبەر فەرموودەکەی پێغەمبەر ﷺ کە دەفەرموێت " أَحَبُّ الْبِلادِ إِلَى اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ مَسَاجِدُهَا ، وَأَبْغَضُ الْبِلادِ إِلَى اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ أَسْوَاقُهَا " واتە: خۆشەویستترین شوێن وجێگا بەلای خواوە مزگەوتەکانەو بێزراوترین شوێنیش بازاڕەکانە.

٢- بازاڕ شوێنێکە کە شەیتانەکان تێیدا کۆ دەبنەوە، چونکە سەلمانی فارسی (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێت " ئەگەر توانیت هەوڵ بدە یەکەم کەس مەبە کە دەڕۆیتە بازاڕەوە دوایەمین کەسیش مەبە کە لێی دێیتە دەرەوە، چونکە بازاڕ شەڕگەی شەیتانەکانە وئالای تێیدا هەڵ دەدات".

٣- ئەی خوشکی بەڕێزم ئەگەر لەبەر پێویستیەکی زۆر گرنگ نەبێت مەچۆ بۆ بازاڕ.

٤- ئەو شت ومەکانەی کە دەتەوێت دیاری بکە پێش چوونە بازارت، وە ئەگەر تەواویش بوویت لە کڕینی ئەو شتانە بەبێ دواکەوتن بگەڕێوە ماڵەوە.

٥- ووریابە لەگەڵ بەسەربردن وبەفیڕۆچوونی کاتەکانت لە بازاڕدا.

٦- خۆت بەتەنها هەرگیز مەچۆ بۆ بازاڕ، چونکە خراپەکاران چاوت تێ دەبڕن.

٧- هەرگیز لەگەڵ شۆفێرێکی نامەحرەم بەتەنها سواری ئۆتۆمبیل مەبە چونکە ئەوە بەتەنها کەوتنی حەرامە، وە لەبەر فەرموودەکەی پێغەمبەر ﷺ کە دەفەرموێت" لَا يَخْلُوَنَّ رَجُلٌ بِامْرَأَةٍ إِلَّا ومَعَهَا ذُو مَحْرَمٍ " واتە: هەرگیز پیاوێك بەتەنها نەکەوێت لەگەڵ ئافرەتێکدا مەگەر لەگەڵ مەحرەمێکدا نەبێت.

٨- پابەندبە بە حیجابی ئیسلامی (عابا) و بەڕێزو سەنگینیەوە بچۆرە ناو بازاڕەوە، چونکە بازاڕەکان شوێنانێکن کە زۆربەی خراپکارو خاوەن دڵە نەخۆشەکان تێیدا کۆدەبنەوە.

٩- سووربە لەسەر خوێندنی دوعای بازاڕ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت :" مَنْ دَخَلَ السُّوقَ فَقَالَ :لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، يُحْيِي وَيُمِيتُ ، وَهُوَ حَيٌّ لَا يَمُوتُ، بِيَدِهِ الْخَيْرُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ، كَتَبَ اللَّهُ لَهُ أَلْفَ أَلْفِ حَسَنَةٍ وَمَحَا عَنْهُ أَلْفَ أَلْفِ سَيِّئَةٍ وَرَفَعَ لَهُ أَلْفَ أَلْفِ دَرَجَةٍ " واتە: ئەوەی بچێتە بازاڕو ئەم دوعایە بخوێنێت: (**لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، يُحْيِي وَيُمِيتُ ، وَهُوَ حَيٌّ لَا يَمُوتُ، بِيَدِهِ الْخَيْرُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ**)، ئەوا خوای گەورە هەزار هەزار

چاکەی بۆ دەنووسێت وهەزار هەزار خراپەی لێ دەسڕێتەوەو هەزار هەزار پلە بەرزی دەکاتەوە.

١٠- چاوت داخە لەئاست پیاوی نامەحرەم، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت :﴿ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَٰتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَٰرِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ ﴾واتە : بەژنانی باوەڕدار بڵێ: با چاویان دابخەن لە تەماشای نامەحرەم وعەورەتیشیان بپارێزن لە گوناە.

١١- وورياببە لەوەی بۆنی خۆش بەکاربهێنی، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت "أَيُّمَا امْرَأَةٍ اسْتَعْطَرَتْ فَمَرَّتْ عَلَى قَوْمٍ لِيَجِدُوا مِنْ رِيحِهَا فَهِيَ زَانِيَةٌ " واتە: هەر ئافرەتێك خۆی بۆن خۆش بکات وپاشان دەربچێت وبەلای کۆمەڵە پیاوێکدا تێپەڕبێت کە بۆنەکەی بێت بەسەریاندا ئەوا ئافرەتەکە زیناکارە.

١٢- پرسیار لە شتێك مەکە پەیوەندی پێتەوە نەبێت و جێی گرنگی تۆ نەبێت، چونکە لەچاکێتی موسڵمانێتی مرۆڤەوەیە کە واز لەشتێك بهێنێت پەیوەندی پێیەوە نەبێت.

١٣- زۆر وورياببە لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ فرۆشیارانداو بەلەنجەو نەرمیەوە قسە مەکە، وە زۆر بەلای چەپ وڕاستتدا لا مەکەرەوە، خوای پەروەردگار دەفەرموێت :﴿ فَلَا تَخْضَعْنَ بِٱلْقَوْلِ فَيَطْمَعَ ٱلَّذِى فِى قَلْبِهِۦ مَرَضٌ وَقُلْنَ قَوْلًا مَّعْرُوفًا ﴾ واتە: لەگەڵ نامەحرەمدا قسە بەنەرمی وناسکی ونازەوە مەکەن، واتە لەکاتی

گوفتارتاندا دەنگتان نەرم وناسك مەکەن لەگەڵیاندا نەوەکو ئەو کەسەی کە دڵی نەخۆشە تەماح بیگرێ وبوروژێت ئەبێ ئێوە هەمیشە قسەی چاکوشیاو بکەن.

١٤- قسە درێژمەکەرەوەو بابەت مەکەرەوە لەگەڵ فرۆشیارەکاندا.

١٥- هەرگیز بەتەنها نەکەویت لەگەڵ دوکاندارو فرۆشیارەکاندا لە دووکان وجێگای مەخزەن وشوێنی تر، چونکە ئافرەتی بڕوادار خۆی دەپارێزێت لە شوێنی گوماناوی چ جای شوێنێکی حەرام، کەبە دڵنیاییەوە بەرەو حەرامیش دەتبات.

١٦- کاتی گونجاو هەڵبژێرە بۆ چوونە بازاڕت.

١٧- شتی زیاد لە پێویستیش مەکڕە، چونکە ئیسراف وزیادەڕۆییەو نیشانەی پشتگوێ خستنی نیعمەتی خوای گەورەیەو لەکاروکردەوەی شەیتانەکانە.

١٨- شوێنی داب ونەریت وشتی مۆدێرن وتازەباوی ناشیاوو نادروست مەکەوە، چونکە ئافرەتی موسڵمان تایبەتمەندی خۆی هەیە.

١٩- ببە بەسەرمەشق و مامۆستایەکی چاولێکار بۆ دەوروبەرت و خوشکانت لە قسەوگوفتارو ڕێکردن و دیەن و هەڵسوکەوتت.

٢٠- ئەگەر کەلو پەلێکی مالّت پێویست بوو ئەوا دەتوانی بە مێردەکەت یا براکەت یان باوکت بڵێی و مەرج نیە بۆ هەموو شتێکی بچووك سەردانی بازاڕ بکەیت ئیللا مەگەر شتانێك نەبێت کە تایبەت بێت بە ئافرەتانەوەو ئەوان نەتوانن یان نەزانن بۆت بکڕن وەکو جلو بەرگ و ....

خـــــــوای گـــەورە بـــتپارێـــزێـــت

خـوای میهرەبان هەمووان سەرکەوتووبکـــات.

چەند وشەیەك بۆ خوشكان

الحمد لله الذي أمر بطاعته ونهاه عن معصيته . والصلاة والسلام على خير خلقه (محمد) وعلى آله وصحبه وسلم ... أما بعد :

* **ئەی خوشکی موسڵمان** : گەر دەتەوێت ئاسودەیەیی... گەر دەتەوێ ئارامگری ... گەر دەتەوێ خەندەی سەرلێو... گەر دەتەوێ ژینی تازە گەر دەتەوێ گۆڕی ڕووناك گەر دەتەوێ دواڕۆژێکی پرشنگدار... گەر دەتەوێ ڕەزامەندی زاتی خولقێنەر... گەر دەتەوێ ڕەوشتی پێشەواو ڕزگار کارت ... گەر دەتەوێ بەرنامەی ڕاستەقینەت ...

لە کاروانی ئەم ئیسلامە دورە پەرێز و سنورەکانی پەروەردگارت مەبەزێنە ... گوێڕایەڵ و ئامادەو تۆندو تۆڵبە ... بۆ بەرنامەو ڕێبازەکەت بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتنت .﴿ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ﴾ سورة الأحزاب(٧١) .

گەروانەبێ... بەرەنگاری تاوان دەبی .. سەرلێشێواو گومڕا دەبی ﴿ وَمَن يَعۡصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ ضَلَّ ضَلَٰلٗا مُّبِينًا ﴾ سورة الأحزاب(٣٦) .

* : قەت مەزانن ڕووتی وسفوری پێشکەوتن بێت .. سیمای ئازادی و نوێ خوازی بێت .. دژی کۆنەپەرستی و نەزانی بێت و ڕۆشنبیری و فەلسەفە بێت... هێمای ژیری وزانایی بێت ... نیاز پاکی و دڵ سافی بێت ئازادی و مافی ئافرەت بێت ... گەر ڕووتی و بەرەڵایی وا بوایە... لەچەرخی بەردینی ڕووتی دا لەسەردەمی نەفامیدا کرنوش بۆ داروبەرد نەدەبرا...کچان ژێر گڵ نەدەکران.... ئالای سوری بێ ئابڕوویی و لەش فرۆشی بەرزنەدەکرا... ئافرەت وەك کەل و پەل سەیر نەدەکرا...

کۆرپەلەی زیندە بەچاڵ لە ڕۆژی سەختی مەحشەرا بانگەوازی مافی منالّی نەدەکرد ﴿ وَإِذَا ٱلْمَوْءُۥدَةُ سُئِلَتْ ﴿٨﴾ بِأَىِّ ذَنۢبٍ قُتِلَتْ ﴿٩﴾ ﴾ سورة التكوير(٨-٩)

* **خوشکی پۆشاك لەبەری موسڵمان** : پارێزەی قەلاّی ئیمان ... کۆڵەکەو دانەری خێزان... تەرازوی سیستەمی ژیان... فەرمان بەجێ کەی ئەرزو ئاسمان... دروشمی شارستانیەت و لەخوا ترسان... قەڵغان و دەم کوت کەرەوەی ناحەزان... لەمپەرو لابەری پیلانی دوژمنان...ئاوەدان کەرەوەی خاك و نیشتمان...گوێ بگرە لەم وشانەی دەچرپێنم... بەئامۆژگاری و لەخوا ترسان بۆت دەلوێنم... خۆڕاگرو سەقام گیربە... خاوەن ڕەوشتی بەرز بە...لەقورئان خوێندن بەردەوام بە...لە ئامۆژگاری و زانستی شەرعی بێ بەش مەبە... لەگەڵ خوشکانی هاوبیرت نەرم و نیان و لەسەر خۆبە...لەگەڵ خوشکانی بێ ئاگا بەهیمەت و بەحیکمەت بە ... لەلاسایی کەرەوەی لادەران ئاگادارە... لەغەیبەت و دووزمانی... لەفەسادی تێکەلاّوی دووڕە پەرێزبە...لە پاداشتی ئارامگری دووڵ مەبە ﴿ إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴾ سورة الزمر(١٠).

* گوێ بگرە لەم فەرمودەیە... بابزانین چی تیایە پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ دەفەرموێت : **"صنفان من أهل النار لم أرهما"** یەکێك لەمە **"...ونساء كاسيات عاريات مميلات مائلات رؤوسهن كأسنمة البخت المائلة لا يدخلن الجنة ولا يجدن ريحها وإن ريحها ليوجد من مسيرة كذا وكذا"** رواه مسلم.

کەسانێکی خاوەن دۆزەخی ژان... نەمبینیوە لەتەمەنی ژیان چەند ئافرەتی بەجل پۆشن... سەرکۆت و نیواونیو ڕووتن... گومڕان و گومڕادەکەن... لەڕۆیشتن زۆر بێ شەرمن ... گۆشت فرۆشن زۆر بەهەرزان...

* **هۆ خوشکی بێ ئاگای بەنێو موسڵمان** ... ئامرازی بەردەستی بێ باوەڕان ... جێ بەجێ کاری پیلانی ئەوان ... زوو بەخەبەربە تانەکەی زیان ... پێش لەدەست دانی تاجی زێڕینت ... بەر لەدەست دانی تەمەنی لاویت ... هیچ خۆشی و لەزەتێك بەردەوام نابێت ... مادام ئەنجامی ئاگری دۆزەخ بێت .. ﴿ فَأَنذَرْتُكُمْ نَارًا تَلَظَّىٰ ﴿١٤﴾ لَا يَصْلَاهَا إِلَّا الْأَشْقَى ﴿١٥﴾ ﴾ سورة الليل(١٤ -١٥)

* نەکەی بکەی تێکەڵاوی ... بەناوی گەشتی زانیاری ... یا پێشبڕکێی دیاکۆجی ... یان بەناوی هاوڕێیەتی ... کچ و کوڕ بوەستن بەتەنیایی لەگەڵ سێیەمی نەفرەت لێ کرایی...

(قال النبي : ما خلا رجل بإمرأة ، إلا وكان الشيطان ثالثهما)

* با خوای گەورە چاودێرت بێت..لەپەنهانی و ئاشکرایی .. بەتەنیایی و تێکەڵاوی ... ﴿ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴾ سورة النساء(١)

* با خوای گەورە لە یادت بێت ... لە خۆشی و لە ناخۆشیدا ... لە خوێندن و کارکردندا ... لە سەرکەوتن و تەنگانەدا ... لەسەنگەری چەك و قەڵەمدا ... ﴿ فَاذْكُرُونِي أَذْكُرْكُمْ وَاشْكُرُوا لِي وَلَا تَكْفُرُونِ ﴾ سورة البقرة(١٥٢)

* پەشیمانی دادت نادات ... داری خۆزگە قەت بەر نادات ... گشت ئەندامت باجی دەدات ... قەرزی تاوان لە ژیاندا ... ﴿ فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ

ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُۥ ﴿٧﴾ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُۥ ﴿٨﴾ ﴾ سورة الزلزلة(٧-٨)

* با ژیانی (خدیجە) پردی ژینت بێ ... زانای(عائیشە) نمونەی بانگەوازیت بێ ... خۆراگری (سومەیە) ویردی زمانت بێ ... تەقوای (رابیعە) هەوێنی کارت بێ ...

* **ئەی خوشکان** : یەک ڕابن ... یەک جەستەو هەڵوێست بن ... یەک مەبەست و یەک دەستابن یەک مینبەرو یەک دەنگ بن دژی مشەخۆری مافتان بن .

﴿ وَٱعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ ٱللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُواْ ﴾ سورة آل عمران (١٠٣)

* لەسەردەمی غەزوی فکری ... بەناوی پێشکەوتن و ڕۆشنبیری ... لە چەرخی نوێ ی جیهان گیری (عەولەمە)... ئافرەت بوە سوتەمەنی ... بۆ خزمەتی بۆرجوازی ... تاکەی ژیری ناکەت کاری ... بەدوای هەوەس دەڕوات بیری . ﴿ أَفَمَن يَمْشِى مُكِبًّا عَلَىٰ وَجْهِهِۦٓ أَهْدَىٰٓ أَمَّن يَمْشِى سَوِيًّا عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴾ سورة الملك(٢٢)

* دوریە لەبازار ... لەکۆلانی شار ... پڕە لە گەنجی نەخۆش و لە عەقڵی هەژار و گورگی برسی ...ئافرەتی هۆشمەند و زانا ناچێتە بەرتۆڕی نەزانان ... (ژیرو وریام ناکەومە تۆڕ – بەسەربەرزی دەچمە ناو گۆڕ)

پێغەمبەری پێشەواتان ... ڕێزدانەری هەموو ئافرەتان دەفەرموێت : **"أحب البلاد إلى الله تعالى مساجدها وأبغض البلاد إلى الله أسواقها" رواه مسلم.** واتە : (خۆشەویسترین شوێن لەلایەن خواوە مزگەوتەکانە ، وەخراپترین شوێن لەلایەن

خواوە بازارِەکانەوە) ئەگەر داواکەت زۆر گرنگ بێ ... لە جۆری بژێوی ژیان بێ ... یاکارێکی سود بەخش بێ ... بەرژەوەندی گشتی تیا بێ ... یا بۆ زانست و خواپەرستی بێ بە بازارِدا بڕوِل ... بەمەرجێ ... چونت لە شەرعی خوا دەرنەچێ ...چونکە بازارِ بوەتە سەنگەری مرۆڤە گورگەکان ... مشە خۆری دەرون لاوازەکان ... مۆڵگەی بێ ئابڕویی و لاسایی کەرەوەی کافران ... بەم شێوەیە بڕوات ژیان ... (ئایدز) و (**طاعون**) دەبن بە میوان ... ئاگری دۆزەخیش دواچاری ژیان .

* با مردنت لە یاد بێت .. کاتی گیان دەرچونت لە پێش چاو بێ

﴿ وَجَآءَتۡ سَكۡرَةُ ٱلۡمَوۡتِ بِٱلۡحَقِّۖ ذَٰلِكَ مَا كُنتَ مِنۡهُ تَحِيدُ ﴿١٩﴾ ﴾سورة ق

* بگەڕێوە بۆ پەروەردگارت ... واز بهێنە لە گشت تاوانت ... تانەگەزی پەنجەی پەشیمانیت ... ووشەی (کلاّ)ش نەبێتە وەلاّمت ... ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَهُمُ ٱلۡمَوۡتُ قَالَ رَبِّ ٱرۡجِعُونِ ﴿٩٩﴾ لَعَلِّيٓ أَعۡمَلُ صَٰلِحٗا فِيمَا تَرَكۡتُۚ كَلَّآۚ إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَاۖ وَمِن وَرَآئِهِم بَرۡزَخٌ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ﴿١٠٠﴾ ﴾ سورة المؤمنون (٩٩-١٠٠).

* با هەڤاڵت موسڵمان بێ ... بە پۆشاك و بڕواداربێ ... خاوەن ڕەوشتی جوان بێ ... خوشکی گرفت ناخۆشی بێ ... دڵسۆزو بە پەرۆش بێ ... بۆ کاری چاك جۆش دارت بێ ... لە تاواندا دەست گیرت بێ ... دڵدانەوەی ناخۆشیت بێ ... لە خۆشیدا بەشداریت بێ ... لێبوردەو زۆر بە سۆزبێ ... بەرامبەر هەڵەی تۆ پێ دانەری نەفسی خۆی بێ ... ئائەمەیە هاوڕێ ی ژیان بێ نیە لە هیچ بەرنامەو پرۆگرامی ئافرەتێك خاوەنی گشت ئەمانە بێ ... تەنها لەناو قوتابیانی قورئان نەبێ ...کەسرودیان شیعری (هێواش) بێ ..

(من دڵ و دەرون ڕوناکم موسڵمانی داوێن پـاکم)

(داینانێم بەرگ و پۆشاکم لەتانەو تەشەر بێ باکم)

* **خوشکی ڕێزدار** : کاتی ئەوە نەهاتوە پەشیمان بین لە تـاوان ؟ ... لـە بێ ئاگای و کات بە فیڕۆدان ... لـە ووتـەی نـاخۆش و لەیـەك تـرازان ... تاکـەی ئاواتمان چوون بۆ هەندەران ... تاکەی ووشیار نـەبین لـە ڕێـچکەی شـەیتان ... لـە ووشەی چەواشەو لە فـرت و فێڵیـان ... وا پـاپۆڕی خـەیاڵیان ... لەسـەر بـەردی (واقیع) تێك شکێنران ... هەر ئیسلامە دینی (واقیع) و ڕێبـازی ژیـان ... ﴿ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلْإِسْلَٰمُ ﴾سورة آل عمران(١٩)

دیاری کۆتایی : ﴿ قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴾ (٥٣) سورة الزمر.

واتە : (ئەی بەندەکانم کە لەژیاندان کاتی تەمەنتان بردوە بەتاوان ... گەر وازبهێنی بەڕاست و ڕەوان ... بێ ئومێد مەبە لە خوای میهرەبان) .

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين وصلى الله على نبينا محمد وعلى اله وصحبه وسلم

چی پێویستە
لە سەرئافرەتان فێری بین؟

پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێك - پیاو بێت یا خود ئافرەت - ئەوەندە لە شەرع شارەزابێت و فێربێت کە بتوانێت خوا پەرستی و هەڵسوکەوت و کاروباری ڕۆژانەی لە گەڵ دەوروبەریدا لە مرۆڤ و زیندەوەر و دروست کراوەکانی تری خوای پەروەردگار بەشێوازێکی ڕاست و ڕێك وەك چۆن خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ڕونیان کردوەتەوە ئەنجام بدات .

ئیمامی (الحافظ ابن حجر) لە (فتح الباري)دا فەرموویەتی :

(وقوله عز وجل : ﴿وَقُل رَّبِّ زِدْنِي عِلْمًا﴾[1] واضح الدلالة في فضل العلم ، لأن الله تعالى لم يأمر نبيّه (ﷺ) بطلب الازدياد في شيء إلاَّ من العلم ، والمراد بالعلم : العلم الشرعي الذي يفيد معرفة ما يجب على المكلف من أمر دينه في عباداته ومعاملاته ، والعلم بالله عز وجل وصفاته وما يجب له من القيام بأمره ، وتنزيهه عن النقائص ، ومدار ذلك على التفسير والحديث والفقه)[2].

واتە : ئەم ووتەیەی خوای گەورە ﴿ وە بڵێ پەروەردگارم زانستم زیاتر بکە ﴾ : بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر گەورەیی و چاکەی زانست ، چونکە خوای پایە بەرز فەرمانی نەکردووە بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) کە داوای زیادکردنی هیچ شتێك بکات جگە لە زانست نەبێت .

---

(١) سورة طه : (١١٤) .

(٢) فتح الباري شرح صحيح البخاري : (١/١٨٧) .

وە **مەبەست لە زانست** : زانستی شەرعییە کە ئەوە دەگەیەنێت : شارەزابوون لەوەی پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێکی ئەرك لەسەر (مُكلَّف) لەبواری ئاینەکەیدا لە پەرستنەکانیدا و لە هەڵس و کەوتیدا ، و زانیاری دەربارەی خوای گەورە و سیفەتەکانی ، وە ئەوەی کە پێویستە لەپێناو ئەودا پێی هەڵبسێ لە فەرمانەکانی ، و پاك ڕاگرتنی لە کەم و کوڕی ، وە هەموو ئەوانەش ڕاوەستاون لەسەر **تەفسیر و فەرمووده و فقە** .

بەڵام ئافرەتان هەرچەندە جیاوازی نییە لە نێوان ئەوان و پیاواندا لە (واجب)ـێتی فێربوونی ئەو زانستە گشتیانە کە هاوبەشە لە نێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا ، دەبێت لە هەندێك بواری تردا کە تایبەتمەندە بە ئافرەتان شارەزا و فێر بێن ، ئەویش دەتوانین بەم شێوازەی خوارەوە ڕوونی بکەینەوە :

أ- **زانستە هاوبەش و گشتی یەکان** :

- زانستی بیروباوەڕ (العقيدة) و یەکخواپەرستی (التوحيد) بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی بپارێزێت لە هاوەڵبڕیاردان و بێ باوەڕی .

- پەرستنەکان (العبادات) وە بەتایبەت ئەو پەرستنانەی کە (فرض) و پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێك ، وەك : چۆنێتی دەست نوێژ و خۆشوشتن (غُسل) و نوێژ و ڕۆژو و زەکات و حەج ، بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی لەکەم تەرخەمی و بیدعە بپارێزێت .

- فێربوونی خوێندنەوەی قورئان و تەفسیر کە ئاسانکار و یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە قورئان .

- ژیان نامە و سیرەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) .

- ڕەوشتە بەرز و پیرۆزەکان وەک : ئەدەب و ڕەوشتەکانی هەڵس و کەوت کردن لە گەڵ باوک و دایک و خێزان و گەورە و منداڵ و هاوەڵ و دەرهاوسێ و گیان لەبەرانی تر ، وە ئەدەبەکانی لە ماڵ دەرچوون و هاتنەوە و سەردان و چوون بۆ مزگەوت و دەرچوون لە مزگەوت و ئەدەبی چوونە سەر ئاو و خۆ پاککردنەوە و دەرچوون لەسەر ئاو و چۆنێتی ئەو جل و بەرگانەی کە لەبەر دەکرێت ... هتد .

ب- **زانستە تایبەتمەندەکان بە ئافرەتان :**

- حوکمەکانی بێ نوێژی (حَیض) و زەیسانی (نِفاس) و نەزیفی (إستحاضة) .

- حوکمەکانی مێرکردن (النکاح) و تەعزیە باری (حِداد) و پۆشاک (حجاب) و خۆڕازاندنەوە (التزین) .

- مافەکانی مێرد لەسەر ئافرەت بۆ ئەوەی بە جوانی جێبەجێیان بکات .

- ژیاننامەی ئافرەتانی سەلەف بەتایبەت خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) و ئافرەتانی صەحابە .

*** شەرم کردن ڕێگر نییە لە فێربوونی زانستی شەرعیدا :**

ئاشکرایە کە سیفەتی شەرم کردن شتێکی سروشتییە لە ئافرەتدا ، بەڵام زانایانی شەرع پێناسەی شەرم کردن بەوە دەکەن کە :

شەرم کردن : ئەو سیفەتە بەرز و پیرۆزەیە کە بەردەوام هاندەرە بۆ دوور کەوتنەوە لە کاری خراپ و نابەجێ و دوور کەوتنەوە لە کەم تەرخەمی لە مافی خاوەن مافەکان[1].

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەچەندین فەرموودەدا باسی شەرم کردنی بەچاکە کردووە و بە یەکێك لە بەشەکانی ئیمانی داناوە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((الحياءُ كلُّهُ خير))[2].

واتە : شەرم کردن هەمووی خەیر و چاکەیە .

وە فەرموویەتی : ((الحياءُ شُعبةٌ مِنَ الإيمان))[3].

واتە : شەرم کردن بەشێکە لە ئیمان .

بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا شەرم کردن نابێتە ڕێگر لە فێربوونی زانستی شەرعی و ئەم ڕاستییە زۆر بەئاشکرا و بەڕاشکاوی ڕەنگی داوەتەوە لە ژیانی ئافرەتە صەحابیەکان ، بۆیە دەبینین عائیشە (رضي الله عنها) لە فەرموودەکەیدا وەسفی ئافرەتە ئەنصاریەکان دەکات و دەفەرموێت :

---

(١) انظر : ((شخصية المرأة المسلمة كما يصوغها الإسلام في الكتاب والسنة)) ص : (٣١٦) .

(٢) صحيح مسلم رقم : (٣٧) .

(٣) صحيح مسلم رقم : (٣٥) .

((نِعْمَ النساء نساءُ الأنصار ، لم يَمنعْهُنَّ الحياءُ أنْ يَتفقَّهْنَ في الدِّين))[1].

واتە : باشترین ئافرەت ئافرەتانی ئەنصار بوون ، چونکە شەرم کردن ڕێی لێ نەدەگرتن لە فێربوونی شەرعدا .

وە لە چەندەها فەرموودەدا هاتووە کە ئافرەتان هەوڵیان داوە فێری شەرع ببن و شەرمیان نەکردوە :

دایکی سولەیمی کچی مەلحان کە دایکی ئەنەسی کوڕی مالکە هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ووتی : ((يا رسول الله إنَّ الله لا يستحي من الحق ، فهل على المرأة من غُسلٍ إذا احتلمتْ ؟ فقال رسول الله (ﷺ) : نعم إذا رأت الماء ، فغطت أمّ سلمة . تعني وجهها . وقالت : يا رسول الله وتحتلم المرأة ؟ قال : نعم ، تربت يمينكِ ، فبم يشبهها ولدها ؟))[2].

واتە : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خوای گەورە لە حەق شەرم ناکات ، ئایا ئافرەت خۆشۆردن (غُسل)ی لە سەرە ئەگەر لە خەودا وای بینی لەشی گرانبووە ، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی : بەڵێ ئەگەر ئاوی بینی ، جا لەوکاتەدا (أم سلمة) لە شەرم کردندا ڕوومەتی خۆی داپۆشی و ووتی :

ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئایا ئافرەت لەخەودا لەش گران دەبێت ؟

---

(١) صحيح البخاري (باب الحياء في العلم) ((الفتح)) : (٣٠١/١) ، وصحيح مسلم رقم : (٣٣٢) .

(٢) صحيح البخاري رقم : (١٣٠) ، ومسلم رقم : (٣١٣) .

پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی : بەڵێ (دەستی ڕاستت بچێت بە خۆڵدا)[١] ئەی ئەگەر وا نەبێت چۆن منداڵەکەی شێوازی دەچێتە سەر دایکی .

وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە کە دایکی سولەیم هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و عائیشەش (رضي الله عنها) لە لای بوو ، وە کاتێك دایکی سولەیم پرسیاری کرد ، عائیشە ووتی : ئەی دایکی سولەیم ((فَضحتِ النساءَ))[٢] واتە: ئابڕووی ئافرەتانت برد .

ئیمامی (ابن حجر) دەفەرموێت : (قوله : لا يستحي من الحق) واتە : خوای گەورە فەرمان ناکات بەشەرم کردن لە حەق و ڕاستیدا ، وە دایکی سولەیم ئەم ووتەیەی کرد بە پێشەکییەك بۆ بیانوییەك لە باسکردنی ئەوەی کە ئافرەتان شەرمی لێ دەکەن باسی بکەن بەئامادەبوونی پیاوان ، لەبەر ئەوە عائیشە پێی ووت : ((فضحتِ النساءَ)) واتە : ئابڕووی ئافرەتانت برد[٣] .

---

(١) ووتەی : ((دەستی ڕاستت بچێت بە خۆڵدا)) : واتاکەی لە بنەڕەتدا دوعا لێ کردنە واتە : هەژار کەویت و دەستت بکەوێتە سەر خۆڵ ، بەڵام لێرەدا ئەم واتایە مەبەست نییە چونکە ئەم ووتەیە دەوترێت بە مەبەستی سەرزەنشت کردن و مەبەست پێی ڕەواڵەتەکەی نییە کە دوعا لێکردنە. بڕوانە : ((فتح الباري)) : (١ / ٣٠٣) ، و ((لسان العرب)) : (١ / ٢٢٩) ، هەروەها بڕوانە : ((**کۆڤاری ڕێگای ڕاست**)) ژمارە : (٤) لاپەڕە : (١٢٠ . ١٢١) .

(٢) صحيح مسلم رقم : (٣١٣) .

(٣) انظر : ((فتح الباري شرح صحيح البخاري)) : (١ / ٣٠٢) .

وە لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە کە دایکی سەلەمە (رضي الله عنها) پرسیاری کرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەربارەی چۆنێتی خۆشوشتنی بێ نوێژی و خۆشوشتنی لەش گرانی[1].

وە لە فەرموودەکەی (أسماء)دا ئەویش کە پرسیاری چۆنێتی هەردوو خۆشۆردنەکەی کردووە ، هاتووە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی ووت :

((... ثُمّ تأخذ فرصة مُمسكة فتطهر بها ، فقالت أسماء : وكيف تطهر بها ؟ فقال : سبحان الله تطهرين بها ، فقالت عائشة : . كأنَّها تُخفي ذلك . تتبعين أثر الدم ...))[2].

واتە: دوای خۆشۆردنی بێ نوێژی پاشان پارچەیەك لۆکە کە میسکی پێوەکرابێ دەهێنێ بۆ ئەوەی خۆی پێ پاك بکاتەوە ، جا (أسماء) ووتی : چۆن خۆی پێ پاك بکاتەوە؟ پێغەمبەریش (ﷺ) لە شەرمدا ووتی : ((سبحان الله تطهرين بها)) جا عائیشە دەفەرموێت ـ وەك چۆن بڵێی ئەوەی ژێر بە ژێر پێی ووت ـ : پارچە لۆکەکە دەهێنیت بەسەر شوێنەواری خوێنەکەدا .

---

(١) صحيح مسلم رقم : (٣٣٠) .

(٢) صحيح مسلم رقم : (٣٣٢) .

لەم فەرمودانە و چەند فەرمودەی تر دەردەکەوێت کە :

ئافرەتان شەرم کردن لە لایان نەبووەتە ڕێگر لە فێربوونی زانستی شەرعی و ئەرکە شەرعیەکان .

وە یەکێك لە زانایانی (تابعین) کە ئیمامی (مجاهد)ـە دەفەرموێت : ((لا يتعلم العلم مستحي ولا مستكبر))[1].

واتە : دوو کەس فێری زانستی شەرعی نابن : کەسێك شەرم بکات ، وە کەسێك لووت بەرزو خۆ بە گەورە زان بێت.

*** ئافرەتان چۆن زانستی شەرعیان بەدەست دەخست لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) ؟**

ئافرەتانی سەلەف و بەتایبەت ئافرەتانی صەحابە زۆر سور بوون لەسەر فێربوون و فێرکردنی زانستی شەرعی و بەدڵێکی گەرم و زۆر بەپەرۆشەوە ڕوویان دەکردە ئەو جێگایانەی کە زانستی شەرعی تێدا باس دەکرا و بڵاو دەکرایەوە ، وە بەردەوام پرسیاریان دەکرد و بەدوای تەفسیر و واتای ئایەت و فەرموودەکاندا دەگەڕان ، وە ئافرەتان لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) ئەگەر کارێکیان لێ ئاڵۆز ببوایە و پێویستی بە زانستێکی زیاتر بکردایە دەیانزانی لە چی جێگایەك ئەو زانستەیان دەست دەکەوێت .

---

(١) صحيح البخاري (باب الحياء في العلم) كما في " الفتح": (١/٣٠١) .

جا ئەگەر ورد بیتەوە لەو رێگایانەی کە ئافرەتان لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) دەیانگرتەبەر بۆ بەدەست خستنی زانستی شەرعی ، بۆت دەردەکەوێت کە بەم شێوازانەی خوارەوە بووە :

١ ـ ئامادەبوونی جێگاو مەجلیسە تایبەتمەندەکان بە ئافرەتان :

ئەمەش زیاتر لەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئافرەتان داوایان کرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) رۆژێکیان بۆ تایبەت بکات بەمەبەستی فێرکردنی ئافرەتان لە زانستی شەرعی و شارەزابوون لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام ، لە فەرموودەکەیدا هاتووە کە ئافرەتانی ئەنصار ووتیان بە پێغەمبەر (ﷺ) :

((اجعلْ لنا من نفسك يوماً نتعلّم فيه ، فقد غلبنا عنك الرجال ، فقال موعدكُنَّ دار فلانة ، فأتاهُنَّ فيها فوعظهُنَّ وذكرهُنَّ وعلّمهُنَّ))[1].

واتە : لەلایەن خۆتەوە رۆژێکمان بۆ تایبەت بکە بۆ ئەوەی تێیدا فێری زانستی شەرعی ببین ، چونکە پیاوان زۆرتر بەشیان دراوە لە لایەن تۆوە ، پێغەمبەریش (ﷺ) لە وەلامدا فەرمووی : جێگای کۆبونەوەتان مالّی فلانەکەسە ، پاشان هات بۆ لایان لەو مالّەدا و ئامۆژگاری کردن و بیریانی خستەوە و فێریانی کرد .

وە لە ڕیوایەتەکەی ئیمامی (مسلم)دا (أبو سعيد الخدري) دەفەرموێت :

---

(١) صحيح البخاري رقم : (١٠١) كما في (الفتح ١/ ٢٥٨) .

((جائت امرأة إلى رسول الله فقالت : يا رسول الله ذهب الرجال بحديثك فاجعل لنا من نفسك يوماً نأتيك فيه ، تُعلِّمنا ممَّا علَّمكَ الله ، قال : اجتمعن يوم كذا وكذا ، فاجتمعن ، فأتاهن رسول الله (ﷺ) فعلّمهن ممَّا علّمه الله ...))[1].

واتە : ئافرەتێك هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا فەرموودەکانی تۆ پیاوان بردویانە و زیاتر بەر ئەوان دەکەوێت ، جا رۆژێك بۆ ئافرەتان لە لایەن خۆتەوە تەرخان بکە تێیدا دێین بۆ لات فێرمان بکە لەوەی کە خوا فێری کردوی ، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی : کۆببنەوە فلانە رۆژ لە فلانە شوێندا ، جا ئافرەتان کۆبونەوە و پێغەمبەریش (ﷺ) هات بۆ لایان و فێری کردن لەوەی کە خوا فێری کردبوو ...

٢ ـ ئامادەبوونی جێگا و مەجلیسە گشتیەکان:

وەك ئامادەبوونی ووتاری رۆژی هەینی (خطبة الجمعة) و ووتاری هەردوو جەژنی (رەمەزان و قوربان) و ووتاری خۆرگێران و ووتاری پێویست بۆ رووداوێکی نائاسایی و ووتاری حەجی مالّ ئاوایی و ... هتد .

أ / عن أخت العمرة بنت عبد الرحمن (رضي الله عنهما) قالت : ((أخذت ﴿ق وَالْقُرْآنِ الْمَجِيدِ﴾ من فِيّ رسول الله (ﷺ) يوم الجمعة ، وهو يقرأ بها على المنبر في كل جمعة))[2].

---

(١) صحيح مسلم رقم : (٢٦٣٣) .

(٢) صحيح مسلم رقم : (٨٧٢) .

واتە : سورەتی ﴿ق وَالْقُرْآنِ الْمَجِيدِ﴾م وەگرت و فێربووم لەدەمی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) لە پۆژی هەینیدا کاتێ ئەو دەیخوێندەوە لەسەر مینبەر لە هەموو جومعەیەکدا .

وعن بنت الحارثة بن النعمان (رضي الله عنهما) قالت : ((ما حفظتُ ﴿ ق ﴾ إلاّ من فيّ رسولِ الله (ﷺ) يخطب بها كل جمعة ، قالت : وكان تنورنا وتنور رسول الله (ﷺ) واحداً))[1].

واتە: سورەتی ﴿ ق ﴾م لەبەر نەکرد تەنها لە دەمی پێغەمبەریِ خواوە نەبێ (ﷺ) دەی کرد بەووتاری هەموو هەینیەك ، وە دەیووت : تەنوورەکەی ئێمە و تەنورەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) یەك بوون .

ئیمامی (النووي) دەفەرموێت (قولها : "وكان تنّورنا وتنور رسول الله (ﷺ) واحداً "إشارة إلى حفظها ومعرفتها بأحوال النبي (ﷺ) وقربها من منزله))[2].

واتە : ئەو ووتەیە ئاماژەیە بۆ لێهاتووی ئەو ئافرەتە لە لەبەرکردن و شارەزایی بەکاروبار و ژیانی پۆژانەی پێغەمبەر (ﷺ) و نزیکی مالّی ئەو ئافرەتە لە مالّی پێغەمبەرەوە (ﷺ) .

ب / عن أبي سعيد الخدري (رضي الله عنه) قال: خرج رسول الله (ﷺ) في أضحى أو فطر فصلى فمرَّ على النساء فقال : ((يا معشر النساء ، تصدَّقنَ فإنِّي رأيتكنَّ

---

(١) صحيح مسلم رقم : (٨٧٣) .

(٢) انظر : ((شرح صحيح مسلم)) : (١٤٦/٦) .

أكثر أهل النار ، فقُلْنَ : وبِمَ يا رسولَ الله ؟ قال : تكثرنَ اللَّعْنَ ، وتكفُرنَ العشير)) [١].

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەرچوو بۆ نوێژگە (المصلَّى) لە جەژنی قوربانداا یان لە ڕەمەزاندا ، دای بە لای ئافرەتاندا و فەرموی : " ئەی چینی ئافرەتان مالّ ببەخشن و چاکە بکەن چونکە من بینیم ئێوە زۆرینەی خەڵکی ئاگرن بوون ، ووتیان : بەچی ئەی پێغەمبەری خوا ؟ فەرمووی : "زۆر لەعنەت دەکەن و چاکەی مێردەکانتان لەبەر چاو نیە".

وە ئیمامی بوخاری لە ژێر ناو نیشانی (موعظة الإمام النساء يوم العيد / ئامۆژگاری پێشەوا بۆ ئافرەتان لە ڕۆژی جەژندا) فەرموودەکەی (جابر)[٢] و (ابن عباس)[٣] یشی ڕیوایەت کردووە کە تێیدا هاتووە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە دوای ووتاری ڕۆژی جەژن بەتایبەت هات بۆ لای ئافرەتان و ئامۆژگاری کردن و ترسی خوای بیریان خستەوە و فەرمانی پێکردن کە ببخشن و خەیر بکەن .

ج / ئەسمائی کچی (أبو بكر) (رضي الله عنهما) دەفەرموێت : ((لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) خۆرگیرا ... جا کاری خۆمم تەواو کرد ، پاشان هاتم و ڕۆیشتمە ناو مزگەوتەوە و بینیم پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕاوەستاوە منیش لە دوایەوە ڕاوەستام جا زۆر ڕاوەستام هەتا وام بینی کە دانیشم بەڵام

---

(١) صحيح البخاري رقم : (٣٠٤) .

(٢) صحيح البخاري رقم : (٩٦٨) وصحيح مسلم رقم : (٨٨٥) .

(٣) صحيح البخاري رقم : (٥٢٤٩) وصحيح مسلم رقم : (٨٨٤) .

بەرم دەکردە لای ئافرەتی لاوازەوە و دەم ووت : ئەمە لە من لاوازترە ...))[١].

وە دەفەرموێت : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە پێوە وەستا ووتاری خوێند - دوای نوێژی خۆر گیران - جا باسی سزای ناو گۆڕی کرد...)) تا کۆتایی فەرموودەکە [٢].

د / (فاطمة)ی کچی قەیس (رضي الله عنها) کە یەکێکە لە ئافرەتە کۆچکەرە دێرینەکان دەفەرموێت : ((لە ناو خەڵکدا بانگ کرا (إنَّ الصلاة جامعة) جا منیش دەرچووم و رۆیشتم وەک ئەو خەڵکانەی کە دەرچوون بۆ مزگەوت ، جا نوێژم کرد لە گەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) جا من لە ڕیزی پێشەوەی ئافرەتان بووم کە بەدوای ریزی کۆتایی پیاوانەوە بوو ...))[٣].

هـ / (أم الحصين) (رضي الله عنها) دەفەرموێت : ((حەجی مالّ ئاوابیم لە گەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) کرد جا زۆر ووتاری خوێند ، پاشان بیستم دەیفەرموو : ...)) [٤].

---

(١) صحيح مسلم رقم : (٩٠٦) .

(٢) صحيح البخاري رقم : (١٣٧٣) .

(٣) صحيح مسلم رقم : (٢٩٤٢) .

(٤) صحيح مسلم رقم : (١٢٩٨).

٣ ـ ئافرەتان دەڕوێشتن بۆ مالآنی پێغەمبەر (ﷺ) : بۆ دەربڕینی سکالآ و شکات و گلەیی لە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، وە بۆ پرسیار کردن و داوای ڕوون کردنەوە لە بوارەکانی ژیاندا بە تایبەت لە بواری ژیانی ژن و مێردایەتی و ئەو حوکمانەی کە تایبەتە بە ئافرەتان وەک (حیض) و (طلاق) و (خلع) و ... هتد ، بە مەبەستی گەیشتن بە حوکمی خوا تێیدا ، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەک مامۆستا و پەروەردەکارێک دەرگای دانەدەخست لە ڕووی هەرکەسێک زانستی شەرعی بوێستایە .

وە نموونە لەم بارەیەوە زۆرە لەوانە:

أ / زەینەبی خێزانی (عبد الله)ی کوڕی مەسعود (رضي الله عنهما) هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە مالّدا پرسیاری کرد دەربارەی نەفەقە و بەخشینی خەیر لەسەر مێرد و کەس و کاردا[1] .

ب / سوبەیعەی ئەسلەمی کاتێک مێردەکەی مرد (رضي الله عنهما) سک پڕ (حامل)ە بوو ، بە دوای چەند شەوێکدا منداڵی بوو ، پاشان ویستی شوو بکات بەڵام (أبو السنابل) پێی ووت تۆ هێشتا حەڵاڵ نەبووێت بۆ شووکردن تا چوار مانگ و دە ڕۆژ تەواو نەکەیت ، ئەویش هات بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاگاداری کرد و باسی مەسەلەکەی خۆی و قسەکەی (أبو السنابل)ی بۆ کرد[2] ... و هتد .

---

(١) صحيح البخاري رقم : (١٤٦٦) وصحيح مسلم رقم : (١٠٠٠) .

(٢) صحيح البخاري رقم : (٥٣١٨) وصحيح مسلم رقم : (١٤٨٤) .

*** ڕۆڵی ئافرەتانی سەلەف لە گێڕانەوەی فەرموودەدا :**

ئافرەتانی صەحابە ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان هەبووە لە گواستنەوە و گێڕانەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بەتایبەت خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) کە مالّی هەر یەکێکیان قوتابخانەیەک بوو بۆ فێربوون و فێرکردنی زانستی شەرعی ، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿ واذكُرنَ ما يُتلى في بُيُوتِكُنَّ مِنْ آياتِ اللهِ والحكمةِ﴾[1].

واتە : ئەی خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بە بیری خۆتانی بخەنەوە ئەوەی لە ماڵەکانتانا دەخوێنرێتەوە لە ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) .

* ژمارەی ئەو ئافرەتە صەحابییانەی کە فەرموودەیان لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە دەگاتە (٢١٦) ئافرەت لە گەلّ هەر نۆ خێزانەکەی پێغەمبەردا (ﷺ) .

* بەلاّم خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بە تەنها (٣٢٠٠) فەرمـوودەیان گێـڕاوەتـەوە بە پـێی ئەم خشتەیەی خوارەوە :

- **عائشە** ..... (٢٢١٠)
- **ام سلمە** ..... (٣٧٨)
- **میمونە** ..... (٧٦)
- **ام حبیبە** ..... (٦٥)

---

(١) سورة الأحزاب : (٣٤) .

- **حفصه** ..... (٦٠)
- **زینب** ..... (١١)
- **صفیه** ..... (١٠)
- **جویریه** ..... (٧)
- **سوده** ..... (٥)

کۆتایی

لە کۆتاییدا دەڵێم :

ئەم نووسراوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئیسلام چەند گرنگی داوە بە ئافرەتان لە بواری فێرکردنی زانستی شەرعیدا ، وە ئافرەتانی سەلەف بۆ فێربوون و بەدەست خستنی زانستی شەرعی چەندین ڕێگای جۆراو جۆریان گرتووەتە بەر بۆ ئەم مەبەستە بەرز و پیرۆزە ، ئەوەشمان بۆ دەر دەکەوێت کە ئەهلی سوننە و سەلەفییەکان هاندەر و یارمەتیدەری ئافرەتانن لە ئاستی فێربوون و فێرکردنی ئافرەتان لە زانستە شەرعییەکان ، بەڵام لە سنووری شەرعدا و بە پێی مەرجە شەرعییەکان کە لە جێی خۆیدا باس کراوە .

بۆیە داوا لە ئافرەتان بەگشتی دەکەم کە زۆر بە گەرمی و لێهاتوییەوە ڕوو لە زانستی شەرعی بکەن و هەوڵی فێربوون و فێرکردنی بدەن لە ڕێگای :

- خوێندنی دەرسی شەرعی ... و
- گوێ گرتن لە کاسێت ... و

ـ خوێندنەوەی کتێب و نامیلکەی زانایانی سەلەف و فێرخوازانی زانستی شەرعی ئەهلی سوننە و جەماعە کە

(**ڕێگای ڕاست**) بۆ خەڵک ڕوون دەکەنەوە.

وە هەروەها داوا لە باوکان و برایان و بەخێوکاران بەگشتی دەکەم ئەوانەی بەرپرسێتی ئافرەتانیان لە گەردندایە : هەموو ئەو پێویستیانە دابین بکەن بۆ ئافرەتان بۆ ئەوەی ئەوانیش سوودمەند بن بەزانستە شەرعیەکان .

والسلام علیکم ورحمة الله وبرکاته ...

تێبینی : ئەم بابەتە وەریگراوە لە کتێبی : ئافرەتان و فێربونی زانستی شەرعی لە نوسینی بەڕێز : مامۆستا محمد عبدالرحمن

وەڵامی گومانەکان
سەبارەت بە ئافرەتی موسڵمان

لێدان لە ئافرەت

چۆن وەڵامی ئەو شوبهەیە دەدەنەوە کە کەسێك دەڵێت: بۆچی لەقورئاندا هاتووە کە دەبێت پیاو لە ئافرەت بدات دەڵێن ئەوە زوڵمە لە ئافرەت

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

پێشەکی گرنگە ئەوە بزانین ئاینی ئیسلام ئاینی خودایە و هیچ کەمو کوڕیەکی تێدا نیە، هەروەها ئەم ڕەخنانە نەزان و دوژمنانی لەم ئاینەی دەگرن لەبەر ئەوەی باوەڕیان بە خودا نیە وە نازانن باوەڕ بوون بەخودا چ واتایەکی هەیە...

پاشان مەسەلەی بەکارهێنانی لێدانی پەروەردەیی سود بەخش هیچ کەسێکی ژیر نکۆڵی لێناکات تەنها ئەوانە نەبێت کە بۆ دژایەتی ئیسلام دەست بۆ پوشێکیش دەبەن وە ئەم کارکردنە بە(أخف الضررين) زیان لێدانێکی پەروەردەیی کەم باشترە لەسنور دەرچون و لادانی ئافرەت یان تەڵاقدان و جیابونەوەی و بێوەژن خستنی، ئەمەش ئافرەتان زۆر بەباشی لێی تێدەگەن.

هەروەها ئەگەر سەرنج بدەین لە تەشریع کردنی لێداندا لە ئیسلام لەهەرکات و شوێنێکدا بێت بۆ بەرژەوەندی کەسی لێدراوە وە دوای ئەوەیش بۆ پاراستنی کۆمەڵگەیە بۆنمونە لێدانی کچ و کوڕی زینا کەر بۆ پاك بونەوەیانە لەو گوناهە، وە دەبێتە کەفارەت بۆیان بۆئەوەی لەسزای دۆزەخ دوربن وە وانەش بێت بۆیان و جگەلەوانیش دوچاری ئەو هەڵەیە نەبنەوە بەمەش کۆمەڵگا پارێزراو دەبێت.

جا ئەگەر کەسێك یان چەند کەسێك لێبدرێت بەڵام کۆملگا ڕزگار بێت ئەمە(ارتکاب أخف الضررین)ە ئەنجام دانی زیانی کەم بۆ ڕێگرتن لە زیانێکی گەورەتر.

لێدانی هاوسەریش بۆ چاککردنەوەی ژیانێتی نەك بۆ بوغزاندن و بەرەو خراپە بوونی وەئەگەر پرسیار لەئافرەتان بکەیت پیاوەکەت لێدانی شەرعی مەرجدار بەکار بهێنێت بەڵام تەڵاقت نەدات یان یان مامەڵەی خراپت لەگەڵ نەکات بەدڵنیاییەوە ئافرەتان تەڵاقیان ناوێت ئەمە سەرەڕای ئەوەی هۆکاری لێدانەکە بوونی کەمتەرخەمی ئافرەتەکە بێت لەهەبونی ئارەزووی مامەڵەکردن و تێکەڵاوی لەگەڵ پیاوانی نامەحرەمدا یان شکاندنی سنورەکانی حیجاب کە ئەمەیش لە ئاین دا دەبێتە کارەسات و زیانێکی گەورە بۆ خودی ئافرەتەکە، وە لەکاتێکدا کەئەمەش بەڕاوا دەزانێت نابێت زیادەڕەوی لەلێداندا بکرێت هەروەك چۆن نابێت کەمتەرخەمی لەپاراستن و پەروەردە کردنیدا ببێت، وە پێویستە ئەوەش بزانین لێدانی هاوسەر لەکاتێکدا دروستە کە هاوسەرەکە لەژێر ڕکێف و گوێڕایەڵی پیاوەکەیدا دەرچوبێت وە بۆ ژیانی هاوسەری بەقسەی نەکات.

جگە لەوە - دەبێت باش بزانین خودای گەورە لەسەر ژن و مێرد ستەم و زوڵمی لەیەکتر قەدەغە کردووە، وە گومانیش لەوەدانیە کە لێدانی ژن لەلایەن مێردە وە بە بێ پاساوێکی شەرعی قازانج گەیەنەریکی بێ ئەزیەت پێشێلکردنی مافەکانیەتی چونکە مافی ئافرەت لەسەر مێردەکەی ئەوەیە

مامەڵە و هاوسەری بەچاکە لەگەڵدا بکات خودای گەورە فەرمویەتی: [وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ] (البقرة: ٢٢٨)

واتە: ژنانیش مافیان هەیە بەسەر پیاوانەوە بەوێنەی ئەو مافانەی کە بۆ پیاوانە لەسەر ژنان بە پێی باو و نەریتی پەسەند.

وە فەرمویەتی: [وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ] (النساء: ١٩)

واتە: بەچاك مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن.

هەروەها خوای گەورە هێشتنەوە و تەڵاق نەدانی ژنان بە مەبەستی ئەزیەتدان و شەڕی دەرونی و زیان پێگەیاندن حەرام کردووە وەك فەرمویەتی:

[وَلا تُمْسِكُوهُنَّ ضِرَاراً لِتَعْتَدُوا وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ] (البقرة ٢٣١) واتە: مەیان هێڵنەوە بە ئێش و ئازارەوە بۆ ئەوەی دەست درێژی و ستەمیان لێ بکەن هەرکەس ئەوە بکات ئەوە ستەمی لە خۆی کردووە.

جا ئەگەر ئەم پێشەکییەی باسم کرد جێگیر بوو...

ئەوە پێویستە بزانین کە ئەم لێدانەی لەپێشدا باسمانکرد لە شەرعدا دروستە و سود و قازانجی تیدا یە بۆ ژنان بەتایبەتی و کۆمەڵگەش (الضوابط الشرعية)، چونکە گوێڕایەڵی کردنی ژن بۆ بۆ مێردەکەی لەپێویستیەکانی هاوسەرێتییە بەبەڵگەی قورئان و سوننەت و یەکدەنگی زانایان،جا ئەگەر ژن لەگوێڕایەڵی مێردەکەی دەرچوو و یاخی بوو بەبێ پاساوی شەرعی ئەوکاتە خودای زانا و کاردروست بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە چەند قۆناغێکی داناوە:-

قۆناغی یەکەم: ئامۆژگاری و ڕێپیشاندان بەوەی کە ئامۆژگاری خێزانەکەی بکات کە گوێڕایەڵ بێت، وە مافی پیاوەکەی بدات بەباسکردنی بەڵگەی قورئان و سوننەت وە بەنەرمو نیانی و لەکەشێکی زانستی و پڕ سۆزدا وە هەندێك جاریش بەهێنانەوەی بەڵگەی ترساندن لەدەرئەنجامی گوێڕایەڵی نەکردن بەپێی شوێن و کات و دۆخەکان،جا ئەگەر سودی نەبوو

دەچێتە قۆناغی دووەم کە بریتیە لە دورلێگرتن لە خێزانی لەسەر جێگەو جوت بوون، ئەمەش کاتێك دروستە کە قۆناغی یەکەم سودی نەبێت، ئەمەشیان دەکات بەمەبەستی ئەوەی بۆ هاوسەرەکەی دەری بخات کە لێی ڕازی نیە و پێویستە دیراسەیەکی حاڵی خۆی بکات جائەگەر ئەم دوو قۆناغەیش سودی نەبوو ئەو کاتە

قۆناغی سێیەم بەکار دێنێت کە لێدانە بەمەبەستی ڕاست کردنەوە و ڕێگرتن لەزیانێکی گەورەتر بۆ خێزانەکەی ئەم قۆناغ بەندیەش کەسانی ژیر دەیانکات ئەگەر نەفام و بێ ئارام بێت وەك ئێستادەیبینین بەیەك خراپ لەیەك گەیشتن یان بە تورە بونێك یان گومانێك ئافرەتان لێدەدرێن یان تەڵاق دەدرێن کە ئەمانەش هیچ پەیوەندی بە ڕێنماییەکانی شەریعەتی ئیسلامەوە نیە.

وەك وتمان مەبەست لە لێدان جڵەو گیری و پەروەردە و پاراستنە وە دەبێت بۆ ئەو قۆناغەش چەندین شت لەبەر چاو بگیرێت:

(١) نابێت لێدانەکە توند بێت شوێنەوار لەسەر جەستەی ئافرەتەکە دروست بکات بەڵکو لێدانێکی پەروەردەیی بێت ئەزیەت پی گەیەنەر نەبێت.

(٢) نابێت لە ڕوومەتی بدات.

(٣) نابێت دەم و چاو لەبەرامبەریدا بەخراپ بەکاربهێنێت لەژیانی ڕۆژانەدا.

(٤) دەبێت لە تەواوی ئەم هەڵسوکەوتانەدا ئەوە ڕابگەیەنێت کە مەبەست بەم قۆناغانە چاکسازی و گۆڕایەڵی کردنی پیاوە نەك مەبەست دوژمنایەتی یان سوکایەتی و تۆڵە سەندنەوە.

٥ دەبێت ئەم قۆناغە وازلێبهێنێت ئەگەر ئەوەی مەبەستە بەجێهات.

بەڵگەش لەسەر هەموو ئەمانەی باسکران وتەی خوای زانا و کار دروستە کە دەفەرموێ: [الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنفَقُوا مِنْ أَمْوَالِهِمْ فَالصَّالِحَاتُ قَانِتَاتٌ حَافِظَاتٌ لِلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ اللَّهُ وَاللاَّتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلا تَبْغُوا عَلَيْهِنَّ سَبِيلاً إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيّاً كَبِيراً] النساء: ٣٤.

واتە: پیاوان مافی بەڕێوەبەرێتیان بەسەر ژنانەوە هەیە، دەتوانن چاودێریان بکەن، ژنانیش دەبێ بە پێی پلان و نەخشەی ئەوان ڕەفتار بکەن تا لەسنوری شەرعدا بێت، ئەم بەڕێوەبەرێتیەش بۆیە دراوە بە پیاوان چونکە خودا فەزڵی هەندێکی داون بەسەر هەندێکی تریاندا چونکە جستە و

لاشەیان توندو تۆڵتر و بەهێز تر لە ژنان (لەوانەیە بێ باوەڕان بڵێن: ئەی بۆچی ئافرەتان وا دروست نەکراون وەڵامیش زۆر زۆرە بەڵام بە کورتی لێرە ئەڵێم ئافرەت بەو شێوەیە جوان و تەواوە وەك دروستکراوە، ئەگەر وا نەبوایە ژیانی هاوسەری دروست نەدەبوو مەگەر کەسانێکی ڕیزپەڕی ئاژەڵ خوو).

وە سەرەڕای ئەوەش پیاوان ئەرکی ماڵ ودارایی بەخت کردنیان بۆ بەڕێوەچونی ماڵ لەسەرە دەبێ مارەیی و ئازووقە بدەن بە ژنان، جا ژنانی ژیر و چاك و پاك ئەوانەن کە ملکەچی فەرمانی مێردەکانیان بن، وە ئەگەر دوور بن لە مێردەکانیان شەرمی خۆیان دەپارێزن و گزییان لێناکەن بەتایبەت کە مێردەکانیان دیار نەبێت وەك خودا فەرمانی داوە گوێڕایەڵ دەبن، ئەو ژنانەش کە لەسەرپێچی و ملنەدانیان دەترسن بۆ یەکەمجار ئامۆژگاریان بکەن و لە سنورەکانی خودا بیانترسێنن، وە بۆ دووەم جار ئەگەر ئامۆژگاری بێ سوود بوو جێگای خەوتنیان بۆ ماوەیەك لێ جیابکەنەوە، وە بۆ سێیەم جار ئەگەر بەوەش ڕاست نەبوونەوە لێیان بدەن بەڵام لێدانێکی سوك و بریندارییان نەکەن و لە دەم و چاویان نەدرێ و ئاسەواری بە جێ بمێنێ، ئەمانەش لە پێغەمبەری خواوە ﷺ سەلمێنراوە وەك لە حەجی ماڵئاوایی دا فەرموویەتی:

" ألا واستوصوا بالنساء خيراً، فإنما هن عوان عندكم، ليس تملكون منهن شيئاً غير ذلك إلا أن يأتين بفاحشةٍ مبينة، فإذا فعلن فاهجروهن في المضاجع، واضربوهن ضرباً غير مُبرح، فإن أطعنكم فلا تبغوا عليهن سبيلاً، ألا

إن لكم على نسائكم حقا ولنسائكم عليكم حقا...."{حسن: رواه الترمذي وابن ماجة والنسائي}

واتە: وەسیەتی چاکبونتان لەگەڵ ئافرەتاندا پێ دەکەم، وە وەسێتەکەم قەبوڵ بکەن ئەوان تەنها ملکەچی ئێوەن لە بەرێوەبرندا، چونکە ئەوان وەکو ئەمانەتێك بە ئێوە دراون پێویستە بیانپارێزن وەك لە (صحیح) ی موسلیمدا هاتوو [فَإِنَّكُمْ أَخَذْتُمُوهُنَّ بِأَمَانِ اللَّهِ] واتە: ئەوان ڕادەستی ئێوە کراون بە پەیمانی خودا جا پێویستە پارێزراو بن وە مافەکانیان بدرێت، وە بەرژەوەندیەکانی دونیا و دوارۆژیان بۆ دەستەبەر بکرێت.

کەوابوو پێویستەبە چاکی مامەڵەیان لەگەڵ بکەن مەگەر خراپە بکەن وەك خراپ هاوسەرێتی و گوێرایەڵی نەکردن و ناپاك بوون، ئەگەر ئەمانەیان کرد ئەوا جێگەیان لێ جیابکەنەوە، و لێیان بدەن بەڵام لێدانێك بریندار یان قورس و توند نەبێت، بەڵام ئەگەر بەقسەیان کردن ئێوەش هیچ ڕێگەیەکی تر مەگرنە بەر بۆ ئازاردانیان و ستەم لێ کردنیان.

باش بزانن ئێوە مافتان بەسەر ژنەکانتانەوە هەیە و ئەوانیش مافیان بەسەرتانەوە هەیە مافی ئێوە بەسەریانەوە ئەوەیە بە بێ پرسی ئێوە کەسانێك لە پیاوان و ژنان نەهێننە ماڵەوە کە ئێوە خۆشتان نەوێن.

ئیمامی خەتتابی دەڵێ: ئەمە ژن و مێردیش وەك یەك وایە ئەگەر ژنانیش حەزیان نەکرد دەبێت پیاوان نەیانهێنە ماڵەوە، وە مافی ئافرەتانیش ئەوەیە پیاوان چاکەیان لەگەڵدا بکەن لە پۆشین و خواردنیاندا.

لە کۆتایی ئایەتەکەدا خوای گەورە دەفەرموێ: [إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيّاً كَبِيراً]

واتە: بەڕاستی خودا بەرز و بڵند و گەورەیە

ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی هەر کەسێك دەستدرێژی بکات تۆڵەی لێ دەسێنێت.

ئەوەی ماوە لەکۆتاییدا ئەوەیە بڵێم پێویستە لەپیاوان وژنانیش ڕەچاوی لایەنی سۆز وبەزیی ونەرم ونیانی بکەن وەچاوپۆشی لەیەك بکەن لەکاتی ڕووداندا هەڵەکان وە لە بۆسە و کەمیندا نەبن بۆیەکتر چونکە ژیانی دوای ئاڵۆزبوونی نێوانیان گەورە تر چونکە چەندین نموونە دەزانین لەسەر ووتەیەك و لێدانێکی کەم ژن لە دادگا شکاتی لە مێردەکەی کردوە و مێردەکەشی وەك تۆڵەیەك تەڵاقی داوە بۆیە پێوێستە هەردوو چاکە خوازبن وەئارامگربن بەرامبەر بەیەکتر خوای گەورە هەموو لەبەندە چاکەکانی خۆی بژمێرێت

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

لە لایەن مامۆستا (خليل أحمد)ەوە وەڵام دراوەتەوە

بۆ گومانم لەوەی کە ئیسلام جوانترین بەرنامەی ژیانە بەڵام ئایا بوونی کەنیزەك زوڵم نی یە لە ئافرەت؟

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

بهڵێ ئیسلام جوانترین و تەواو ترین بەرنامەیە لە هەموو خاڵەکانیدا لە بیروباوەڕ و شەریعەت و ئاکارەکاندا هەروەها لەمەسەلەی کەنیزەك دا باشترین چارەسەری داناوە بۆ ئەو ژنانەی کە ئاینی خوایان هەڵنەگرتووە و دژایەتی بەندەکانی بەندەکانی خوایش دەکەن کە لە جەنگدا دەگیرێن باشترین چارەسەر ئەوەیە بدرێن بە پیاوانی موسڵمان لە کوفر و شیرك و کاری خراپ ڕزگار بکرێن ئەنجا ئێمە دەبێ ئەوەش بزانین ئەو ئافرەتانە جەنگیان کردووە و لە جەنگدا گیران بە هەر پێوەرێکی تر بێت جگە لە ئیسلام دەکوژرێن بەڵام ئیسلام دەیانکات بە هاوسەر لەگەڵ موسڵمانان وە بە شێوەیەکی واقعیش ئیسلام ئەم پیرۆژەیەی جێ بە جێ کردووە دایکی زۆرێك لە زانایانی ئیسلام کەنیزەك بوون و پاشان موسڵمانیش بوون جا نەك ئەمە زوڵم بێت بەڵکو ڕەحمەتێکی زۆر گەورەیە و جیاوازییەکی زۆرباشە لە نێوان پیاوان و ژناندا کە لە جەنگدا دەگیرێن.

لە لایەن مامۆستا (خلیل أحمد)ە وە وەڵام دراوەتەوە

بۆچی لە ئیسلامدا کە کوڕێك لە دایك دەبێت دوو حەیوانی بۆ سەر دەبڕن بەڵام بۆ کچ یەك دانە؟

بسم الله الرحمن الرحيم

بەڵێ ڕاستە و سەلمێنراوە لە هەندێ لە فەرمودە صەحیحەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر کەسێك کوڕێکی ببێت دوو حەیوانی بۆ بکات بە گوێزەبانە بە ڵام بۆ کچ یەك دانە

وەك لە فەرموودەی دایکی ئیماندارانی خاتوو عائیشە دا هاتووە خوای لێ رازی بێت وەك دەفەرموێت: أنَ رسول الله ﷺ أمرهم عن الغلام شاتان مكافئتان وعن الجارية شاة) رواه أحمد والترمذى وصححه الألبانى فى الصحيحه(١٦٥٥).

واتە (پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێکردوین بۆ کوڕ دوو حەیوانی یەکسان سەربڕین وە بۆ کچیش یەك دانە. جالێرە وە ئەو پرسیار و ڕەخنانە سەرچاوە دەگرن کە گوایە ئاینی پیرۆزی ئیسلام جیاوازی کردووە لە نیوان کچ و کوڕ دا جا بۆ وڵام دانەوەو ڕەواندنەوەی ئەم شوبهانە دەبێ پێشەکی ئەوە بزانین کە ئیسلام هی خوایە وە دژی جیاوازی ڕەگەزیە و بەڵگەش ئەوەیە هەردوو ڕەگەز خوا دەیبەخشێ

وە ئەگەر لە ئەحکامەکاندا جیاوازی هەبوو لەبەر خودی ڕەگەزەکان نیە وە لەوەش زیاتر ئیسلامی پیرۆز چەندین ڕێنمای گەورەی تیدایە بۆ بنەبڕکردنی جیاوازی ڕەگەزی لەوانە وەك ئایەتی: [لِلَّهِ مُلْكُ السَّمَوَاتِ

وَالأَرْضِ يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ يَهَبُ لِمَنْ يَشَاءُ إِنَاثاً وَيَهَبُ لِمَنْ يَشَاءُ الذُّكُورَ] الشورى ٤٩.

واتە(خاوەندارێتی ئاسمانەکان و زەوی تەنها هی خوایە هەرچی بوێت دروستی دەکات بەهەرکەس بیەوێت کچ دەبەخشێت و بە هەر کەس بیەوێت کوڕ دەبەخشێت.

خوای گەورە وەك لەم ئایەتەی باسی دەکەین ئەو پێناخوش بوونەی لە کاتی بونی کچاندا لە لایەن نەزانەکانەوە بە خراپ داناوە کە دەفەرموێت: [وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُمْ بِالأُنثَى ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدّاً وَهُوَ كَظِيمٌ (*) يَتَوَارَى مِنْ الْقَوْمِ مِنْ سُوءِ مَا بُشِّرَ بِهِ أَيُمْسِكُهُ عَلَى هُونٍ أَمْ يَدُسُّهُ فِي التُّرَابِ] النحل ٥٨-٥٩

واتە (خو ئەگەر مژدەی بوونی کچ بدرێت بە یەکیك لەو نەفامانە ڕووی گرژ و تاڵ دەبێت و ڕەش دادەگیرسێت و سنگی پڕ دەبێت لە خەم و پەژارە وە لە داخ و خەفەتی ئەو مژدە ناخۆشە خۆی دەشارێتەوە لە خەڵکی و بە تەنها بیردەکاتەوە.ئایە بیهێلێتەوە بە زەلیلی و بێ نرخی یاخود زیندە بە چاڵی بکات و بیخاتە تۆپی خاکەوە.

خەڵکی لە نەفامیدا لە پێش ئیسلام کچانیان خۆش نە دەویست بەڵکو هی وایان هەبوو لە خیزانەکەی تورە بوو لێی دوورکەوتووەتەوە بەهۆی ئەوەی کوڕی بۆ نەهێناوە چونکە کۆمەڵگەیەکی پڕ لە تایفەگەری وشەڕوشۆر بووە حەزیان لە کوڕ کردووە کە پیویستی ژیانیان بەوە هەبووە تاوەکو خۆری ئیسلام دەرکەوتووە هیچ لەو ڕەگەز پەرستی و تایفەگەریانەی نەهێشتووە و بانگەشەی چاکێتی و گەورەی بەخیوکردن

وپەروەردەکردنی کچانی ڕاگەیاندووە جارێك بەوەی کە قەڵغانە لە ئاگری دۆزەخ

وەك عائیشە ی دایکی ئیماندارانی دەفەرموێت: [دخلت إمرأة ومعها ابنتان لها تسأل فلم تجد عندی شیئاً غیر تمر سأعطییتها إیاها فقسمتها بین ابنتیها ولم تأکل منها ثم قامت من فخرجت فدخل النبی ﷺ علینا فأخبرته فقال من ابتلی من هذه البنات بشیء فأحسن الیهن کن له ستراً من النار] رواه البخاری والمسلم

واتە(ئافرەتێك هاتە ژورەوە و دوو کچی خۆی لەگەڵ بوو وە داوای خواردنی کرد جا هیچ خواردنی لای من نەدۆزیەوە تەنها دەنکە خورمایەك نەبێت منیش ئەوەم پێدا و ئەویش لەنیوان هەردوو کچەکەیدا دابەشی کردو خۆی لێی نەخوارد پاشان هەستاو ڕۆیشت جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتە ژورەوە منیش هەواڵم پێدا و ئەویش فەرمووی هەرکەس خوا لەو کچانەی بداتێ وە چاکەیان لە گەڵدا بکات ئەوا دەبنە قەڵغان بۆی لە ئاگر.

وە جارێکی تر بەوەی کە دەبنە هۆی چونە بەهەشتەوە وەك دایکە عائیشە دەفەرموێت: [جائتنی مسکینة تحمل ابنتین لها فأطعمتها ثلاث تمرات أفطیت کلَ واحدة منهن تمرة ورفعت الی فیها تمرة لتأکلها فاستطعمتها ابنتاها فشقت التمرة التی کانت ترید أن تأکلها بینهما فأعجبنی شأنها فذکرت الذی صنعت لرسول الله ﷺ فقال ان الله قد أوجب لها الجنة أو أعتقها بها من النار.] رواه مسلم

واتە (ئافرەتێکی هەژار هات بۆ لام و دوو کچی خۆی بە باوەشەوە بوو منیش سێ دەنکە خورمام پێدان ئەویش هەریەك خورمایەکی پێدان و دەنکە خورمایەکی برد بۆ دەمی بۆ ئەوەی بیخوات جا کچەکان بینیان داوای خواردنی ئەوەشیان کرد ئەویش کردی بە دوو کەرتەوە منیش ئەمەم لا سەیر بوو بۆیە ئەوەی کە کردی بۆ پێغەمبەری خوام (ﷺ) گێڕایەوە ئەویش فەرمووی بەڕاستی خوای گەورە بەهەشتی بۆ داناوە یان رزگاری کردووە لە ئاگر.

وە جارێکی تر بەوەی پلەو پایە بەرزدەکاتەوە وەك (أنس)ی کوری مالك دەفەرموێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: [من عال جاريتين حتى تبلغا جاء يوم القيامة أنا وهو وضم أصابعه] رواه مسلم.

واتە(هەرکەسێ دوو کچ بەخێو بکات تاوەکو پێدەگەن ئەوا لەڕۆژی قیامەتدا من و ئەو بەیەکەوەین جا هەردوو پەنجەی شایەتومان و ناوەراستی بەیەکەوە نوساند.

کەوابوو دەرکەوت فەزڵی بەخێوکردن کچ چەندە گەورەیە لە ئیسلامدا زۆر گرنگی پێدراوە ئەمەش لەبەر ئەوەی باوکان دایکان هەروەها کەسانی تری بەخێوکاریش کەمتەرخەمی نەکەن و جیاوازی لە نیوان کچ و کوڕدا نەکەن چونکە خەڵکی زۆر جار لەبەر بەرژەوەندیەکانی خۆیان گرنگی بە کوڕان دەدەن

بەڵام لە ئیسلامدا دەبینی لە پرۆسەی هاوسەر گیریدا دەبێ کوڕ مارەیی بە کچ بدات لەکاتێکدا هەردووکیان هاوبەشن لەو پرۆسە

یەدا،هەروەها چۆن پێش مێردکردنی ژیانی بۆ دابین کراوە لە لایەن باوك و براکانیەوە.دەبێ مێردی ژیانی بۆ دابین بکات ئەمانەو چەندین شتی تریش هەمووی ڕێزن بۆ کچان و ئافرەتان.

ئەنجا بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی کە گوایە جیاوازی لە نێوان کچ و کوڕدا کراوە لەسەربڕینی حەیوانی گوێزەبانە کە گوایە ئەو دوو دانەی کوڕ بەڵگەبێت لەسەر چاکێتی بەسەر کچدا کەیەك دانەی بۆ دەکرێت من دەپرسم کوا بەلگەی چاکیتی و فەزڵ لەو دەقانەی لەسەر ئەم بابەتە هاتوون بۆ ڕونکردنەوەی ئەمەی کە گوتمان وا باشترە بەڵگەکان بخرێنە ڕوو چونکە ئەگەر تەماشای فەرموودەکان بکەین نابینین نەك بە ڕاشکاوی بەڵکو بە ئاماژەش ئەم جیاوازیەی تیا نیە ئەنجا بۆ ئەم مەسەلەیە پیویستە مانای عەقیقەو گوێزەبانە بزانین لە زمان و زاراوەی شەرعدا چین وە بپرسین ئایا عەقیقە شوکرو سوپاسی خوایە لەسەر ئەوەی پێیداوین یان ئەرك و پێویستیە دەبێ ئەنجامی بدەین یان هەردووکیانە وە عەقیقە بۆچی وە ئەو فەرمودانەی لەم بارەیەوە هاتوون چییان لێوە فیر دەبین فەرموودەکانیش:

١) عن سلمان بن عمار الضّبی قال سمعت رسول الله (ﷺ) یقول مع الغلام عقیقه فأهریقوا عنه دماً وأمیطوا عنه الأذی) رواه البخاری

واتە (لەگەڵ منداڵی لە دایك بوودا عقیقە هەیە ئێوەش لە جیاتی ئەوە خوێن بڕێژن و نارەحەتی و پیسیەکان لەسەری ڕاماڵن و لاببەن.

عەقیقە لە زماندا وەرگیراوە لە عقَ یَعِقُ کە بە(کسر و ضم)ی پیتی عەین ماناشی ئەو قژەیە بەسەر منداڵەوە لە کاتی لە دایك بووندا

بەڵام لەزاراوەی شەرعدا بریتیە لەوحەیوانەی لە حەوتەم رۆژی لە دایك بوونی منداڵدا سەر دەبڕێت کە لەورۆژەدا سەری دەتاشرێت و ئەوقژەی کە پێی دەگوترێت عەقیقە لادەبرێت بۆیە حەیوانەکەش بەوەوە ناسراوە.کەوا بوو مانای فەرموودەکە کە فەرمووی (مع الغلام عقیقه) بەم شێوەیە دەبێت عەقیقە پێویستەسەربێت لەگەڵ لە دایك بوونی منداڵدا(لە حەوتەم رۆژدا بەپێی سونەت کە لەوبارەیەوە هاتووە).

١) عن بریدة عن النبی ﷺ قال (کل مولود مرتهن بعقیقة) رواه الطبرانی فی المعجم الاوسط ٣٣٧٢ وعن سلمان بن عامر الصنبی قال قال رسول الله ﷺ (کل مولود مرتهن بعقیقه فأهریقوا عنه دماً وأمیطوا عنه الأذی)رواه الطبرانی فی الکبیر برقم ٦٢٠٣و٦٠٧٩ بلفظ مع الغلام عقیقة فأهریقوا عنه الدم و أمیطوا عنه الأذی).

واتە(هەموو منداڵێك بارمتەو بەندە بە عەقیقەکەیەوە واتە بەستراو و پەیوەستە بە ئەنجام دانی عەقیقە بۆی کە کرا ئازاد دەبێت.

بۆ تەفیسیری ئەمەش چەند ڕایەکی جیاواز هەن لەوانە:

أ)ئیمامی احمد دەفەرموێت بەند و قەدەغەکراوە لە تکاکردن بۆ دایك و باوکی ئەگەر بەمنداڵی مرد تاوەکو ئەوەی بۆ دەکرێت.

ب) عەقیقە منداڵ ڕزگار دەکات لە دەستی شەیتان و ڕزگاری دەبێت لەوکۆت و بەندەی شەیتان بۆ هەوڵدان بۆ بەرژەوەندیەکانی دوا رۆژی وەك ابن القیم و کەسانی تریش دەفەرموون.

ج)منداڵێك ئەگەر عەقیقەو سەرتاشینی بۆ نەکرێت گەشە ناکات وەك نمونە و هاوشێوەکانی خۆی بڕوانە تحفة المحتاج فی شرح المنهاج وە تحفة الحبیب علی شرح الخطیب للبجیرمی.

٣) عن الحسن بن السمرة عن النبی ﷺ قال کل مولود مرتهن بعقیقه یذبح عنه بدم یوم سابِعهِ ویسمی ویحلق)المعجم الکبیر للطبرانی ٦٩٣١

واتە (هەموو منداڵکی لە دایك بوو بارمتەو بەندە بە کردنی عەقیقەکەیەوە کە ڕۆژی حەوتەم بۆی سەردەبڕێت وە لە هەمان ڕۆژدا ناوی لێدەنرێت و سەری دەتاشرێت.

٤) کل مولود مرتهن بعقیقته تذبح عنه یوم سابعه)رواه الترمذی ١٥٢٢ و ابن ماجه ٣١٦٥ و أصله فی البخاری ٥٤٧١ و٥٤٧٢.

٥)عن علی رضی الله عنه أن رسول الله ﷺ عق عن الحسن بکبش وقال یافاطمة احلقی رأسه وتصدقی بزنه شعره فضة) رواه الترمذی.

ئەمانە ئەو فەرمودانەی کە لەم مەسەلەیەدا ئەصلن دەبینی هیچ فەرموودە و گۆ و ریوایەتێك باسی ئەوەی تێدا نیە باسی لەچاکێتی کوڕبەسەر کچدا بکات لە سەر بڕینی حەیوانی گوێزەبانە کەوابوو هەندێ لە زانایان دەیڵین تەنها ڕاو بۆ چونێکە بو نیادیان ناوە لەسەر ئەوەی کە عەقیقە کارێکە مەبەست پێی:

١)خۆشی دەربڕینە.

٢)سوپاسکردنی خوایە.

٣)ئاشکراکردنی خزمایەتی و پەیوەندی نێوان منداڵ و باوك و دایکێتی.

٤) ئاشکراکردنی پلەوپایەی کورانە وەك ئەم زانایانە وتویانە

١)الشیرازی لە مهذب دا ئەڵێ (ولأ نها إنما شرع للسرور بالمولود و السرور بالغلام أكثر مكان الذبح عنه أكثر).

واتە(عەقیقە تەنها بۆ خۆشی دەربڕینە بە بوونی منداڵەکە وە دڵخۆش بوونیش بە کوڕ زۆرترە بۆیە سەربڕین بۆی زیاترە.

وەڵامان بۆ ئەم وتەیە ئەوەیە کوا بەڵگە کە هۆکاری سەربڕینی ئاژەڵ بۆ منداڵ خۆشی دەربڕینە لە کاتیکدا ئەگەر مرۆڤەکانیش رازی بن بە کچ و کوڕیش وەرقیان لە کچان نەبێت بەڵام ئەگەر کوران بێت زیاتر پێی دڵخۆش بن ئەوە نازانم هیچ بەڵگەیەك لەسەر حەرامێتی هەبێت وە ناخ و فیترەتی زۆرینەی خەڵك وایە بۆ نمونەئەگەر خێزانێك هیچ منداڵێکیان نەبێت لە دوای چەندین ساڵ ڕازی دەبن کە تەنها کچیان هەبێت هەروەها ئەگەر خێزانیك چەندین کچیان هەبێت هەربەتەمای کوڕێکن چونکە بە هۆی ئەوەوە ڕەچەڵەکی پیاوەکە دەمێنێت ،بەڵام ئەوەی بە جەزم بڵێت ئەم حوکمە تەشریع کراوە لەبەرفلانە (علە) و هۆکار ئەوە پێویستی بە بەڵگە هەیە ئەوەش بزانە (علە)ی حوکمەکان بەسێ شێوە دەدۆزرێتەوە

١) قورئان و سونەت

٢)ئیجماع

٣)دەرهێنان (الاستنباط) ی زانایان

كه جۆری سێ یەمیان جێگەی خیلافی زانایانه ئەوانەی قیاس جیگیر دەكەن و ئەوانەی نەفی دەكەن بەڵام جۆری یەكەم و دووەم زۆرینەی ئەانەی قیاسیش نەفی دەكەن باوەریان پێان هەیە ئەوەش بزانە جۆری یەكەم دەبێت بە دوو بەشەوە:

بەشی یەكەم: بە ڕاشكاوانە باسكردنی عیلله وەك [رُسُلاً مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِأَلاَّ يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ] النساء ١٦٥ دەبینی عیلله له ناردنی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێبێت له لایەن خواوە جله جلاله بریتیه له [لِأَلاَّ يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ]

واته بۆ ئەوەی خەڵكی له دوای ناردنی پێغەمبەران هیچ بیانویەكیان نەبێت به سەر خواوە

بەشی دووەم : ئاگاداری لەسەر هەبوونی عیلله (التنبیه علی العله) ئەمەش بەچەند دەستەواژەیەك دەكرێت وە له أصول دا هاتووە یەكێك لەوانە بریتیەیە له وصف یعقبه حكم مقترن بالفاء واته وەسفێك حوكمێكی بەدوادابێت بەسترابێت به پیتی (فا)ەوە وەك خوای گەورە دەفەرموێت قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي الْمَحِيضِ] البقرة ٢٢٢

وەسفەكه كه عیللەی حوكمەكەیە بریتیه (أَذًى) حوكمەكەش بەستراوە به (فا)ەوە بریتیه له (فَاعْتَزِلُوا).

كه ئەم مەسەلەی خۆمان له خزمەتی داین لەم جۆرەیە كه ئەمەش دەقی فەرموودەكەیە (الغلام مرتهن بعقیقه فأهریقوا عنه الدم و أزیلو عنه الأذی)رواه البخاری

وەسفەکە لێرەدا کەعیللەی حوکمەکەیە بریتیە لە (مرتهن بعقیقته) حوکمەکەش بەستراوە بە (فا)ەوە بریتیە لە (فأهریقوا) وە أزیلو عنه.

بەمەش دەتوانین بڵێین ئەوەی کە لە مهذب دا هاتووە وانیە کە دەڵێن تەنها لەبەر خۆشی دەربرینە.

٢/ شیخ عبد الرحمن ناصر السعدی لە ارشاد أولی البصائر والالباب لنیل الفقه ج١ لاپەرە ٩٢٥ ئەڵێ

(وأما العقیقة عن المولود فشرعت شکراً لله تعالی علی نعمة علی العبد بحصول الولد و ضوعف الذکرعلی الانثی أو لإظهارالمزیه ولأنَ النعمة به أتم والسروربه أوفر وتفاؤلاً بانَ هذه العقیقة فادیة للمولود من أنواع الشرور و إدلال علی الکریم برجاء هذا المقصد وتتمیماً لأخلاق المولود).

کورتەی ئەم مەسەلەیەش ئەوەیە کە ئەم حوکمە تەشریع کراوە لەبەر سوپاسکردنی خوای گەورە لەسەر بەخشینی ئەم نیعمەتەیە وە بۆ کورِیش دوو حەیوان دانراوە بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان کورِو کچ وە چونکە نیعمەتی پێدانی کورِ تەواو تروخۆشی بۆ کردنی زیاترە دە بۆ گەیشتنی بەوەی ئەم عەقیقەیە خراپەکان لەسەر لە دایکبووەکە نەهێڵێ وە....هتد).دەبینی لەم قسانەدا تەنها ئەو بڕگەیە بەڵگەی لەسەرە کە دەفەرموێت (عەقیقە خراپەکان نەهێڵێ)

وەدرێژەی وەڵامیان بۆ ئەم قسانە هەمان وەڵامی خاڵی یەکەمە.

٣)شیخ زکریا الانصاری لە (أسنی المطالب فی شرح روض الطالب دا ئەڵێ و المعنی فیة إظهار البشریة والنعمة ونشر النسب....)

واتە مەبەست و مانای ئەنجامدانی (عقیقە)دەرخستنی خۆشی ونیعمەتی منداڵ پێبەخشین و پەخش کردنی خزمایەتی و نەژاد و ڕەچەڵەکە لە ڕاستیدا ئەمانەش بە فەرمودەکاندا نە هاتوون ئەوەندە هەیە بڵین ئەگەر ئەوسودانەش هەیە بەڵام ناتوانرێبگوترێ عیللە و هۆکاری حوکمن.

٤)المناوی لە (الفیض القدیر) دا لە پێشەوا شافعی دەگێڕێتەوە (والشافعی ندب ذبح شاتین عن الذکر إظهاراً لشرفه وإبانة لمحله لذا فضل به علی الانثی...).

واتە(پێشەوا شافعی سەربڕینی دوو حەیوانی بۆ کوڕ بە سونەت داناوە لەبەر چاکێتی پلەوپایەی کوڕبەسەر کچ ەوەلە راستیدا ئەم قسەیە هیچ بەڵگەیەکی لە فەرموودەکاندا تیانیە.

لە کۆتاییدا دەرکەوت لەم فەرموودانەدا باس لە جیاوازی نێوان کوڕو کچ نەکراوە وە سەربڕینی دوو حەیوانیش بۆ کوڕان بۆ چاکێتی خودی کوران نیە بەسەر کچانەوە.

وە ئەگەر لای دایکان و باوکانیش هەبێت لەبەر پێوستی ژیان و مانەوەی نەژاد و هێزو...هتد ئەمانە ناکاتە ئەوەی جیاوازی لە نێوان خودی منداڵەکان هەبێت بۆیە کۆتای وەڵامەکەم بەوە دێنم کە کوڕان پێویستیانبە سەربڕینی دوو حەیوان هەیە بۆ ڕزگار بوونیان لەو بەندەی کە باسکراوە وە کچانیش پێویستیان بەیەك حەیوان هەیە.

وصلی الله علی محمد وعلی آله وصحبه وسلم.

لە لایەن مامۆستا (خلیل أحمد)ە وە وەڵام دراوەتەوە

بۆچی لە میراتدا پیاو دوو ئەوەندەی ئافرەت دەبات؟

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله و الصلاة و السلام على رسول الله وعلى اله و صحبه و من والاه... و بعد:

مەسەلەی میراتی ئافرەت یەکێکە لەو مەسەلانەی کە نەیارانی ئایینی ئیسلام بە حیسابی خۆیان کردوویانە بە بەڵگەی بە کەم سەیرکردنی ئیسلام بۆ ئافرەت، بێگومان ئەو کەسانە بە هەڵە تێگەیشتوون، هۆکاری ئەو بە هەڵە تێگەشتنەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو کەسانە ئەو ئایەتەی قورئانیان بیستووە کە خوای گەورە دەفەرموێت: [لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الأُنثَيَيْنِ] (النساء: ١١). واتە: بۆ نێرینە دوو هێندەی مێینە هەیە. ئیتر هاتوون ئەم ئایەتەیان کردووە بە ڕێسایەکی گشتی و بەسەر هەموو ئەو حاڵەتانەدا گشتگیریان کردووە کە تێیدا ئافرەت میراتی وەردەگرێت، بێگومان ئەم کارەیان هەڵەیەکی گەورەیە چونکە ئەو کەسانە دەبوایە سەرنجی هەموو ئەو ئایەتانەیان بدایە کە لەبارەی میراتی ئافرەتەوە دابەزیون، پاشان ئایەتەکانیان لەگەڵ یەکتردا بەراورد بکردایە، بێگومان ئەو کاتە بۆیان دەردەکەوت کە ئیسلام بە دادپەروەرانەترین شێواز بەشە میراتی ئافرەتی دیاری کردووە بە پێچەوانەی یاسا مرۆڤکردەکانەوە (القوانين الوضعية) کە بە هیچ شێوەیەك نەیانتوانیوە و ناشتوانن بەو شێوەیە حەقی میراتگری بە ئافرەت بدەن، ئەو کەسانەی کە دەڵێن ئیسلام ستەمی لە ئافرەتان کردووە کەسانێکن لە بیانوو دەگەڕێن و نایانەوێ ڕاستیەکان بزانن یان دەیزانن بەڵام

لە خەڵکی دەشارنەوە، بۆیە ئێمەش هەوڵیان داوە لەم چەند دێڕەدا وەڵامێکی کورت و پوختی ئەو کەسانە بدەینەوە و بیسەلمێنین کە ئیسلام دینێکی تەواو و بێخەوشە.

حاڵەتەکانی میراتگری ئافرەتی موسڵمان

خوێنەری بەڕێز: لێرەدا تەنها باسی چەند حاڵەتێك دەکەین لەو حاڵەتانە ئەمەش بۆ ئەوەی ڕوونی بکەینەوە کە نێرینە لە هەموو حاڵەتێکدا دوو ئەوەندەی مێینە نابات، بەڵکو جاری واهەیە مێینە دوو ئەوەندەی نێرینە دەبات و جاری وا هەیە بە یەکسانی میرات دەبەن و جاری واش هەیە مێینە میرات دەبات و نێرینە نایبات، بۆیە حاڵەتەکان بەم شێوەیە ڕوون دەکەینەوە:

١. لەم حاڵەتەدا نێرینە دوو هێندەی مێینە دەبات ئەمەش کاتێك دەبێت کە پیاوێك بمرێت و تەنها کوڕ و کچ وەکو میراتگر لەدوای خۆی بە جێ بهێڵێت وەکو خوای گەورە فەرموویەتی ﴿لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنثَيَيْنِ﴾ (النساء: ١١). حیکمەتەکەشی لەوەدایە کەئیسلام ڕەچاوی پێویستی هەریەکە لە نێرینە و مێینەی کردووە و هەندێك مافی بە پیاو داوە و ئەرکیشی لەسەر داناوە بەڵام ئافرەتی لە زۆر لەم ئەرکانە بەخشیوە بۆ نموونە کاتێك کچ بێت باوك یان برا بەخێوی دەکات، وە کاتێك مێردبکات مێردەکەی بەخێوی دەکات بەڵام بە پێچەوانەوە نێرینە تاوەکو گەنج بێت دەبێ سەرمایە کۆبکاتەوە بۆ پێکەوەنانی خێزان، وە کاتێکیش خیزان پێکەوە دەنێت دەبێت بژێوی خێزان و منداڵ بدات، ئایا لەم حاڵەتەدا دادپەروەرییە

هەردووکیان وەکویەك میراتی ببەن لە کاتێکدا ئەرکی سەرشانی پیاو زۆر قورسترە وەك لە هی ئافرەت ؟.

٢. خوای گەورە دەفەرموێت: [وَلأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِنْ كَانَ لَهُ وَلَدٌ] (النساء: ١١). واتە: ئەگەر مردووەکە منداڵی لە پاش بەجێبابوو ئەوە باب و دایکی (مردووەکە) هەریەکێکیان شەشیەك (١ / ٦) ی دەبەن لەوەی کە (مردووەکە) بەجێیهێشتووە لە ماڵ و سامان.

لەم حاڵەتەدا دەبینین باوك و دایك وەکو یەك میراتی دەبەن بە بێ ڕەچاوکردنی مێینایەتی و نێرینایەتی.

٣. خوای گەورە دەفەرموێت: [وَإِنْ كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلالَةً أَوْ امْرَأَةٌ وَلَهُ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ] (النساء: ١٢). واتە: ئەگەر پیاوێك یان ئافرەتێك مردوو نە باوکی هەبوو نە منداڵ و برایەك یان خوشکێکی دایك و باوکی هەبوو، ئەوە هەریەکێکیان شەشیەکی (١ /٦) ی بۆ هەیە.

لەم حاڵەتەشدا دەبینین خوشك و برای دایکی وەکو یەك میرات دەبەن و یەکسانن.

٤. خوای گەورە دەفەرموێت: [فَإِنْ كُنَّ نِسَاءً فَوْقَ اثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ] (النساء: ١١). واتە: ئەگەر دوو ئافرەت و زیاتر بوون ئەوە دوو سێیەك (٢ / ٣) ی ئەوەی مردووەکە بەجێی هێشتووە بە میراتدەگرن.

بۆ نمونە: ئەگەر پیاوێك مرد و ژنێك و دووکچ و برایەکی لە پاش بەجێما، میراتەکەی بەم شێوەیە دابەش دەکرێت: ژنەکەی هەشتیەك (١ / ٨) وەردەگرێت، دوو کچەکەی دوو سێیەك وەردەگرن (٢ / ٣)، برای

مردووەکەش کە دەکاتە مامی کچەکان ئەوەی دەمێنێتەوە لە میراتیەکە بۆ ئەو دەبێت کە دەکاتە(٥ / ٢٤)، لێرەدا هەریەکێك لە کچەکان نزیکەی دوو قاتی مامیان وەردەگرن، واتە لێرەدا مێینە دوو ئەوەندەی نێرینە وەردەگرێت ! [فَهَلْ مِنْ مُدَّكِرٍ]

٥. [وَإِنْ كَانَتْ وَاحِدَةً فَلَهَا النِّصْفُ...] (النساء: ١١) واتە: وە ئەگەر کچە میراتگرەکە هەر یەکێك بوو ئەوە نیوەی میراتیەکە هی ئەوە. بۆ نمونە: ئەگەر ژنێك مردوو کچێك و مێردەکەی لە پاش بەجێما، ئەوە کچەکە نیوە(١ / ٢) ی میراتیەکە دەبات، مێردەکەشی کە دەکاتە باوکی کچەکە چواریەك (١ / ٤) دەبات.

کەواتە لێرەشدا مێینە کە کچێکە دوو ئەوەندەی نێرینەیەك دەبات کە باوکیەتی.

لە پاش باسکردنی هەندێك لە حاڵەتەکان دەرکەوت کە ئەوەی نەیارانی ئایینی ئیسلام پێیان وابوو بنچینەیەکی گشتی میراتگرتنی ئافرەتە [لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الأُنثَيَيْنِ] وا نیە و ئەوان بە هەڵە لێی تێگەیشتوون.

ئەنجام

لێرەدا بە کورتی خشتەیەکی بیرکاریانەتان بۆ دەخەینە ڕوو سەبارەت بە میراتی ئافرەت لە ئیسلامدا:

١. تەنها لە چوار حاڵەتدا ئافرەت نیوەی پیاو دەبات لە سەرجەم مەسەلەکانی میراتدا.

٢. لە چەندین حاڵەتدا ئافرەت و پیاو بە یەکسانی میرات دەبەن وەکو پێشتر باسمان کرد.

٣. لە دە (١٠) حاڵەت یان زیاتریشدا ئافرەت لە پیاو زیاتر میرات وەردەگرێت.

٤. چەند حاڵەتێکیش هەن کە تێیدا ئافرەت میرات دەبات بەڵام پیاوانی هاوتای وەکو (خوشک و برا، نەنک و باپیر) میرات نابەن.

کۆتایی

پاش ئەم توێژینەوە کورتە بۆمان دەرکەوت کە ئایینی ئیسلام تەواو و بێ هەڵەیە و لە هەر لایەنێکەوە تۆمەتی ئاراستە بکرێت بە هۆی ڕوونکردنەوەی ئەو لایەنەوە کاملّی و بێخەوشیەکەی زیاتر و زیاتر جێگیر (إثبات) دەبێت و نەیارانی ئەم دینە حەقەش تەنها ڕیسوایی و ڕوو ڕەشییان بۆ دەمێنێتەوە.

و اخر دعوانا أن الحمدلله رب العالمين

* * * * * *

ڕەچاو کردنی مافی ئافرەت لەقورئاندا

پرسیار:

ئایا ئیسلام زوڵمی لە ئافرەتان کردوە وەکو کەسانی مولحید و مونافیقەکان دەیڵێن؟ لە قورئاندا چۆن باسی مافی ئافرەت کراوە؟ وە چ ڕێزێک لە ئافرەتان گیراوە؟

بێگومان قورئانی پیرۆز گرنگی بە ئافرەتان داوە وەهموو مافێکی پێ داون وڕزگاری کردوون لەستەم ، لەگرنگترین نموونەی ڕێز گرتنی قورئان بۆ ئافرەتان ئەوەیە یەکێک لەحەوت سورەتە درێژەکەی بەناوی ئافرەتەوە ناو ناوە کە بریتی یە لە (سورة النساء) کەچەندین مافی جۆراو جۆری ئافرەتانی لەخۆ گرتووە کەپێشتر ولەزەمانی جاهلیدا بەدەستی نەهێنابوو .

جا هەندێک لەو ماف وڕێز لێنانە برتین لە :

یەکەم : پێداگری کردن لەسەر مافەکانی هاوشێوەی پیاوان ، هەروەک لەم ئایەتە پیرۆزەدا هاتووە :

[وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُمْ بِالْأُنْثَى ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ (٥٨) يَتَوَارَى مِنَ الْقَوْمِ مِنْ سُوءِ مَا بُشِّرَ بِهِ أَيُمْسِكُهُ عَلَى هُونٍ أَمْ يَدُسُّهُ فِي التُّرَابِ أَلَا سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ } [النحل : ٥٩] .

واتە : کاتێك یەکێك لەوان موژدەی پێ بدرایە کە خێزانەکەت منالّی بووەو کچی بووە بە بەردەوامی و بە درێژایی ڕۆژ ڕەنگی ڕەش هەڵئەگەڕا لە خەفەتدا ، وە غەم و خەفەتی خۆی ئەخواردەوەو دەرینەئەبڕی کە چەندێك خەفەتبار ئەبوو.

لەناو قەومەکەیدا لەناو خەڵکیدا خۆی ئەشاردەوەو شەرمی ئەکرد لە خراپی ئەو موژدەیەی کە پێی دراوە کە تووشی چ عەیب و عارێك بووە کە کچی بووە ، نەی ئەزانی ئایا ئەبێت ئەم کچە بهێلێتەوەو دواتر ببێتە هۆی سەرشۆڕی ئەو کە لای ئەوان مانەوەی کچ و بەشوودانی سەرشۆڕی بووە و کچەکەیشیان سەرشۆڕ کردووەو بایەخ و میراتیان پێ نەداوە یاخود بیشارێتەوە لەناو خۆڵداو زیندەبەچاڵی بکات وەکو هەندێك لە عەرەب وایان ئەکرد بەڕاستی خراپترین بڕیار بوو کە ئەیاندا سەبارەت بە کچانیان.

دووەم :مافی خاوەندارێەتی بۆ جێگیر کردووە ، وەهەروەها وەک پیاو بۆی هەیە سود لەو ماڵە حەڵاڵە ببینی کەبەدەستی دێنێت هەروەک لەم ئایەتە پیرۆزەدا هاتووە : { لِلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِمَّا اكْتَسَبُوا وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ مِمَّا اكْتَسَبْنَ وَاسْأَلُوا اللَّهَ مِنْ فَضْلِهِ } [النساء : ٣٢] .

واتە : پیاوان هەر شتێك خۆیان بەدەستی بێنن ئەوە بەش و پشکی خۆیانە وە ئافرەتانیش هەر شتێك بەدەست بێنن ئەوا بەش و پشکی خۆیانە لە جیاتی ئەوەی حەسوودی بەیەکتری ببەن داوای فەزڵ و چاکەی خوای گەورە بکەن .

سێیەم : ڕزگاری کردووە لەستەمی سەردەمی نەفامی تەنانەت لەخواردنیشدا ، هەروەک لەم ئایەتە پیرۆزەدا هاتووە : {وَقَالُوا مَا فِي بُطُونِ هَذِهِ الْأَنْعَامِ خَالِصَةٌ لِذُكُورِنَا وَمُحَرَّمٌ عَلَى أَزْوَاجِنَا وَإِنْ يَكُنْ مَيْتَةً فَهُمْ فِيهِ شُرَكَاءُ سَيَجْزِيهِمْ وَصْفَهُمْ إِنَّهُ حَكِيمٌ عَلِيمٌ } [الأنعام : ١٣٩] .

واتە : ئەیانووت: هەرچی لە بێچووی ناو سکی ئەو ئاژەڵانە هەیە لە (بەحیرەو سائیبە) یان شیرەکەیان ئەمانە تایبەتە بۆ پیاوان و ئافرەت نابێ لێی بخوات و حەرامە لەسەر ئافرەت، خۆیان حەرامیان ئەکرد بەڵام ئەگەر مردار بوایەتەوە ئەو کاتە ئافرەتانیشیان بەشدار ئەکردو شەریکیان ئەکردن لە گۆشتەکەیدا ، خوای گەورە سزایان ئەداتەوە لەسەر ئەم درۆهەڵبەستن و بڕیاردانەیان ، بە دڵنیایی خوای گەورە زۆر کاربەجێ و زانایە .

چوارەم : ڕێز وکەرامەتی بۆ جێگیر کردووە هاوشێوەی پیاوان لەحاڵەتێکدا گەر تەقوای هەبوو ، هەروەک لەم ئایەتە پیرۆزەدا هاتووە { يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ } [الحجرات : ١٤]

واتە : ئەی خەڵکی ئێمە ئێوەمان دروست کردووە لە نێرو مێیەك کە ئادەم و حەوا بووە وە ئێوەمان کردووە بە چەند گەل و هۆزێکەوە تا یەکتری بناسن ، بەڕێزترینتان لای خوای گەورە بەتەقواترینتانە .

پێنجەم: هاوشێوەی پیاوان پاداشتی کردەوەکانی وەردەگرێت ، هەروەک لەم ئایەتە پیرۆزەدا هاتووە { فَاسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّي لَا أُضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِنْكُمْ مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى بَعْضُكُمْ مِنْ بَعْضٍ } [آل عمران : ١٩٥] .

واتە : پەروەردگاریش وەڵامی دوعاکەی دانەوە کە من کردەوەی هیچ کەسێك لە ئێوە نافەوتێنم ئەوەی کردەوەی چاکی کردبێت پاداشتی ئەدەمەوە

ئیتر ئەگەر نێر بێ یان مێ جیاوازی نیە، ئافرەتیش وەکو پیاو وایە لە گۆڕایەڵی و کردەوەی چاك و پاداشتدا .

شەشەم: لەم ئایەتە پیرۆزەدا مافی میراتگری بۆ پاراستووە : { لِلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالْأَقْرَبُونَ وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالْأَقْرَبُونَ مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ نَصِيبًا مَفْرُوضًا } [النساء :٧] .

واتە : کەسێك کە ئەمرێ ئەگەر کوڕی لەدوای خۆی بەجێ هێشت ئەو کوڕانە ئەوەی کە دایك و باوك و خزمە نزیکەکانیان بەجێی دێلن بەشی خۆیان هەیە لەو میراتیە ، بەهەمان شێوە ئافرەتانیش ئەگەر دایك و باوکیان مرد یان خزمی نزیکیان مردو میراتیان بەجێ هێشت ئەمانیش بەشی خۆیان لەو میراتیە هەیە، کە لە سەردەمی نەفامیدا بەشی ئافرەتیان نەئەداو ئافرەتیان لە میراتی بێبەش ئەکرد ، ئیتر ئەگەر زۆر بێت یان کەم ئەمە بەشێکی دیاریکراو و حەقێکەو خوای گەورە جێگیری کردووەو نابێ بێبەشیان بکەن .

حەوتەم : مارەیی بۆ دەستە بەر کردووە ، هەروەک لەم ئایەتە پیرۆزەدا فەرمانی بەپیاوان کردووە بەپێدانی مارەیی : { وَآتُوا النِّسَاءَ صَدُقَاتِهِنَّ نِحْلَةً } [النساء : ٤] .

واتە : ئەگەر ئێوە ژنتان هێنا ئەوە مارەییەکەیان بدەنێ بەدڵخۆشی و بە پێخۆش بوونی خۆتان و لە دڵتانەوە دەرچێ .

هەشتەم : لەم ئایەتە پیرۆزەدا حەرامی کردووە لەسەر پیاوان ماڵەکەی لێ بستێنن بەناحەق : {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَحِلُّ لَكُمْ أَنْ تَرِثُوا النِّسَاءَ كَرْهًا } [النساء : ١٩] .

واتە : لەسەردەمی نەفامی و نەزانیدا ئافرەتێ مێردەکەی بمردایە ئەگەر جوان بوایە بۆ خۆیان بە میراتی ئەیانبردو مارەیان ئەکردو خۆیان لە هەموو کەس لە پێشتر دەزانی پێی، وە ئەگەر جوانیش نەبوایە نەیان ئەهێشت شوو بکات تا مردن بۆ ئەوەی میراتییەکەی بەرن، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: ئەی باوەڕداران حەڵاڵ نیە بۆ ئێرە بەزۆر ئافرەتان بەمیراتی بەرن .

وەهەروەها لەم ئایەتە پیرۆزەشدا فەرموویەتی : { وَإِنْ أَرَدْتُمُ اسْتِبْدَالَ زَوْجٍ مَكَانَ زَوْجٍ وَآتَيْتُمْ إِحْدَاهُنَّ قِنْطَارًا ، فَلَا تَأْخُذُوا مِنْهُ شَيْئًا أَتَأْخُذُونَهُ بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُبِينًا } [النساء :٣٠] .

واتە : وە ئەگەر هاتوو خێزانێکی ترتان هێنا وە قینتارێك مارەییتان پێیدا، واتە: سەد ڕەتڵ ئاڵتوونتان پێیدا، ئەوەندە زۆرتان دا ، پاشان ئەگەر هاتوو تەڵاقت دا نابێ هیچ لە مارەییەکەی لێ بسەنیتەوە ، ئایا ئێوە ئەو مارەییەیان لێ ئەسەننەوە بەبێ حەق ئەمە بوهتان و ناحەقییە وە تاوانێکی زۆر ئاشکرایەو حەرامە .

نۆیەم : ئافرەتی ئازاد کردووە لەوەی لەحاڵەتی جیا بوونەوەدا پیاوان بۆیان نی یە یاری بەمەسیریان بکەن بەناحەق ، هەروەک فەرموویەتی : {وَإِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ سَرِّحُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ وَلَا تُمْسِكُوهُنَّ ضِرَارًا لِتَعْتَدُوا وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ } [البقرە : ٢٣١] .

واتە : ئەگەر هاتوو ئێوە خێزانتان تەڵاقدا وە نزیك بوو بگاتە کۆتایی عیددەکەیان ، ئەگەر ویستان لێ بوو ئەوە بیانگەڕێننەوەو بیانهێننەوە بەڵام بەچاکەو زیانیان پێ مەگەیەنن ، یاخود ئەگەر وازیشتان لێیان هێنا ئەوە هەر بە چاکە وازیان لێ بێنن و دەستبەرداریان بن ، بەڵام نەکەن لای خۆتان بیانهێڵنەوە بۆ ئەوەی کە زەرەرو زیانیان لێ بدەن بەوەی کە عیددەکەیان درێژ بکاتەوە چاوەڕێ بن بۆ ئەوەی زیان بە خێزانەکانتان بگەینن و زوڵمیان لێ بکەن هەر کەسێك وا بکات بە دڵنیایی ئەوە زوڵمی لە خۆی کردووەو خۆی رووبەڕووی سزای خوای گەورە کردۆتەوە .

دەیەم : پیاوانی هەڵناوە بەچاک بوون لەگەڵ خێزانیدا دوای لێک جودا بوونەوە وتەڵاق دان وەک ڕەچاو کردنی حاڵەتی دەروونی وکۆمەڵایەتی ، هەروەک فەرموویەتی : { وَلِلْمُطَلَّقَاتِ مَتَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُتَّقِينَ } [البقرە : ٢٤١] .

واتە : وە ئەو ئافرەتانەی کە تەڵاق دراون نەفەقەی خۆیان بۆ هەیە بەچاکە وە حەقە لەسەر ئەو کەسانەی کە تەقوای خوای گەورە ئەکەن کە خێزانیان تەڵاق دا نەفەقەیان بکەن ئەگەر تەڵاقەکە ڕەجعی بوو، وە ئەو مارەییەی کە لەشەرع دانراوە پێیان بدەن .

وەهەروەها فەرموویەتی : { فَمَتِّعُوهُنَّ وَسَرِّحُوهُنَّ سَرَاحًا جَمِيلًا } [(٤٩)]

واتە : کە ئافرەتتان تەڵاق دا ئەوە ماڕەیی خۆیان بدەنێ، یان جگە لە ماڕەیی هەر شتێکی بدەنێ وەکو هەدیەو دیاریەك ، وە دەستبەرداریان بن دەستبەردارێکی جوان بەوەی کە هیچ ئازارێکی نەدەیت وە مافەکانی بەتەواوی پێ بدەی .

یانزەیەم : نەفەقەی بۆ ئافرەتی دوو گیان دەستە بەر کردووە هەروەک فەرمانی بەپیاوان کردووە وفەرموویەتی : { وَإِنْ كُنَّ أُولَاتِ حَمْلٍ فَأَنْفِقُوا عَلَيْهِنَّ حَتَّى يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ } [الطلاق : ٦] .

واتە : ئەگەر ئافرەتە تەڵاق دراوەکە دووگیان بوو ئەوا نەفەقەیان بدەنێ تا حەملەکەی دائەنێ و منداڵەکەی دەبێت .

دوانزەیەم: وە لەحاڵەتێکدا گەر ئافرەتە تەڵاق دراوەکە شیری دەدا بەمنداڵی مێردەکەی ئەوا قورئانی پیرۆز کرێی شیر دانی واجب کردووە لەسەر پیاوان ، هەروەک فەرموویەتی : { فَإِنْ أَرْضَعْنَ لَكُمْ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ } [الطلاق : ٦] .

واتە : گەر شیریان دایە منداڵەکەتان ئەوا کرێکەیان بدەنێ .

بەکورتی لەهیچ دین ویاسایەکدا هاوشێوەی قورئانی پیرۆر ڕەچاوی مافی ئافرەت نەکراوە بەشێوازێک کەلەگەڵ خودی ئافرەت وتەبیعەتیدا گونجاو بێت ، دەی هەموو ئەمانە بەڵگەی گەورەی وپیرۆزی قورئان نین ؟!

سود وەرگیراوە لە کتێبی : عظمة القرآن الكريم

من وەکو ئافرەتێک ئەم فەرموودەیەم خوێندەوە : (إن الفساق هم أهل النار . قيل : يا رسول الله ومن الفساق ؟ قال : النساء . قال رجل : يا رسول الله أولسن أمهاتنا وأخواتنا وأزواجنا ؟ قال : بلى ولكنهن إذا أعطين لم يشكرن وإذا ابتلين لم يصبرن)

واتە : فاسقەکان ئەهلی دۆزەخن . گوتیان : ئەی پێغەمبەری خوا فاسقەکان کێن ؟

فەرمووی : ئافرەتانن . پیاوێک گوتی : ئەی پێغەمبەری خوا ئایا ئەوانە دایک وخوشک وخێزانی ئێمە نین ؟

فەرمووی : بەڵێ ، بەڵام کاتێ پێیان ببەخشیت سوپاس گوزار نین و کاتێ تاقی بکرێنەوە ئارام ناگرن .

جا من تێناگەم : بۆ فاسق بوون تایبەت کراوە بائافرەتانەوە ، وسیفەتی سوپاس نەکردن تایبەت کراوە بەوانەوە لەکاتێکدا لەپیاوانیشدا هەیە !.

پرسیاری دووەم :

لەفەرموودەیەکی تردا هاتووە (ئافرەتان زۆربەی ئەهلی ئاگرن چونکە ناشکوری دەکەن وسوپاس گوزاری مێردەکانیان نین) لەکاتێکدا ئەم ڕەوشتەش تایبەت نییە بە ئافرەتان بەتەنها ، و ئایا ئەو تاوانە لەو تاوانانە گەورەترن کەپیاوان دەیکەن وەک شەڕ وکوشتار وستەم ..هتد؟

یەکەم :

ئیمامی (أحمد (١٥٥٣١) والحاكم (٢٧٧٣) والبيهقي له "الشعب" (٩٣٤٦) دا ، له (عَبْد الرَّحْمَنِ بْن شِبْلٍ رضي الله عنه) گێڕاویانەتەوە وەدەڵێت : پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی : (إِنَّ الْفُسَّاقَ هُمْ أَهْلُ النَّارِ) قِيلَ: يَا رَسُولَ اللهِ، وَمَنِ الْفُسَّاقُ؟ قَالَ: (النِّسَاءُ) قَالَ: رَجُلٌ يَا رَسُولَ اللهِ، أَوَلَسْنَ أُمَّهَاتِنَا، وَأَخَوَاتِنَا، وَأَزْوَاجَنَا؟ قَالَ: (بَلَى، وَلَكِنَّهُنَّ إِذَا أُعْطِينَ لَمْ يَشْكُرْنَ، وَإِذَا ابْتُلِينَ لَمْ يَصْبِرْنَ)

وصححه الألباني في "الصحيحة" (٣٠٥٨) .

واتە : فاسقەکان ئەهلی دۆزەخن . گوتیان : ئەی پێغەمبەری خوا فاسقەکان کێن ؟

فەرمووی : ئافرەتانن . پیاوێک گوتی : ئەی پێغەمبەری خوا ئایا ئەوانە دایک وخوشک وخێزانی ئێمە نین ؟

فەرمووی : بەڵێ ، بەڵام کاتێ پێیان ببەخشیت سوپاس گوزار نین وکاتێ تاقی بکرێنەوە ئارام ناگرن .

جا مەبەست لەم فەرموودەیە ئەوە نی یە هەموو ئافرەتان بەخراپە باس بکات و پێی وابێت هەموویان بەو شێوەیەن ؛ چۆن بەو شێوەیەیە لەکاتێکدا خوای پەروەردگار فەرموویەتی : (إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَالْقَانِتِينَ وَالْقَانِتَاتِ وَالصَّادِقِينَ وَالصَّادِقَاتِ وَالصَّابِرِينَ وَالصَّابِرَاتِ وَالْخَاشِعِينَ وَالْخَاشِعَاتِ وَالْمُتَصَدِّقِينَ وَالْمُتَصَدِّقَاتِ وَالصَّائِمِينَ وَالصَّائِمَاتِ

وَالْحَافِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَالْحَافِظَاتِ وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُمْ مَغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا) الأحزاب/٣٥ .

واتە : بەڕاستی پیاوانی موسڵمان و ئافرەتانی موسڵمان، (هەر چەندە کە خوای گەورە بفەرمێت (الْمُسْلِمِينَ) ژن و پیاو دەگرێتەوە) ، وە پیاوانی باوەڕدارو ئافرەتانی باوەڕدار ، وە پیاوانی خواپەرست و گوێڕایەڵ وە ئافرەتانی خواپەرست و گوێڕایەڵ ، وە پیاوانی ڕاستگۆ و ئافرەتانی ڕاستگۆ ، وە پیاوانی ئارامگرو ئافرەتانی ئارامگر ،وە پیاوانی خۆبەکەمزان و ئافرەتانی خۆبەکەمزان، یان لە عیبادەتدا ملکەچ بۆ خوای گەورە ، وە پیاوانی خێرخوازو ئافرەتانی خێرخواز ، وە پیاوانی ڕۆژووەوان و ئافرەتانی ڕۆژووەوان ، وە ئەو پیاوانەی کە داوێنی خۆیان لە حەرام ئەپارێزن، وە ئەو ئافرەتانەیشی کە داوێنی خۆیان لە حەرام ئەپارێزن ، وە ئەو پیاوانەی کە زۆر زیکرو یادی خوای گەورە ئەکەن، وە ئەو ئافرەتانەی کە زۆر زیکرو یادی خوای گەورە ئەکەن لە هەموو حاڵەتێکیاندا، (پێغەمبەری خوا - ﷺ - دەفەرمێت: ئەگەر پیاو شەو هەستێت و خێزانەکەی هەستێنێت و دوو رکات نوێژ بکەن ئەوا لەو کەسانە ناونوس دەکرێن کە زۆر زیکرو یادی خوای گەورەیان کردووە) ، ئا ئەمانە بە ژن و پیاوەوە خوای گەورە لێخۆشبوون و ئەجرو پاداشتێکی زۆر گەورەی بۆ ئامادەکردوون.

وجگە لەم ئایەتە ئایەتی تر زۆرن ، وچەندین ئەسڵی شەرعی گەورەی تر هەیە کەدەیسەلمێنن مەبەست کۆی ئافرەتان نی یە .

نا بەڵکو مەبەست لەم فەرموودەیە وهاوشێوەکانی هەڕەشە وئاگادار کردنەوەیە لەو کارە ، و ڕوونکردنەوەی مەسیری خاوەنەکەیەتی لەڕۆژی دوایدا ، بەڵکو کەسی عاقڵ ئاگادار بێت وخۆی لێ بپارێزێت .

پاشان بەنیسبەت تایبەت کردنی ئافرەتان بەو سیفەتەوە :

لەبەر ئەوەیە ئەم جۆرە ڕەوشتانە زۆر جار لەئافرەتاندا ڕوو دەدەن ، ئەمە بەپێی جنس وڕەگەزی ئافرەتان ، واتە : ڕەگەزی ئافرەتان زۆر توشی ئەو ڕەوشتە دەبن ، هەرچەند پیاوانیش هەمان ڕەوشتیان تێدا بێت بەڵام لەبەر ئەوەی لەپیاواندا کەمترە بۆیە تایبەت کراوە بەئافرەتانەوە وبێگومان گەر پیاوانیش ئەو سیفەتەیان تێدا بێت هەمان هەڕەشە وسزا دەیانگرێتەوە .

وە هاوشێوەی ئەمە : ئەم فەرموودەیەیی پێغەمبەرە ﷺ : (إِنَّ التُّجَّارَ هُمُ الْفُجَّارُ) قَالَجلَّ يا نَبِي اللهِ أَلَمْ يحُلِّ اللهُ الْبَيْعَ؟ قَالَ: (إِنَّهُمْ يقُولُونَ فيكْذبونَ ، ويَحلِفُونَ ويَأْثَمُونَ) وقد رواه أحمد (١٥٥٣٠) عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ شِبْلٍ الأَنْصَارِيِّ، وصححه الألباني في "الصحيحة" (٣٦٦)

واتە : (بازرگانەکان فاجر وخراپەکارن) ، پیاوێک گوتی : ئەی پێغەمبەری خوا ئایا خودا کڕین و فرۆشتنی حەڵاڵ نەکردووە؟

فەرمووی : (ئەوان قسە دەکەن و درۆ دەکەن ، و سوێند دەخۆن و تاوان بار دەبن) .

جا بەهەمان شێوە ئەم فەرموودەیە هەموو بازرگانەکان ناگرێتەوە ؛ چۆن هەمووی دەگرێتەوە لەکاتێکدا باشترین هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ بازرگان بوون ؛ بۆیە مەبەست لێی ئاگادار کردنەوەیە لەو کارە ، وهەڕەشە کردنە لەبکەرەکانی ، و بۆیە باسی بازرگان کراوە چونکە درۆ و فێڵ زۆر جار لەبازرگاناندا ڕوو دەدات ، بەڵکو زۆر وشیار بن و لەکاتی کڕین و فرۆشتندا خۆیان لەو کارە بەدوور بگرن .

دواتر بێگومان هەر ئافرەتێک ئەو سیفەتەی تێدا نەبێت و سوپاس گوزار بێت و ئارام گر بێت لەبەرانبەر قەدەری خوادا ئەوا ئەو زەم و وەسفە شمولی ناکات ، بەڵکو لەو ئافرەتانەیە کە پێغەمبەر ﷺ لەبارەیانەوە فەرموویەتی إذا صَلتْ المرأةْ خُمسَهْا وَصامَتْ شهرْهَا وحَفظَتْ فَرْجَهَا وأطاعَتْ زَوجهَا قيلَ لها اَدخلْي الْجَنَّةَ مِنْ أَيِّ أَبْوَابِ الْجَنَّةِ شِئْتِ) . رواه أحمد (١٦٦٤) وصححه الألباني في "صحيح الجامع" (٦٦٠) .

واتە : گەر ئافرەت پێنج نوێژە فەرزەکە ئەنجام بدات و ڕۆژوو بگرێت و داوێنی بپارێزێت و گوێڕایەڵی مێردەکەی بکات ئەوا پێی دەوترێت بچۆ بەهەشتەوە لەهەر دەرگایەکەوە کە دەتەوێ .

دووەم :

وەبەنیسبەت ئەو فەرموودەیەیی تر : کە ئیمامی (البخاري (٣٠٤) من حديث أبي سعيد ، ومسلم (٧٩)لە ابن عمرەوە ولەپێغەمبەری خواوە صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گێڕاویانەتەوە کەفەرموویەتی : يا مَعشَرْ النِّسَاءِ، تَصَدَّقْنَ

وأَكْثِرنَ الاستِغْفَارَ، فإنِي رأَيْتُكُنَّ أَكْثَرَ أَهْلِ النَّارِ) فَقَالَت امْرَأَةٌ مِنْهُنَّ : وَمَا لَنَا يَا رَسُولَ اللهِ أَكْثَرَ أَهْلِ النَّارِ ؟ قَالَ: (تُكْثِرنَ اللَّعْنَ، وتَكْفُرْنَ الْعَشِيرَ) . واللفظ لمسلم .

واتە : (ئەی گرۆی ئافرتان خێر وسەدەقە بکەن وزۆر داوای لێ خۆش بوون بکەن ، من بینیم زۆربەتان ئەهلی دۆزەخن)ئافرتێک گوتی : بۆ ئێمە زۆربەی ئەهلی ئاگرین ئەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم ؟

فەرمووی : (لەعنەت زۆر دەکەن ، و ناشکورن و سوپاس گوزاری میّردەکانیان نین) .

بدر الدين العيني رحمه الله دەڵێت :

الْمُهلب دەڵێت : "إِنمَّا تسْتَحقّ النِّسَاء النَّار : لكفرهن العشير. واتە : ئافرەتان بۆیە موستەحەقی دۆزەخن : لەبەر ناشوکریانە .

سێیەم :

دواتر بەنیسبەت ئەوەی ئەو خوشکە ئاماژەی پێداوە کەپیاوان زۆر جار دەبنە هۆکاری هەڵگیرساندنی جەنگ وکوشتن وستەم . . هتد ؟

لەوەڵامدا دەوترێت :

بێگوومان ئەو پیاوانەی ئەو کارە دەکەن موستەحەقی سزان ، و لەچەندین بەڵگەی شەرعی دا کوشتن وستەم حەرام کراوە وهەڕەشە لەبکەرەکەیان کراوە .

بەڵام ئەوە چی پەیوەندی بەوەوە هەیە کەلەبارەی ئافرەتانەوە هاتووە ؟

چ کەسێک گوتوویەتی : ئەوەی ئافرەتان دەیکەن قورسترە لەو ستەم و کوشتن و جەریمانەی کەپیاوان ئەنجامی دەدەن ؟

وە کێ گوتوویەتی : ئەو جۆرە پیاوانە سزایان لەلای خودا سوک تر لەسزای ئەو ئافرەتانەی کەناشکورن ؟

وە کێ گوتوویەتی : ئەم فەرموودەیە هەموو دینی تێدایە ، و هەموو ڕێگریە شەرعیەکانی تێدایە ؟

بەڵام ئەوەی دیارە ، واللە أعلم : ئەوەی ئەم کارانە دەکەن لەپیاوان ، کەمترن لەڕێژەی ئەو ئافرەتانەی کەئەو سیفاتانەیان تێدایە کەئاماژەمان پێدا ، بۆیە - واللە أعلم - ئافرەتان زیاتر دەچنە دۆزەخەوە ، بەبەراورد بەپیاوان لەئەنجامی ئەو کارانەی کەدەیکەن ، هەرچەند ئەو تاوانانە ، واتە : کوشتن وستەم گەورە ترن وسزاکەیان قورس ترە ، بەڵام لێرەدا قسەکە لەسەر : "زۆرینەیە" ،نەک : " توندی وقورسی" .

بەهەرحاڵ : ئەو فەرموودانەی کەهەڕەشەیان تێدا هاتووە ، بابەتی غەیبین ، وهیچ مەجالی عەقڵی تێدا نی یە ، ودەبێ تەسلیمی دەقەکان بین وچۆن هاتبێت ئاوها باس دەکرێت .

واللە تعالى أعلم .

ئافرەتان چییان بۆ هەیە لە بەهەشت

پرسیار:

باسی ئەوە کراوە کە حۆری چاوگەش و جوان بۆ پیاوان هەیە لە بەهەشتدا بەڵام بۆ ئافرەتان چی هەیە؟

خوای گەورە سەبارەت بە خۆشی ونازو نیعمەتی ئەهلی بەهەشت دەفەرموێت: (وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَشْتَهِي أَنْفُسُكُمْ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ)(٣١) (نُزُلاً مِنْ غَفُورٍ رَحِيمٍ) (فصلت:٣٢)

واتە: هەروەها فریشتەکان پێیان دەڵێن : ئێمە پشتیوانتانین لەژیانی دونیا و بە فەرمانی خوای پەروەردگار دەتانپارێزین ، بەهەمان شێوەش لەگەڵتاندا دەبین لە دوارۆژدا ، وە لە بەهەشتدا ئەوەی نەفستان ئارەزوی دەکات چاوتان پێی خۆشە ئامادەکراوە بۆتان ، وە هەرچەندە داوای هەرچیەك بکەن دەبینن لە بەردەستاندایە وەك میواندار و نیعمەتێك بۆتان لەلایەن خوای لێبوردە لە تاوانەکانتان ، و بەڕەحم و بەسۆز بەرامبەرتان .

هەروەها دەفەرموێت: (وَفِيهَا مَا تَشْتَهِيهِ الأَنْفُسُ وَتَلَذُّ الأَعْيُنُ وَأَنْتُمْ فِيهَا خَالِدُونَ)(الزخرف: من الآية٧١) .

واتە: ئەو باوەڕدارانەی کە باوەڕیان بە خوای پەروەردگار و پەیامبەرانی هێناوە و خراونەتە بەهەشتەوە خواردنیان بەسەردا دەگەڕێنرێت لەناو دەفری زێڕیندا ، وە هەر لەناو کوپی زێڕیشدا خواردنەوەیان بەسەردا دەگەڕێنرێت ، وە تێیدا هەرچیەك کە دەروونیان حەزی لێ بکات و چاویان

تامەزرۆی بینینی بێت ئامادەیە بۆیان ، وە تێیدا بەهەمیشەیی و هەتاهەتایی و نەبڕاوەیی دەمێننەوە .

وە ئاشکرایشە کە هاوسەر یەکێکە لەو حەزانەی کە دڵ ودەروون زۆر حەزی لێ دەکات جا ئەوەش ئامادەیە وبوونی هەیە لەبەهەشتدا پیاو بن یان ئافرەت، جا ئافرەت لەبەهەشتدا خوای گەورە دەیداتە ئەو مێردەی کەلە دونیادا هاوسەری بووە وەکو دەفەرموێت: (رَبَّنَا وَأَدْخِلْهُمْ جَنَّاتِ عَدْنٍ الَّتِي وَعَدْتَهُمْ وَمَنْ صَلَحَ مِنْ آبَائِهِمْ وَأَزْوَاجِهِمْ وَذُرِّيَّاتِهِمْ إِنَّكَ أَنْتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ) (غافر:٨)

واتە: ئەی پەروەردگارا باوەڕداران بخەرە ناو ئەو بەهەشتەی مەنزڵگایی هەمیشەییە و بەردەوامە کە بەڵێن وپەیمانت پێداون ، و ئەوانەش کە چاك بوونە بە باوەڕ وکردەوەی چاك لە باوکانیان وخێزانەکانیان ونەوەکانیان ، چونکە بەڕاستی تۆ بەتوانا و بەدەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا و دانا وکاردروستی لە بەڕێوەبردن و دروستکردندا. وە ئەگەریش لە دونیاشدا هاوسەرگیری نەکردبوو ئەوا خوای گەورە هاوسەرگیری پێ دەکات لەگەڵ ئەو هاوسەرەی کە خۆی بەدڵیەتی و چاوی پێ دەگەشێتەوە لەبەهەشتدا.

سەرچاوە : کتێبی فتاوى أركان الإسلام: زانای پایەبەرز : محمد بن صالح العثيمين - رحمه الله –

هۆکاری چی یە پێغەمبەری جولەکە و مەسیحی و ئیسلام هەموویان ڕەگەزی پیاو بوون ؟

ئەی بۆ هیچ پێغەمبەرێک ئافرەت نەبووە ؟

ئایا ئەکرێ ئافرەت (رسول) نەبێ بەڵام (نەبی) بێ؟ وە ئایا ڕاستە (مەریەم) نەبی بووە؟

بسم الله الرحمن الرحيم

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە وە درودو سڵاو لە سەر گیانی پێغەمبەری خوا وە لەسەر خێزان و کەس وکاری ئیماندارو هاوەڵان و شوێن کەوتوانی تا ڕۆژی دوایی.

یەکەم: هیچ موسوڵمانێک گومانی لەوە نییە کە کارەکانی خوای گەورە پڕ حیکمەتن، ویەکێک لەناوەکانی " الحكيم " ـە ، ویەکێک لەسفاتەکانی " الحكمة "یە .

وە حوکمی خودایە وایە یەکێک لەسیفاتەکانی پێغەمبەران : پیاوەتی یە ، وەهەندێ لەزانایان کۆدەنگیان لەو بارەیەوە نەقڵ کردووە ، و خودا لەو کارەدا گەورەترین حیکمەتی هەیە .

الشيخ عمر الأشقر حفظه الله دەڵێت :

وە لەتەواوی ئەو سیفەتەی کەپێی بەخشیون : ئەوەیە هەموو ئەو پێغەمبەرانەی کەناردوونی لەڕەگەزی پیاو بوون ، وهیچ پێغەمبەرێکی لەڕەگەزی ئافرەت نەناردووە ، بەڵگەش لەسەر ئەوە : سیغەی حەسرە کە لەم ئایەتەدا ئاماژەی پێ دراوە: (وَمَا أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ إِلاَّ رِجَالاً نُّوحِي إِلَيْهِم) الأنبياء/ ٧ .

واتە: ئەی محمد - ﷺ - لە پێش تۆشدا هیچ کەسێکمان نەناردووە بە پێغەمبەر ئیلا پیاوانێك بوونە کە وەحیمان بۆ ناردوون و کەسیان فریشتە نەبوونە.

حیکمەت لەوەی پێغەمبەران لەڕەگەزی پیاوانن:

هۆکاری ئەوەی پێغەمبەران لەڕەگەزی پیاوان بوون چونکە حیکمەت وای دەخواست ، جا لەو حیکمەتانە:

١. بوون بەپێغەمبەر وا دەخوازێت کەسەکە دەعوە وبانگەوازەکەی ئاشکرا بکات ، وڕوو بەڕووی پیاوان وئافرەتانیش ببێتەوە ، ، ولەگەڵ خەڵکدا بەنهێنی وئاشکرا کۆ ببێتەوە ، وهاتن وچوون لەهەموو بەشەکانی زەوی دا ، وڕوو بەڕوو بوونەوەی ئەوانەی بانگەوازەکە بەدرۆ دەزانن ودژایەتی دەکەن ، وئامادەکردنی هێز وسەرپەرشتی کردنیان ، بێگومان هەموو ئەمانە لەگەڵ بونیەی پیاواندا گونجاوە نەک ئافرەت .

٢. بەرنامە وپەیام وا دەخوازێت پێغەمبەرەکە بەتوانا بێت بەسەر ئەوانەی کەشوێنی دەکەون ، ئەو بۆ شوێنکەوتووەکانی فەرمانکەر وڕێگری کارە لەشتەکان ، وحاکم وقازیە لەنێوانیاندا ، خۆ ئەگەر ئافرەت بوایە: ئەمانەی بەتەواوی بۆ بەرجەستە نەدەبوو ، وکۆمەڵێک لەشوێنکەوتوانی بێ فەرمانیان دەکرد ولەقسەی دەردەچوون وشوێنی نەدەکەوتن .

٣. ڕەگەزی نێرینە کامڵ تر، هەر بۆیە خودا دەسەڵاتی داوە بەپیاو بەسەر ئافرەتاندا هەروەک فەرموویەتی: (الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ) النساء/ ٣٤ .

واتە: پیاوان سەرپەرشتیارو باڵادەستن بەسەر ئافرەتانەوە .

٤. هەندێ شت بەسەر ئافرەتدا دێت وای لێ دەکات نەتوانێت زۆر وەزیفە وکاری گرنگ ئەنجام بدات ، وەک حەیز ودوو گیان بوون ومنداڵ بوون وتوشی نیفاس بوون ، لەگەڵ ئەوەدا توشی جۆرێک لەتێک چوونی دەروونی وئێش وئازار دەبێت ، جگە لەوەی منداڵەکانی پێویستیان بەچاودێری کردنی ئەو هەیە ، جا هەموو ئەمانە ڕێگرن لەهەستان بەدعوە و گەیاندنی پەیمان وتەحەمول کردنی دەراویشتەکانی .

" الرسل والرسالات " (ص ٨٤ ، ٨٥) .

ئەمەیان بەنیسبەت بوون بە(الرسول)ـەوە بوو .

دووەم:

وە بەنیسبەت بوون بە (النبي) : هەندێ لەزانایان وەک "أبي الحسن الأشعري والقرطبي وابن حزم" پێیان وایە ئافرەت هەبووە (النبي) بێت ، بەڵگەشیان ئەو ئایەتانەیە کەتیایدا باسی هاتنی وەحی دەکات بۆ دایکی

موسا ـ بەنموونە ـ وئەو گفتو گۆ ودوانەی فریشتەکان لەگەڵ مەریەم دا علیها السلام ، وەهەروەها هەڵبژاردنی بەسەر ئافرەتانی جیهاندا .

بەڵام ئەم بۆچوونە ڕاجح وبەهێز نی یە .

الشیخ عمر الأشقر دەڵێت :

ئەوەی ئەوان باسیان کردووە نابێتە بەڵگە لەسەر بوونی (النبي) لەڕەگەزی ئافرەتاندا ، و وڵامی ئەوان لەچەند ڕوویەکەوە دەداتەوە :

یەکەم : ئێمە پێیان وا نییە(النبيَّ)فەرمانی پێ ناکرێت بەگەیاندنی دین وئامۆژگاری کردنی خەڵک وتێکەڵاوی کردنیان ، ئەوەی ئێمە لامان پەسەندە ئەوەیە: لەم بابەتانەدا جیاوازی لەنێوان (النبيّ والرسول)دا نی یە ، وجیاوازیەکە لەوەدایە(النبي) نێردراوە بەهەمان تەشریعی (رسول)ـی پێش خۆی .

کەواتە: ئەو ڕێگریانەی کەگوتراوە لەبارەی ناردنی (رسول) لەڕەگەزی ئافرەتان لە (نبي)یشدا بوونی هەیە گەر ئافرەت ببێتە (نبي) ، وئەوەچەند ڕێگریەکن وا دەکات ئافرەت نەتوانێت بەمەهامی(النبوة)هەستێت .

دووەم : دوور نی یە وەحی خودا بۆ ئەو ئافرەتانە - دایکی موسا وئاسیا - لەخەودا بووبێت ، ئێمە دەزانین جۆرێک لەوەحی خەوە ، وئەوە بۆ جگە لەپێغەمبەرانیش ڕوو دەدات .

سێیەم : ئێمە ئەو قسەیەیی ئەوان ناسەلمێنین کەدەڵێن: هەموو ئەوانەی فریشتە قسەی لەگەڵ کردوون پێغەمبەرن، لەفەرموودەیەکدا هاتووە : خودا فریشتەیەکی نارد بۆ لای پیاوێک کەسەردانی برایەکی دینی دەکرد لەگوندێکی تر ، فریشتەکە هۆکاری سەردانەکەی لێ پرسی ، جا کاتێ کەهەواڵی پێ دا ئەو لەپێناوی خودادا خۆشی دەوێت ، فریشتەکەش پێی ڕاگەیاند ئەو نێردراوی خودایە بۆ ئەوەی پێی ڕاگەیەنێت خودا خۆشی دەوێت ، وە بەسەرهاتی کەسە کەچەڵ ونابینا وگولەکە مەعروفە ، وجبریل هات بۆلای هاوەڵان بۆپرسیار کردن لەپێغەمبەر ﷺ لەپێناو فێر کردنی هاوەڵاندا ، هاوەڵەکان دەیان بینی وگوێیان لێ دەبوو .

چوارەم : ئەو بەڵگانەی کەباس لەهەڵبژاردنی مەریەم دەکات نابێتە بەڵگە بۆ ئەوان ؛ خودا بەسەریحی ئەوەی ڕاگەیاندووە کەجگە لەپێغەمبەرانیشی هەڵبژاردووە ، هەروەک فەرموویەتی: (ثُمَّ أَوْرَثْنَا الكِتَابَ الَّذين اصْطَفَيْنَا مِنْ عِبَادِنَا ...) فاطر/ ٣٢ .

واتە: پاشان هەندێك لە بەندەکانی خۆمان هەڵبژاردووەو ئەیانکەین بە میراتگری ئەم قورئانە پیرۆزە کە زانایانی ئوممەتی پێغەمبەری خوان- ﷺ -

وە " آلَ إبراهيم وآلَ عمران " بەسەر هەموو عالەم دا هەڵبژارد ، و کەس و کارەکەشیان کە بەتەئکید پێغەمبەر نەبوون: (إِنَّ اللهَ اصْطَفَى آدَمَ وَنُوحاً وَآلَ إِبْرَاهِيمَ وَآلَ عِمْرَانَ عَلَى العَالَمِينَ) آل عمران/ ٣٣ .

بە دڵنیایی خوای گەورە ئادەم و نوح و ئالی ئیبراهیم خۆی و نەوەکانی کە پێغەمبەر بوونە وە ئالی عیمران کە عیسی لەوان بووە ئەمانەی هەڵبژاردووە بەسەر هەموو جیهاندا .

پێنجەم : لەفزی کەمال کە لەو فەرموودەدا هاتووە کەئەوان کردوویانەتە بەڵگە لەسەر(النبوة) بەڵگەیەکی لا کەرەوە نییە؛ چونکە ئەوە بۆ تەواو بوونی شتێک دێت لەبابەتێکدا ، لێرەدا مەبەست لێی : گەشتنی ئافرەتە بەکۆتایی کەماڵ لەهەموو بوارەکاندا ، کەواتە کەماڵی لێرەدا ئەو کەماڵیە نییە کەهی پێغەمبەرانە .

شەشەم : لەهەندێ لەفەرموودەکاندا هاتووە خەدیجە یەکێک بووە لەئافرەتە کاملەکان ، ئەمە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کەماڵ لێرەدا کەماڵی پێغەمبەرایەتی نی یە .

حەوتەم: لەهەندێ لەفەرموودەکاندا هاتووە فاتیمە سەرداری ئافرەتانی بەهەشتە تەنها مەریەمی کچی عیمران نەبێت ، ئەمەش ئەو بۆ چوونە بەتاڵ دەکاتەوە کەپێی وایە جگە لەمەریەم وەک دایکی موسا وئاسیا پێغەمبەرن ؛ چونکە بەدڵنیاییەوە فاتیمە پێغەمبەر نی یە ، لەکاتێکدا لەفەرموودەدا هاتووە کە ئەو لەغەیری خۆی باشترە ، خۆ ئەگەر دایکی موسا وئاسیا پێغەمبەر بوونایە ئەوا ئەوان لەفاتیمە چاکتر دەبوون .

هەشتەم : وەسف کردنی مەریەم بەوەی ڕاستگۆیە ئەمەش لەکاتی وەسف کردنی دا وهەواڵ دان بەفەزڵی ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی: (مَّا المَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ إِلاَّ رَسُولٌ قَدْ خَلَت مِن قَبْلِهِ الرُّسُلُ وَأُمُّهُ صِدِّيقَةٌ كَانَا يَأْكُلانِ الطَّعَامَ) المائدة/ ٧٥ .

واتە: عیسای کوڕی مەریەم- ﷺ - هیچ شتێك نەبووە نە خوا بووەو نە کوڕی خوا بەڵکو تەنها پێغەمبەری خوا بووەد[خَلْتَ ُ منِ قْبلَهْ ِالرسُّلُ ُ] وە چەندەها پێغەمبەرانی تریش لە پێش عیساوە- ﷺ - ڕۆیشتوونەو مردوونە ، وە دایکیشی ڕاستگۆ بووە لەو قسەیەی کە کردۆتی کە وتی زینام لەگەڵ کەس نەکردووەو بە ئیزنی خوا منداڵم بووە، یاخود بەڕاستدانەری ئەو پەیامە بووە کە کوڕەکەی هێناویەتی لە یەکخواپەرستی ، کە هەردووکیان خواردنیان ئەخوارد، واتە: مرۆڤ بوونە ئەوەی کە پەروەردگارو خوا بێت پێویستی بە خواردن نیە، بەڵام ئەمان خوا نەبوونەو خواردنیان خواردووە وە ئەوەی کە خواردن بخوات پێویستی بە چوونە سەر ئاو هەیە، خوای گەورە زۆر لەوە بەرزو بڵندترو گەورەترە کە ئەوان ئەو شتانە ئەدەنە پاڵ خوای گەورە .

گەر وەسفێکی گەورەتر هەبوایە ئەوا خودا وەسفی بەوە پێ دەکرد ، ولەدەقی قورئان وفەرموودەی سەحیح دا نەهاتووە ئەوەی ڕوون کردبێتەوە یەکێک لەئافرەتان پێغەمبەر بوون .

وه " القاضي عياض "لەجمهوری زانایانەوە گێڕاویەتیەوە کەمەریەم پێغەمبەر نەبووە ، وه " النووي " له " الأذكار " دا له " إمام الحرمين "ـەوە کۆدەنگی نەقڵ کردووە لەسەر ئەوەی مەریەم پێغەمبەر نەبووە ، وه له " شرح المهذب " دا داویەتیەتێ پاڵ کۆمەڵێک ، وەله " الحسن البصري "ـەوە هاتووە : لەئافرەتاندا پێغەمبەر نەبووە .

الرسل والرسالات " (ص ٨٧ – ٨٩) .

والله أعلم

* * * * * * * *

بۆچی خوای گەورە حیجابی فەرز کردوە لەسەر ئافرەتان؟ سودەکانی حیجابی شەرعی ئافرەتان چیە؟

بسم الله الرحمن الرحيم

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە ، وە درودو سڵاو لە سەر گیانی پێغەمبەری خوا ، وە لەسەر خێزان و کەس وکاری ئیماندارو هاوەڵان و شوێن کەوتوانی تا رۆژی دوایی.

خوای پەروەردگار حیجابی لەبەر چەند حیکمەتێکی گەورە فەرز کردووە ، وچەندان نهێنی وئامانجی گەورەی لەپشتەوەیە ، لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دە پلەو پایەیی حیجابی ئافرەتی موسوڵمان باس دەکەین لەوانە :

یەکەم : پاراستی ناموس :

حیجاب قەڵغانێکی شەرعیە بۆ پاراستنی ناموس ، ودوور خستنەوەی فیتنە وفەسادی وبەدڕەوشتی لەکۆمەڵگا .

دووەم: پاراستنی پاکی دڵ :

حیجاب دڵی پیاو وئافرەتی موسوڵمان بەپاکی دەهێڵێتەوە ، و وا لێ دەکات سنووورەکانی خودا بپارێزێت ، وڕێگایەکە بۆ لەخوا ترسان ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی: - { ذَٰلِكُمْ أَطْهَرُ لِقُلُوبِكُمْ وَقُلُوبِهِنَّ }.

واتە: ئەمەی کە لە پشت پەردەوە قسەیان لەگەڵدا بکەن بۆ دڵی ئێوەو بۆ دڵی ئەوانیش پاکترەو گومان دروست نابێ.

سێیەم : ئاکار وڕەوشتی بەرز وپەسەند:

حیجاب هۆکارە بۆ دەست خستنی ئاکار وڕەوشتی بەرز وحەیا وشەرم ، وڕێگرە لە بەردەم ناپاکی وفەسادی خراپەکاریدا .

چوارەم : نیشانەی داوێن پاکی یە :

حیجابە عەلامەت ونیشانەی کەسانی داوێن پاک و بەشەرەفە ، و هۆکارە؟بۆ پاراستنی ئافرەت لەکەسانی نەفس نزم ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی: { يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا}.

واتە: ئەی پێغەمبەری خوا - ﷺ - بە خێزانەکانت و کچەکانت و خێزانی باوەڕداران بڵێ با جلباب و لەچك و پۆشاکەکانیان شۆڕ بکەنەوە تا هەموو لەشیان بگرێتەوەو جوانی خۆیان دەرنەخەن و سینگ و ملیان دابپۆشن [ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَنْ يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ] ئەمە نزیکترە لەوەی کە بناسرێنەوە، لەبەر ئەوەی کاتی خۆی ئەوەی ئافرەتی ئازاد بوایە بەو شێوازە خۆی دائەپۆشی، وە ئەوەی کەنیزەك و داوێن پیس بوایە خۆی دانەئەپۆشێ بۆیە ئەیانزانی کە ئەمە ئافرەتی ئازادەو لەلایەن کەسانی خراپەوە ئازار نادران [وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا (٥٩)] وە خوای گەورە زۆر لێخۆشبوو بەبەزەییە.

وە بێگومان چاکی ڕواڵەت نیشانەی ناخ وداوێن پاکی یە ، وداوێن پاکیش بەنرخترین سەرمایە و تاجی ئافرەتە .

پێنجەم : ڕێگرە لەبەردەم تەماح وچاوی خراپەکاراندا :

حیجاب پارێزەرێکی کۆمەڵایەتی یە ، و وا دەکات ئافرەت وپیاوی موسوڵمان دوور بن لەختووڕە وبیرکردنەوەی خراپ ونابەجێ وشەیتانی ، وهۆکارێکە بۆ پاراستنی ئافرەت لەدەمی کەسانی خراپ .

شەشەم : پاراستنی شەرم و حەیا :

حەیا لەحەیاتەوە وەرگیراوە ، و حەیات و ژیان بەبێ بوونی شەرم وحەیا هیچ مانایەکی نییە ، حەیا یەکێکە لەتایبەتمەندیەکانی مرۆڤ ، وبەشێکە لەئیمان ، هەروەک لەفەرموودەدا هاتووە (الحياء شعبة من الإيمان) .واتە: شەرم وحەیا بەشێکە لەئیمان .

حەوتەم : حیجاب ڕێگرە لەبەردەم بڵاو بوونەوەی سفوری وتێکەڵی پیاوان وئافرەتان لەوڵاتانی ئیسلامی دا .

هەشتەم : حیجاب پارێزەرە لەکەوتنە نێو زینا وخراپەکاریەوە ، وئافرەت دەپارێزێت لەوەی ببێتە کاڵایەکی هەرزان بەدەستی کەسانی هەرزە وئارەزوو بازەوە.

نۆیەم : ئافرەت خۆی لەخۆیدا عەورەتە ، حیجاب داپۆشەریەتی ، وئەوەش جۆرێکە لەتەقوا ولەخوا ترسان ،خوای پەروەردگار فەرموویەتی: { يا بني آدم قد أنزلنا عليكم لباساً يواري سوآتكم وريشاً ولباس التقوى ذلك خير } (الأعراف / ٢٦).

واتە: ئەی نەوەکانی ئادەم ئەوە ئێمە پۆشاکێکمان بۆ دابەزاندوون بۆ ئەوەی کە عەورەتتان داپۆشێ ، وە پۆشاکێکیش بۆ جوانی کە خۆتانی پێ بڕازێننەوەو عەورەتی خۆتانی پێ داپۆشن ، وە بەڵام پۆشاکی تەقواو ئیمان و کردەوەی چاك و لە خوا ترسان ئەمە باشترین پۆشاکێکە کە خەڵکی خۆی پێ بڕازێنێتەوە .

عبدالرحمن بن أسلم لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت : تەقوای خودا دەکات وعەورەتی دادەپۆشێت ، ئا ئەوە پۆشاکی تەقوایە .

لەپێغەمبەرەوە ﷺ گێڕدراوەتەوە کەیەکێک لەپارانەوەکانی ئەمە بوو : (اللهم استر عوراتي...) رواه أبو داود وغيره.

واتە: خوایە عەورەتم داپۆشە .

خودایە عەورەتی ئێمە وهەموو موسوڵمانان داپۆشە ، آمین.

دەیەم : پاراستنی غیرەت و پیاوەتی وشەهامەت .

سەرچاوە : حراسة الفضيلة

بكر بن عبد الله أبو زيد

عضو اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء بالمملكة العربية السعودية سابقاً ورئيس المجمع الفقهي الدولي ... رحمه الله رحمة واسعة وغفر له ولوالديه ولمشايخه ولتلامذته ولمحبيه.

* * * * * * *

لە ئیسلامدا ئافرەت چ ڕێز و مافێکی پێدراوە ؟

بسم الله الرحمن الرحيم

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە وە درودو سڵاو لە سەر گیانی پێغەمبەری خوا وە لەسەر خێزان و کەس وکاری ئیماندارو هاوەڵان و شوێن کەوتوانی تا ڕۆژی دوایی.

١- لە ئیسلامدا گەر پیاو خیانەت لە خێزانەکەی بکات - زینا بکات - ئەوا ڕەجم دەکرێت تاوەکو دەمرێت .

٢- گەر خێزانی دووەم بێنێت و دادپەروەر نەبێت لەنێوانیاندا ئەوا لەڕۆژی دوایی دا لایەکی لاشەی خوار دەبێت و بەو شێوەیە حەشر دەکرێت.

٣- گەر مارەیی بۆ خێزانەکەی دیاری کرد و پێی نەدا ئەوا دزە و تاوانبار دەبێ .

٤- گەر تەڵاقی دا ئەوا بۆی نی یە هیچ شتێکی لێ وەرگرێتەوە کەپێی داوە .

٥- گەر مافی ئەو بخوات لەمیراتدا ئەوا سنووری خودای بەزاندووە وهەر کەسێک سنووری خودا ببەزێنێت ئەوا ستەمی لەخۆی کردووە.

٦- گەر لێی بدات و ئیهانەی بکات ئەوا کەسێکی بێ ڕێز وخراپە و گەر ڕێزی لێ بگرێت ئەوا کەسێکی بەڕێز وچاکە .

٧- گەر زیاد لەچوار مانگ هەجری بکات ئەوا ئافرەتەکە مافی داوای جیابوونەوەی هەیە .

٨- بۆی نی یە وەک دایکی مامەڵەی لەگەڵ بکات ، و گەر پێی بڵێت: تۆ وەک دایکم وایت ئەوا دەبێت ٦٠ ڕۆژ بەڕۆژوو بێت یاخود بەندەیەک ڕزگار بکات ویاخود خواردنی ٦٠ هەژار بدات.

٩- گەر خۆشی نەویست با ئارام بگرێت ؛ چونکە دوور نی یە شتێکی خۆشنەوێت بەڵام خودا خێرێکی زۆری بۆی تێدا حەشار نەدابێت .

١٠- ئەگەر ئافرەت تەڵاق درا و دووگیان بوو ئەوا دەبێ نەفەقەیان بداتێ تا حەملەکەی دائەنێ و منداڵەکەی دەبێت . .

١١- گەر لێک جودا بوونەوە نابێت بێ بەشی کات لەمنداڵەکانی و پێویستە لەسەری نەفەقەیان بدات .

١٢- ئافرەت ئازادە لەماڵ وسامانی خۆیدا گەر بۆ ماڵ سەرفی کرد ئەوا دوو پاداشتی بۆ هەیە خۆ ئەگەر نەشی کرد ئەوا پیاوەکە بۆی نی یە بەزۆر لێی بستێنێت .

١٣- هەر دەست درێژیەک بکاتە سەری سزای هاوشێوەی بۆ هەیە .

وە پیاو بەر پرسە لە دابین کردنی خواردن وخواردنەوە وجل وبەرگ بۆ کردنی بەپێی توانای دارایی .

١٤- توانای پیاو بەسەر ئافرەتدا بەر پرسیاریەتی و تەکلیفە و بەگوێی کردنی ئافرەت بۆ مێردی جیهادە .

١٥- گەر فەرمانی پێ کرد بەچاکە ئەوا بەگوێی دەکات ، وگەر فەرمانی کرد پێی بەخراپە ئەوا گوێڕایەڵی هیچ کەسێک ناکرێت لەبێ فەرمانی خودادا .

١٦- لەپێناو ئافرەتدا پێغەمبەر ﷺ جەنگێکی دژی بەنی قەینوقاع بەرپا کرد .

١٧- پارێزگاری کردنی پیاو لە شەرەف وناموسی خێزانی و مردن لەو پێناوەدا جیهادە لەپێناوی خودادا .

١٨- لەپێناو ئافرەتدا موعتەسەم هێزێکەی جوڵاند بۆ عەموریە .

١٩- لەپێناو سومعەت وکەرامەتی ئەودا خودا حەدی تۆمەت دانە پاڵی داناوە کە ٨٠ جەڵدە .

واتە هەرکەسێک تۆمەتێک بۆ ئافرەتێکی داوێن پاک بکات ئەوا هەشتا جەڵدەی لێ دەدرێ .

ئا ئەوا مافی ئافرەتە لە ئیسلام دا . .

٢٠- ئافرەتانیش هاوشێوەی پیاوان پاداشتی کردەوەکانی وەردەگرێت ، هەروەک لەم ئایەتە پیرۆزەدا هاتووە { فَاسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّي لَا أُضِيعُ عملَ عامِلٍ منكُم مْنِ ذْكَر أوَ ٱنْثَى بعَضْ كُمْ مِنْ بَعْضٍ } [آل عمران : ١٩٥] .

واتە : پەروەردگاریش وەڵامی دوعاکەی دانەوە کە من کردەوەی هیچ کەسێك لە ئێوە نافەوتێنم ئەوەی کردەوەی چاکی کردبێت پاداشتی ئەدەمەوە ئیتر ئەگەر نێر بێ یان مێ جیاوازی نیە، ئافرەتیش وەکو پیاو وایە لە گوێرایەڵی و کردەوەی چاك و پاداشتدا .

جا ئایە لە چ وڵاتێکی غەربی و لەچ جێگایەک بەو شێوە ماف دراوە بە ئافرەت ؟

* * * * * * * *

دەمانەوێت حیکمەتی بەڕۆژوو نەبوونی ئافرەت بزانین کاتێ کە لەسوڕی مانگانەدایە لەکاتێکدا ڕۆژوو هیچ پەیوەندی بەپاک وپیسیەوە نی یە .

بسم الله الرحمن الرحيم

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە ، وە درودو سڵاو لە سەر گیانی پێغەمبەری خوا ، وە لەسەر خێزان و کەس وکاری ئیماندارو هاوەڵان و شوێن کەوتوانی تا ڕۆژی دوایی.

یەکەم :

پێویستە لەسەر باوەڕدار تەسلیمی حوکمی خودا بێت و خۆی یەکلا کاتەوە بۆی هەرچەند حیکمەتەکەشی نەزانێت ، بەڵکو ئەوەندەی بەسە ئەوە فەرمانی خودا وپێغەمبەرەکەیەتی ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : (وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْراً أَنْ يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلالاً مُبِيناً) الأحزاب/٣٦.

واتە: بۆ هیچ پیاوێکی ئیماندار یان ژنێکی ئیماندار، نیە کاتێک کە خواو پێغەمبەرەکەی بڕیاری شتێک بدەن ئەوان سەرپشک بن (لە ئەنجامدانی ئەو کارە، چونکە) ئەوەی سەرپێچی بکات لە فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەی ئەوە ئیتر بە ئاشکرا گومڕاو سەرلێشێواوە.

وەهەروەها فەرموویەتی : (إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَنْ يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ) النور/٥١.

واتە:کاتێك کە باوەڕداران بانگ بکرێن بۆ لای خواو پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ ئەوەی بڕیار لە نێوانیاندا بدات، واتە: بۆ لای قورئان و سوننەت تەنها وتەیەك هەیان بێت ئەوەیە ئەڵێن: ئێمە فەرمان و فەرمایشتی خواو پێغەمبەری خوامان ﷺ بیست وە گوێڕایەڵین ،ئا ئەم کەسە باوەڕدارانە سەرفرازو سەرکەوتوون لە دونیاو قیامەتدا

، وە هەر کەسێك گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەری خوا بکات ﷺ ، وە بە زانیاریەوە لە خوای گەورە بترسێ ، وە تەقوای خوای گەورە بکات ، ئا ئەم کەسانە براوەن لە دونیاو قیامەت.

دووەم :

باوەڕدار دڵنیایە لەوەی خودا حەکیمە ، و هیچ شتێک دانانێت مەگەر لەبەر حیکمەتێکی گەورە نەبێت ، وفەرمان بەهیچ شتێک ناکات لەبەر مەسڵەحەتێکی تەواو یاخود ڕاجح نەبێت ، وەهەروەها ڕێگری لەهیچ شتێک ناکات لەبەر مەسڵەحەتێکی تەواو یاخود ڕاجح نەبێت ، ئیمام ابن کثیر ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە[("البداية النهاية" (٧٩/٦)] دا ، قسەیەکی جوان دەکات ودەڵێت:

شەریعەتی پێغەمبەر ﷺ تەواوترین شەریعەتە، هیچ چاکەیەک نی یە وعەقڵ پەی پێ بردبێت ئیلا فەرمانی پێ کردووە ، وهیچ خراپەیەك نی یە عەقڵ بەخراپی بزانێت ئیلا ڕێگری لێ کردووە ،فەرمانی بەهیچ شتێک نەکردووە بوترێت خۆزگە فەرمانی پێ نەکردبایە وڕێگری لەهیچ شتێک نەکردووە بوترێت خۆزگە ڕێگری لێ نەکردبایە" اهـ .

بەڵام ئەو حیکمەتە هەندێ جار ئێمە دەیزانین ، وهەندێ جار پەی پێ نابەین ، وزۆر جار وایە نایزانین .

سێیەم :

زانایان کۆ دەنگن لەسەر حەرامیەتی ڕۆژوو لەسەر ئافرەتێک لەسوڕی مانگانەدا بێت ، و واجبە لەسەری دواتر بیگرێتەوە ئەوەی کەبەهۆی حەیزەوە نەیگرتووە گەر ڕۆژووەکە واجب بوو وەک ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان .

وەهەروەها کۆ دەنگن لەسەر ئەوەی گەر بەڕۆژوو بێت ڕۆژووەکەی دروست نی یە.

دواتر زانایان جیاوازن لەبارەی حیکمەتی دروست نەبوونی ڕۆژووی ئافرەت کەلەحەیزدا بێت .

هەندێکیان دەڵێن : حیکمەتەکەی نەزانراوە.

إمَام الْحَرَمَيْن دەڵێت : "وَكَوْنُ الصَّوْمِ لا يَصِحُّ مِنْهَا لا يُدْرَكُ مَعْنَاهُ ،فَإِنَّ الطهارةَ لَيسَتْ مشرَ ُوطَةً فِيهَا" اهـ من "المجموع" (٣٨٦/٢).

واتە: بەنیسبەت ئەوەی ڕۆژووی ئافرەت لەحەیزدا بێت دروست نی یە نازانرێت هۆکارەکەی چی یە ، چونکە پاک وخاوێنی مەرج نی یە لەڕۆژوو گرتندا.

هەندێکی تر دەڵێن : حیکەمەتەکەی ئەوەیە (خودا کاتێ ڕێگری کردووە لەئافرەتێک لەحەیزدایە بەڕۆژوو نەبێت)ئەمە ڕەحمەتێکی خودایە بۆی ؛ چونکە دەرچوونی خوێن لاوازی دەکات ، کاتێ کە لەحەیزدایە بەڕۆژوو بێت ئەو دوو جار لاواز دەبێت جارێک بەهۆی حەیزەوە جارێکی تر بەهۆی ڕۆژووەوە ، ڕۆژووش بەم هۆیەوە حیکمەتی لەدەس دەدات ، وڕەنگە ببێتە هۆکاری زیان گەیاندن .

شیخ الإسلام لە [("مجموع الفتاوى" (٢٣٤/٢٥)]دا ،دەڵێت:

باسی حیکمەتی حەیز دەکەین و جێ بەجێ بوونی ئەوە بەپێی قیاس ودەڵێن :

شەریعەتی ئیسلام بەدادپەروەری هاتووە لەهەموو شتێکدا ، و زیادەڕۆی لەعیباداتدا یەکێک لەو شتانەی کەشەرع ڕێگری لێ کردووە وفەرمانی بەوەسەتیەت کردووە لەعیباداتدا، هەر بۆیە فەرمانی کردووە بەوەی زوو ڕۆژوو بشکێندرێت ودرەنگ پارشێو بکرێت وڕێگری کردووە لە ویسال(١)

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (أَفْضَلُ الصِّيَامِ وَأَعْدَلُ الصِّيَامِ صِيَامُ داود عليه السلام كَانَ يَصُومُ يَوْمًا وَيُفْطِرُ يَوْمًا)

واتە: باشترین ڕۆژوو ڕۆژووی پێغەمبەر داودە علیە السلام ڕۆژێک بەڕۆژوو دەبوو وڕۆژێک بەڕۆژوو نەدەبوو .

جا مامناوەند بوون لەعیباداتدا یەکێکە لەگەورەترین مەبەست ومەقسەدی خودا ، هەر بۆیە فەرموویەتی : (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تُحَرِّمُوا طَيِّبَاتِ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكُمْ وَلا تَعْتَدُوا إِنَّ اللَّهَ لا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ) المائدة/٨٧.

واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە، ئەو نازو نیعمەتە چاکانەی کە خوا بۆی حەڵاڵ کردوون لە خۆتانی حەرام مەکەن و لە سنوور دەرمەچن و دەستدرێژیی مەکەن، چونکە بەڕاستی خوا دەست درێژکارانی خۆشناوێت.

وە حەرام کردنی شتە حەڵاڵەکانی کردووە بە پێچەوانەی عەدل و مامناوەندی ، وفەرموویەتی : (فَبِظُلْمٍ مِنَ الَّذِينَ هَادُوا حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ طَيِّبَاتٍ أُحِلَّتْ لَهُمْ وَبِصَدِّهِمْ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ كَثِيرًا)

واتە:بەهۆی زوڵم و ستەمی جوولەکەکانەوەو سەرپێچی کردنی پێغەمبەرانیان هەندێك شتی حەڵاڵ و پاکمان لەسەریان حەرام کرد کە پێشتر بۆیان حەڵاڵ کرابوو ، وە بەهۆی ئەوەی کە ڕێگری و بەربەستیان ئەکرد لە ڕێگای خوای گەورە لە ئیسلام و شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا ﷺ وە لە کوشتنیان بۆ پێغەمبەران.

لەبەر ئەوەی ئەوان ستەم کار بوون سزا دران بەوەی کۆمەڵێ شتی پاکیان لەسەر حەڕام کرا ، بەپێچەوانەی گەلی وەسەت ومامناوەندەوە کە شتی پاکی بۆ حەڵاڵ کردوون وشتی پیسی لەسەر حەڕام کردوون .

جا مادام بەو شێوەیەیە کەسی ڕۆژووەوان ڕێگری لێ کراوە لەوەی شتێک بەکار بێنێت کەدەبێتە هۆکاری بەهێز کردنی وخواردن وخواردنەوە دان پێی ، وەهەروەها ڕێگری کردووە لەوەی شتێک لەلاشەی دەربێنێت کەزیانی پێ دەگەیەنێت ئەمەش لەهەردوو بارەکەدا دەرچوونە لەوەسەتیەت ومامناوەندی . . .

جا ئەوەی کە دەردەچێت دوو جۆرە:

جۆرێکی ناتوانرێت ڕێگری لێ بکرێت وخۆی لێ بپارێزرێت ئائەمە ڕێگری لێ ناکرێت وەک میز وپیسی کەزیان بەڕۆژوو ناگەیەنێت وهەروەها ناتوانرێت خۆی لێ بپارێزرێت .

جا دەرچوونی ئەمانە زیانی پێ ناگەیەنێت بەڵکو قازانجی پێ دەگەیەنێت .

وەهەروەها کاتێ کەڕشانەوە زۆری بۆ هێنا ناتوانرێت خۆی لێ پارێزێت ،وەهەروەها لەش گران بوون بەهۆی خەو بینینەوە ناتوانرێت خۆی لێ پارێزێت ، بەڵام گەر کەسەکە خۆی خۆی ڕشاندەوە ئەوا ڕشانەوە شتێک دەردەدا کەدەبێتە هۆی خواردن وخواردنەوە بەخشین . .

وهەروەها دەستپەڕ(الاسْتِمْنَاءُ) ئەوەی کەبەشەهوەتەوەیە . . جا کەسێک کەلەسوڕی مانگانەدایە دەتوانێت لەو کاتانەدا بەڕۆژوو بێت کە خوێنی نایەت جا ڕۆژووەکەی لەو کاتانەدا ڕۆژووەیەکی دروست وچاکە ، بەڵام بەڕۆژوو بوون لەو حاڵەتەدا دەبێتە هۆکاری لاواز بوونی لاشە ، بۆیە فەرمانی پێ کراوە کاتێک بەڕۆژوو بێت کە لەحەیزدا نی یە" اهـ .

سەرەنجامی ئافرەتی باوەڕدار لەبەهەشتدا ئەگەر پێش شوکردنی بمرێت چیە؟

ئەگەر شووی نەکردبێت ئەوا خوای گەورە لەبەهەشتدا مێردی بۆ دادەنێت: [إِنَّا أَنْشَأْنَاهُنَّ إِنْشَاءً فَجَعَلْنَاهُنَّ أَبْكَارًا عُرُبًا أَتْرَابًا] (الواقعة: ٣٥-٣٧).

بەڵام لەوانەیە پێم بڵێن: ئایا ئێمە لە دوعای نوێژی مردودا نڵێین: (أَبْدِلْهَا زوجاً خيراً مِنْ زوجِها).

واتە: خوایە مێردەکەی لەبەهەشتدا بۆ بگۆڕە بە مێردێکی باشتر لەوەی خۆی؟ بەڵام ئەمە ئاڵۆزە، چونکە ئەگەر شوی کردبێت چۆن دەڵێین: خوایە مێردەکەی لەبەهەشتدا بۆ بگۆڕە بە مێردێکی باشتر لەوەی خۆی؟ وە ئەگەر شووی نەکردوە کوا مێردەکەی؟

دەڵێین: شووی نەکردووە مەبەست لەپارانەوەکە ئەوەیە کە مێردەکەی بۆ بگۆڕە بە باشتر لەو مێردەی کە بۆی دیاری کرابوو ئەگەر بمایاو نەمردایا، وە ئەگەر مێردی هەبێت ئەوا مەبەست ئەوەیە کە سیفاتی مێردەکەی بۆ بگۆڕە بە باشتر لە سیفاتەکانی دونیای، چونکە گۆڕان جاری وا هەیە بە گۆڕانی خودی شتەکە دەبێت وەکو چۆن مەڕێك بگۆڕیت بە وشترێك، وە جاری وا هەیە بە گۆڕینی وەسفەکان دەبێت وەکو دەڵێیت: خوای گەورە کوفری ئەم پیاوەی گۆڕی بۆ باوەڕ، هەروەها وەکو خوای گەورە دەفەرمێت:

[يَوْمَ تُبَدَّلُ الْأَرْضُ غَيْرَ الْأَرْضِ وَالسَّمَوَاتُ] [إبراهيم: ٤٨] . واتە: ڕۆژی قیامەت زەوی و ئاسمانەکان دەگۆڕێت بۆ جگە لەم زەوی‌و ئاسمانانە،

لەگەڵا ئەوەی زەوی هەمان زەوی یە بەڵام درێژ کراوەتەوە، وە ئاسمان هەمان ئاسمانە بەڵام لەت بووە((لقاء الباب المفتوح، رقم: ٣، ص٢٣-٢٤).).

لە فەتواکانی زانای پایەبەرز الشيخ محمد بن صالح العثيمين (رحمه الله)

* * * * * * *

ڕوونکردنەوەی فەرموودەی (ناقصات عقل ودين)

پرسیار:

هەموو دەمێك ئەو فەرموودە پیرۆزە دەبیسین کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) تیایدا فەرموویەتی: "النساء ناقصات عقل ودين"، وە هەندێك لە پیاوان ئەم فەرموودەیە بە کار دێنن بۆ خراپەکاری لەگەڵ ئافرەتاندا، جا داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە واتای ئەم فەرموودەیەمان بۆ ڕۆشن بکەنەوە ؟

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

واتای فەرموودەکەی پێغەمبەر (ﷺ) کە فەرموویەتی: " ما رأيت من ناقصات عقل ودين أغلب للب الرجل الحازم من إحداكن ! فقيل يا رسول الله: ما نقصان عقلها ؟ قال: أليس شهادة المرأتين بشهادة رجل ؟ قيل: يا رسول الله: ما نقصان دينها ؟ قال: أليس إذا حاضت لم تصل ولم تصم " واتە: نەم بینیوە کەم عەقڵا و کەم دینی وەکو ئێوە کە هۆشی پیاوی کارامە لە سەر بیات ! وترا ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) باشە کەم عەقڵی ئافرەتان لە چیدایە ؟ پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: باشە شایەتی دانی دوو ئافرەت بەرانبەر بە شایەتی دانی یەك پیاو نی یە ؟ وترا ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەم دینی ئافرەتان لە چیدایە ؟ فەرمووی: باشە ئەگەر کەوتە ناو بێنوێژیەوە واز لە نوێژ و ڕۆژو ناهێنێت ؟

پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەی ڕوون کردووەتەوە کە کەمی عەقڵی ئافرەتان لە ڕووی بیرهێزی لە بەر کردن و بە ئاگا بوونیانە و شایەتیدانیان بە شایەتی

ئافرەتێکی تر پڕدەکرێتەوە، وە ئەمەش بۆ رێکخستنیی شایەتیدانە، چونکە ئافرەت هەندێك جار شتی لە بیر دەچێت و شت زیاد دەکات یان کەمی دەکات بۆ سەر شایەتی دانەکەی، وەك خوای پاك و بێ گەرد فەرموویەتی: [وَاسْتَشْهِدُواْ شَهِيدَيْنِ من رِّجَالِكُمْ فَإِن لَّمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّن تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاء أَن تَضِلَّ إْحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الأُخْرَى] : [سورة البقرة: ٢٨٢] واتە: دوو پیاو لە خۆتان بکەن بە شایەت وە ئەگەر نەبوون ئەوا پیاوێك و دوو ئافرەت لەو شایەتانەی کە پێیان ڕازی دەبن بۆ ئەوەی ئەگەر یەکێکیان لە بیری چوو ئەوەی تریان بیری خاتەوە.

وە کەم دینی ئافرەت لە بەر ئەوەیە لە کاتی بێنوێژی و زەیسانیدا واز دێنێت لە نوێژ و ڕۆژوو، وە نوێژ بە قەرز ناگێڕێتەوە ئەمەش کەم دینی یە بۆ ئافرەت، بەڵام ئەم کەمی یە ئافرەتانی لە سەر تاوانبار ناکرێت، بەڵکو ئەم کەمی یە بەپێی شەرعی خوای گەورە هاتووتە دی، ئەم کەمی یە خوا بۆی داناوە چونکە بەزەیی بە ئافرەت هاتووەتەوە و کارئاسانی بۆ کردووە، چونکە ئەگەر ڕۆژوو بگرێت لە کاتی بێنوێژی و زەیسانیدا ئەوا زەرەری پێدەگات، خوای گەورە بەڕەحمی خۆی بەحەڵاڵی داناوە ئافرەتان لەکاتی حەیز و زەیسانیدا ڕۆژوو نەگرن و پاشان بەقەزا بیگرنەوە، بەڵام نوێژ لەکاتی حەیزدا قەدەغەکارێکی هەیە، بەڕەحمی خوا بۆ ئافرەت لەکاتی حەیزدا حەڵاڵ کراوە نوێژ نەکات هەروەها لەکاتی زەیسانیدا، پاشان شەرع وایە کە ئافرەت لەم حاڵەتەدا قەزای نوێژ نەکاتەوە، چونکە قەزاکردنەوەی نارەحەتی زۆر تێدایە چونکە نوێژ لە شەو و ڕۆژێکدا پێنج جار دوبارە دەبێتەوە، لەکاتێکدا حەیز

چەند ڕۆژێك دەخایەنێت، دەگاتە حەوت یان هەشت ڕۆژ یان زیاتر، زەیسانی جاری واهەیە دەگاتە چل ڕۆژ بۆیە ڕەحم و چاکەی خوایە بەرامبەر ئافرەتان کە کردن و قەزاکردنەوەی نوێژی لەسەر هەڵگرتوون.

لێرەوە دەرکەوت کە کەمی ژیری و دیانەتی ئافرەتان لە هەموو شتێکدا نییە بەڵکو تەنها لەوەدایە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕونی کردۆتەوە کە ناتەواوی ژیری ئافرەتان لەوەدایە کە ناتوانن شایەتیدانیان کۆك بکەن و بەباشی ئەنجامی بدەن، وەناتەواوی دیانەتیان لەوەدایە کە بە هۆی نەکردنی نوێژ و ڕۆژوو لەحاڵەتی حەیز و زەیسانیدا توشیان دەبێت، ئەمەش مانای ئەوە نییە ئافرەتان لە هەموو شتێکدا لە پیاوان کەمترن و پیاوان لەوان چاکتربن، بەشێوەیەکی گشتی پیاوان لە ئافرەتان باشترن لە بەر چەندەها هۆکار، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: [الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاء بِمَا فَضَّلَ اللّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنفَقُواْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ] بەڵام هەندێ جار ئافرەتی واهەیە لەچەندین شتدا لە هەندێ لە پیاوان چاکتر دەبێت، چەندەها ئافرەتان هەن لە چەندین لە پیاوان ژیر و دیندارتر و کار دروستربن، تەنها ئەوە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) سەلمێنراوە کە بەگشتی ئافرەتان لەم دووشتەی باسکران کەمترن لەپیاوان وەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕونیکردۆتەوە، ئافرەتی وا هەیە ئەوەندەچاکەی زۆر دەبێت لە زۆر لە پیاوان چاکتر دەبێت لە کردەوە و تەقوا و پلە و پایەی لە ڕۆژی دواییدا، جاری واهەیە بایەخ دەدات بەشتگەلێك و داکۆکی دەکات چاکتر لە هەندێ لە پیاوان کە زۆر هەوڵدەدەن و بایەخدەدەن، تەنانەت لە مێژووی ئیسلامدا دەبێتە مەرجەعێك ئەمەش

ڕوونە بۆ کەسێك تێبفکرێت لەحاڵی ئافرەتان لە سەردەمی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، و سەردەمی هاوەڵان، بەم ڕوونکردنەوە ئەوە دەزانرێت کە ئەم کەم و کوڕییە قەدەغەی ئەوە ناکات ڕیوایەتیان وەربگیرێت و شایەتی دانیان ئەگەر دوانبن وەربگیرێت، زۆر ئاساییەو قەدەغەشنابێت تەقوا دار و چاکترینی بەندەکانی خوا بێت ژنان و پیاوان ئەگەر بێتو بەردەوام بێت لە سەر دینداری خۆی با نویژو ڕۆژووش نەکات لە کاتی حەیز و زەیسانیدا، کە وابوو دروست نییە بۆ هیچ ئیماندارێك تانەو تەشەریان لێبات و بە ناتەواویان بزانێت لە هەموو شتێکدا پێویستە ڕوون بکرێتەوە و فەرمودەکەی پێغەمبەری خوایش (ﷺ) بە باشترین بار تەفسیر بکرێت، وە خوای پایە بەرزیش زاناترە.

فتاوى الشيخ ابن باز رحمه الله، المجلد الرابع / معنى نقص العقل والدين عند النساء.

وەرگێڕانی: مامۆستا خليل أحمد

کاتێ ئافرەت شوو دەکات ، بۆ دەبێ فەرمانی پیاو جێ بەجێ بکات ؟ حیکمەت چیە لەمەدا؟

واجبە لەسەر کەسی موسوڵمان کاتێ حوکمێکی شەرعی بۆ ڕوون دەبێتەوە یەکسەر باوەڕی پێ بێنێت و تەسلیمی ببێت هەرچەندە هەندێ جار حیکمەت و هۆکارەکەشی نەزانێت ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : (وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْراً أَنْ يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلالاً مُبِيناً) الأحزاب/٣٦ .

واتە : وە بۆ هیچ باوەڕدارێکی پیاو و ئافرەت حەڵاڵ نیە کە کاتێك خواو پێغەمبەری خوا - ﷺ - بڕیارێك بدەن ئەوان سەرپشك بن لەوەی کە شتێکی تر هەڵبژێرن، بەڵکو پێویستە لەسەریان پابەندی گوێڕایەڵی فەرمانی خواو پێغەمبەری خوا بن - ﷺ [وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ] وە هەر کەسێك سەرپێچی خواو پێغەمبەری خوا - ﷺ - بکات [فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُبِينًا (٣٦)] ئەوە گومڕا بووە گومڕابوونێکی زۆر ئاشکرا .

وە موسوڵمان دڵنیایە کە حوکمە شەرعیەکان بێ حیکمەت نین و جوانترین حیکمەتیان تیادایە ، بەڵام ڕەنگە هەندێ جار حیکمەتەکەی دیار و ئاشکرا نەبێت ، جا لەم حاڵەتەدا باوەڕدار دەزانێ نەزانینی حیکمەتی ئەو

شتانە لە کەم و کورتی عەقڵی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە نەک ئەسڵی بابەتە شەرعیەکە حیکەمەتی تێدا نەبێت .

وە کاتێک پیاو و ئافرەتێک کۆدەبنەوە و زەواج دەکەن و بەیەکەوە دەژین ، بێگومان بەدەر نابێت لەجیاوازی و موشکیلە ؛ بۆیە پێویستە لەم حاڵەتەدا لایەک هەبێت ئەم کێشانە بەلایەکدا بخات و بن بڕی بکات ، گەر نا موشکیلەکان زۆر دەبن ، (هەروەک لەهەموو دام دەزگایەکدا کەسی بەڕێوەبەر هەن و کێشەکان یەکلا دەکەنەوە)بۆیە پێویستە لەم حاڵەتەدا کەسێک هەبێت سەرپەرشتی ئەم کەشتی یە بکات گەر نا هەموان غەرق دەبن و لەناو دەچن لەکاتی جیاوازی سەرنشینانداا ، کاتێک کەسێک نەبێت سەرپەرشتیان بکات .

هەر بۆیە شەرع توانا و هێزی بەپیاو بەخشیوە لەماڵدا ؛ چونکە (زۆر جار) پیاو عەقڵی کاملّ تر لەئافرەت ، وئەمەش ئەوە دەگەیەنێت پێویستە ئافرەت گوێ ڕایەڵی پیاو بکات ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی :

[الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ] پیاوان سەرپەرشتیارو باڵادەستن بەسەر ئافرەتانەوە [بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ] بەهۆی ئەوەی کە خوای گەورە فەزڵی هەندێکیانی داوە بەسەر هەندێکیاندا فەزڵی پیاوی داوە

بەسەر ئافرەتدا لەبەر ئەوەی بەهێزترە وە توانای ئیشوکاری زیاترە [وَبِمَا أَنْفَقُوا مِنْ أَمْوَالِهِمْ] وە بەهۆی ئەوەی کە لە ماڵی خۆیان ئەبەخشن، وە مارەیی و نەفەقەی ئافرەت لەسەر پیاوە پیاوان نەفەقەی ئافرەتان ئەکەن .

وە هۆکارەکانیشی دەگەڕێتەوە بۆ :

یەکەم : پیاوان بەتوانا ترن لەسەر تەحەمول کردنی ئەم بەرپرسارییەتی یە ، هەر وەک چۆن ئافرەت بەتوانا ترە لەپیاو لەپەروەردەکردنی منداڵ و ڕێک خستنی کار و باری ماڵ ، هەریەکێک لەپیاوان و ئافرەتان گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە و لەبواریکدا بەتوانا و بەهێزن .

دووەم : لەئیسلام دا پیاو بەر پرسە لەپەیدا کردنی قوتی ڕۆژانە و مەسرەف کردنی ماڵ و منداڵ ، جا لەئیسلامدا پێویست نی یە لەسەر ئافرەت کار بکات و بەدوای ڕیزقدا بگەڕێت ، بەڵکو تەنانەت گەر ماڵیشی هەبوو و دەوڵەمەندیش بوو هەر پێویستە پیاو مەسرەفی بکات ئەوەندەی کەپێویستیەتی .

جا مادام پیاو بەرپرسیاریەتی مەسرەف کردنی لەسەرە هەر بۆیە بەڕێوەبردنی کار و باری ماڵ بۆ ئەوە .

هەر بۆیە بەچاوی خۆمان ئەو فەوزایە دەبینین لەو وڵاتانەی کەپێچەوانەی ئەمە دەکەن کەباسمان کرد ، لەو وڵاتانەدا پیاو بەر پرس نی یە لە مەسرەف کردن ، و ئافرەت پابەند نی یە بە گوێڕایەڵی مێردەوە ، و لەماڵ دەردەچێت هەر کاتێک بیەوێت و ماڵ بەجێ دێڵێ و منداڵان تووشی جۆرەها شتی نەشیاو دەبن و سەر گەردان دەبن .

جا لەو وڵاتانەدا پێویستە لەسەر ئافرەت هەوڵ بدات و خۆی هیلاک بکات بۆ پەیدا کردنی قوتی ڕۆژانەی گەر لەسەر حیسابی ماڵ و منداڵەکانیشی بێت .

جا لێرەدا ئەو شتانەی کە پێویستە ڕەچاو بکرێت و لەبیر نەکرێت ئەمانەی لای خوارەوەن :

یەکەم : ئافرەت پاداشت دەدرێتەوە لەسەر گوێڕایەڵی مێردەکەی .

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: (المرأة إذا صلت خمسها، وصامت شهرها، وأحصنت فرجها، وأطاعت زوجها، فلتدخل من أي أبواب الجنة شاءت).

واتە: گەر ئافرەت پێنج نوێژە فەرزەکانی بەجێ هێنا و مانگی ڕەمەزان بە ڕۆژو بو، داوێنی خۆی لە خراپەکاری پاراست و فەرمانبەری

مێردەکەی بکات لە چاکە، ئەوا با لە هەر دەرگایەکی بەهەشت دەچێتە ژوور کە خۆی ئارەزوی لێیەتی بچێت.

دووەم : ئەم گوێڕایەڵی کردنە لەشتێکدایە کە بێ فەرمانی خودای تێدا نەبێت ، هەروەک پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: " لا طاعة لمخلوق في معصية الخالق " .

واتە : گوێڕایەڵی هیچ کەسێک ناکرێت لەبێ فەرمانی خوادا .

سێ یەم : هەروەک چۆن پیاو مافی هەیە بەسەر ئافرەتەوە بەهەمان شێوە ئافرەتیش مافی خۆی هەیە بەسەر پیاوەوە و شەرع فەرمانی بە پیاوان کردووە بەجوانترین شێوە هەڵس و کەوت لەگەڵ ئافرەتاندا بکەن ، هەروەک خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوف ...﴾ البقرة/٢٢٨.

واتە : وە چۆن پیاوان مافیان لەسەر ئافرەتان هەیە بەهەمان شێوە ئافرەتانیش مافیان لەسەر پیاوان هەیە

نابێ پیاو توند بێ لەگەڵ ئافرەتدا و ستەمی لێ بکات و فەرمانی دژواری پێ بکات ، بەڵکو پێویستە بەحیکمەتەوە سەرپەرشتی بکات و فەرمانی بەنەرم نیانی بەو شتانە پێ بکات کە قازانجی بۆ خۆی و خێزانەکەی و ماڵ و منداڵی هەیە و دەبێت .

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : " خیرکم خیرکم لأهله وأنا خیرکم لأهلي ".

واتە : باشترینتان باشترینتانە بۆ خێزانەکەی ومن باسترینتانم بۆ خێزانەکەم .

* * * * * * * *

پرسیارە باوەکان
سەبارەت بە ئافرەتان

ئایا برۆ کردن حەرامە؟

بسم الله الرحمن الرحيم

برۆ کردن : بە هەموو شێوەیەك حرامە و یەکێکە لە تاوانە گەورەکان (الکبائر)، ئەمەش چ بە هەڵکێشانی بێت یان بە لـێ گرتنی بێت یان بە باریك کردنەوەی بێت یان بە تەنك کردنەوەی بێت یان بە هەر شێواز و جۆرێك بێت حەرامە تەنها لە یەك حاڵەتدا نەبێت ئەویش ئەوەیە: ئەگەر برۆی ئافرەت (تەنانەت هی پیاویش) ئەوەندە دێژ و زۆر بوو کەوا دیمەنی ئاسایی کەسەکە بشێوێنێت و ئازاری دەروونی بدات یان ئەگەر شۆڕببێتەوە بۆ سەر چاوی ئەوا تەنها لەم حاڵەتەدا دروستە ڕێکی بکاتەوە نەك بە مەبەستی جوانکاری و خۆڕازاندنەوە بەڵکو بۆ ڕێك کردنەوە.

ئەمەش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کەوا (ابن مسعود) دەیگێڕێتەوە و فەرموویەتی:: ((لعن الله الواشمات والمستوشمات والنامصات والمتنمصات والمتفلجات للحسن المغيرات خلق الله)) صحيح مسلم رقم: (٢١٢٥).

واتە: خوا لەعنەتی کردووە لەو ئافرەتانەی کەوا خاڵادەکوتن و ئەوانەش کە داوادەکەن خاڵیان بۆ بکوترێت، وە لەو ئافرەتانەش کەوا برۆ دەکەن و ئەوانەش کە داوادەکەن برۆیان بۆ بکرێت، وە لەو ئافرەتانەش کەوا

بەینی ددانەکانیان دەکەنەوە بۆ جوانکاری و گۆڕان بەسەر دروستکراوی خوادا دێنن.

قال أبو داود: (وَالنَّامِصَةِ: الَّتِي تَنْقُشُ الْحَاجِبَ حَتَّى تُرِقَّهُ، وَالْمُتَنَمِّصَةِ الْمَعْمُولُ بِهَا.

قَالَ الْفَرَّاءُ: النَّامِصَةُ الَّتِي تَنْتِفُ الشَّعَرَ مِنَ الْوَجْهِ وَمِنْهُ قِيلَ لِلْمِنْقَاشِ الْمِنْمَاصُ لأَنَّهُ يُنْتَفُ بِهِ) سنن البيهقي: (٢ / ٣٣٢)

واتە: (النَّامِصَة) ئەو ئافرەتەیە کەوا برۆ دەکات و هەڵیدەکێشێت تاوەکو تەنک و باریک ببێتەوە.

وە (الْمُتَنَمِّصَة)ش ئەو ئافرەتەیە کەوا داوادەکات برۆی بۆ بکرێت و بۆی هەڵبکێشرێت لە لایەن (برۆلابەرەوە).

وە (الْفَرَّاءُ) فەرموویەتی: (النَّامِصَة) ئەو ئافرەتەیە کەوا موویی ڕوومەت هەڵدەکەنێت، وە لەمەوە بە (موومەڵکێش / الْمِنْقَاش) وتراوە: (موومەڵکەن / الْمِنْمَاص) چونکە موویی پێهەڵدەکەنرێت.

وە زانایانی (لیژنەی هەمیشەیی بۆ فەتوادان و لێکۆڵینەوەی زانستی لە وڵاتی سعودیێ) فەرموویانە: (النمصُ: الأخذ من شعر الحاجبين وهو لا يجوز، لأنَّ الرسول ﷺ لعن النامصة والمتنمصة).

واتە: (نَمص) بریتییە لە (گرتن لە مووی هەردوو برۆ) ئەمەش دروست نییە چونکە پێغەمبەر ﷺ لەعنەتی کردووە لەو ئافرەتانەی کەوا برۆ دەکەن (برۆلابەر) و ئەوانەش کە داواەدەکەن برۆیان بۆ بکرێت (برۆلابراو).

هەروەها فەرموویانە: (لا یـجوز حلق الـحواجب ولا تخفیفها، لأن ذلك هو النمص الذي لعن النبي ﷺ مَنْ فعلته أو طلبت فعله).

واتە: تاشن و کەم کردنەوەی برۆکان دروست نییە چونکە ئەمە بریتییە لە (برۆکردن) کەوا لەعنەتی کردووە لەو ئافرەتانەی کەوا دەیکەن (برۆلابەر) و لەوانەش کە داواەدەکەن برۆیان بۆ بکرێت (برۆلابراو).

هەروەها شێخ ئەلبانی سەبارەت بە فەرموودەی ((لعن الله النامصات والمتنمصات)) فەرموویەتی:(وفي آخرِه بیان العلة: " المغیرات خلق الله" فهذا فیه دلیل علی أنَّ سبب اللعن لیس‌الکثرة أو القلة، وإنمَّا هو تغییر خلق الله، فإذا نتفت الـمرأة شیئاً من حاجبها فقط انطبق علیها اللعن لأن العلة مقرونة بما فعلت).

واتە: (خوا لەعنەتی کردووە لەو ئافرەتانەی کەوا برۆ دەکەن و لەوانەش کە داواەدەکەن برۆیان بۆ بکرێت) وە لە کۆتایی فەرموودەکەدا هۆی ئەمەی روون کردووەتەوە: (گۆڕان بەسەر دروستکراوی خوادا دێنن) ئەمە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کەوا هۆی لەعەنەت کردنەکە زۆری و کەمی برۆ کردن نییە بەڵکو لەبەر گۆڕان هێنانە بەسەر دروستکراوی خوادا، جا

ئەگەر ئافرەت بەس شتێك لە برۆی هەڵکەنێت ئەوا بەر لەعنەت دەکەوێت چونکە هۆکارەکە (گۆڕان) هاوشانە لەگەڵا ئەوەدا کە کردوویەتی.

هەروەها شێخ فۆزان سەبارەت بە فەرموویەتی: (تَهذيب شعر الـحواجب هو النمص الـمحرم ملعون فاعله، وتخصيص الـمرأة لأنَّها هي التي تفعله غالباً للتجمل).

واتە: پوختکردنی مووی برۆکان بریتی یە لە (نمَص / برۆکردن) کە حەرامە و بکەرەکەی لەعنەتی لێکراوە، وە تایبەت کردنی ئافرەت بەمە لەبەر ئەوەیە کەوا زۆربەی جار ئافرەت ئەم کارە دەکات بە مەبەستی جوانکاری.

وە بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەم بابەتە بڕوانە کتێبی (فتاوى الـمرأة الـمسلمة لاپەڕە: ٤٤٥ ـ ٤٤٦).

لە لایەن مامۆستا (محمد عبدالرحمن) ە وە وەڵام دراوەتەوە

زۆرێک لە ئافرەتان سەردانی ئارایشتگاکانی جونکاری دەکەن ئایا حوکمی ئەمە چیە وە ئایا کارکردن تێیدا حەرامە؟

سوپاس و ستایش بۆخودای گەورە

ئارایشتگای جوانکردنی ئافرەتان بێ کەم وکوڕی نیە لەتاوان وسەرپێچی شەرعی

لەو سەرپێچی و تاوانانەش ئەمانەی خوارەوەن :

یەکەم : هەڵگرتنی مووی برۆکان ، وە خاڵ کوتان لەسەر لاشە ، وە باروکەو قژی دەستکرد دانان بۆ ئافرەتان .

دووەم : بەکارهێنانی دەرمان و شتی کیمیاوی کە زیانی هەیە بۆلاشەو دەم وچاو.

سێهەم : جوانکردنەوەی ئافرەتی سفورو ڕووت ، یاخود حیجابێک کە دەم وچاو دەربخات ، ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆیارمەتیدان لەسەر تاوان و سەرپێچی لەسەر ڕووتی ، وە هۆکاریشە بۆ دەرخستنی جوانی بۆ کەسانی نامەحرەم .

چوارەم : دەرکەوتنی جێگای عەورەت وشەرمنگای ئافرەت لەکاتی لابردنی تووکی لاشەیان لەو جێگانە ، یاخود لەکاتی لەبەرکردن وپۆشینی جل وبەرگی بوکێنی ، کە زۆربەی جار ڕووت و نابەجێیە.

پێنجەم : بڕینی پرچ و ڕەنگکردنی بەشێوازێک کە لاسایی ئافرەتانی بێباوەڕو تاوانکارانە.

شەشەم : بەکارهێنانی نینۆک وبرژانگی دروستکراوو خواستراو.

حەوتەم : بەکارهێنانی بۆنێکی زۆر سەرسامکەرو سەرنج ڕاکێش بۆئافرەتان کە دەبێتە مایەی سەرنج ڕاکێشان بۆلای ئافرەتان.

هەشتەم : هەندێجار پیاوان هەڵدەستن بەجوانکردنی ئافرەتان ، ئەمەش خراپەیەکی زۆر ناشیرینە..

بۆیە ئەگەر هاتوو ئەو ئارایشتگایانە لەهەموو ئەو سەرپێچییانە بەدووربێت ، ئەو کات دروستە ببیتە خاوەنی ، وە کاریشی تێدا بکەیت ، ئەگەر وانەبوو دروست نیە ببیتە خاوەنی و بەکرێ بیگریت و بیدەیتە کرێ ، وە حەرامیشە کاری تێدا بکەیت ، وە بەداخەوە ئارایشتگایەک نابینی کە لەم تاوانانەی تێدا نەبێت .

* * * * * * *

پۆشاکی ئافرەتان لە ناو نوێژدا دەبێت چۆن بێت؟

الحمد لله وحده، و الصلاة والسلام على من لا نبي بعده.و بعد:

هەندێك لە ئافرەتان وا دەزانن نوێژکردن تەنها بریتیە لە ڕوو کردن لە قیبلە و ئەنجامدانی چەند جوڵەیەك و خوێندنەوەی چەند ئایەت و زیکرێك، دەبینین ئەم بیرکردنەوەیە وایان لێدەکات گرنگی نادەن بەوەی کە پێویستە چ جۆرە پۆشاکێك لەبەر بکەن بۆیە گوێ نادەنێ تەسك بێت یان تەنك بێت یان بەشێك لە پرچیان یان قاچیان یان قۆڵیان بەدەرەوە بێت، لەکاتێکدا ئافرەت هەموو جەستەی عەورەتە.

جا بابزانین پۆشاکی ئافرەتان دەبێت چۆن بێت لە ناو نوێژدا

١ ـ پێویستە ئافرەت لە نوێژدا پۆشاکێك لەبەر بکات هەموو جەستەی داپۆشێ جگە لە ڕومەت و هەردوو دەستی لەسەر ڕای دروست و پەسەندی زانایان.

ئەمەش بەبەڵگەی فەرمودەی پەیامبەری خوا (ﷺ) کە فەرموویەتی: " يا أسماء إن المرأة إذا بلغت المحيض لم يصلح أن يرى منها شيء إلا هذا وهذا - وأشار إلى وجهه وكفيه " حسنه الألباني في صحيح الجامع، برقم: (٧٨٧٤).

واتە: ئەی ئەسماء ئەگەر ئافرەتی موسڵمان گەشتە تەمەنی باڵغ بوون نابێت جگە لە دەستەکان و ڕوومەتی زیاتر دەرکەوێت

٢ ـ پێویستە سەرپۆشێکی باش بدات بەسەریا کە تەنك نەبێت وە هێندە گەورە بێت هەموو سەری داپۆشێ بە شێوەیەك هیچ لە پرچی بە دەرەوە نەبێت، بەڵگەی ئەمەش ئەو فەرمودەیەی دایکە عائیشە گێڕاویەتەوە کە پەیامبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: (لا يقبلُ الله صلاةَ حائض إلا بخمار) صحيح أبي داود - (٢٠٦/٣)

واتە: خوا نوێژی ئافرەتی باڵغ بوو وەرناگرێت ئیللا بە سەرپۆشەوە نەبێت.

٣ ـ نابێت بە پۆشاکی تەنکەوە نوێژ بکەن ئەگەر چی فراوانیش بوو چونکە وەکو ڕووت وایە بەڵگەشمان وتەی پەیامبەری خوایە (ﷺ) کە فەرمویەتی:(سيكون في آخر أمتي نساء كاسيات عاريات ...) رواه الطبراني في المعجم الصغير بسند صحيح. واتە: لە ئاخری ئوممەتەکەم هەندێك ئافرەت هەن بەناو داپۆشراون بەڵام لە ڕاستیدا ڕووتن.

ابن عبد البر ئەفەرموێت: مەبەستی پەیامبەری خوا (ﷺ) ئەو ئافرەتانەیە کە پۆشاکی تەنك و ناسك دەکەنە بەر ئەو جۆرە پۆشاکە لە ڕاستیدا لەش دەردەخات، نەك ئەوەی کە دای بپۆشێت، ئەو جۆرە ئافرەتانە بە ناو داپۆشراون،

٤ ـ نابێت بە پۆشاکی تەسکەوە نوێژ بکەن وەك (فانیلە و پانتۆڵ و تراکسوت و هاوشێوەکانیان) چونکە قەبارەی جەستەیان دەردەخات ،

هەروەك لە هشام بن عروە ئەفەرموێت: کاتێك کە (منذر) ی کوڕی (زبیر) لە عێراق گەڕایەوە پۆشاك و بەرگێکی لە جۆری (مرویَّة و ، و قوهیة) ی نارد بۆ (أسماء) ی کچی (أبو بکر) ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە (أسماء) چاوەکانی لە دەست دابوو، واتە: نابینا بوو: ڕاوی دەڵێت: کە (أسماء) دەستی دا لە پۆشاکەکە، فەرمووی: ئۆف بۆ ئەم پۆشاکە، پۆشاکەکەی بۆ بگەڕێننەوە، (منذر) یش ئەوەی زۆر لەلا گەورەو گران بوو، بۆیە فەرمووی: ئەی دایکی بەڕێزم ئەوە تەنك نییە بۆ ئەوەی لەش دەربخات، ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی: ئەگەر لەشی تێدا دەرنەکەوێت، خۆ قەبارەی لەش دەردەخات.

وە زۆرێك لە زانایان کۆڕان لەسەر ئەوەی ئەو پۆشاکەی کە واجبە ئافرەتان لە نوێژدا لەبەری بکەن بریتیە لە (درع وخمار)

واتە: ئەو پۆشاکەی مەرجی حیجابی شەرعی تێدا بێت لەوانەش: فراوان بێت و تەسك و تەنك نەبێ و هاوشێوەی جلی بێ باوەڕان و پیاوان نەبێ.

لەگەڵ سەرپۆشدا.دەبینیت یەکێکیان دەچێتە نوێژەوە و پرچی یان بەشێك لە پرچی یان لە قۆڵی یان قاچی بەدەرەوەیە لەم کاتەدا لەسەریەتی ـ لای زۆربەی زانایان ـ نوێژەکەی دوبارە بکاتەوە

٥ ـ سەبارەت بە پێکانی ئافرەت بەهەمان شێوە بە عەورەت دەژمێردرێن، و پێویستە دابپۆشرێن .

پرسیار کرا لە ئیمامی أحمد رحمه الله :

ئافرەت لە چەند پۆشاکدا نوێژ بکات ؟ فەرموی: بەڵای کەمەوە: کراسێك و سەرپۆشێك، وە قاچەکانی داپۆشێت وە کراسەکە ئەوەندە درێژ بێ پێکانی داپۆشی

هەروەها لەم بارەیەوە زانای پایە بەرز شێخ ابن باز رحمه الله ئەفەرموێت:

دەرخستنی قاچەکان لە نوێژدا بۆ ئافرەتان لای زۆربەی زانایان جائز نیە و نوێژەکەی پوچەڵ دەکاتەوە. بۆیە ئەگەر ئافرەت نوێژی کرد و قاچەکانی بە دەرەوە بوون واجبە لە سەری نوێژەکەی دوبارە بکاتەوە لای زۆربەی زانایان

کەواتە پێویستە لەسەر ئافرەتان لە نوێژدا پۆشاکێکی فراوانی ئەستور لەبەر بکەن هێندە شۆڕ بێت قاچەکانیشیان داپۆشێت، وە سەرپۆشێکی باش بدەن بە سەریاندا. ئەمە پۆشاکی شەرعی ئافرەتانە لە ناو نوێژدا.

ماوەتەوە بڵێیم:

خوشکی ئیماندار ئەوەت بیر نەچێت لە نوێژکردنت دا تۆ گفتوگۆ لەگەڵ پەروەردگارت دەکەیت، پۆشاکێك لەبەر مەکە ببێتە هۆی تورەبونی پەروەردگار لێت،بەڵکو پۆشاکێك لەبەر بکە شایستە بێت بەو کاتەی تۆ تیایدای کە نوێژکردنە، مەرجەکانی پۆشاکی شەرعیشمان بە کورەتی لەم نوسراوەدا باس کرد تۆیش تەنها ئەوەت لەسەرە جێبەجێی بکەی.

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

* * * * * * *

ئایا ئافرەتان دەتوانن بچنە حەمام (گەرماو) موە گشتی یەکانەوە ؟وە حوکمی چوونی بوک بۆ صاڵۆن و خۆ ڕازاندنەوە بە خەنە چی یە؟

الحمدُ لله ربِّ العالمين، والصلاة والسلام على مَن أرسله اللهُ رحمةً للعالمين، وعلى آله وصحبه وإخوانه إلى يوم الدِّين، أمَّا بعد:

بەنیسبەت چوون بۆ حەمام دروست نی یە بۆ ئافرەتان ؛ بەبەڵگەی ئەم فەرموودەیەیی پێغەمبەر صلَّى الله عليه وسلَّم: «وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللهِ وَاليَوْمِ الآخِرِ فَلَا يُدْخِلْ حَلِيلَتَهُ الحَمَّامَ»[1]، واتە : هەرکەسێک باوەڕی بەخوا و بەڕۆژی دوایی هەیە با خێزانەکەی نەبات بۆ حەمام .

وە ئەم فەرموودەیە: «الحَمَّامُ حَرَامٌ عَلَى نِسَاءِ أُمَّتِي»[2]، واتە : حەمام حەڕامە لەسەر ئافرەتانی ئومەتەکەم .

---

[1] أخرجه الترمذيُّ في «الأدب» بابُ ما جاء في دخول الحمَّام (٢٨٠١)، وأحمد (١٤٦٥١)، مِن حديث جابرٍ رضي الله عنه. وحسَّنه الألبانيُّ في «صحيح الجامع» (٦٥٠٦)، وصحَّحه في «صحيح الترغيب والترهيب» (١٦٤) و«آداب الزفاف» (٦٧).

[2] أخرجه الحاكم (٧٧٨٤) مِن حديث عائشة رضي الله عنها. وحسَّنه الألبانيُّ في «صحيح الجامع» (٣١٩٢)، وصحَّحه في «السلسلة الصحيحة» (٣٤٣٩).

وەئەم فەرموودەیە : «وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، مَا مِنِ امْرَأَةٍ تَضَعُ ثِيَابَهَا فِي غَيْرِ بَيْتِ أَحَدٍ مِنْ أُمَّهَاتِهَا إِلَّا وَهِيَ هَاتِكَةٌ كُلَّ سِتْرٍ بَيْنَهَا وَبَيْنَ الرَّحْمَنِ»[٣]

واتە : سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە ، هەر ئافرەتێک جلەکانی لەغەیری ماڵی دایکەکانیدا داکەنێت ئەوا ئەو پەردەیەو سنوورەی کە لە نێوان خۆی و خودادا هەیە هەتک کردووە و بەزاندوویەتی .

وەبەنیسبەت چوونی بۆ صاڵۆن ، ئەمەش بەهەمان شێوە ڕێگەی پێنادرێت ، چونکە زۆربەی ئەو ئافرەتانەی کاری صاڵۆن دەکەن یان تێکەڵاوی پیاوان دەبن لەناو ساڵۆنەکاندا یاخود ئافرەتانێکی مولتەزیم نین ، و پابەند نین بەشەرعەوە ، هەر بۆیە چوون بۆ لایان ئیقرار کردنی کارە خراپەکانیان کەئەنجامی دەدەن، خۆگەر وادابنێین ئەوانە ئافرەتانێکی ڕێک و مولتەزیمن ئەوا دروست نی یە پرچی بەشێوەیەک لێ بکات بشوبهێت بەبێباوەڕان و بەدڕەوشتان ، بەڵام گەر ئافرەتێک پرچەکەی بۆ چاک بکات بەو شێوەیە نەبێت کەباسمان کرد و بۆ مێردەکەی خۆی برازێنێتەوە ئەوا دروستە .

---

[٣] أخرجه أحمد (٢٧٠٣٨)، والطبرانيُّ في «المعجم الكبير» (٢٤/ ٢٥٣)، مِن حديث أمِّ الدرداء رضي الله عنها. والحديث صحَّحه الألبانيُّ في «آداب الزفاف» (٦٠). وانظر: «الترغيب والترهيب» للمنذري (١/ ١١٩)، و«مَجْمَع الزوائد» للهيثمي (١/ ٦١٧)، و«السلسلة الصحيحة» للألباني (٧/ ١٣٠٨) رقم: (٣٤٤٢).

وەبەنیسبەت «خەنەوە» گەر بۆ خۆڕازاندنەوە بێت بۆ مێردەکەی ئەوا کارێکی چاکە ، وئەگەر تەنها بۆ خودی خۆی بێت ئەوا دروستە ، بەڵام نابێ بە پیاوانی نامەحرەمی پیشان بدات ؛ چونکە ئەمەش جوانیە ، تەنها لەکاتی پێویستدا نەبێت .

بەڵام بەنیسبەت ڕۆژی «گواستنەوە» عادەتەن هەندێ بیر و بۆچوونی ناپەسندی لەگەڵدایە ، لەوانە : پێیان وایە گەر ئافرەت خەنە لەدەستی نەدات منداڵی نابێت ، وخەنە دەبێتە هۆی خۆش گوزەرانی و لەچاوی پیس دەیپارێزێت ، گەر ئەم جۆرە بیر و باوەڕانەی لەگەڵ بوو ئەوا ڕێگری لێدەکرێت چونکە ئەم جۆرە بیر و باوەڕانە شیرکین و سەردەکێشن بۆ هاوبەش بڕیار دان بۆ خودا .

والعلمُ عند الله تعالى، وآخرُ دعوانا أنِ الحمدُ لله ربِّ العالمين، وصلَّى الله على محمَّدٍ وعلى آله وصحبه وإخوانه إلى يوم الدِّين، وسلَّم تسليمًا.

العلامة محمد علي فركوس

وە شێخی پایە بەرز و فەرموودەناسی سەردەم ئیمامی (الألباني) لە کتێبە بەنرخەکەی (آداب الزفاف)دا لە باسی پێویستی دروست کردنی حەمام لە ماڵدا فەرموویەتی :

" وە پێویستە لە سەریان (واتە : ژن و مێرد) کە حەمامێك لە ماڵەکەیاندا دروست بکەن ، وەناشبێت پیاو ڕێ بە ژنەکەی بدات کە بڕواتە حەمامی بازاڕەوە (حەمامی گشتی) ، چونکە ئەو کرداڕە قەدەغە و حەرامە ، لەو بارەشەوە چەند فەرموودەیەکمان پێ گەیشتووە:

یەکەم :

لە (جابر) وە (رضي الله عنه) فەرموویەتی ، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت :" من كان يؤمن بالله واليوم الآخر فلا يدخل حليلته الحمام، ومن كان يؤمن بالله واليوم الآخر فلا يدخل الحمام إلا بـمئزر، ومن كان يؤمن بالله واليوم الآخر فلا يجلس على مائدة يدار عليها الخمر" [1]

واتە : هەر کەسێك بڕوای بە خوا و بە ڕۆژی دوای هەیە با ئافرەتەکەی نەبات بۆ حەمامی گشتی ، وە هەر کەسێك بڕوای بە خوا و بە ڕۆژی دوای هەیە لە پیاوان با نەڕواتە حەمامی گشتی یەوە ئیللا بە (مئزر) ەوە نەبێت (" مئزر " یش : ئەو پارچە قوماشەیە کە لە ناوکەوە تاکو ئەژنۆ

---

[1] أخرجه الحاكم واللفظ له ، والترمذي ، والنسائي بعضه ، وأحمد ، والجرجاني من طرق عن أبي الزبير عن جابر ، وقال الحاكم : "صحيح على شرط مسلم" ووافقه الذهبي ، وقال الترمذي : "حديث حسن" ، وله شواهد كثيرة تراها في " الترغيب والترهيب" .

دادەپۆشێت) ، وە هەر کەسێك بڕوای بە خوا و بە ڕۆژی دوای هەیە با لە سەر خوانێك دانەنیشێ کە مەی لە سەر دەخورێتەوە .

دووەم :

لە (أم الدرداء) هوە ـ ڕەزای خوای لە سەر بێت ـ فەرموویەتی : لە حەمام هاتمە دەرێ ، پێغەمبەری خوام پێگەیشت ﷺ و فەرمووی : من أین یا أم الدرداء ؟ " واتە : لە کوێوە هاتووی (أم الدرداء) ؟ دەڵێت : وتم : لە حەمامەوە ، ئەویش فەرمووی : " والذي نفسي بيده ، ما من امرأة تضع ثيابها في غير بيت أحد من أمهاتها ، إلا وهي هاتكة كل ستر بينها وبين الرحمن "[1] واتە : سوێندم بەو کەسەی کە نەفسی منی بەدەستە ، هەر ئافرەتێك جلەکانی لە غەیری ماڵی یەکێك لە دایکەکانی خۆیدا دابکەنێت ، ئەوا هەموو ئەو سترانەی هەتك کردووە کە لە بەینی خۆی و پەروەردگاریدا هەن.

سێیەم :

لە (أبو المليح) هوە (رضي الله عنه) فەرموویەتی : کۆمەڵێك ئافرەتی خەڵکی شام ڕۆشتنە لای دایکە (عائیشە) وە ـ ڕەزای خوای لە سەر بێت ـ ، پێی فەرموون : ئێوە خەڵکی کوێن ؟ وتیان : خەڵکی شامین ، فەرمووی : لەوانەیە خەڵکی ئەو ناوچەیە بن کە ئافرەتەکانیان دەچنە حەمامەوە (مەبەستی دایکە (عائیشە) حەمامە گشتی یەکانە) ؟ فەرمووی : بیستوومە

---

[1] أخرجه أحمد والدولابي بإسنادين عنها أحدهما صحيح ، وقواهُ المنذري .

لە پێغەمبەری خواوە کە فەرموویەتی : " ما من امرأة تخلع ثيابها في غير بيتها إلا هتكت ما بينها وبين الله تعالى "[1] واتە : هەر ئافرەتێك جلەکانی لە غەیری ماڵی خۆیدا دابکەنێت ئەوا هەموو ئەو سترانەی هەتك کردووە کە لە بەینی خۆی و پەروەردگار یدا هەن ."

* * * * * * *

[1] أخرجه أصحاب السنن إلاَّ النسائي ، والدارمي والطيالسي وأحمد ، وقال الحاكم : "صحيح على شرط الشيخين" ووافقه الذهبي فأصاب ، واللفظ لأبي داود .

دروستە ئافرەت بچێت بۆ ئەو هۆڵ و شوێنانەی کە تایبەتن بە وەرزش کردنی ئافرەتان؟

بسم الله الرحمن الرحيم

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە وە درودو سڵاو لە سەر گیانی پێغەمبەری خوا وە لەسەر خێزان و کەس وکاری ئیماندارو هاوەڵان و شوێن کەوتوانی تا رۆژی دوایی.

شاراوە نی یە کە وەرزش کردن چەند قازانجێکی تەندروستی ، وەرونی هەیە ، بەڵام لەبەر ئەوەی وەرزش لەم سەردەمەدا شێوەیەکی تایبەتی هەیە :

بۆیە پێویستە چەند زەوابیتێکی شەرعی بۆ دابنرێت ، جا هەرکەسێک ڕەچاویان بکات ئەوا وەرزشەکەی دروستە و موباحە ، و بەپێچەوانەشەوە هەرکەسێک ڕەچاوی ئەو مەرجانە نەکات ئەوا وەرزشەکەی دروست نی یە و حەڕامە ، وهەندێ لەو مەرج و زەوابیتانە :

یەکەم:

پێویستە ئەو وەرزش کردنە دوور بێت لەچاوی پیاوان ، جا جیاوازی نی یە ئەو پیاوانە ڕاهێنەر بن یاخود مامۆستا ، یاخود قوتابی ، یاخود بینەر، و لەسەر بنەمای ئەم مەرجانە دروست نی یە تەسویری وەرزشی ئافرەتان بکرێت ، بۆ ئەوەی ئەو ڤیدۆیانە نەکەوێتە دەستی پیاوان و تەماشای بکەن .

هەر بۆیە باشتر ، وچاکتر ، وگونجاو تر ئەوەیە ئافرەت لەماڵی خۆیدا وەرزش بکات ، نەک قاعە ،و قوتابخانە و شوێنە تایبەتەکان هەر چەندە لەو جێگایانەدا تێکەڵی پیاوان نەبن ؛ چونکە ئەمین نی یە لەوەی کەسێکی خراپ تەسویری بکات و توشی شتێک بێت کەسەرەنجامەکەی باش نەبێت.

بەڵام گەر تێکەڵاوی پیاوان بن ئەوا گومان لەوەدا نی یە کە نابێ و دروست نی یە .

دووەم :

لەکاتی وەرزش کردندا جلێکی داپۆشەر لەبەر بکات ، دروست نی یە بۆ ئافرەت ، وئەوانەی لەگەڵی یاری دەکەن جلی کورت و تەنک و تەسک لەبەر بکەن ، ئەمەش مەرجێکی گشتگیرە بۆ پیاوان و ئافرەتان ، هەر بۆیە باش وایە ئەم مەرجە زۆر جەختی لەسەر بکرێتەوە ؛ چونکە زۆربەی یاریەکان جا هی پیاوان بێت یاخود ئافرەتان ئەم مەرجەی تێدا نایەتە جێ ، هەروەک ئاشکرایە لەزۆربەی یاریەکاندا جلی نەشیاو لەبەر دەکرێت وەک : جلی مەلە ، و زۆران بازی ، وتۆپی پێ وجگە لەمانەش .

سێیەم:

نابێت لەو یاریانەدا قومار و ڕەهن هەبێت .

چوارەم :

ئەو یاریانە نەبێتە هۆی دژایەتی یەکتر کردن و ناخۆشی دروست بوون ، هەروەک ئەمڕۆ دەبینین خەڵک دابەش بوون بەسەر چەند لایەنێکدا هەریەکەو لایەن گر و هاندەری لایەکە و گەلان پارچە پارچە بوون ، تەنانەت لەیەک ماڵدا لەنێوان باوک و کوڕدا یاخود برا و خوشکدا یاخود خوشک و خوشکدا تەنانەت ژن و مێرددا ئەم دوو بەرەکی یە دروست بووە.

پێنجەم :

ئەم یاریانە لەچەند کاتێکی کەم و دیاری کراودا ئەنجام بدرێن ، نابێت ببێتە هۆی ئەوەی ئافرەت واجبە دینی و دونیاییەکانی فەرامۆش بکات.

شەشەم :

هەڵنەکردن و لێ نەدانی مۆسیقا لەکاتی ڕاهێنان و یاری کردندا .

حەوتەم :

خۆ نەشوبهاندن بەبێباوەڕان لەجل و بەرگ و هەڵس و کەوتدا ؛ چونکە ئێمە ڕێگریمان لێکراوە خۆمان بشوبهێنین بەبێباوەڕان ، و ئەو شتانە بەگەورە بزانین کەبێباوەڕان ئەنجامی دەدەن .

هەشتەم : نابێ یاریکە لێدانی تێدا بێت وەک لێدان لەدەم و چاو و سەر ، ونابێ چەند هەڵس وکەوتێکی کوفری تێدا بێت ، وەک : خۆ چەماندنەوە پێش یاری دەس پێ کردن .

جا ئەگەر ئەم مەرجانە هاتنە جێ :

ئەوا دروستە ئافرەتان وەرزش بکەن ، هەر چەندە ئێمە ئامۆژگاری ئافرەتان دەکەین خۆیان بپارێزن ، ئاگاداری کاتەکانیان بن ، لەم جۆرە شتانەدا بەفیڕۆی نەدەن ، و بێگومان پاراستنی ئافرەتان لەدەس گرتنیانە بەفەرمانەکانی خوداوە ، کەگرنگترینیان : مانەوەیە لەماڵدا ، ودەرنەچوونە لەماڵ مەگەر لەبەر پێویستیەک نەبێت ؛ لەبەر ئەم ئایەتە پیرۆزە : (وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ) الأحزاب/ ٣٣ .واتە : با ئافرەتان ئۆقرە بگرن لەماڵدا .

وە ئەو شوێنانەی کە ئێستا هەیە بۆ وەرزش کردنی ئافرەتان خاڵی نین لە تاوان و سەرپێچی بۆیە کە توشی تاوان و خراپە هات ئەوکاتە نابێ سەردانی ئەو شوێنانە بکات و دەتوانێت لە ماڵەوە وەرزش بکات ئەمەش بۆ پاراستنی خۆی و ئیمانەکەی .

* * * * * * *

ئایا حوکمی چونی ئافرەتان چی یە بۆ لای پزیشکی پیاوان لەکاتی زەرورەتدا و لەکاتی نەبونی پزیشکی ئافرەتاندا ئایا تا چەند لاشە دەربخات دروستە بۆ پزیشك؟

چونی ئافرەتان بۆ لای پزیشکی پیاوان دروستە لەکاتی نەبونی پزیشکی ئافرەتاندا هەروەك زانایان باسیان کردووە، هەروەها دروستە لاشە پیشانی پزیشکی پیاوان بدەیت ئەوەندەی کەزەرورە، بەڵام پێویستە مەحرەمی خۆتت لەگەڵدا بێت و تەنها نەبیت لەگەڵ پزیشکدا، چونکە بەتەنها بوون لەگەڵ غەیری مەحرەمی خۆت دروست نیە ئەمەش بۆ پێویستیە، هەروەك چۆن زانایان باسیان کردووە لەکاتی پێویستیدا و بەئەندازەی پێویستییە کەدروستە.

مَجمُوع فَتَاوَى وَرَسَائِل لِلْعُثَيمِين رحمه الله (٢٨٨/١٢).

* * * * * * *

حوکمی نەشتەرگەری جوانکاری لوت و سنگ

پرسیار:

دەمەوێ لەبارەی نەشتەرگەری جوانکاری لوتەوە پرسیار بکەم ئایا حەرامە بەتایبەت گەر ئازارم بدات وکاریگەری هەبێت لەسەر ژیانم ، لەکاتێکدا دکتۆرەکان بڵێن پێویستی بە نەشتەرگەرییە ؟

وە حوکمی فێر بوونی نەشتەرگەری جوان کاری چی یە ، و ئایا حوکمی گەورە کردنی یاخود بچووک کردنەوەی سنگ (مەمک) چی یە ؟

وەڵام :

نەشتەرگەری جوانکاری دەبێتە دوو بەشەوە :

یەکەم : نەشتەرگەری جوانکاری کە زەڕوور بێت .

ئەمەش ئەو جۆرەیە کە بۆ لابردنی شتێکە کە بەهۆی نەخۆشی یاخود ڕووداوێکەوە تووشی بووە ، یاخود لابردنی عەیبێکی زکماکی وەک لابردنی پەنجەیەکی زیادە یاخود لێک جیا کردنەوەی دوو پەنجە و هاوشێوەی ئەمانە

جا ئەم جۆرە لەنەشتەرگەرییە دروستە ، و لەسوننەتدا هاتووە بەڵگەیە لەسەر ئەمە :

١-عەرفەجەی کوڕی ئەسعەد لوتی لەجەنگێکدا لەزەمانی جاهلی دا تووشی ڕووداوێک بوو بوو ، جا لوتێکی لەزیو بۆ خۆی دروست کردبوو

وبۆنی لێ دەهات پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێ کرد لوتێک لەئاڵتون پەیدا بکات . رواه الترمذي (١٧٧٠) وأبو داود (٤٢٣٢) والنسائي (٥١٦١) . والحديث : حسَّنه الشيخ الألباني في " إرواء الغليل " (٨٢٤) .

٢- عبد الله ی کوڕی مەسعود رضي الله عنه دەڵێت : ((سمعت رسول الله ﷺ يلعن المتنمصات والمتفلجات للحسن اللاتي يغيرن خلق الله)) واتە : گوێم لەپێغەمبەری خودا ﷺ بوو لەعنەتی لەو کەسانە دەکرد کەبرۆیان هەڵدەگرن و نێوان دانەکانیان جوودا دەکەنەوە بۆ جوانی ودروست کراوەکانی خودا دەگۆڕن . رواه البخاري ومسلم .

ئیمامی النووي رحمه لله دەڵێت :

ڕستەی : (الْمُتَفَلِّجَات لِلْحُسْنِ) واتە : ئەو کارە بۆ جوانی دەکەن ، جا ئەم فەرموودە ئەوەی لێ فائیدە دەکرێت کە حەرامیەتیەکەی لەبەر ئەوەیە لەبەر جوانی دەکرێت ،بەڵام گەر پێویستی پێی بوو وەک چارەسەر یاخود لەبەر هەبوونی عەیبێک لەددانداا ئەوا دروستە وهیچی تێدا نی یە، وَاللَّهُ أَعْلَم اهـ .

دووەم: نەشتەرگەری بۆ زیادە جوانکاری .

کە ئەمەش نەشتەرگەری کردنە بۆ جوان کاری بەنیسبەت ئەو کەسەی کەئەم کارە دەکات ، وەک جوان کردنی لوت بەبچووک کردنەوە ، یاخود جوان کاری لەسنگدا جا بەگەورە کردنی بێت یاخود بچووک کردنەوەی .

ئا ئەم جۆرە لەنەشتەرگەریە هیچ زەرووڕەتێکی تێدا نی یە ، بەڵکو تەنها گۆڕینی دروست کراوەکانی خودایە ، وگاڵتە کردنە پێی بەپێی هەواو وئارەزووی خەڵک ، جا ئەم جۆرەیان حەڕامە ودروست نییە ، چونکە گۆڕینی خەلقی خودایە ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : (إِنْ يَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ إِلا إِنَاثاً وَإِنْ يَدْعُونَ إِلا شَيْطَاناً مَرِيداً * لَعَنَهُ اللَّهُ وَقَالَ لأَتَّخِذَنَّ مِنْ عِبَادِكَ نَصِيباً مَفْرُوضاً *وَلأُضِلَّنَّهُمْ وَلأُمَنِّيَنَّهُمْ وَلآمُرَنَّهُمْ فَلَيُبَتِّكُنَّ آذَانَ الأَنْعَامِ وَلآمُرَنَّهُمْ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ اللَّهِ) النساء/١١٧-١١٩ .

واتە :ئەو بتانەی کە موشریکان ئەیانپەرستن و هاواریان پێ ئەکەن هەموویان ناوی مێن، وەکو لات و عوززاو مەنات، یاخود کافرانی قوڕەیش ئەیانووت: مەلائیکەت کچی خوای گەورەیە ، وە ئەوان دوعاو عیبادەت بۆ هیچ کەسێك ناکەن تەنها بۆ شەیتان نەبێ کە ئەمە شەیتانە وای لێ کردوون و گوێڕایەڵی شەیتانیان کردووە کە ئەو شەریك دانانەی بۆیان ڕازاندۆتەوە (مَرِيدًا) واتە: شەیتان تەمەڕودی کردووەو هەڵگەڕاوەتەوەو زۆر سەرکەشە.

نەفرەتی خوای گەورە لە شەیتان بێ لە ئیبلیس بێ، وە دور بێت لە رەحمەتی خوای گەورە ، کە بەخوای گەورەی وت ئەبێ بەشێك لە بەندەکانی تۆ بخەمە ژێر ڕکێفی خۆم وە گومڕایان بکەم و وایان لێ بکەم کە تۆ نەپەرستن و شەریك بۆ تۆ دابنێن و کافریان بکەم.

وە گومڕایان دەکەم و لە ڕێگای ڕاستی تۆ دەریان دەکەم ، وە هیواو ئومێدو ئاواتی پووچەڵیان پێ ئەبەخشم و لەلایان جوانی ئەکەم بۆ ئەوەی تەوبە نەکەن ، وە فەرمانیان پێ ئەکەم کە گوێی ئاژەڵەکان ببڕن کە کافرانی قورەیش لەم شتانەدا شوێنی شەیتان کەوتبوون کە گوێی هەندێك لە ئاژەڵەکانیان ئەبڕی وە حەرامیان ئەکرد لەسەر خۆیان ، وە شەیتان ئەڵێ: ئەی پەروەردگار ئەبێ فەرمانیشیان پێ بکەم ئەبێ دینەکەی تۆ بگۆڕن، یان دروستکراوی تۆ بگۆڕن بەوەی کە چاوی هەندێك لە ئاژەڵیان دەرئەکرد یان گوێی هەندێکیان ئەبڕی، یاخود خاڵ کوتین و تاتۆیە، یان گۆڕینی سونەنی فیترەیە کە خوای گەورە خەڵکی لەسەر دروست کردووە وا لە خەڵکی دەکات کە سونەنی فیترە بیگۆڕن وەکو ڕیش تاشین، یاخود خەساندنی ئاژەڵ.

جا ئەوەی کەفەرمان دەکات بەگۆڕینی خەلقی خودا شەیتانە .

بڕوانە " أحكام الجراحة الطبية " للشيخ محمد المختار الشنقيطي .

وە پرسیار کراوە لە شیخ محمد بن صالح العثیمین - رحمە اللە - :

حوکمی نەشتەرگەری جوانکاری چی یە ؟ وە حوکمی فێر بوونی نەشتەرگەری جوان کاری چی یە ، و ئایا حوکمی گەورە کردنی یاخود بچووک کردنەوەی سنگ چی یە ؟

لەوڵامدا گوتوویەتی :

جوانکاری دوو جۆرە :

جۆری یەکەم : جوانکاریەک کە بۆ لابردنی عەیبێکە کە بەهۆی حادیسە و ڕووداوێکەوە دروست بووە ، ئا ئەم جۆرەیان دروستە وهیچی تێدا نی یە ، چونکە پێغەمبەر ﷺ ئیزنی بەپیاوێک دا کەلوتی برابوو لەجەنگدا لوتی ئاڵتوونی دروست بکات .

جۆری دووەم : جوانکارییەکی زیادەیە کەئەمەیان بۆ لابردنی عەیب نی یە بەڵکو بۆ زیاتر جوانییە ، ئەم جۆرەیان حەرامە ودروست نی یە ؛چونکە پێغەمبەر ﷺ لەعەنەتی کردووە لەو ئافرەتانەی کەدەسکاری برۆیان دەکەن وئەوانەش کەخاڵ دەکوتن وئەوانەش بۆیان دەکوتن ئەمەش لەبەر ئەوەیە بۆ جوانی زیادەیە نەک لابردنی عەیب .

بەڵام بەنیسبەت قوتابیەوە کەدەرسی جوانکاری دەخوێنێت ولەمەنهەجی خوێندنەکەیدا هەیە ئەوا دروستە فێری ببێت ، بەڵام لەو حاڵەتانەی کە حەرامە بۆ کەسی ناکات ، بەڵکو ئامۆژگاری ئەو کەسانە

دەکات لێی دوور کەونەوە چونکە حەرامە ، حەتمەن زۆر جار کاتێ دکتۆر ئامۆژگاری کەسێک بکات زیاتر قەبوڵ دەکرێت . " فتاوى إسلامية " (٤ / ٤١٢) .

وە سەبارەت بە نەشتەرگەری بچووک کردن یاخود گەورە کردنی سنگ (مەمک) دروستە یاخود نا ؟

ئەم جۆرە بۆ خۆ جوان کردنە ، مەگەر ئافرەتێک نەبێت سنگی بچووک بێت و بیەوێ گەورەی بکات لەبەر ئەوەی شیری زۆر بێت ، واتە : گەر سنگی بچووک بێت شیرەکەی بەشی منداڵەکەی نەکات ئەم جۆرە ڕەنگە بڵێین : دروستە ، بەڵام بۆ جوانکاری دروست نی یە ، براکەم ئەمە پێوەرەکەیە ، واتە : گەر بۆ زیاتر جوانی بێت دروست نی یە بەڵام گەر بۆ لابردنی عەیبێک بێت دروست وکێشەی نی یە" انتهى من "اللقاء الشهري" (٨/٥٠) .

کورتەی وەڵام :

گەر لوت عەیب یاخود ناڕێکیەکی وتەشویشێکی تێدابوو ، و مەبەست لەنەشتەرگەریەکە لابردنی ئەو عەیبە بێت ئەوا دروستە .

بەڵام گەر بۆ زیاتر خۆ جوان کردن بێت ئەوا ئەو نەشتەر گەریە دروست نی یە .

واللە أعلم .

حوکمی فیلر و بۆتۆکس بۆ ڕوومەت و لێو چی یە ؟

من بۆ خۆم الحمد لله قەناعەتم بەحەرامیەتی ئەو بابەتە هەیە ، بەڵام هەندێ کەس قەناعەتیان بەحەرامیەتی ئەم کارە نی یە ، بۆیە داوا لەبەڕێزتان دەکەم بۆمان ڕوون کەنەوە .

وەڵام :

ئەسڵ لە نەشتەرگەری جوان کاریدا ئەوەیە بۆ لابردنی عەیبە یاخود بۆ چارەسەری نەخۆشیە کە ئەمەش دروستە ، بەڵام بەدەر لەو دوو حاڵەتە هەر دانەیەکی بۆ جوان کاری بێت مەمنوعە ، و جۆرێکە لەگۆڕینی دروستکراوی خودا ، کەشەیتان سووڕە لەسەر ئەوەی مرۆڤ توش بکات ، وەکو خوای پەروەردگار باسی شەیتان دەکات کە بەڵێنی داوە و وتویەتی :

(وَلأُضِلَّنَّهُمْ وَلأُمَنِّيَنَّهُمْ وَلآمُرَنَّهُمْ فَلَيُبَتِّكُنَّ آذَانَ الْأَنْعَامِ وَلآمُرَنَّهُمْ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ اللَّهِ وَمَنْ يَتَّخِذِ الشَّيْطَانَ وَلِيًّا مِنْ دُونِ اللَّهِ فَقَدْ خَسِرَ خُسْرَانًا مُبِينًا * يَعِدُهُمْ وَيُمَنِّيهِمْ وَمَا يَعِدُهُمُ الشَّيْطَانُ إِلَّا غُرُورًا) النساء/١١٧- ١١٩ .

واتە : وە گومڕایان دەکەم و لە ڕێگای ڕاستی تۆ دەریان دەکەم ، وە هیواو ئومێدو ئاواتی پووچەڵیان پێ ئەبەخشم و لەلایان جوانی ئەکەم بۆ ئەوەی تەوبە نەکەن ، وە فەرمانیان پێ ئەکەم کە گوێی ئاژەڵەکان ببڕن کە کافرانی قورەیش لەم شتانەدا شوێنی شەیتان کەوتبوون کە گوێی هەندێك لە ئاژەڵەکانیان ئەبڕی وە حەرامیان ئەکرد لەسەر خۆیان ، وە شەیتان ئەڵێ:

ئەی پەروەردگار ئەبێ فەرمانیشیان پێ بکەم ئەبێ دینەکەی تۆ بگۆڕن، یان دروستکراوی تۆ بگۆڕن بەوەی کە چاوی هەندێك لە ئاژەڵیان دەرئەکرد یان گوێی هەندێکیان ئەبڕی، یاخود خاڵ کوتین و تاتۆیە، یان گۆڕینی سونەنی فیترەیە کە خوای گەورە خەڵکی لەسەر دروست کردووە وا لە خەڵکی دەکات کە سونەنی فیترە بیگۆڕن وەکو ڕیش تاشین، یاخود خەساندنی ئاژەڵ کە (ابن عباس) دەفەرمێت ئەم ئایەتە لەسەر ئەوە دابەزی ، وە هەر کەسێك شەیتان بکات بە دۆستی خۆی لە غەیری خوای گەورە شوێن شەیتان بکەوێ و گوێڕایەڵی شەیتان بکات بەڕاستی ئەمە خەسارەتمەندو زەرەرمەندی دونیاو دوارۆژ بووە زەرەرمەندێکی زۆر ئاشکرا.

شەیتان تەنها بەڵێن و هیواو ئومێدی پووچەڵ و درۆیینەیان پێ ئەدا ، ئەو وەعدو بەڵێنانەی کە شەیتان پێیان ئەدا هەمووی وەسوەسەی بەتاڵەو بەهۆیەوە لە خشتەیان ئەبات و زەرەرێکی تەواوەو هیچ سوودێکیان پێ ناگەیەنێ.

وە ئیمامی البخاري (٤٥٠٧) ومسلم (٣٩٦٦) لە عبداللەی کوڕی مەسعودەوە رضي الله عنه گێڕاویانەتەوە ودەڵێت : (لَعَنَ اللَّهُ الْوَاشِمَاتِ وَالْمُوتَشِمَاتِ وَالْمُتَنَمِّصَاتِ وَالْمُتَفَلِّجَاتِ لِلْحُسْنِ الْمُغَيِّرَاتِ خَلْقَ اللَّهِ) .واتە : لەعنەتی خودا لەو کەسانە بێت کەخاڵ دەکوتن وئەوانەش بۆیان دەکوتن ،

وئەوانەش کەبڕۆ هەڵدەگرن ، وئەوانەش کەبۆ جوانی ددانەکانیاش شاش دەکەنەوە ودروستکراوەکانی خودا دەگۆڕن .

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی گۆڕینی دروستکراوی خودا حەڕامە و لەعنەتی لێ کردووە .

وە (القرطبي) رحمه الله دەڵێت :

" هەموو ئەم کارانەی لەفەرموودەکاندا لەعنەتیان لێ کراوە تاوانی گەورەن ، و زانایان جیاوازن لەبارەی هۆکاری لەعنەت کردن لێی ، گوتراوە : لەبەر ئەوەی فێڵە وپێچەوانەی واقیعە ، وە وتراوە : لەبەر ئەوەی گۆڕینی دروستکراوەکانی خودایە هەروەک ابن مسعود ئاماژەی پێ داوە ، و ئەمەیان ڕاست تر ە ، و مانای یەکەمیش لەخۆ دەگرێت ، پاشان وتراوە : ئەم ڕێگری لێ کردنە ئەو جوانکاریانە دەگرێتەوە کەدەمێننەوە ؛ چونکە گۆڕینی دروستکراوی خودایە ، و ئەوانە ناگرێتەوە کەنامێننەوە وەک کل و خۆجوان کردن پێی و بەڵکو زانایان ڕێگەیان بەچاو ڕەشتن داوە " تفسير القرطبي " (٣٩٣/٥).

وە لە بڕیاری (مجمع الفقه الإسلامي) لەبارەی نەشتەرگەری جوانکاریەوە هاتووە :

نەشتەرگەری جوانکاری ئەوەی کە بۆ چارەسەر نی یە و بۆ گۆڕینی دروستکراوی خودایە وچاو لێ کەریە دروست نی یە ، وەک نەشتەر گەری

گۆڕینی دەم وچاو بۆ دەرکەوتن بەشێوازێکی دیاری کراو ، یاخود بەمەستی فێڵ وتەدلیس ، وگۆڕینی لوت وبچوک یاخود گەورە کردنی لێو وگۆڕینی ڕەنگی چاو وگەورە کردنی ڕوومەت .

بەمەش ئەوە دەردەکەوێت کە پەنەماندنی ڕوومەت لەو بابەتە جوانکاریانەیە کەحەڕامە .

واللە أعلم .

بە کورتی :

ئەوەی کە ئەمڕۆ دەبینرێ لە نێو ئافرەتاندا کە ئەو جۆرە نەشتەرگەریە دەکەن بێ گومان زۆربەی زۆری ئەگەر نەڵێین هەمووی بۆ زیاتر جوانکردنە نەک بۆ لادانی عەیبەیەک ،وە زیاتر چاولێکەری و لاسایی کردنەوەیە ، و پارەیەکی زۆریشی تێدا سەرف دەکرێ ، وە جگە لەوەش وەکو پسپۆڕان دەڵێن زیانی تەندروستیشی هەیە ، بۆیە دەچێتە قاڵبی حەرامەوە مادام کە بۆ لادانی عەیبەک یان چارەسەری نەخۆشیەک نەبێ، و پێویستە لەسەر ئافرەتان کە لە خوای گەورە بترسن و دوور بکەونەوە لەم جۆرە کارانە . .

خوای گەورە خوشکان و کچەکانمان بپارێزێ لە هەمو خراپەو تاوان و لاسایی کردنەوەی خراپەکاران و بێ باوەڕان .

ئایا حوکمی لە باربردنی منداڵ چیە؟

چ کاتێک دروستە منداڵ لەبار ببرێ؟

وە زەرەر و زیانەکانی چین؟

وەڵام :

حوکمی منداڵ لە باربردن -الاجهاض-

ئەم بابەتە لە دوو ڕوویەوە باس دەکەین:

ڕووی یەکەمیان: بنەمای منداڵ لەباربردن لە ڕووی بیروباوەر:

بنەمای ئەم کارە تاوانێکی دژە بۆ بنەماکانی ئیسلام، لەچەندین ڕوویەوە لەوانە:

یەکەم : کارەکە تاوانە، تاوانەکەش کوشتن(قتل)!. بیر لە وەڵامێک بکەرەوە بۆ خودای پەروەردگار لە ڕۆژی قیامەتدا کە پرسیارت لێدەکات: بۆچی بەندەکەی منت کوشت، و بە دیاریەکەی من ڕازی نەبوویت؟

دووەم : کارەکە دژە بە ئیمان بە قەدەر، و دەربڕینی ناڕازیبوونە بەرامبەر قەدەری خودا. بزانە خودا ویستی لەسەر ئەوەیە دیارێکت پێ ببەخشێ، تۆش بەم کارە ڕەتی دەکەیەوە!!

سێیەم : کارەکە دژە بۆ خۆشەویستی پێغەمبەرمان ﷺ، کە هانی موسڵمانان دەدات زۆر منداڵیان هەبێت، تاوەکو ئومەتەکەی لە هەموو ئومەتێک زیاتر بێت لە ڕۆژی قیامەتدا، بۆیە بزانە ئەگەر بتەوێ کارێکی وا بکەیت، ئەوا دژایەتی دەکەی بۆ خوشەویستی پێغەمبەرەکەت محمد ﷺ!!

چوارەم : ئەگەر تۆ تەنها ئینسانی، بزانە کارەکە نا ئینسانییە! لەگەڵ فیترەتی پاک ناگونجێت.

پێنجەم : کارەکە ئەگەر بە بیانووی هەژاری بکرێت یان نەبوونی توانای پەروەردە کردن، یان مانوبوونێکی زۆری ژیانی ڕۆژانە....هتد.

ئەوا با دایک و باوکەکە بزانن کە:

- ڕزقی منداڵەکەیان لە گەڵ منداڵەکە لە دایک دەبێت.
- ئەگەر خەمی پەروەردەکرنیشیانە، پەروەردەکردن لە ئیسلامدا نانی حەڵاڵ و دوعا کردنە کە صالح بێت.
- ماندووبونی کاتی دووگیانیش، بە بیرکردنەوە بە پاداشتی قیامەت (احتساب) و زۆری زیکر کردنی خودا ئاسان دەکرێت

ئەم زیکرەش خۆئامادەکردنێکی پێویستە بۆ وەرگرتنی دیاری خودا کە منداڵێکە لە دونیادا و پاش مردنت دوعات بۆ دەکات، و پاداشتێکی زۆرە لە قیامەتدا.

شەشەم : پێویستە دایک و باوک بزانن کە پەروەردگار کۆرپەکەیان ڕێزدار کردووە، بە ڕادەیەک، ڕوکنی ڕۆژوو گرتنی لەسەر دایک هەڵگرتووە ئەگەر زیانی هەبێ بۆ ژیانی کۆرپەکە.

کەواتە چۆن ناحەزی شێک دەکەن کە لای خودا ڕێزدار بێت!؟.

بەڵکو پێغەمبەرمان ﷺ، سزادانی ژنێکی دووگیانی دواخستووە تاوەکو منداڵەکەی دادەنێت، و شیردەدات، وەکو ڕێزلێنان بۆ منداڵەکە هەر چەندە ناشەرعی بووە(حدیث الغامدیة).

ئەم فەرمودەیەش چەند سودێکی لێ وەردەگیرێت لەوانە:

- پێغەمبەرمان ﷺ پێی نەفەرمووە ئایا کۆرپەکە بووەتە ١٢٠ ڕۆژ یان نە. هاتا بێڵین، پێش ١٢٠ ڕۆژ ڕوحی نەهاتەبەر، بۆی هەیە لە باربەرێت.

- ناشەرعیەتی کۆرپەکە شەرعیەت بە کوشتنی نادات.

- منداڵە ناشەرعییەکە تاوانی دایکی هەڵناگرێت، پێویستە وەکو هەر منداڵێک بژێت.

ئەی چۆن دەبێ بیر بەوە بکەینەوە کە منداڵە شەرعیەکانمان لەبار ببەین، و دیاری خودای پەروەردگار ڕەتبکەینەوە؟!!

حەوتەم : با ئەو دایک و باوکەی بیر لەم کارە دەکەنەوە، لە خودا بترسن، چونکە سزای خودا بۆ تاوانبار لە جۆری تاوانەکەی تاوانبارە(العقوبة من جنس العمل)، لەوانەیە تاوانی منداڵ لەباربردن، ببێتە هۆکاری سزادانیان لە دونیادا، بە مردنی منداڵەکانیان (خودا سەلامەتیان کات).

هەشتەم : چەندین دایک بڕیاری لە باربردنی کۆرپەی خۆیان داوە، بەڵام لە دواییدا؛ هاتوونەتەوە هۆش خۆیان و بەسەر ویست هەوەسی خۆیاندا سەرکەوتوون، و خودا منداڵێکیانی پێ بەخشیوە، کە بووەتە مایەی بەختەوەری ژیانیان لە هەموو خوشک و براکانی زیاتر.

کەواتە دڵنیابە ئەوەی خودا بۆ تۆ هەڵدەبژێرێت، باشترە لەوەی تۆ بۆ خۆت هەڵدەبژێرێ.

ڕووی دووەمیان: حوکمی شەرعی منداڵ لەبار خۆبردن.

زانایانمان لە چەندین ڕوویەوە دەڕوانە کێشەی کۆرپە لەباربردن لەوانە:

یەکەم : کۆرپە پێش بگاتە (٤مانگ= ١٢٠ڕۆژ) کە هێشتان ڕوحی نییە، لەباربردنی ئەم کۆرپەیە حەرامە، بەڵام چونکە نەبووتە ئینسان و ڕوحی نییە، بۆیە هەندێک لە زانایان بۆ ئەوە دەچن، کە لەبەر زەرورەتی پاراستنی گیانی دایک، دروستە لەباربەرێت، کاتێ کۆمەڵە پزیشکێکی پسپۆڕ و شارەزا و جێی باوەڕی، بڕیار بدەن کە مانەوەی کۆرپەکە ترسناکێکی گەورەیە لەسەر ژیانی دایکی (تەنها ئەم حاڵەتە).

دووەم : کۆرپە پاش (٤مانگ = ١٢١ ڕۆژ و زیاتر) خاوەن ڕوحە وەکو هەر ئینسانێک، بڕیاری لەباربردنی تاوانی کوشتنە! و ئەگەر پزیشکەکان مانەوەی بە ترسناک تێبگەن بۆ سەر ژیانی دایکی ئەوا با بزانن، هەردووکیان(کۆرپە و دایک) خاوەن ڕوحن، بڕیاری ژیان و مردن لە دەست خودایە، لە دەست پزیشکەکاندا نییە، تاوەکو پرسیان پێبکرێت.

سێیەم : هەرکات ڕوحی هاتەبەر کۆرپەکە ئینسانە، هەبوونی کەم ئەندامی لەم کۆرپەیەدا پاساو نییە بۆ لەباربردنی (بە یەکڕایی زانایان).

هەمان شت پێش ئەوەی ڕوحی بێتەبەر، چونکە لە ڕێگای بە ئینسان بوون دایە، و نابێ ڕێگری لێبکرێت، ئەمە ئەصڵی شەرعی بابەتەکەیە.

سەرەڕای ئەمە زۆر لە زانایان هەبوونی کەمئەندامیێکی توند پێش ئەوەی ڕوحی بێتەبەر؛ بە پاساوی شەرعی دەزانن بۆ لە باربردن، بەمەرجێک کەمئەندامیەکە توند بێت، و هیوای چارەسەری نەبێت بە یەقینی، ئەمەش ممکن نییە، چونکە پزیشکان دەڵێن پێش ١٢٠ ڕۆژ دیارخستنی کەمئەندامی کۆرپە، شتێکی ئیحتیمالیە، حوکمی شەرعیش لەبابەتێکی وا ترسناک لەسەر ئیحتمال نادرێت.

ڕاستیەکەشی ڕازیبوونە بە قەدەری خودا، بەتایبەت ئەگەر زانیمان کەمئەندامی پێش ١٢٠ ڕۆژ یەقین نییە، ئەگەر یەقینیش بێت ئیحتیمالی چاکبوونەوەی هەیە؛ بە قورئان خوێندنێکی بە دڵ یان بە دوعایەکی بە کوڵ یان بە هێزی تەوەکول، ئەمەش شتێکی بەدەرە لە زانستی پزیشکاتی.

لە کۆتاییدا:

١- تاوانی منداڵ لەباربردن؛ تاوانی کوشتنە، ئەگەر پاش ئەوە بێت کە ڕوحی هاتەبەر ئەوا بکوژەکە لەسەر قسەی هەندێک لە زانایان (دیە)ی لەسەرە، کە قازی دەستنیشان دەکات لە دەوروبەری ٥٠ میسقال زێر ، لەگەڵ بەڕۆژوونی دوو مانگ لەسەریەک.

و ابن حزم بۆ ئەوە دەچێت کە وەکو قەتلی عەمدە، بکوژەکە دەکوژرێتەوە (قصاص) ئەگەر عەفو نەکرێت.

٢- قیل و قال لەم مەسەلەیەدا زۆرە، هەزاران لاپەڕە لە سەری نووسراوە، ئەوەی باسمان کرد نزیکترینە بۆ بنەماکانی میللەت، و پاراستنی موسڵمان لە شەرمەزاری ڕۆژی قیامەت.

٣- لە ڕەحمەتی خودای پەروەردگار دەرگای تۆبە کراوەیە؛ بۆ هەرکەس بیر لەم تاوان بکاتەوە، یان ئەگەر تاوانەکەی کردبێ با تۆبە بکات و دووبارە نەکاتەوە.

وەڵامی مامۆستا سامی مصطفی حسن

سەرچاوەکان:

* ئایەتی(١٥١)ی سورەتی (الانعام).

* المحلی لابن حزم (١١/ ٣١).

ئافرەتی
تەڵاقدراو و مافەکانی
لەگەڵ
هۆکارەکانی زۆربونی ڕێژەی تەڵاق

ئامۆژگاریتان چیە بۆ ئەو ئافرەتانەی کە تەڵاقدراون و لە حاڵەتێکی دەروونی خراپدان؟

بسم الله الرحمن الرحيم

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە وە درودو سڵاو لە سەر گیانی پێغەمبەری خوا وە لەسەر خێزان و کەس وکاری ئیماندارو هاوەڵان و شوێن کەوتوانی تا رۆژی دوایی.

ئامۆژگاریمان بۆ خوشکی تەڵاقدراو ئەوەیە کە :

یەکەم : تەسلیمی واقع ببە ، ئەوە قەدەری خوایە وبۆی بڕیویتەتەوە ، پێویستە قەبوڵی بکەیت وپێی ڕازی بیت ، وبزانە ئەوەی توشت بووە نەدەکرا بەهەڵەدا بچێت توشت نەبێت ، وئەوەی توشت بووە بەهۆی هەڵەی خۆتەوە نەبووە ، خوای پەروەردگار فەرمویەتی : (وعسى أن تكرهوا شيئا وهو خير لكم) ..

واتە: لەوانەیە ئێوە شتێك کە پێتان ناخۆشەو نایزانن لەوانەیە خێری تیا بێ بۆ ئێوە .

بێگومان ڕازی بوون نهێنی خۆش گوزەرانی ڕاستەقینەیە ..

دووەم : خوشکەکەم بەڵێ ڕاستە زۆر هەوڵت داوە لەپێناو بەردەوام بوونی پەیوەندی ژن ومێردایەتی ، وڕەنگە تەڵاق چارەسەرێکی گونجاو بێت بۆ هەردوو لاتان ، سوپاس بۆ خودا بۆ ئەوەی ئەنجامی دا ..

سێیەم : - نزیک بکەوەرەوە لەهاوەڵی چاک ، و لەگەڵیاندا کاتێکی خۆش بەسەر بەرە وئازار وخەمەکانت لەبیر دەکەیت ..

چوارەم : سوور بە لەسەر نوێژەکان ، وخوێندنی قورئان وزیکر ،و داوای لێ خۆش بوون کردن وزۆر چاکە ئەنجام بدە بەئەندازەی توانات چونکە لەچاکە کردندا دڵخۆشی وخۆش گوزەرانی هەیە .

پێنجەم : خۆت سەرقاڵ کە بەکاری چاکەوە وباش بوون لەگەڵ کەسانی موحتاج دا ، وەک کەفالەت کردنی هەتیو ، وفێر کردنی قورئان ، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:- (من يسر على معسر يسر الله عليه في الدنيا والآخرة) رواه ابن ماجه ..

واتە: هەرکەسێک کارێک بۆ کەسێکی بێچارە وهەژار ئاسان بکات خودا لەدونیا وڕۆژی دواییش دا کاری بۆ ئاسان دەکات .

شەشەم : لەگەڵ نەفسی خۆتدا دانیشە وهەوڵدە چەند لایەنێکی چاک وئەرێنی لەتەڵاقدانەکەتدا بدۆزیتەوە ..

حەوتەم : خوشکەکەم تەڵاق کۆتایی دونیا نی یە ..نەخێر ڕەنگە سەرەتای دەستپێکی ژیانێکی تازە بێت .

هەشتەم : ئەوەندەی دەتوانی بەتەنها دامەنیشە ، چونکە تەنهایی وات لێ دەکات بیر لەئازار وناڕەحەتیەکانت بکەیتەوە .

نۆیەم: بەرنامەیەکی ڕۆژانە بۆ خۆت دانێ بەشێوەیەک سوودت پێ بگەیەنێت ، وەک خوێندنی قورئان وسەردانی کردنی هاوەڵان وسیلەی ڕەحم گەیاندن وتەماشا کردنی بەرنامە بەسودەکان ، بەشێوەیەک با هیچ فەراغێک لەژیانتدا نەبێت ..

دەیەم : گەر منداڵت هەیە ئەوا بەجوانی پەروەردەیان بکە و گرنگیان پێ بدە ، و خۆت ببە بە دایک و باوک بۆ منداڵەکانت بۆ ئەوەی سبەی دوای مردنت دوعای خێرت بۆ بکەن و سەربەرزت بکەن لە دنیا و قیامەت .

لە کۆتاییدا خوشکە بەڕێزەکەم ئەو قسەیە دوو بارە دەکەینەوە کە پێشتر وتمان : تەڵاق کۆتایی ژیان نی یە ، بەڵێ موسیبەتێکی گەورەیە، بەڵام کەسی عاقڵ دەیکاتە دەسکەوت ، وپەندی لێ وەرگرێت .

وصلِّ اللهم على نبينا محمد ومن والاه

جوان هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئافرەتی تەڵاقدراودا

پرسیار:

کاتێک ئافرەتێک تەڵاق دەدرێ زۆرێک لە ئافرەتان و خەڵکی بەچاوێکی تڕەوە سەیری دەکەن ئامۆژگاریتان چیە بۆ ئەو جۆرە کەسانە؟

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله، أما بعد:

سەبارەت بە هەڵس و کەوت کردن لەگەڵ ئافرەتی تەڵاقدراودا بەداخەوە دەڵێین :

١- هەندێ لەئافرەتان خوا هیدایەتیان بدات کاتێ ئافرەتێک تەڵاق دەدرێت سەرقاڵ دەبن بە باس کردن و هۆکاری تەڵاقەکەوە.

٢- زۆر دادەبەزنە سەر ئافرەتە تەڵاقدراوەکە کەڕەنگە قوربانی بێت وتوشی پیاوێکی خراپ ودڕنەدە بووبێت .

٣- یاخود قوربانی خراپی دینداری پیاوەکەی بێت بەوەی نوێژ نەکات وماده هۆشبەرەکان بەکار بێنێت ، یاخود پەیوەندی حەرامی لەگەڵ ئافرەتانی تردا هەبێت.

٤- یاخود قوربانی کەم تەرخەمی کەس وکارەکەی بێت لەکەم تەرخەم بوونیان لەپرسیار کردن لەدینی ئەو کەسەی دێتە داوای کچەکەیان ، یاخود قوربانی دەستی زانیاری هەڵە نادڕاست بێت کەپێی دراوە لەبارەی ئەو پیاوەوە.

٥- لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ڕەحمی پێ ناکەن وزۆر جار پرسیاری هۆکاری تەڵاقدانەکەی لێ دەکەن ، حەتمەن ئەمەش زۆر ئیحراج وبێتاقەتی دەکات .

٦- کەهەندێ جار لەبەر لاوازی ئیمان ناچار دەبێت بەخراپە باسی پیاوەکە بکات وچەند عەیبێکی بداتە پاڵ ، لەپێناو ڕزگار بوون لەتانەی ئافرەتان ، وگاڵتەکردنیان.

٧- ئافرەتی تەڵاقدراو نامەی ناردوە بۆمان و شکایەتی حاڵی خۆی دەکرد بەوەی لەباریێکی ناخۆش وقورسدایە بەهۆی تەعلیق وپرسیاری بێزار کەری ئافرەتانەوە.

٨- واز لەخوشکەکانتان بێنن لەبری ئەزیەتدانیان ، خەفەتیان بۆ بخۆن.

٩- وە زۆر دوعایان بۆ بکەن بەوەی خودا دامەزراویان بکات ، ودەرگای خێریان لێ بکاتەوە وخەم وخەفەتیان بڕەوێنێتەوە.

١٠- بیر خستنەوەیان بەوەی ئەوەی بەسەریان هاتووە نوسراوە وخێرێکی گەورەی تێدایە بۆ کەسێک ئارام بگرێت وچاوەڕێی پاداشت بێت.

١١- وە بیرهێنانەوەیان بەهۆکارەکانی جێگیر بوون وەک : (إنا لله وإنا إليه راجعون ، وأستغفر الله) ، وخێر کردن ، ودوعا کردن بەبەهێز بوونی ئیمان ، وداوای فەزڵی خودا کردن.

١٢- وە بیرهێنانەوەیان بەگرنگی پشت بەستن بەخودا و نائومێد نەبوون لەڕەحمی خودا.

١٣- وە بەلەسەر خۆییەوە بیرهێنانەوەیان بەموحاسەبە کردنی خۆ وپەند وەرگرتن لەهەڵەکانی ڕابردوو.

١٤- وە تۆ ئەی ئەو کەسەی دەتەوێ ژنی دووەم بێنی ، با هەمو غەمت هێنانی ئافرەتی عازەب ومندالّ نەبێت ، تۆ نازانیت بەرەکەت وتەوفیق لە چ دایە ، لەکاتی بوونی نیەتی چاک بەمارەکردنی بێوەژن یاخود تەڵاقدراو ڕەنگە خودا بەرەکەت بڕژێنێت بەسەرتدا بەشێوەیەک هەرگیز لەکچی عازەبدا دەستت نەکەوێت.

١٥- وە لەکۆتایی دا بیری خۆت بێنەوە واجبە ئەوەی کەبۆ خۆت پێت خۆشە دەبێ بۆ کەسانی تریش پێت خۆش بێت ، وتۆ ئەو جۆرە مامەڵەیە بۆ کچ وخوشکەکانی خۆت پێت خۆش نی یە گەر تەڵاق بدرێن ، بەهەمان شێوە خەڵکیش پێی خۆش نی یە ، خودا بتان پارێزێت وڕەوشتی چاکتان پێ کەڕەم بکات بەشێوەیەک ڕەچاوی حاڵی دەروونی کەسانی تر بکەن.

وصلّ اللهم على نبينا محمد ومن والاه

ئایا مافەکانی ئافرەتی تەڵاقدراو لە ئیسلامدا چین و کامانەن؟

بسم الله الرحمن الرحيم

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە وە درودو سڵاو لە سەر گیانی پێغەمبەری خوا وە لەسەر خێزان و کەس وکاری ئیماندارو هاوەڵان و شوێن کەوتوانی تا رۆژی دوایی.

بێگومان هەر یەک لەئافرەتی بێوەژن وتەڵاقدار مافی تەواویان هەیە لەژێر ڕوناکی ڕێنماییەکانی ئیسلام دا ، ودروست نی یە بۆ هیچ کەسێک هیچ یەکێک لەو مافانە زەوت بکات ، یاخود زیانیان پێ بگەیەنێت ، ئەو مافانەی کەقورئان وسوننەت بەدوور ودرێژی ئاماژەیان پێ داوە.

وەئافرەتی بێوەژن وتەڵاقدار بەراود بەئافرەتانی تر زیاتر عاقڵ تر و بەتەجرەبە ترن بەهۆی ئەو ژیانەی پێشوویان ، وهیچ شتێک نییە عەیب داریان بکات ، ئا ئەوە سەحابیەی بەڕێز زەینەبی کچی جەحش خوا لێی ڕازی بێت کاتێ کەمێردەکەی زەیدی کوڕی حاریسە تەڵاقی دا شووی کرد بەکەسێک کەزۆر لەو چاکتر بوو ، ئەویش پێغەمبەری خوا ﷺ بوو ، وە بووە دایکی باوەڕداران تا ڕۆژی دوایی .

وە ئافرەتی تەڵاقدراو گەر تەڵاقەکەی ڕەجعی بێت ـ ئەوەش ئەوەیە کەمێردەکەی دەتوانێت بیگێڕێتەوە بەبێ عەقدێکی تازە ـ حوکمەکەی حوکی خێزانی ئاساییە ، مافی دارایی هەیە ، بەم شێوەیەیی لای خوارەوە:

یەکەم: نەفەقە ، و ماڵ و خانو لەماڵی مێردەکەی ، لەبەر گشت گیری ئەم ئایەتە : ﴿ وَعَلَى الْمَوْلُودِ لَهُ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ ﴾

واتە: وە باوکی منداڵەکە ئەبێ نەفەقەو پۆشاك و جل و بەرگ بۆ ئافرەتەکەو بۆ منداڵەکە بکات ئەگەر تەڵاقیشی دابوو .

وە هەروەها ئەم ئایەتە: ﴿ أَسْكِنُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ سَكَنْتُمْ مِنْ وُجْدِكُمْ وَلَا تُضَارُّوهُنَّ لِتُضَيِّقُوا عَلَيْهِنَّ ﴾ .

واتە: ئافرەت کاتێك کە تەڵاقی (ڕەجعی) بوو تەڵاقی یەکەم یان دووەم بوو مافی خۆیەتی لە ماڵدا بمێنێتەوەو جێگیریان بکەن لە ماڵەکانتان بە گوێرەی توانای خۆتان

{ئافرەت ناچار مەکەن داوای تەڵاق بکات} ، بەڵام لێیان تەسك و تەنگ مەکەنەوە لە نەفەقەدا یان لە جێگادا لە ماڵدا بۆ ئەوەی کە ناچار بن خۆیان داوای تەڵاق بکەن، یاخود ماڵ بەجێ بهێڵن یان بڵێ مارەیی و هیچم ناوێ تەنها ڕزگارم بێ لە دەستی، یاخود لێ تەسك کردنەوە بۆ ئەوەی تەڵاقی

بدا ڕۆژێك دوو ڕۆژی مابێ و بیگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی ژیانی لێ تاڵ و تەسك بكات ئەمانە هەمووی حەرامەو بێ ئەمری خوای گەورەیە.

وە ئافرەتی تەڵاقدراوی یەکجاری ، گەر سکی هەبوو ئەوا نەفەقەی بۆ هەیە تاوەکو سکەکەی دادەنێت ، خۆئەگەر سکی نەبوو ئەوا نەفەقەی بۆ نییە چونکە بۆتە کەسێکی دوور وپەیوەندی ژن ومێردایەتی نەماوە لەنێوانیاندا .

دووەم: مافێکی تر کەپێی دەوترێت(المتعة): ئەوەش بریتی یە لەماڵێکی زیاد لەنەفەقە کەپیاو دەیدات بەو ئافرەتەی تەڵاقی داوە پێش ئەوەی بچێتە لای وبیگوێزێتەوە ، ئەوەش وەک دڵدانەوەی وتیمار کردنی حاڵەتی دەروونی ئافرەتەکەیە ، بێگومان ئەم کارە یەکێکە لەجوانیەکانی ئیسلام ، بەڵگەش ئەم ئایەتە پیرۆزەیە: ﴿ لَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِنْ طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ مَا لَمْ تَمَسُّوهُنَّ أَوْ تَفْرِضُوا لَهُنَّ فَرِيضَةً وَمَتِّعُوهُنَّ عَلَى الْمُوسِعِ قَدَرُهُ وَعَلَى الْمُقْتِرِ قَدَرُهُ مَتَاعًا بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُحْسِنِينَ ﴾.

واتە: دیسان گوناهبار نابن ئەگەر هاتوو خێزانتان تەڵاق دا کە هێشتا جیماعتان لەگەڵدا نەکردووەو نەتانگواستۆتەوە ، یان هێشتا مارەییەکەتان پێی نەداوە ئەوکاتە ئەگەر مارەیی دیاری نەکرابوو مارەیی ئافرەتانی هاوشێوەی خۆی پێ ئەدرێ ، وەجگە لە مارەیی بۆ دڵدانەوەیان پۆشاك و

شتومەکیان پێ بدەن [عَلَى الْمُوسِعِ قَدَرُهُ] کەسێك کە دەوڵەمەندەو حاڵی باشە با زیاتر بدات ،وە ئەوەی کە کەمتر دەستی ئەڕوات کەمتر بدات بەچاکە ئەوەی کە لە عورف و داب و نەریتدا بە چاکە ناوبرا بێت ، وە حەقە لەسەر چاکەکاران.

وە بابەتی (المتعة) بۆ هەموو جۆرە ئافرەتێک کارێکی چاک وسوننەتە ، بەبەڵگەی گشت گیری ئەم ئایەتە: ﴿ وَلِلْمُطَلَّقَاتِ مَتَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُتَّقِينَ ﴾ [البقرة: ٢٤١].

واتە: وە ئەو ئافرەتانەی کە تەڵاق دراون نەفەقەی خۆیان بۆ هەیە بەچاکە وە حەقە لەسەر ئەو کەسانەی کە تەقوای خوای گەورە ئەکەن کە خێزانیان تەڵاق دا نەفەقەیان بکەن ئەگەر تەڵاقەکە ڕەجعی بوو، وە ئەو مارەییەی کە لەشەرع دانراوە پێیان بدەن.

وەک وتمان ئەوەش مانێکە پیاو دەیدات بەو ئافرەتەی کەتەڵاقی داوە ، بەهۆی هۆکارێکە کە خەتای ئافرەتەکەی تێدا نی یە زۆر جار .

جا بەداخەوە لەم ڕۆژگارەدا خەڵکێکی زۆر لەو مافە مانیە بۆ ئافرەتی تەڵاقدار بێ ئاگان ، وکەم کەس لەم ڕۆژگارەدا ئەو مافە دەدات ؛ چونکە زۆر لەئافرەتان پێداگری ناکەن لەپێناو دروست نەبووی ناخۆشی و دوو بەرەکی..

سێیەم: مافی مارەیی : ئەوەش ئەندازەکەی ئەوەندەیە کا پێشتر لەسەری ڕێك کەوتوون ، جا هەمووی گەر دوای چوونە لای تەڵاقی دابێت ، ودروست نی یە بۆ پیاو هیچ بەشێکی لێ ببڕێت مەگەر بەڕەزامەندی ئافرەتەکە نەبێت ، بەڵگەش ئەم ئایەتە پیرۆزەیە: ﴿ وَإِنْ أَرَدْتُمُ اسْتِبْدَالَ زَوْجٍ مَكَانَ زَوْجٍ وَآتَيْتُمْ إِحْدَاهُنَّ قِنْطَارًا فَلَا تَأْخُذُوا مِنْهُ شَيْئًا أَتَأْخُذُونَهُ بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُبِينًا * وَكَيْفَ تَأْخُذُونَهُ وَقَدْ أَفْضَى بَعْضُكُمْ إِلَى بَعْضٍ وَأَخَذْنَ مِنْكُمْ مِيثَاقًا غَلِيظًا ﴾ [النساء: ٢٠، ٢١]

واتە: وە ئەگەر هاتوو خێزانێکی ترتان هێنا وە قینتارێك مارەییتان پێیدا، واتە: سەد ڕەتڵ ئاڵتوونتان پێیدا، ئەوەندە زۆرتان دا ، پاشان ئەگەر هاتوو تەڵاقت دا نابێ هیچ لە مارەییەکەی لێ بسەنیتەوە ، ئایا ئێوە ئەو مارەییەیان لێ ئەسەننەوە بەبێ حەق ئەمە بوهتان و ناحەقییە وە تاوانێکی زۆر ئاشکرایەو حەرامە.

وە چۆن ئێوە ئەو مارەییە لە ئافرەتان ئەسەننەوە کاتێك کە ئێوە بەیەکەوە جیماع و سەرجێیتان کردووە ، وە پێشتریش عەقدو بەڵێنێکی ئەستوور لە نێوانتاندا هەبووە کە عەقدی مارەبڕین بووە، وە ئەگەر هاتوو پیاو خێزانەکەی گواستەوەو جیماعی لەگەڵ کردو دوای ئەوە تەڵاقیدا ئەوە ئەو مارەییە هەمووی بۆ خێزانەکە ئەبێت، وە ئەگەر پێش گواستنەوە تەڵاقی بدات ئەوە نیوەی مارەییەکەی دەکەوێت، ئیلا ئەگەر ئافرەتەکە خۆی داوای

تەڵاق و خولع بکات ئەو کاتە هیچی ناکەوێت و دەبێت مارەییەکە بۆ پیاوەکە بگەڕێنێتەوە.

وەهەروەها ئایەتی: ﴿ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا افْتَدَتْ بِهِ ﴾ [البقرة: ٢٢٩] .

واتە: وە ئەگەر ترستان هەبوو ئەمانە سنووری خوای گەورە جێبەجێ ناکەن ئەوە هیچ تاوانێکیان لەسەر نیە ئەگەر هاتوو ئەو ئافرەتە مارەییەکەی بۆ پیاوەکە گەڕاندەوە، واتە: داوای (خولع) و تەڵاقی کرد ئەوکاتە مارەییەکە بۆ پیاوەکە ئەگەڕێنێتەوە .

وە ئەگەر پێش چوونە لای ودوای ناو نانی مارەیەکە تەڵاقی دا ئەوا نیوەی ئەو مارەیەیی بۆ هەیە کەدیاری کراوە ، هەوەک خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَإِنْ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِنْ قَبْلِ أَنْ تَمَسُّوهُنَّ وَقَدْ فَرَضْتُمْ لَهُنَّ فَرِيضَةً فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُمْ ﴾ [البقرة: ٢٣٧].

واتە: وە ئەگەر هاتوو خێزانەکانتان تەڵاق دا پێش ئەوەی کە بیانگوازنەوەو جیاعیان لەگەڵدا بکەن وە مارەییەکەتان دیاری کردبوو ، ئەوە ئەبێ نیوەی مارەییەکەیان بدەنێ، کەسێك ژنەکەی تەڵاق بدات پێش ئەوەی بیگوازێتەوە ئەبێ نیوەی مارەییەکەی بداتێ لە پێشەکی و پاشەکی .

بەڵام گەر دوای گواستنەوە وچوونە لای تەڵاقی دا ، وپێش ئەوەی مارەییەکە دیاری بکرێت ، ئەوا مارەیی هاوشێوەی ئافرەتانی خۆی بۆ هەیە کەپێی دەوترێت (مهر المثل) ، بەبەڵگەی ئەم ئایەتە پێرۆزە: ﴿ فَمَا اسْتَمْتَعْتُمْ بِهِ مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةً ﴾ [النساء: ٢٤].

واتە: ئەوەندەی کە سوودتان لەو ئافرەتانە بینی بەجیماع کردن و نزیك بوونەوەو نیکاحی شەرعی ئەوا مارەیی خۆیانیان بدەنێ، وە وتراوە: (فَمَا اسْتَمْتَعْتُمْ) مەبەست پێی موتعەیە کە لەسەرەتای ئیسلامدا حەڵاڵ بووە پاشان نەسخ بۆوە کە فەرموودەکە لە بوخاری و موسلیم هاتووە ئیمامی عەلی گێڕاویەتیەوە: (أَنَّ النَّبِيَّ- ﷺ - نَهَى عَنْ نِكَاحِ الْمُتْعَةِ يَوْمَ خَيْبَرَ، وَعَنْ لُحُومِ الْحُمُرِ الْأَهْلِيَّةِ) (البخاري (٥١١٥) مسلم (١٤٠٧)) پێغەمبەری خوا- ﷺ - نەهی کرد لە نیکاحی موتعەو سیخە وە لە گۆشتی گوێدرێژی ماڵی لە غەزای خەیبەردا.

چوارەم: مافی بوون بەوارس ، ئافرەتی تەڵاقدراو لەتەڵاقی ڕەجعی دا ، گەر مێردەکەی لەعادەکەیدا مرد ئەوا وەک هەر ئافرەتێکی تری ئاساییە کەلای مێرەکەیەتی ومیراتی بەردەکەوێت ، ودروست نی یە هیچی لێ ببڕدرێت ،مەگەر بەڕەزامەندی خۆی نەبێت ، وئەوەی کەگوێیان لێ دەبێت لەبێ بەش کردنی ئافرەت بەحەزی مێرد ئەوا پێچەوانەی شەرعە ،

وشکاندنی سنووری خودایە ، وخودا ئەوەی داناوە وکەس بۆی نی یە بەتاڵی کاتەوە.

پێنجەم: ئەو مافە دارایانەی کەپێویستە لەسەر پیاو:

ئافرەتی تەڵاقدراو تەواوی ئەومافە دارایانەی بۆ هەیە کەهی مێردەکەیەتی ، وەک قەرز ، وئەرز وهاوشێوەی ئەمانە ، وبەهەمان شێوە ئافرەتی مێرد مردووش مافی دارایی بۆهەیە دوای مردنی مێردەکەی ، میراتی بۆ هەیە لەو ماڵەدا ودروست نی یە لێی وەربگیردرێت و زەوت بکرێت مەگەر بەڕەزامەندی خۆی نەبێت ، وئەگەر مێردەکەی ماڵی بەجێ نەهێشتبێت ئەوەندەی بەشی خۆی منداڵەکانی بکات ، ئەوا مافی ئەوەی هەیە خێر وزەکاتی پێ بدرێت ، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی"الساعي على الأرملة والمسكين كالمجاهد في سبيل الله".

واتە: ئەو کەسەی یارمەتی بێوەژن وهەژار دەدات ئەوا وەک تێکۆشەر وایە لەپێناوی خودادا .

شەشەم: مافی تەڵاقدراو لەمنداڵ بەخێو کردندا :

ئافرەتی تەڵاقدراو دەتوانێت منداڵەکەی بەخێو بکات ، ونەفەقەی بۆ هەیە تا ماوەی دوو ساڵ ، ودروست نی یە منداڵەکەی لێ وەرگرێتەوە ، بەبەڵگەی ئەم ئایەتە: ﴿ لَا تُضَارَّ وَالِدَةٌ بِوَلَدِهَا وَلَا مَوْلُودٌ لَهُ بِوَلَدِهِ ﴾ [البقرة: ٢٣٣].

واتە: نابێ دایکێ زیان بە منداڵەکەی یان بە پیاوەکە بگەیەنێ کە شیر بە منداڵەکە نەدات یان شیری پێ بدات بەڵام داوای پارەی زۆر لە پیاوەکە بکات کە لە توانایدا نەبێ ، وە پیاوەکەش نابێ زەرەر لە ئافرەتەکە بدات بەوەی کە منداڵەکەی لی بسەنێتەوە یان پارەی کەمی بداتێ کە منداڵەکەی بۆ بەخێو ئەکات و شیری پێ ئەدات .

وە ئەم مافە یەکێکە لەو مافانەی کەزۆرترین جار ستەمی تێدا دەکرێت لەئافرەت لەلایەن مێردەوە ، وەهەرکات منداڵەکە لەشیر بڕایەوە ئافرەتەکە مافی بەخێو کردنی ئەو منداڵەی بۆ هەیە تا دەگاتە حەوت ساڵ گەر دایکەکە شووی نەکردبێت.

هۆکارەکانی حاڵەتی تەڵاق لەم سەردەمەدا :

١- پەلە کردنی هەردوو لا لەهەڵبژادندا .

٢- یەکتر نەبینینی کچ وکوڕ ، لەکاتێکدا دروستە لەشەرعدا .

٣- دوور ئاستی عەقڵی و ڕۆشنبیر وکۆمەڵایەتی .

٤- کردنی تاوان ، چەندان ئافرەت پیاوەکانیان جێ هێشت لەبەر ئەوەی مێردەکانیان نوێژی نەدەکرد ، یاخود لەبەر ئەوەی مادە هۆشبەرەکانی بەکار دەهێنا .

٥- خراپی مامەڵە کردن جا لەلایەن پیاوەوە بێت یاخود ئافرەت ، وستەم کردن لەیەک ونەبوونی ئینساف .

کە ئافرەت تەڵاق درا کەی دەتوانێت شوو بکاتەوە؟ئومێدەوارم ڕوونکردنەوەیەکمان بدەنێ لەبارەی عیدەی ئافرەتی تەڵاق دراوەوە

ئافرەتی تەڵاق دراو پێش گواستنەوە و خەڵوەت دروست کردن لەگەڵی واتە: پێش ئەوەی جیماعی لەگەدا کرابێت عیدەی لەسەر نی یە ، بەو مانایەیی هەرکات تەڵاق درا دەتوانێت یەکسەر شوو بەکەسێکی تر بکات ، بەڵام گەر گواسترابێتەوە یاخود خەڵوەت وجیماعی لەگەڵ کرابێت ئەوا عیدەی لەسەر پێویستە بەم شێوەیەیە لای خوارەوە :

یەکەم : گەر حەملی هەبێت ودوو گیان بێت ئەوا عیدەکەی بەدانانی حەملەکەیەتی جا ماوەی دانانەکە زۆر بێت یاخود کەم ، چونکە ڕەنگە لەبەیانی دا تەڵاقی بدرێت ولەئێوارەدا منداڵی ببێت ، وەهەروەها ڕەنگە لەمانگی موحەڕەم دا تەڵاقی بدرێت کەچی تاوەکو مانگی "ذي الحجة" منداڵی نەبێت ، واتە: بۆ ماوەی دوازدە مانگ لەعیدەدا بمێنێتەوە ، گرنگ ئافرەتی دوو گیان عیدەکەی دانانی منداڵەکەیەتی ، بەڵگەشمان ئەم ئایەتە پیرۆزەیە : (وَأُولاتُ الأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَنْ يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ) .

واتە: بەڵام ئەگەر ئافرەت تەڵاقدرا یان مێردەکەی مردو دووگیان بوون ئەو کاتە عیددەیان بریتییە لە دانانی حەملەکەیان، هەر کاتێك حەملەکەیان دانا ئەوە عیددەکەیان کۆتایی هاتووە ئەگەر تەنها رۆژێکیش بێت .

دووەم : خۆ ئەگەر حەملی نەبوو و ئافرەتێک بوو کەبالغ بوو وکەوتبووەوە حەیزەوە ئەوا عیدەکەی بینینی سێ حەیزی تەواوە دوای تەڵاق دان ، بەو مانایەیی: توشی حەیز ببێت پاشان پاک ببێتەوە ، دوو بارە توشی حەیز ببێت پاشان پاک ببێتەوە ، بۆ جاری سێیەم توشی حەیز ببێت پاشان پاک ببێتەوە ، ئەمە سێ حەیزی تەواوە جا ماوەکەی کورت بێت یاخود درێژ ، بۆیە گەر لەحاڵەتێکدا مێردەکەی تەڵاقی دا لەکاتێکدا شیری دەدا ونەکەوتە حەیزەوە تا دوو ساڵ ئەوا دەمێنێتەوە وچاوەڕێ دەکات تاوەکو سێ جار دەکەوێتەوە حەیزە لەم حاڵەتەدا مانەوەی لەعیدەدا دوو ساڵ یاخود زیاترە ، گرنگ ئەوەیە ئەو ئافرەتەی کەبالغ بووە وکەوتۆتە حەیزەوە ئەوا عیدەکەی سێ حەیزی تەواوە جا ماوەکەی درێژ بێت یاخود کورت ، ئەمەش بەبەڵگەی ئەم ئایەتە پیرۆزە : (وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنْفُسِهِنَّ ثَلاثَةَ قُرُوءٍ) .

واتە: ئافرەتانی تەڵاق دراو سێ (قورء) واتە: سێ حەیز چاوەڕێ ئەکەن ئەوە عیدەکەیانە ئافرەتێك کە تەڵاق بدرێ عیدەکەی سێ حەیزە.

سێیەم : بەنیسبەت ئەو ئافرەتەی کەحەیز نابینێت جا لەبەر بچووکی بێت یاخود تەمەن گەورەیی وحەیزی کۆتایی هاتبێت ئەوا عیدەکەی سێ مانگە ، بەبەڵگەی ئەم ئایەتە پیرۆزە: (وَاللائِي يَئِسْنَ مِنَ الْمَحِيضِ مِنْ نسائِكُم إِنْ ارتَبْتُمْ فَعِدَّتُهُنَّ ثَلاَثَةُ أَشْهُرٍ وَاللائِي لَمْ يَحِضْنَ) .

واتە: وە ئەو ئافرەتانەی کە بێ ئومێد بوونە لە کەوتنە سووڕی مانگانە لەبەر گەورەیی تەمەنیان، وە ئەوانەیشی کە هێشتا کەم تەمەنن و نەکەوتوونەتە سووڕی مانگانەوە، وە ئێوە گومانتان هەبوو لە عیددەکەیان و نەتانزانی عیددەیان چەندە ئەوە عیددەی ئەوانە سێ مانگە.

چوارەم : گەر حەیزی نەمابێت بەهۆکارێک کە دەزانرێت جارێکی تر توشی حەیز نابێتەوە وەک ئەوەی ڕەحمی دەرهێنرابێت ئەوا ئەم ئافرەتە وەک ئافرەتی پیر ــ ئەوەی کەحەیزی کۆتایی هاتووە ــ وایە ، بۆیە عیدەکەی سێ مانگە.

پێنجەم : گەر حەیزی نەمابێت بەڵام دەزانرێت چی حەیزەکەی نەهێشتووە ، لەم حاڵەتەدا چاوەڕێ دەکات تاوەکو ئەو هۆکارە نامێنێت کەحەیزەکەی نەهێشتووە تاوەکو حەیزەکەی دەگەڕێتەوە وعیدە دەبینێت .

شەشەم : گەر حەیزی نەمابێت وە ناشزانرێت چ شتێک حەیزەکەی نەهێشتووە ، لەم حاڵەتەد زانایان دەڵێن: ساڵێکی تەواو لەعیدەدا دەبێت وچاوەڕێ دەکات ، نۆ مانگی لەبەر ئەوەی نەوەک دوو گیان بێت وسێ مانگەکەی تریش وەک عیدە .

ئا ئەمە جۆری عیدەی ئافرەتی تەڵاق دراوە .

وەڵامی شێخ : محمد بن صالح العثيمين رحمه الله

"مجموعة أسئلة تهم الأسرة المسلمة" ص ٦١-٦٣

هۆکارەکانی زۆربوونی ڕێژەی تەڵاق

شوکر و ستایشی بێ پایان بۆ پەروەردگاری هەموو جیهان ، و درووود و سەلامیش لە سەر سەروەری پێغەمبەران بێت ﷺ، و ئەهل و بەیت و یار و یاوەرانی بەگشتی

یەکێك لەو کێشە و دیاردە خراپانەی کە ئێستا لە نێو خەڵکی زۆر بوە کێشەی تەڵاق و جیابونەوەی ژن و مێردە و تێکچونی شیرازەی خێزانە کە بەڕاستی مەسەلەی تەڵاق ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێ .

جا لە پاش بیرکردنەوە و پرس و ڕاوێژ لەگەڵ هەندێ برای بەڕێز کە لە دادگاکاندا کار دەکەن و لەناو کرۆکی کێشە خێزانی یەکاندان، گەشتینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم چەند خاڵەی لای خوارەوە هۆکارن بۆ دروست بوونی تەڵاق

هۆکاری یەکەم: دووری ژن و مێرد لە ڕێنماییەکانی ئیسلام

گەورەترین هۆکار دووریە لە ڕێنماییەکانی ئیسلام، نە پیاو و نەژن پابەند نین بە ئەحکامەکانی شەریعەتەوە هەر لە سەرەتای هەڵبژاردنەوە تا دەگاتە تەڵاقدان و جیابونەوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ بە پیاوان دەفەرموێ " تُنكَحُ المرأةُ لأربعٍ: لمالِها ولحسبِها ولجمالِها ولدينِها، فاظفرْ بذاتِ الدينِ تَربتَْ يداك " پیاوان لەبەر

چوار هۆکار ژنێك ماره دەکەن، یانی گەنجێك ئەم چوار هۆکاره پاڵنەرن بۆ ئەوەی کچێك ماره بکات

١- یان لەبەر جوانی ئەو کچەی هەڵبژاردووه .

٢- یان لەبەر ئەوەیە خاوەن پارەیە و موچە وەردەگرێت .

٣- یان لەبەر ناوداری و بنەماڵەکەیەتی.

٤- یان لەبەر دینەکەیەتی.

بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ "فاظْفَرْ بذاتِ الدِّینِ " کچی دیندار هەڵبژێرە. چونکە زەرەر لەو هاوسەرگیرییە ناکەیت.

هەروەها بۆ ئافرەتانیش "إذا جاءکُم منَ تَرضَونَ دینَه وخُلُقَه فأنکِحوهُ " هەر کوڕێك هات بۆ داوای ژن لێتان ئەگەر دیندار و خاوەن ڕەوشت بوو ئەوا ژنی بدەنێ.

کەواتە یەکێك لە هۆکارەکانی زۆربوونی ڕێژەی تەڵاق پابەند نەبوونە بە دینی ئیسلامەوە هەر لە یەکەم ڕۆژی پرۆسەکەوە کە هەڵبژاردنە، وە لە یەکەم ڕۆژی ماربڕینەکە و ڕۆژی گواستنەوەدا کە ئەو هەمووە ناشەرعی یەی تێدا دەکرێت وەکو تیپ و مۆسیقا وتێکەڵاوی و هەڵپەڕکێ و گۆرانی و وێنەکردن و نەزرکردن ... کە لای هەموان ڕونە چی ناشەرعی یەك لەو ڕۆژەدا ئەنجام دەدرێت بەو هۆیەوە خوای گەورە سزایان دەدات! وە ئەمانە هۆکارن بۆ زۆر بوونی ڕێژەی تەڵاق چونکە هەڵبژاردنەکە هەڵەیە، یەکەم

ڕۆژی مارەبڕین هەڵەیە، یەکەم ڕۆژی گواستنەوە هەڵەیە هیچ پاپەند بونێکی بەدینەوە تێدا نییە بۆیە ڕێژەی تەڵاق زۆر دەبێ

هۆکاری دووەم: (خیانەتی زەوجی)

پیاوان سەرەڕای هەبوونی خێزان پەیوەندی هەیە لەگەڵ ئافرەتی تردا و تا دەگاتە ئەنجامدانی (زینا)و کەشف دەبێ و خێزانەکەی داوای جیابوونەوەی لێدەکات! یان بە پێچەوانەوە ئافرەت خەریکی کاری بەدڕەوشتی دەبێت!

بۆیە وانەزانن ئافرەتانی خاوەن مێرد خەریکی زینا نابن بێگومان بن ئەوانیش کاری لەو شێوەیە دەکەن.

ئەو پیاوانەی کە خەریکی کاری لەوجۆرەن بەردەوام گومانی خراپ دەبەن بە خێزانەکانیان،

وەك ڕون و ئاشکرایە لای هەموان کە لەسەردەمی ئێستادا تەلەفۆن و هاوشێوەکانی ڕێگای ئەنجامدانی خراپە و خراپەکاری زۆر ئاسان کردووە بە هۆی ئەم هۆکارەوە پیاوان بەردەوام لەگەڵ کچ و ژنی خەڵکی دا لە پەیوەندیدان و خێزانەکانی خۆیان لەبەرچاو دەکەوێ چونکە هەر ڕۆژەی لەگەڵ ئافرەتێکدایە!

هۆکاری سێ یەم: کەم تەمەنی و دانەمەزاری کچ و کوڕ لە ڕوی عەقڵ و تێگەیشتنەوە

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی زۆربوونی ڕێژەی تەڵاق کەم تەمەنی و دانەمەزاری کچ و کوڕ لە ڕوی عەقڵ و بیرکردنەوە و تێگەشتنەوە و زاڵ بونی شەهوەت و ئارەزو .

ڕۆژانە دنیایەك تێکەڵاوی لە کوڕ و کچ دەبینێ چی لە ژیانی ڕۆژانەیدا یان لە سەتەلایت و مۆبایلکەیدا تا وای لێدێ زەوق و شەهوەتی فول دەبێ! زواج دەکەن پاشان جیا دەبنەوە چونکە ئەساسی زەواجەکەیان بۆ دروست کردنی ماڵ و منداڵ نەبوە

یان ئەو عیشق و عیشقبازییەی ئێستا پەرەی سەندووە لە قوتابخانەکان و پەیمانگا و زانکۆکان هەر هاوسەرگیرییەکی لێ بەرهەم بێت فاشلە ئیلا مەگەر دانە دانەیەکی خوا ڕەحم بکات ئەگینا دەرئەنجامی ئەو هاوسەرگیرییە فەشەلە لەبەر ئەوەی بە ناپاکی دەستی پێکردووە!

هۆکاری چوارەم: نەبوونی (مەوەدە و ڕەحمە) لە نێوان ژن و مێرددا

ئەگەر دۆستایەتی و خۆشەویستی و ڕەحم و بەزەی لەنێوان ژن و مێرددا نەبوو سەر ئەنجامی تەڵاق و جیابونەوە دەبێت، خوای گەورە دەفەرموێ: [وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا] یەکێك لە

نیشانەکانی دەسەڵاتی خوا ئەوەیە کە لە خودی خۆتان خێزانی بۆ دروست کردون، بۆ؟ [لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا] بۆ ئەوەی لە پاڵیا ئارام بگرن.

بۆیە پێویستە ئافرەت ببێتە هۆکاری ئارامی و حەوانەوەی مێردەکەی نەك لەکاتی گەڕانەوەی پیاوی ماندو بۆ ماڵەوە ژن سەرقاڵی فلم و تەلەفۆن و ... هتد بێت! پیاو لەپاڵ ئەم جۆرە ئافرەتەدا ناحەوێتەوە بۆیە ئاژاوە دروست دەبێت!

.[وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً] خوا دۆستایەتی و خۆشەویستی و ڕەحم و بەزەیی خستۆتە نێوان ژن و مێردەوە.

ئەگەر ئەم دۆستایەتی و خۆشەویستی یە نەما بەردەوام شەڕ و ئاژاوەیە تا دەگاتە تەلاق و جیابونەوە. پێویستە نێوان ژن و مێرد [مَوَدَّةً] خۆشەویستی تێدا بێت.

هۆکاری پێنجەم: خۆهەڵقورتانە ناو ژیانی ژن و مێرد لە لایەن کەسانی دەوروبەرەوە

یەکێکی تر لە هۆکارەکان بریتی یە لە خۆهەڵقورتانە ناو ژیانی ژن و مێرد لە لایەن کەسانی دەوروبەرەوە بەتایبەت دایکی کوڕ کە دەکاتە خەسوی کچ و دایکی کچ کە دەکاتە خەسوی کوڕ! چەندین جار کێشە دروست دەبێت بە هۆی ئەم دووکەسەوە.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەفەرموێت: : (ابلیس) عرش و جێگاکەی لەسەر ئاو دا ئەنێت واتە (لەسەر بحرو دەریاکانە) پاشان هەموو دەستە و پێوەندەکانی ئەنێرێ بەسەر زەویدا و بڵاوەیان پی دەکات بۆ خراپەکاری ، نزکترین کەسیان لێ یەوە ئەوەیە کەخراپەی زۆر و گەورە بکات ، یەکێکیان دێت ، ئەڵێت : ئەم خراپەم پێکرد و ئەو خراپەم پێکرد (ابلیسیش) دەڵێت هیچت نەکردوە ، ئەفەرمێت: یەکێکی تریان دێت و دەڵێت : وازم لە پیاوێك نەهێنا تاوەکو جیاوازیم نەخستە نێوان خۆی و ژنەکەیەوە و ڕێز و خۆشەویستیم لە نێواندا نەهێشت تا (تەلاقیدا)، ابلیس: نزیکی دەکاتەوە لەخۆی و دەڵێت : تۆ باشترین کەسی .

کەواتە: شەیتانەکان لەو هەوڵەدان بۆجیاکردنەوەی ژن لە پیاو چونکە تەلاق مەفسەدە و خراپەی زۆری لێ دەبێتەوە لەوانە :

١- ئەو ژن ومێردە ئیتر لەیەك جیا دەبنەوە و هیچ نەوە و منداڵێك ناخەوە .

٢- ئەگەر منداڵیان بێ ئەوا منداڵەکان بێ ناز و بێ پەروەردە دەبن .

٣- ئەو ژن و پیاوە ڕەنگە توشی خراپەکاری و زینا بێن .

٤- ڕق و کینە و دوبەرەکی دەکەوێتە نێوان مالّی پیاوەکە و ژنەکەی هۆکاری شەشەم: لاوازی جنسی لە لایەن پیاو یان لای ئافرەت .

هۆکارێکی تر لاوازی جنسی لە لایەن پیاو یان لای ئافرەت، ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە سەردەکێشێ بۆ تەڵاق و جیابونەوە.

پیاوێك ناوتوانێت مافی خێزانەکەی بدات لە ڕوی جنسی یەوە یان ئافرەتێك ناتوانێت مافی مێردەکەی بدات، ئەم حاڵەتەش هەریەکە و هۆکاری خۆی هەیە و چارەسەریشی بۆ دانراوە .

هۆکاری حەوتەم: ڕێگە گرتن لە فرەژنی تەڵاق و جیابونەوەی بەدواوە دێت

یەکێکی تر لە هۆکارەکان بریتی یە لە ڕێگە گرتن لە فرەژنی تەڵاق و جیابونەوەی بەدواوە دێت چونکە زۆرێك لە ئافرەتان بە مێردەکانیان دەڵێن ئەگەر ژنی تر دەهێنی دەبێت من تەڵاق بدەیت! بۆ تەڵاقی بدات؟! لە کاتێکدا بە جیابونەوە و تەڵاق دان ماڵ و منداڵی دەشێوێت! دیاردەی بێوەژنداری زۆر دەبێت! کچی گەورە زۆر دەمێنێتەوە! لەم حاڵەتەدا ئەو بێوەژن و کچە گەورانە چی بکەن؟! چونکە ئەگەر هاوسەرگیری دووەم و سێ یەم نەبێت خۆ گەنجەکان بێوەژن و گەورە کچ مارە ناکەن!

هۆکاری هەشتەم: بەجێ نەهێنانی حەق و مافی ژن و مێردایەتی

پیاو ناتوانێت حەقی خێزانەکەی بدات و خێزانیش ناتوانێت حەقی مێردەکەی بدات، ئەم هۆکارە زیاتر پەیوەستە بە پیاوانەوە چونکە ئەوەندەی نییە کە بتوانێ بژێوی ژیانی خێزان و منداڵەکانی دابین بکات، ناتوانێت

خانویەکی گونجاوی بۆ دابین بکات، ژن ئەگەر جلێکی باشی نەبێت لەبەری بکات، خواردنێکی باشی نەبێت دەرخواردی منداڵەکانی بدات، خانویەکی نەبێت بە ئازادی تیایدا بحەسێتەوە ناچار دەبێت داوای تەڵاق و جیابونەوە بکات بەتایبەتی ئەوانەی کە ماڵی جیایان بۆ ناکرێت کە لەم سەردەمەدا جیانەکردنەوەی ماڵ گەورەترین هۆکارە بۆ تەڵاق و جیابونەوە چونکە کە ماڵی جیای بۆ ناکرێت دەیبات دەیخاتە ژورێکەوە و هەموو ئازادییەکی لێ زەوت دەکات بەتایبەت ئەو پیاوانەی کە کەم دەستن یان خوێندکارن، ئەم ئافرەتەش تەماشای دەوروبەری خۆی دەکات خوشکی و ئامۆزای و خاڵۆزای و هتد هەموان شویان کردووە و لە ژیانێکی خۆشدا دەژین کەچی ئەم ناتوانێ وەك ئەوان بژی ناچار داوای جیابونەوە و تەڵاق دەکات!.

هۆکاری نۆیەم : هاوسەرگیری کردن و ڕێکەوتن لە دەرەوەی خێزان

کوڕ و کچی واهەیە لە دەرەوەی خێزان هەموو شتێکیان کردووە کە تەنها ئیمزا کردن بۆ خێزانەکانیان ماوەتەوە! هەموو شتێکی لەگەڵ بڕیوەتەوە چونکە دەیان جار لەگەڵیدا دەرچووە ئەگەر زیناشی لەگەڵ نەکردبێت! کە دەگاتە کۆتای خێزانێك لەو دوو خێزانە بەوی تر ڕازی نییە و سەردەکێشێ بۆ نانەوەی کێشە و ئاژاوە.

کەواتە پێویستە کوڕان و کچان ئاگادار بن لە دەرەوەی خێزان هاوسەرگیری ڕێك نەخەن وە ئەم کارە شتێکی نامۆ و نەشیاوە بە داب و نەریتی کۆمەڵگای ئێمە هەرچەندە لە ڕۆژگاری ئێمەدا ئەم کارە بووە بە باو لە سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن .

وە کە زواجیش دەکەن تەحەمولی ئەرك وماف و مااڵ و منداڵیان نیە دوای جیا دەبنەوە

هۆکاری دەیەم : سحر و جادوو کردن :

کەسێکی ناحەز دەچێت سحر و جادوی جیاکردنەوە لە پێاوێك دەکات و خێزانەکەی لە پێش چاو ڕەش دەکات وا لێدێت ئەو پیاوە ناتوانێت خێزانەکەی خۆی ببینێت ، خۆیان ووتەنی دەڵێ سەگ و بەراز ببینم تۆ نەبینم، یان ئەم جادووە بەرامبەر بە ئافرەت دەکرێت بە شێوەیەك کە ناتوانێت مێردەکەی ببینێت.

لەکاتێکدا پێویستە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم جادوویە بکەن بە ڕێگای شەرعی کەچی تەاڵق و جیابوونەوە هەڵدەبژێرن!.

ئەوەش بزانن ساحر و جادوبازەکان و جنۆکە وشەیتانەکەن زۆر زۆر لاوازن بەرامبەر بە کەسی موسڵمان بەاڵم کاتێك تۆ غافڵ و بێ ئاگا بویت لەودوعا و زیکرانەی کە دەتپارێزن ئەو کاتە توش دەبیت ، زیکر و قورئان خوێندن قەاڵی پارێزەرە بۆ موسڵمان بەاڵم بەداخەوە زۆربەی موسڵمانان

ئاگایان لەو زیکرانە نیە و ئیهمالی دەکەن ، وەکو زیکری بەیانیان و ئێواران و پێش خەوتن و لەماڵ دەرچوون و ...وەهەروەها قورئان خوێندن لە ماڵدا بەتایبەت سورەتی بەقەرە ، بەڵام بەداخەوە لەجیاتی ئەو شتانە سەیری فلم و دراما زیاتر دەکرێ .

هۆکاری یانزەیەم: هەڵە کردن لە دەستنیشان کردن و هەڵبژاردنی کچ دا یان کوڕدا

زۆرێك لە کچانی ئەم سەردەمە جوانییەکەیان دەستکردە لە ماڵەوە جۆرێکە و دێتە دەرەوە دەبێتە گڵۆپ و شەمعە خۆیان ووتەنی! سوێند بەخوا کوڕی وا هەبووە پاش یەکەم شەو کە کچە دەم و چاوی شۆردووە و سوراو و سپیاوی لێبۆتەوە دەست بەجێ تەڵاقی داوە و ناردویەتیەوە بۆ ماڵ باوکی چونکە ئەو ژنە نییە کە لەدەرەوە سەرنجی ڕاکێشاوە بۆیە نایەوێ!

کەواتە هەر کات ویستان کچێك داوابکەن بەیانیان بەر لەخەو هەستان بڕۆن و ببینن!.

هۆکاری دوانزەیەم: تێکەڵاوی کردن کە دەردێکی کوشندەیە لە ناو کۆمەڵگای ئێمەدا

ئەو تێکەڵاوییەی کە لە سەردانە خێزانی یەکاندا دەکرێت، لە بازاڕەکاندا دەکرێت، لە بۆنە و سەیرانگاکاندا دەکرێت، لە ناوەندەکانی خوێندن و فەرمانگە حکومی یەکاندا دەکرێت، ئەم تێکەڵاوییانەش یەکێکە

لە هۆکارەکانی زیاد بونی ڕێژەی تەڵاق و جیابوونەوە، چونکە پیاوێك کە خاوەن خێزانە بە یەکێك لەو هۆکارانەی سەرەوە تێکەڵاوی ئافرەتانی نامەحرەم دەبێت و سەرسام و کاریگەر دەبێت بە ئافرەتێك جا ئەو کاریگەر بوونە یان بە جوانی دیمەن و ڕوخساریەتی یان بە شێوەی دەربڕین و هەڵس و کەوتیەتی.

ئافرەتی واهەیە بە مەکروناز خۆی نزیك دەکاتەوە و بەشێوازێکی تر خۆی دەنوێنێ ئەمیش لە ماڵەوە خێزانەکەی بەوشێوازە نی یە، ئەو مەکر و ناز و خۆوەبەرۆ بردنەی ئەو لە دەرەوە دەیکات خێزانەکەی ئەوەی پێناکرێت چونکە ئەو لە دەرەوە هیچ ئەرکێکی لەسەر شان نی یە بەڵام خێزانەکەی لە ماڵەوە منداڵی بچوکی هەیە، یان حەملی هەیە، یان لە سوڕی مانگانەدایە، یان ماڵ پاك دەکاتەوە، یان خواردن ئامادە دەکات، یان ...هتد، ئەو هەمووە ئەرکەی لەسەر شانە بۆی وەك ئەو خانمەی پێناکرێ کە لەدەرەوەیە و هیچ ئەرکێکی لەسەر شان نی یە و خەریکی مەکروناز و خۆبردنە پێشەوەیە، کاکیشم لە ماڵەوە داوا لەخێزانەکەی دەکات وەك ئەو ئافرەتە هەڵس و کەوت بکات و وەك ئەو خۆی بڕازێنێتەوە خێزانیشی ئەمەی پێناکرێ بۆیە کێشە دروست دەبێت و سەردەکێشێ بۆ تەڵاق و جیابونەوە.

هۆکاری سیانزەیەم: فلیم و دراماکان

فیلمە (کۆری و تورکی و ئێرانی)یە دۆبلاج کراوەکان بۆ زمانی کوردی، ئەم فیلمانەش یەکێکە لە هۆکارەکانی زیادبونی ڕێژەی جیابونەوە و تەڵاق، ئەم فیلمانە چەندین شوێنەواری خراپی بەسەر کۆمەڵگای کوردەواریدا بە جێهێشتووە چونکە ئەوان هەریەکەو خاوەن دینی خۆیانن وە جیاوازە لەم دینەی کە ئێمە هەمانە، ئەو داب و نەریت و هەڵس و کەوت و ڕەوشتەی لای ئێمە هەیە لای ئەوان نییە، پیاوێك یان ژنێك هەموو شەوێك تەماشای یەکێك یان هەموو ئەو فلیمە دۆبلاج کراوانە دەکات تا وای لێدێت ئەو فلیمانە کاریگەری دروست دەکەن لە ژیانی ڕۆژانەیدا وە داوا لە هاوسەرەکەی دەکات کە وەك ئەو کارئەکتەرەی ناو فلیمەکە هەڵسوکوت بکات ئەویش ناتوانێت چونکە فلیم دروستکراوە و جیاوازە لە حەقیقەت و ڕاستی ژیانی ڕۆژانە ئەم کاریگەرییە سەردەکێشێ بۆ تەڵاق و جیابونەوە.

ووتەی کۆتایی :

ئاینی پیرۆزی ئیسلام زۆر گرنگی بە خێزان دەدات و نایەوێ خێزانەکان لەیەك هەڵبوەشێننەوە و شیرازەی خێزان تێك بچێ هەر بۆیە سزای قورسی داناوە بۆ ئەو ئافرەتەکەی کە بە بێ هۆ داوای تەڵاق و جیابونەوە دەکات چونکە زۆریك لە ئافرەتان پەلە وهەڵەشەن لە داواکردنی تەڵاق لە مێردەکانیان و مێرد ناچار دەکەن کە خێزانیان بە تەڵاق دا بدەن .

بۆ نمونە : کاتێك کێشەیەکی بچوك دروست دەبێ، یان کاتێك ئەو پارەو ماڵەی کە دەیەوێ پیاوەکەی پێ ی نەداو بۆی دابین نەکات، ئەوا دەست بەجێ داوای تەڵاق دەکات.

* وە زۆر جار پێ دەچێ لە لایەن کەسوکاری ئافرەتەکەوە یان دراوسێ یەکانیەوە هانبدرێ و پاڵی پێوە بنرێ .

* وە زۆر جار ئافرەت لە ڕووی پیاودا دەوەستێ و بەرامبەری لێ دەگرێ و لێی ڕاست دەبێتەوە بە کۆمەڵێك ووتەو قسەی کاریگەرو هەستیار کە دەماری پیاو دەگرێ و تووڕەی دەکات وەکو دەڵێ ئەگەر پیاوی تەڵاقم بدە.

* وە شتێکی زانراوە کە تەڵاق و جیابونەوە و لێکدابڕانی پیاو وئافرەت بەڵاو نەگبەتی زۆری لێ دەکەوێتەوە، شیرازەی خێزان دەپچڕێ و ئەتك دەبێ و، وە منداڵ پەرتەوازە و بێ سەروبەر دەبێ ، وە زۆر جار پەشیمانی لەدوادێ، بەڵام پەشیمانی سودێك نابەخشێ .

ئا ئەمانە و چەندەهای تریش حیکمەت و کار لەجێی شەرع دەردەخات، کاتێك کە داواکردنی تەڵاقی حەرام کردووە.

«سوبان» لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەیگێڕێتەوە کە فەرموویەتی:

[أَيُّمَا امْرَأَةٍ سَأَلَتْ زَوْجَهَا الطَّلَاقَ مِنْ غَيْرِ مَا بَأْسٍ فَحَرَامٌ عَلَيْهَا رَائِحَةُ الْجَنَّةِ].

« هەر ئافرەتێك داوای تەڵاق لە مێردەکەی خۆی بکات بەبێ بیانویەکی شەرعی، ئەوا بۆنی بەهەشتی لەسەر حەرامە »

«عقبە»ی کوڕی«عامر» لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەیگێڕێتەوە کە فەرموویەتی:« ئەو ئافرەتانەی داوای (خلع) جیابونەوە دەکەن بەبێ بیانوی شەرعی ئەوانە مونافقن»

بەڵام ئەگەر هۆکارێکی شەرعی هەبوو بۆ ئەوەی ئافرەتەکە داوای تەڵاق و جیابونەوە بکات، وەکو ئەوەی پیاوەکەی وازی لە نوێژ هێنابێ، یان عارەق خۆربێ، یان بیەوێ بە زۆر خێزانەکەی توشی کاری حەرام بکات، یان زوڵم و ستەمی لێ بکات بە لێدان و ئازاردان یان ئافرەتەکە لەمافە شەرعیەکانی خۆی بێبەش بکات، وە نەسیحەت و ئامۆژگاریش سودی نەبوو، وە هیچ ڕێگەیەك نەئەبینرا بۆ چاك بوونی، ئەوا ئافرەتەکە هیچ تاوانی لەسەر نی یە و گوناهبار نابێ کە داوای تەڵاق لە مێردەکەی بکات، بۆ ئەوی خۆی و دینەکەی سەلامەت بێ و دوچاری تاوان و خراپە نەبێ .

وە هەروەها بۆ پیاوانیش تەڵاق دانی ژن بە بێ هۆکارێکی شەرعی تاوانە و زوڵم کردنە لەو ئافرەتە

سەبارەت بەو کێشانەی کەلەماڵدا ڕوو دەدەن پێویستە پیاو زۆر بەئارام بێت ، و کەلیمەی تەڵاق بەزمانیدا نەیات ، چونکە لەو حاڵەتەدا خۆی یەکەم زەرەرمەند دەبێت ، و زیان بەمنداڵ و خێزانیشی دەگەیەنێت ، وسەر

گەردان دەبن ، هەر بۆیە پێویستە لەگەڵ مارْ و منداڵیدا نەرم بێت ، و بەئارام بێت لەگەڵیان خواش ئامۆژگاریانی کردووە کە بەو شێوەیە بین کە وەسفی کردووە لەم ئایەتەدا : (وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ) واتە : ئەو کەسانەی ڕقی خۆیان دەخۆنەوە و لەخەڵك دەبورن ، و خودا کەسانی چاکە خوازی خۆش دەوێت .

کەسێك هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ گوتی « أوصني ، قال: لا تغضب، فردد مرارًا ، قال : لا تغضب »

واتە : ئامۆژگاریم بکە ، فەرمووی : تورِە مەبە ، چەند جارێك دوو بارەی کردەوە ، هەر پێی دەفەرموو : تورِە مەبە .

جا بە کورتی ئەگەر بمانەوێ مارْ و خێزانمان قایم و بتەو بێ ، تەڵاق و کێشە و ئاژاوە لە ماڵمان دوور بێ دەبێ :

١- دەست بگرین بە دینەوە و گرنگی بە عیبادەتەکان بدەین و ژن و پیاو حەق و مافی شەرعی یەکتر بزانن .

٢- بە هیچ شێوەیەك خیانەت لەیەکتر نەکرێت .

٣- ڕێز و خۆشەویستی لە نێوان ژن و مێردا هەبێت و زۆر گرنگی بە یەکتر بدەن .

٤- هەر کێشەیەك هاتە پێشەوە بە هێمنی و لەسەرخۆیی حلی بکەن و ژن پەنا نەباتە بەر تۆران و بڕواتەوە ماڵی باوکی و پیاویش نابێ یەکسەر تەڵاقەکەی لەسەر زمان بێ .

٥- ژن و پیاو لە خوا بترسن و سەیری ئەو فلم و دراماییانە نەکەن کە شیرازەی خێزان تێك دەدات .

٦- ئاگامان لە کچ و کوڕەکانمان بێ و عیلاقەی ناشەرعی نەبەستن چونکە ئاکامەکەی سەرشۆڕیە بۆ هەردوو لا .

٧- کە پیاوێك ویستی ژنی دووەم بێنێ ژنی یەکەم یەکسەر داوای تەڵاق نەکا .

٨- ئاگامان لە تێکەڵاوی بێ بەتایبەت لە کاتی سەردانی ماڵی خزم و کەسوکار و ژن و پیاو بە یەکەوە دانەنیشن .

٩- وە دەبێ ژن و پیاو زۆر گرنگی بدەن بە زیکر و قورئان خوێندن بۆ ئەوەی ئەگەر ناحەزێك سحری لێیان کرد هیچ کاریان تێ نەکات .

وصلی الله علی نبینا محمد وعلی آله و صحبه وسلم.

بۆ ئامادەکردنی ئەم وەڵامە سوود وەرگیراوە لە دوو وتاری مامۆستا

محمد عبدالرحمن

ناوەڕۆک

ناوەرۆک

پێشەکی ٥

ئەی خوشکی باڵاپۆشی موسڵمان قەڵغان و پارێزەری قەڵای ئیمان..... ٩

بۆ هەموو ئافرەتێك كە بڕوای بە خوا و ڕۆژی دوایی هەبێت ١٩

خوشكی بەڕێزم.....چی ڕێگریت دەكات لە باڵا پۆشی؟! ٣٥

هەندێك لە فەتوای گەورە زانایان تایبەت بە ئافرەتان ٧٧

ئاگادارکردنەوەی ئافرەتان لە تاوان و سەرپێچییەکان ٨٩

خوشكی بەڕێزم بەرەو كوێ دەچیت؟ ١١٧

ئامۆژگاری بۆ کچانی موسڵمان پێش هاوسەرگیری ١٥١

مەرجەکانی باڵاپۆشی لە ئیسلامدا ١٦٩

جۆرەکانی خوێنی ئافرەت ١٧٩

چۆنێتی خۆشۆردنی ئافرەت کاتێك لەبێ نوێژی پاك دەبێتەوە ١٩٥

پەشیمانم لە ڕابردووم - چیرۆکی تەوبە کردنی خوشکێک- ٢٠٧

حوکمی عابای ئافرەتان و مەرجەکانی ٢٣٥

ئاگادارکردنەوەی کچانی خوێندکار لەهەندێك تاوان و سەرپێچی ٢٥٣

نامەیەك بۆ ئەو ئافرەتانەی کە دەچن بۆ مزگەوت ٢٧٥

چۆن دەبی بە هاوسەرێکی سەرکەوتوو؟..... ٢٨١

سێ نامە بۆ گوڵەکانی کۆمەڵگا ٣٢٥

نامەیەکی ئامۆژگاری بۆ کچێکی گوێگر ٤١٧
ئەو ئافرەتانەی خوای گەورە خۆشی دەوێن و ئەوانەی خۆشی ناوێن..... ٤٢٧
مافەکانی ئافرەت لە سەردەمی نەفامی و سەردەمی ئیسلامدا ٤٣٩
بابەتە گرنگەکان تایبەت بە ئافرەتان ٤٤٥
چی پێویستە لە سەر ئافرەتان فێری بین؟ ٤٧٧
وەلّامی گومانەکان سەبارەت بە ئافرەتی موسڵمان..... ٤٩٥
پرسیارە باوەکان سەبارەت بە ئافرەتان..... ٥٧١
ئافرەتی تەلّاقدراو و مافەکانی..... ٦١١
ناوەڕۆک..... ٦٤٧

لە بلاّوکراوەکانی

﴿ماڵپەڕی بەهەشت ، و ماڵپەڕی وەلّامەکان﴾

ba8.org walamakan.com

٠٧٧٠١٥١٧٣٧٨